حکومەتی هەرێمی کوردستان_ عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی کۆمەڵناسی


# کاریگەری ململانێ سیاسیەکان لەپێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی

تێزێکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە کۆمەڵناسیدا


لەلایەن

شۆخان محمود حسين

بەسەرپەرشتی

پ.د.ئاسۆ ابراهيم عبدالله



٢٠٢٢ زایینی    ١٤٤٣ھ    ٢٧٢٢کوردی

# بڕیاری سەرپەرشتیار

ئـەم تێـزەی خوێنـدکار ( شـۆخان محمـود حسـین) بـە ناونیشـانی( کاریگـەری ململانـێ سیاسـیەکان لـە پێکهێنـانی سیماکانی کەسێتی کـورددا- توێژینەوەیـەکی مەیدانییـە لـە شـاری سلێمانی)، بەچـاودێری ئێمـە لـە کۆلێجی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان/ زانکـۆی سـلێمانی/ بەشـی کۆمەڵناسـی ئامـادەکراوە، بەشـێکە لـە پێداویسـتییەکانی بەدەسـتهێنانی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە کۆمەڵناسیدا، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت .

واژوو:

سەرپەرشتیار: پ.د. ئاسۆ ابراهیم عبداللە

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

hevalname.com/ku/

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژوو:

ناو: د.أمیر خوداکرم

سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەنـدامانی لیژنـەی گفتوگـۆ و هەڵسـەنگاندن، ئـەم تێـزەی خوێنـدکار( شـۆخان محمـود حسـین) بـە ناونیشانی( کاریگەری ململانێ سیاسیەکان لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کوردداـ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی)، خوێندەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تـری کـردو بڕیارمانـدا بـە پلـەی( ) بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفەی لە کۆمەڵناسیدا پێبدرێت.

واژۆ:

ناو : د. طاهر حسو زێباری

پلەی زانستی : پرۆفیسۆر

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت :

واژۆ:

ناو : د. میران محمد صالح

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت :

واژۆ:

ناو : د. محمد سعید حسین

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت :

واژۆ:

ناو : د. کاوە محمد حسین

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت :

hawalname.com/ku/

واژۆ:

ناو : د. کەژاڵ حسێن محمد

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت :

واژۆ:

ناو : د. ئاسۆ ئیبراهیم عبدللە

پلەی زانستی : پرۆفیسۆر

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێکەوت :

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی، پەسەندکرا.

واژوو

پ.ی.د.ابتسام اسماعیل قادر

راگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

## پێشکەشکردن

**پێشکەشە بە :-**

- **رۆحی پاك وهەمیشە زیندووی باوكم**
- **دایكی میهرەبان و بەخشندەم**
- **خوشك و برا ئازیزەكانم**
- **هاوسەری ئازیز وخۆشەویست و دڵسۆزم (ئامانج)**
- **منداڵە چاوگەشەكانم (ئەرین، ئەروەند، ئێلا).**

hewalname.com/ku/

# سوپاس پێزانین

دوای سوپاس و ستایشی بێپایان بۆ خوای گەورە، بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی هەموو ئەو بەڕێزانە بکەم، کە بە سەرچاوەو سەرنج و تێبینییەکانیان هاوکارییان کردووم لە تەواو کردنی ئەم تێزەدا یارمەتیدەر بوون، بەتایبەتی : -

- سوپاسی زۆرم بۆ سەرپەرشتیاری بەڕێز ( پ.د. ئاسۆ ابراهیم عبداللە )، کە بەسەرنج و تێبینی و بۆچوونە زانستییەکانی ڕێنومایی پێویستی کردووم و پشتیوانێکی سەرەکی دەوڵەمەند کردنی تێزەکەبوو .
- پێزانینی خۆم ئاراستەی بەڕێز (پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر) ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان دەکەم، کە هەمیشە پاڵپشت و هاوکارمان بووە .
- سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی بەشی کۆمەڵناسی و سەرۆکایەتی بەشی کۆمەڵناسی ، بەتایبەتی ، پ.ی .د. کەژاڵ حسین محمد، د. ئەمیر خوداکەرەم ) کە دڵسۆزانە لەماوەی خوێندن و نوسینی تێزەکەماندا هەمیشە هاوکارو ڕێنیشاندەرمان بوون .
- سوپاسی هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەم، کە لە کۆرسەکانی خوێندنی دکتۆرا وانەیان پێ وتووم و ئێمەیان گەیاندووەتە ئەم ئاستە، بەتایبەتی ( پ.د. ئاسۆ ابراهیم عبداللە، پ.د. صباح احمد نجار، پ.د. نجاة محمد فرج، پ.ی .د. کەژاڵ حسین محمد، پ.ی.د. پەیمان عبدالقادر مجید، پ.ی .د.عزت فتاح حمەصالح ) .
- هاوکاری ئەو بەڕێزانە بەرز دەنرخێنم کەئامادەبوون فۆرمی پێوەری توێژینەوەکەمان بۆ هەڵبسەنگێنن و بە سەرنج و تێبینییە زانستییەکانیان ڕێنیشاندەرمان بوون .
- پێزانینی تایبەتیم بۆ ئەم مامۆستا بەرێزانەیە کە بەپێدانی سەرچاوە و ڕێنمایی زانستی هاوکارم بوون (پ.د. نجاة محمد فرج ، پ.د. طاهر حسو میر زێباری، پ.د. عبدالحمید علی سعید بەرزنجی، پ.د .رشدی علی میرزە الجاف ، پ.ی.د. عبدللە خورشید عبدللە، پ.ی.د جوان اسماعیل، پ.ی.د. عزالدین عبدالصمد، پ.ی.د.کوردستان عمر محمد، د. ئارام علی فرج ) .
- سوپاسی بێپایان بۆهاوسەرەکەم (پ.ی. د. ئامانج حسن احمد)و منداڵە چاوگەشەکانم، کە بە پشوو درێژییان لەماوەی دیاریکراوی خوێندن و نوسینی توێژینەوەکەمدا، لە سۆز و میهرەبانیدا درێخیان نەکردووە .

newalname.com/kurd

# پێڕستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بڕیاری سەرپەرشتیار | أ |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | ب |
| پێشکەشکردن | ج |
| سوپاس پێزانین | د |
| پێڕستی بابەتەکان | هـ-ح |
| پێڕستی خشتەکان | ط – ي |
| پێڕستی هێڵکارییەکان | ك |
| پێشەکی | ١-٢ |
| **دەروازەی یەکەم / لایەنی تیۆری توێژینەوەکە** | ٣ – ١٥٧ |
| **بەشی یەکەم / ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە و پێناسەکردنی چەمکەکان و خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو** | ٤- ٣٧ |
| **باسی یەکەم / ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە** | ٥- ٧ |
| یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە | ٥ – ٦ |
| دووەم : گرنگی توێژینەوەکە | ٦ – ٧ |
| سێیەم : ئامانجی توێژینەوەکە | ٧ |
| **باسی دووەم / پێناسەکردنی چەمکەکان** | ٨ – ٢١ |
| یەکەم/ ململانێ Conflict | ٨ – ٩ |
| دووەم / حزبی سیاسی Political Party | ٩ -١١ |
| سێیەم/ ململانێی سیاسی Political Conflict | ١١ – ١٤ |
| چوارەم/ کلتوری سیاسی Political Culture | ١٤- ١٦ |
| پێنجەم/ پێگەیاندنی کۆمەلأیەتی- سیاسی political Socialization | ١٦ – ١٨ |
| شەشەم/ کەسێتی Personality | ١٨ – ٢٠ |
| حەوتەم/ سیما Trait | ٢٠ -٢١ |
| **باسی سێیەم / خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو** | ٢٢ – ٣٧ |
| یەکەم / توێژینەوەکانی تایبەت بە ململانێی سیاسی | ٢٢- ٣٢ |


hewalname.com.kurd

| | |
|---|---|
| دووەم / توێژینەوەکانی تایبەت بە کەسێتی و سیماکان | ٣٢ — ٣٦ |
| **باسی چوارەم /گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو** | ٣٧ |
| **بەشی دووەم/ چوارچێوەی هزری و تیۆری توێژینەوەکە** | ٣٨ -١٠٦ |
| **باسی یەکەم/ ململانێی سیاسی لە هزری کۆمەڵایەتیدا.** | ٣٩ — ٥١ |
| یەکەم/ ململانێی سیاسی لەیۆنانی کۆندا. | ٣٩ — ٤١ |
| دووەم/ ململانێی سیاسی لای ڕۆمانیەکان . | ٤١ -٤٢ |
| سێیەم/ ململانێی سیاسی لە سەردەمی ئاینی مەسیحیدا. | ٤٣ -٤٤ |
| چوارەم/ململانێی سیاسی لەسەردەمی ئیسلامدا. | ٤٤ — ٤٥ |
| پێنجەم/ ململانێی سیاسی لە سەردەمی ڕێنیسانسدا. | ٤٥ — ٤٨ |
| شەشەم/ململانێی سیاسی لە سەردەمی نوێ دا . | ٤٨ — ٥١ |
| **باسی دووەم/ ململانێی سیاسی لەبەر ڕۆشنایی تیۆری سۆسیۆلۆجیدا** | ٥٢ — ٨٠ |
| یەکەم: تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی. | ٥٢ -٥٩ |
| دووەم: تیۆری ململانێی کۆمەڵایەتی . | ٥٩ — ٦٥ |
| سێیەم: تیۆری ڕەخنەیی. | ٦٥ — ٧٢ |
| چوارەم: تیۆری چاکسازی. | ٧٣ — ٨٠ |
| **باسی سێیەم/ پێکهێنانی کەسێتی و سیماکان لەبەر ڕۆشنایی تیۆرە جیاوازەکاندا** | ٨٠ — ١٠٦ |
| یەکەم : پێکهێنانی کەسێتی و سیماکان لەبەر رۆشنایی تیۆری سۆسیۆلۆجیدا | ٨١ — ٨٤ |
| دووەم: پێکهێنانی کەسێتی و سیماکان لەبەر رۆشنایی تیۆری دەروونیدا . | ٨٤ -٩٥ |
| ١- تیۆری سایکۆدینامی . | ٨٥ — ٩٠ |
| ٢- تیۆری سیماکان. | ٩١ — ٩٥ |
| سێیەم: پێکهێنانی کەسێتی و سیماکان لەبەر رۆشنایی تیوری ئەنترۆپۆلۆجی(کلتور و کەسێتی). | ٩٥ — ١٠١ |
| ١- ئاراستەی دووپاتە. | ٩٥ — ٩٩ |
| ٢- ئاراستەی ڕێکخراو. | ٩٩ -١٠١ |
| **باسی چوارەم /گفتوگۆی هزرو تیۆرەکان .** | ١٠٢ — ١٠٦ |
| **بەشی سێیەم : ڕەوشی ململانێ سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان و کاریگەرییان لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا** | ١٠٨ — ١٥٧ |


hawalname.com/ku/

| | |
|---|---|
| **باسی یەکەم/ مێژووی ململانێی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد.** | ١٠٨ — ١١٥ |
| **باسی دووەم/ مێژووی ململانێ نێوخوییەکانی نێوان و ناو حزبە سیاسیەکانی باشووری کوردستان.** | ١١٧- ١٣٦ |
| قۆناغی یەکەم: ململانێی نێوان میرنشینە کوردییەکان. | ١١٦ |
| قۆناغی دووەم: ململانێی سیاسی نێوان کۆمەڵە و حزبە سیاسیەکان لەماوەی (١٩١٨-١٩٧٥ ) | ١١٦ — ١٢١ |
| قۆناغی سێیەم: ململانێی سیاسی لەماوەی سەرهەڵدانی فرەحزبیدا لە ( ١٩٧٥-١٩٩١). | ١٢١ — ١٢٤ |
| قۆناغی چوارەم: مملانێی سیاسی نێوان حزبەسیاسیەکان لە ماوەی ساڵانی( ١٩٩١-٢٠٠٣) . | ١٢٤ — ١٣٠ |
| قۆناغی پێنجەم: ململانێی سیاسی نێوان حزبەسیاسیەکان لەماوەی ساڵانی(٢٠٠٣-٢٠٢١). | ١٣٠ — ١٣١ |
| قۆناغی شەشەم: ململانێی سیاسی نێوان حزبەسیاسیەکان لەماوەی ساڵانی( ٢٠٠٩- ٢٠٢١):- | ١٣٢-١٣٥ |
| **باسی سێیەم / شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆجی بۆ کاریگەرییە فرە ڕەهەندەکانی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا.** | ١٣٦ — ١٥٧ |
| یەکەم: کاریگەریە کلتووریەکانی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا. | ١٣٧ — ١٣٩ |
| دووەم: کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا. | ١٤٠ — ١٤٨ |
| سێیەم: کاریگەریە دەروونیەکانی ململانێی سیاسی لەپێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا. | ١٤٨ — ١٥٠ |
| چوارەم: کاریگەریە ئابوریەکانی ململانێی سیاسی لەپێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا. | ١٥٠ — ١٥٤ |
| پێنجەم: کاریگەریە سیاسیەکانی ململانێی سیاسی لەپێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا. | ١٥٤ — ١٥٧ |
| **دەروازەی دووەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە** | ١٥٨ — ٢٣٠ |
| **بەشی چوارەم : میتۆدو ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە** | ١٥٩ — ١٧٢ |
| **باسی یەکەم : میتۆدەکانی توێژینەوەکە** | ١٦٠ — ١٦١ |
| یەکەم: میتۆدی مێژوویی . | ١٦٠ |
| دووەم: میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی . | ١٦١ |
| سێیەم : میتۆدی بەراوردکاری | ١٦١ |
| **باسی دووەم : ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە :** | ١٦٢ — ١٧٢ |
| یەکەم: کۆمەڵگای توێژینەوەکە. | ١٦٢ |

| | |
|---|---|
| دووەم: نمونەی توێژینەوەکە . | ١٦٣ |
| سێیەم: دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوەکە. | ١٦٣ |
| چوارەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری. | ١٦٤ — ١٧١ |
| پێنجەم: ئامرازە ئامارییەکان | ١٧٢ |
| **بەشی پێنجەم/ ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو گفتوگۆکردنیان** | ١٧٤ — ٢٣١ |
| **باسی یەکەم: خستنەڕووی زانیارییە گشتیەکانی نموونەی توێژینەوەکە.** | ١٧٤ — ١٧٨ |
| **باسی دووەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکان و گفتوگۆ کردنیان.** | ١٧٩ — ٢٢٤ |
| **باسی سێیەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیازەکانی توێژینەوەکە .** | ٢٢٥ — ٢٣١ |
| یەکەم :دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە . | ٢٢٥ — ٢٢٨ |
| دووەم : راسپاردەکان. | ٢٢٩ — ٢٣١ |
| سێیەم: پێشنیازەکان. | ٢٣١ |
| سەرچاوەکان | ٢٣٢ — ٢٤٨ |
| پاشکۆکان | ٢٤٩ — ٢٦٩ |
| پوختەی تێزەکە بەزمانی عەرەبی ( ملخص البحث) | ٢٧٠ — ٢٧٣ |
| پوختەی تێزەکە بە زمانی ئینگلیزی Research Summary | ٢٧٤-٢٧٨ |


hewalname.com/ku/

# پێڕستی خشتەکان


| ژمارەی خشتە | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | دانیشتوانی تەخمین کراو بۆ سەرووی تەمەنی (١٨) ساڵی قەزای مەڵبەندی شاری سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠٢١-٢٠٢٢) بە جیاوازی ڕەگەز دەخاتەڕوو. | ١٦٢ |
| ٢ | بۆچوونی شارەزایان دەربارەیی ڕاستگۆیی بڕگەکانی پێوەر دەخاتەڕوو . | ١٦٥ |
| ٣ | جێگیر کردنی پێوەر لە ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە دەخاتەڕوو. | ١٦٦ |
| ٤ | جێگیربوونی پێوانەی بەرێگەی ئەلفا کرونباخ بۆ پێوەرەکە دەخاتە ڕوو. | ١٦٧ |
| ٥ | هاوکۆلکەی پەیوەستی تەوەر و بڕگەکان دەخاتە ڕوو . | ١٦٨ |
| ٦ | توانای جیاکاری بڕگەکانی پێوەرەکە بۆ بڕگەکانی پێوەری کاریگەریی ململانێ سیاسیەکان لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا دەخاتەڕوو. | ١٧١-١٦٩ |
| ٧ | دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز دەردەخات | ١٧٤ |
| ٨ | دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی تەمەن دەردەخات | ١٧٥ |
| ٩ | دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ئاستی خوێندن دەردەکەوێت | ١٧٥ |
| ١٠ | دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی پێشینەی کۆمەڵایەتی دەردەخات. | ١٧٦ |
| ١١ | دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی باری ئابوری دەردەخات | ١٧٦ |
| ١٢ | دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی باری خێزانی دەردەخات . | ١٧٧ |
| ١٣ | دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی جۆری کار (پیشە ) دەردەکەوێت. | ١٧٧ |
| ١٤ | دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی لایەنگری حزبی دەردەکەوێت. | ١٧٨ |
| ١٥ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی دەردەخات. | ١٧٩ |
| ١٦ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی دەردەخات. | ١٨١ |
| ١٧ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای هۆشیاری دەردەخات. | ١٨٣ |
| ١٨ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای نائومێدی دەردەخات. | ١٨٥ |
| ١٩ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە، سەبارەت بەکاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای بێمتمانەیی دەردەخات. | ١٨٧ |
| ٢٠ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای "بەرخۆری" دەردەخات . | ١٨٩ |


hewalname.com/kur

| | | |
|---|---|---|
| ٢١ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمارەیی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای توندڕەوی سیاسی دەردەخات. | ١٩١ |
| ٢٢ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمارەیی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی سیاسی دەردەخات . | ١٩٣ |
| ٢٣ | کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی نمونەی توێژینەوەکە بەجیاوازی گۆڕاوی ڕەگەز دەخاتەڕوو. | ١٩٥ |
| ٢٤ | کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی نمونەی توێژینەوەکە بە جیاوازی گۆڕاوی تەمەن دەخاتەڕوو. | ١٩٨ |
| ٢٥ | تاقیکردنەوەی ئاماری LSD جیاوازی ئاستەکانی تەمەن بۆ سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی دەردەخات . | ١٩٩ |
| ٢٦ | تاقیکردنەوەی ئاماری LSD جیاوازی ئاستەکانی تەمەن بۆ سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی دەردەخات . | ٢٠٠ |
| ٢٧ | تاقیکردنەوەی ئاماری LSD ئاستەکانی تەمەن بۆ سیمای بیٚمتمانەیی . | ٢٠٢ |
| ٢٨ | کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی نمونەی توێژینەوەکە بە جیاوازی گۆڕاوی جۆری کار (پیشە) دەخاتەڕوو | ٢٠٤ |
| ٢٩ | تاقیکردنەوەی ئاماری LSD بۆ سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی بە جیاوازی جۆری پیشە دەردەکەوێت. | ٢٠٥ |
| ٣٠ | تاقیکردنەوەی ئاماری LSD بۆ سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی بەجیاوازی جۆری کار دەردەکەوێت | ٢٠٧ |
| ٣١ | تاقیکردنەوەی ئاماری LSD بۆ سیمای نائومێدی بەجیاوازی جۆری کار دەردەکەوێت . | ٢٠٩ |
| ٣٢ | تاقیکردنەوەی ئاماری LSD بۆ سیمای بێمتمانەیی بەجیاوازی جۆری کار دەردەکەوێت. | ٢١١ |
| ٣٣ | تاقیکردنەوەی ئاماری LSD بۆ سیمای توندڕەوی سیاسی بەجیاوازی جۆری کار دەردەکەوێت . | ٢١٣ |
| ٣٤ | کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی نمونەی توێژینەوەکە بە جیاوازی باری ئابوری دەخاتەڕوو | ٢١٥ |
| ٣٥ | کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی بە جیاوازی گۆڕاوی لایەنگری حیزبی دەخاتەڕوو | ٢١٨ |
| ٣٦ | هاوکۆلکەی پەیوەستی نێوان ئەو سیمایانەی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە کەسێتی نمونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە . | ٢٢٢ — ٢٢٣ |
| ٣٧ | ریزبەندی بۆ ئەو سیمایانەی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە کەسێتی نمونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە دەخاتەڕوو . | ٢٢٤ |


hewalname.com/kurdi

# پێڕستی هێڵكارییەكان


| ژمارەی هێڵكاری | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | ناوەندی ژمێرەیی ئاستەكانی تەمەن بۆ سیمای نادادپەروەری كۆمەڵایەتی . | ٢٠٠ |
| ٢ | ناوەندی ژمێرەیی ئاستەكانی تەمەن بۆ سیمای خەمساردی كۆمەڵایەتی . | ٢٠١ |
| ٣ | ناوەندی ژمێرەیی ئاستەكانی تەمەن بۆ سیمای بێمتمانەیی . | ٢٠٣ |
| ٤ | ناوەندی ژمێرەیی جۆری كار بۆ سیمای نادادپەروەری كۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو . | ٢٠٦ |
| ٥ | ناوەندی ژمێرەیی جۆری كار بۆ سیمای خەمساردی كۆمەڵایەتی . | ٢٠٨ |
| ٦ | ناوەندی ژمێرەیی جۆری كار بۆ سیمای نائومێدی . | ٢١٠ |
| ٧ | ناوەندی ژمێرەیی سیمای بێمتمانەیی بە جیاوازی جۆری كار . | ٢١٢ |
| ٨ | ناوەندی ژمێرەیی جۆری كار بۆ سیمای توندڕەوی سیاسی . | ٢١٤ |


hewalname.com/ku/

## پێشەکی :

ململانێی سیاسی یەکێکە لەو ڕەفتار و کردەو پرۆسانەی ریشەیەکی مێژوویی قوڵی لەنێو حکومەت وکۆمەڵگەو حزب و تەنانەت تاکەکانیشدا هەیە، بریتییە لە دۆخی ناکۆکی نێوان تاکەکان یاخود گروپەکان لەپێناو گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندی و دونیابینییەکی گشتی یاخود کەسی و تایبەتی، دەکرێت دەرئەنجامەکانی ململانێی سیاسی ئەرێنی بێت و ببێتە هۆی گۆڕان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وخزمەت بە سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بکات و بەوهۆیەوە تاکەکانی کۆمەڵگە تیایدا سودمەندبن، بێگومان ئەمەش بەندە بە شێوەو جۆری سیستمی سیاسی و ئاستی وشیاری و ئامانجی لایەنە ململانێکارەکانەوە، لەگەڵ ئەو ئامرازانەی لە ململانێکاندا بەکاردەهێنرێت، هەروەها دەکرێت ململانێی سیاسی ئەنجامگەلێکی نەرێنی لێبکەوێتەوەو بەهۆیەوە ژیانی سیاسی بەئاراستەی ناسەقامگیری ودارمان و ئالۆزی بەرێت و کاریگەری نەرێنی لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی وکۆی سیستەمە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و سیماکانی کەسێتی تاکەکانی کۆمەڵگا دروست بکات، هەموو ئەمانەش لەو کاتانەدا روودەدات کە لایەنە ململانێکارەکان هەموو هەوڵ و ئامانجێکیان تەنها گەیشتن بێت بە بەرژەوەندی تایبەت و کەسی و حزبیەوە لەو پێناوەدا، ئامادەبن قوربانی بە هەموو نۆرم وبەهاو یاساو رێساکانی کۆمەڵگە بدەن و باکیان بە پیرۆزییەکانی تاك و کۆمەڵ وکۆمەڵگەو نشتیمان نەبێت.

ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، شێوەو مۆرکی جیاوازی لەخۆ گرتووە، بەجۆرێك بەهۆی گرنگی و بایەخی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکەوە، لەسەدەی شانزەوە لانکەی پێکدادان و مەڵبەندی یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی بووەو بەشێوەیەکی خۆنەویستانەش کۆمەڵگەی کوردی بۆتە بەشێك لەو ململانێیانەو وەك ئامرازی ململانێ لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە بەکارهێنراون، تۆوی ڕق و ململانێی ناوخۆییان لەنێو میرو میرنشینە کوردەکاندا چاند ، پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیش، کوردستان بۆ پێنج بەشی سەرەکی دابەشکراوە، بەشی باشوورەکەی خرایە سەر ئەو دەوڵەتە نوێیە، ئەمەش وایکرد نزیکەی سێ چارەکە سەدە کورد ململانێی حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق بکات و لەو چوارچێوەیەشدا قوربانی گەورەی گیانی دەروونی و کۆمەڵایەتی داوەو بەوهۆیەوە بیرو هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی و نشتیمانپەروەری، گەشەی کرد، لەهەمانکاتدا چەندین سیمای نەرێنی وەك(دەسەڵاتخوازی ، ترس، دڵەراوکێ، پاشکۆبوون،...) لەکەسێتی تاکەکاندا پێکهێناوە، هاوکات ململانێی نێوان کۆمەڵە و حزب و ڕێکخراوەکان بەچەندین قۆناغی جیاواز ڕوویانداوە کە هەر قۆناغێك درێژکراوەی قۆناغی پێش خۆیەتی ودەرهاویشتە و کاریگەریی لەسەر سیماکانی کەسێتی کورد بە جۆرو شێوەی جیاواز هەبووە، ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی بە شێوەیەکی بازنەیی بەردەوامی بداتە ململانێکان لەئێستادا، پاشان پاش ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١ و دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان- عێراق، وێستگەیەك و جۆرێکی نوێی ململانێی سیاسی بەرژەوەندی خوازی لەنێوان حزبە کوردییەکاندا سەری هەڵدا، کە درێژکراوەی ململانێی سالآنی شەستەکان بووە، لەو ململانێیانەدا چەك و توندوتیژی ، ڕاگەیاندن، چەواشەکاری ،خیانەتی سەربازی ،کرینی دەنگ ،،پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ...هتد لەگرنگترین ئامرازەکانی ململانێ نێوان حزبە سیاسیەکان بووە، لەلایەکەوە تارادەیەك زەمینەی بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردی ڕەخساندووە، لەلایەکی دیکەشەوە بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابوری و

hewalname.com/kur

سیاسی لەکۆمەڵگەی کوردیدا توشی دارمان کردوە و زەمینـەی بـۆ سـەرهەڵدانی جۆرێکی نـوێ لـە ململانێـی سیاسـی ڕەخساند کە ململانێی نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتە، بەتایبەتی لە دوای ئەوەی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی بـەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و ئەنجامدانی شەڕی ناوخۆ وقەیران وناسەقامگیری و بەکارهێنانی موڵك و ماڵی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەت و نایەکسانی و نادادپەروەری...) متمانەی زۆرینەی هاوڵاتیـانی لەدەسـتداوەو بەشـێکی زۆری چین و توێژە جیاوازەکان چ بە ئاشکراو چ بە نهێنی بەمەبەستی گۆڕینی دەسەڵات و سیستەمی حکومڕانی ململانـێ دەکەن، هەندێکجار هاوڵاتیان لە چوارچێوەی گروپی فشار یاخود حزبێکی ئۆپۆزسیۆن خۆیان ڕێکدەخـەن و چالاکی سیاسی ئەنجام دەدەن، دەرئەنجامی ئەمەش بە ئاقاری چاکسازی و گۆڕانکاری ریشەیی هەنگاوی نەناوە بە لکو حزبـە ئۆپۆزسیۆنەکانیش بوونەتە بە شێك لە دەسەڵات . لەو نێوەندەشدا کولتور و کولتوری سیاسی و گـرنگترین پرۆسـە گەشەپێکردنی ژیانی تاك کە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی – سیاسی ە ڕووبەڕووی مەترسیەکی گـەورە بۆتـەوە و کاریگەریەکانی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت .

ئەم توێژینەوەیە لە دوو دەروازەی سەرەکی پێکدێت:- دەروازەی یەکەم: لایەنی تیـۆری توێژینەوەکەیـە و سـێ بەش لەخۆدەگرێت، بەشی یەکەم لە سێ باسی سەرەکی پێکدێت ، باسی یەکەم ڕەگەزەسەرەکیەکانی توێژینەوەکەیـە ، پاشان لە باسی دووەم دا پێناسەی چەمکە زانستییەکان کراوە، هەروەها باسی سێیەم تەرخانکراوە بۆ خستنە ڕووی توێژینەوەکانی پێشـوو . پاشـان بەشـی دووەمـی توێژینەوەکـەش کـە چوارچـێوەی هـزری و تیـۆری توێژینەوەکەیـەو بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە، باسی یەکەم تایبەتە بە ململانێی سیاسی لە هزری کۆمەڵایەتیدا ، لەباسی دووەمیشدا ململانێی سیاسی لەبەر ڕۆشنایی تیۆری سۆسیۆلۆجیدا خراوەتەڕوو ، پاشان لە لەژێر ڕۆشـنایی تیۆرەکانـدا شـرۆڤەو شیکاری بۆ ڕەوشی ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا کراوە، هەروەها لە باسی سێیەمدا پێکهێنـانی کەسـێتی وسیماکان لەبەر ڕۆشنایی تیۆرە( کۆمەڵایەتی، کلتـوری، دەروونی)خراوەتـەڕوو، پاشـان لـە ژێـر ڕۆشـنایی تیۆرەکانـدا شرۆڤە و شیکاری بۆ پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورد کراوە . هەروەها لەبەشی سێیەمی توێژینەوەکەشدا ڕەوشی ململانێـی سیاسـی لـە هـەرێمی کوردسـتان و کاریگـەریی لـە پێکهێنـانی سـیماکانی کەسـێتی کـورددا خراوەتـەڕوو، لەوبەشەدا کەلە سێ باسی سەرەکی پێکدێت، لە باسی یەکەمدا باس لە مێژووی ململانێی بزوتنـەوەی رزگاریخوازی گـەلی کـورد کـراوە ، پاشـان لـە باسـی دووەمـدا مێـژووی ململانـێ نێوخوییـەکانی نێـوان و نـاو حزبـە سیاسـیەکانی باشووری کوردستان بە جیاوازی قۆناغـە مێژوویـەکان خراوەتـەڕوو، هـەروەها لـە باسـی سـێیەمدا شـیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆجی بۆ کاریگەرییە فرە ڕەهەندەکانی ململانێ سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا کراوە .

دەروازەی دووەم : لایـەنی مەیـدانی توێژینەوەکـە لـەخۆ دەگرێـت، لـە دوو بەشـی سـەرەکی پێکـدێت : لـە بەشـی چوارهەمدا چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکەو ڕێوشوێنە مەیدانییەکان لەخۆدەگرێت، پاشان بەشی پێنجـەمی ئـەم توێژینەوەیـــە لـــە ســـێ باســـی ســـەرەکی پێکـــدێت، لـــە باســـی یەکەمـــدا ، زانیارییـــە گشـــتیەکانی نموونـــەی توێژینەوەکەخراوەتەڕوو، پاشان لە باسی دووەمدا خستنەڕووی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکان و گفتوگۆو شـرۆڤەو شیکاری لەبارەوە ئەنجامدراوە پاشان ئەنجامەکانی توێژینەوەکـە بـەراوردکراوە بـە ئـەنجامی توێژینـەوەکانی پێشـوو، هەروەها لە باسی سێیەمدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کە لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین، لـە پێنـاو بەرەپێشەوەچـوونی پرسـی سیاسـی و گەشـەپێدانی کۆمەڵایـەتی و مرۆیـی و ڕەوش و گـوزەران و بـاری دەروونی خەڵکی کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەت و کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیاز خراوەتە ڕوو.

# دەروازەی یەکەم

# لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

hewalname.com/ku/

# بەشی یەکەم

## ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەو پێناسەکردنی چەمکەکان و خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە.

باسی دووەم: پێناسەکردنی چەمکەکان.

باسی سێیەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو.

hewalname.com/ku

## باسی یەکەم / ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:-

**هەنگاوی یەکەمی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بەگشتی و توێژینەوەی کۆمەڵناسی بەتایبەتی، لەو قۆناغەوە دەستپێدەکات، کە توێژەر درك بە بوونی کێشەیەکی هەستپێکراو لە کۆمەڵگەدا دەکات، پێویست بە بەدواداچوون و خستنەڕووی هۆکارو کاریگەرییە فرەڕەهەندەکانی هەیە، لەو چوارچێوەیەشدا توێژەر لەبەردەم ئەرکێکی زاستی وئاکاری گرنگ و گەورەدا دەبێت، و پێویستی بە هەوڵ و ماندوبوونی گەورە هەیە تاکو بتوانێت بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەو سەرچاوەی زانستی وەڵامدانەوەیەکی گونجاو بۆ کێشەکە بخاتەڕوو.**

**لە هەرێمی کوردستان، لە دوای راپەرینی ئازاری ۱۹۹۱ و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی جیاوازی بەرژەوەندی و ئایدۆلۆجیای سیاسی و لەژێر کاریگەری ئەجنداو ئامانجی جیاوازو تایبەتەوە، وێستگەیەکی نوێ لە ململانێی سیاسی لەنێوان حزبە سیاسیەکاندا سەری هەڵداوە کەدرێژکراوەی ململانێکانی سالانی پێشووتر بووە، ئەمەش وایکردوە بەدرێژایی سی ساڵی رابردوو لەناو حزبە سیاسیەکان و هەندێکجاریش لەناو خودی تاکە حزبێکدا ململانێی سیاسی بەشێوەیەکی جەق بەستوو بوونی هەبێت، ئەگەرچی هەندێك پێیان وایە، ئەو ململانێیانە دەرئەنجامی ئەرێنی هەبووەو بەهۆیەوە گەشەپێدان و تەواوکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و خەملێنی هوشیاری ڕوشنبیری و سیاسی بەرجەستەبووە، بەڵام لەڕاستیدا بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی دیموکراسی ڕاستەقینە و بەکارهێنانی ئامرازی گەرم ، زاڵبوونی مۆرکی بەرژەوەندیخوازانە بە ململانێکانەوە و جەقبەستوویی و تێکەڵبوونیان بە سەرجەم ڕەهەندو سێکتەرە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەری و شوێنەواری نەرێنی لەسەر کۆی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەییەکان درووستکردووە، چونکە سەرقاڵبونی حزبە سیاسیەکان بە ململانێ یەکی ناتەندروست و هەوڵدانیان بۆ بەرجەستەکردنی بەرژەوەندیە کەسی و حزبیی و بنەماڵەییەکان و بەکارهێنانی ئامرازەکانی توندوتیژی و چەواشەکاری شکاندنی شکۆو پیرۆزی مرۆیی و خیانەت لە ململانێکانیاندا زەمینەی بۆ (لاوازبوونی سەروەری یاسا، حکومڕانیەکی ناتەندروستی بێ بەرنامە، چەندین قەیران ، گەندەڵی ، تێکچونی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، سەرهەڵدانی دیاردەی(ئەنۆمی) تاوان، توندوتیژی ،کێشە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردەی بە چەکدارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە،...هتد) ڕەخساندوە، هەموو ئەمانەش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لەڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی - سیاسیەوە کاریگەری لەسەر سیماکانی کەسێتی تاکی کورد دروستکردوەو چەندین سیماو خەسڵەتی وەك(ڕەشبینی ، گومان ،ترس، دڵەراوکێ، پاشکۆبوون، توندرەوی، بێ ئینتما، گۆشەگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی ...) لە کەسێتییاندا هەستی پێدەکرێت. هەربۆیە لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە، هەوڵدەدرێت بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکیەدا بگەڕێین کە بریتییەلە (بەهۆی کاریگەریە فرە ڕەهەندەکانی ململانێ سیاسیەوە ، چ سیمایەك لەکەسێتی کورددا دەرکەوتووە)؟ ئەویش لەڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە :-**

١- ئایا کاریگەریەکانی ململانێی سیاسی لەسەر پرۆسەی پێگەیانـدی کۆمەڵایـەتی سیاسـی و سـیماکانی کەسـێتی کوردد لە هەرێمی کوردستاندا ئەرێنی بووە یاخود نەرێنی ؟

٢- گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانە چین، لەژێر کایگەری ململانێی سیاسیدا، لە هەڵوێست و تایبەتمەندی و رەفتار و هەست و بیرکردنەوەی  تاکی کورددا ڕوویانداوە؟

٣- ململانێی سیاسی چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاستی متمانە لای تاکی کورد دروستکردووە؟

٤- ململانێی سیاسی چ کاریگەرییەکی لەسەر  پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە؟

٥- ململانێی سیاسی چ کاریگەریەکی لەسەر ئاستی هوشیاری تاکی کورد هەبووە ؟

٦- ململانێی سیاسی چ کاریگەریەکی لەسەر هەستی نیشتمان پەروەری لای تاکی کورد هەبووە .

٧- ململانێی سیاسی چ کاریگەریەکی لەسەر ئاستی بەشداری تاکی کورد لە پرسە سیاسیەکاندا هەبووە .

## دووەم : گرنگی توێژینەوەکە: -

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە هەردوو لایەنی تیۆری و مەیدانی دا لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :-

١- ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵـدەدات بەشـێوەیەکی زانسـتی و بابەتیانـەو بەپشـت بەسـتن بـە سەرچـاوەی زانسـتی و ئـەکادیمی، تیشـك بخاتـە سـەر سروشـتی ململانـێ سیاسـیەکانی هـەرێمی کوردسـتان و خسـتنەڕووی سـەرجەم ئـەو گۆڕانکاریانەی لە سیماکانی کەسێتی تـاکی کورددا ڕوویانـداوە، چونکە تـاکو ئێسـتا بـەپێی زانیـاریی توێـژەر تاکـە توێژینەوەیە بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لەسەر ئاستی دکتۆرا و بەزمانی کـوردی لەسـەر ئـەو بابەتـە ئـەنجام درابێت، بەتایبەتی لە شاری سلێمانی کە چەقی ململانێ سیاسیەکانە.

٢- ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، ڕەگ و ڕیشـەیەکی قـوڵی هەیـە و بـە درێـژایی مێـژوو زادەی کۆمـەڵێك هۆکاری جۆراوجـۆر و بەیەکداچووی وەك( جیـاوازی ئاسـتی هوشـیاری ، رۆشـنبیری، جیـاوازی ئایـدۆلۆجی، رق و کینـەی لـە پێشـینە، دەسـەڵات، هێـز، باڵادەسـتی، بەرژەوەنـدی، دەسـتی دەرەکـی،..) بـووە، بەشـێوەیەکی گشـتی رەنگدانەوەی لەسەر کۆی سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی  و سیماکانی کەسێتی کورد هـەبووە،  ئەمـەش وایکردووە بەردەوامی بدات بە ململانێی سیاسی بە شێوەو مـۆرکی جیـاواز، هـەروەك ئـەوەی لـە نێـو بازنەیـەکی داخـراو و خـولاوەدا بخولێتـەوە، هەربۆیـە  توێـژەر هەوڵیـداوە ریشـەی مێـژوویی ململانێـی سیاسـی لـە هـەرێمی کوردستاندا بخاتەڕوو، پاشان بەدیدێکی کۆمەڵناسیانە شـرۆڤەی سروشـت و هۆکـارو دەرئـەنجام و کاریگەریـەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵ وکۆمەڵگا بکات.

٣- ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵیـداوە کاریگـەری ململانێـی سیاسـی لەسـەر سـیماکانی کەسـێتی کـورد بخاتـەڕوو، چـونکە ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا تێکەڵ بەسەرجەم لایەنەجیاوازەکانی ژیـانی کۆمەڵایـەتی و کلتـووری و دەروونـی وئـابووری وسیاسـی تاکـەکانی کۆمەڵگـەی کـوردی بـووەو بەوهۆیەشـەوە بەشـێك لـە کولتـورو بـەهاکانی

کۆمەڵگەو تایبەتمەندی و سیماکانی کەسێتی تاك گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، لەبەرئەوە گرنگە توێژینەوەی ورد لە هەموو ڕەهەندەکانی ئەو پرۆسەیە بکرێت .

٤– لەلایەکی دیکەوە گرنگیدان بە سیماکانی کەسێتی تاکی کورد و بنیاتنانی کەسێتیەکی تەندروست ئەرکێکی زۆر گرنگە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست، کە بەشێکی ئەو ئەرکە ئەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسی و حزبە سیاسیەکان ، ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەرییە زۆرەی لەسەر دامەزراوە کۆمەلأیەتیە جیاوازەکان هەیانە .

٥– لەلایەکی دیکەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە لایەنی مەیدانیدا خۆی لەوەدا دەبنێتەوە، لە ڕێگەی داتاو ئاماری وردەوە، کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ململانێی سیاسی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و سیماکانی کەسێتی بەتایبەت دەخاتەڕوو ، بەمەبەستی هەوڵدانی زیاتر بۆ بەرەو پێشەوەچوونی پرۆسەکەو ڕێگری کردن لە لایەنە لاوازەکانی لە ڕێگەی ئەو ئەنجام و ڕاسپاردانەی لەم توێژینەوەیەدا دەخرێتە ڕوو، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە دانانی پلانی چارەسەرو بەرەو پێشەوەچوونی پرۆسەکە بەئاراستەی ئەرێنیدا لەلایەن حزبەسیاسیەکانەوە لە هەرێمی کوردستان.

٦- هەستیاری و دەوڵەمەندی زانیارییەکانی ناو ئەم توێژینەوەیەو خستنەرووی ئەنجامە فرە بوارو رەهەندەکانی ململانێی سیاسی، دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەوکەسانەی گرنگی بە سیاسەت و لێکەوتەکانی دەدەن، بەتایبەتیش بۆ توێژەرانی بواری (کۆمەڵناسی سیاسی)، (دەروونناسی کۆمەلأیەتی)، (کۆمەڵناسی کلتووری)، (کلتوور و کەسێتی ) .

hewalname.com/ku

## سێیەم : ئامانجی توێژینەوەکە :-

ئامانجی گشتی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی کاریگەری ململانێی سیاسی حزبە سیاسیەکانە لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا ، لەدیدوبۆچوونی هاولأتیانی شاری سلێمانیەوە، ئەویش خۆی لەچەند ئامانجێکی لقیدا دەبینێتەوە بریتین لەمانەی خوارەوە :-

١- بونیادنانی پێوەرێکی تایبەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا .

٢- زانینی کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیما ( کۆمەلأیەتی، کلتووری، دەروونی، ئابوری سیاسی)ەکان لە کەسێتی کورددا .

٣- دەستنیشانکردنی ئەگەری بوونی جیاوازی کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورد بە پێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز، تەمەن، جۆری کار(پیشە)، باری ئابوری، لایەنگیری حزبی ) .

٤- دەستنیشانکردنی ئەگەری بوونی پەیوەستی نیوان ئەو سیمایانەی بە هۆی ململانێی سیاسیەوە لە کەسێتی کورددا پێکهاتوە .

٥- ریزبەندی کردنی ئەو سیمایانەی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە کەسێتی کورددا پێکهاتوە، بە پێی زۆرترین دەرکەوتنیان .

## باسی دووەم / پێناسەکردنی چەمکەکان

پێناسەکردنی چەمکەکان بە خاڵێکی گرنگ و پڕ بایەخ دادەنرێت، لە پێناودرککردن بەو هزرانەی توێژەر دەیەوێ بیانخاتە ڕوو، بەبێ خستنە ڕووی پێشوەختەی ئەو چەمکانەش توێژەر ناتوانێت هزرەکانی بگەیەنێت، لە بەرامبەریشدا لە ئەنجامەکان تێبگات، کەواتە پێناسەکردنی چەمکەکان ئەمان گەیەنێتە ئەوەی، لایەنی تیوری و مەیدانی پێکەوە ببەستینەوەو ئاراستەشمان بکات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و تیۆرەکان .لەبەر ئەو گرنگیانەی، پێناسە کرنی چەمکەکان لە توێژینەوە زانستیەکاندا دەیگێڕن وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بە هەندێکیان دا، تەوەرێکی سەربەخۆ بۆ ئەم بابەتە تەرخان دەکەین، ئەویش ئەم چەمکانە لە خۆ دەگرێت (ململانێ، حزبی سیاسی ، ململانێی سیاسی، کلتوور ، کلتووری سیاسی ، پێگەیاندی کۆمەلأیەتی- سیاسی ،کەسێتی، سیما ) .

### یەکەم/ ململانێ Conflict :-

ململانێ یەکێکە لەو چەمکانەی لە بواری کۆمەڵناسیدا مێژوویەکی درێژی هەیە، زیاتر لە چەند تیورێك وێنای کردوە، بێگومان هۆکاری ئەمەش بۆ جیاوازی بارودۆخی کۆمەلأیەتی و دەروونی وئابوری و سیاسی کۆمەلگاکان دەگەڕێتەوە، هەربۆیە دەکرێ چەمکی ململانێ بە زۆرشێوازی جیاواز پێناسە بکرێت لەوانە:-

( ئیبن خەلدون )ململانێ بە پرۆسەیەکی دیالێکتیکی دەزانێت، چونکە هەرقۆناغێکی نوێ بەهۆی ململانێی دژبەیەکەکان لە قۆناغی پێشوو سەرهەڵدەدات، هۆکاری ئەوەشی گەڕاندۆتەوە بۆ ئارەزووی بالأدەستبوون و دەمارگیری هۆزایەتی دەوارنشینان و لاوازی شار نشینەکان، لەکۆتایدا دەوار نشینەکان بەسەر شارنشینەکاندا سەر ئەکەون (عمر،١٩٨٢: ١٣ ).

(هیگڵ Hegel)ململانێ بە جەوهەری دیاردەکان و هۆکاری سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەزانێت، بە بڕوای ئەو سەرلەبەری مێژوو بریتیە لە گۆڕەپانی ململانێکان، ئەو جێگایانەش کە ململانێ و جەنگ تیایدا ڕوودەدات لە پەراوێزی مێژوودا ئەمێننەوە، لەو بارەیەشەوە دەڵێت:" ئەو گەلەی لە مەرگ دەترسێت و پێی باشە وەك خۆی بمێنێتەوە، دەبێتە کۆیلە و سەربەخۆیی لە دەست دەدات "(النجار، ٢٠٠٤: ١٧٩).

(کارل مارکس Karl Marx) پێی وایە ململانێ پرۆسەیەکی دیالێکتیکی حەتمیە لەئەنجامی نایەکسانی لە دابەشکردنی سەرچاوەکانی ئابوری و داهات لە نێوان چینی سەرمایەدار و کرێکاردا ڕوودەدات، کاتێك کرێکار هەست دەکات لە بەرامبەر کۆششەکانیدا مافی خۆی پێنەدراوە، گۆڕانکاری لە هزر و بیرکردنەوەیاندا (سیما و کەسێتیاندا) ڕوو دەدات و هوشیاردەبنەوە، هەست بە نامۆ بوون دەکەن، ئەمەش سەر ئەکێشێ بۆ دروست بوونی ململانێ (القصبی، ٢٠٠٦: ١٧).

(فلفریدۆ باریتۆ Vilfredo Pareto ) پێی وایە ململانێ بریتییە لەپرۆسەیەکی گرنگی گۆڕانی کۆمەلأیەتی، لە نێوان دەستەبژێر و خەڵکی ڕەشۆکدا لە پێناو بە دەستهێنانی پێگەکانی هێز و حوکمدا ڕوودەدات، لەئەنجامدا



hewalname.com/ku/

چینی ڕەشۆکی بەسەر دەستە بژێردا سەرئەکەون و پۆستەکانی دەستە بژێر پڕ دەکەنەوە، ئەمە بەخۆی دەستەبژێر ناوی دەبات کە کۆمەڵگا لە کەمتر دیموکراسیەوە بۆ زیاتر دیموکراسی هەنگاو دەنێت(حەسەن، ٢٠١٠: ١٦٣ ) .

(کارل مانهایم Karl Mannheim )دەڵێت (ململانێ بریتیە لە دیاردەیەکی هزری و دژبەیەك، دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی)، واتە بە بڕوای ئەو هیچ گۆڕانێك نیە بێ ململانێ هیچ ململانێیەکیش نیە بێ بەریەکەوتنی هزر و هێز وئایدۆلۆجیا لە نێوان توێژ و گروپەکاندا (حەسەن، ٢٠١٠: ١٦٨ ).

(س .رایت مێلز c.wright mills) بڕاوی وایە ململانێ بریتییە لەو پرۆسەیەی لە نێوان خاوەن هێز ودەسەڵات و پۆستە باڵاکان لەلایەك و هاوڵاتیان لە لایەکی دیکەوە ڕوودەدات، ئەوەی دووەمیان خاوەنی هیچ هێز ودەسەڵاتێك نین، خاوەن هێز بە هەمووشێوەیەك ڕێگە لەوانی تر دەگرێت بۆ گەیشتن بەم پێگانە زۆر جار ململانێیەکەش لە بەرژەوەندی خاوەن هێز و دەسەڵاتەکان و خەمساردی هاوڵاتیان کۆتاییان دێت (زاید،٢٠٠٩ : ٢٣٢).

(لویس کوزەر Luise coser):پێناسەی ململانێ دەکات بەو پرۆسەیەی کە لەنێوان تاکەکان و گروپەکان، یان لە نێوان ئەندامانی یەك گروپدا ڕوودەدات، لەپێناو بەدەست هێنانی هێز و باڵادەستی ودەسەڵاتدا ئەمەش بەیەکێك لە سیما سەرەکیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەزانێت (Coser,1956: 76).

(رالف دارندۆف Ral f Dahrendorf پێیوایە ململانێ بریتیە لە رکابەری نێوان کرێکار و تەکنۆکرات ئەویش بە هۆی قۆرغ کردنی هێز و دەسەڵات لەلایەن چینی تەکنۆکراتەوە لە بەرامبەردا چینی کریکار هیچ هێز و دەسەڵاتێکیان نیە و هەست بە زوڵم دەکەن ئەمە دەبێتە هۆکار بۆ ململانێ (عمر،١٩٨٢: ٣١ ).

بەپشتبەستن بەو پێناسانەی خرانەڕوو دەکریت پێناسەی ململانێ بکەین بە پرۆسەیەکی حەتمی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەهۆی ناکۆکی توند لەنێوان گروپە جیاوازەکان و لەئەنجامی بەرژەوەندی و ئامانجی جیاوازەوە دروست دەبێت، لەئەنجامیشدا گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەرێنی یان نەرێنی لەکۆمەڵگادا دروست دەکات .

## دووەم / حزبی سیاسی Political Party :-

چەمکی حزب مێژوویەکی کۆنی هەیە و بۆ یەکەمین جار لە قورئانی پیرۆزدا لە نێو (١٣)سورەتدا (٢٠) جار بەکارهاتوە، تیایدا حزب بەمانای تائفە هاتووە، یان بەواتای کۆمەڵە کەسێك دێت، لەسەر یەك ڕێباز و یەك مەزهەبی سیاسی بن و خاوەن هێز بن. لەهەموو ئەو دۆخانەدا حزب بەواتای دەستە، گروپ، بەشێك لە شتێك و کۆمەڵێك لە بەرامبەر ئەوانیتردا بەکاردێت(سدیق،٢٠١٥:٥١). چەمکی حزبی سیاسی لەکۆمەڵگایەك بۆ

کۆمەڵگایـەکی دیکـە جیـاوازە ،حزبـی سیاسـی پێویسـتیەکە ڕەنگدانـەوەی واقعـی کۆمەڵایەتیـەو هـەڵقوڵاوی دیموکراسیە .

(ماکس ڤیبەر Max Weber )لەڕووی بنیادەوە پێناسـەی حزبـەکان ئـەکات، پێیوایـە ((لەهەرجێیـەك بڕیـار وابـێ هەڵبژاردنـە دەورییـەکان بەدەسـتی وەرگرانـی دەسـەڵاتەوە بەرێوەبچێت، ئـەوا حزبـی سیاسـی دەبێـت بـە دەزگایەکی سود وەرگر )) واتە حزبی سیاسـی بـە ڕیکخراوێکـی کۆمەڵایـەتی دانـاوە و پەیوەنـدی بـە پرۆژەیـەکی سیاسـیەوە هەیـەو ڕوویـەکی یاسـایی وەردەگرێت،کاردەکـات بـۆ بەدەسـتهێنانی ویسـت و ئامانجـە مـادی و مەعنەویـەکانی ڕێکخراوەکـە (نـەقیب زادە،٢٠٠٧ :٢٣٢). لـە ڕوانگـەی ڤیبـەرەوە حـزب وەك کارگەیـەك وایـە ئامانجەکەی بەدەستهێنانی دەسەڵاتە ،چوونە نـاو ئـەو کارگەیـە وەکو کۆمپانیـا ئابوریـەکان وایـە وپاشـکۆی یاسـا باوەکانی (خواست و خستنەڕوو) ی بازاڕە لێرەشـدا تاکـەکان بـە تێبینیـەکی ئـەقلانی و بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە دیاریکراوەکان دەچنە ناو حزبەکانەوە.

(مۆریس دوڤرجیە Maurice Duverger) لە پێشـەنگی توێـژەرانی حزبـە سیاسـیەکانە لـە فەرەنسـا، زیـاتر پشت بە ڕەگەزی تەکنیکی یان ڕیکخستنی پێکهاتەی حزبەکان ئەبەستێت، پێی وایـە حزبـی سیاسـی دەسـتەیەك یان کۆمەڵە دەستەیەکن، یان کۆبوونەوەی کۆمەڵە بچوکەکانە لە ولاتدا (بەش، لیژنە، دەستە خۆجییەکان ..هتد) لە نێوانیاندا سیستەم هەیە، بەیەکەوە گرێیان دەدات و هەماهەنگن لـە پێنـاو بـەدیهێنانی ئامـانجێکی دیـاریکراو (دۆڤرجیە ،١٩٨٠: ١-٥)

لـەڕووی ئایدۆلۆجیـەوە حزبـی سیاسـی پێناسـە دەکرێـت بـە کۆمـەڵێکی ڕێکخـراو و یـەکگرتو لەخـەڵك لەسـەر بنەمایەکی تایبەت ڕێکەوتون بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی نیشـتمانی و نەتەوەیی(الحسـینی ،٢٠١٦ :١٩٥). هـەروەها بیرمەندی فەرەنسی ( بنجامین کونسـتانس Benjamin constant) تێڕوانینـی خـۆی لـەبارە ئایـدۆلۆجیای حزبی سیاسیەوە دەربڕیوە و پێی وایـە حزبـی سیاسـی بریتیـە لـە " کۆمـەڵێك کـەس هـەمان بـیروڕوای سیاسـی دیاریکراویان هەیە" (الغویل ،٢٠٠٣: ٣٠ ).

حزبەکان بە پێی کارنامەو ئایدۆلۆجیایان جیاوازن هەروەك، (حزبی پارێزگار) حزبێکە لە فەلسەفەی سیاسـی خۆیدا پشتیوانی لە پاراستنی کلتوور یان بەها نەریتیەکان یان سیستەمی کۆمەڵایەتی باو دەکات، ئەمەش مانـای ئـەوە نیـە هـەوڵی گـۆڕان نـادەن بـەڵکو پێـداگرن لەسـەر ئـەوەی گۆڕانەکـە ئۆرگـانی و لەسـەرخۆ بێـت نـەك بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە خێـرا بێـت ، بـەڵام (حزبـی ریفـۆرم )خـواز، بریتیـە لـەو حزبانـەی دیکـە جگـە لـەو حزبانەی بەسەر سیستەمی سیاسیدا باڵادەستن داوای فرەیی سیاسـی و گـوێگرتن لەئـەوی تـرو کرانـەوە بـەڕووی سیستەمی نێو دەوڵەتی دەکەن (ئەسڵ ، ٢٠١٦: ١٥-١٦) .هەروەها (حزبی ئۆپۆزسیۆن) چاودێری کاروباری حکومەت لە دەرەوەی دەسـەڵات دەکـەن ،لـەپێناو بەرژەوەنـدی گشـتی دا کاردەکـەن و سانسـۆر دەخەنـە سـەر ئـیش و کـاری حکومەت ،هەوڵدەدەن ڕای گشتی دژ بە پێشێلکاری و گەندەڵی دروست بکەن (ئەحمەد ،٢٠١٩ :٩١).

هاوكات كۆمەڵێك بیرمەندی تر لە ڕووی ئەركی حزبەكانەوە پێناسەی خۆیان خستۆتە ڕوو، لەوانە :-

(فرانك سوروفFrank Sorauf) پێناسەی حزب دەكات بە دامەزراوەیەك لە بازاڕی سیاسیدا، كڕین و فرۆشتن بە كارنامەی خۆیانەوە دەكەن، لەپێناو ڕاكێشانی ئەندام و لایەنگری نوێ (سدیق،٢٠١٥ :٥١).

لەلایەكی ترەوە (سیگمۆند نیومانNeuman )حزبی سیاسی بە ڕێكخستنی ئەو كەسانەدەزانێت، دەیانەوێت لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدار بن و تێڕوانینی جیاوازیان هەیەو بەردەوام لە ململانێدان لەگەڵ لایەنەكانی دیكە بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی گەل( مەحمود، ٢٠٠٩: ١١)..

هەروەها (جۆرج بێردۆ Goerge Beurdo) تیۆریستی سیاسی، حزب بەكۆمەڵە خەڵكێك پێناسە دەكات، كەلە سەر بیروڕایەكی هاوبەش كۆبوونەتەوە بۆ هێنانەدی و كۆنترۆڵكردنی دەسەڵاتی كارگێری و كاروبارە گشتیەكان، خوازیاری كۆكردنەوەی زۆرترین ژمارەی هاوڵاتیانن یان بە لایەنی كەمەوە كار بۆ كاریگەرییە خستنە سەر تێڕوانینەكانی دەسەڵات دەكەن ( مەحمود، ٢٠٠٩: ١١).

(ئەنتۆنی گیدنز Anthony Giddens )حزبی سیاسی بە ڕیكخراوێك پێناسە دەكات كە ئامانجی بەدەستهێنانی دەسەڵاتێكی یاساییە لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە (گیدنز ،٢٠٠٩ :٤١٦) .

(فلیب برۆ) زیاتر لایەنی ئەركی حزبەكانی پێناسە كردوە ، پێیوایە حزبەكان چەند ڕێكخراوێكی تاڕادەیەك جێگیرن ئامانجیان ئەوەیە لەسەر ئاستی ناوەندی و ناوچەیی ڕاستەوخۆ پیادەی دەسەڵاتی سیاسی بكەن (عبدالرحمن،٢٠٠١ :٣٣٩ ).

( ریمۆن ئارۆن Raymond Aron)حزب بە كۆمەڵەیەكی خۆبەخشی تارادەیەك ڕێكخراو پێناسە دەكات، كە بەردەوام لە چالاكیدایە تاكو بتوانێت بە تەنها یان لەگەڵ هاوپەیمانەكانی بەناوی بەرژەوەندی هاوبەش ،ئەركی حكومەت كەم بكەنەوە (دغمان،٢٠١٤: ١٤) .

دوای خستنەڕووی بۆچوون و تێڕوانینی بیرمەندان و شارەزایان لە بارەی حزبی سیاسیەوە، دەگەینە ئەو بڕوایەی حزبی سیاسی كۆبوونەوەی ئەو كەس و گرپانەیە كەدەیانەوێت لە پرۆسەی سیاسیدا بەشداربن و تێروانینی جیاوازیان هەیە و بەردەوام لە ململانێدان لەگەڵ گروپ و لایەنەكانی دیكە بۆ بەدەستهێنانی و پاڵپشتی هاوڵاتیان و گرتنەدەستی دەسەڵات و بەرژەوەندی تایبەت تێدەكۆشن .

## سێیەم/ ململانێی سیاسی Political Conflict :-

دەستنیشانكردنی چەمكی ململانێی سیاسی وەكو شێوەیەك لە شێوەكانی ململانێ گرنگی و بایەخی خۆی هەیە لە بواری كۆمەڵناسیدا، زۆربەی ئەو زاناو توێژەرانەی توێژینەوەیان دەربارەی ئەم بابەتە كردوە لەتێڕوانینێكی سیاسیەوە لەم چەمكەیان ڕوانیوە، بەڵام گرنگە ئەم چەمكە وەك بابەتێكی كۆمەڵایەتی مامەڵەی

hewalname.com/kurd

لەگەڵدا بکرێت لەبەرئەوەی هۆکارو کاریگەرییەکانی لە کۆمەڵگادان، هەربۆیە بەگرنگی دەزانین چەند پێناسەیەکی جیاواز بخەینە ڕوو ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:-

(ریمۆن ئارۆن Rimon Arone )ململانێی سیاسی بە ویستی تاك یان گروپێك بۆ بەدیهێنانی (هێز، دەسەلات، بالأدەستی) دەزانێت، هەموو ئەوانەش لەپێناو دەستەبەرکردنی زۆرترین پێداویستی و باشترین ژیان (مقلد، ١٩٨٢: ٢٥٨).

(مۆریس دوڤرجیەMaurice Duverger )ململانێی سیاسی بە تێکۆشان لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەلات دەزانێت، کە تیایدا تاك یان لایەنێك هەوڵدەدات هەوڵەکانی لایەنی بەرامبەری تێکبشکێنێت و بچوکی بکاتەوە هەژموونی خۆی بسەپێنێت، بۆ ئەو مەبەستەش پەنا بۆ میکانیزم و ئامرازی جۆراو جۆری وەك(پارە)، توندوتیژی، هێز، پێگە ، میدیا، پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری، بانگەشە، چەواشەکاری) دەبەن، لەکۆتایشدا کۆمەڵگا لەململانێوە بەرەو تەواوکاری هەنگاو دەنێت (دوڤرجیە، ٢٠٠٩: ١٤٥ ،٢٢ ).

(فلیب برو Philip Martin Pro ) ململانێی سیاسی بە ڕەفتاری سیاسی پێناسە دەکات، کە لەنێو دەسەلاتدا و لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندی دا لایەنەکان ململانێی یەکتر دەکەن ( برو،١٩٩٨: ٣٠).

(تۆم بۆتۆمۆر Thomas Burton Bottomore )ململانێی سیاسی بە ئامرازێکی گرنگ بۆ گۆڕانکاری هەژمار دەکات، سەرەڕای جیاوازیان لە رووی هێز و شێوەو قەبارەو سروشتیانەوە، هەروەك ئەوەی هەندێکیان بەشێوەی (کتوپڕ یان پلەبەپلەو لەسەرخۆ)، یان بەشێوەی (ئاشتی، توندوتیژی و هێز )ڕوودەدەن(بوتومور،١٩٨٦: ١١٤).

(ڕۆبنزRobbins ) ململانێی سیاسی بەو پرۆسەیە دەزانێت، کەلە ئەنجامی جیاوازی بیرکردنەوەو ئایدۆلۆجیاو هزرو پرۆگرام و بەرژەوەندیەکانەوە لە نێوان دوو گروپ یان زیاتردا دروست دەبێت و هەریەکەیان هەوڵ بۆ بچوکردنەوەی لایەنی بەرامبەر دەدات ئەمەش ئەبێتە هۆی بێئومێدکردنی لایەنی بەرامبەر ( Robbins,Decenzo,2001: 344).

( ئیستریکلەند) ململانێی سیاسی بریتییە لەو ململانێیەی لەنێوان حزبە سیاسیەکاندا ڕوودەدات، بەهۆی سەپاندنی هەژموونی حزبە بالأدەستەکانەوە، هەریەکە لە لایەنەکان لەپێناوبەدەستهێنانی پێگەو پۆست و بالأدەستیدا تێدەکۆشێت، ئەویش بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە (ئابوری، سیاسی، کۆمەلأیەتی)ەکان (ئیستریکلەند،ئەوانی تر،٢٠٠٧: ٨٧)

(داڤید پاتریك هۆتۆن ) پێی وایە ململانێ سیاسی لەسەر ئاستی جیاواز لەچەند گۆڕەپانێکی کۆمەلأیەتیدا ڕوودەدات، وەك ململانێی نێوان (فەرمانڕەواو گەل ، حزبە سیاسیەکان ،حزبی ئۆپۆزسیۆن و حزبی دەسەلأتدار، نێوخودی حزبێك، مەزهەبەکان، دەستەبژێر، کۆمەڵەکان، ناوچەکان) ،ئەمەش هەندێك جار ئەبێتە هۆی لاواز بوونی دەسەلأتی دەوڵەت لە چاودێری کردنی هاونیشتمانیەکانی وکۆتاییەکەشی بە لەدەستدانی ئارامی و ئاسایشی کۆمەلأیەتی تەواو دەبێت (هۆتۆن، ٢٠١٨: ٢٨٨).

newalhane.com/ku/

( سمث ئەنتۆنیSmith Anthony )ململانێ سیاسی بەو پرۆسەیەیە دەزانێت، کەلە ئەنجامی نەبوونی تۆکمەیی و پتەویی ناوەکی ناو خودی سیستەمی سیاسیەوە ڕوودەدات، جا سیستەمەکەش هەر جۆرێك بێت (Anthony,1983: 23 ).

(صادق ئەسوەد ) پێناسەی ململانێی سیاسی دەکات بەو پرۆسەیەی کە بەهۆی جیاوازی و نایەکسانی لەدەستەبەرکردنی ماف و جیاوگ ڕوودەدات، وەك ئەوەی جەماوەرێکی زۆر لە هەژاری و برسێتیدا بژین و کەمینەیەکیش لە دەسەلاتدارن لەخۆشگوزەرانیدابن وهەموو ماف و جیاوگێکی ئابوری و کۆمەلایەتیان هەبێت، ئەمە سەر ئەکێشێ بۆ دروستبوونی ململانێ لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە زەوتکراوەکانیان لەلایەن دەسەلاتی سیاسیەوە(الاسود،١٩٩٠: ١٥٢) .

فەرمانگەی مەعاریفی کۆمەلایەتی، ململانێی سیاسی بە هەلوێستێکی ڕکەبەریانەی تایبەت ناساندوە، کە لایەنێك یاخود چەند لایەنێك بەهۆی نەگونجانیان لە بارەی هەلوێستێك یان پرسێکی ئایندەوە ململانێ لەدژی یەکتر ئەنجام دەدەن( رشوان،٢٠٠٢: ٢٤٨) .

لەلایەکی دیکەوە پەیمانگای هیدلبێرگ* پێناسەی ململانێی سیاسی کردوە بە ململانێی بەرژەوەندی یاخود ناکۆکی هەلوێستە لەسەر بەها نیشتمانیەکان لەماوەیەکی دیاریکراودا، لەسەر ئەم بنەمایە دوو گروپ یان دوو دەولەت لەنێودەسەلاتدا دژایەتی یەکتر دەکەن ، هەریەکەشیان پارێزگاری لە بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆی دەکات (بلعربی، ٢٠١٣: ٣٢) .

newalname.com/ku

هاوکات ململانێی سیاسی پێناسە دەکرێت بەو پرۆسەیەی لەسەر هەردوو ئاستی( ئاسۆیی و ستوونی) ڕوودەدەن، بەجۆرێك ململانێی ئاسۆیی ئەو جۆرەیە لە ململانێ کە لەنێوان ئەندامان یاخود دووگروپی نێو حزبێکی سیاسی یان دوو حزبی سیایی روودەدات، کە لە رووی هێزو کاریگەرییەوە یەکسانن، ئامانج لەم جۆرە ململانێیە گۆڕینی سیستەمی سیاسی نییە، بەلکو تەنها بەدەستهێنانی پێگە وبالادەستی ودەسەلات و بەرژەوەندی سیاسیە، بەلام ململانێی ستوونی ئەو جۆرەیە لە ململانێی سیاسی لە نێوان حکومەت و هاولاتی یان سەرکردەو ژێر دەستەکاندا روودەدات، لەرووی هێزو کاریگەری و دەسەلاتەوە لەیەکتری جیاوازن و بە ئاشکرا مۆرکێکی شۆڕشگێڕی لەخۆ دەگرێت و بە ئاراستەی گۆڕینی سیستەم و دەسەلات هەنگاو دەنێت (ابراهیم، ٢٠١٥: ٣٣) .

ململانێی سیاسی هەندێکی ئاشتیانەیە و سیفەتی بەیەك گەیاندن و گفتوگۆی تێدایە، هەربۆیە بە ململانێیەکی بنیاتنەر دادەنرێت، چاکسازی دەهێنێتە دی هۆکار دەبێت بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن و گۆرانکاری یاخود ئامرازی بەدیهێنانی ئامانجە بالاکانی وەك خۆشگوزەرانی و دادپەروەری و ئاسایش، گەشەپێدان بە کەسێتی تاکەکان دەرەخسێنێت، بەلام جۆرێکی دیکەی ململانێی سیاسی سەربازییەو سیفەتی توندو تیژی و

* . Heidelberg Institute For International Conflict Research پەیمانگای توێژینەوەی زانستی سەربە زانکۆی ئەلمانیە، کە لەسالی ١٩٩١ەوە توێژینەوەکانی تایبەتە کردووە بە شیکردنەوەی ململانێ سیاسیە نێوخۆیی و نێودەولەتییەکان لە جیهاندا.

کوشتاریانە و چەواشەکاری هەیە، بریتیە لە ململانێیەکی ڕوخێنەری بونیادی کۆمەڵایەتی و دۆخێکی ناسەقامگیر و نائارام دڵە ڕاوکێی بۆ ژیانی مرۆڤایەتی دروست دەکات (القصبی،٢٠٠٦: ١٤)؛ (ابو سلیمان، ٢٠٠١: ٥٨)

لێرەدا تێدەگەین،کە ململانێ سیاسی دەکرێت ببێتە هۆی دڵنیایی وبەدیهێنانی خواستەکانی کۆمەڵگە، ئەگەر بە شێوازی دیموکراسیانە و بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی بێت، ئەوا بوونی زۆر گرنگە ،بەڵام ئەگەربەرژەوەندیە گشتیەکان فەرامۆش کراو بەرژەوەندیە کەسییەکان پاڵنەر بوون بۆی ئەوا هۆکار دەبێت بۆ شەقبوونی سیستەمی سیاسی و بەدوای ئەویش سەر ئەکێشێ بۆ شەقبوونی سیستەم و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا و نەخشاندی کۆمەڵێك سیمای نەرێنی لە کەسێتی تاکەکاندا.

لەکۆبەندی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا دەگەینە ئەوەی ململانێی سیاسی، بریتییە لەو ناکۆکیەی لە نێوان ئەندامانی حزبێك یان دوو حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدات، ئامانج لێی بەدەستهێنانی هێزو دەسەڵات و باڵادەستی و بەرژەوەندییە و کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر سیماکانی کەسێتی کورد جێدەهێڵێت.

## سێیەم / کلتووری سیاسی Political Culture:-

کلتوور دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ،مێژوویی،ئیتنیکییە، لەسەر ئەو بنەمایەی هەموو کۆمەڵگەیەك خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، ئەو کلتوورەش بەهۆی کۆمەڵێك بەها و داب و نەریت، زانیاری جیاواز ، میراتی مێژوویی و واقعی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی جوگرافی و بەدیهێنراون، ئەمە سەرەڕای کارتێکەرە دەرەکیەکانیش، کەئەبنە هۆی جیاوازی کۆمەڵگاکان .

بەو پێیەی کلتووری سیاسی بەشێکە لە کلتووری گشتی ،یان بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەگەر سەربەخۆش بێت هەر پێی کاریگەر دەبێت، بۆئەمەش جیاوازیەکی زۆر لە نێوان بیروڕای توێژەران و بیرمەندامەندان دەبینین، بۆیە لێرەدا بە گرنگی دەزانین چەند پێناسەیەکی گشتگیر بۆ کلتوور بخەینە ڕوو.

لەڕاستیدا بە شێکی زۆری ئەو پێناسانەی هەن بۆ (ئیدوارد تایلۆر Taylor ) ئەنترۆبۆلۆجیستی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە، کە لە ساڵی ١٨٧١ دا بە ناوبانگترین کتێبی دەربارە ئەم بابەتە بلاّو کردەوە، لەو کتێبەدا کلتوور پێناسە دەکات بە هەموو ئەو معریفە و بیروباوەڕ و هونەر و ماف و ئاکار و نەریت و توانایانە کە تاك لە کۆمەڵگادا بە دەستیهێناوە (سدیق،٢٠١٥: ٥٥).

لە لایەکی دیکەوە (کلاید کلاکهۆنClyde Kluckohn) ئەنترۆبۆلۆجیستی ئەمریکی دەڵێت"کلتوور بریتییە لەو هۆکارە جیاجیایانەی ژیان کە مرۆڤ لە کۆنەوە و لەگەڵ ڕەوتی مێژوودا پێیان گەیشتوە، جا ئەو هۆکارانە دیار بن یان شاراوە ، بە ویست بن یان بێ ویست، واتە لە کاتێکی دیاریکراودا هەیە ،چ ئەوانەی دەبنە چەند هۆکارێکی ڕابەرایەتی و ڕەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگادا ئاراستە دەکەن" ( ئەحمەد،٢٠١٩: ١٧)

بەشـێوەیەکی گشـتی ئـەم پێناسـەیە تاڕادەیـەك گونجاوترینیانـە کـە دەڵێـت کلتـوور بریتیەلـە هـەموو ئـەو دەستکەوت و داهێنانە مادی و مەعنەوییانەی کەلەماوەی مێژووی کۆمـەڵگادا بـە دەسـتهاتوون، بـۆ بـەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن (ابوالقاسمی،٢٠٠٨ :٣٥).

(لوشیان بای Lucian bay )دەڵێت "کلتووری سیاسـی کۆمـەڵێك بـیرو بـاوەڕ و هەسـتە ،سیسـتەمێك و مانایـەك دەبەخشێتە پرۆسەی سیاسی ،ئـەو ڕێسا جێگیرانـە دێتـە ئـاراوە کـە حـوکم بەسـەر هەڵسوکەوتی تاکـەکان لـەناو سیستەمی سیاسی دا دەکات"(مەنوفی،٢٠٠٧ :٢٠٣).

پاشان (موریس دوڤرجیە) دەڵێت"کلتووری سیاسی بەشێوەیەکی گشتی لایەنی سیاسی کلتوورییە، بەو شێوەیەی کە خۆی کۆمەڵە ڕێکخستنێکی کلتوورییە"(عبدالرحمن،٢٠٠١ :٤٣٦)

( فیلیب برو ) کلتووری سیاسی پێناسە دەکات بە کۆمەڵێك زانیاری و بیروباوەڕە کە ڕێگە بەتاك دەدات مانایـەك بەو ئەزموونە ڕۆتینی یە ببەخشێت کە پەیوەندی بەو دەسەلاَتەوە هەیە کەحوکمرانی دەکات، هەروەها ڕێگە بە گروپەکان دەدات وەك سەرچاوەیەك بۆ ناساندنی( شوناس )ناسنامەیان بەکاری بهێنن.(برو، ١٩٩٨ :٢١٤).

لـەڕووی ئەرکگەراییـەوە کلتـووری سیاسـی چـەندین ئـەرك جێبەجێـدەکات، وەك ئـەرکی (مـەعریفی، ئـەرکی گەیانـدن، پـەروەردەیی و پێگەیانـدن، گەشـەپێدان، نوێبوونـەوە، یەکخسـتن، ڕێکخسـتن، بـەهایی) ،واتـە کلتـووری سیاسـی ئـەرکێکی زۆر گـەورە لـەماوەی گەشەسـەندنی خۆیـدا جێبەجێـدەکات ئـەویش ئـەرکی پێگەیانـدنی کۆمەلاَیـەتی سیاسـی تاکە.(سـدیق، ٢٠١٥ :٥٨) واتـە کلتـووری سیاسـی دەکەوێتـە ژێرکاریگـەری بـارودۆخی کۆمەلاَیـەتی و سیاسـیەوە، بێگومـان کلتـووری سیاسـیش کاریگـەری لەسـەر ئـەو بارودۆخانـە هەیـە، واتـە پەیوەندیەکی بەهێزی ئاڵوگۆڕ لە نێوانیاندا هەیە . کلتووری سیاسی هاوکارە لە دروستکردنی کەسێتی و هەستی نەتـەوەیی، چـونکە ئـەم پرۆسـەیە بەشـداری دەکـات لـە بەرەوپێشـەوە چـوونی( بەشـداری سیاسـی لـە حزبـە سیاسیەکاندا ،مافەکانی هەڵبژاردن، ئۆپۆزسیۆن،خۆپیشاندان، پێشکەوتن )واتـە دەرچـوون لـە ڕۆشـنبیری دیـاری کـراو بەرتەسـك و سـنوردار کـە ڕەنگدانـەوەی ناهـارمۆنی کلتـووری سیاسـیە بێگومـان بەشـداری نـەکردن لـە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، کاریگەری نەرێنی لە دروستکردنی کەسێتی نەتەوەیی دا دەبێت، کەجۆری ئـەدای کۆمەلاَیـەتی وسیاسـی لای هاولاَتیـان بەرامبـەر کێشـە نیشـتمانی دەسـتەبەرکردنی بەرژەوەنـدی و ئامانجـە گشتیەکانیان بە لاوازی نیشان دەدات (عبدالرحمن ،٢٠٠١ :٤٤١).

ئەگەر لە ڕووی مەعریفیەوە لێبڕوانین، سەرجەم ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە کەلای تاك بۆ ناسینی دیارە سیاسیە جۆربـەجۆرەکانی کۆمـەڵگا کۆبۆتـەوە، بـەلاَم لـە ڕووی سـۆزگەراییەوە بریتییەلـە سەرسـام بـوون بـە سیسـتەمی سیاسی یان بە پێچەوانەوە ڕق لێبوونەوەو ڕەتکردنەوە و بـە هەنـد وەرنـەگرتنی کاروبـاری دەسـتەو دامـەزراوەو لایەنە جیاوازەکان، بەهۆی دەرئەنجامی کارەکانیانەوە لای تاکەکانی کۆمەڵگا دروست دەبێـت، بـەلاَم لـە ڕەهەنـدی هەڵسەنگاندنەوە کلتووری سیاسی، بریتیە لەوەی کە هەر تاکێـك ژیـانی سیاسـی خـۆی لەسـەر بنـەمای کۆمـەڵێك

بـەهای جیـاواز هەڵدەسـەنگێنێن، دواجـار حـوکم دەدات بـەقبوڵکردن و بڕوابـوون پێـی یـان ڕەتکردنـەوەو بـڕوا نەبوون پێی (وەیسی،٢٠٠٧ :١٦).

کلتـووری سیاسـی بەرهـەمی مێـژوویی سیسـتەمی سیاسـی ئـەو تاکانەیـە کـە ئەنـدامن لـە سیسـتەمەکەدا،واتە نەمامێکە لەناو واعقدا شین بووە، بەواتایەکی دیکە کلتووری سیاسی بەقوڵایی دوو هێڵی هاوسەنگ درێژبۆتـەوە، یەکـەمیان: مێـژووی شـێوازی حـوکم و پێشـکەوتنی دامەزراوەکانـە، دووەم: پێشـکەوتنی مامەڵـەکردنی تاکـەکانی گەلە لەگەڵ حوکم (سدیق،٢٠١٥ :٥٩).

کلتـووری سیاسـی لەهـەموو کۆمەڵگایەکـدا بـەوە جیادەکرێتـەوە کەلـە گۆڕاندایـەو جـێگیر نیـە ،هاوکـات لـە کۆمەلگەیەکەوە بۆ کۆمەلگایەکە دی دەگۆڕێت و هاوکات لەلای تاکێك بۆ تاکێکی تریش جیاوازە ،ئەو جیاوازیەش هۆکار گەلێکی جۆراو جۆر دەیسەپێنن، وەك بنەچە، ڕەگەز، شوێنی نیشتە جێبوون، پیشە، ئاستی خوێندن، باری (ئابوری، سیاسی، کۆمەلأیەتی)...هتد (ئەحمەد،٢٠١٩ :٣٥).

لەکۆبەندی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا دەگەینە ئەوەی پێناسەی خۆمان بۆ چـەمکی کلتـووری سیاسـی بخەینـەڕوو (بریتییەلەو بیروبۆچون و زانیاری و ئاراستە باوانەی کە تاك بەرامبەر کاروبـاری سیاسـی و دەسـەلأت هەیـەتی، لەوچوارچێوەیەشدا هەڵوێست و ئایدۆلۆجیا و شێوازی بەشداری لە پرۆسە سیاسی و مامەڵە و ڕەفتاری ڕۆژانـەی خۆی لەگەڵ ڕووداوە سیاسیەکاندا دیاری دەکات.

## چوارەم/ پێگەیاندنی کۆمەلأیەتی- سیاسی political Socialization:-

پێگەیاندنی کۆمەلأیەتی سیاسی بریتیە لە پرۆسەیەکی گشتگیر و فەرمی یان نافەرمی و نەخشە بۆ داڕێژراو یـان هەرەمەکیانەیـە بەهۆیـەوە تـاك لەهـەموو قۆناغـەکانی ژیانیـدا فێـری زانیاریـە سیاسـی و ناسیاسـیەکانیش دەبێت، سەرجەمیان کاریگەریان لەسەر ڕەفتارەکانی دەبێت. (وەیسی،٢٠٠٧ :٦)

هەروەها پرۆسەی پێگەیانـدی کۆمەلأیـەتی سیاسـی پەیوەسـتە بـە سروشـتی کۆمـەڵگای مرۆڤایەتیـەوە لـە کۆمەڵگای یـەکگرتو سـەقامگیر و ئارامـدا پرۆسـەی پێگەیانـدن ڕوون و دیـاریکراوە، بـەلأم لـەو کۆمەڵگایانـەی کـە نائارامـەو نـاجێگیرە و ململانێـی سیاسـی تێدایـە ئـەوا پرۆسـەکەش پرۆسـەیەکی درز تێبـوو دەبێـت و کاریگـەری نەرێنی لە سیماکانی کەسێتی تاکدا بە جێدەهێڵێت (ابو بکر، ٢٠١٨: ٩٠-٩١ ) .

لەلایەکی دیکەوە بەو پرۆسەیە پێناسەدەکرێت کە بەهۆیەوە تاك ناسنامەی کەسێتی خۆی بەرجەسـتە دەکـات و هۆکارێکی یارمەتی دەردەبێت تاوەکو خواستەکانی خۆی بە دیبهێنێت وخاوەنی کەسێتی خۆی بێت (السام،١٩٨١ : ٢١).

هاوکات دەتوانین بڵێین پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە کۆمەڵگا جێگرەکان و ناجێگرەکانیشدا ئامانجی پارێزگاری کردنە لەو دۆخەی کە هەیە، پاڵپشتی لە سیستەمی سیاسی باڵا دەکات، ئەمەش بەمانای چەق بەستویی نایەت، بەڵکو ئەم پرۆسەیە ڕێگایەکە بۆ فێرکردن و ڕازی بوونی منداڵ بە ململانێ ناوخۆییەکان کە بریتین لەململا نێی نێوان پێکهاتە(ئاینی ، کۆمەڵایەتی،ئیتنی، مەزهەبی، سیاسی، ئایدۆلۆجی،...هتد)ەکان، بە دیاردەیەکی سروشتی و هۆیەك بۆ گۆڕانکاری و بەرەو پێشەوە چونی کۆمەڵگای بزانن ( السام،١٩٨١ :٣٦).

لە ڕووی ئەرکگەراییەوە بە پرۆسەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ بەدیهێنانی تەواوکاری لە کۆمەڵگادا و ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بنیاتنانی بەهاکان، بەمەش کۆمەڵێك سیما و تایبەتمەندی بە کەسێتی تاکەکان دەبەخشێت، هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگاکەیاندا ژیان بگوزەرێنن، لەسەر ئەو بنەمایە پێگەیاندن پرۆسەیەکی فراوان و گشتگیرە تاك تیایدا وەك ئەندامێك لە نێو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی وکلتووری و سیاسی دیاریکراودا چەندین ئاراستەو بیروباوەڕ و کلتووری جۆراو جۆر وەردەگرێت(عبدلله،٢٠٠٥: ٢٥) .

( صادق ئەسوەد )پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی بەگرنگترین ئامراز دادەنێت، بۆ بەستنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی بە سیستەمی سیاسیەوە،لەسەر ئەو بنەمایەی نێوەندی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کلتووری تاك کاریگەری لەسەر هەڵوێست و بەها سیاسیەکانی تاك دەبێت و وادەکات سیستەمی سیاسی بناسێت و درك بە سیاسەت بکات و کاردانەوەی بۆ دیاردە سیاسیەکان هەبێت(الاسود،١٩٩٠ :٢٦٠). بەهۆی ئەمەشەوە تاك هەڵوێست و ئاراستە هزری و ئایدۆلۆژیەکانی دێنێتە دی، کە دواجار بەخەملینی کلتووری سیاسی کۆتایی دێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕەفتارو کردار و کاری ڕۆژانە و پلەی پێگەیشتووی و چالاکی یە ساسیەکانی لە کۆمەڵگادا دەبێت (الحسن، ١٩٨٤ :٢٢٥).

بۆپێگەیاندنێکی پلە و ئاست بەرز و ئەرێنی ،پێویستمان بە پلەیەك یان ئاستێك لە هوشیاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا هەیە، ئەمەش بێگومان هوشیاری بەرزی کۆمەڵ،دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و دام و دەزگای سیاسی پێشکەوتوو بە توانا و تەندروست دادەمەزرێنێت (میران،٢٠١٠ :٢٩).

پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی، پرۆسەیەکی گرنگە لە ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگاو کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پێکهێنان و دیاریکردنی سیمای کەسێتی تاکەکان، بەجۆرێك هەرکاتێك دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بەشێوەیەکی تەندروست و زانستیانە بە ئەرکەکانی خۆیان هەستابن، ئەوا بێگومان ڕەنگدانەوەی ئەرێنییان لە سەر تاکەکانی کۆمەڵگا هەبووە، لەهەمان کاتدا هەرکاتێك پشێوی و ململانێی سیاسی لە کۆمەڵگادا بوونی هەبێت، ئەوا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی کاریگەری نەرێنی لەسەر تاکەکان دروست دەکات، چونکە لە بارودۆخێکی وەهادا خێزان و کۆی دامەزراوە کۆمەلایەتی و سیاسیەکان لە ژێر کاریگەری دۆخی ئاڵۆز و ناسەقامگیری و ململانێدا، تاکەکانی کۆمەڵگا پێدەگەیەنن، ئەمەش بە بڕوای ئێمە لە بایەخی پرۆسەی پێگەیاندنەکە کەم دەکاتەوە.

لێرەدا دەتوانینن پێناسەی خۆمان بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی بخەینە ڕوو بریتییە لە پرۆسەیەکی بەردەوام کە تاك لە ڕێگەی چەند دامەزراوەیەکی جیاوازەوە و لە ژێر کاریگەری ململانێی سیاسیدا بەهاوڕێساو یاسا وکلتوورەکان وەردەگرێت، بەمەش تایبەتمەندی و سیمای جیاواز بە کەسێتی تاکەکان دەبەخشێت، جیای دەکاتەوە لە تاکەکانی کۆمەڵگایەکی تر .

## پێنجەم / کەسێتی Personality:-

هەر لەو بارەیەوە کۆمەڵناسی فەرەنسی (ئەمیل دۆرکهایم Emil Dorkhaim)، پێی وایە کەسێتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یە کۆمەڵگاو عەقڵی دەستەجەمعی کار لەسەر چەسپاندنی کەسێتی وسیما بنەڕەتیەکانی تاك دەکات، بەجۆرێك هەر لە منداڵیەوە تاکو پێگەیشتنی هەڵگری کۆمەڵێك سیفات و تایبەتمەندی کۆمەڵگاکەیەتی، هاوکات ئەوەش دەخاتە ڕووکە کەسێتی لە ئەنجامی ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەردەکەوێت(عبدالله،٢٠٠٣ :٢١).

( بیترم سۆرکن Pitirm Sorokin) بڕوای وایە کەسێتی مرۆڤ پشت بە پایەکانی کۆمەڵگا و کلتوور دەبەستن . گەشەکردنی ئەقڵی و یادەوەری و تێڕامان بەبێ کارلێکی کۆمەڵایەتی مەحاڵن ، هەروەها کەڵەکەبوونی شارەزاییەکان وتایبەتمەنییەکانی چاکە و خراپە بەبێ کارلێکی نەوەکان نایەنە دی، زمانیش بەبێ ئەو کارلێکە دروست نابێت (کاکە سور،٢٠١٢: ٥).

(برگسۆن Bergson) دەڵێت کەسێتی لەگەڵ هەر ئەزموونێکدا دروست دەبێت و بەبەردەوامی دەگۆڕێت (جەمال ،٢٠١٢ :٢١٠).

hewalname.com/ku/

کەسێتی پێکهاتەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیە لە کۆمەڵێك سیماو ڕەفتاری دیار و نادیار پێکدێت و مەیلی خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ کولتورو باری ڕۆشنبیری کۆمەڵگا(بەرزنجی،٢٠٠٠:٢٤٥ ). لەلایەکی دیکەوە کەسێتی کۆی پاڵنەرە بۆماوەیی و وەرگیراوەکان لەخۆدەگرێت، کەسێك لە کەسێکی دیکە جیا دەکەنەوە، بۆماوەییەکان بۆهێڵی سەر کرۆمۆسۆمەکان دیاری دەکەن، وەرگیراوەکانیش تەواوی داب و نەریت و بەهاو بیروباوەڕو ئامادەباشییەکانی تاك دەگرێتەوە کەلە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە وەریان دەگرێت(القاسم واخرون ،٢٠٠١ :١٣٣-١٣٤). بەواتایەکی تر دەکرێت بوترێت بارودۆخی کۆمەڵایەتی مرۆڤ هۆکارێکی گرنگە، کەسێتی تیایدا گەشە دەکات ئەوانیش خۆیان لە (زمان، نەریت، بەها، دین، ئایدۆلۆجیا، زانست و زانیاری، پەروەردە و فێرکردن ،...)دا دەبینەوە (شاملۆ، ٢٠١٩ :٢٣٤).

لە لایەکی دیکەوە دەکرێت بڵێین کەسێتی بە کۆی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانە پێناسەدەکرێت کە مرۆڤ لەڕێگەی بۆماوەو وەرگرتنی ڕووداوە مێژووییەکاندا بەدەستی هێناوەو توانای (جەستەیی، سۆزداری، هزریی، ئاکاری) پێبەخشیوەو لە کەسانی دیکە جیای دەکاتەوە(شاوەیس،٢٠٠٠ :٢٣٢). واتە کاریگەریەکانی ژینگەی

کۆمەڵایەتی تەنها سنوردارنین بە هۆکارەکانی کاتی ئێستاوە، بەڵکو ئەو ڕوداوانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، مێژوو کەلتوری کۆمەڵگاش کاریگەری ڕاستەوخۆ و بەردەوام لە کەسێتی تاکدا جێدەهێڵێت.

کەسێتی ناوچەیەکی دیاریکراو کاریگەری جوگرافیاو ژینگەی سروشتی بەسەرەوە بێت و جۆرێك لە سیمای تایبەتی پێببەخشێت و جیای بکاتەوە لە کەسێتی ناوچەیەکی تر ، هەروەك ابن خلدون ئاماژە بەوە دەکات، کەئاووهەوا دەبێتە هۆی جیاوازی مرۆڤەکان لە ڕووی جەستەیی و هزری و دەروونیەوە(النوری، ١٩٨١ :١١٦).

لەم پێناسانەوە تێدەگەین ئەو زانیاریانەی لە ڕێگەی تێبینی بەردەوامەوە لەسەر تاك بەدەست دێت، خۆی لەو ڕەفتارانەدا دەبینێتەوە، کەتاك لە ماوەیەکی دوورو درێژدا وەری گرتوەو بۆتە مۆرکێك بۆ کەسێتیەکەی و ڕێکخستنێکی تایبەت، بەهۆیەوە لەکەسانی دیکەی جیادەکاتەوە .ئەوەشمان لە بیر نەچێت ، ئەو داب و نەریتانەی تاك پیادەیان دەکات کاریگەری کۆمەڵێك هۆکاری جۆراو جۆری بەسەرەوەیە هەندێکیان پەیوەندیان بە خودی تاکەوە هەیە و هەندێکیشیان پەیوەندی بەو بارو دۆخەوە هەیە کە تاك تیایدا دەژی واتە وەڵامدانەوە جیاوازەکانی مرۆڤە بۆ وروژێنەرە کۆمەڵایەتیەکان و چۆنیەتی گونجان لەگەڵ تایبەتمەندی ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیدا.

لەلایەکی دیکەوە( ئەلپۆرت Alport )کەسێتی بە ڕێکخستنێکی داینامیکی ناوەکی دەروون جەستەیی دادەنێت،کە تایبەتمەندی ڕەفتارو بیری کەسەکە دیاری دەکات (الجسمانی، ١٩٨٤ :٢١٧-٢١٨).

ڕایموند بیرنارد کاتل (Raymond Bernard Cattel) ، کەسێتی بەو ڕەفتارە دیار و نادیارانە پێناسە دەکات کە پێشبینی دەکرێت کەسێك لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا ئەنجامیان بدات (السامرائی، ١٩٨٨ :١١٠ ).

(واتسنWatson ) پێناسەی کەسێتی دەکات بە سەرجەم چالاکییە جیاوازەکانی تاك، کەلەڕێگەی تێبینیکردنێکی دەرەکیانەی بەردەوامەوە لە ماوەیەکی دورو درێژدا هەستی پێدەکرێت و کەسێتی تاکی پێدەستنیشان دەکرێت (الغرباوی، ٢٠٠٧ :٣٠ ).

دەکرێت بوترێت، کەسێتی ئەو سیستەمەیە کە تاك لە ڕێیەوە گوزارشت لە بایەخپێدانە ناوەکی و ئاراستەکانی خۆی دەکات بەهۆی کارلێکی کۆمەڵایەتیەوە (السامرائی، ١٩٨٨ :١١٠ ).

بەڵام ئەگەر بمانەوێت کەسێتی کۆمەڵ (کەسێتی نەتەوەیی ) پێناسە بکەین، مەبەست لێی کەسێتی(هاوڵاتی، نەتەوە، گەل) دەگرێتەوە، هەروەك مێژوونوس (لوسیان فیفرLuciean Feber )،دەڵێت "کەسێتی گەل بریتیە لە هاوبەشی تاکەکانی کۆمەڵگایەك یان گەلێك لە ڕووی سیفاتە ئاکارییەکانیان و جیاوازیان لە کۆمەڵگایەکی دیکە "(فیفر،١٩٧٣ :١٥٧). لەلایەکی دیکەوە پێناسە دەکرێت بە سیما گشتیەکانی گەلێك یاخود نەتەوەیەك لە ڕووی جەستەیی، مەزاج، بیرکردنەوە، ڕۆشنبیری، شێوازی ڕەفتار لە دۆخە جیاوازەکاندا (الخلیل ، ٢٠١٣ : ٢٧).

hewalname.com/ku/

لەکۆبەنـدی ئەوپێناسـانەی سـەرەوەدا دەگەینـە ئـەوەی بـەپێی ئامـانجی توێژینەوەکـە پێناسـەی خۆمـان بخەینـەڕوو، کەسـێتی بریتییـە لـە کـۆی ئـەو سـیما(کۆمەڵایەتی ،کلتـووری ،دەروونـی ، سیاسـی ، ئـابوری)ە وەرگیراوانەی تاکی کورد، کە لەماوەی پرۆسەی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا وەریان دەگرێت، لەڕێگەی ئەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتیانەی کەلە ڕۆڵە جیاوازەکاندا دەیان بینێت، ئاشکرا دەبێت.

## شەشەم/ سیما Trait

( ئـەفلاتون) پێـی وایـە هەرنەتەوەیـەك سـیماو خەسـڵەتی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە و جیـای ئەکاتـەوە لـە نەتەوەیەکی تر، هەژموونی سیمایەك بەسەر سیمایەکی تردا جۆری کەسێتیەکان دیاری دەکات. بەمانایـەکی تـر هەندێك سیما گشتیە و سەرجەم مرۆڤەکان تییایـدا هاوبەشـن، بەتایبـەت ئـەو کەسـانەی سـەر بەیـەك کلتـوور و شارستانیەتن، واتە ئەکرێت تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە سەر ئەو بنەمایە بەراورد بکرێن (النوری، ١٩٨١: ١٢٠).

(جلفۆردGuilford ) پێی وایە سیما کۆمەڵێك تایبەتمەندییـە کـە بەردەوامییـەکی ڕێـژەیی هەیـە، لای زۆربـەی ئەو تاکانەی لەیەك کلتووری هاوبەشـدان، هـەروەها سـیما بۆسێ جـۆری سـەرەکی دابـەش دەکـات لەوانـە سـیمای (ڕەفتاری، فسیۆلۆجی، کۆمەڵایەتی، مۆرفۆلۆجی) (Guilford,1959: 5-6 ) .

(ئەلپۆرت Alport) ، سیما بە تایبەتمەندی دەروونی و دەمارگیری و واقعی دەزانێت، کـە گوزارشـت لـە ڕەفتـاری تاکەکان دەکەن. ئەمەش بەو واتایە دێت هەموو سیماکان ناکرێت لەیەك جیابکرێنەو بەڵکو هەموویان تەواوکەری یەکترین وەك یەکەیەکی سەرەکین بۆ وەسفکردنی کەسـێتی، واتـە سـیما ماهیـەتێکی دینـامیکی هەیـە و پاڵنـەری دروستبوونی ڕەفتارەو ژێرخانیەتی، سیما حاڵەتی کارتێکراوی نیە و چاوەڕوان نابێت تـاوەکو ووزە بزوێنـەرەکان بیـان جولێنێـت، بـەڵکو ئەوانـە مـرۆڤ هانـدەدەن تـاوەکو بچـێت بـەدوای وروژێنەرەکانیـدا بگـەڕێت و خـۆی دەربخات(القاسم واخرون ، ٢٠٠١ :١٣٦).

( کاتـل Cattell )سـیما بەیـەکێك لـە بونیـادی دەروونـی دادەنێـت کەلـە تێبینـی کردنـی رەفتـاری تایبـەتی مرۆڤەوە هەڵدەهێنجرێت و بەرپرسیاری یەکەمی ئەو ڕەفتارەیە، یان بە واتایەکی دیکە بە کۆمەڵێك کاردانـەوەو وەڵامدانەوەیە، کە جۆرە یەکەیەك پێکەوەیان دەبەستێتەوە(المیلادی ،٢٠٠٦ :٣٢-٣٣).

پاشـان دەرونناسـی ئـەڵمانی (ئایزنـك Eysenck ) سـیما بـە کۆمـەڵێك چـالاکی ڕەفتـاری دەناسـێنێت، یـان ((کۆمەڵێکی هەستپێکراوە لە مەیلە تاکگەراییەکانی کرداری مـرۆڤ)) کـە پێکـەوە دەگـۆڕێن و ئەمـەش پەیوەست دەکاتەوە بە خونەریتی تاك و چالاکیە دووبارەکانی، بەشێوەیەکی ڕێـژەیی جێگیرە و لـە ڕەفتـاری تاکـدا تێبینـی دەکـرێن، هاوکـات ئامـاژە بـەوە دەکـات ئـەوەی، ئەبێتـە هـۆی دیـاریکردنی سـیما هۆکـاری وەرگـیراوو بۆمـاوەیین پێکەوە ( Eysenk,1970:10) .

دەكرێت سیما بە كۆمەڵێك تایبەتمەندی كەسێتی دابنرێت، كە سەرجەم لایەنەكانی هەڵچونی و كۆمەڵایەتی و هزری و جەستیەیی تاكەكە دەخاتە ڕوو، لەكاتی ڕفتاری تاكەكاندا و لە هەڵوێستە جیاوازەكاندا دەردەكەوێت (فراج ،١٩٧٠: ٢٥-٢٦). لەلایەكی دیكەوە بریتیە لە ئامادەباشی و بەردەوامی ڕەفتاری تاك بەرامبەر بە هەل و مەرج و بارودۆخی جیاواز كە گۆرانكاریان تێدا دروست دەبێت وەك لەكاتی(نائومێدی، شكست، دڵەڕاوكێ ،ئازارو ململانێ، خۆشی، هەستكردن بە سەركەوتن...هتد). (شامیە، ٢٠١٦: ٧ ). سیما بە ڕێگایەكی گشتی دادەنرێت بۆ دەرخستن و درك پێكردنی كۆمەڵێك هەڵوێستی تاك، یاخود وەڵامدانەوەی كۆمەڵێك هاندەری ناوخۆیی و دەرەكی (السامرائی، ١٩٨٨: ١١٤ ). سیماچەمكێكی ئەبستراكتی هەیە، واتە لەڕێگەی تێبینی كردنی ڕەفتارەكانی مرۆڤەوە دركی پێدەكرێت، وەك (ترسنۆكی، شەرانگێزی، سادەیی، نیانی، سەركێشی، بەگومان،...هتد). (شەمس ،٢٠١٨: ١٢-١٣ ).

لەم پێناسانەوە تێدەگەین هەر خەسڵەتێك بتوانرێت بكرێ بە بنەما بۆ جیاوازی نێوان دوو كەس پێدەوترێت سیما، واتە هەندێك سیما تایبەتە بەكەسێكی دیاریكراو لە كەسێكی دیكەدا نابینرێ ئەگەر چی لەهەمان بارو ڕەوش و ژیانیشدا بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك سیما گشتییە و زۆربەی ئەندامانی كۆمەڵگا تێیدا هاوبەشن، ئەویش لە ژێر كاریگەری بارودۆخ و كلتوورێكی دیاریكراودا.

هەربۆیە لێرەوە دەگەینە ئەوەی پێناسەی خۆمان بۆ چەمكی سیما بكەین، بە كۆمەڵێك تایبەتمەندی وەرگیراو، بەهۆی بوونی ئەو ململانێ سیاسیانەی لەسەردەمانێكی زووەوە بەرلەئێستاوە تاوەكو ئێستاش ڕوودەدەن، ڕەنگ دانەوەی هەبووە لەسەر ڕەفتار و سیماكانی كەسێتی كورد، جۆرێك لە تایبەتمەندی بۆ دروستكردون و جیایكردونەتەوە لە تاكەكانی كلتوورێكی تر.

hewanamae.com/ku

## باسی سێیەم / خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەکانی پێشوو، ئەو توێژینەوانەن پێشتر لەلایەن توێژەرانی ترەوە ئەنجامدراون لەسەر ئەو بابەتە یان نزیك لەو بابەتە. مەبەستی سەرەکی لەخستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو لەم توێژینەوەیەدا، دەگەڕێتەوە بۆچەند خاڵێکی گرنگ لەوانە :

١- توێژەر لەڕێگەی توێژینەوەکانی پێشووەوە دەتوانێت ئاشنابێت بەگرنگترین ئەو ئامانج و گریمانانەی توێژینەوەکان لەخۆیان گرتووەو لەهەمان کاتیشدا ئاستی ڕاستی ئەو گریمانانەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی بۆدەردەکەوێت .

٢- ئاشنابوون بەو تیۆرانەی توێژینەوەکان لەخۆیانگرتووە، هەروەها ئاستی گونجاندنی تیۆرەکان لەگەڵ بارودۆخ و کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا، ئەمەش لەلایەکەوە ڕێنیشاندەرێکە بۆ توێژەرو لەلایەکی تریشەوە وا لەتوێژەردەکات، دووربکەوێتەوە لەهەر هەڵەیەك کە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی کات و شوێن .

٣- ڕێنیشاندەرێکی گونجاوە بۆ توێژەر بە مەبەستی ئەنجامدانی بەراورد لەنێوان توێژینەوەکەی و توێژینەوەکانی پێشوودا، ئەمەش لەپێناو دەستپێکردن لەخاڵی کۆتایی هاتنی توێژینەوەکانی پێشوو ، تاوەکو ئاستی بەیەکگەیشتن وجیاوازی لەنێوانیاندا ڕوون و ئاشکرابێت .

٤- ئاشنابوون بەو میتۆدانەی بەکارهاتووە لەوتوێژینەوانەدا، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکی گرنگە بۆ توێژەر بەمەبەستی دیاریکردنی میتۆدی گونجاو لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەیدا .

٥- سود لەئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە بۆ شرۆڤە و شیکاری ئەنجامی توێژینەوەکەمان.

٦- هەموو ئەو خاڵانەی باسکرا وچەندین خاڵیتریش وامان لێدەکەن هەمیشە لەهەوڵی گەڕاندابین بەدوای توێژینەوەکانی پێشوودا کەلەسەر بابەتەکە ئەنجامدراون، ئەگەرچی بابەتی ئەم توێژینەوەیە بەپێی زانیاریەکانی توێژەر لەپێشووتردا توێژینەوەی دەقاودەقی لەسەرنەکراوە ، بەڵام لێرەدا کۆمەڵێك توێژینەوە دەخەینەڕوو، کەلەبابەتەکەی ئێمەوە نزیکە دەربارەی ((کاریگەری ململانێ سیاسیەکانە لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا ))، هەریەك لەو توێژینەوانەش کەئاماژەیان پێکراوە دابەشکراون بەسەرتوێژینەوەکانی تایبەت بە (ململانێی سیاسی ) و (سیماکانی کەسێتی) دا هەریەکەشیان خاوەنی تایبەتمەندێتی تایبەت بە خۆیانن سەرەڕای ئەوەی، هەڵگری چەند مێژوویەکی جیاوازن .

### یەکەم / توێژینەوەکانی تایبەت بە ململانێی سیاسی :-

- **توێژینەوەکانی هەرێمی کوردستان :-**

**١- توێژینەوەکەی (شەریف، ٢٠٠٧)، بەناونیشانی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق- توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە – نامەی ماستەر بڵاونەکراوە،بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گرفتەکانی سیستەمی سیاسی و یەکێکیش لەو گرفتانە ناسەقامگیری سیاسیە کەچەندین ڕەهەندیی جیاوازی لەسەر کۆمەڵگا هەیە. ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە (ناساندن و شیکردنەوەی سیما و هۆکار و ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی ناسەقامگیری سیاسیە لە هەرێمی کوردستانی

عێراق)، بۆئەو مەبەستەش توێژەر بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی دیاردەکە و چۆنیەتی سەرهەڵدان و ئاستی کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگا و ڕەهەندە (کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکانی) دیاردەکە سودی لە میتۆدەکانی ( مێژوویی، میتۆدی وەسفی) وەرگرتوە .

**ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێك ئەنجامی گرنگی بەدەستهێناوە لەگرنگترینیان بریتییەلە:**

١- ئەنجامەکانی تایبەت بە سیماکانی ناسەقامگیری لەهەرێمی کوردستانی عێراق (نەبوونی دەستور ، دوولەت بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی شەڕی ناوخۆوە .

٢- ئەنجامەکانی تایبەت بە هۆکارەکانی دروستبوونی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان

أ- هۆکاری سیاسی :(نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، هەڵپەسێراوی پرسی فیدراڵی کوردستان، دەستێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، نەبوونی دەستوری هەرێم، یەکنەگرتنەوەی تەواوی حکومەتی هەرێم، سروشتی حزبەکان و ململانێی نێوان حزبەکان، لاوازی بەشداری سیاسی و دیموکراسی).

ب- هۆکاری کۆمەڵایەتی : ( لاوازی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی- سیاسی، بەسیاسی کردنی پرۆسەی فێربوون، لاوازی کۆمەڵگەی مەدەنی) .

ت- هۆکاری ئابوری: (ئابلۆقەی ئابوری، لاوازی گەشەکردنی ئابوری، کەمی دەرفەتی کار، هەژاری)

٣- ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ناسەقامگیری سیاسی لەهەرێمی کوردستان (تێکچونی بونیادی کۆمەڵایەتی، پەککەوتنی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، تێکچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، لاوازبوونی ئینتمای نیشتمانی ، ململانێی نادیموکراسیانەی حزبەکان، دروستبوونی توێژێکی سەرمایەدار و دەوڵەمەندی نوێ کە ئینتیمای نیشتمانی و بەهای ئینسانی و ئاکاریان لاوازە، دابەش بوونی کۆمەڵگە بەسەر دوو چیندا ئەوانیش زۆر دەوڵەمەند و زۆر هەژار، کۆچ کردنی لادێیەکان بۆ شارەکان، پەیدابوونی کۆمەڵگەی بەکاربەر ، تێکچون و گۆڕانی مەترسیدار و بنەڕەتی بەها کۆمەڵایەتیەکان، زیاد بوونی گەندەڵی(ئیداری، ئابوری، سیاسی)، بێکاری، زۆربوونی ڕێژەی تاوان و ئالودەبوون، بێ نرخ بوونی یاسا، ناڕەزایی و بێئومێدبوونی خەڵك، دورکەوتنەوەی خەڵك و بەتایبەت توێژی لاوان لە سیاسەت و بلاوبوونەوەی کلتووری خەم ساردی .

٤- شەڕی ناوخۆ کۆمەڵێك کاریگەری لەسەرکەسێتی وسیماکانی تاکی کورد هەبووە وەکو( فێر بوونی توند ڕەوی ، تالانوبڕۆی، چاوچنۆکی، بێمتمانەیی، تێکدانی پەیوەنی خێزانی و خزمایەتی بەتەنگەوە نەچوونی یەکدی، کوشتنی گیانی هەروەزی و هاریکاری، پشتبەخۆنەبەستن، خۆپەرستی )

**٢- توێژینەوەکەی (حسن، ٢٠٠٨)، بەناونیشانی(ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی توندوتیژی سیاسی-توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە هەرێمی کوردستانی- عێراق)،نامەی ماستەر(بلاونەکراوە)،بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئەدەبیات ، زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر .**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی توندوتیژی سیاسی لەهەموو قۆناغ وسەردەمە جیاوازەکاندا وپانتاییەکی فراوانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەرجەم کۆمەڵگاکانی داگیرکردوە لەسەر ئەو بنەمایە توێژەر کۆمەڵێك پرسیاری خستۆتەڕوو، لەگرنگترینیان( توندو تیژی سیاسی تا چەند کاریگەری لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەکۆمەڵگای کوردستاندا هەیە) ؟

**ئامانجی توێژەر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەیە بریتییەلە:-**

١- زانینی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی دیاردەی توندوتیژی سیاسی لەهەرێمی کوردستان.

٢- ئاشنابوون بە ململانێی سیاسی نێوان حزبە دەسەڵاتدارەکان وەك هۆکارێك بۆ زیاد بوونی توندوتیژی سیاسی ).

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا سودی لە میتۆدەکانی( مێژوویی، ڕووپێویی کۆمەڵایەتی، میتۆدی وەسفی) وەرگرتوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی پێکدێت لە هەرێمی کوردستان کە هەرسێ پارێزگاکانی(هەولێر، سلێمانی، دهۆك) دەگرێتەوە، نموونەیەکی ٤٠٠ کەسی بە ڕێگەی نموونەی هەرەمەکی چینایەتی لەهەرسێ پارێزگای ناوبراو وەرگرتوە، لەهەریەکەلەو پارێزگایانەش بە پێی یاسای (مۆزەر و کالتۆن )بۆهەر پارێزگایەك بە پێی ڕێژەی دانیشتوان نمونەکەی وەرگرتوە ، هاوکات سودی لە ئامرازەکانی( فۆرمی ڕاپرسی) وەرگرتوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ، پاشان چەند ئامرازێکی ئاماری بۆمەبەستی شیکردنەوەی زانیارییەکان وجێگیری فۆرمی ڕاپرسی بەکار هێناوە لەوانە( ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، یاسای سپیرمان ).

لەگرنگترین ئەنجامەکان سەبارەت بە هۆکارەکانی دروستبوونی توندوتیژی سیاسی لەهەرێمی کوردستان ( شەڕی ناوخۆ، نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین و سەرکوتکردنی خۆپیشاندان بە شێوازی توندو تیژ لەلایەن حزب و دەسەڵاتی سیاسیەوە، نایەکسانی گەورە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە بەهۆی مۆنۆپۆلکردنی سەرجەم لایەنەکانی ژیان لەلایەن حزبە سیاسیەکانەوە ، کلتوور و بونیادی کۆمەڵایەتی کوردی کەبارگاوییە بەجەنگ و کوشتارو داگیرکاری و هەستی تۆڵەسەندنەوە، پەراوێزخستنی گەنجان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە ،هۆکارێکی ترخێزان و پەروەردە لەهەرێمی کوردستان بونەتە هۆی پێگەیاندنی نەوەیەکی توندو تیژ و شەرانگێز لە کۆمەڵگای کوردیدا ) .

٣- **توێژینەوەکەی (صابر ، ٢٠١٧) بەناونیشانی ( دەرهاویشتە کۆمەڵایەتیەکانی ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستان- عیراق- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر)- نامەی ماستەر بلآونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر .**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی ململانێ سیاسیەکان لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ لە هەرێمی کوردستان بە چەندین شێوەو فۆرمی جیاواز کە کۆمەڵێك دەرهاویشتەی نەرێنیان لە کۆمەڵگای کوردەواری هەبووە، گرنگی توێژینەوەکەش بۆ کەمی توێژینەوە لە ڕەهەندە جۆراو جۆرەکانی ململانێی سیاسی وکاریگەریان لەسەر تاك و کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە، هەربۆ ئەو مەبەستە توێژەر ئامانجی لەم توێژینەوەیە زانینی گرنگترین دەرهاویشتە(کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی) کانی ململانێی سیاسیە لە نێوان حزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لە دیدو بۆچونی دانیشتوانی شاری هەولێرەوە . لەم توێژینەوەیەدا بەمەبەستی گەیشتن بە ڕاستیەکان سود لە میتۆدەکانی (مێژوویی، وەسفی، میتۆدی شیکاری )وەرگیراوە ، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکانیش سود لە( فۆرمی ڕاپرسی ) وەرگیراوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکەش پێکهاتوە لە دانیشتوانی قایمقامیەتی قەزای ناوەندی شاری هەولێر کەژمارەیان (٩٥٤,٨٠٧) کەس بووە بۆ ساڵی (٢٠١٦) بەلآم نموونەیەکی (٤٠٠ ) کەسی لەو کەسانەی تەمەنیان لە سەروو هەژدە ساڵیەوەیە بەشێوەی هەرەمەکی چینایەتی وەرگرتووە، کە پێکدێن لە (مامۆستاو فەرمانبەرانی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی وەك (زانکۆ ،قوتابخانە و بواری ڕاگەیاندن) ، و سەندیکاکانی کرێکاران و پیشەوەران و ڕکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەرگرتوە، هاوکات کۆمەڵێك ئامرازی ئاماری بۆ شیکردنەوەی زانیاریەکان بەکارهێناوە لەوانە(، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، هاوکێشەی (ت ) بۆجیاوازی دوونموونە، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ جیاوازی گۆڕاوەکان .

**لەو توێژینەوەیەدا توێژەر بەکۆمەڵێك ئەنجامی گرنگ گەیشتوە بریتیین لە :-**

١- دەرهاویشـتە کۆمەڵایەتیـەکانی ململانێـی سیاسـی :لـەگرنگترین ئـەو ئەنجامانـە (لاوازبـوونی پەیوەندییـە خێزانییـەکان، لاوازی لـە پـەیڕەوکردنی دادپـەروەری کۆمەڵایـەتی، کۆچـکردنی چـین و توێـژە جیاوازەکـان بـۆ دەرەوەی وڵات، حزبـەکان کاریـان بـۆ بەرژەوەنـدی تەسـکی حزبایـەتی کـردوە نـەك بەرژەوەنـدی گشـتی، جێبـەجێکردنی یاسـاکان بەسـەر هاوڵاتیانـدا بەنایەکسـانی ، گرنگـی نـەدان بـە باشـکردنی ژیـانی هاوڵاتیـان) . هەرلەئەنجامەکاندا دەرکەوتوە لەدامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردن بایەخ بە پەروەردەکرنی نیشتمانی نادرێت، هەروەها پۆستەکان لە سـەر بنـەمای ئینتمـای حزبـی سیاسـی دابـەش دەکرێـت بێگوێدانـە شـارەزایی و لێهاتویی، پاشـان لـێکترازان لـە نێـوان چـەمکەکانی (قوتابی،خوێنـدکار) دابـەش بـوون بەسـەر دوو ناوچـەدا، دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن ڕۆڵـی نـەرێنیان لـە قوڵکردنـەوەی ململانێکانـدا هـەبووە بـەهۆی لایـەنگیریان بـۆ حزبـە سیاسـیەکان وشیاری سیاسی خەڵکیان بەلارێدابردوە .

٢- دەرهاویشـتە سیاسـیەکانی ململانێـی سیاسـی : لـەگرنگترین ئەنجامـەکان( دروسـتبوونی قـەیرانی سیاسـی، بەرزبوونـەوەی ئاسـتی وشـیاری تاکـەکانی کۆمـەڵگا بـەهۆی بـوونی حزبـە ئۆپۆزسـیۆنەکانەوە، گرنگـی نـەدانی هاوڵاتیـان بەپرسـە سیاسـیەکان، نـامۆبوونی سیاسـی، هاوکـات کاریگـەری نـەرێنی لـە ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هەبووە) .

٣- دەرهاویشتە ئابورییەکانی ململانێی سیاسی :لەگرنگترین ئەنجامـەکان(لاوازی لـە پرۆسـەی گەشـەپێدانی ئـابوری، دروستبوونی قەیرانی دارایی ،ناڕوونی سەرچاوەکانی داهات ، بڕینی بەشەبودجەی هـەرێمی کوردسـتان لەلایـەن حکومەتی ناوەندەوە، زیاد بوونی دیاردەی گەندەڵی لەلایەن بەرپرسە سیاسیەکانەوە ، ئـاڵۆز بـوونی پەیوەندییـە خێزانیەکان بەهۆی قەیرانی داراییەوە) .

**٤- توێژینەوەکەی (حاجی شەریف،٢٠٢٠) بەناونیشانی ( ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسیەکانی کوردستانی باشوور لە ساڵانی( ١٩٧٥- ١٩٩٣) - توێژینەوەیەکە لەسەر هۆکارو دەرهاویشتەکانی شەڕی ناوخۆ– نامەی ماستەر (بڵاوکراوە) .**

توێژەر هۆکاری ئەنجامدانی ئـەم توێژینەوەیـە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی، دەرهاویشـتەکانی ململانێـی (کـورد دژی کورد) لە چوارچێوەی میرنشینەکانی سەدەی بیستەم هـەتا ئـەم چرکە ساتە بـەهۆکاری جیـاوازەوە زیـانی گەورەی بە میلـەتی کـورد گەیانـدوە، هەربۆیـە ئامـانجی توێـژەر لـە ئەنجامـدانی ئـەم توێژینەوەیـەدا بریتییەلـە دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ شەڕ و ململانێی سیاسی، ئەویش لە ڕێگەی زانینی ئەوزیانانەی کەلـە ڕووی هـەرێمی و دەرەکـی وە ڕووبـەڕووی کـورد بۆتـەوە ، لەگـەڵ زانینـی زیانـە ناوخۆییـەکانی وەکـو (مـادی، گیـانی، دەروونـی، کۆمەڵایـەتی، کلتـووری و فەرهەنگی،سیاسـی)، کـە لـە ململانێکـانی سـاڵانی(١٩٧٥-١٩٩٢) لـە کوردسـتانی باشـور کەوتۆتـەوە . توێـژەر لـە توێژینەوەکەیـدا پشـتی بـە میتـۆدی مێـژوویی و شـیکاری و بـەراوردکاری بەسـتوە بـۆ شرۆڤەکردنی ڕووداوەکان و هۆکارو کاریگەرییەکانیان بە پێی قۆناغە جیاوازەکان مێژووی هاوچەرخی کورددا .

**ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێك ئەنجامی گرنگی بەدەستهێناوە لەگرنگترینیان بریتییەلە:-**

ناکۆکی و شەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان زیانێکی زۆری بە پرسی کورد و مافەکانی لە دەروەو و ناخۆی داوە بە جۆرێك بۆتە هۆی :-

١- لاواز بوونی پێگەی کورد ، لەبەدەستهێنان و داواکردنی مافە ڕەواکانی خۆی لە گەڵ حکومەتی ناوەندو دەوڵەتە هەرێمیەکان و لەسەر ئاستی دەرەکیش ڕێگە خۆشکەربووە بۆ دەستێوەردانی دەرەکی .

٢- هۆکاری ململانێی نێوان حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ بە دەستهێنانی (دەسەلاّت، بەرژەوەندی حزبی و کەسی، نەبوونی دیموکراتی و یەکتر قبوڵنەکردن، جیاوازی ئایدۆلۆجیا ، ڕق و کینەی لایەنەکان بەرامبەر یەکتری، دەستێوەردانی دەرەکی)

٣- ناکۆکی و شەڕ و ململانێ سیاسیەکانی سالاّنی ( ١٩٧٥- ١٩٩٢) تەنها کاریگەری نەرێنی لەسەر پرسی کورد نەبووە بە لکو کاریگەری لە سەر سیماکانی کەسێتی و باری دەروونی کۆمەلگەی کوردیدا هەبووە بە جۆرێك بۆتە هۆی دروستبوونی سیمای ( دووفاقی، خۆخۆری، بێ متمانە، بێئینتما بۆ خاك و نیشتمان، خۆپەرست، لاسەنگ لە ڕووی دەروونیەوە) .

٤- هەموو ناکۆکی و شەڕ و ململانی سیاسیەکانی هۆکار بوون بۆ ئەوەی گەلی کورد نەتوانێت مافی چارەی خۆنوسین بەدەست بهینێت و بە شێوەیەکی دیموکراتی و دروست حوکمی خۆی بکات و دەستەبەری کۆمەلاّیەتی بۆ هەموو کۆمەلگا دەستەبەر بکات .

٥- بەگشتی لەم توێژیژینەوەیدا توێژەر ئۆباڵی هەموو ئەو بارودۆخە سەختانە ناخاتە ئەستۆی دەسەلاّتدارانی سیاسی بەلکو بەشێك لە بەپرسیارێتیە دەکەوێتە سەرشانی هاولاّتیان کەلە شەڕو ئاشتیدا هاوکاری دەسەلاّتدارانیان کردوە .

- **توێژینەوە عێراقیەکان**

**١- توێژینەوەکەی( محمد، ٢٠١٢) بەناونیشانی( الكلفة الاجتماعة للنزاع فی المجتمعات المأزومة- دراسة میدانیة فی مدینة بغداد، أطروحة دكتورا (منشورة) .**

توێژەر چەند پرسیارێکی وەکو کێشەی توێژینەوە خستۆتە ڕوو لە گرنگترینیان وەکو (سروشتی قەیرانەکان چیە، وەچ کاردانەوەیەکیان لەسەر ئێستا و داهاتوو هەیە؟) هەروەها توێژەر کۆمەلێك ئامانجی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەیە هەبووە لەگرنگترینیان بریتییەلە:-

١- ئاشنابوون بە ململانێ وەکو ئامرازێك بۆ داڕوخانی بونیادی کۆمەلگای مرۆڤایەتی و بوونیان بە کۆمەلگای قەیراناوی کە گیرۆدەی کێشەی کۆمەلاّیەتین .

٢- گەیشتن بەو پێشنیارانەی کە هاولاّتی عێراقی لەو قەیرانانە ڕزگار بکات.

٣- دەستنیشانکردنی ئەو تێچوانەی بەهۆی قەیرانەوە لەسەر ئاستی تاك ودامەزراوەكان لە عێراق دروست دەبێت

توێژەر بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سودی لە میتۆدی(وەسفی، ڕووپێویی کۆمەلاّیەتی) وەرگرتوە، کۆمەلگای توێژینەوەکەی پێکدێت لە هاولاّتیانی پارێزگای بغداد کە ژمارەیان( ٧١٤٥٤٧) کەسە، بەهۆی گەورەی کۆمەلگای توێژینەوەکە و جۆراو جۆریان لە ڕووی( دیموگرافی، نەتەوەیی، دانیشتوانەوە) نموونەیەکی (٣١٥) کەسی بە ڕێگەی مەبەستدار لێوەرگرتون کە پێکدێت لە (٢٠٧) نێر، (٨٦) مێ ، هاوکات سودی لە ئامرازەکانی (فۆرمی ڕاپرسی، چاوپێکەوتن، تێبینی) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری وەرگرتوە، پاشان چەند ئامرازێکی ئاماری بۆمەبەستی شیکردنەوەی زانیارییەکان و گەیشتن بە ڕاستی گریمانەکان وجێگیری فۆرمی ڕاپرسی بەکار هێناوە

pewalname.com/ku/

**.لەگرنگترین ئەوئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێگەیشتوە :-**

ململانێ و قەیرانەکان بونەتە هۆی (لاواز بوونی بەهاکان بە تایبەت لە ڕووی (ئاکاری، دەروونی، روحی) یەوە، نەمانی متمانە بە سیستەمی پەرلەمانی بۆ دەستەبەرکردنی داواکاریەکان، داڕمانی دامەزراوەکانی ئاسایش وحکومەت وزیاتر پەیوەست بوون بە هۆزو عەشیرەتەکانەوە، تێکچوونی بونیادی بیروکراتی و تەکنۆکراتی لە دامەزراوە حکومیەکاندا (بەجۆرێك کەسی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو دانەنراوە)، کەم بوونەوەی ئینتما بۆ خاك و نیشتمان، لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەلأیەتیەکان) .

**٢- توێژینەوەی ( الجدة ، جاسم، ٢٠١٦)، بعنوان (مؤشرات و انعكاسات الصراع السياسی فی العراق)-دراسة میدانیة فی محافظات الفرات الاوسط، مجلة الاداب- العدد ١١٩ .**

بەردەوامی ململانێ سیاسیەکان لە دوای ئازادی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق وای لەتوێژەری ئەم توێژینەوەیە کردوە بگەڕێت بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا ( ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان ململانێی سیاسی و ئالنگارییەکانی گەشەپێدانی مرۆیی لە عێراق ؟) بۆ ئەو مەبەستە توێژەران ئامانجی سەرەکیان لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا بریتیی بووە لە ( زانینی ڕەوشی گەشەپێدانی مرۆیی لە عێراق لە ژێر کاریگەری بارودۆخ و ململانێ سیایەکاندا ). لەم توێژینەوەیە توێژەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سودی لە میتۆدی مێژووی وەرگرتوە، پاشان بەمەبەستی زانینی ڕاو بۆچونی کۆمەلگاو نموونەی توێژینەوەکە سودیان لە میتۆدی ڕوپێویی کۆمەلأیەتی بەهەردوو ڕێگەی (ڕوپێوی گشتی، بەڕێگەی نموونە ) وەگرتوە، بەجۆرێك بەشێوەی (نموونەی هەرەمەکی ڕێکخراو) نمونەیەکی ( ١٨٤)کەسی لە مامۆستای زانکۆکان لە فوراتی اوسط وەرگرتوە ، پاشان بە ڕێگە (ڕوپێوی سەرتاسەری) هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای فراتی اوسط کەپێکدێن لە (١٤١) کەس وەرگرتوە، بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاریش ئامرازەکانی (فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن ) بەکارهێنراوە.

**ئەم توێژینەوەیە بەکۆمەڵێك ئەنجامی گرنگ گەیشتوە لە لەگرنگترینیان :-**

یەکەم/ هۆکارەکانی دروستبوونی ململانێی سیاسی لەعێراق

دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ و بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان هۆکاری دروستبوونی ململانێ سیاسیەکانن، لاوازی لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی دژی سەرپێچی کەران بەهۆی لایەنگیری لایەنە سیاسیەکانەوە، زیاد بوونی توندوتیژی سیاسی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ،دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە ،بوونی گەندەڵی دارایی و ئیداری لە دەمەزراوە حکومیەکان و بەکارهێنانی پێگەو دەسەلأت بۆ ئەو مەبەستە ،هەڵبژاردنی کەسی نەشیاو نەشارەزا بۆ پۆستەکان ، بێکاری گەنجان و پەیوەندی کردنیان بە میلیشیا چەکدارەکانەوە کە سەر بەهەندێك لە حزبە سیاسیەکانن .

دووەم /لەگرنگترین کاریگەرییەکانی ململانێی سیاسی لە عێراق

هەموو ئەو ململانێیانەی لە گۆڕەپانی سیاسیداڕوویان داوە لە عێراق بۆتە هۆی ناسەقامگیری لەهەموو بوارەکاندا و کاردانەوەی ڕاستەوخۆیان هەبووە لە سەر کۆمەلگا بەگشتی وەکو( زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، نەمانی هەستی نەتەوەیی ، بێباکی و خەمساردی بەرامبەر پرسە نیشتمانیەکان ،کەمی خزمەتگوزاری تەندروستی، دابەزینی ئاستی کۆ بژێوی، داڕوخانی ژێرخانی ئابوری، زیاد بوونی ڕێژەی هەژاری ،لاوازبوونی پرۆگرامەکانی چاودێری کۆمەلأیەتی ،لاوازبوونی ئاستی پەروەردەو فێرکردن) . بۆ ئەومەبەستەش کۆمەڵێك

ڕاسپاردەی ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار کردوە تاوەکو کار بۆ چارەسەری کێشەکان بکرێت و ئاستی گەشەپێدانی مرۆیی بەرزببێتەوە.

- **توێژینەوە عەرەبیەکان:-**

**١- توێژینەوەکەی( داود، ٢٠١١)، بەناونیشانی (الصراع السياسى الفلسطينى و أثره على حرية الصحافة فى الضفة الغربية و قطاع غزة (٢٠٠٦- ٢٠٠٨) - دراسة ميدانية ،رسالة ماجستير (منشورقفى موقع الكترونى)، جامعة الازهر- غزة، كلية الاداب ، العلوم الانسانية .**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی بزوتنەوەی (حەماس*) لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٦)دا کە کابینەی دیەمی حکومەتیان پێکهێنا ، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی دووبەرەکی و دژبەیەکی لە وتاری سیاسی لە نێوان هەردوو بزوتنەوەی( حەماس، فەتح*)دا، ململانێی سیاسیەکانیان لەسەر پرسی دەسەلأت بە زۆر ڕێگەی جیاواز ئەنجامدراوە، هەر لە بەکارهێنانی ڕاگەیاندنەوە لە دژی یەکتری تاکو دەگاتە هێرشی سەربازی ، ئەم دۆخەش بۆتە هۆی تێکچون و شڵەژانی باری ئاسایش و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە دابەش بوونی دەسەلأت و زەوی و ناوچەکانی فەلەستینیشی لێکەوتبۆوە، سەرەڕای ئەوانەش سەرجەم ڕاگەیاندنەکان لە نێوان ئەو دوو بزوتنەوەیەدا قۆرغ کرابوو ،بەهیچ جۆرێك ئازادی میدیایی لە فەلەستیتندا بەدی نەدەکرا.

hewalname.com/ku/

توێژەر مەبەستی لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بەدیهێنانی چەند ئامانجێکە لەگرنگترینیان :-

١- زانینی هۆکاری ململانێی سیاسی نێوان هەردوو بزوتنەوەی ( حەماس، فەتح) و ڕێکنەکەوتنیان لەسەر هاوبەشی و پێکەوەیی لەسەرپرسە سیاسیەکاندا،

٢- ئامانجی زانینی ئاستی کاریگەرییەکانی ئەو ململانێ سیاسیە لە ڕووی (سیاسی، ئاسایش، جوگرافی، دەروونی ، ئازادی میدیایی ) لە فەلەستین لەساڵانی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) .

جۆری توێژینەوەکە (وەسفی شیکارییە)، توێژەر بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارو بەدیهێنانی ئامانجەکانی پشتی بە میتۆدەکانی (مێژوویی، ڕووپێوی کۆمەڵایەتی، بەراوردکاری )بەستوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەش پێکدێت لە ڕۆژنامەنوسە فەلەستینیەکان لەهەردوو بەرەی ڕۆژئاواو کەرتی غەززە( الضفة الغربية، قطاع غزة) کەئەندامن لە سەندیکای ڕۆژنامەنوسان و هیچ انتمایەکی حزبیان نیە، نمونەیەکی ( ١٠٠)کەسی بەڕێگەی هەرەمەکی لێوەرگرتوون .

بۆکۆکردنەوەی زانیارییەکانیش سودی لە (فۆرمی ڕاپرسی، چاوپێکەوتن) وەرگیراوە ، هاوکات بۆ گۆڕینی زانیاریەکانیش بۆ داتا کۆمەڵێك ئامرازی ئاماری بەکارهێناوە .

**لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتوە :**

(هۆکاری ململانێ سیاسیە ناوخۆیەکانی فەلەستین دەگەڕێتەوە بۆ:- ( قبوڵنەکردن و پابەندنەبوون بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٦ لەلایەن بزوتنەوەی فەتحەوە، بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان

* . بزوتنەوەی بەرگریکاری ئیسلامی(حەماس)،بزوتنەوەیەکی جەماوەری نیشتمانیە،ئامانجی بەدیهێنانی ڕزگاری خاکی فەلەستینە، لەلایەن احمد یاسین و حەوت کەس لە هاوڕێکانی دامەزراوەو ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری هزری (ئیخوان موسلمین) .

* . بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نیشتمانی فەلەستین(فەتح) لە ١٩٦٥/١/١ لەلایەن (یاسر عەرەفات) لە کویت دامەزرا، بزوتنەوەیەکی علمانیەو ڕۆڵی بەرچاوی لە ژیانی سیاسی فەلەستیندا گێڕاوە .

لەلایەن بزوتنەوەی حەماسەوە، بەدەستهێنانی دەسەلأت و بەرژەوەندی لەلایەن هەردوو بزوتەوەکەوە، هەروەها ولآتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕۆڵی کاریگەریان لە دروستبوونی ئەو ململانێیانەدا هەبووە بەتایەت دەوڵەتی(ئیسرائیل) کە دوژمنی نەیاری فەلەستینیەکانە و ڕۆڵی سەرەکی لە هاندان و پەرەپێدانی ململانێی نێوان ئەو دوو لایەنە ڕکەبەردا گێراوە ، جیاوازی هزری و ئایدۆلۆجیا لە نێوان حەماس و فەتح دا هۆکارێکی دیکەبووە )

( لە گرنگترین کاریگەرییەکانی ئەو ململانێ سیاسیە ناوخۆییە شکستهێنانی بنەماکانی دیموکراسی و لێبوردەیی بووە، کاریگەری توندی نەرێنی هەبووە بۆسەر پرسی پرۆژەی نیشتمانی فەلەستین، ململانێکە بەئاراستەی کوشتارو پێکدادانی سەربازی هەنگاوی ناوە و ئەنجامەکەشی بە جیاکردنەوەی کەرتی غەزەو بەرەی ڕۆژئاوا کۆتایی پێهاتوە، سیستەمی سیاسی هەڵوەشاوەتەوە، تێکچوونی سەقامگیری و سیاسی و ئەمنی و کۆمەلأیەتی، نەمانی متمانە بە هەردوو بزوتنەوەکە ، لەناوچوون و دارمانی ئازادی ڕۆژنامەگەری.

**٤- دراسه (الهدی، ٢٠١٦)، بەناونیشانی( الصراع السیاسی فی مصر( ٢٠١١-٢٠١٥) )،رساله ماجستیر (منشوره فی موقع الکترونی) ، جامعه قاصدی مرباح- ورقله،کلیه الحقوق والعلوم السیاسیه، قسم العلوم السیاسیه.**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر جەختی لە چەمکی ململانێی سیاسی و هۆکارو لایەن و ئامراز و چارەسەری ململانێی سیاسی لە کۆمەڵگای مصردا کردۆتەوە، ئامانجی سەرەکی لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییەلە:-

١- زانینی هۆکارو لایەن و سروشتی ململانێی سیاسی و پەیوەندی بە سەقامگیری سیاسیەوە.
٢- زانینی ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەلأیەتیەی کە کۆمەڵگای مصری تێدایە .
٣- دیاریکردنی بارگراوەندی ململانێی سیاسی لە مصر و شۆڕشی(جانفی٢٠١١) چۆنیەتی ئیدارەدانی ئەو ململانێیە .

لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی وەسف کردن و کۆکردنەوەی زانیاری و پۆلێنکردن و شیکارکردنی ململانێی سیاسی لە مصردا سود لە میتۆدەکانی (وەسفی، لێکۆڵینەوەی بار) وەرگیراوە .

**لەگرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:-**

١- سەرەتا هۆکاری شۆڕشەکان بۆ نەهێشتنی دەسەلأت وسیستەمی کۆماری بوو، چونکە ولآتی مصر بەهۆی ستەم وزۆرداری دەسەلأتدارانەوە ڕووبەڕوی گەلێك کێشەی کۆمەلأیەتی ببوونەوە وەك بێکاری وهەژاری وگەندەڵی لەبەڕێوەبردندا، کێشەی ئابووری وەك پلانی شکستخواردووی ئابووری ودابەزینی ئاستی داهاتو دەستکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگاو بەرزبونەوەی بڕی قەرزەکانیان.

٢- سەرجەم لایەنە سیاسییەکان کە پێکهاتبوون لە (دامەزراوەی سەربازی، کۆمەڵی ئیخوان مسلمین، گەنجان) هاودەنگ وتەبابوون لە پێش شۆرشو کاتی ئەنجامدانی شۆڕشەکە لەسەر دژایەتی ستەمو دیکتاتۆرەکان، بەلأم پاش ڕووخانی هەردوو ڕژێمی سیاسی دۆخەکە بەتەواوەتی گۆڕا لە تەباییەوە بۆ ململانێیەکی سەخت لەپێناو گرتنە دەستی دەسەلأتدا ئەمە جگەلەوەی لایەنە سیاسیەکان لەڕووی ئیتنی وئایدیۆلۆژیەوە و بیروڕاو بیرکردنەوەشەوە زۆر لە یەك جیاوازبوون، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نەیانتوانی پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش ئارامی وئاسودەیی و سەقامگیری بگێڕنەوە بۆ ولأت کە ئامانجی شۆڕشەکە بوو، بەهۆی کێشە

زۆرەکانیان چەندین جار حکومەتیان گۆڕی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەکۆتایدا حکومەتیکی تەکنۆکراتیان دروست کرد.

**١- توێژینەوەکەی (ندا، ٢٠١٧)، بەناونیشانی( الصراع السياسي في جنوب السودان مستقبل التسويه)(منشوره في موقع الكتروني) .**

توێژەر هۆکاری ئەنجامدانی توێژینەوەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ بەردەوامی ململانێ سیاسیەکان لە باشوری سودان بە شێوەی بازنەیی، بەهۆیەوە هاولاتیانیان بەباروذۆخێکی سەختی کۆمەلایەتی، ئابوری، سیاسیدا تێدەپەڕن، هەرلەبەرئەمە بە پێویستی زانیوە کە ڕاڤەو وەسف و شیکردنەوەی ورد بۆ ململانێی سیاسی و ڕەهەند ودەرهاویشتە جیاوازەکانی بکات، بەمەستی گەیشتن بە چارەسەری گونجاو بۆ ململانێکان . هەربۆیە توێژەر ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ( چارەسەرکردنی کێشەی لایەنەکان ، هەروەها هەوڵدان بۆ شیکارکردنی ئەو ململانێ و پێکدادانە ناوخۆییانەی کەلە ڕووی هەرێمی و نێودەوڵەتیەوە ئالۆزن و بەیەکداچوون، هەروەها پێشنیارکردنی ئەو بنەما سەرەکیانەی، دەکرێت پشتیان پێببەسترێت لە پرۆسەی چارەسەریدا) . لە پێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا بەپێی سروشتی بابەتەکە و چارەسەرەکانی توێژەر پشتی بە میتۆدی (لێکنزیکیەکان(اقترابات) لە ڕاڤەکردن ململانێ سیاسیەکان بەستوە ) لە گرنگترینیان جەنگی سارد و شوێنەوارە نەرێنیەکانی ئەو جەنگە ، هەروەها میتۆدی (شیکاری وەسفی )بۆململانێکان بەگەڕخراوە لە گرنگترینیان نەخشەی ململانێ و پەیکەری ململانێ .

**لەکۆتایدا توێژەر بە کۆمەڵێك ئەنجامی گرنگ گەیشتوە بریتین لە :-**

١- لەسەدەی بیستەمدا گەورەترین شەڕی ناوخۆی لە سوداندا ڕوویدا بوو، هەروەك ململانێ لە نێوان باکورو باشور بە شێوەی چەکداری و توندوتیژ، چەندین کوژراوی لێکەوتەوە، بە جیابوونەوەی باکور لە باشوری لەساڵی ٢٠١١ کۆتایی پێهات .

٢- دوای جیابوونەوەی باشور لە باکور بەبەردەوامی بۆ ماوەی سێ ساڵ ململانێ سیاسیەکان لە نێوان (سلفا کیر) سەرۆکی باشوری سودان بوو لەگەڵ جێگری سەرۆکی پێشوو ( ریك مشار) لە کانونی یەکەمی ٢٠١٣ دا بەردەوامیان هەبوو، ئەویش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕایەوە لەوانە:- ( بۆ جیاوازی و فرەیی ئیتنی، ئاینی، کۆمەلایەتی و کلتووری، سەرجەم لایەنەکان لە پێناو بەدەستهێنانی (بالادەستی، دەسەلات(پۆست وپلەی سیاسی وسەربازی و حکومی)، سەروەت و سامان ( نەوت ) ململانێی یەکتریان کردوە، نەبوونی دامەزراوەی سەربازی ڕێکخراو ،بوونی چەندین میلیشیای چەکداری سەر بە هۆزە جیاوازەکان لە نێو سوپادا کە بۆبەرژەوەندی و مەبەستی تایبەت بەکار دەهێنران، نەبوونی دامەزراوەیی (مۆسساتی) و ڕێکخستن لە نێو حزبی سیاسیدا ، بوونی تەنها یەك حزبی سیاسی دەسەلاتدار، بوونی نایەکسانی و ناداد پەروەری، نەبوونی خزمەت گوزاری، هەژاری، گەندەڵی، نەبوون یان پاپەند نەبوون بە یاساو ڕێساوە، بوونی سایکۆلۆژیای توندو تیژ لەکەسێتی سودانیەکاندا، جگەلەمانەش دەستێوەردانی نێودەوڵەتی و هەرێمی بەمەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیاننندا هۆکاری گرژی و ئالۆزی و ململانێ سیاسیەکان بوون.

٣- ململانێ سیاسیەکان کۆمەڵێك دەرئەنجامی نەرێنی لەڕووی ( سیاسی، کۆمەلایەتی ،ئابوری )لە باشوری سوداندا بۆ هاولاتیان دروست کردبوو وەکو :- ( نەمانی سەقامگیری سیاسی، کەم بوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت، زۆری تێچوی ململانێکان زیانێکی گەورەی لە ئابوری باشوری سودان داوە بە جۆرێك بۆماوەی (٢٠) ساڵی داهاتوش هەربەردەوام دەبێت ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە زیاد بوونی ڕێژەی مردن، برسێتی، نەخۆشی بە هەمان

شێوە زیانی بە لایەنی ئابوری گەیاندوە، زیادبوونی گەندەڵی حکومی، دابەش کردنی نایەکسان لە سەرچاوەکاندا، نەبوونی ئارامی و ئاسایش و خزمەتگوزاری فێرکاری و تەندروستی پێویست، زیاد بوونی ڕێژەی کۆچی بەکۆمەڵ بۆ دەروەی سودان ،هەروەها زیانی گەورەیان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیش بەرکەوتوە .

٤- کۆمەڵێك چارەسەر بۆ ململانێ سیاسیەکان خراوەتە ڕوو تاوەکو کۆتایی بە زیانەکان بێت ئەوانیش وەکو(ڕێکەوتن نامە، پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی بەهێز، نوسینەوەی دەستور، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان )

- **توێژینەوە بیانیەکان:-**

١- **توێژینەوەکەی (ئەسڵ، ٢٠١٤)، بەناونیشانی ململانێی سیاسی لە نێوان موحافزکاران و ڕیفۆرمخوازان لە ئێران (١٩٧٩-٢٠١٢) ، نامەی ماستەر(بلأوکراوە) ، زانکۆی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست/ ئەردەن، کۆلێژی ئاداب،بەشی زانستە سیاسیەکان.**

کێشەی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان ریفۆرمخوازان و موحافزکاران لە تێڕوانینەکانیان سەبارەت بە ناوخۆی ئێران و بەرنامە پێشنیار کراوەکانیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا ،هەروەها کاریان بۆ تۆمەتبارکردنی یەکتریش کردوە، بەجۆرێك ریفۆرمخوازەکان محافزکارەکان تۆمەتبار دەکەن بە توندڕەوەی و دەمارگیری، موحافزکارەکانیش ریفۆرمخوازان بە دەرچوون لە ئاین تۆمەتبار دەکەن، هەمووئەمانەشیان لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەلأتدا بووە .

rewalname.com/ku/

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا کۆمەڵێك ئامانجی هەبووە لە گرنگترینیان :

١- ئاشنابوون بە سروشتی ململانێی نێوان موحافیزکاران و ریفۆرمخوازان لە ئێران.

٢- ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان موحافزکاران و ریفۆرمخوازان لەسەر سروشتی سیاسەتی ئیرانیی و ئاراستەکانی.

٣- ڕوونکردنەوەی ئاستی بەردەوامیی ململانێکان لە نێوان موحافزکاران و ریفۆرمخوازان لە ئێران .

بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان و گەیشتن بە ڕاستیەکان و ناسینی مێژووی سیستەمە سیاسیەکان لە ئێران لەم توێژینەوەیەدا سود لە میتۆدی( مێژوویی ، وەصفی شیکاری ) وەرگیراوە، بەلأم لە پرۆسەی شیکارییەکەدا ئامار بەکار نەهاتوە لەبەر نەبوونی بەیاننامەو ئامارەکان لەو بارەیەوە .

**لەگرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:-**

موحافزکارەکان لەگۆڕەپانی سیاسیدا توانیان بەسەر ریفۆرمخوازەکاندا سەرکەون ئەویش بۆ چەندهۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە:-

١- ڕۆڵ و کاریگەری کەسایەتی (ئایەتولاَ خومەینیە) بەجۆرێك لە ماوەیەکی کەمدا توانی ببێت بەکاریزمای سیاسی و روحانی و کاریگەری لایەنە سیاسیە ڕکابەرەکانی کەم بکاتەوە .

٢- ریفۆرمخوازەکان سەرکەوتوونەبوون لە بونیادنانی پێگەیەکی جەماوەری و ڕەگ و ڕیشەیان لە کۆمەڵگای ئێرانیدا نەچەسپاندوە، لە لایەکی دیکەشەوە زۆربەی ئەوانەی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ناکەن و دەنگ نادەن لایەنگرو دەنگدەری ریفۆرمخوازەکانن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشداری کردنی هەندێك لە حزبە ریفۆرمخوازەکانی وەکو( تودە*، رستاخیز ملت**) لە پێکهاتەی حکومەتدا وێنایەکی نەرێنیان لەلای

* . حزبی تودە ( پارتی گەلی ئێران ) لە تشرینی یەکەمی ١٩٤١دا لە لایەن دەستەیەك لە مارکسی و رۆشنبیرو سۆسیال دیموکرات و ئازادیخوازانی تارانەوە دامەزراو بۆ ماوەی چوار دەیە وەك حزبێکی ئۆپۆزسیۆن و جەماوەری ئێرانی بەشداری کایەی سیاسی ئێرانی کردووە و ساڵی ١٩٤٦ بە

خەڵکی ئێران دروسکردبوو، بەجۆرێك هەندێك لەو حزبانە بەئامانجی گەورەوە بەشداری حکومڕانیان کردووە، بەڵام دوای بەدەستهێنانی دەسەڵات و پۆست لەو پرنسیپانە لایان داوە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنگرانیان هەبووە، متمانەیان بەو حزبانە نەماوە تاوەکو گۆڕانکاری ئەنجام بدەن.

## دووەم / توێژینەوەکانی تایبەت بە کەسێتی و سیماکان

- **توێژینەوەکانی هەرێمی کوردستان**

**١- توێژینەوەکەی (عبدالله، ٢٠٠٣)، بە ناونیشانی (السمات القومیه للشخصیه الکوردیه) نامەی دکتورا (بلاَونەکراوە)، بەشی کۆمەڵناسی ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، ،زانکۆی سلێمانی.**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە یەکەمین هەوڵی زانستی و ئەکادیمییە لەبارەی سیمای نەتەوەیی کەسێتی کوردییەوە ئەنجامدرابێت، ئەویش بەهۆی خستنەڕووی گرنگترین هۆکارە کۆمەڵایەتی و شارستانیەکان کە تائێستاش ڕۆڵی سەرەکیان لە پێکهاتنی کەسێتی و سیما بنچینەییەکاندا هەیە. ئەم توێژینەوەیە کەسێتی نەتەوەیی لە ڕوانگەی گۆڕاوی جێندەر و دڵنیابوون لەو گریمانە سەرەکیەی کەدەڵێت " هۆکارە شارستانی و کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵی سەرەکیان لە بونیادنانی کەسێتی وسیماکاندا هەیە " هەروەها ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی دەستنیشانکردنی سیما( کۆمەڵایەتی، کلتووری، دەروونی، ئابوری، سیاسی)ەکانی کەسێتی کوردی ئەنجامدراوە . بۆگەیشتن بەئامانج و ڕاستی گریمانەکان پشت بە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری( تێبینی، چاوپێکەوتن، فۆرمی ڕاپرسی) وەرگیراوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەش پێکدێت لە دانیشتوانی شارەکانی (هەولێر ، سلێمانی، دهۆك) ،بەپێی یاسای (موزر) نمونەیەکی ٣٠٠ کەسی بەشێوەی هەرەمەکی چینایەتی وەرگرتوە، هەروەها سود لە میتۆدەکانی وەکو( مێژوویی، بەراوردکاری، هەڵهێنجان، ڕووپێوی کۆمەڵایەتی) وەرگیراوە، لەگەڵ کۆمەڵێك ئامرازی ئاماری جیاواز کە پێکدێن لە( ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەی، لادانی پێوەری، کای دووجا) بەکارهاتوە، ئەمە جگەلەوەی کە لەم توێژینەوەیەدا پشت بە (تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی) لە چوارچێوەی هزری و تیۆریدا بەستراوە .

**ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێك ئەنجامی بەدەستهێناوە کە گوزارشت لە سیما نەتەوەییەکانی کەسێتی کوردی دەکەن، لە گرنگترینیان بریتییەلە :-**

١- سیمای کۆمەڵایەتی :- کەسێتی کوردی بەچەند سیمایەکی کۆمەڵایەتی جیادەکرێتەوە وەکو بەشێك لە سیمای نەتەوەیی و لەئەنجامی کارتێکەرە کۆمەڵایەتی و شارستانیی و سیاسیانەوە کە گەلی کوردی پێدا پێپەڕبووە دروستبوون ئەوانیش بریتین لە ( سیمای بەکۆمەڵ و ویستی دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هاوبەندی

---

وەرگرتنی هەرسێ وەزارەتی ( روشنبیری، تەندروستی، پیشەوهونەر) بەشدارییان لە پێکهێنانی حکومەتتدا کردووە، لە شوباتی ١٩٨٣ پاش گرتن و راوەدوونانی ئەندامەکانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ، کۆتایی بە خەباتی ئەم پارتە هێنرا.(سەردەشتی، ٢٠٠٥: ٦-٧ )

** . رستاخیز ملت حزبی رەستاخیزی گەلی ئێران، یەکێکە لە حزبە سیاسیە تاکڕەوەکانی ئێران، لە ١٩٧٥/٣/٢ لەلایەن محەمەد رەزاشای پەهلەوی دامەزراوەو لە ژێر کاریگەری ئەویشدا بەشێکی زۆر لە حزبەسیاسیەکان کرانە پاشکۆی رەستاخیز، دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران و روخانی رژێمی پاشایەتی لە ٨ی شوباتی ١٩٧٩دا ، کۆتایی بە خەباتی ئەم حزبە هاتووە(ئیڤانۆف، ٢٠٢٠: ٢٩٦-٢٩٧).

hewaname.com/ku

کۆمەڵایەتی، بەجێهێنانی ئەرکەکان و هەستکردن بەبەرپرسیارێتی، ڕاستگۆیی وەك بنەمایەك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا، یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز، هوشیاری کلتووری و نەتەوەیی، پابەند بوون بە کلتووری کۆمەڵگاوە کە لەڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندی کۆمەڵایەتیەوە منداڵ فێردەبێت ) .

٢- سیمای دەروونی :- کەسێتی کوردی خاوەنی کۆمەڵێك سیمای دەروونیە کەلەئەنجامی ڕەگەزە ئیتنی و کۆمەڵایەتیەکانەوە دروستبوون ئەوانیش وەکو (متمانە بەخود، توانای بڕیاردان لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکاندا، هەستکردن بەکەمی بەهۆی بارودۆخە سیاسیەکانەوە، لێبوردەیی، هەستکردن بە دڵەڕاوکێ بەهۆی ناسەقامگیری (کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی) کۆمەڵگەی کوردیەوە، گەشبینی بەرامبەر داهاتوو) .

٣- سیمای کلتووریی :- لەئەنجامەکاندا ئەوە بەدەستهاتوە کە بونیادنانی کەسێتی و سیما نەتەوەییەکان پشت بە کلتوور دەبەستێت، کلتوور دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تاك ،بەشێوەیەکی گشتی تاك ڕەگەزەکانی کلتوور لەڕێگەی داب و نەریت بەهاو لە چوارچێوەی پرۆسەی پێگەیاندی کۆمەڵایەتیەوە وەریدەگرێت ، پابەندبوونیشی بە بەبنەماو ڕەگەزەکانی کلتوورەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێك سیمای هاوبەش و لە کۆمەڵگایەکی تر جیای دەکەنەوە . لەگرنگترین سیما کلتووریەکانیش بریتین لە : ( هەنگاونان بەرەو باشتر ، بەدەستهێنانی زیاتر، سیمای حەزکردن بە خوێندنەوە ،گرنگی دان بە ڕاگەیاندن و میدیا جیاوازەکان، پشت بەستن بە واقع و زانستیبوون لە ڕاڤە و شیکردنەوەی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان).

٤- سیمای ئابوریی :- پێکهاتەکانی سیستەمی ئابوری خۆی لە (بەرهەم، دابەشکردن، بەکاربردن) دا دەبینێتەوە ڕۆڵی گەورەیان لە دیاریکردنی ئاستی گوزەرانی کۆمەڵگای کوردیدا هەبووە ،بەجۆرێك سیما ئابوریەکانی وەکو( خۆش ویستنی پیشە، پابەندبوون بە پاشەکەوتکردنەوە ئەویش بەهۆی ترسان لەداهاتوو)گوزارشت لەو بارودۆخە ئابوریەدەکەن کە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی تیایدا ژیاون .

٥- سیمای سیاسی :- لە یەکێك لە ئەنجامەکاندا دەرکەوتوە، پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی کە دامەزراوە جیاوازەکان پێی هەڵساون ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە نەخشاندنی سیما نەتەوەیەکان لە کەسێتی کوردیدا، لەگرنگترینیان بریتییەلە ( هەستکردن بەقەوارەیەکی سیاسی و نەتەوەیی، بەشداری لە چالاکیە سیاسیەکان و بۆنە نەتەوەییەکان وەکو گوزارشتێك لە هوشیاری نەتەوەیی ، بڕوابوون بە دیموکراسیەت ، بەدەستهێنانی مافەکانی بە هاوڵاتی بوون، سیمای ئازایەتی و بوێری و قوربانیدان، دادپەروەری ) .

**٢- توێژینەوەکەی( کاکە سوور، ٢٠١٢)، بەناونیشانی( بنەما کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی کەسایەتیی کوردی) توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق ، نامەی دکتورا (بڵاونەکراوە) ، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر .**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەچەند چەند پرسیارێکدا دەبینێتەوە کەتوێژەر لەهەوڵی گەڕاندا بووە بەدوای وەڵامەکانیدا لەوانە :- (کورد وەکو نەتەوەیەك ،چ خەسڵەت و سیمایەکی نەتەوەیی بە کەسێتیانەوە دیارە؟ ئەو هۆکار و هەلومەرجانە چین کەڕۆڵیان لە دروستبوونی ئەو جۆرە کەسایەتیەدا هەبووە؟ بە لەبەرچاو گرتنی ئەو گۆڕانکارییە پۆزەتیف ونیگەتیفانەی کەبەسەر کەسێتی کوردیدا هاتون ) .

توێژەر چەند ئامانجێکی لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هەبووە ئەوانیش وەکو :-

١- دەستنیشانکردنی بنچینەو بنەما کۆمەڵایەتی و کلتووریەکانی کەسێتی کوردی.

٢- ناسینی فۆرمی ئێستای کەسێتی کوردی و دەرخستنی تایبەتمەندی و شەقڵ وسیماکانی .

hewalname.com/ku/

ئـەم توێژینـەوەیـە کـە توێژینـەوەیـەکی چـۆنێتییە بۆگەیشـتن بەڕاسـتیەکان پشـت بـە میتـۆدی (ئێتنـۆگرافی) بەسـتراوە. کۆمـەڵگای توێژینەوەکەشـی پێکـدێت لـە هـەموو تـاکێکی کـورد لـە هـەرێمی کوردسـتان، نمونەیـەکی (٦٠)کەسی بە شێوەی مەبەسـتدار لەهەرسـێ شـارەکانی( هـەولێر، سـلێمانی، دهـۆك) وەرگـیراوە . بـۆ هێنانـەدی ئامانجەکانیش سود لەچاوپێکەوتن بەشێوەی ( تاکی، بەکومەڵی) لەگەڵ تێبینی وەرگیراوە .

**توێژەر گەیشتوە بەکۆمەڵێك ئەنجام کە وەلأمدەری ئامانجەکانن لە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:-**

١- هۆکاری گەشەکردنی کەسێتی کوردی بۆ چاوەڕوانیەکانیان لە حکومەت دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك حکومـەت توشـی گەندەڵیەکی زۆرو پاوانخوازی سیاسی لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە کەمی خزمەتگوزاری بەرچاو نـەبوونی هەوڵە چاکسازییە جدییەکان ڕۆڵیان لەگەشەنەکردنی کەسێتی کوردی و گومانکردنیان لە نەتەوەبوون هەیە.

٢- تاکەکانی هەرێمی کوردستان ئینتمایەکی کەمیان بۆ خێـڵ هەیـە ، ئینتمـاش بـۆ حیـزب لـە ئاسـتێکی لاواز دایـە، ئـەویش دەگەڕێتـەوە بـۆ لاوازبـوونی ڕۆڵـی خێـڵ لـەمڕۆی هـەرێمی کوردسـتان و بـێ متمانـەیی خـەڵك بەدامەزراوەی حیزب .

٣- کەسـێتی کـوردی پاپەنـدە بـە کلتـووری نەتەوەکـەی ، چـونکە بنـەما کلتوورییـەکانی هـەر نەتەوەیـەك دەگونجێن لەگەڵ پێداویستیە جۆراو جۆرەکانی ئەو نەتەوەیە ولەگەڵ بنەما هزرییەکانی ئەو نەتەوەیەش دێنەوە.

٤- دووفاقیەکی زۆر لەکەسێتی کوردیدا هەیە بەوەی هەموویان جەخت لە ڕەتکردنەوەی کارە دزێوەکـانی وەکـو (دزی،درۆ، زۆرداری، زەوتکردن،خیانـەت) دەکەنـەوە بـەلأم لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم دیاردانـە بەڕێژەیـەکی زۆر لـە کۆمەڵگادا هەن.

٥- کەسـێتی کـوردی سیسـتەمی تـاك حزبـە ڕەت دەکەنـەوە و بڕوایـان بـە سیسـتەمی فـرە حیزبـی هەیـە، چـونکە دیموکراسـی تێـدا بەرجەسـتە دەبێـت ،ململانێـی نێـوان حزبـەکانیش وادەکـات شـفافیەت زۆرتربێـت، هـەروەها دەسەلأتی سەرۆك ڕەها نەبێت، بەڵکو ڕەمزی بێت ،تادەسەلأت پـەرت ببـێ نـەوەك لەدەسـتی کەسـێکدا کۆببێتـەوە بەوەش سیستەمی دیکتاتۆری دروست نابێت .

hewalname.com/ku

- **توێژینەوە عێراقیەکان :-**

**١- توێژینەوەکەی( محمود، ١٩٨٩)، بەناونیشانی (سمات الشخصیة العراقیة فی کتابات الأجتماعین العراقیین) رسالة ماجستیر (غیر منشورة)، قسم الاجتماع ، کلیة الاداب،جامعة بغداد.**

ئـەم توێژینـەوەیـە توێژینـەوەیـەکی تیـۆری شـیکارییە بـەئامانجی دەستنیشـانکردنی (سـیما دیارەکـانی کەسـێتی عێراقی) لەماوەی ڕافەکردن و شیکردنەوە و هەڵسـەنگاندنی کتێبـی کۆمەڵناسـە عێراقیەکانـدا بەئەنجامـدراوە ، لەم توێژینەوەیەدا پشت (میتۆدی شیکاریی) بەستراوە بۆزانینی و هەڵسەنگاندنی هۆکارە کلتووری و کۆمەلأیەتی و دەروونی لە بونیادنانی سیمای نەتەوەیدا لە کتێبی کۆمەڵناسە عێراقیەکاندا .

**لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێك ئەنجامی گرنگ بەدەستهاتووە لە گرنگترینیان بریتییە لە :-**

١- زۆربەی توێژینەوەکان هەوڵیانداوە بەگوێرەی مەزاج و شێوازی کلتوور و جیاوازی بایۆلۆجی و کۆمەلأیەتی و ئابوری مرۆڤەکان پۆلێن بکەن و چەندین ناوی جیاوازیشیان لە کەسێتیەکانی ناو کۆمەڵگاناوە وەك ( کەسـێتی بنەڕەتی، کەسێتی کۆمەلأیەتی، کەسێتی نەتەوەیی).

٢- سروشت و بارودۆخ و ئەو ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕووی نەتەوەی عەرەب بەگشتی و عێراق بەتایبەتی بۆتەوە وایکردوە کە توێژەران بەبایەخەوە لە توێژینەوەی کەسێتی عێراقی بڕوانن و کاربکەن بۆ گەشەپێدانی لایەنەبەهێزەکانی ئەو کەسێتیەو دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانی بەمەبەستی چارەسەرکردن یاخود نەهێشتنیان.

٣- بەشێوەیەکی گشتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا ،سیمای نەرێنی باڵی بەسەر توێژینەوەکانی تایبەت بەسیماکانی کەسێتی عێراقی دا کێشابوو، بەتایبەتیش (دووفاقی ،قەلەقی، گۆشەگیری) لەسیما دیارەکانی کەسێتی عێراقی بوون لەنێو توێژینەوەکاندا ، ئەنجامی ئەم توێژینەوانەش بۆ ئەو بارودۆخە ئاڵۆز و ناسەقامگیرە سیاسی و کۆمەڵایەتیە دەگەڕێتەوە کە عێراق لەکۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی و سەردەمی داگیرکاری بریتانی لە عێراق و کاریگەرییەکانی شەڕی جیهانی دووەم لەسەر ناوچەکە دا بەخۆیەوە بینیوە .

٤- لەدوای شۆڕشی ١٩٦٨ گۆڕانکاری گەورەو گرنگ ڕوویانداوە، زۆربەی توێژینەوەکانی تایبەت بە سیمای کەسێتی سروشتی ئەرێنی بەسەردا زاڵە بەتایبەتی سیمای گەشبینی و تێڕوانینی نوێ لە کەسێتی عێراقیدا بەدی دەکرێت ، توێژەرەکان ئاماژە بەوە دەکەن، سەرجەم ئەو سیما نەرێنیانەی کە توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژەیان پێداوە بەرەو کاڵبونەوەو نەمان هەنگاویان ناوە ،لەوبارەیەشەوە ڕووبەڕووبونەوەی داگیرکەری ئێرانی کاریگەری گرنگی هەبووە لەسەر گۆڕینی سروشتی کەسێتی عیراقی لە نەرێنیەوە بۆ ئەرێنی .

## ٢- توێژینەوەکەی( العائدی، ٢٠٠١)، بەناونیشانی ( البناء الاجتماعی و الشخصیة العراقیة/ المحددات البنائیة و السمات العامة/ دراسة میدانیة فی محافظات نینوی،بغداد، البصرة،اطروحة دکتورا (غیر منشورة)، قسم الاجتماع ، کلیة الاداب، جامعة بغداد.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی گرنگترین سیما ئەرێنیەکانی کەسێتی عیراقیە بەهۆی ئەو گۆڕنکارییە (سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی ،دەروونی) یانەی لەبونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای عیراقیدا ،لەدوای شۆڕشی ١٧-٣٠ تموزی ١٩٦٨ ڕوویانداوە .بۆگەیشتن بە ڕاستیەکان لەم توێژینەوەیەدا سود لە میتۆدەکانی( مێژوویی، بەراوردکاری، ڕووپێوی کۆمەڵایەتی) وەرگرتوە ،هاوکات هەریەکە لە ئامرازەکانی( فۆرمی ڕاپرسی، چاوپێکەوتن) ی بۆکۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە، هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوەکەی پێکدێت لە مامۆستایانی زانکۆکانی( الموصل، بغداد، البصره) نمونەیەکی بە ڕێگەی هەڕەمەکی لە کۆلێژە جیاوازەکانی ئەو زانکۆیانە وەرگرتوە، بۆ دیاری کردنی قەبارەی نمونەکەش سودی لە (یاسای مۆزەر) وەرگرتووە، کە ژمارەکەی بە نێر و مێ وە ( ٣٠٠)کەس بووە. هاوکات کۆمەڵێك ئامرازی ئاماری جیاواز لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بریتین لە( ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، کای دووجا بۆ دەرهێنانی جیاوازی نێوان دوو گۆڕاو ) .

**توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بە کۆمەڵێك ئەنجام گەیشتوە لە گرنگترینیان :-**

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای عێراقیدا ڕوویداوە کۆمەڵێك سیمای ئەرێنی لە کەسێتی عێراقیدا دەرکەوتوە وەکو :-

١- سیمای سیاسی وەکو ( ئینتمای نیشتمانی ، وشیاری سیاسی، هەستی شۆڕشگێڕی، ئازادی، دیموکراتی، پێکەوەیی) .

٢- سیمای ئابوری وەکو ( بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان، شانازی کردن بەکارەوە، بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، هەل ڕەخسانی کار بەیەکسانی، وشیاری ئابوری، ڕێزگرتن لە کات).

٣- سیمای کۆمەڵایەتی وەکو ( دادپەروەری، یەکسانی لەنێوان ئەرك و ماف، یەکسانی لەنێوان نێرو مێ، ڕاستگۆیی، هاوکاری)

٤- سیمای کلتووریی وەکو ( پەروەردە و فێرکردن، وشیاری میدیایی، تیۆرو جێبەجێکردن، وشیاری کلتووری، بەزانستی و عەقلانی بوون) .

٥- سیمای دەروونی وەکو(گەشبینی، بوێری، خۆش ویستنی ئەرك و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، لێبوردەی ).

## توێژینەوە عەرەبیەکان :-

١- **توێژینەوەی( عاصم، ٢٠٢٠)، بەناونیشانی (التغیرات الاجتماعیة و الاقتصادیة بعد ثورة ٢٥ ینایر ٢٠١١ وتأثیراتها على سمات الشخصیة المصریة)، (منشوره فی موقع الکترونی ).**

ئەم توێژینەوەیە کورتەیەکە لە تێزی دکتورا بە ناونیشانی (ملامح التغیر فی سمات الشخصیة المصریة بعد ثورة الخامس و العشرین من ینایر ٢٠١١) . کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لە پرسیارێکەوە دەست پێدەکات ئەویش بریتییەلە (ئەو گۆڕانانە چین کەلە سیماکانی کەسێتی مصریدا لە دوای شۆڕشی ٢٥ ینایری ٢٠١١ ڕوویداوە)؟ هەروەها توێژەر کۆمەڵێك ئامانجی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەیە هەبووە کە بریتییەلە:-

١- زانینی ئەو هۆکارە کۆمەلأیەتیانەی کەبووەتەهۆی گۆڕانی کەسێتی مصری لە دوای ٢٥ ینایری ٢٠١١

٢- زانینی ئەو هۆکارە ئابوریانەی کەبووەتەهۆی گۆڕانی کەسێتی مصری لەدوای ٢٥ ینایری ٢٠١١.

٣- زانینی ڕۆڵی دامەزراوە کۆمەلأیەتیەکان لە گۆڕانی سیماکانی کەسێتی مصریدا .

ئەم توێژینەوەیە کە توێژینەوەیەکی وەسفییە توێژەر سودی لە میتۆدی(ڕووپێویی کۆمەلأیەتی بەڕێگەی نموونە) وەرگرتوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی لە هاولأتیانی پارێزگای (فیوم، قاهرە،باشوری سیناو،قناو ، واسوان) پێکدێت، بەهۆی گەورەی کۆمەڵگای توێژینەوەکە نموونەیەکی (٥٠٠) کەسی بە ڕێگەی هەرەمەکی لێوەرگرتون ،لەوەرگرتنی نموونەکەدا ڕەچاوی جیاوازی(جۆرایەتی، ئاستی فێرکاری، تەمەن) کراوە ، هاوکات سودی لە ئامرازەکانی (فۆرمی ڕاپرسی) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری وەرگرتوە، پاشان چەند ئامرازێکی ئاماری بۆمەبەستی شیکردنەوەی زانیارییەکان و گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە وجێگیری فۆرمی ڕاپرسی بەکار هێناوە، کەبریتین لە ( بەرنامەی spss بۆ شیکاری داتاکان و فۆرمی ڕاپرسیەکە، شیکاری جیاوازی بۆ یەك ئاراستەANOVA، Tetestبۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان سیماو گۆڕاوەکان، سپێرمان) .

**ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێك ئەنجامی بەدەستهێناوە لە گرنگترینیان بریتییەلە :-**

١- چەندین گۆڕانکاری کۆمەلأیەتی نەرێنی لەکۆمەلگەی مصریدا بەهۆی شۆڕشەوە ڕوویداوە وەکو (زیادبوونی ڕێژەی بێکاری هەژاری، زیادبوونی تاوان و توندوتیژی و،نەبوونی سەقامگیری، نەمانی پێبەستی.

٢- چەند گۆڕانکارییەکی ئابوری نەرێنی لەکۆمەلگەی مصریدا بەهۆی شۆڕشەوە ڕوویداوە وەکو( دابەزینی بەهای دراوی ناوخۆیی، بەرزبوونەوەی نرخی کالأ و شمەك، کۆچکردنی خاوەنکارەکان بۆ دەرەوەی مصر).

٣- هەرلەم توێژینەوەیەدا ئەو ئەنجامە بەدەستهاتووە کە زۆرینەی ئەو گۆڕانکاریانەی لە سیماکانی کەسێتی مصریدا ڕوویداوە بە هۆی شۆڕشەوە نەرێنی بووە ئەوانیش بریتین لە (بەلتەجی، شەرەنگێز، درۆزن، خائن، کەمبوونەوەی سەبر، گۆشەگیری) بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا چەند سیمایەکی ئەرێنی لە کەسێتی مصریدا ماوەتەوە وەکو( زیرەکی، لێبوردەیی، پابەندی ئاینی، خۆشەویستی بۆ کەسانی تر، بوێری) .

٤- بۆدۆزینەوەی جیاوازی شارەکان و گۆڕانکاری لە سیماکاندا ، دەرکەوتووە کە سیماکان بە بەجیاوازی گۆڕاوی شارەکان جیاوازیان نەبووە .

## باسی چوارەم / گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو

١- ئامانج توێژینەوەکان جیاوازان هەریەکەیان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ئەنجامدراوە.

٢- توێژینەوەکان لە بەکارهێنانی میتۆدا جیاوازن بەجۆرێك لە توێژینەوە مێژوویی و سیاسیەکاندا زیاتر پشتیان بە میتۆدی (چۆنیەتی ) و مێژووی و شیکاری بەستوە، بەلاًم زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کە لەبواری کۆمەڵناسی وراگەیاندندا ئەنجامدراون زیاتر پشتیان بە میتۆدی چەندێتی بەستوە، جگەلە توێژینەوەکەی (شەریف )، (محمود)، ( کاکەسور)، هەروەها هەریەکەلە توێژینەوەکانی(العائدی)، (عبدلله)( داود )لەپاڵ میتۆدی ناوبراودا میتۆدی بەراورد کاریشیان بەکارهێناوە .

٣- لەڕووی جۆری نموونەی توێژینەوەوە، توێژینەوەکانی پێشوو تاڕادەیەك لێکچوون لەنێوانیاندا هەیە بە جۆرێك ئەو توێژینەوانەی پشتیان بە میتۆدی چەندێتی بەستوە، نموونەکەیان لە جۆری هەرەمەکییە، بەلاًم (کاکە سور)لە توێژینەوەکەیدا پشتی بە میتۆدی چۆنێتی بەستوە نمونەی توێژینەوەکەی بەشێوەی مەبەستدارە

٤- لەبەکارهێنانی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریدا زۆربەی توێژینەوەکان لەبەکارهێنانی ئامرازی ( فۆرمی ڕاپرسی ، چاوپێکەوتندا ) هاوبەشن بەلاًم لە توێژینەوەکەی ( عبدالله)، (کاکەسور )دا سود لە (تێبینی)ش وەکو ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری وەرگیراوە .

٥- زۆرێك لە توێژینەوەکانی پێشوو چەند ئامرازێکی ئاماری گونجاویان لەگەڵ ئامانج و سروشتی ئەو زانیاریانەی کەویستویانە بەدەستی بهێنن بەکارهێناوە .

٦- زۆربەی توێژینەوەکان لەڕووی کات و شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەوە لێك جیاوازن .

٧- زۆربەی توێژینەوەکانی تایبەت بە ململانێی سیاسی هاوڕان لەسەر ئەوەی، کە ململانێ سیاییەکان بە دوو شێواز ڕوو دەدەن یەکێیان بەشێوەی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازییەو لە پێناو گۆڕینی سیستەمی سیاسی دایە، شێوازەکەی تریان لە نێوان گروپ و ڕەوتە سیاسی و مەزهەبی و ئیتنیەکاندا لە پێناو بە دەستهێنانی(دەسەلاًت، هێز، بالأدەستی، بەرژەوەندی) ڕوودەدات .

٨- زۆربەی توێژینەوەکانی تایبەت بە ململانێی سیاسی هاوڕان لەسەر کاریگەرییە نەرێنیەکانی ململانێ سیاسی لەسەر تاك و کۆمەڵگا و دامەزراوە جیاوازەکان بەگشتی، بەلاًم لە توێژینەوەکەی (صابر) تەنها ئاماژەی بەلایەنێکی ئەرێنی ململانێی سیاسی کردوە، کە بەهۆی بوونی حزبی ئۆپۆزسیۆنەوە تاکی کورد هوشیار بۆتەوە.

٩- لە توێژینەوەکانی تایبەت بە سیماکانی کەسێتیدا بەشێوەیەکی گشتی تیشك خراوەتە سەر هۆکار یان ڕەهەندە جۆراو جۆرەکانی دروستبوونی کەسێتی و سیماکان ، لەتوێژینەوەکەی (محمود) شیکاری بۆ سیماکانی کەسێتی عێراقی لە میانەی پەرتوکە عیراقیەکاندا کراوە، بەلاًم لەخودی کەسەکانی نەکۆڵیوەتەوە ،هەروەها لە توێژینەوەکەی (عبدللە) بەتێڕوانینێکی کۆمەڵناسیانەوە هەوڵیداوە سیما (کۆمەلاًیەتی، کلتووری، دەروونی، ئابوری، سیاسی) کە تایبەتە بە بەنەتەوەی کورد لەهەرێمی کوردستان دەربخات، هەروەها (العائدی) هەوڵیداوە سیما گشتی و ئەرێنیەکانی کەسێتی عیراقی کە خۆی لە سیما کۆمەلایەتی، دەروونی ، سیاسی ، کلتووری، سیاسی ،ئابوری ) دا دەبینێتەوە بخاتەڕوو ، هەروەها (کاکە سور) لەتوێژینەوەکەیدا گەیشتوە بە دەستنیشانکردنی بنچینەو بنەما کۆمەلاًیەتی و کلتووریەکانی کەسێتی کوردی لەگەڵ دەرخستنی تایبەتمەندی وسیماکانی ئێستای تاکی کوردی لەهەرێمی کوردستان، هەروەها لە توێژینەوەکەی (عاصی) گەیشتوە بە دیاریکردنی چەند سیمایەکی ئەرێنی و نەرێنی لە کەسێتی مصریدا کە بەهۆی ئەو گۆرانکارییە کۆمەلاًیەتی و ئابوریانەی لەدوای شۆڕشی ٢٥ ینایری ٢٠١١ وە لە مصر ڕوویداوە .

hewalname.com/ku/

# بەشی دووەم

## چوارچێوەی هزری و تیۆری توێژینەوەکە

باسی یەکەم / ململانێی سیاسی لە هزری کۆمەڵایەتیدا .

باسی دووەم / ململانێی سیاسی لەبەر ڕۆشنایی تیۆری سۆسیۆلۆجیدا.

باسی سێیەم/ پێکهێنانی کەسێتی وسیماکان لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکاندا.

hewalname.com/ku

## باسی یەکەم / ململانێی سیاسی لە هزری کۆمەڵایەتیدا

بیرکردنەوەو تێڕامانی مرۆڤ بۆ ململانێ، ریشەیەکی مێژوویی قوڵی هەیە و هاوشانە لەگەڵ مێژووی بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی، ئەمەش لەو راستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە ململانێ لە سروشتی پێکهاتەی مرۆڤدا ئامادەیی هەیەو لەژێر کاریگەری فاکتەرە(کۆمەڵایەتی، کلتوری، ئابووری، سیاسی، ژینگەیی)ەکاندا لەگۆڕان و پەرەسەندندایە، هەر ئەمەش وایکردووە بیرمەندان بەرمەبنای قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان لێکدانەوەو هزرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بخەنە ڕوو، پێویستە ئەو راستییەش لەبەرچاو بگرین کە کۆی تیۆرو هزرە مرۆییەکان بە تەواوی ئاراستەو بونیادە جیاوازەکانیانەوە لە هەوڵی رێکخستن و دارشتنەوەی پەیوەندی نێوان (تاك، کۆمەڵگە، دەوڵەت-دەسەلات)دان و بەلەبەرچاوگرتنی سروشتی کۆمەڵگەو سیستەمی حکومڕانیی، تێڕوانینی خۆیان لە چوارچێوەی هزر و تیۆری کۆمەڵایەتیدا خستۆتەڕوو. لەو چوارچێوەیەدا شێوەو هۆکارو کاریگەری ململانێکان مەودایەکی فراوانی لەنێو تیۆرو هزری کۆمەڵایەتیدا داگیرکردووە، بەجۆرێك لە قۆناغە بەراییەکاندا مرۆڤ بەمەبەستی مانەوەی لە ژیاندا لەگەڵ سروشدا لە ململانێیەکی سەختدابوو، پاشان لەگەڵ پەرەسەندنی هەستی خاوەندارێتیدا مرۆڤ لەپێناو موڵك و زەوی و زارو ئاودا کەوتۆتە ململانێی کەسانی دیکە، پاشان پرسی سەربەستی و ئازادی و نەمانی کۆیلایەتی ودەستەبەرکردنی ماف وخزمەت گوزاری وخۆش گوزەرانی ویەکسانی و گۆڕانی جۆری سیستەمی سیاسی هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ململانێی نێوان تاك و گروپ و دەسەڵاتە سیاسیەکان بووە، لەلایەکی دیکەوە پرسی بەدەستهێنانی دەسەڵات و هێز و باڵادەستی وبەرژەوەندییە مادی و مەعنەوییەکان یەکێکی دیکەبووە لەهۆکاری ململانێی نیۆان گروپەکان .

بەدرێژایی مێژووی هزری کۆمەڵایەتی و بە گوێرەی تیۆرە جیاوازەکانیش، ململانێ و شۆڕشەکان هۆکار بووە بۆ گۆڕان وگەشەسەندنی کۆمەلگاو پێشکەوتن و گۆڕانی سیستەمی سیاسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری نەرێنیشیان لەسەر خودی تاك و گروپ و کۆمەڵگا بە جیاوازی ئامانج و جۆری ململانێکە هەر هەبووە. ململانێکان بە جیاوازی سەردەمەکان هۆکارو کاریگەریی و شێوازی چارەسەرەکانیشیان لەلایەن فەیلەسوفانەوە جیاواز بووە، هەربۆیە بەگرنگی دەزانین لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە ململانێی سیاسی لەمێژوو هزرو فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا لەسەردەمەکانی وەك( یۆنانی کۆن، رۆمان، مەسیح، ئیسلام، رینیسانس، سەردەمی نوێ) بدەین.

### یەکەم/ ململانێی سیاسی لەیۆنانی کۆندا:-

ململانێی سیاسی لە مێژووی یۆنانی کۆندا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردبوو، لەونێوەندەدا دەوڵەتە شارەکانی یۆنان چ لەناو خۆیانداو چ لەگەڵ یەکتریدا لە پێناو دەسەلات و بەرجەستەکردنی مافی سیاسی و سروشتیدا لە ململانێدابوون. لەوبارەیەوە هەردوو دەوڵەتەشاری (ئەسیناو سپارتە)، جگە لەوەی لەرووی سیستەمی حکومڕانییەوە لەیەکتری جیاوازبوون، لەهەمانکاتدا لەڕووی ئایدۆلۆجی و ئاستی ڕۆشنبیری و پەروەردەییەوە لە

ململانێیەکی سەختدا بوون، ئەنجامەکەشی بەداگیرکردن و تێکشکاندنی ئەسینا لەلایەن ئەسپارتەوە کۆتایی پێهاتوە.

هاوکات لەسەرئاستی ناوخۆی دەوڵەتە شارەکانیشدا، لە پێناو کۆتایی هێنان بە هەژموونی خۆسەپێنی چینێکی دیاریکراو ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی، ململانێیەکی سەخت لەنێو چینە جیاوازەکاندا بوونی هەبووە، بەجۆرێك لەدەوڵەتەشاری ئەسینادا چینی ئەرستۆکراسیەکان کە لەڕووی چەندێتیەوە کەمینەی کۆمەڵگاکەیان پێکدەهێنا، بەپشتبەستن بە سەرۆك هۆز و بنەماڵە خانەدانەکانی شارەکە، دەسەڵاتی خۆیان بەسەرتەواوی دەوڵەتە شارەکەدا سەپاندبوو، لەبەرامبەردا چینی زۆرینەی گەل کەبە( دیمۆس) ناسراون کەوتبونە ڕکابەری و ململانێی ئەرستۆکراسیەکان و بەرگرییان لەمافە سیاسی سروشتیەکانی خۆیان دەکرد، ئەم بارودۆخە زەمینەی بۆ چەندین شۆڕش و ڕاپەرین ڕەخساند ئەنجامەکەی بەپێی جیاوازی قۆناغ و سەردەمەکان، بەدروستبوونی سیستەمی دیموکراتی یاخود دیکتاتۆری کۆتایی پێهاتوە. ئەم دۆخەی کەباس کرا بووە هۆی بەرەو پێشەوە چوونی هزری کۆمەڵایەتی لەم بەرەو پێشەوە چوونەشدا جەخت لە لایەنی یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری شارەکان دەکرایەوە، کۆمەڵێك یاسای جیاوازی وەك (دراگۆن، سۆلۆن) دەرکرا تاوەکو دەسەڵات پێشێلی مافی هاوڵاتیان نەکات و دەرفەتی زیاتر بۆ یەکسانی وبەشداریکردنی خەڵك لەکاروباری سیاسیدا برەخسێنن(پولادی،٢٠٠٥: ٢٥) .

ململانێی سیاسی لەنێوان دەوڵەتە شارەکانی یۆنانی کۆندا دەرئەنجامی دوولایەنەی لێکەوتبۆوە، بەجۆرێك لەلایەکەوە هۆکارێك بووە بۆ گۆڕانکاری و بەدەستهێنانی مافی بەشداری و بەڕێوەبردنی سیاسی و یەکسانی وبەرجەستەکردنی دیموکراسی و دەرکردنی یاسا، لەهەمانکاتدا ململانێکان هۆکاربوون بۆ لاواز بوونی پێبەستبوونی نەتەوەیی و نیشتمانی لای یۆنانیەکان.هاوکات دەرئەنجامی ململانێ نێوان دەوڵەتە شارەکانی یۆنان زەمینەی بۆ کۆمەڵێك لە فەیلەسوف و بیرمەندی کۆمەڵناسی ڕەخساند، کەتێڕوانین و دونیا بینی خۆیان خستۆتەڕوو، لەوبارەیەوە سۆفیستەکان لەئەنجامی بەردەوامی ململانێکاندا باوەڕیان بەهیچ بنەمایەکی یاسایی و ئاکاری نەما، هەوڵیان داوە پیرۆزی ئاین تێکبشکێنن و بانگەشەیان بۆ ڕێژەیی بوونی یاسا و داب و نەریتەکان دەکردوە، دەرکەوتوترین کەسی نێو سۆفیستەکانیش(کلیکلیس)ە کەخاوەنی تیۆری(ماف بۆ بەهێزە) تیایدا ئاماژە بەوە دەکات ،کە سروشت وادەخوازێت بەهێز بەسەر بێ هێزدا سەربکەوێت، هەموو مافێکیش بەهێزەکان دەدات، کەسەرکردایەتی بێ هێزەکان بکەن و چۆنیشیان بوێت ئاوادەسەڵاتەکانیان بەکاربهێنن، هەروەها لە باوەڕەدا بوون کە یاساو ئاکار لە دروستکراوی لاوازەکانن، واتە زۆرینەی خەڵك ئەویاسایانەیان بۆ لاواز کردنی بەهێزەکان دروستکردوە بۆ ئەوەی ماف و بەرژەوەندییان لێوەربگرنەوە(زەنگەنە، ٢٠٠٩: ١٠٢—١٠٤).

شیکارییەکانی(**سوکرات** )وەکو بەرپەرچدانەوەیەك بۆ سۆفیستەکان زیاتر سروشتێکی ئاکاری هەبوو، ڕەخنەی لە تیۆری ماف بۆ بەهێزی سۆفیستەکان گرت و جەختی لە سەروەری یاسا کردۆتەوە، پێی وابوو هەموو کۆمەڵگا دەبێت ملکەچی یاسا بن بەبێ جیاوازی، تەنانەت کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانیشی دەگرتەوە، ئەبوو سنوری

دەسەڵاتی خۆیان بزانن و لێی تێپەر نەکەن، لەپێناو بەدیهێنای دادپەروەری دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆمرۆڤ (پولادی،٢٠٠٥: ٢١).

ململانێی و قەیرانە فرەرەهەندەکانی یۆنان بەگشتی و شکستی ئەسیناو دارمانی دیموکراسی بەتایبەتی، بەسەرچاوەی هزرو دونیابینییەکانی ئەفلاتوون دادەنرێت. لەو بارەیەوە ئەفلاتوون (٣٧٤-٤٢٧) جەخت لەوە دەکاتەوە، ململانێ بزوێنەری سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتیە، بۆ ئەو مەبەستەو بۆ ڕزگار بوون لەو دەسەڵات و سیستەمە سیاسیانەی یۆنان کە توندوتیژی و ستەمکاریان تیادا بەدیدەکرا، بەهەموو شێوەیەك هەوڵی سەپاندنی هێزو دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکی ئاسایی دەدا، پێی وابوو لەڕێگەی ململانێی سیاسیەوە خەڵك دەیتوانی ڕووبەڕوویان ببنەوە کار بۆ گۆڕینی سیستەمەکان بکەن و لە جێگایان سیستەمی نوێ دابمەزرێنن(الحسینی، ١٩٨٤، ٣٥٧)، هەربۆ ئەو مەبەستە ئەفلاتون لە کتێبی (کۆمار)دا ئاماژە بە دروستبوونی کۆمەڵگایەکی نموونەیی دەکات، کە بتوانێت سیماکانی فەزیلەت(دادپەروەری ویاسا)و ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی بەدیبێنێت، گەیشتن بە تەواوکاری و چاکەکاری و ئازایەتی یەکسانی و ژیری و ئاکاری بۆ تاك و کۆمەڵگادابین بکات. ئەمەش وای لە ئەفلاتون کرد، پیادەکردنی دەسەڵات بداتە دەست چینە باڵاکانی کۆمەڵگا بەتایبەت فەیلەسوفەکان، لەبەرئەوەی ئەوان زاناو خاوەن ژیرین و زیاتر کاربۆ بەرژەوەندی گشتی دەکەن، وەك لەوەی بیر لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بکەنەوە (ئەفلاتون، ٢٠٠٨: ١٩٠-١٩٨).

**ئەرستۆ تالیس ٣٢٣-٣٨٥** ئەرستۆ بیروڕاکانی لە ئەفلاتون واقعی و هەمەلایەنتر بووە، بەجۆرێك پێیوابوو بەتێپەڕبوونی کات زۆرێك لە دەوڵەتەکان ڕووبەڕووی دارمان دەبنەوە، سیستەمە سیاسیەکان لە بەدیهێنانی دادپەروەریدا شکست دەهێنن و چەندین سیمای ستەم و زۆرداری و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، گەشەی ناهاوسەنگی چینەکان بەشێوەی جیاواز تێدا دەردەکەوێ و بەهەموو شێوەیەك گەل ڕیسواو فەرامۆش دەکەن، هەربۆیە خەڵك شۆڕش و ململانێ دەکەن لەپێناو خۆشگوزەرانی ودەستەبەرکردنی ماف و یەکسانی و دادپەروەری( طالیس، ب.س، ٣٩٠-٣٩٢) .

بەسەرنجدانمان بۆ تێڕوانینەکانی هەریەکە لە سوکرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ لە بارەی خولی بەدوایەکداهاتنی سیستەمەکانی حوکمڕانی دەوڵەتدا، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و نەبوونی دادپەروەری، هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ململانێکان بوون، ئەنجامەکەی بە گۆڕینی شێواز و سیستەمی حوکمڕانی دەوڵەت کۆتایی پێهاتووە.

## دووەم/ ململانێی سیاسی لای ڕۆمانیەکان :-

ڕۆمانیەکان پشتیان بە هزری فراوانخوازی و هێزو دەسەڵات بەستبوو، بۆ ئەو مەبەستەش بەچوار دەوری خۆیاندا پەلیان هاویشتوەو وەك ئیمپراتۆریەتێکی گەورەو فراوان دەرکەوتون، ئەمەش سەرچاوەی سەرهەڵدانی

ململانێی سیاسی (ناوخۆیی و دەرەکی) بوو، لەئەنجامیشدا بووەهۆی داگیرکردن و چەوساندنەوەی خەڵك لەلایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆماوە (حسن، ٢٠٠٨: ٣٩). لەم چوارچێوەیەشدا دەکرێت ئاماژە بە بیروبۆچونی ((بۆلیبۆس، شیشیرۆن) بدەین کە بەشدارییەکانیان ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە هزری کۆمەڵایەتی ڕومانی پێشکەشی کردوە .

**بۆلیبۆس ١٢٠- ٢٠١م** ناودارترین مێژوونوسی ڕۆمانیە، ئاماژە بەبونی سێ جۆر لە سیستەمی سیاسی لە ڕۆماکردوە ئەوانیش وەکو (پاشایەتی، ئەرستۆکراتی، دیمۆکراتی) لە سەرەتادا سیتەمی پاشایەتی هەبووە هاوشێوەی (سیستەمی مونارکی)بووە، ئەم سیستەمە لەسەر ئەو بنەمایە بنیات نراوە کە دەسەڵات بدرێتە کەسێکی زۆر بەهێز (النوری،الحسنی،١٩٨٣: ١٤٩) ، هەریەکە لە سیستەمەکان لە سەرەتادا کاریان بۆ فەزیلەت و دادپەروەری کردوە، بەلاَم لەدوایدا بوونەتە دەسەلاَتی خراپەکار و بەرژەوەندی خواز، لەهەوڵی دابینکردنی خۆشگوزەرانی دابوون بۆ کەمینەیەکی سنوردار، ئەمە بووە هۆی ئەوەی هەریەکەیان لەڕێگەی ململانێی سیاسی وکودەتاوە کۆتایان پێبێت، هەربۆیە پێشنیاری سیستەمێکی تێکەڵی کردوە کە گوزارشت لە بەرژەوەندی زۆربەی خەڵك بکات.(رشوان،٢٠٠٧: ٨٩)

**مارکۆس تولیوس شیشیرۆن ٤٣ -١٠٦پ.ز** لە کتێبەکەی بەناونیشانی (کۆمار) ئاماژەی بە لایەنە خراپەکانی دەسەلاَتی سیاسی کردوە وەك هۆکارێك بۆ دروستبوونی ململانێ لێی ڕوانیوە، بۆ ئەو مەبەستەش حوکمی تاکەکەس قبوڵ ناکات لەبەرئەوەی چەندین دەوڵەتی بەرەو لەناوچون بردوە، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی تێکەلاَویشی لاپەسەند نەبوو لەبەرئەوەی خەڵکانێکی زۆر بەڕێوەی دەبەن و فرە دەسەلاَتە، ئەو پێشنیاری سەرکردایەتی بەکۆمەڵ دەکات واتە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەوڵەت، ئەمانەش وەك ڕێگا چارەیەك بۆ کەمکردنەوەی ململانێ ناوخۆیەکان و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی هاولاتیان خستۆتەڕوو بەشێوەیەك وێنای دەوڵەت دەکات، کەلەسەر بنەمای کردەوەی چاکە بونیاد نرابێت و بەپێویستی دەزانێت ئەوانەی سیاسەت ئەکەن مرۆڤی ڕەوشت بەرز و دەستپاك و خێرخواز و چاکەکار بن، نەك دزو گەندەڵ و شەرخواز. هەروەها دەڵێت ئەوەی فەرمان دەکات تەنها یاسایە، یاسا دەبێتە دادوەر و دەسەلاَتدار هەمووان دەبێت ملکەچی بن ،کەئەوانیش یاسای (خودایی، ئاکاری، سروشتی) دەگرتەوە (ئیسماعیل،٢٠٠٣ :١١١-١١٢).

ئەوەی لەم سەردەمەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە هۆکاری ململانێکان بۆ پاوانکردنی دەسەلاَت و هێز لەلایەن پاشاو ئیمبراتۆریەتی ڕۆماوە دەگەڕێتەوە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە خراپ بەکارهێنانی دەسەلاَت وهێز بۆ بەرژەوەندی تایبەت و چەوساندنەوەو زوڵم و زەبرو ستەم لەهاولاَتیان هۆکاری دروستبوونی ململانێی سیاسی نێوان خەڵك و دەسەلاَتی حومکڕان بووە، بۆ ئەو مەبەستەش هەریەکە لە فەیلەسوفەکانی وەك بۆلیبۆس و شیشیرۆن چارەسەر گونجاویان بۆ ئەو بارودۆخە خستۆتە ڕوو. هاوکات بیروڕاکانیشیان ڕێگە خۆشکەربوون بۆ دەرکەوتنی یاسا جیاوازەکان و دەسەلاَتی کەنیسە و پاپاکان، لە پێناو گەڕانەوەی خۆشەویستی و دادپەروەری و پابەند بوون بە بنەمایاساییەکانەوە .

## سێیەم / ململانێی سیاسی لە سەردەمی ئاینی مەسیحیدا

بڵاوبونەوەو گەشەسەندنی ئاینی مەسیحی، سەرەتای دەرکەوتنی ململانێیەکی توند بوو لەگەڵ دەسەڵاتی دونیایی کە خۆیان بە ئیمپراتۆر بەرجەستە کردبوو پارێزەر و بەرپرسی ڕێکخستنی کاروباری هاوڵاتیان و دام ودەزگا کارگێڕییەکان بوون، کە سەرجەمیان لە واقعی کۆمەڵگادا بوونیان هەبوو، بوونی دوودەسەڵاتی جیاوازی دینی و دنیایی گرفتێکی گەورەی بۆ کۆمەڵگا دروست کردبوو بەجۆرێك تاکەکانی کۆمەڵگا نەیان دەزانی مامەڵە لەگەڵ کام دەسەڵات وسیستەمدا بکەن، لەلایەکەوە ئیمپراتۆر جەختی لە پابەندبوونی هاوڵاتیان بە یاساو ڕێسا دنیاییەکان دەکردوە، لەلایەکی دیکەوە ئاینی مەسیحیش داوای پەیوەستبوونی هاوڵاتیانی بە ئاین و جێبەجێ کردنی بنەماو ڕێنماییە ئاینیەکان دەکردەوە (عطية،٢٠٠٥: ٦٣-٦٤ ) .

دوای بەهێزبوون و بڵاوبوونەوەی ئەم ئاینە بە جیهاندا پیاوانی کڵێسا لە سایەی دید و بۆچون و تێڕوانینی تیۆکراتیانەی خۆیاندا بەکردار کاریان بۆ لاوازکردنی ئیمپراتۆرەکان کردو توانیان دەسەڵاتی قەیسەرو ئیمپراتۆرەکان لەناوبەرن (ئیسماعیل،٢٠٠٣: ١٣١ )، ئەنجامی ئەم بارودۆخەش دەرکەوتنی دەسەڵاتی (پاپا) بوو، کەهەردوو دەسەڵاتی دینی و دنیایی لە ژێر دەستدابوو، کلێسای مەسیحیش شێوەو فۆرمێکی دامەزاوەیی و ئاینی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەرگرتبوو بەجۆرێك ئەم دامەزراوەیە لە شێوەی هەرەمێکدا بوو پاپا لەسەرەوەی هەرەمەکەدابوو، سەرجەم دەسەڵاتەکانی وەك (یاسادانان، دادوەری، جێبەجێکردن) لە دەستی ئەودا قەتیس ببوو (عطية،٢٠٠٥: ٥٠٩-٥١٠).

لەم نێوەندەشدا **قەشە ئۆگەستین( ٣٥٣-٤٣٠ )**، بیروڕاکانی مۆرکێکی ئاینی وکۆمەڵایەتی و ئاکاری و سیاسی تێکەڵی هەبوو، ئەو پێیوابوو مرۆڤ خاوەنی سروشتێکی دووفاقیە، لەیەك کاتدا کەسێکی دونیایی و ئاسمانی و خودایشە، ئەم زیاتر مەبەستێتی دونیاییەکە بخاتە خزمەت خوداییەکەوە بۆئەوەی لە ئەنجامدا کەمینە حوکمی زۆرینە بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بڵاوکردنەوەی باوەڕ بەمافی سروشتی و لەوێشەوە هاندانی مرۆڤەکان بۆ داواکردنی مافە زەوتکراوەکانیان و گەیشتن بەدادپەروەری بۆ دەستەبەرکردنی ئەم مافەش ڕەوایی داوەتە مەیسح (زەنگەنە، ٢٠٠٩: ١٣٨) .

**تۆما ئەکوینی (١٢٢٥-١٢٧٤)**، یەکێکە لەو فەیلەسوف و قەشە و بیرمەندانەی لەماوەی سەدەکانی ناوەراستدا ژیاوە، جیاواز لەسەردەمەکەی خۆی و بە پێچەوانەی ئۆگەستین و بیرمەندەکانی تریشەوە پێی وابووە، کاتێك کە فەرمانڕەوا پابەند نابێت بەبنەماکانی ئاینی مەسیحیەوەو ئاین بۆبەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاردەهێنێت و دەبێتە مایەی ئازارو مەینەتی بۆ هاوڵاتییەکانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرقەرار ناکات، پێویستە هاوڵاتیان خۆیان ڕووبەڕووی ئەو دەسەڵاتە بوەستنەوەو شۆڕش و ڕاپەرین لەدژ ئەنجام بدەن، بەڵام بەمەرجێك ئەو ململانێ و ڕووبەڕووبونەوەیە مۆرکێکی ئەرێنی هەبێت و کۆتایی بەدەسەڵاتی ستەمکارو دیکتاتۆر بهێنێت و لەجیاتیان دەسەڵاتێکی نوێی دادپەروەر دابمەزرێنن (عبدالباقی، ١٩٨١: ٩٣).

دوای ئـەوەی کلێسـای کاسۆلیکی دەسـەڵاتی ڕەهـای بەدەسـتهێناو پاپـا بـووە خـاوەنی دەسـڵاتی دیـنی و دونیـایی، قۆناغێکی نوێ لە مێژووی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی سەری هەڵدا، کە بە سەدەکانی ناوەڕاست ناسراوەو نزیکـەی ( ١٠٠٠ )ساڵی خەیاندووە، ئەم ماوەیەش بە چارەکی کۆتایی سەدەی پێنجەم دەستپێدەکات و سەرەتای سەدەی شانزە کۆتایی پێدێت، کە تەواوی ئەو ماوەیە بەهۆی باڵادەستی کلێسەی کاسۆلیکی بەسەر سـەرجەم ڕەهەنـدەکانی ( ئـاین، سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانست، وێژە ، هونەر...) هۆکاربووە بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی ئاکاری و کۆمەڵایەتی، هەربۆیـە "بەسەردەمی تاریکی" ناسـراوەو هۆکاری سـەرهەڵدانی چـەندین ململانێـی بـووە لـە ئـەوروپا، هزرەکـانی ئـەکوینی گوزارشت لەو دۆخە خراپەدەکات کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بـەهۆی دەسـەڵاتی کلێساو پاپـاوە ڕووبـەڕووی خـەڵك بۆتەوە هەربۆیە لەو پێناوەدا دان بـە ڕەوایـی ململانـێ و شۆڕشـدا دەنێـت لـە دژی دەسـەڵاتی گەنـدەڵ و خراپـەکار، ئەمەش ڕێگەخۆشکەربوو، بۆ دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام و قۆناغی چاکسازی وریـنیسانس .

## چوارەم /ململانێی سیاسی لەسەردەمی ئیسلامدا:-

دەرکـەوتن و بڵاوبوونـەوەی ئـاینی ئیسـلام لـە سـەرەتای سـەدەی پێنجـەمی زایـنی، سـەرەتای قۆنـاغێکی نـوێ و شۆڕشـێکی گـەورەی هـزری و شارسـتانی بـوو لـە جیهانـدا، چـونکە جگـە لـەوەی موژدەبەخشـی بـڵاو کردنـەوەو بەرجەستەکردنی دادپەروەری و یەکسانی و برایەتی بوو، لەهەمانکاتدا بـە ئاشـکرا مـۆرکێکی سیاسـی و سـەربازی و دەوڵەتداری پێوە دیار بوو، ململانێ لەسەر دەسەڵات و بەدەستهێنانی پایەی خەڵافـەت، چـەندین ململانـێ و شـەڕی خوێناوی ناوخۆیی بەدوای خۆیدا هێنا (ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ١٤٦).

لەدوای وەفاتی پێغەبەری ئیسلام محەمەد( د.خ) لـە سـاڵی ٦٣٢ز ، پرسـی دەستنیشـانکردنی جێنشـینی موسـڵمانان بووە هۆی سەرهەڵدانی ململانێیەکی توندی سیاسی لە نێوان هۆز و تیرەکاندا، چونکە پێغەمبەر(د.خ ) بەمەبەستی ڕێگریکردن لە دەسەڵاتی پشتاوپشت و پیرۆزکردنی کەس و بنەماڵەکان، هیچ کەسێکی وەك جێنشـین لـەدوای خـۆی دەستنیشان نەکردبوو، ئەوەبوو بەرمەبنای واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی نیمچە دوورگـەی عـەربی و ڕەزامەندی سەرۆك هۆزەکان، ئەبوبەکری سـدیق وەك یەکـەم جێنشـینی پێغەمبـەر دەستنیشـان کـرا، جێگـەی باسـە ناوبراو بەهۆی لێهاتوویی و داناییەکەیـەوە تـوانی بنەمایـەکی تۆکمـە و دادپەروەرانـە لـە نێـو کۆمـەڵگای ئیسـلامدا دابڕێژێت، بەجۆرێك لەیەکەم وتاریدا رایگەیاند،" پێویستە لەسـەر جـەماوەر گوێڕایـەڵی فەرمانـەکانی خەلیفـەبن، بەڵام هەرکات خەلیفە بەپێچەوانەی یاساو شەریعەت ڕەفتاری کرد، ئەوا واجبی موسلمانانە، ڕووبەڕوی بوەستنەوەو لەسـەرکار لایبـدەن"(طلقـوش، ٢٠٠٩: ٦٩). بـە بـڕوای شـارەزایانی ئیسـلام ئەمـە سـەرەتایەك بـوو بـۆ ڕەواییـدان بـە ململانێـی سیاسـی و لەقۆناغـەکانی دواتریشـدا سـەرهەڵدانی شـەڕی نێوخـۆ لـە دەوڵـەتی ئیسـلامیدا، لەوبارەیـەوە عائیشـەی هاوسـەری پێغەمبـەر(د.خ)، تۆمـەتی لادان لـە بنـەماکانی ئیسـلام ودادپـەروەری و شـەریعەتی دایـە پـاڵ خەلیفەی موسڵمانان عەلی کوڕی ئەبوتالیب و داوای دوورخستنەوەی کـرد لـە دەسـەڵات، ئەنجامەکـەی بـە شـەڕێکی خوێناوی کۆتایی پێهات کە بەشەری ( الجمل ) ناسراوە.( حسن، ١٩٩٦: ٢٩٧-٢٩٨).

بەم چەشنە ململانێ لەسەر دەسەڵات و بەدەستهێنانی پایەی خەلافەت، چەندین ململانێ و شەڕی خوێناوی ناوخۆیی بەدوای خۆیدا هێناو زەمینەی بۆ دەرکەوتنی چەندین گروپ و ڕەوت و پێکهاتەی سیاسی- ئاینی- کۆمەڵایەتی پەرگیری وەك( خەواریج و موعتەزیلە، ...)، رەخساند، کە هەریەکەیان بەرامبەرەکەی تەکفیر دەکردو ڕشتنی خوێنی بەرامبەریان حەلاڵ دەکرد، کە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش کاریگەری ئەو ململانێ سەختە لەسەر جیهانی ئیسلامی هەرماوە. ئەم قۆناغەش وەکو هەموو سەردەمەکانی تر کۆمەڵێك بیرمەند بە بیروڕا جیاوازەکانیانەوە هزری ئەم سەردەمەیان خستۆتە ڕوو لەوانە:

**ئیبن خلدون (١٣٣٢-١٤٠٦)** بە پێشەنگی بیرمەندە کۆمەڵایەتیەکانی ململانێ لەهزری ئیسلامدا دادەنرێت، ئیبن خەلدون پێی وایە "دەسەلات لەگەڵ دامەزراندنیەوە تۆوی مردنی خۆی دەچێنێت "تاوەکو دواتر ڕێگە بەکۆمەڵ و هۆزێکی تربدات دەوڵەتێکی نوێتر بنیاد بنێن. (الجابری،ب.س: ٢) ئەمەش لەکاتێکدایە کە فەرمانڕەوا لە دەسەڵاتداری ودەوڵەمەندی ودەستبلاوی و خۆشگوزەرانی و خراپەکاری ڕادێن ،بۆیە ناتوانن بەڕادەی پێویست وەکو پێشوتر لە پێناو بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان و دەوڵەتدا کاربکەن تەنانەت ئاستی تواناو بەرگریشیان دادەبەزێت دەمارگیریان لاواز دەبێت، بەم جۆرەش دەوڵەت دەچێتە قۆناغی پیری و بێهێزی ومردن (ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ١٦٩)، بەلەناوچونی دسەڵاتی فەرمانڕەوا کۆتایی دێت و دووبارە دەسەلات و حکومەتێکی نوێ دروست دەبێتەوە، ئەوانیش دووبارە دەست بە داپلۆسین و کۆکردنەوەی سامان دەکەن و بەرەو قۆناغی حەسانەوە و ئارامی هەنگاو دەنێن، پاشان بۆ قۆناغی زۆر خەرجی ودەستبلاوی، دواتریش لەناوچون و لەناوبردنی دەوڵەت، بەمشێوەیە دەستاودەستکردنی دەسەلات دووبارە دەبێتەوە (الجابری،ب.س:٢).

## پێنجەم/ ململانێی سیاسی لە سەردەمی ڕێنیسانسدا:-

پێشهات و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی وسیاسی و سەربازییەکانی سەرەتای سەدەی پانزەهەم، زەمینەی گواستنەوەی سەدەکانی ناوەڕاستیان بۆ سەردەمی ڕێنیسانس ڕەخساند، جێگەی ئاماژە پێکردنە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە فرەبوارو فرە ڕەهەندانەی لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینیدا بەخۆیەوە بینی، لایەنی سیاسیش یەکێکە لەو رەهەندانەی کە لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە (عبدالرحمن،٢٠٠١: ١٦١)، بەتایبەتی هزرە سیاسیەکان لەبارەی دەسەڵاتەوە گۆرانێکی ریشەییان بەسەرداهات، بەجۆرێك لە جیاتی بەپیرۆزکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ژیانی لاهوتی مەسیحی، زەمینە بۆ بەئەقلانیکردن و یاسایی بوونی کاروباری سیاسی رەخسا، لە لایەکی دیکەوە سەرهەڵدانی ململانێ و ئەنجامدانی شۆڕش و یاخیبوونی خانەدان و پادشاو ئیمپراتۆرەکان لە دژی دەسەڵاتی کڵێسای مەسیحی و پیاوانی ئاینی و جیاکردنەوەی دەسەلات لە ئاین، یەکێك بوو لە دیاردەو ڕووداوە گرنگەکانی سەردەمەکە (پولادی، ٢٠٠٥: ٧-٩) .

لەم نێوەندەشدا نوسەرو هزرڤانی ئیتالی **ماکیافێللی ١٤٦٩-١٥٢٧** ، خاوەنی هزری کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیەتی و هەڵوێستێکی لایەنگرانەو دۆستانەی بەرامبەر بە دەسەڵاتی ڕەهای فەرمانڕەواو ئیمپراتۆر هەیەو بەهەموو

شـێوەیەك دژی هـەموو هـەوڵێك دەوەسـتێتەوە کـە مەترسـی بێـت بۆسـەر دەسـەڵاتی فـەرمانڕەواو ببێتـە هـۆی سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕین، ئەم هەڵوێست و لایەنگرییەشی بۆ دەسەڵات لەو ڕاستیەوە سەرچاوەی گرتـووە کـە نـەبوونی مـیرو دەسـەڵاتدارێکی بـەهێز، زەمینـە بـۆ سـەر هەڵـدانی ناسـەقامگیری و ئـاژاوەگێڕی و بـەرەڵایی دەرەخسێنێت و ئاسایشی سیاسی و نیشتیمانی دەوڵەت دەخاتە مەترسیەوە، هەربۆیە ماکیـاڤیلی لـە کتـێبی ( The prince)میردا ئاماژە بەوە دەکات، بۆ بەدەستهێنان و پاراستن و مانەوەی لە دەسەڵات، (میر) فـەرمانڕەوا دەتوانێـت دەسەڵاتی ڕەها بەکاربێنێت و سوپایەکی نیشتمانی بەهێز درووست بکات، بۆ ئەو مەبەستەش میر ئازادە لەوەی پەنا بۆ هەموو ئامرازێکی وەك( فێڵ، ستەم، سەرکوتکاری، سـاختە، درۆ)ببـات و شـەرعیەتی بـەکارهێنانی هـەموو هێـزو توندوتیژیەکی لەململانێی سیاسیدا پێدەدات، هاوکات لەگەڵ ئـەوەی دژی پیـاوانی کڵێسـا وەسـتایەوە بـەڵام ئـاینیش ڕەت ناکاتەوە دەیکاتە پاشکۆی دەوڵەت(ماکیاڤیللی، ٢٠١١: ٥-١٢).

هاوکات لەچوار چێوەی چاکسازی ئاینیدا، پیاوانی ئاینی و لە نێویشیاندا (مارتن لۆسەر، کالڤن، زوینگەلی) کاریان بـۆ جیاکردنـەوەی دەسـەڵات لـە ئـاین کـردوە لەسـەر ئاسـتی هـزری کۆمەڵایـەتی دەرئـەنجامی باشـی لێکەوتـەوە، لەهەمانکاتدا ڕۆڵی بەرچاویان لە پرۆسەی چاکسازی ئاینی مەسیحیدا گێڕا، لەو بارەیەشەوە جەختیان لەسـەر ئـەوە دەکردەوە بۆ لێکۆلینەوەی دیاردە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان، لـە جیـاتی پشتبەسـتن بـە شـرۆڤەی غـەیب و لاهـوت و میتافیزیکی، پێویستە پشت بە ئەقڵ و پلانی زانستی و شرۆڤەکاری ببەسترێت( فلۆوەرز، ١٣٨٤: ٢٣-٢٨)، هەرئەمـەش وایکرد کە چەندین ڕەوت و ئـاینزای جیـاوازی وەك (پرۆتسـتانت، لۆسـەریزم، کـالڤینیزم، زوینگـەلیزم) لـە هـەناوی کڵێسای کاسۆلیکی جیاببنەوەو بە تێڕوانین و دونیابینییەکی نوێوە شرۆڤەی ئنجیلیان کردووەو بەرگێکی نوێیان بە ئاینی مەسیحی بەخشیوە(ابراهیم،٢٠٠٥: ٥١-٥٢). بەشێوەیەکی گشـتی تێـڕوانینی هەریەکـە لـە مـارتن لۆسـەرو کـالڤن سەبارەت بە ململانێـی سیاسـی تارادەیـەك لەیـەکترەوە نزیکـە، بـەجۆرێك بەمەبەسـتی لاوازکردنـی دەسـەڵاتی پاپـاو پیاوانی ئاینی، بەهەموو شێوەیەك پشتگیری فەرمانڕەوا دەکەن و جەخت لەسەر پێویست بوونی ملکەچی هاوڵاتیان بـۆ دەسـەڵاتی فـەرمانڕەوا دەکەنـەوە، بـەڵام کـالڤن لـەوەدا لـە لۆسـەر جیـاوازە ،پێـی وایـە هـەرکاتێك فـەرمانڕەوا دەسەڵاتەکەی بەشێوەیەکی خراپ و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارهێنا، ئەوا شـۆڕش و ڕاپـەڕین بـۆ هاوڵاتیـان دەبێتـە ئەرکێکی ئاینی و پێویستە ڕووبەڕووی ئەو دەسەڵاتە ببنەوە ( هندریکس، ٢٠١٤: ٧٣-٧٥).

دەکرێت بوترێت قۆناغی ڕێنیسانسی ئەوروپا بەگشتی و پرۆسەی چاکسازییە ئاینییەکان بەتایبەتی، لەگەڵ ئەوەی چـەندین ئـەنجام و دەرهاویشـتەی ئـەرێنیان لەسـەر کـۆی لایەنـە( ئـابووری، کۆمەڵایـەتی، سیاسـی، زانسـتی، هـزری، وێژەیی...)دروسـتکردووە، لەهەمانکاتـدا دەسـەڵاتی ڕەهـای پیـاوانی ئـاینی مەسـیحیان بـۆ تیـۆری دەسـەڵاتی ڕەهـای دەوڵەت گۆڕی و سەرەتایەکی نوێش بوو بۆ گەشەسەندنی هۆشیاری نەتەوایەتی و دروستبوونی دەوڵەتی نەتـەوەیی و سیستەمی دەسەڵاتی پاشایەتی ڕەهای میرو ئیمبراتۆرەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری سەرهەڵدانی داگیرکاری و ململانێی مەزهەبی و شەڕی خوێناوی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتەکان بوو(صالح، ٢٠١٠: ٢٨٨-٢٩٠).

تیـۆری دەسـەڵاتی رەهـای پاشـاکان لەسـەدەی حەڤـدەدا سەرچـاوەی سـەرهەڵدانی ململانـێ و پشـێوییە ئـاینی و سیاسـیەکان بـوون، کاریگـەری بـەهێزی لەسـەر ئەندێشـەو هـزری زانـاو بیرمەنـدە سیاسـی و کۆمەڵایەتیـەکان درووستکردو بەدوای رێگەچارەیەکدا دەگەڕان تا لەرێگەیەوە بتوانن پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات رێکبخەن، بۆ ئـەو مەبەسـتەش هەریەکە لـە(تۆماس هـۆبز، جـۆن لـۆك، جـان ژاك رۆسـۆ)، لـە چوارچـێوەی تیـۆری ( پـەیمانی کۆمەڵایـەتی)دا وەرچـەرخانێکی گـەورەیان لـە هـزری کۆمەڵایـەتی سـەردەمەکەدا دروسـت کـرد، لـەو تیـۆرەدا بـاس لەچەمکی سەروەری بۆگەل کراوە، زۆرینەی بیرمەندەکانی ئەم سەردەمە سەرچاوەی ڕەسەنی سەروەری و چاکسازی بۆ گەل وهاوڵاتیان دەگەڕێننەوە.

**تۆماس هۆبز ١٥٨٨- ١٦٧٩**، یەکێك بوو لە بیرمەندو هزرڤانە بریتانییەکان کە قۆناغەکانی ژیانی هاوتـەریب بـوو لەگەڵ ململانێ و جەنگە بەردەوامەکانی نێوان میرو دەسەڵاتدارە سیاسیەکان لەلایەك و ململانێی مەزهـەبی نێـوان کاسۆلیکە پارێزگارو نەریتخوازییـەکان و پرۆتسـتانتە نوێخوازەکـان لەلایـەکی دیکـەوە، ئـەم بارودۆخـەش کاریگـەری راسـتەوخۆیان لەسـەر هـزرو تێڕوانینـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکانی هـوبز دروسـتکردوەو بونەتـە پاڵنـەرێك بـۆ داڕشتنی هزرەکانی، ئەو پێـی وابـوو بـونی سیسـتەمێکی سیاسـی رێکـەوتن لەسـەرکراو لـە نێـوان حـاکم و مـەحکوم، دڵنیایی بەرجەستەکردنی یەکسانی و لێکتێگەیشتنی نێوانیان مسۆگەر دەکات (عبـدالرحمان، ٢٠٠١ : ١٦٩)، بـە بـڕوای هۆبز بەمەبەستی چارەسەرکردن و کۆتایی هێنان بە ململانی و ناسەقامگیرییەکان، پێویسـتە تاکـەکانی کۆمـەڵگا لـە چوارچێوەی ( پەیمانی کۆمەڵایەتی)دا دەستبەرداری سەرجەم مافە سروشتییەکانی خۆیانبن بۆ (پاشا) بەو پێیـەش کـە پاشـا لایـەنێکی نێـو پـەیمان و رێکەوتنەکـە نـەبوە، بـەلکو بەرمـەبنای رێکـەوتنی نێـوان تاکـەکان بوەتـە خـاوەن دەسەڵاتێکی رەها، هەربۆیە تاکەکان مافی رووبەرووبونەوەی پاشایان نییە(محەمەد،٢٠٠١: ٥٨).

**جۆن لـۆك ١٦٣٢-١٧٠٤** هاوشـێوەی هـۆبز، جـۆن لـۆکیش لـە قۆنـاغێکی پرململانـێ و ناسـەقامگیردا ژیـاوە، بەتایبـەتی شۆڕشی جەماوەری بریتانیا لە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی رەها کە لەسەر بنـەمای هـزری هـۆبز دامـەزرابوو، لـۆك بـە پێچەوانەی هۆبزەوە لەگەڵ سازشکردنی رەهای تاکەکانـدا نییـە بـۆ دەسـەڵات و جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە لەپێناو ژیانێکی چاکتر و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتیدا، مرۆڤ دەستبەرداری بەشێك لە مافەکانی خۆی دەبێت بۆ پاشـا، بەتایبــەتی مـافی( جێبــەجێکردن، دادوەری)، لەبەرامبەریشـدا پاشـا دەبێـت یاسـا پراکتیزەبکـات و سـنوری دەسـەڵاتەکانی خـۆی بپارێزێـت و لـەپێناو پاراسـتن و پەرەپێـدانی مافـە سـەرەکیەکانی هاوڵاتیـان و دادپەروەریـدا دەسەڵات بەکاربێنێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر پاشا پابەند نەبوو بە جێبەجێکردنی سـەرجەم لایەنـەکانی پەیمانەکـە و یاسـا شـکێنی کـرد، ئـەوا دەکرێـت پەیمانەکـە هەڵدەوەشـێتەوە ومـافی گەلـە شـۆڕش و ڕاپـەڕین دژی پاشـا بکـەن وزەمینە بۆ هـاتنی پاشـایەکی تـری دادپـەروەر خـۆش بکـەن، یـان پاشـا ناچـار بکـەن کـە چاکسازی لەخۆیـدا بکـات (سلطح،٢٠٠٧ :٣٣)، بەڵام ئەمە چارەسەرێکی بنەڕەتی نەبوو بۆ کـەم کردنـەوەی دەسـەڵاتی زۆردار، چـونکە لـەهزری کۆمەڵایەتی قۆناغەکانی پێشودا بۆمان ڕوون بۆوە لەناوچونی زۆردارێك بەهاتنە سەرتەختی زۆردارێکی تر کۆتـایی پێهاتوە .

**مۆنتسكیۆ(١٦٨٩-١٧٥٥)**، ویستی كێشەی خراپ بەكارهێنانی دەسەلأت چارەسەر بكات كە لۆك ئاماژەی بـۆ كـردووە، ئەو دەلێت" دەسەلأتی بێسنورو كۆكردنەوەی سەرجەم دەسەلأتەكان لای تەنها كەسێك گەورەترین مەترسیە بۆسەر ئازادی، هاوكات ئاماژە بەوەش دەكات كە دەكرێت دەسەلأت لە ڕێگەی دەسەلأتێكی تـرەوە سـنوردار بكرێـت" هـەربۆ ئـەو مەبەسـتە تیـۆری جیاكردنـەوەی دەسەلأتەكانی(یاسـادانان، جێبـەجێكردن، دادوەری) دەخاتـە ڕوو، تارێگـە لەپاوانكردنی دەسەلأت و خراپ بەكارهێنانی بگرێت ( مۆنتسكیۆ، ٢٠٠٣: ١٧٠).

**جان جاك ڕۆسۆ ١٧١٢- ١٧٧٨** هەولێداوە هەلۆیستێكی مامناوەند وەربگرێت لە نێوان بۆچونەكانی هەریەك لە (هۆبز، لۆك)، لە تیۆرەكەی رۆسۆدا ئەوە بەدیدەكرێت هەلێەی مرۆڤ بـۆ خاوەنـدارێتی شـتەكان و بـەدیهێنانی بەرژەوەنـدی تایبەت، ململانێ و ناسەقامگیری بەرهەم هێناوە، هەربۆیە ڕۆسۆ پێی وایـە پێویسـتە ئەوململانێیانـە لـەناوببرێت و چاكسازی بكرێت، ئەویش لە ڕێگەی گرێبەسـتێكەوە كـە پێویسـتی بـە یاسایەكی دادپـەروەر و یەكسـان هەیـە، واتـە هەریەكێك لەلای خۆیەوە بەتەواوی وازلە هێز و توانـای خـۆی بهێنێـت بـۆ هـەمووان، بـەپێی ئـەم پەیمانـە هـەموو تاكەكان یەكدەگرنەوەو هێزێكی هاوبەش دروست دەكـەن لـە پێنـاو پاراسـتنی هـەموو (روسـو،ب.ت.س: ٣٦-٤٤). لـەم پەیمانـەدا مـرۆڤ ئازادییـە سروشـتیەكەی لەدەسـت دەچـێت، بـەلأم لەبەرامبـەردا ئازادییـەكی مـەدەنی یـان سیاسـی كۆمەلأیەتی دەستدەكەوێت ، بەم شێوەیە هەموو تاكێك ماف بەسەر هەموو تاكەكانی دیكەوە دەبێت كـە هاوریـژەی ئەو مافانەیە كە دەستبەرداری بووە، بەمـەش مـرۆڤ ملكەچـی هـیچ كەسـێك نابێـت تـەنها خـۆی نـەبێت و ئەمـەش وایلێدەكات بەئازادی بمێنێتەوە، ئاماژە بەوەش دەكات ملكەچ بوون بۆ دەسەلأتی سیاسـی خـۆی لـە خۆیـدا ئازادییـە، چونكە ئەو دەسەلأتە ویستی گشتی دروستی كردووە( سەعید، ٢٠٠٦: ٨٠) .

لەپـەیمانی كۆمەلأیەتیـدا بیرمەنـدان لەسـەر جـۆرو شـێوازی پەیمانەكـە هـاوڕانین، بـەلأم سـەرجەمیان لـەپێناو چاكسازی كۆمەلأیـەتی و سیاسـیدا خـالێكی هاوبـەش لەنێوانیانـدا هەیـە، ئـەویش ئەوەیـە، تـاك و گـروپ بەتـەواوی ویستی خۆیانەوە واز لەمافە سروشتیەكانی خۆیان دەهێنن بۆ پاشایەك، تابتوانن لەگەلْ ئەوانی تردا بژین لە پێناو زالبوون بەسـەر سروشـت و ئـەو ژینگـە ودەسـەلأتەی بەرژەوەنـدی تایبـەت بەسـەریدا زالـە.هاوكات دەتـوانین بلێین تیۆری پەیمانی كۆمەلأیەتی ڕێگە خۆشكەربوو بۆ بەدیهێنانی سەربەستی وئازادی وشۆڕشەكان .

## شەشەم /ململانێی سیاسی لە سەردەمی نوێ دا :-

ئەگەرچی چەند جۆرێكی جیاوازی سیستەمی حكومڕانی وەك( پاشایەتی ڕەها، پاشایەتی سنووردار، دیموكراتی و دەسـەلأتی گـەل) وەك دەرئـەنجامی تیـۆری پـەیمانی كۆمەلأیـەتی لـە ئـەوروپا سـەریان هەلـداو بوونـە جێگـرەوەو ئەلتەرناتیڤی دەسەلأتی ڕەهـای كلێسـەی كاسـۆلیكی( عبـدالرحمن،٢٠٠١: ١٧٧)، بـەلأم پـەیمانی كۆمەلأیـەتی نـەیتوانی ڕێگری لە ململانێ و سەرهەلدانی شۆڕش و ڕاپەڕین بكات، بەلكو لەوماوەیەدا ئـەوروپاو ئـەمریكا چـەندین شۆڕشـی گەورەیان بەخۆوە بینی، لەو بارەیەوە شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ بەیـەكێك لـە گـرنگترین ڕووداوەكـانی كۆتـایی سـەدەی هـەژدە دادەنرێت كـە كاریگـەری تونـدی لەسـەر شـێوەی حكومڕانی و سیسـتەمی ئـابووری و بونیـادی كۆمەلأیـەتی

فەرەنسا دروستكردو رەنگدانەوەی لەسەر زۆربەی وڵاتانی دیكەی ئەوروپا هەبوو. هۆكاری سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە بەبڕوای هەندێك لە شارەزایان بۆ چەند هۆكارێك دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیش جگە لە خراپی بارودۆخی ئابووری و بەردەوامی جەنگە دەرەكییەكانی فەرەنساو بوونی جیاوازییەكی قوڵی چینایەتی لەنێو كۆمەڵگەی فەرەنسی، لەهەمانكاتدا دەسەڵاتێكی پاشایەتی رەها لەو وڵاتەدا حوكمی دەكرد كە سەرجەم ماف وئازادییەكانی هاوڵاتیانی زەوت كردبوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هزرو تێڕوانینەكانی هەریەكە لە( ڤۆڵتێر، مۆنتیسكۆ، رۆسۆ) رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە وشیاركردنەوەی كۆمەڵگەی فەرەنسی سەبارەت بە نادادپەروەری و نەبوونی ئازادی و یەكسانی و خراپی حوكمی خۆسەپێنی پاشایەتی رەها، هەموو ئەمانەش زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش و كۆتاییهێنان بە حوكمی پاشایەتی رەها لەفەرەنسا رەخساند، كە گۆڕانكارییەكی ڕیشەیی لە بونیادی كۆمەڵایەتی لە ئەوروپاو جیهان بەگشتی دروستكرد.بەجۆرێك شێوەو مۆركی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانیشی گۆڕی و سیستەمی دەرەبەگایەتی لاوازكرد، هاوكات گۆڕانكاری ریشەیی لەهزری جیهاندا بەگشتی و كیشوەری ئەوروپا بەتایبەتی لێكەوتوەتەوە، زەمینەی بۆ دەركەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی و ئازادی و دیموكراتی و مافی گەل رەخساندو ڕەواییدا بەسەرجەم گەلانی دونیا كە لەدژی سیستەمی پاشایەتی و دەسەڵاتدارە زۆردارەكان لە ململانێدابن (احمد،١٩٧٧: ٢٩)؛( احمد، ٢٠١٤ :٣٧-٤٣).

لەلایەكی دیكەوە پەرەسەندنە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكانی سەدەی هەژدەو نۆزدە، بەتایبەتیش شۆڕشی پیشەسازی و فراوانبوونی چالاكییە بازرگانی و پیشەسازییەكان وگەشەسەندنی سەرمایەداری، شوێنەوارو كاریگەری قوڵیان لەسەر ماف و ئازادییەكانی تاك جێهێشت، بەجۆرێك جەختكرنەوەی ئازادی رەها لەلایەن لیبرالیزمی كلاسیك و دوورخستنەوەی دەوڵەت لە سەرپەرشتی و چاودێری تاك، بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ ببوە هۆی سنووربەزاندن و زەوتكردنی ئازادی بەرامبەر و دەركەوتنی چینی سەرمایەدارو زیاد بوونی جەنگ و ئیمبریالیزمی سیاسی و ئابوری(عبدالباقی، ١٩٨١: ٣٤١)، لەبەرامبەریشدا هزری سۆسیالیستی جەختیان لەسەر بایەخ و گرنگی دەوڵەت دەكردەوە لە پاراستنی ماف و ئازادییەكانی تاك، چونكە لەم قۆناغەدا چینی كرێكاران سەرەڕای بارگرانی و سەختی ژیان و كارو ماندووبوونی زۆر و نەبونی دڵنیایی و بیمەی كۆمەڵایەتی لە شوێنی كارەكانیاندا، زۆرجار لەلایەن خاوەنكارەكانیانەوە چەوسێنراونەتەوەو ماف و ئازادییەكانیان زەوتكراوە، هەربۆیە هزری سۆسیالیستی، بەپێچەوانەی لیبرالیزمەوە، پێیان وابوو پێویستە دەوڵەت رۆڵی سەرەكی بگێڕێت لە سەرجەم كایەو چالاكییە ئابوورییەكاندا، بەتایبەتی دیاریكردنی نرخ و كۆنترۆڵكردنی بازاڕو بەدەوڵەتكردنی سەرجەم دامەزراوە ئابوورییەكان و رێگریكردن لە دیاردەی قۆرخكاری ئابووری . بەمشێوەیە هزری سەرمایەداری و سۆسیالیستی، بوونە دوو ئایدۆلۆجیای جیاوازو دژبەیەك، كە ئازادی تاك و رۆڵی دەوڵەت لە ژیانی ئابووری و سیاسی تاكدا تەوەرەی سەرەكی ململانێكانیان بوون( خلیفە، ١٩٩٩: ١٨٣) هەروەها چەندین بزوتنەوەی رزگاری خوازی جیهانی لە شێوەی شۆڕش و كودەتا ڕوویاندا لەپێناوچاكسازی و باشكردنی گوزەران و ژیانی خەڵكدا، هەموو ئەمانەش وایكرد كە بیرمەندانی لیبرالیزم لە قۆناغێكی نوێدا وەك پێویستییەكی سەردەمەكەو لەژێر كاریگەری هزری سۆسیالیستی،

بگەنـە ئـەو بڕوایـەی کـە پێویسـتە لیبرالیـزم لەگـەڵ گـۆڕان و پەرەسـەندنە ئـابووری و کۆمەڵایەتییەکانـدا خـۆی بگونجێنێت و بەبەرگێکی نوێوە دەربکەوێت کەبە لیبرالیزمی سودگەرایی ناودەبرێت و هەریەکەلە( ئـادەم سمس، جرمی بنتام، جۆن ستیوارت مل ) بەبیروڕاکانیان سەبارەت بە ئابوری سیاسی هـزری ئـەو سـەردەمەیان دەوڵەمەنـد کـرد، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش جـەختیان لەسـەر ئـەرکی دەوڵـەت دەکـردەوە لـە چـاودێریکردنی ئازادیـە سیاسـی و ئابوورییـەکانی تـاک و بەرپرسـیارێتی دەوڵـەت لـە دابینکردنـی خزمەتگوزاریـە کۆمەڵایـەتی و تەندروسـتی و پەروەردەییەکاندا لەپێناو بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیاندا ( عبدالرحمن، ٢٠٠١: ١٨١) .

لەبەرامبەریشدا ئاراستە هزرییەکانی هیگل و مارکس وەك ڕەنگدانەوەیەك بۆبـارودۆخی سـەدەی هـەژدەو نـۆزدە ڕەوایيا ن دابە ململانێی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی بـۆ بـەدیهێنانی یەکسانی و دادپـەروەری و گەشـەدان بـەڕەهای ڕۆڵی دەوڵەت لەچوارچێوەی سیستەمی سۆسیالیستی( ئیشتراکی)دا.

لەو بارەیەوە ، **جۆرج فرێدریك هیگڵ ١٧٧٠ -١٨٣١** وەك یەکێك لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی ئـەڵمانیا، جـەختی لـە دووبنـەمای سـەرەکی وەکو(دیالێکتیـك و دروسـتبوونی دەوڵـەتی نەتەوەییە)کردۆتـەوە. لـەبارەی دیالێکتیکـەوە بەشێوازێك لەبینینی دیاردەکانی جیهانی دەزانێت، پێیوایە جیهان بەردەوام پڕاوپڕە لەهێزە دژەکان، هـەر هێزێـك کە دروست دەبێت کاردانەوەیەکە بەرانبەر هێزێکی پێش خـۆی، دەکرێـت وەك خـاڵی سـەرەتا دابنرێـت، ئـەم هێـزە ناوی تێزە، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك هەر لە دەروونی ئەم هێزەوە کە تێزە هێزێکی دژبەری خـۆی پەیـدا دەبێـت ناوی ئانتیتێزە، لەئەنجامی ململانێ کاریگـەری دانـان و کاریگـەری وەرگـرتنی نێـوان ئـەم دوو هێـزە، هێـزی سێیەم پەیدا دەبێت ناوی سەنتێزە، ئەم سەنتێزە دواتر خۆی و لە سەرەی خۆیدا دەبێـت بـە تێزێـك لەبەرانبـەر هێزێکـی نـاکۆکی دیکـە هـەر لـەخۆی دروسـت بـووە دەکەوێتـە ململانـێ (عبـدالرحمن،٢٠٠١: ١٩٣). لـەو بارەیـەوە هیگـڵ دەڵێت"بۆئـەوەی دەوڵـەت هـەبێت وگەشـەبکات ئـەبێ ئاغـاو کۆیلـە هـەبێت"، پەیوەنـدی نێـوان ئـەم دوولایەنـە پەیوەندیەکی دیالێکتیکیە، تائەو کاتەی هەردوولا دەگەن بەخود هوشیاری، دژی یەك دەوەستنەوە، لەئەنجامی ئـەم ململانێدا نابێت یەکێکیان ئەوی دیکە لەناو ببات، بەڵکو ئەو ململانێیە تا ئەو ڕادەیە بەردەوام دەبێت کە ئاغـا دان بە بوونی بەرانبەرەکەی دا دەنێت، یان کۆیلە بە دڵشکاوی و ناڕەحەتی کۆیلـەبوونی خـۆی قـەبووڵ دەکـات و دواتـر کار بۆ ئەوە دەکات بەو کارانەی دەیکات، ئاغا تەسلیمی خۆی بکات. لەوبارەیەوە هیگڵ پێیوایە ململانێ یەکێکە لەو هۆکارانـەی دەمانگەیەنێتـە ڕاسـتیەکان و ئاشـکراکردنی نهێنیـەکان وشـیاربوونەوە و دروسـت بـوونی دەوڵـەتی نەتەوەیی، هەر بۆیە دەڵێت" ئـەو گەلـەی لەمـەرگ دەترسـێت وپێـی باشـە وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە و ببێتـە کۆیلـە، سـەربەخۆیی لەدەسـت دەدات"(خلیفـە،١٩٩٩: ٨٠). لەتێڕوانینـەکانی هیگڵـەوە لـەوە دەگـەین سـەرلەبەری مێـژوو بریتییـە لـە گۆڕەپـانی ململانێکـان ئـەو جێگایانـەش کـە ململانـێ تیایـدا ڕوونـەدات ئـەوا لـە پـەراوێزی مێـژوودا دەمێننـەوە، چـونکە ململانـێ لـەناوخۆ ودەرەوەی هەرنەتەوەیەکـدا ڕووبـدات، سەرچـاوەیەك دەبێـت بـۆ گـۆڕان و پێشکەوتنی نەتەوەکان و وشیاربوونەوەو زیاد بوونی هەستی نەتەوەیی لەدایك بوونی بیری نوێ.

**كـارل مـاركس (١٨١٨-١٨٨٣)** :- مـاركس لەسـەردەمێكی پـڕ لـە ململانـێ دا ژیـاوە، ئـەویش لـەدایكبوونی كۆمەڵگـەی پیشەسازی و بەرپابوونی ململانێی توند و شۆڕشی دژوار بـوو، بەتایبـەت دوای ئـەوەی كـە كۆمـەڵگا بـۆ دوو چینی سـەرەكی (سـەرمایەدار و كرێكار)دابـەش ببـوو. بەبۆچـونی مـاركس ململانێـی چینایەتی لەسـەدەی نـۆزدەدا زیـاتر سروشتێكی سیاسی وەرگرت بەرەو ململانێی سیاسی هەنگاوی نـاوە هۆكـاری ململانێكـەش بـۆ ئـابوری دەگەڕێتـەوە، لەگەڵ فشاری ئەندامانی چینی سـەرمایەدار كاریگـەری نـەرێنیان لەسـەر كرێكـار هـەبووە، بەشـێوەیەك كاریـان بـۆ دەست بەسەرداگرتنی بەرهـەم و كـاری ئەنـدامانی چینی كرێكـار كـردوە، ئـەم چینـە (كرێكـار) ئاسـتی خوێنـدن و ژیانیان لە پلەیەكی نزمـدابوو و نیشـتەجێی ناوچـە هەژارنشـین و بـێ خزمـەت گوزارییـەكان بـوون، خـاوەنی هـیچ نەبوون و هیچ دەسەلآتێكیان لە دەستدا نەبوو، هەستیان بە چەوسانەوەو زەوتكردنـی بەرژەوەندیـەكانیان لەلایـەن چینی سەرمایەدارەوە دەكرد، ئەم هۆكارانەی كـەباس كـرا، گوزارشـت لـە حـەز و ئازارەكـانی كرێكـار دەكـات، كـە لـە ڕووی دەروونی ومەعنەویەوە تێكشكاو و لە ڕووی كۆمەڵایەتیشەوە بێ (ڕێز وهێز) بێت. ئەو دۆخـەش مـاركس بـە نامۆ بوون باسی لێوە دەكات كە بریتییە لە " دۆخێك تیایدا مرۆڤ خۆیی و ژیانی بێ ماناو بێ ئامانج و بێبەرهـەم دێتە بەرچاو "(ماركس ،٢٠٠١ :١٧٨ ) كرێكار بـەهۆی بێبەشـبوونی لەهـەموو ئـەو شـتانەی كـە بەرهـەمی هێنـاوەو وقوربـانی لـە پێنـاویـدا داوە، بـەلآم لەلایـەن چـینی سـەرمایەدارەوە لێـی زەوت كـراوە هەسـت بـە نـامۆبوون دەكـات، ئەمانە دەبنە پاڵنەر بۆ دروستبوونی هۆشـیاری چـینایەتی لای چـینی كرێكـار ئـەو هوشـیارییە یـەكێتی چینایەتی دروستدەكات، دواتر ڕێكخستنێكی شۆڕشگێری لەنێوان نـەوەكانی ئـەو چینـە دروسـت دەكـات، شۆڕشـێك وگـۆڕانێكی تەواو بنەڕەتی لە بونیادی كۆمەڵایەتیدا دروست دەكات، كۆمەڵگا بەرو قۆناغێكی نوێ دەگوێزرێتـەوە كەبریتیـە لـە سۆسیالیزم(ئیشتراكی)، بەبروای مـاركس لێـرەدا چـین نـامێنێ و ململانـێ كۆتـایی پێـدێت یەكسانی و دادپـەروەری بەرجەستە دەبێت( لوفیظ ،١٩٧١ : ١٠٦).

لێرەدا دەگەینەئەوەی كە هۆكاری ململانێ لای ماركس سەرچاوەكەی بۆ ئابوری دەگەڕێتەوە، بەلآم لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕەهەندی هێز و ئایدۆلۆجیا ووشیاربونەوەشی فەرامۆش نەكردوە، هەموو ئەمانـەش پێكەوە لە گەشەپێدان و گۆڕان و بەدیهێنانی یەكسانی و دادپەروەریدا بەشدار دەبن .

ئـەوەی جێگـەی ئاماژەبۆكردنـە خراپـی ڕەوش و بـارودۆخی كۆمەڵایـەتی وئـابوری و سیاسـی ئـەوروپا لـە دوای شۆڕشی پیشەسازی وفەرەنسیەوە و بەردەوامی ململانێكان زەمینەی بـۆ دەركـەوتنی ئاڕاسـتەیەكی نـوێی لـە تیـۆری كۆمەڵایەتی رەخساند، كـە لەڕێگـەی بـیروڕاو تیـۆرە جیاوازەكانیانـەوە هەولیانـدا بـە دوای دووبـارە ڕێكخسـتنەوەی ژیـانی كۆمەڵایەتـدا بگـەڕێن و لـە پێنـاو ڕێگریكـردن لـە ئـاڵۆزی و ململانێـی سیاسـی و بـەدیهێنانی سـەقامگیری و هاوسەنگی وتەواوكاریدا، چاكسازی لەكاروباری كۆمەڵایەتی و سیاسیدا بكەن، بۆ ئەو مەبەستە هەریەكە لە (ئوگست كۆنت، دوركهایم، تالكۆت بارسۆنز، روبرت میرتۆن ) تێڕوانینی خۆیان لەوبارەیەوە خستەروو.

## باسی دووەم / ململانێی سیاسی لەبەر ڕۆشنایی تیۆری سۆسیۆلۆجیدا

ململانێی سیاسی دەکرێت وەکو بابەتێکی کۆمەڵایەتی تەماشابکرێت و لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا شرۆڤەو شیکاری بۆ بکرێت، لەبەرئەوەی هەڵگری زیاد لە هۆکارێك ودەرهاویشتەیەکە، هەر لەبەر ئەمە لەم باسەدا لەبەر رۆشنایی تیۆری (بونیادی ئەرکگەرایی، ململانێ، ڕەخنەیی، چاکسازی)دا گرنگترین هۆکار، ئاست، شێواز، کاریگەری، چارەسەری ململانێکان بەگشتی و ململانێی سیاسی بەتایبەت دەخەینەڕوو، تابەرچاو ڕوونیەکی باشمان سەبارەت بە ململانێی سیاسی و کاریگەرییەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵ و کۆمەڵگا هەبێت، بەم شێوەی خوارەوە:

### یەکەم: تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی:-

بلاۆترین ئاراستەی هزری کۆمەڵایەتی هاوچەرخە، ئەم تیۆرە تێکەڵێکە لە هەردووتیۆری (بونیاد)و(ئەرکگەرایی)، لەچارەکی یەکەم لە سەدەی بیستەمدا لەسەردەستی کۆمەڵێك لە زانا جێگەی خۆی لە کۆمەڵناسیدا گرتووە (زێباری، ٢٠١٧: ٤٣) ، هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی تیوری مارکس، و پاڵپشتی کردن لە هزری پۆزەتیڤیزم کەلە ئەنجامی شۆرشی پیشەسازی بلاۆببۆوەو، ئامانجی تێرکردنی پێویستیەکانی چینی ناوەندبوو، مەبەستی سەرەکیش گەیشتن بوو بە هاوسەنگی و تەواوکاری و سەقامگیری و بیرۆکەی یاساکان، کە ڕاستیەکان و دیاردەکۆمەڵایەتیەکان ملکەچی بوون. لێرەدا بەگرنگی دەزانین بیروڕای هەندێك لە زانایانی ئەم ئاراستەیە بخەینە ڕوو ئەوانیش:

#### ١- ئۆگست کۆنت Auguste Comte (1798-1857):-

کۆمەڵناسێکی فەرەنسیە، بەداڕێژەری فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم ناسراوەو بە پشت بەستن بەئەنجامدانی چاکسازی هەمەلایەنە، جەخت لەسەر ڕێکخستن و دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵگە دەکاتەوە(دیلانی،١٣٩٥: ٩٤-٩٥). دۆخی ململانێی و ناسەقامگیری و پشێوی و ئاڵۆزییەکانی دوای شۆڕشی فەرەنسی و پیشەسازی ودەرهاویشتەکانی گەشەسەندنی ئابووری ئەوروپا، ببووە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی بێپێوەری و لادان لە بەهاکۆمەڵایەتییەکان و هەڵوەشان و لێکترازانی بونیادی کۆمەڵگە، هەموو ئەمانەش سەرچاوەی ئیلهام و پاڵنەری هزرو تێڕوانینەکانی ئۆگست کۆنت بوون، هەوڵیداوە لە ڕێگەی دۆزینەوەی یاساکانەوە ڕێگری لە ململانێ و پشێوی و شۆڕش بکات، تاوەکو پەیوەندی و هاوبەندی لە نێوان سیستەمە کۆمەڵایەتیەکاندا بپارێزێت وچارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکات و زەمینە بۆ سەقامگیری بڕەخسێنێت(عبدالرحمن، ٢٠٠٣: ١٢٨-١٢٩).

هزرو تێڕوانینەکانی کۆنت، بە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی هزری کۆمەڵناسی دادەنرێت، ئەو پێیوایە دەکرێت لەدوو دۆخی جیاوازدا لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵگە بکرێت، یەکەمیان دۆخی سەقامگیری یان ئارامییە کەبە (ستاتیکای کۆمەڵایەتی) ناوی دەبات و ئاماژەیە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەگۆڕو بوونی هاوبەندی و هاوکاری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، سەرباری بوونی جیاوازی لە رووی تێڕوانین و ئارەزووە جیاوازەکانیان، بەم هەنگاوەش

کۆنت توانیویێتی بنەمای یاسای هاوبەندی دابڕێژێت، بەڵام دووەمیان (دینامیکای کۆمەڵایەتییە) بریتییە لە دۆخی گۆڕان و پێشکەوتنی سیستم و بونیادی کۆمەڵایەتی، بەبڕوای کۆنت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەچەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕبووە تاکو گەیشتووە بە قۆناغی پۆزەتیفیزم وواقعی، سوودی ئەم قۆناغەش خۆی لە دۆزینەوەی یاسای پێشکەوتندا دەبینێتەوە(عبدالمعطي، ١٩٩٣: ١٥-١٧)، ئەوەش دەخاتە ڕوو، دینامیکای کۆمەڵایەتی گرنگی بەسروشت و هۆکاری ململانێ دەدات، بەڵام دەبێتە هۆی لێکترازانی سیستەمی کۆمەڵایەتی(حسین، ٢٠٢٠: ٢١).

لە تیۆرەکەی کۆنت، ململانێی سیاسی، یەکێکە لە گرفت و لادان و شێوانە ئەرکییەکانی سیستەمە لاوەکییەکانی نێو سیستەمە گشتییەکەی کۆمەڵگە، کاریگەری نەرێنی لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی درووست دەکات. ئەو لە کتێبی( ڕێچکەیەك لە سیاسەتی پۆزەتیڤیزم)دا لە ڕێگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی و باشترکردنی بارودۆخی تاکەکانی کۆمەڵگە، چارەسەر بۆ دیاردە وکێشە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتەڕوو، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵیداوە تیۆرێك لەشێوەی ئایندا بۆ مرۆڤایەتی بخاتەڕوو، تاکو لە ڕێگەیەوە کۆمەڵگەی مرۆیی بتوانێت بەسەر گوناه و گرێ و هاودژی و ململانێکانیدا زاڵ بێت و دووبارە لەسەر بنچینەیەکی بەهێزو پتەو خۆی بونیاد بنێتەوە، کۆنت بەرپرسیارێتی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و بوونی هاوکاری وهاوبەندی کۆمەڵایەتی دەخاتە ئەستۆی هەرسێ دامەزراوەی( پەروەردەو فێرکردن، خێزان، سیاسی) (ئەلحەسەن،٢٠١٨: ١٢٨-١٢٩).

هەموو ئەو بنەماو ڕێکارانەی کۆنت ئاماژەی پێکردوون و بەگرینگیان دەزانێت، هۆکارو مەرجی سەرەکین بۆ بونیادنانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تەندرووست و دوور لە ململانێ و ناسەقامگیری، چونکە ململانێی سیاسی ئەگەر ئامانجێکی ستراتیجی و گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی لە پشتەوە نەبێت، دەبێتە هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هاوشێوەی نەخۆشییەك زیان بە جەستەی کۆمەڵگە و ئەرکی دامەزراوەکانی وەك ( خێزان ،پەروەردە، سیاسی(حزب) ) دەگەیەنێت و توشی شکست دەبن .

### ٢- ئەمیل دۆرکهایم Emile Durkhim ( 1858- 1917)

یەکێکە لە پێشەوایانی زانستی کۆمەڵناسی فەرەنسی، لە شرۆڤەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا لە کۆنت جیاوازەو هەوڵیداوە بە دوای هۆکار و وەزیفەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا بگەڕێت، لەو بارەیەوە لە کتێبی(دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی)دا جەخت لە هاوبەندی کۆمەڵایەتی و گۆڕان و درووستبونی ململانێ و سەرهەڵدانی دیاردەی بێپێوەری کۆمەڵگە دەکاتەوە، بەجۆرێك ئەو پێیوایە گەشەکردنی کۆمەڵگە، دابەشکردنی کارو بەرپرسیارێتی زیاتر بەدوای خۆیدا دێنێت و ئەنجامەکەشی بەزیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان کۆتایی پێدێت سەرەڕای هەستکردنی تاکەکان بە بێبەشی و خۆبەراورد کردن بەکەسانی تر(عبدالباقی، ١٩٧٢: ٢٣٥).

دۆرکهایم کۆمەڵگەکان بۆ دووجۆری سەرەکی پۆلێن دەکات، یەکەمیان بریتییە لە کۆمەڵگەی بەرتەسك(دواکەوتوو)ئەو جۆرەیە لە کۆمەڵگە کە هاوبەندی میکانیکی لە نێوان تاکەکانیدا بوونی هەیەو بە ڕادەیەکی زۆر لەیەکدی دەچن و هەمان ئاستی لێهاتوویی و هەست و شانازییان بۆ بەهاکان هەیەو دیاردەی کار

دابەشکردن بوونی نیە، سروشتی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیەش بەجۆرێکە هەردەبێت بگۆڕێت، بەڵام جۆری دووەمیان بریتییە لە کۆمەڵگە چوارچێوە بەرفراوانەکان(پێشکەوتوو) ئەو کۆمەڵگایانە دەگرێتەوە کە هاوبەندی ئۆرگانی لەنێوان تاکەکانیدا بوونی هەیەو خاوەن پێکاتەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزن و پشت بە سیستەمی گرێبەست و پسپۆڕی و کاردابەشکردن دەبەستن ( أحمد، ٢٠٠٦: ١٠٤-١٠٥).

بەبڕوای دۆرکهایم، گواستنەوەی کۆمەڵگە لە هاوبەندی میکانیکییەوە بۆ هاوبەندی ئۆرگانی، پرۆسەیەکی لەسەرخۆییەو تایبەتمەندی هەرە دیاری ئەم پرۆسەیەش دەرکەوتنی دیاردەی نایەکسانی و بەرژەوەندی خوازی و تاکگەراییە، سەر دەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی ململانێ و کێشەی کۆمەڵایەتی و دیاردەی (ئەنۆمیی)، کە خۆی لە داڕمانی پێوەرو بەهاو ڕێسا کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوەو توندوتیژی وتاوان و ڕەفتاری لادەرانە بەدوای خۆیدا دێنێت، چونکە خۆشگوزەرانی مرۆڤ بەندە بە دابینکردنی پێداویستییەکانییەوەو هەرکاتێك ناهاوسەنگی لەنێوان پێداویستی و ئامرازەکانی بەرجەستەکردنی پێداویستییەکان و هەست بە نایەکسانی بوونی هەبێت ، تاك ڕووبەڕووی بێهیوایی و نائومێدی دەبێتەوەو کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکانی دەبێتە کارێکی ئەستەم( دیلانی، ١٣٩٥: ٣٠٧-٣٠٨).

دۆرکهایم خاوەن هزرو تێڕوانینێکی پارێزگارانەیە بۆ پاراستنی ڕەوشی هەیی (واقع)و بەهەموو شێوەیەك دژ بە ململانێ و ئەنجامدانی شۆڕش دەوەستێتەوە، ئەو پێیوایە دەکرێت لە ڕیگەی پرۆسەیەکی گۆڕانکاری پلەبەپلەو لەسەرخۆوە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدرێت، نەك ململانێ و شۆڕش(گیدنز، ٢٠١٦: ٧٦). ئەوەش دەخاتەڕوو، لەپێناو پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ڕێگریکردن لە درووستبوونی ململانێ و کێشەی کۆمەڵایەتی، پێویستە لەسەر تاك بەبەشی خۆی ڕازی بێت و قەناعەتی بەوەهەبێت کە لەژیانیدا هەیەتی، بۆ ئەو مەبەستەش بوونی یاساو دەسەڵاتێکی بەهێز بەپێویست دەزانێت (أحمد، ٢٠٠٦: ١٠٠-١٠١).

هاوکات بۆ چارەسەرکردنی دۆخی بێپێوەری کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئاماژە بە ڕۆڵی( خێزان، ئاین،بەهاو ڕێساو یاساکانی کۆمەڵگە )دەکات، لەوبارەیەوە بە بایەخەوە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەڕوانێت و پێی وایە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە ڕەگەزە باوەکانی کلتوری کۆمەڵایەتی دەوروبەرەکەی بەدەست دەهێنێت و هەر لەو ڕێگەیەشەوە فێری خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخ و داب و نەریت بەهاو بنەماو ئاڕاستانەدا دەبێت کە باون، ئەمەش لە بونیادو دروستبوونی سیماکانی کەسێتی ڕۆڵی کاریگەریان دەبێت (ئەلحەسەن، ٢٠١٨: ٢٥٧).

لە ژێر ڕۆشنایی تیورەکەی دورکهایمدا، کۆمەڵگەی کوردی لە پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ەوە خاوەن بونیادێکی کۆمەڵایەتی بوو، هاوبەندی لە نێوان تاك و کۆمەڵ و حزبدا بەهێزبوو تەنها یەك ئامانج و بەرژەوەندی ناسیۆنالیزمی هەبوو کە خۆی لە ڕزگاربوون لە جەورو ستەمەی دەسەڵاتی حزبی بەعسدا دەبینییەوە، بەڵام لەدوای ڕاپەرین هەرێمی کوردستان گۆڕان لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا ڕوویداووەو لەئەنجامدا جیاوازی بەرژەوەندی و حەزی بەدەستهێنانی دەسەڵات زەمینەی بۆ دروستبوونی ململانێی سیاسی نێوان حزبەکان خۆشکرد، تاکو ئێستاش

ئەو ململانێیانەو کاریگەرییەکانیان بەجۆرو شێوازی جیاواز لەکۆمەڵگەدا هەربوونی هەیە، بەجۆرێك هەریەکە لە حزبەکان لەپێناو پارێزگاری و مانەوەیان لەدەسەڵات پەنایان بۆ گەندەڵی بردووەو لەئەنجامیشدا چەندین قەیران بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، کە لە نێویاندا نایەکسانی و نادادپەروەری و لاوازبونی بەهاو پێوەرەکان و هەژاری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی خواست و داواکاری و زیادبوونی دەنگی ناڕازی و ڕەتکردنەوەو بێشکۆیی کۆمەڵایەتی و بێزاری و بێئومێدی،...هتد لەکۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆژ بەرۆژ زیاتر بووە ، سەرەڕای ئەوەی کە دورکهایم بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە ڕێگە چارەیەکی گونجاو دەزانێت، تالەڕێگەی ئەو پرۆسەیەوە تاك فێری خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخ و ڕەوش و بەهاو پێوەری کۆمەڵگاکەی ببێت ،بەڵام لە هەرێمی کوردستان، کەناڵەکانی پرۆسەی پێگەیاندنیش تاڕادەیەك پریشکی کاریگەرییە نەرێنیەکانی ململانێیان بەرکەوتووە کە ئەوەش مەترسیەکی گەورەیە بۆ داهاتووی کەسێتی کوردی .

### ٣- تالکۆت بارسۆنز Talcott Parsons (1902- 1979)

بارسونز یەکێکە لە بیرمەندو کۆمەڵناسە ناودارەکانی نێو قوتابخانەی بونیادی ئەرکگەرایی هاوچەرخ، ئەو لە تیۆری (سیستەمی کۆمەڵایەتی) دا پێیوایە سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، سیستەمێکی ئاڵۆزو پێکەوەبەستراوەو لە چوار سیستەمی لاوەکی یاخود وردە سیستەمی وەك( کولتوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری) پێکدێت، هەریەکەیان ئەرکی تایبەت بە خۆی هەیە( عبدالسلام، ١٩٨٦: ٦٩)

بە بڕوای بارسۆنز گرنتی مانەوەو سەقامگیری بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، بە بوونی پەیوەندی و کارلێککردن و تەواوکاری لەنێوان وردە سیستمەکانەوە بەندە، چونکە هەرکاتێك یەکێك لەو سیستمە لاوەکیانە نەیتوانی بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت و رووبەڕووی گرفت ببێتەوە، کاریگەری لەسەر ئەرکی سیستمەکانی دیکەش دروست دەکات و ئەنجامەکەشی بە لێکترازانی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە کۆتایی پێدێت( مرسی، ٢٠٠١: ١٧٨-١٧٩)، لەوبارەیەوە بەوردی شیکاری بۆ سیستمی سیاسی کردووەو پێیوایە پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، دەبێتە هۆی بەهێزکردنی بونیادی کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی پرەنسیپەکانی دیموکراتی، بەڵام بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگەو وڵاتە تازەپێگەیشتوەکاندا، قۆرخکردن و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لەلایەن گروپێکی سیاسیەوە، زەمینە بۆ ململانێ و شڵەژان و ئاژاوەگێڕی دەڕەخسێت و ئاستەنگ بۆ پرۆسەی گونجانی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی درووست دەکات، ئەم بارودۆخەش کاریگەریگەری نەرێنی لەسەر وەزیفەی لقە سیستمەکانی دیکە دروست دەکات ودەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەدیهێنانی تەواوکاری (البرزنجی، ٢٠٠٥: ٦٧). لەو چوارچێوەیەشدا شەش هۆکار وەك سەرچاوەی دروست بوونی ململانێ لە سیستەمی سیاسیدا دەخاتەروو لەوانە( ناکۆکی شاراوە لەنێو سیستەمدا، بەرگری لەپایەکانی دەسەڵات، بەکارهێنانی بێهێزەکان لەلایەن بەهێزەکانەوە، جیاوازی رۆشنبیری، دەرفەت نەڕەخساندن، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زیاتر لەوەی کەلەسیستمدا هەیە)، هەموو ئەمانەش لەئەنجامدا دەبنە هۆی قوڵبوونەوەو زیادبوونی ئارەزووی لادانی کۆمەڵایەتی (برو، ١٩٩٨: ١٢٥).

بارسۆنز وایدەبینێت باڵاترین وێنەی تەواوکاری خۆی لە هاوسەنگی نێوان لقە سیستەمەکاندا دەبینێتەوە، هەربۆیە ململانێ بەدیاردەیەکی ناپێویست و تەنانەت بە نەخۆشی دەزانیت و پێیوایە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم بەدیهێنانی پرۆسەی تەواوکاری و هاوسەنگی، چونکە بوونی هەرکەموکورتیەك لەیەکێك لە سیستەمەلقیەکاندا ئەبێتە هۆی دروستبوونی کەموکورتی لە سیستەمەکانی تردا هەروەك چۆن نەخۆشی لە ئەندامێکی جەستەدا دەبێتە هۆی پەکخستنی ئەداو وەزیفەی مرۆڤەکە (مرسی، ۲۰۰۱: ۱۸۱-۱۸۳).

هەر لەم تیورەدا لەڕێگەی بەرجەستەکردنی هاوسەنگی و تەواوکاری نێو سیستمی کۆمەڵایەتییەوە چارەسەر بۆ کێشەو ململانێکان کراوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەردوو پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بە باشترین بژاردەو هەنگاو دەزانێت تاکو لە ڕێگەیەوە سنوور بۆ لادانی کۆمەڵایەتی و ململانێ دابنرێت، بەجۆرێك پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، تاك لەسەر پێوەرو ئاڕاستە بەهاییە باوەکانی سیستەمەکە پەروەردە دەکات و ڕێگری لە دروستبوونی گرفت و کەم و کورتی نێو سیستمی کۆمەڵایەتی دەکات، هاوکات لە ڕێگەی پرۆسەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیەوە کە خۆی لە کۆمەڵێك ڕێکارو میکانیزمی وەك( دانبەخۆداگرتن، لێبووردەیی، سنووردانان بۆ هاوڕێیەتی، ئاین، یاسا، نەریت)دا دەبینێتەوە، سنوور بۆ شڵەژان و ململانێ و لادانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت و زەمینە بۆ هاوسەنگی کۆمەڵایەتی دەڕەخسێنرێت.( زاید، ۲۰۰۹: ۱۱٦).

لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکەی بارسۆنز، دەگەینە ئەو بڕوایەی، ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، دارای کۆمەڵێك هۆکاری وەك(دەستگرتن بە پایەکانی دەسەڵات، بەرژەوەندی کەسی، ئارەزووی خۆسەپێنی ، بەدەستهێنانی دەسەڵات)ە، بەوهۆیەوە سیستمی سیاسی وەك لقە سیستمێکی نێو سیستمی کۆمەڵایەتی رووبەرووی شڵەژان و ئاستەنگ و گرفت بووەتەوەو نەیتوانیوە بەئەرکی وەزیفی خۆی هەلبستێت و هاوسەنگی و تەواوکاری لەگەڵ لقەسیستەمەکانی دیکەدا بپارێزێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ململانێی سیاسی تارادەیەك کاریگەری نەرێنی لەسەر سیستمی ئابووری و کولتوری و کۆمەڵایەتی دروست کردووە، بەجۆرێك ململانێی سیاسی بووەتەهۆی سەرهەڵدانی قەیران و ناسەقامگیری ئابووری و لاوازبوونی ئاستی بژێوی زۆرینەی تاکەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەم دۆخەش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر سیستمی کولتوری دروستکردووەو زیانی بە بەشێك لە نۆرم و بەهاباڵاکانی کۆمەڵگە گەیاندووە، هەموو ئەمانەش بووەتەهۆی تێکچونی سیستمی کۆمەڵایەتی، بەجۆرێك کە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لەژێر کاریگەری ململانێ سیاسیەکاندا، نەیانتوانیوە بەباشی بە وەزیفەی خۆیان هەستن و تاکێکی تەندرووست لەرووی کۆمەڵایەتییەوە پێشکەش بە کۆمەڵگە بکەن، هەربۆیە هاوشێوەی بارسۆنز باوەڕمان وایە ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا وەك "نەخۆشی" زیانی بە سەرجەم لقە سیستەمەکانی دیکە گەیاندووەو ڕۆڵی بەرچاوی لە نەخشاندنی سیماکانی کەسێتی کورددا هەبووە.

### ٤- رۆبیرت کینگ مێرتۆن **Robert K. Merton** (1910 -2003)

**مێرتـۆن بیرمەنـدو کۆمەڵناسـێکی هاوچـەرخی ئەمریکیـە، رەخنـەی تونـد لـە تیـۆری بونیـادی ئەرکگـەرایی و تێڕوانینەکانی بارسۆنز دەگرێت، پێیوایە بارسۆنز تەنها گرنگی بە دۆزو بابەتەکانی وەك هاوسـەنگی و تـەواوکاری دەدات و دیـاردە گـرنگ و هەسـتیارەکانی وەك گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی و ململانێـی فـەرامۆش کـردووە، بەتایبـەتی لـە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا لە راڤەکردن و شیکاریی ئەم دیاردانەدا شکستی هێناوە.**

**تیۆری بێ پێوەری، یەکێکە لە تیـۆرە دیـارو ناسـراوەکانی مێرتـۆن، کـە لـە سـاڵی ١٩٦٨دا لـە چوارچێوەی کتـێبی (تیـۆری کۆمەڵایـەتی و بونیـادی کۆمەڵایـەتی)دا لەبـەر ڕۆشـنایی واقعـی کۆمەڵایـەتی کۆمەڵگـەی ئەمریکیـدا خراوەتەڕوو، تیایدا ئاماژە بـە نـامۆبوون لەکۆمەڵگەی ئـەمریکی دەکات، بـەجۆرێك لـە پێنـاو گەیشـتن بـە ئامـانج (خولیای ئەمریکی)، لایەنە ململانێکەرەکان (رکەبەرەکان)جگەلەوەی سەرجەم هێزو دەسەڵات و باڵادەسـتی خۆیـان بـەکاردەهێنن، لەهەمانکاتـدا پـەنا بـۆ هـەموو ئـامرازو رێگەیـەکی نـاڕەواو نائاکـاریش دەبـەن، دەرئـەنجامی هـەموو ئەمانــەش ئامــانج و مەبەســتەکان سروشــتێکی مــاددی وەردەگــرن و کولتورێــك باڵادەســت دەبێــت کــە تیایــدا پێوەرەباڵاکانی کۆنترۆڵی رەفتاری تاکەکان هێزو تواناو گرنگییـان لەدەسـتدەدەن، هەربۆیـە میرتـۆن پێیوایـە لادانـی کۆمەڵایــەتی و تــاوان و بــێ پێــوەری بــۆ بونیــادو پێکهاتــەی کۆمەڵایــەتی و سیســتمی کولتــوری و کۆمەڵایــەتی دەگەڕێتــەوە، نــەك گەشــەی ئــابووری و تێرنــەبوونی ئارەزوەکــانی مــرۆڤ وەك ئــەوەی کــە دورکهــایم ئامــاژەی پێداوە(ساری، ١٩٨٩: ٥١-٥٢).**

**ئەو پێیوایـە هـەردوو تـوخمی ( ئامـانج، ئـامراز)، رۆڵـی سـەرەکی دەبیـنن لـە بونیـادی کۆمەڵایەتیـدا، بـەجۆرێك هەرکاتێك ئامانـج و مەبەستەکان هاوتای ئامرازەباوەکانی هەڵهێنجراوی کولتـورو بەهاکۆمەڵایەتییـەکان بێـت، ئـەوا کۆمەڵگە لەدۆخی هاوسەنگ و سەقامگیریدا دەبێت، بە پێچەوانەشەوە هـەرکات ئامـانج و ئامرازەکـانی گەیشـتن بـە ئامانج هاوسـەنگ نـەبوون، دۆخـی کۆمەڵگـە لاسـەنگ دەبێـت و بـە ئاراسـتەی نـامۆبوون هـەنگاو دەنێـت، هەربۆیـە میرتــۆن پێیوایــە بەریەككــەوتن و کــارلێکی ئــەم دوو توخمــە، دەبێتــە هــۆی دەرکــەوتنی چــەند دەرهاویشــتەو شێوەگرتنێك لە رەفتار وکەسێتی تاکەکاندا لەوانە:-**

**یەکـەم: گونجـان** Conformity **بـەبڕوای مێرتـۆن ئـەم پەرچـەکردارە لـە ئـەنجامی هاوسـەنگبوونی ( ئامـانج و ئامراز)دا درووست دەبێت، بەجۆرێك ئەو ئامانج و مەبەستانەی کەلە چوارچێوەی کولتورو بەهاکۆمەڵایەتییـەکانی کۆمەڵگەدا قبوڵکراون، لەرێگەی ئامرازو پێوەرە یاسایی و کولتورییەکانەوە بەرجەستە دەبن و هیچ بەریەککەوتن و دژیەکییـەك لەنێوانیانـدا روونـادات، ئەمـەش بێگومـان زەمینـەی سـەقامگیری کۆمەڵگـە دەرەخسێنێت و کـەمترین ڕێژەی لادانی کۆمەڵایەتی روودەدات**(Merton,1968:195) .

دووەم: داهێنان Innovation : پەرچەکرداری داهێنان یاخود گەڕان بەدوای ئامرازێکی نوێی گەیشتن بە ئامانج، یەکێکە لەو دەرهاویشتانەی تاك پەنای بۆ دەبات، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە تاك ناتوانێت یاخود نایەوێت ئامرازە باو و یاسایی و ڕێگەپێدراوەکانی کۆمەڵگە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەکاربهێنێت، بەڵکو بەدوای ئامرازێکی خێراو کاریگەردا دەگەڕێت تاکو بەزوویی و بەبێ ماندوبوونی زۆر ئامانجەکانی بەدەستبێنێت( Merton,1968: 195-197).

سێیەم: پابەندبوون بە ڕێوڕەسم Ritualism : میرتۆن پێیوایە هەندێکجار تاك لەژێر کاریگەری پابەندبوون بە ڕێورەسمە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکاندا، بەبێ مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو بەناچاری ئامرازە باوەکانی کۆمەڵگە بۆ گەیشتن بە ئامانج پەیڕەو دەکات(Merton,1968:207).

چوارەم: گۆشەگیری Retreatism : یەکێکی دیکەیە لە دەرهاویشتە نەرێنییەکانی کارلێکی نێوان توخمەکانی ئامانج و ئامراز، ئەمەش لەکاتێکدا ڕوودەدات، تاك ئامانج و ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانج ڕەتدەکاتەوەو بڕوای پێیان نییە، لەبەرامبەردا پاشەکشەو دوورەپەرێز دەبێت لەکۆمەڵگەو توانای ئەوەشی نییە داهێنان بکات و ئامرازێکی نوێ بۆ گەیشتن بەئامانج بۆخۆی بدۆزێتەوە، لەم دۆخەدا تاك لەگەڵ ئامانج و ئامرازە شەرعییەکاندا دەکەوێتە ململانێیەکی توندەوە، لە ئەنجامدا بەشکست و نامۆبوونی خۆی کۆتایی پێدێت(Merton,1968:207-208).

پێنجەم: هەڵگەڕانەوەو یاخی بوون Rebellion: ئەم دۆخە لەکاتێکدا درووست دەبێت کە تاك لەیەککاتدا ئامانج و ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانج رەتدەکاتەوە، بەڵام پاشەکشەو دوورەپەرێز ناوەستێت، بەڵکو هەوڵدەدات ئامرازێکی نوێ بدۆزێتەوە بۆ گۆڕینی بونیادی کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی(-Merton,1968:209 210).

جێگەی باسە تیۆری بێپێوەری میرتۆن، لەبەرۆشنایی دۆخی ململانێ و ناسەقامگیری و شێواوی کۆمەڵگەی ئەمریکی داڕێژراوە، کەبە( دۆخی بێ ئاکاری کۆمەڵایەتی Demoralization )ناودەبرێت، لەو چوارچێوەیەشدا هەریەکە لە پەرچەکردارەکانی (گونجان و پابەندبوون بە ڕێوڕەسم ) وەك دوو دەرهاویشتەی نۆرماڵ و ئاسایی ئەژمار دەکرێن، بەڵام هەریەکە لە (داهێنان، گۆشەگیری، هەڵگەڕانەوە) نمونەی وەك پەرچەکرداری نامۆیی و ئەنۆمی کۆمەڵگە ئەژمار دەکرێن.

لێکەوتەکانی ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، تیۆری ( بێ پێوەری ) میرتۆن دەکاتە راستییەکی سەلمێنراو، چونکە بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لایەن و حزب و تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی ناتوانن لەڕێگەی ئامرازە شەرعی و ڕێگەپێدراوەکانەوە خواست و ئامانجەکانیان بەدەستبێنن، واتە ئامانج و ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانج هاوسەنگ نین، هەربۆیە بەشێکی زۆریان بۆ گەیشتن بە ئامانج و خواستەکانیان بەدوای ئامرازو ڕێگەی

دیکەدا وێڵن، کە تارادەیەك نـامۆن بـە کولتـورو بەهاکۆمەڵایەتیـەکان و بەوهۆیەشـەوە دیاردەیـەك سـەری هەڵـداوە، میرتـۆن بـە داهێنـان نـاوی بـردووە، بەشێکیشـیان دوورەپـەریزییان لـە ژیـانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی هەڵبـژاردووەو هەندێکیشیان سروشتێکی هەلگەڕاوەو توندئاژۆیان تیا بەدی دەکرێت، بەم شێوەیە دۆخـی بـێ پێـوەری لـە کولتـورو بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەلگەی کوردی سـەریهەڵداوەو چـەندین دیـاردەی کۆمەڵایـەتی نادرووسـتی وەك( تـاوان، نامۆیی، گەندەڵی، خەمساردی، چاوچنۆکی، گۆشـەگیری، یـاخی بـوون..) لـەناو کۆمەلگـەدا هەسـتی پێـدەکرێت و لـە کەسێتی تاکەکاندا رەنگیداوەتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی تا کۆتایی ساڵانی سەدەی بیستەم، تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی بە ئاڕاسـتەیەکی بـاڵاو بـەهێزی نێو زانستی کۆمەڵناسی ئـەژماردەکرا، بـەڵام بـەهۆی کورتهێنـانی ئـەم ئاڕاسـتەیە لـە لێکۆڵینـەوەو شـیکردنەوەیەکی واقعیانە بۆ کۆمەلگەو زاڵبونی ئایدۆلۆجیای رازیبوون بەباروددۆخ و رەخنە نەگرتن لە واقـع لەلایـەن رابـەرانی ئـەم ئاڕاسـتەیەوە، بـووە هـۆی دەرکـەوتنی ئاڕاسـتەو هەڵوێسـتێکی رەخنـە گرانـە بەرامبـەر بـە بونیـادی ئەرکگـەرایی و دووبارە گەڕانەوە بۆ بیری مارکسیەت و داننان بـە جیـاوازی و نایەکسانییەکان، بەتایبـەتیش دەرکـەوتنی ئاراسـتەی رادیکالی و هەوڵدان بۆ گۆڕانکاریکردن و گونجاندنی بونیادی ئەرکگەرایی لەگەڵ واقعدا، بووبە ئاڕاسـتەیەکی دیـاری قۆناغەکـە. هـەموو ئەمانـەش هاوکـات بـوو لەگـەڵ دەرکـەوتنی چـەندین کێشـەو گـرفتی گـەورەی وەك( جیـاوازی رەگەزی، جیاکاری جێندەری، جەنگە یەك لەدوایەکەکان، ململانێی ئیتنی و ئاینی و مەزهـەبی...) لەلایەکـەوە بـووە هـۆی دامـاڵینی ئـەرکی راسـتەقینەی بونیـادی ئەرکگـەرایی لـە بـەدیهێنانی تـەواوکاری لـەنێوان سیسـتەمەکان و بەرجەستەکردنی هاوسەنگی، لەهەمانکاتدا ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لـە زەمینەسـازکردن بـۆ دەرکـەوتنی بزوتنـەوە کۆمەڵایەتیەکان بەمەبەستی گـۆڕینی واقـع و بـەدیهێنانی مـاف هەربۆیـە جارێکی ترخواسـتی گەڕانـەوە بـۆ تیـۆری مارکس و ئاڕاستەی ململانێ بووە جێگەی بایەخی بیرمەندان .

## دووەم: تیۆری ململانێ:-

تیـۆری ململانـێ یەکێکـە لـەتیۆرە سـەرەکیەکانی کۆمەڵناسـی، لەبەرئـەوەی ململانـێ بـاڵی بەسـەر سـەرجەم پەیوەندیەکان لەکۆمەڵگا کێشاوە بەتایبەت لەکایەی سیاسیدا، گرنگی و تایبەتمەندی ئەم بابەتەو فرەڕەهەندیەکەی بۆتە هۆی ئـەوەی بەچـەندین شـێوازی جیـاواز شـرۆڤە و شـیکاری بـۆ بکرێـت و بیرمەنـدان بـیروڕای جۆراوجۆریـان لەبارەوە هەبێت، هەریەکە لە تیۆرەکان سەرچاوەیەك یـان زیاتریـان ئامـاژە پێکـردوە بـۆ دروسـت بـوونی ململانـێ، هەروەها کاراکتەرەکانی پرۆسەی ململانـێ لـە بیرمەندێکـەوە بـۆ یـەکێکی دیکـە دەگۆڕێـت، سـەرەڕای جیاوازیـان بـۆ خـودی ململانێکـە و جۆرەکـانی و کاریگەرییـەکانی، هەربۆیـە بـەگرنگی دەزانیـنن ئامـاژە بـە دوو جـۆر لـە تیـۆری ململانێ بکەین یەکێکیان جەخت لە بـوونی ململانێـی چینایەتی دەکاتـەوە و ئـەویتریان ئاراسـتەیەکی ڕەخنەییـەو ململانێـی چینایەتی رەتدەکەنـەوەو بزوتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان بـە بزوێنـەری ململانیکـان دەزانـن هـەروەك لـە خوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین:-

### ١- لویس کوزەر Lewis coser( 1913 -2003 )

کوزەر لە ئەڵمانیا لە دایك بووە، ئاراستەو تێڕوانینێکی نوێ و تارادەیەك جیاوازی لەبارەی ململانێ وە هەیە، لە یەکێك لە کتێبەکانیدا بەناونیشانی (وەزیفەی ململانێی کۆمەڵایەتی) لە ساڵی ١٩٥٦ دەرچووە، هۆکارەکانی دروستبوونی ململانێ و جۆرەکانی لەگەڵ ئەرکە ئەرێنی ونەرێنیەکانیشی خستۆتەڕوو (Coser,1956, 34).

سەبارەت بە ململانێی نێو سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئەرکی ململانێکە، کوزەر کۆمەڵێك گریمانەی خستوەتەڕوو، بەجۆرێك ئەو وا دادەنێت، بوونی ناهاوسەنگی لە نێوان سیستەمە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ناکۆکی و ململانێ، ئەم بارودۆخەش دەبێتە هۆی ئەوەی، دووبارە پەیوەندییەکانیان بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی پێشوو درووست ببنەوە. پاشان ئەو وایدادەنێت زیادبوونی کراوەیی لە بونیادی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی بەهۆی ململانێوە سەریانهەڵداوە، لەئەنجامدا بەهۆی ململانێوە تەواوکاری لەنێوان سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی نێو بونیادی کۆمەڵایەتی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن زیاد دەبێت (Coser,1956, 34-35).

کوزەر ململانێ بۆکۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێنێتەوە لەوانە: سۆز (عاطفة) کاریگەری لە دەرکەوتنی ململانێی دوژمندارانەو توندا هەیە بەتایبەت لای ئەو تاکانەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز کۆی کردونەتەوە، یەکێکی تر لەهۆکارەکان لەپێناو دەسەڵاتدا لە دامەزروەکان و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکاندا، پێی وایە زیاد بوونی هێز دەبێتە هۆی زیاد بوونی دەسەڵات، لەبەرئەوە هێز یەکلاکەرەوەیە بۆ ململانێ لەناو ڕێکخستنەکاندا، هەر لەبەرئەمەش کاتێك پەیوەندیەکان لە ڕووی هێزەوە هاوسەنگ و هاوشێوە نابن ئەواململانێ ڕوودەدات، سەرەڕای ئەمانەش نەبوونی ئامانج و بەرژەوەندی هاوبەش و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەت، هۆیەکی ترە، کاتێك گروپەکان هەست بە بێبەشبوون لە مافەکانیان و ڕێگری لە بەدیهێنانی ئامانج و ویستەکانیان دەکەن، ئەمە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ ئەوەی کار بۆ گەڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان بکەن . هەرلەبەر ئەمانە کوزەر ململانێ بە تێکۆشان لە پێناو بەهایەکی دیاریکراو، سەرچاوەکانی دەسەڵات، بالأدەستی، هێزێك، یان سەرچاوەیەکی ناوازە دەزانێت (زایتلن، ١٩٨٩: ١٧٨-١٧٩)

تێڕوانینی کوزەر بۆ وەزیفەی ململانێکان بەپێی جۆری پەیوەندی و بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە جیاوازە، بەجۆرێك پێیوایە ململانێ لە کۆمەڵگە داخراوو سەرەتاییەکاندا نەرێنیەو بەئاڕاستەی دارمانی کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێت و کاریگەری نەرێنی لەسەر کەسێتی تاکەکان درووست دەکات، چونکە لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا هیچ جۆرە دەرچەو کەناڵێك نییە تا بەهۆیەوە تاکەکان ململانێکانیانی پێ خاڵی بکەنەوەو بەشێوەیەکی واقعی و لەکاتی خۆیدا ململانێی یەکتر بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە پێناو پاراستنی پەیوەندی و تەواوکاری و هاوبەندییان، سەرجەم کێشەو ململانێکانیان خەفەدەکەن، ئەم بارودۆخەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دڵەڕاوکێ و شکست و شڵەژانی دەرونی لای تاکەکانی کۆمەڵگە، سەرهەڵدانی توندو تیژی و پەرتبوونی کۆمەڵگا، بەڵام ململانێ لە

کۆمەڵگە کراوەکاندا ئەرێنیەو بەهۆی نەبوونی فشارو کپ نەکردنەوەو بێدەنگ نەبوونی تاکەکان بەرامبەر بە ناکۆکییەکان و خۆخاڵیکردنەوەیان لەو پرس و بابەتانەی کۆك نین لەسەری، دەبێتە هۆی خۆگونجاندن لەگەڵ ململانێ و کەم بوونەوەی هێزەکەی، هەموو ئەمانەش یارمەتی تاکەکانی کۆمەڵگە دەدەن کەمتر رووبەرووی دڵەراوکێ و خۆخواردنەوەو شڵەژانی دەروونی ببن، لەئەنجامدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ناسەقامگیری و نائارامی لای لایەنە ململانێکەرەکان زیاد بوونی یەکێتی هاوسەنگی و هاوبەندی (تضامن)و پەیوەندی ناوخۆیی هەروەها مەرکەزی بوونی بڕیار لە گروپەکەدا(Coser,1956, 33-36 ).

کوزەر ململانێ لەنێو سیستەمی کۆمەڵایەتیدا لەسەر بنەمای (واقعی، ناواقعی) پۆلێن دەکات، ململانێی واقعی لە تێڕوانینی ئەودا زۆبەی جار کردەیەکی ئەقڵانی و ئەرکەکییەو لەپێناو بەدیهێنانی داواکاری و ماف و ئامانجە تایبەتییەکانی گروپەکاندا لەچوارچێوەی ڕێساو یاسایەکی ڕێکخراودا ڕوودەدات، لایەنی ئەرێنی ئەم ململانێیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، ڕووبەڕوبونەوەی توندوتیژی تیانییەو بەئامانجی کەمکردنەوەو لابردنی فشارو بەرجەستەکردنی سەقامگیری و پارێزگاریکردن لە دۆخ و سیستەم ڕوودەدات، هەرکاتێکیش ویست و داواکاری ئامانجەکان بەدیهات ململانێکەش کۆتایی پێدێت، بەڵام ململانێی ناواقعی ئەو جۆرەیە لە ململانێ کە لایەنە ناکۆکەکان توانای دیاریکردنی ئامانجی ململانێکەیان نییەو زۆربەی جار بە ململانێی بەرژەوەندی تایبەت دەناسرێت، ئەم ململانێیە دەرئەنجامی ناسەقامگیری و بێبەشکردنی تاکەکانە لە بەدەستهێنانی پێداویستییەکان ،یان بۆ سەلماندنی خودە، یان کاتێك لایەنە ناکۆکەکان لەپەیوەندییەکی دوژمنکارانەو ناکۆك و نەرێنیدابن و گیانی رق و کینەو تۆڵەسەندنەوە بەسەریاندا زاڵ بێت، بە تەقینەوەی ململانێکان و زەمینەسازکردن بۆ دەرکەوتنی ململانێی دوژمنکارانە لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا هەنگاو دەنێت، ئەمەش وایکردووە ململانێی ناواقعی وەزیفەیەکی نەرێنی و نائەرکەکیی هەبێت(Coser ، 1956: 151-154).

کوزەر لە پۆلێنێکی دیکەدا ململانێکان دەکاتە دوو جۆری سەرەکی ، جۆری یەکەمیان بریتییە لە( ململانێی دەرەکی) یاخود ململانێی نێوان گروپە ناکۆکەکان کە لەڕووی ئامانج و بەرژەوەندییەوە لەیەکتر جیاوازن، بەهێزی و گەشەسەندنی ئەم جۆرە ململانێیەش بەندە بە هاوبەندی نێوخۆیی لەنێوان گروپە ململانێکارەکاندا، بەجۆرێك دووبارەبوونەوەی ململانێ دەرەکییەکان و سەرقاڵ بوونی گروپێك بە ململانێی نێوخۆییەوە، توندی و بەهێزی ململانێ دەرەکییەکانی لاواز دەکات . لەگەڵ ئەوەشدا بەبۆچوونی کوزەر وەزیفەی ململانێ دەرەکیەکان ئەرێنییە بەجۆرێك بەهێزبوون ئەدات بە پەیوەندیەکان لەناوخۆدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێتە هۆی زیاد بوونی هوشیاریی گروپەکان تاهەموو هێز و توانای خۆیان بەکاربهێنن دژی گروپەکەی بەرامبەریان، هەر بۆیە ململانێی ناوخۆیی کەم ئەبێتەوەو خەفە ئەکرێت لە ئەنجامی یەکێتی گروپەکەوە، بەڵام جۆری دووهەمیان( ململانێی ناوخۆیی)ە:ئەم جۆرە لەناو یەکەیەك یاخود گروپێکدا ڕوودەدات، پەیوەستە بە بەهاو ئامانج و بەرژەوەندیە سەرەکیەکانی گروپەکەوە، دەبێتەهۆی خاڵیکردنەوەو رەوینەوەی گرژی و دڵەڕاوکێ و ڕێگریکردن لە پێکدادانی بەرژەوەندیخوازانەی نێوان تاکەکانی گروپەکە، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ پارێزگاریکردن لە مانەوەو

بەردەوامی گروپەکەو پێکهێنانی ڕێکخستنێکی نوێ لە نێوانیاندا، بەهۆیەوە دەتوانن ڕووبەڕووی هەموو هەڕەشەو پێشهاتێکی دەرەکی ببنەوە، لەم بارودۆخەدا ململانێ ئەرك و وەزیفەیەکی گرنگ دەبینێت لە ئاسانکاری بۆ پرۆسەی خۆگونجاندنی گروپ لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتیە نوێیەکاندا، بەڵام ئەگەر هاتوو گروپەکان ڕێکنەکەوتن لەسەر ئامانج و بەرژەوەندی وبەهای هاوبەش کەوتنە بەر هەرەشەی دوژمنکارانە و بەشێوەیەکی نەیار ئەندامانی یەك گروپ لەنێوان خۆیاندا لەیەکتریان ڕوانی، ئەمە هەڕەشە دەبێت بۆ سەر بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا پرۆسەی ململانێ لایەنی ئەرێنی خۆی لەدەست دەدات بەتایبەت لە ڕووی هاوبەندی وگونجاندن و تەواوکاری لەناو گروپەکەدا (39-36؛ 1956 ، Coser).

لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکەی کوزەر، دەگەینە ئەو بڕوایەی بەشێکی زۆر لە تێڕوانینەکانی بۆ پرۆسەی ململانێ هاوتەریبە لەگەڵ هۆکارو جۆرو ئەنجامی ململانێ سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، لەو بارەیەوە ململانێ لەپێناو دەسەڵات و بەرژەوەندی لەلایەن گروپێك یان حزبێکەوەو هەستکردنی گروپ ولایەنەکانی دیکە بە ماف خوراوی و هەوڵدانیان بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی لە دەسەڵات و بەرژەوەندییەکاندا، لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ململانێی سیاسین لە کوردستاندا، کە هەمان ئەو هۆکارانەیە کە کوزەر ئاماژەی پێکردووە. هاوکات پێویستە ئەوە بوترێ کە ڕق و کینەی لە پێشینە و سۆزو پەیوەندی خوێن کاریگەری لەسەر توندی و ماوەی ململانێکانی هەبووە، هەروەك ئەوەی کوزەر لە تیۆرەکەیدا ئاماژەی پێداوە، چونکە کۆمەڵگەی کوردی تارادەیەك خێڵەکییەو لەسەر بنەمای سۆز و هاوپشتی و خوێن پەیوەندییەکانیان داڕێژراوە، ئەمەش وایکردووە ململانێی نێوان حزبەکان توندو ماوە درێژبێت، چونکە بەشی زۆری ئەندام و چەکداری حزبە کوردییەکان سەربە چەند خێڵ و هۆزێکی دیاری کوردستانن، لە کاتی سەرهەڵدانی ململانێی نێوان حزبەکاندا، لەژێر کاریگەری سۆزو هاوبەندی کۆمەڵایەتیدا زۆربەی خێڵ و هۆزەکان دەبنە بەشێك لە ململانێکە ئەمەش ماوەو توندی ململانێکانی زیاتر کردوە. هاوکات زۆر بەئاسانی جۆرو شێوازە جیاوازەکانی ململانێ کە کوزەر لە تیۆرەکەیدا خستویەتییەڕوو، لە کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، بەجۆرێك تاکو ڕاپەڕینی نەورۆزی ساڵی ۱۹۹۱ حزب و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی و نیشتیمانی لە دژی حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق لە ململانێیەکی سەختی سیاسی و سەربازیدا بوون، لە تێڕوانینی کوزەردا ئەم جۆرە ململانێیانە، مۆرك و شێوازێکی دەرەکی بەخۆوە دەگرن، بەڵام لەدوای ڕاپەرینەکەی ۱۹۹۱وە ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان بەشێوەی ناوخۆیی و ناواقعی بووە، بەجۆرێك هۆکاری ململانێکە لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتدا سەریان هەڵداوە، هەموو ئەمانەش دوورن لە بەها نیشتمانی و نەتەوەیی، ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی بۆسەر خودی حزبە سیاسیەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیماکانی کەسێتی کورددی لەناوچەکەدا لێکەوتۆتەوە، چونکە زۆربەی جار ئاستی ئەم ململانێیانە ئەوەندە توند و ماوە درێژبووە و گەیشتونەتە ئاستی پێکدادان و بەکارهێنانی هێزی چەکداری لەدژی یەکتر، بەڵام ئەبێ ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرین، ململانێی دەرەکیی بووەتە هۆی زیادبوونی ئاستی هۆشیاری گروپەکان سەبارەت بە مافە ڕەواکانی میلەتی کورد، هاوکات تاڕادەیەك هۆکاریش بوون بۆ سەرکردن و ڕەوینەوەی ململانێ

ناوخۆییـەکان، بەتایبـەتیش ململانـێ سیاسـیەکانی نێـوان هـەرێم و ناوەنـد، هەنـدێك جـار حزبـە کوردسـتانییەکان لەپێناو پرسە نەتەوەییەکاندا یەکڕیزی نیشتمانیان هەڵبـژاردووە، ئەمـەش راسـتەوخۆ بـە ئاراسـتەی بـەهێزبوونی پێگەی هەرێم و هاوبەندی و چەسپاندی کۆمەڵێك بەهاو سیمای وەك نەتەوەیی و ئازایەتی و فیـداکاری لەکەسـێتی کورددا هەنگاوی ناوە، بێگومان لەمەیاندا هاوڕای تیۆرەکەی کوزەرین.

## ٢- رالف دارندۆف Ralf Dahrandorf (1929 -2009)

دارنـدۆف زانایـەکی کۆمەڵناسـی ئەڵمانییـە، لـە ئـەنجامی ڕەخنـەی لـەبونیادی ئەرکگـەرایی و تیـوری مارکسـی تیورەکەی خۆی بنیات ناوە، لە ئەنجامی تێکەڵکردنی ئەم دوو تیورە بەیەکتر تیورەکەی خۆی داڕشتوە. ململانێ بـە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سروشتی دەزانێت، لـە هـەموو کۆمەڵگایەکـدا ڕوودەدات و بـەهۆکارێکی گـرنگ هـەژماری دەکات بۆ گۆڕان، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات، کۆمـەڵگا دوو ڕووی هەیـە یـەکێکیان بـەدوای جـێگیری و سەقامگیریدایە ئەوی تریان بەدوای گۆڕان و ململانێ (داهرندوف،٢٠٠٨: ٦٢).

یەکێك لـە کتێبـەکانی بەناونیشـانی ( چـین و ململانێـی چینایەتی لـە کۆمـەڵگای پیشەسـازی )ە کەلـە لەسـاڵی ١٩٥٩ دەرچووە، تیایدا تیورەکەی خۆی لە بارەی ململانێوە خستۆتە ڕوو، لەشیکارییەکانی بۆ ململانێ لـە کۆمـەڵگای دوای سـەرمایەداریدا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات، ململانێیـەکی ڕێکخـراوە لـەژێر بـوونی یاسـایەکی دیاریکراودایـەو دەکرێـت کۆنـترۆڵ بکرێت. لێرەدا ئەوە دەردەخات، ململانێ مەرج نیە تەنها لە مەیدانی ئابوریدا ڕووبدات، بەڵکو لە ناوەنـدە جۆراوجۆرەکانی وەك سیاسیشدا لەپێناو قۆرغکردنی هۆکارەکانی هێزو دەسەڵاتدا لەلایەن چینێکەوە یان کەسێکەوە ڕوودەدات (زایتلن، ١٩٨٩: ١٨٥-١٩٠) .

دارندۆف پێی وایە هێزو دەسەڵات ئەو سەرچاوە ناوازانـەن کـە ململانێـی لـەپێناودا دەکرێـت، ئـەو ململانێیـەش ڕەنگدانـەوەی ئـەو دۆخەیـە کـە ڕۆڵـە جیاوازەکـان هـەوڵ بـۆ گرتنـە دەسـتی هێـزو دەسـەڵات و دەسـتەبەرکردنی بەرژەوەندیـە تایبـەتی(خودی)و بابەتیـەکانیان بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ دەدەن، هـەروەك ئـەوەی فەرمانڕەوایـەك هێزو دەسەڵاتی بـۆ بۆکـۆنترۆڵکردنی کەسـانی تـر بـەکاردەهێنێت، بەرژەونـدی لەوەدایـە بمێنێتـەوە پارێزگـاری لـە پێگەکەی بکات، بەڵام فەرمانپێکراو وەکو لایەنی ئۆپۆزسۆن دەردەکەوێت ئەویش لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا داوای دووبارە دابەشکردنەوەی هێزو دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی یەکسان دەکات، لە دۆخێکی ئاوهادا بەرژەوەندی دژیەك و دوولایەنی ململانێکار دروست دەبێت، هەریەکەیان هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی هێزو دەسەڵات دەدات، ئەم ململانێیەش ئەبێتە هۆی دابەشکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بەڵام جارێکی تر ململانێ دروست دەبێتـەوە، بـەم شـێوەیە ململانـێ لـە پێناو هێزو دەسەڵاتدا لە دامەزراوە و ڕێکخستنە جۆراوجۆرەکانـدا بـەجیاوازی جـۆر وەزیفـەکانیان کۆتـایی نایـەت، هەربۆیە ململانێی نـوێ بـۆ بـەهای نـوێ کـە کۆمـەڵگای سـەرمایەداری بەرهـەمی ئـەهێنێ دروسـت دەبێـت، ئـەوەش ئەوەستێتە سەر هۆشیاری تاکایەتی و توانست و ئازادیەکانی تاك و دیموکراتی(عثمان، ٢٠٠٨: ٩٥).

لە تێڕوانینی دارندۆفدا ململانێ پرۆسەیەکی خولخواردوی بەردەوامی کۆتایی نەهاتووە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی سیتەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەر کۆمەڵگایەك لە دوو گروپی جیاواز پێکدێت ئەوانیش دەسەڵاتدار و ژێردەستەیە هەمیشە لە ململانێدان بەهۆی نایەکسانی لە دابەشکردنی هێزو دەسەڵات داوای دووبارە دابەشکردنەوەی دەکەن تاوەکو چینی ژێردەستە لە زوڵم و زۆری گروپی دەسەڵاتدار ڕزگار بکەن و دادپەروەری بگەڕێنەوە بەڵام دووبارە سیستەمی نوێش توشی ئەو دۆخەی دەسەڵاتدارەکان دەبنەوە بەمەش دیسان ململانێ بۆ خواستی نوێ سەرهەڵدەداتەوە.

### ٣- راندالْ کولێنس Collins Randell

کۆلێنس زانایەکی کۆمەڵناسی ئەمریکییە لە ساڵی ١٩٤١ لە دایك بووە، لە کتێبی (سۆسیۆلۆژیای ململانێ) ئەوەی خستۆتە ڕوو، پێویستە لێکۆڵینەوە لەبارەی ململانێوە، پشتبەستووبێت بە واقع لە چوارچێوەی شیکاری پەیوەندی هۆکاریدا(التحليل العلاقات السببيه)، هاوکات بەجۆرێکی گشتگیر( شمولی) تیۆرەکەی خۆی دارشتوە و دەکرێت هەموو پەیوەندیە جیاوازەکان بگرێتەخۆ.

کۆلینس هۆکاری دروستبوونی ململانێ دەگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤ کە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و لەهەمانکاتدا ململانێکەریشە، لەلایەکی دیکەوە بۆ نایەکسانی لە خاوەنداریتی سەروەت و سامان و هێز و باڵادەستی و کاڵا، بەرمەبنای ئەو نایەکسانییەش هەموو مرۆڤ و گروپ و لایەنەکان لە ململانێیەکی سەختدان و کاردەکەن بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان وتابتوانن بەرژەوەندییەکانیان بەدیبهێنن، بۆ ئەو مەبەستەش هەموو ئامرازە جۆر بەجۆرەکانی دەستبەسەرداگرتنی وەکو ( گرتنەبەری زۆرەملێ و لەخشتەبردنی هۆشیاری کەسانی دیکە(چەواشەکاری)، بەرهەمهێنانی جۆرێك لە کلتوری جیا کەرەوەو بەرز نرخاندن) بەکاردەهێنن، هەروەك ئەوەی، گروپگەلی سیاسی رێکخراو لە نێو پێکهاتەی سیاسیدا بوونیان هەیە، جا لەدەرەوە یاخود لە نێو پێکهاتەی حکومەتدابن، لەرێگەی دروستکردنی هێزی چەکدارییەوە کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، لەبەرامبەر ئەمانەشدا ئەوانەی بێبەشن و هێزیان لە دەست داوە هەوڵی گۆڕینی ئەم دۆخەدەدەن، ئەویش لەبەرئەوەی مرۆڤ بەسروشتی خۆی رقی لە ملکەچی و ژێردەستیە، ئەم دژیەکیەش زەمینە بۆ درووستبوونی ململانێ دەرەخسێنێت (عثمان،٢٠٠٨ :١٠٢)؛ (کۆلێنس،٢٠١٤ : ٣٥٠-٣٦٩).

واتە ململانێ هۆکارێکە لەپێناو بەدیهێنانی توانای کاریگەربوون(زاڵبوون)باڵادەستی، یاخود هۆکارێکە بۆ رزگاربوون لەکەوتنە ژێر کاریگەری کەسانی دیکەوە(ئازادی)، جێگەی ئاماژە پێکردنە، کولێنس هەڵوەستە لەسەر پێگەی بەرژەوەندییەکان دەکات، لەو بارەیەشەوە فۆکەس دەخاتە سەر گروپە ئیتنی و ئاینییەکان کە دەتوانن لە رێگەی راکێشانی سەرنجی خەڵکەوە ژمارەیەکی بەرچاو شوێنکەوتوو لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوەو پێگەی خۆیانی پێ بەهێز بکەن، ئەم پێگەیەش یارمەتییان دەدات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان (کۆلێنس،٢٠١٤ :٣٣٣) .

لەبـەر ڕۆشـنایی تیۆرەکـەی کـولێنس و بەسـەرنجدانێکی گشـتی بـۆ ململانێـی نێـوان حزبـە سیاسـیەکان، ئـەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، زۆرێك لە تێڕوانین و تیۆرەکەی کولێنس لە کوردسـتاندا پراکتیـزە دەبێـت، بـەجۆرێك هەریەکـە لـە هۆکـارو پاڵنـەرەکانی وەك ( سروشـتی تـاکی کـورد کـە مـۆرکی ململانێـی پێوەدیـارە، نایەکسـانی لـە دابەشبوونی سەرمایە و سەرچاوە سروشتییەکانی وەکو داهـاتی نـەوت و داهـاتی خاڵـە سـنورییەکان لـەنێوان حزبـە سیاسیەکاندا، ناشـەفافیەت، پـاوانخوازی و هێـز یـاخود خواسـتی لایەنـەکان بـۆ سـەپاندنی هەیمەنـەو هێـزی خۆیـان بەسەر لایەنەکانی دیکەدا، بەرژەوەندی تایبەتی) هۆکاری سەرەکی ململانێی سیاسی بوون لە نێوان میرنشین وحزب و ڕێکخراوە سیاسیەکاندا، بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی ئـەو واقعـەش سـەرجەم لایەنـەکان بـۆ باڵادەسـتی و بـەهێزکردنی پیگەی خۆیان پشتیان بەچەند ئامرازێکی جیاواز بەستوە لەوانە ( پرسی ناسیۆنالیستی، ئایدۆلۆژیا، کڕینـی دەنـگ، گەندەڵی، چەواشـەکاری، هێـزی چـەکدار، ڕاگەیانـدن، بەلاڕێـدابردنی هۆشـیاری خەڵك،...هتـد) بەسـتوە، لەلایـەکی دیکـەوە مەسـەلەی بـوونی هێـزی چـەکداری نـارێکخراو لـە لایـەن پارتـە سیاسـیەکانی کوردسـتانەوە، یەکێکـە لـەو هۆکارانەی کە هەمیشە حزبە سیاسیەکانی کوردستان بۆ باڵادەستی و بەدەستهێنانی دەسـەڵات پشـتیان پێبەسـتووە، بوونی ئەم هێزە چەکدارانە هەندێك جار ململانـێ سیاسـیەکانی تونـدتر کردۆتـەوەو بەئاراسـتەی شـەڕو پێکدادان هەنگاوی ناوە. هاوکات سەرەرای ئەوەی زۆربەی حزبـەکان لـە مەسـەلەی ناسیۆنالیست بوونیانـدا هاوبەشـن، لـەپاڵ پێگـەی مەعنـەوی ئـاین ڕێگەخۆشـکەربووە بـۆ دامەزرانـدنی ژمارەیـەك گـروپ و ڕێکخـراوی ئیسلامی، هاوشـێوەی حزبەسیاسیەکانی دیکە، ململانێی سیاسی دەکەن و هەڵپە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات دەکەن .

## سێیەم : تیۆری ڕەخنەیی :-

لەڕاستیدا قسەکردن لەبارەی ڕەگ و ڕیشە هزریەکانی تیـۆری ڕەخنـەیی هاوچـەرخ لـە کۆمەڵناسـیدا کـارێکی ئاسـان نیـە چـونکە فەیلەسـوف و زاناکـان بـیروڕای جـۆراو جۆریـان هەیـە و هەریەکـەیان بـۆ قۆناغێـك و سـەردەمێك و شوێنێکی دیاریکراو دەگەڕێنەوە، لێرەدا بەپێی گرنگی بیروڕاکانیان سەبارەت بە هۆکارو کاریگەری ململانێی سیاسی لەسەرتاك و کۆمەڵگا بیروڕای هەندێکیان دەخەینە ڕوو.

### ١- هێربێرت مارکوزە Herbert Marcuse ( 1889 -1979 )

لە بەرلین لەدایك بووەو بە یەکێك لە گـرنگترین فەیلەسوفەکانی قوتابخانـەی ڕەخنـەیی فرانکفـۆرت دادەنرێـت، جگە لەوەی رەخنە لە مارکسیەت دەگرێت، لە هەمانکاتدا رەخنـەی تونـد لـە جیهـانی سـەرمایەداری دەگرێـت و بـە تۆتالیتـاری دیمـوکراتی نـاوی دەبـات، ئـەو پێیوایـە سـەرەڕای ئـەو پێشـکەوتنە زۆرەی کۆمەڵگـە سـەرمایەدارییەکان بەدەسـتیان هێنـاوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا خەسـڵەتی زاڵ لـەو کۆمەڵگایانـەدا بریتیـە لـە دەستبەسـەرداگرتن و دەسـەڵات کـە مـرۆڤ لەبەرامبـەر مرۆڤێکـی دیکـە ئـەنجامی دەدات، بـەجۆرێك تەکنـەلۆجیاو سیسـتەمی ئـەقڵانی کۆنترۆڵیی ژیان و رەفتاری مرۆڤایەتی دەکات و مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی تەکنەلۆجیا (زکریاء ،١٩٧٨: ٣٠) .

مارکۆزە لە کتێبەکەیدا کە لەساڵی ١٩٦٤ لە ژێرناونیشانی( مرۆڤی تاك رەهەند)دا بلاویکردۆتەوە، ئاماژە بەوە دەکات، کە سیستەمی سەرمایەداری زەمینە بۆ کێبڕکێ وململانێی نێوان تاکەکان دەڕەخسێنێت، بەجۆرێك بەرژەوەندی تایبەتی تاکەکان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین سەرمایە، دیاردەی خۆسەپێنی لەنێو کۆمەڵگادا پەرەپێدەدات، ئەمەش رەنگدانەوەیەکی نەرێنی لەسەر تاکەکان دروست دەکات، بەجۆرێك رووبەڕووی نامۆبوون دەبنەوە، تاڕادەیەکی زۆریش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لاواز دەکات و ئەقڵیەتی ئالەتگەرایی بەسەر هەموو رەهەندەکانی ژیانیاندا زاڵ دەبێت و متمانەی نێوان تاکەکان لاواز دەکات و دیاردەی تاوان و بەکالایی بوونی مرۆڤ پەرەدەسێنێت(جلبی، ٢٠١١: ١٥١-١٥٢). ئەمەش وای لە مارکۆزە کردووە، کۆمەڵگەی سەرمایەداری بە کۆمەڵگەی نائەقڵانی ناوببات، کە تیایدا مرۆڤی لە رەگەزە سەرەکییەکانی وەك بڕیاردان و توانای گۆڕینی ژینگە بێبەش کردووەو لە مرۆڤێکی سەربەستەوە بوونەتە کۆیلەی شارستانیەت وپیشەسازی و تەکنەلۆجیاو لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە ستەمێکی گەورە لە ئەقڵ و هزرو سۆزو بەرهەم و پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ دەکرێت. هاوکات مارکۆزە چەواشەکردنی مرۆڤ، بە مۆرکی سەرەکی کۆمەڵگەی سەرمایەداری دادەنێت، ئەو پێی وایە لەم کۆمەڵگایانەدا سەرجەم کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە رێگەی کۆنترۆڵکردنی هۆیەکانی راگەیاندنەوە پەردەپۆش دەکرێن .

مارکۆزە پێیوایە چینی کرێکار لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری نوێدا هێزی رەتدانەوەو ململانێیان نامێنێت و ئەو ڕۆڵە مێژووییەی لە رابردوودا لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیان بووە لەدەستی دەدەن و لەگەڵ واقعی ژیاندا خۆیان دەگونجێنن، بەبڕوای ئەو هۆکاری ئەولاوازییەی چینی کرێکارانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە چینی کرێکاران وەك ڕابردوو لە رووی جەستەیی و فیزیکییەوە لە کارەکانیاندا شەکەت وماندوونابن، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی زۆری بەرهەمهێنانەوە تارادەیەکی زۆر هەژاری کەم بۆتەوەو خواست لەسەر پێداویستیە لاوەکییەکانی وەك(ئۆتۆمبیل، خانوو، گەشت...)زیادی کردووە، ئەمانەش بونەتە پاڵنەرێك بۆ ڕازیبوونی کرێکاران بە واقعی ژیانیان و دوورکەوتنەوە لە ململانێی چینی دەسەڵاتدارو کارکردن بۆ گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، هاوکات مارکۆز ئەوە دەخاتەروو، ئەگەرچی بەڕووکەش شێوازی بەڕێوەبردن لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دیموکراتیانەیە، بەلام لە ڕاستیدا هەموو بڕیارە گرنگەکان بەبێ ئاگاداری تاکەکان لەلایەن بیرۆکراتیەتی تەکنۆکراتەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت (زکریاء ،١٩٧٨: ٣٢-٤٢) .

ئەگەرچی هەموو ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا، وایان لە مارکۆزە کردووە تێڕوانینێکی رەشبینانەی بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری هەبێت، بەلام ئەو بڕوای وایە تاکە بوارو پێکهاتەیەك کە بتوانێت گۆڕانکارییەك لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بکات و ئازادی و یەکسانی راستەقینە بەدەستبێنێت، بریتیە لە خەباتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەك( بزوتنەوەی خوێندکاران، بزوتنەوە نەتەوەیی و مەزهەبی و رەگەزییەکان، بزوتنەوەی ژنان)، کە بە پرۆسەی"رەتکردنەوە مەزنەکە" ناویان دەبات، بەتایبەتی بزوتنەوە خوێندکارییەکان بەداینەمۆ و هێزی کاریگەری گۆڕانکارییەکان دادەنێت و پێی وایە تاکە هێزە بتوانێت ململانێی دەسەلات بکات و گۆڕانکاری

بەدەستبێنێت(عثمان، ٢٠٠٨: ١٩٣). مارکۆزە لە تیۆرەکەیدا گرنگی بە ململانێی نێوان گروپە سیاسیەکان نەداوەو زیاتر تێڕوانینێکی رەخنەیانەی سەبارەت بەکۆمەڵگەی سەرمایەداری هەبووە و رۆڵ و خەباتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ململانێی دەسەڵات و پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا خستۆتەڕوو.

لەبەرڕۆشنایی بیروبۆچونەکانی مارکۆزە سەبارەت بە ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ململانێ و ئەزموونی حکومڕانی حزبە سیاسیەکان، لەلایەکەوە هەنگاوەکانی بە سەرمایەداریکردنی کۆمەلگەی کوردییان زیاتروخێراترکردووەو بەرژەوەندی تایبەت باڵی بەسەر سەرجەم رەهەندە ئابووری وسیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا کێشاوە، بەو هۆیەشەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پابەندبوون بە بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان تاڕادەیەکی زۆر لاوازبووە، لەلایەکی دیکەشەوە نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و پەرەسەندنی دیاردەی گەندەڵی و دڵنیا نەبوون لە قوت و موچەو بژێوی لە هەرێمی کوردستاندا، زەمینەی بۆ دەرکەوتنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی وەك( خوێندکاران، ژنان، کاسبکاران، مامۆستایان، فەرمانبەران) لە شێوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیدا رەخساندووە، کە بە پێی قۆناغە جیاوازەکان بەشێوەی خۆڕسك و نارێکخراو لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیان رووبەڕوی سیستم و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە.

### ٢- تۆم بۆتۆمور Tom Bottomore ( 1920 -1993 )

بۆتۆمۆر زانایەکی کۆمەڵناسی سیاسی بەریتانیە خاوەن تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەیە، لەکتێبی (علم الاجتماع السیاسی)دا شیکردنەوەیەکی وردی ململانێی سیاسی و گۆڕانی بەشێوەیەکی واقعی و بە پشت بەستن بە مێژوو کردووە، پێیوایە ململانێی سیاسی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ و سەرمایەداریدا تارادەیەکی زۆر جیاوازە بەبەراورد بە سەردەمی مارکس کە رەهەندی ئابوری و دابەشکردنەوەی سامان جەوهەری ململانێکانی پێکدەهێناو چینی کرێکاران داینەمۆو ئەنجامدەری ئەو ململانێیە بوون، ئەو پێی وایە ململانێ لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ وسەرمایەداریدا مۆرك و سیمایەکی جیاوازی هەیە، بەجۆرێك جگە لە رەهەندی ئابووری، هۆکاری سیاسی و کلتوریش لە سەرهەڵدانی ململانێکاندا رۆڵ دەبینن و کارەکتەری ململانێکانیش لە چینی گەنجان و خوێندکاران و گروپە رەگەزییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، کە لە چوارچێوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیدا کار بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەن و ململانێی دەسەڵات دەکەن (بوتومور،١٩٨٦: ١٠٤-١٠٧).

لەو بارەیەوە بۆتومور بزووتنەوە خوێندکارییەکانی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمی ئەوروپاو بزوتنەوەی رەشپێستەکانی ئەمریکا، بەدیارترین ئەو برزوتنەوانە دەزانێت کە کاریگەری بەرچاویان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوروپاو ئەمریکا درووستکردووە، کاریان دەکرد لەپێناوی بەدیهێنانی یەکسانی وشێوازێکی نوێی کاری سیاسی، بۆ ئەو مەبەستەش چالاکیەکانیان لە دژی (دەسەڵاتی داگیرکەر، دەسەڵاتی نوخبەی دەرەبەگ و سەربازییەکان، سەرکوتکردنی کەمینە، پاشکۆیەتی ژنان) چڕکردبۆوە، هاوکات سەرکەوتنی بزوتنەوە

کۆمەڵایەتییەکانی بە بوونی مەزهەب و ئایدۆلۆجیایەکی ئاشکراو هەنگاونانیان بەرەو ڕێکخستنێکی سیاسی و گرتنە دەستی دەسەلات دەبەستێتەوە (بوتومور،١٩٨٦: ٦١-٦٢ )، هەربۆیە ڕەخنە لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ساڵانی شەستەکان دەگرێت و دژی تێڕوانینی( مارکوزە) دەوەستێتەوە کەپێیوابوو خوێندکاران میراتگری چینی کرێکارانن لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، ئەو پێی وایە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان هەردوو چینی خوێندکاران و کرێکاراندا بوونی هەیە، بەجۆرێك خوێندکاران چینێکی زۆرینەی چەوساوەی کۆمەڵگا پێکناهێنن و گروپێکی بەردەوام و جێگیر نیین، بەڵکو بریتین لە گروپێکی ڕۆشنبیر کە تەنها بۆ بەرژەوەندی چینی گەنجان خەبات دەکەن و نەیانتوانیوە گوزارشت لە داخوازییە گشتیەکان بکەن و ڕێکخستنێکی سیاسی درووست بکەن، هەروەها ڕەخنەی ئەوەشیان لێدەگرێت کە لەکۆتایدا زیاتر مەیلیان بەلای شێوە خەباتێکی شەڕی چەتەگەری (حرب عصابات ) هەبووە، بەلام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بۆتۆمۆر پێی وایە دەکرێت بزوتنەوەی خوێندکاران لە چوارچێوەی بزوتنەوەیەکی ڕێکخراو وجێگیردا و لەرێگەی یەکگرتنیان لەگەڵ گروپ و چینەکانی دیکە، لەچوارچێوەی حزبێکی رادیکاڵیدا ململانێی چینە دەسەڵاتدارەکان بکەن (زاید،٢٠٠٩: ٣٣٤-٣٣٥)، چونکە دەسەڵاتدارەکان لە پێناو مانەوەی خۆیان لە دەسەلات ئامادەن ڕووبەڕووی هەوڵی گۆڕانی سیاسی ببنەوەو بۆ ئەو مەبەستەش هەموو توانای خۆیان بەبەکارهێنانی هێزی سەربازیشەوە بەکاردەهێنن، لە هەلومەرجێکی لەوشێوەیەشدا چینی ژێردەستەو نەیارەکانی دەسەلات، دەگەنە ئەو بڕوایەی جگە لە هەڵگەڕانەوەو ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەلات و بەکارهێنانی توندوتیژی کە هەندێك جار پێویست بە کودەتاو شۆڕش وجەنگ دەکات، تا گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەرجەستە بکەن، ئەمەش بەهێزێکی فراوان دەکرێت (بوتومور،١٩٨٦: ١٢٣-١٢٤).

لەتیۆرەکەی بۆتۆمۆرەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەداینەمۆو کاراکتەری سەرەکی ململانێ سیاسی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەژمار دەکرێن، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئەم گروپانە لەچوارچێوەی حزبی ڕادیکاڵی دا خۆیان ڕێکدەخەن و ئەجەنداو پرنسیپی ڕێکخراوەیی خۆیان دەچەسپێنن، چونکە ئەو پێی وایە بزوتنەوەی خوێندکاران وگروپە ڕەگەزیەکان لەساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بەهۆیی ناڕێکخراوەیی و سیمای عەفەوی بونیانەوە نەیانتوانیوە ئامانجەکانی خۆیان بەدیبێنن، هەربۆیە سەرکەوتنی ئەم گروپانەی بەهەنگاونان بەرەو دروستکردنی حزبی ڕادیکاڵیەوە دەبەستێتەوە .

لەبەر ڕۆشنیایی تیۆرەکەی بۆتۆمۆر، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەك هێزێکی کاریگەر لەهەرێمی کوردستاندا بوونیان هەبووەو توانیویانە بۆشایی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی پڕبکەنەوەو ململانێی سیستم و دەسەڵاتی حزبە سیاسیەکان بکەن، بەتایبەتی لەسەروبەندی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی٢٠٠٩و زنجیرە ناڕەزایەتییەکانی ساڵانی دواتردا، چین وتوێژە جیاوازەکان لەشێوەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ناڕێکخراودا، بە بەشداری خوێندکارو کاسبکارو مامۆستاو فەرمانبەران، بە ئامانجی ئەنجامدانی چاکسازی و ڕەخساندنی هەلی کارو بنبڕکردنی گەندەڵی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، ڕووبەڕوی دەسەڵاتدارانی حکومەت و حزبە سیاسیەکان بوونەوە، بەلام بەهۆی ناڕێکخراوەیی و عەفەوی بوونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و سەرکوتکردنیان لەلایەن دەسەلات و

هێزی چەکداری حزبە سیاسیەکانەوە، چالاکی و خەباتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە خۆڕسکەکان خامۆش و سەرکوت کراون، ئەمەش بەتەواوی لەگەڵ تێڕوانینەکانی بۆتۆمۆردا یەك دەگرێتەوە، کە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە خۆڕسك و نارێکخراوەکان، بەبێ خۆڕێکخستنەوەیان لەچوارچێوەی حزبێکی رادیکاڵ و جەماوەریدا، ناتوانن ببنە هێزێکی کاریگەرو فشار لەسەر دەسەڵات، هەروەك ئەوەی بە ئاشکرا لە هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، بەڵام ئەوەی کە لەگەڵ تیۆرەکەی بۆتۆمۆردا یەکناگرێتەوە، ئەوەیە کە سەرەڕای خۆڕێکخستنەوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان و شێوەگرتنیان لەچوارچێوەی حزبی رادیکاڵی سیاسی، بەڵام نەیانتوانیوە گۆڕانی ریشەیی لەسیستمی سیاسیدا بکەن و حکومەت و حزبە سیاسیە باڵادەستەکان ناچار بە چاکسازی راستەقینە بکەن ، لەبەرئەوەی حزبە ئۆپۆزسیۆن و ناڕازیەکانیش چونەتە دەسەڵات باکیان بە داواکاری و خەمی هاوڵاتیان نەماوە، ئەمەش هۆکاری بێئومیدبوونی تاکی کورد بووە .

### ٣- ئالان تۆرین Alain Tourain

زانایەکی کۆمەڵناسی هاوچەرخە، لە ساڵی ١٩٢٥ لە فەرەنسا لەدایك بووە، بابەتی سەرەکی زانستی کۆمەڵناسی لای ئەو بریتیە لە دیراسەکردنی ئەو رەفتارە کۆمەڵایەتییانەی پەیوەستی مێژوون واتە پەیوەستی پەیوەندی و ململانێی چینەکانە کە تۆرێن بە "بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان" ناویان دەبات (المستاری، ٢٠١٣: ٢٠٧) . بە بڕوای ئالان تۆرین، ململانێ نێوان چینەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهاتوە، بەجۆرێك لەم قۆناغەدا ململانێی نێوان خاوەن سەرمایەو کرێکار لەسەر بنەمای ئابووری بایەخی خۆی لەدەستداوەو شێوازی نوێی ململانێ لەسەر بنەمای زانین (معرفە )لەکۆمەڵگادا دەرکەوتووە ، لەو بارەیەشەوە ئاماژە بە رۆڵی کاریگەرو بەرچاوی بزوتنەوە رادیکالیە زانکۆییەکانی فەرەنسا دەکات لە شۆڕشی مای ١٩٦٨ دا، ئەنجامدەرانی ئەم شۆڕشە پێکاتبوون لە چینی رۆشنبیران و خوێندکاری زانکۆکان کە خاوەن ئاستێکی باڵای رۆشنبیری بوون و بەشداریيەکی کارایان لە رووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتداران هەبوو، ئەمەش خۆی لە ململانێیەکی کۆمەڵایەتی و کلتوری و سیاسیدا دەبینیەوە.(زاید،٢٠٠٩: ٣١٠)

بەبڕوای تۆرین، جیاوازی و نایەکسانی لە خاوەنداریێتی هێزدا، بنەمای سەرەکی پرۆسەی ململانێیە لە کۆمەڵگادا، لەسەر ئەم بنەمایەش کۆمەڵگا دابەش دەکات بۆ چینی باڵادەست و چینی ژێردەستە، هاوکات ئاماژە بەوەش دەکات، خاوەنداریێتی هێز و بەردەوامبوونی دۆخی خۆسەپێنی چینی دەسەڵاتدار پشت بە چەند هۆکارێك دەبەستێت، بەجۆرێك چینی دەسەڵاتدار بەردەوام وەبەرهێنان لە مێژووی خۆی دەکات و بەپشت بەستن بە خەبات و رابردوو، رەوایی بە مانەوەو باڵادەستی خۆی دەدات لە دەسەڵاتدا، هەروەها چینی باڵادەست لە رێگەی کۆنترۆلکردنی سەرجەم رەهەندە زانستی و کۆمەڵایەتی و یاساییەکانەوە، دلنیایی مانەوەی خۆی لەدەسەڵات مسۆگەردەکات و کاردەکات لەسەر بەرهەمهێنانی مەعریفەیەك کە لەبەرژەوەندی خۆیدابێت، یەکێکی دیکە لەو هۆکارانە بریتیە لە سەپاندنی کلتوری رازیبوون بە بارودۆخ، بەجۆرێك چینی دەسەڵاتدار بە پشت بەستن بە هەردوو هۆکارەکەی

پێشوو کاردەکات بۆ رازی کردنی کۆمەڵگا بەو دۆخەی کە هەیە ، ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ بەردەوامیان لەخۆسەپێنی و بەرهەمهێنانەوەی بارودۆخ( عثمان، ٢٠٠٨: ١٦٤-١٦٥).

تۆرین پێ وایە لە دەرئەنجامی ئەم رووداوانەدا قەیرانەکان پەرەدەستێنن و زەمینە بۆ دەرکەوتنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەرەخسێت، کە لە چینی رۆشنبیران و خوێندەواران پێکدێن وخاوەنی پاشخانێکی مەعریفین و ئەرکی ململانێ لەدژی دەسەڵات لە ئەستۆدەگرن و کاردەکەن بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو ئاشکراکردنی حەقیقەت و روی راستەقینەی دەسەڵات (زاید، ٢٠٠٩: ٣١٠) ، لە ئەنجامی ئەم پەرەسەندنە مێژووییەوە دیاردەی (خود ئاگایی ) یاخود هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگا بەرجەستە دەبێت، بەجۆرێك تاکەکانی کۆمەڵگا بە تێپەربوونی کات زیاتر لە واقع و دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکەیان تێدەگەن و ئاستی وشیارییان زیاد دەکات و بەرامبەر بە کەم وکورتی و خاڵە لاوازەکانی دەسەڵات هەڵوێست دەنوێنن، بەجۆرێك ململانێی سیاسی نێوان هەردوو چینی دەسەڵاتدار و بەرهەڵستکارەکان (معارضة)، بە چەندین ئامرازو میکانیزمی جۆراوجۆری وەك( مانگرتن، خۆپیشاندان، بایکۆت، خەباتی مەدەنی،...)پەردەسێنێت (رۆشە،٢٠١٣: ١٨٨) .

بەسەرنجدانێکی گشتی بۆ تیۆرەکەی تۆرین، ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت بەشێك لە تێڕوانینەکانی ئەم زانایە لە هەرێمی کوردستان بەرجەستە دەبێت، بەجۆرێك حزبە دەسەڵاتدارەکان بە پشتبەستن بە مێژووی خەباتیان توانیویانە بگەنە ترۆپکی هێز ودەسەڵات، بۆ مانەوەیان لە دەسەڵات و پارێزگاریکردن لەو دۆخەی کە هەیە، بەزەبری هێز کۆنترۆڵی سەرجەم سێکتەرەکانیان کردووە و تاڕادەیەکی زۆریش هەوڵیانداوە کلتوری قبوڵ کردنی دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن، لە دەرئەنجامی ئەم دۆخەشدا، چین و توێژە جیاوازەکان و رۆشنبیران لە شێوەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی سیاسی، لە چوارچێوەی حزب و بزوتنەوەی سیاسی سەریان هەڵداوە و ململانێی دەسەڵات دەکەن و کار لەسەر وشیارکردنەوەی تاك دەکەن و گۆڕانکاری ریشەیی و دوورخستنەوەی حزب زالەکانیان کردۆتە ئامانج، بەڵام بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیە بەرهەڵستکارەکان لەهەرێمی کوردستان لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری و ناچارکردنی حزبە دەسەڵاتدارەکاندا نەیانتوانیوە خۆیان رێکخەن و ببنەفشار لەسەر دەسەڵات و ئەنجامێکی ئەرێنی بە بەدی بهێنن، ئەویش بە هۆی بەهێزی حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە هەربۆیە زۆرجار دەستەبژێری نێو ئەم بزوتنەوانە لە کۆتایدا بوون بە بەشێك لە دەسەڵات ئەمەش بێئومێدی و دورەپەرێزی سیاسی خەڵکی کوردستانی زیاتر کردووە .

### ٤- رایت میلز Wright Mills ( 1916 -1962)

کۆمەڵناس و رەخنەگرێکی رادیکاڵی ئەمریکیە، لە رێگەی لێکدانەوەو شیکارییەکانیەوە بۆ بەکارهێنان وقۆرغکردنی( دەسەڵات، هێز، باڵادەستی، سەرمایە) لەلایەن دەستەبژێرەوە شۆڕش ململانێی سیاسی لەدژی کێشەوگرفتەکانی کۆمەڵگای ئەمریکی ڕادەگەیەنێت.

رایت میلز لە کتێبی( هێزی دەستە بژێر)دا، فۆکەسی خستۆتە سەر شیکردنەوەو وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە (چۆن پابەندبوون و شوێنکەوتەیی تاکەکان بە سیستەم و دەسەڵات، لە نێو کۆمەڵگادا پەرەدەستێنێت؟)، لەو بارەیەوە ئاماژە بەوەدەکات ئەو شێواز و دەسەڵاتەی لە سیستەمی سەرمایەداریدا پەیڕەودەکرێت، دەرهاویشتەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە، بەجۆرێك تاکەکان بەسروشتی خۆیان و لە ژێرکاریگەری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەیاندا لەسەر ئەو شێوازە حوکمڕانییە راهاتوون هەڵگەڕانەوەو ململانێی سیاسی ئەنجام نادەن ، هەربۆیە میلز جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بەمەبەستی درووستکردنی هۆشیاری راستەقینە لای تاك و ئاشنابوونی بە واقعی ژیانی، پێویستە گۆڕانکاری لە شێوازی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا بکرێت تاکو بتوانن ڕووبەڕووی دەسەڵات ببنەوە (مقلد،١٩٨٢: ٢٥٢)

لە کتێبی ناوبراودا، ئاماژە بە هێزو دەسەڵاتی دەستەبژێر دەکات لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا کە پێکهاتوون لە گروپێکی کەمینەی خاوەن دەسەڵات و هێزو سەرمایە و پێگە، کۆنترۆڵی سەرجەم دامودەزگاو دامەزراوە ئابووری و سیاسی و سەربازییەکانیان کردووە و لە توانایاندا هەیە هەرشتێك کەبیانەوێت بەدەستی بهێنن بەبێ ئەوەی چینی زۆرینەی کۆمەڵگا بتوانێت لەروویاندا بوەستن، ئەم دەستەبژێرە لە سێ چینی سەرەکی پێکدێت، یەکەمیان پێکهاتووە لە چینی زۆر دەوڵەمەندەکان کە لە دوای شەڕی جیهانی دووەم لەناوکۆمەڵگای ئەمریکیدا دەرکەوتن، زۆربەی سامانەکەیان بەهۆی پاڵپشتی دەوڵەتەوە بەدەستهێناوە، چینی دووەمیان لە گروپی جەنەڕاڵە سەربازییەکانی ئەمریکا پێکهاتووە کە بەهۆی کاریگەرییان لە شەری جیهانی دووەمدا، پێگەیەکی مەزنیان بۆخۆیان درووستکردبوو، تەنانەت لە بڕیارە هەستیارەکانی تایبەت بە ئابووری و سیاسی دەوڵەتەوە رۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەبووە، گروپی سێیەمیان لە توێژی سیاسیەکان پێکهاتون، کە گروپێکی بچوك بوون و رۆڵیان لە بڕیارە چارەنوس سازەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی هەبوەو زۆربەی پایەگرنگەکانی حکومەتیان بۆخۆیان مسۆگەرکردووە( بوتومور، ١٩٨٨: ٥١). بە بڕوای میلز ئەم سێ چینە کار بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی یەکتری دەکەن، هەموو جۆرە ئامرازێکی نوێی ستەم و استغلال کردن بۆمانەوەی خۆیان و ململانێی چینی دووەم بەکاردەهێنن، لە بەرامبەریشدا چینی دووەم : بریتییە لە جەماوەر لەهەموو ئەو مافانە بێبەشە کەچینی یەکەم هەیەتی، ئەم دۆخەش کاریگەری نەرێنی بۆسەر سیماکانی کەسێتی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی لێکەوتۆتەوە(الحسن،٢٠٠٥: ١٤٣)، چونکە لەبەرامبەر چەقبەستوویی و نەبوونی گۆڕانکاری لەو شێوە دابەشکارییە، خەمساردی(اللامبالاە) باڵی بەسەر سیماکانی کەسێتی تاکی کۆمەڵگای ئەمریکیدا کێشاوە، هەربۆیە میلز ئۆباڵی هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی ڕووبەڕووی هاوڵاتیانی

ئەمریکی و تەنانەت جیهان بووەتەوە، دەخاتە ئەستۆی چینی دەستەبژێر،بۆ ئەو مەبەستەش لەکتێبی (خیال السوسیولوجی) کە جۆرێك لە ڕادیکاڵ بوونی پێوەدیارە، ئامانج لێی وشیار بوونەوەی تاکی ئەمریکیە سەبارەت بە شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی بارودۆخی تاك و کۆمەڵگا پاشان بەستنەوەیان بەیەکتری. بەجۆرێك کێشە و مێژوو و بونیادی کۆمەڵایەتی کاریگەری لە سەر سیماکانی کەسێتی تاك جێدەهێڵێت و بەپێچەوانەشەوە تاك کاریگەری لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی جێدەهێڵێت ، لێکدانەوەی ئەم ڕاستیانە و بەستنەوەیان بەیەکتری وشیارییەکی ڕاستەقینە لای تاکەکانی کۆمەڵگا دروست دەبێت، تاکەکانی کۆمەڵگا کێشە تایبەتەکانیان بە کێشەی کۆمەڵگاوە دەبەستنەوەو ،بۆ ئەو مەبەستەش ململانێ دژی دەستە بژێرەکان وسیستەمی سیاسی لە ئەمەریکا ئەنجامدەدەن(زاید،٢٠٠٩: ٢٣١-٢٣٢)، ئەم ڕاستیە وادەکات زۆرینە لە ململانێدا بێت لەگەڵ کەمینە بەڵام ململانێکەش لە بەرژەوەندی کەمینەی دەستەبژێر کۆتایی پێدێت وکاریگەری نەرێنی بۆسەر سیماکانی کەسێتی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی لێدەکەوێتەوە توشی خەمساردی سیاسی دەبن (الحسن،٢٠٠٥: ١٤٣).

لە تێڕوانینەکانی میلزەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت هەمان ئەو دیاردانە لە هەرێمی کوردستاندا بەدیدەکرێت، بەجۆرێك کۆمەڵگای کوردی دابەش بووە بەسەر دوو چینی نایەکسانی تاڕادەیەك دژبەیەکدا، چینی یەکەم لە گروپێکی کەمینەی دەستەبژێری پێکهاتوو لە( گروپێکی کەمینەی سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی سەردەمی خەباتی شاخ کە لە ئێستادا هەموو پنتەکانی دەسەڵاتیان بۆخۆیان قۆرخ کردووە، لەگەڵ کەمینەیەکی دەوڵەمەند لەسایەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی حکومەتەوە دەوڵەمەند بوون کە زۆرینەیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە گروپی یەکەم پێکدێن هەروەها کەمینەیەکی زۆر بچوکی کادری حزبە سیاسیەکان )، ئەم دەستەبژێرە لە ڕێگەی پێگە ودەسەڵات و داهاتی هەرێمی کوردستانەوە کۆنترۆڵی سەرجەم سێکتەرەکانی ئابووری و سیاسی و سەربازی هەرێمەکەیان کردووە، گروپی دووەمیان لە زۆربەی خەڵك و جەماوەری کوردستان پێکهاتووە کە لە بەشداری بڕیاری سیاسی و تەنانەت لە مافە سەرەتاییەکانیشیان بێبەشکراون. ئەم پێکهاتەیەی کۆمەڵگای کوردستان و شێوازی حکومڕانی لەم هەرێمەدا دۆخێکی چەقبەستووی سیاسی دروستکردووە و زەمینەی بۆ درووستبوونی ململانێی سیاسی ڕەخساندووە، بەجۆرێك دەستەبژێری دەسەڵاتدار لە پێناوی مانەوەی خۆی لەدەسەڵاتدا هەموو جۆرە ئامرازێکی وەك ( ستەم و توندوتیژی سیاسی ) بەکاردەهێنێت، هەموو ئەمانەش کاریگەرییەکی توندی نەرێنی لەسەر سیماکانی کەسێتی کورد جێهێشتوەو نیشانەکانی بێزاری و نائومێدی وخەمساردی بە کەسێتی تاکەکانەوە دیارە.

## چوارەم/ تیۆری چاکسازی :

### موریس دوڤرجیه Maurice Duverger ( 1917 -2014)

دوڤرجیه یەکێکە لەبیرمەندانی کۆمەڵناسی سیاسی و سەر بە ئاراستەی چاکسازی فەرەنسیە، خاوەنی چەندین کتێبی گرنگە لەیەکێك لە کتێبەکانیدا بە ناونیشانی (دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسی )، بیروڕاکانی سەبارەت بە سروشتی ململانێی سیاسی خستۆتەڕوو، تیایدا باسی لە(ئاست، هۆکار، جۆر، ئامراز ، کاریگەریی) ململانێی سیاسی کردووە، هەربەمەش نەوەستاوە بەڵکو کۆمەڵێك ڕێگا چارەشی بۆ ململانێکان داناوە .

بەبڕوای دوڤرجییە ململانێی سیاسی لەسەر دوو ئاست ڕوودەدات ،یەکەمیان: لەنێوان تاکەکان یان گروپ و لایەنە جیاوازەکان لەپێناو بەدەستهێنان یان بەشداری لە دەسەڵات ڕوودەدات. ئەمیش لەسەر ئەو بنەمایەی مرۆڤ هەوڵدەدات زۆرترین دەستکەوت و جیاوگی مادی و معنوی بۆخۆی مسۆگەر بکات، دەسەڵاتیش باشترین ئامرازە بۆ ئەو مەبەستە، هەربۆیە لەپێناو بەدەستهێنانیدا ململانێیەکی نەبڕاوە بوونی هەیە. دووەمیان :بریتییەلە ململانێی نێوان هاوڵاتیان ودەسەڵاتی حوکمڕان لەپیناو گۆڕینی سیستەمی سیاسیدا (دوڤرجیە، ٢٠٠٩ :٢١)، هاوکات لەم تیۆرەدا تەنها هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی ململانێکان لەبەرچاو ناگیرێت، بەڵکو ململانێ سیاسی بە بەرهەم و دەرهاویشتەی کۆمەڵێك هۆکاری جۆراوجۆر دەزانێت،کە هەریەکەیان کاریگەرییان لەسەر ئەوی دیکە هەیە، لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش بریتین لە (بایۆلۆجی، دەروونی، دیمۆگرافی، جوگرافیا، کۆمەڵایەتی و ئابوری، کلتوری ) (دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ٢٤).

بایۆلۆجی بەیەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی ململانێی سیاسی دادەنێت، بەجۆرێك مرۆڤ لە پێناو مانەوەیدا لە پێگەیەکی باڵاو دەسەڵاتدا پەنا بۆ هەموو شێوازەکانی زەبرو زەنگ وهێزو تەکتیك و فرتو فێڵ دەبات. هاوکات ئاماژە بە تیۆری ڕەگەزپەرستی و ڕەگەزی پاك و باڵا دەدات، بەجۆرێك هەندێك لە گروپە مرۆییەکان سروشتێکی ڕەگەزپەرستانەیان هەیەو خۆیان بە ڕەگەزی سەردەستەو ئەوانی دیکە بە لاواز وملکەچ و گوێڕایەڵ ئەزانن، ئەمەش ئەبێتە هۆی دروست بوونی ململانێ لە نێوان نەتەوەو ڕەگەزە جیاوازەکاندا (دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ٢٥)

هاوکات بەرمەبنای شیکاری بۆ تیورە (دەروونیەکان )و تیوری بێبەشبوون (الحرمان) کۆمەڵێك هۆکاری دەروونی وەك (غەریزەی شەرەنگێزی، توندوتیژی، خۆپەرستی، خۆبەگەورەزانین، چەوساندنەوەو زۆرەملێ، تۆڵەسەندنەوە، بێبەشبوون، میزاج، هەڵچون و ناهاوسەنگی) بۆ دروستبوونی ململانێی سیاسی خستۆتە ڕوو (دوڤرجیە، ٢٠٠٩: ٤٢)، پاشان لە هۆکاری دیمۆگرافیدا ئاماژە بەچەند هۆکارێك دەکات وەك ناهاوسەنگی لە ڕێژەی دانیشتوان و کەمی سەرچاوەی بەردەست، کۆچکردنی دانیشتوانی لادێکان بۆ شارەکان دروستکردنی شارۆچکەی نوێ لەدەوری شارەکاندا، سەرەڕای ئەمانەش زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و نزمبوونەوەی داهاتی تاکەکەس، نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست، دروست بوونی بەرژەوەندی تایبەت. پاشان خەڵك بۆ دەستەبەری ویست و

بەرژەوەندیەکانیان لە دەوروبەری حزبە سیاسیەکان کۆدەبنەوە بەمەش چەندین نوێنەری دژبەیەك دروست دەبێت کە هەریەکەیان گوزارشت لە چینێکی دیاریکراو دەکەن (دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ٥٢) .

هەرروەها لەم تیۆرەدا ئاماژە بە پێگە و شوێنی جوگرافیای ناوچەیەك لە رووی ستراتیجی وجۆپۆلەتیك وئاوهەواو دەوڵەمەندی ناوچەیەك بە سەرچاوەی سروشتی کراوە، چۆن لە ئێستاو ڕابردوشدا زەمینەی بۆ چاوتێبڕین و سەرهەڵدانی ململانێی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکیش ڕەخساندوە.( دوڤرجیە، ٢٠٠٩: ٦١-٧١) . لە کاریگەری هۆکاری کۆمەڵایتی و ئابوریيشدا، ئاماژە بە ناهاوسەنگی لە پێداویستی و داواکاریەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستدایە دەکات، هەربۆیە لەبەرامبەر تێرنەکردنی ئەو پێویستیانەدا و بەمەبەستی بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر، ململانێی سیاسی سەرهەڵدەدات، هاوکات چینی فەرمانڕەوا بۆ پاراستنی دەسەڵات و باڵادەستی وبەرژەوەندی جیاوکی مادی لەگەڵ نەیارەکانیدا لە ململانێدا دەبێت، هەروەها دروست بوونی جیاوازی چینایەتی و نایەکسانی لە دابەش بوونی سەروەت و ساماندا یەکێکی ترە لە هۆکارەکان (دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ٧٣-٨٩) . دواتر هۆکاری کلتوری کە سەرجەم دامەزراوەو کلتور ورەگەزە سەرەکییەکانی ئایدۆلۆجیا، بەها کۆمەڵایەتییەکان و بیروباوەری ئاینی و هۆشیاری سیاسی دەگرێتەوە، رۆڵی بەرچاویان لە سەرهەڵدانی ململانێ سیاسیەکاندا هەیە(دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ٩١) .

پاشان دوڤرجیە پێیوایە ململانێی سیاسی لە سنورێکی دیاریکراودا ڕوودەدەن کە بەسیستەمە سیاسیەکان ناویان دەبات، ئەوانیش بریتین لە (دیموکراتی ڕۆژئاوا، دیکتاتۆری، سیستەمی پاشایەتی کۆن، ... هتد). هاوکات ئاماژە بە چەند جۆرێك لە ململانێی سیاسی دەکات ئەوانیش ململانێ ( لەناو سیستەم، بۆ سیستەم). لەجۆری یەکەمیاندا حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان لەناو سیستەمەکەدا ململانێی یەکتری دەکەن لەسەر دەسەڵات بەبێ ئەوەی سیستەمەکە بگۆڕن، بەڵام لە جۆری دووهەمیاندا لایەنەکان ململانێ لە پێناو گۆڕینی سیستەمدا دەکەن، ئەمەش شێوەیەکی شۆڕش گێرانەی هەیە وئەمجۆرانە زیاتر لە سیستەمی دیموکراتیدا بەرچاو دەکەوێت (دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ١٨٢-١٨٧) ، هەروەهابەجیاوازی سیتەمە سیاسیەکان باس لە دووجۆر لە ململانێی سیاسی دەکات، هەروەك لەکۆمەڵگای دیموکراتیدا ململانێ بەشێوەی (ئاشکرا و شاراوە)دەردەکەوێت، بەڵام لە کۆمەڵگای دیکتاتۆریدا ململانێ تەنها بە شێوەی شاراوەو (دەمامکدارە) (دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ١٧٨).

لە چوارچێوەی هەریەکە لەو سیستەمانەشدا چەند جۆرێك لە "سەربازی سیاسی" هەیە کە هەڵئەسن بە ململانێکە ئەوانیش بریتین لە (حزبە سیاسیەکان، گروپی فشار). بە بڕوای ئەو گروپی فشار دەسەڵاتیان ناوێت بەڵکو ئەیانەوێت کاریگەری بخەنە سەر دەسەڵات(دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ١٣٩).بەڵام حزبە سیاسیەکان کە نوێنەرایەتی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەکەن و لە ئەنجامی گەشەی مێژوویی و کلتوری و بارودۆخی تایبەتی نەتەوەکانەوە دروستبوون گوزارشت لە بیروڕا جیاوازەکان دەکەن، دابەشیان دەکات بەسەر (تاك حزب، جوت حزب، فرە حزبی)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سنوری جیاکەرەوە لە نێوان ئەو دابەشکردنەدا نیە، هەروەك ئەوەی سیستەمی

فره حزبی تاڕادەیەك لە سیتەمی جوت حزبی نزیك دەبێتەوە ،بەهەمان شێوە سیستەمی جوت حزبی لە سیستەمی فرە حزبی نزیك دەبێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە هەریەك لەو حزبانە خاوەن بونیادێکی نەرم بن، هەندێکجار دووحزب یان زیاتر یەکئەگرن بۆ لەناوبردن یان بچوکردنەوەی لایەنێك یان حزبێکی تر، کاتێکیش ئەگەر هەرلایەکیان پاپەند نەبن بە دەنگدان لەسەر بابەتێکی دیاریکراو لە پەرلەمان ئەوا ململانێ و ناسەقامگیری دروست دەبێت دووبارە جیادەبنەوە (دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ١٣٦) .

هەروەها ئاماژە بە سیستەمی نێوەند دەکات لە نێوان سیستەمی دیموکراتی و دیکتاتۆریدا ،ئەویش بریتیە لە "حزبی زاڵ"، واتە ئەکرێت لەناوچەیەکدا چەندین حزبی تێدابیت، بەلاّم یەکێکیان لە هەموویان بەهێزتربێت ، بەجۆرێك هیچ کام لە حزبەکانی تر ناتوانن لەدەسەلاّت بیهێننە خوارەوە یان بێزاریشی بکەن، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە حزبانە هەر بە"لەرزۆکی" ئەمێننەوە لەبەرئەوەی، لەگەڵ حزبەکانی تردا جەمسەر لەیەك ئەگرن، یان حزبی ئۆپۆزسیۆنی بە هێز پەیدا دەبێت کە جێگەی مەترسین بۆ حزبی دەسەلاّتدار، یان بەهۆی بە هێزی حزبی دەسەلاّتدارەوە بە ئۆپۆزسیۆنێکی لاواز دەمێننەوە((دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ١٣٥).

هەروەها باس لەحزبە سیاسیەکان لە ولاّتە دواکەوتوەکاندا دەکات، کە لەسەر شێوەی خێلەکی و دەرەبەگایەتی و پابەند بوون بە داب و نەریت و ئاینەوەیە، دەسەلاّتی سەرکردە سیاسیەکانیان مۆرکێکی کەسی تایبەتی تاکڕەوی پێوە دیارە لایەنگران و ئەندامانی حزبەکەش بە شێوەی عەقیدە بڕوایان بە دروشمەکانی حزبەکە هەیە و بەهیچ جۆرێك لێی لانادەن، پاشان بازنەی وەرگرتنی پۆست و دەسەلاّت تەنها لە نێو چەند کەس و عەشیرەت و بنەماڵەو خێلێکدا خولدەخوات (دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ١٣٣ ) .

دۆڤرجیە گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی دەسەلاّت و دامودەزگاکانی دەوڵەت، لەبەرژەوەندی دەستەیەك یان گروپێکی دیاریکراوە، بەلاّم لەلایەن دەستەو گروپ و پێکهاتەی دیکەوە بە مەبەستی شوێنگرتنەوەیان ململانێ لە دژی دەسەلاّتداران سەرهەڵدەدات. هاوکات ئاماژە بەوەش دەکات، لە نێو گروپی دەسەلاّتدارەکانیشدا، دەسەلاّت دەکەوێتە دەست کەمینەیەکی بچوکی ناو گروپەکەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێی ناوخۆیی لەنێوان ئەو گروپە کەمینە دەسەلاّتدارە لەگەڵ چینی زۆرینەی ناو هەمان گروپ (دوڤرجیە، ٢٠٠٩ :٢٢) .

لەگەڵ ئەوەشدا تاکەکان و لایەنەکان ئامرازو چەکی جیاواز لە ململانێکاندا بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی دەسەلاّت بەکاردەهێنن، کەبە جیاوازی کۆمەڵگاو دامەزراوەو کلتورو گروپە ململانێکەرەکان دەگۆڕێت ئەوانیش بریتین لە(سەرمایە(پارە)، توندوتیژی ،هێزسەربازی، بالاّدەستی، ڕێکخستنی کۆمەلاّیەتی و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری، بانگەشە و ڕاگەیاندن ) (دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ١٤٥) ،هەروەها لەم تیۆرەدا ئەوەخراوەتە ڕوو، کە دەکرێت هەموو یان هەندێك لەو چەکانە لەدەست لایەنێك یان زیاتردا کۆببێتەوە و لە بەرامبەردا لایەنەکانی تر خاوەنی هیچ کامیان نەبن ئەوانیش لە پێناو بەدەستهێنای دەسەلاّتدا ئەیانەوێت خاوەنی ئەو چەکە سیاسیانە بن لێرەدا ململانێی سیاسی لەنێوان خاوەن چەك و بێ چەکەکاندا ڕوودەدات (دوڤرجیە، ٢٠٠٩: ١٦٣) دواتر ئەوەش دەخاتە ڕوو لە

ململانێی سیاسیدا هاوشێوەی هەر ململانێیەکی دیکە پێویستە هەموو لایەنێکی ململانێکەر بە ستراتیژ و پلانێکی وردەوە ڕووبەڕووی نەیارەکەی بێتەوە وهەموو ئەو ئامراز و تەکتیکانەش لەبەرچاوبگرێت کە بۆپەرچەکردارەکان پێویستی پێیەتی، لەوانە (کودەتا، شۆڕش، ڕاپەڕین، چاکسازی، چەواشەکاری(التمویە) (دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ١٦٧-١٧٥).

دوڤرجیە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ململانێی سیاسی لەو باوەڕەدایە ململانێ و تـەواوکاری لەیـەك جیانابنـەوە، لەبەرئـەوەی بـەهۆی ململانێـوە تـەواوکاری لـەدایك ئـەبێت، هـەموو ئـەو دژایـەتی و ناکۆکیانـە ئەبێتـە هـۆی بەهێزبوونی هاوبەندی کۆمەڵایەتی و دروستبوونی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کامڵ و باش، هەروەك ئەوەی بەهۆی ململانێی سیاسـیەوە (سـنورێك بـۆ کوشـتارو توندوتیـژی دادەنرێـت، ڕێکـەوتن ودانوسـتان بۆچارەسـەری کێشـەکان دەکرێت و هۆکارێـك دەبێـت بـۆ چەسـپاندنی یەکسـانی و دادپـەروەری، پەیوەسـتی و هاوبەنـدی(التضامن) گەشـەی پێدەدرێت) (دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ١٩٤-٢٠٣) .

دوڤرجیـە بـەدیهێنای تـەواوکاری ڕاسـتەقینە لەڕێگـەی ململانێـوە بـەکارێکی زەحمـەت دەزانێـت، ئـەویش لەبەرئـەوەی کـەمێك لـەململانێکان بـە ڕاسـتگۆ دەزانێـت، بەشـێکی زۆری بـە وەهـم (خـەیاڵ ) دادەنێـت، ئـەوەش لەبەرئەوەی چونە نێو دەسەڵات پاراستنی تـەنها بـۆ ویست و بەرژەوەنـدی تایبەتـە، بـەلاَم بـە پێچـەوانەوە ئەگـەر بەدەستهێنانی دەسەڵات بۆ پاراستن و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتی بێت ئـەوا ڕاسـتگۆیانە دەبێـت و دەبێتـە هۆی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و تەواوکاری و هاوسەنگی(دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ٢٣٧) .

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك تەکتیکی بـۆ چارەسـەر خستۆتە ڕوو لەوانـە( پاپەنـدبوون بـە ڕێسـاو یاسـا، ڕێکخسـتی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دەرکردنـی یاسـا و پێشـەکەش کردنـی خزمـەت گـوزاری جیـاواز، پـەروەردەکردنی هاوڵاتیـان بەشێوەی ڕاسـتەخۆ بـۆ هاوبەنـدی و پەیوەسـتی تـاك بـە نەتـەوەو نیشـتمان و کۆمـەڵگاوە، لەگـەڵ پـەروەردەکردنی ئەندامانی کۆمەڵگا بەشێوەیەك بتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو ئەرکانەدا کە گروپەکەیەیان لێیـان داوائەکـەن، خـاڵێکی تـر بـۆ دروسـتبوونی تـەواوکاری بریتییەلـە بـەکارهێنانی هێـزو زەبـروزەنگ لـەکاتی پێویستدا بۆزاڵبـوون بەسەر ململانێ سیاسیدا (دوڤرجیە، ٢٠٠٩ : ٢٠٦-٢٠١٧) .

لەکۆتایشـدا لـە باسـی "چـاخی ئـاڵتونی" دا ئامـاژە بـەوە دەکـات،" زەحمەتـە کۆمەڵگایـەك دروسـتببێت بگـات بـە خۆشگەوزەرانی تـەواو هـیچ جۆرێـك لـە ململانـێ وململانێـی سیاسـی تێـدا ڕوونـەدات، واتـە دەکرێـت تـەنها چـەند کۆمەڵگایەکی کەم بن وەك"مێرگێکن لە نێو سـەحرایەکدا" ئەوەشـی بۆئـەوە گەڕاندۆتـەوە، لەگـەڵ بـەرەو پێشـەوە چـونی ژیـان و پێشـکەوتنەکان پێداویسـتیە جۆراوجۆرەکـانی مـرۆڤیش ئـاڵۆزتردەبن بـە هـەمان شـێوە بـە دەستهێنانیشیان قورستر دەبێت، هەروەها ململانێی نەوەی کۆن و نوێ پەیدا دەبێت ،ململانێـی جێنـدەری دروست دەبێـت، لەگـەڵ گەشـەکردنی ئـامێرو تەکنـەلۆجیا "جیهـانی ئامێرگـەرایی" دروسـت دەبێـت، سەردەکێشـێت بـۆ دروستبوونی چەندین نەخۆشی ئەقڵی و دەروونی هەربۆیە هەمیشە ململانێش بەردەوام دەبێت(دوڤرجیـە، ٢٠٠٩ : ٢١٤-٢٤٧).

دوای خستنەڕووی تیۆرە سۆسیۆلۆجیەکان لە بارەی (ململانێی سیاسی)وە، گەیشتینە ئەو بڕوایەی تیۆرەکەی (دوفرجیە) تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ سروشت و ناوەڕۆکی تێزی دکتۆراکەمان یەکدەگرێتەوەو دەکرێت وەك تیۆرێکی گشتگیر لە دارِشتی پلانی تیۆری و مەیدانی توێژینەوەکەماندا بۆنوسین و شرۆڤەکردنی ڕەوشی(واقع)ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا پشتی پێببەستین، هۆکاری ئەم تێڕوانینەشمان بۆ تیۆرەکەی دوفرجیە بۆ چەند خالێك دەگەڕێتەوە لەوانە:-

یەکەم : جیاواز لەسەرجەم تیۆرەکانی دیکە، دوڤرجیە بەشێوەیەکی واقعیانە تیۆرەکەی خۆی دارِشتوە، تەنها لە گۆشە نیگایەکەوە لە ململانێی سیاسی ناڕوانێت بەڵکو لەتیۆرەکەیدا ئاماژە بە بوونی ململانێی سیاسی لەسەر دوو ئاست دەکات ،یەکەمیان: لەنێوان تاکەکان یان گروپ و لایەنە جیاوازەکان لەپێناو بەدەستهێنان یان بەشداری لە دەسەڵات ، لەگەڵ ململانێی نێوان هاولاتیان ودەسەلاتی حوکمڕان لەپیناو گۆڕینی سیستەمی سیاسیدا کە خۆی لە ململانیی چینایەتی و بزوتنەوەکان دا دەبینێتەوە، سەرەڕای ئەوەش شرۆڤەو شیکاری بۆ هۆکار و جۆرو کاریگەریی و ئامرازەکانی ململانێی سیاسی کردوە و هەوڵیداوە لە ڕێگەی چارەسەرە گونجاوەکانیەوە ململانێی سیاسی بە ئاراستەی تەواوکاری کۆمەڵایەتیدا بەرێت.

دووەم: بەپێچەوانەی زۆربەی شارەزایانەوە کە تەنها هۆکارێك یان دوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی ململانێکان دەزانن، بەلاَم دوڤرجیە ململانێ بە دیاردەیەکی ئالۆز دەزانێت و چەندین هۆکاری وەك ( ئابووری، کۆمەڵایەتی، بایۆلۆجی، دەروونی،دیمۆگرافی، جوگرافی، کلتوری)بە هۆکاری سەرهەڵدانی ململانێکان دادەنێت و بە وردی شرۆڤەیان دەکات، ئەمەش بەو واتایە دێت ، تەنها لە گۆشە نیگایەکەوە لە ململانێ ناڕوانێت.

سێیەم : تیۆر دارێژەرێکی هاوچەرخەو لەبەر ڕۆشنایی تیۆر و بیروڕای زانایانی پێش خۆی و لەسەر بنەمای میتۆدو ئامرازی توێژینەوەی نوێ و هاوچەرخ تیۆرەکەی دارِشتووە.

چوارەم: شێوازێکی ( شیکاری- ڕەخنەیی ) بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسیەکان پەیڕەو کردووەو هەوڵیداوە بابەتیانە شرۆڤەی سیستەم و ململانێی سیاسی کاریگەرییەکانی بکات.

بەسەرنجدانێکی گشتی لە بارەی ژیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بە ئاشکرا سەرنج و تێڕوانینەکانی دوڤرجیەی تیا بەدیدەکرێت، بەتایبەتی لەم لایەنانەی خوارەوە :-

فۆرمی ململانێی سیاسی لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکەی دوڤرجیە، لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەم دەوڵەتە نوێیەوە، گەلی کورد لەدژی حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق ململانێی توندی سیاسی و چەکداری ئەنجامداوە، بەجۆرێك تاکی کورد لەژێر کاریگەری هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەرییەوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لەژێر دەسەلاتی داگیرکەر، ململانێی سیاسی کردووەو بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەش پەنای بۆ خەباتی چەکداری بردووە. بەشێوەیەکی گشتی ئەم شێوە ململانێیە،

ململانێیە بۆ گۆڕینی سیستەم، هەروەك ئەوەی دوفرجییە ئاماژەی پێکردووە، ئەمەش بەو واتایە دێت، گەلی کورد لە ڕێگەی خەباتی مەدەنی و خەباتی حزب و ڕێکخراوە ساسیەکانەوە هەوڵی گۆڕینی سیستەمی حکومڕانیانداوە بەئاشکرا سیماکانی تاکڕەوی و دیکتاتۆریانە بە حزبی بەعسەوە دیاربووە.

لەلایەکی دیکەوە دوڤرجییە لە تیورەکەیدا جەخت لە ململانێی نێوان لایەنەکان دەکاتەوە لەسەر پرسی دەسەڵات لەناو خودی سیستەمدا. بەجۆرێك فۆرمێکی دیکەی ململانێکان لە هەرێمی کوردستاندا، بریتیە لە ململانێی نێوان حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵات، هەرلە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردووەوە تاکو ڕۆژگاری ئەمرۆ لەناو خۆیاندا بوبێت یاخود لە نێوان خۆیاندا، بەمەبەستی بەدەستهێنانی( دەسەڵات، هێز، باڵادەستی، بەرژەوەندی)، ململانێی سیاسی یەکتریان کردووە و هەموو ئامرازێکی وەك ( شەڕو کوشتار، خیانەت، ئابووری، سزای سیاسی، چەواشەکاری....)یان، لە دژی یەکتر بەکارهێناوە. ئەبێ ئەو راستیەش لەبەرچاو بگرین لە دوای راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١وە و لەسەردەمی حکومڕانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ململانێی نێوان حزبەکان لەناوسیستەمەکەدا ڕوویداوە، واتا ململانێکەیان بۆ گۆڕینی سیستەم نەبووە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە بووە کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، بەو پێیەش تاڕادەیەك سەرەتاکانی دیموکراتیەت لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، ململانێکان مۆرکی ئاشکراو هەندێك جاریش بەپێی شێوازی حوکمڕانی زۆنەکان مۆرکی شاراوەیان بەخۆوە بینیوە، ئەمەش لەکاتێکدایە لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا ڕێگە بە کێبڕکێ و ململانێی سیاسی ئاشکرا نادرێت، هەربۆیە بزوتنەوە ئۆپۆزسیۆن و نەیارەکانی دەسەڵات پەنا بۆ ململانێی سیاسی شاراوە دەبەن هەروەك ئەوەی دوفرجیە ئاماژەی پێکردووە. هاوکات ئەگەرچی لەکوردستاندا جۆرێك لە ئازادی سیاسی و فرەحزبی بوونی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەریەکە لە(پارتی دیموکراتی کوردستان )و(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە ژیانی سیاسی ناوچەکەداو ململانێ سیاسیەکانی نێوان ئەو دوو حزبەش کاریگەری و لێکەوتەی نەرێنی لەسەر ژیانی سیاسی کوردستان هەبووە. پێویستە ئەوەش بوترێت لەنێوان ئەو دوو حزبەشدا ئەوەی یەکەمیان هەمیشە وەك(حزبی زاڵ) مامەڵەی کردووەو هەوڵیداوە زۆرترین هێزودەسەڵات بۆخۆی بەرجەستە بکات، جگە لەوەش زۆربەی حزبە سیاسیەکان سروشت و مۆرکێکی بنەماڵەیی و کەسییان پێوەدیارە، بەجۆرێك تاکێك لەناو حزبەکە دەبێتە کەسی کاریزماو تاکە دەسەڵات و بەنەمانی ئەوکەسەش سەرەڕای جێگرتنەوەی شوێنەکەی لە لایەن ئەندامێکی بنەماڵەکەیەوە، بەڵام کاریگەری نەرێنی لەسەر هێزو دەسەڵاتی حزبەکە درووست دەکات. بە ئاشکرا دوفرجیە لە تیۆرەکەیدا ئاماژەی بەم شێوازە حزبایەتییە کردووە .

ململانێی نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵات، فۆرمێکی دیکەی ململانێ سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانە، بەتایبەتی لە دوای ئەوەی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و ئەنجامدانی شەڕی ناوخۆ و بەکارهێنانی موڵك وماڵی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەت و نایەکسانی و نادادپەروەری و بڵاوبوونەوەی هەژاری ...، متمانەی زۆرینەی هاوڵاتیانی لەدەستداوەو بەشێکی زۆری چین و توێژە جیاوازەکان چ بە ئاشکراو چ بە نهێنی

بەمەبەستی گۆڕینی دەسەڵات و سیستەمی حکومرانی ململانێی دەکەن، هەندێکجار هاوڵاتیان لە چوارچێوەی گروپی فشار یاخود پارتێکی ئۆپۆزسیۆن خۆیان ڕێکدەخەن و چالاکی سیاسی ئەنجام دەدەن.

زۆربەی ئەو فاکتەرانەی، دوڤرجیە وەك هۆکاری سەرهەڵدانی ململانێی سیاسی ئاماژەی پێکردوون، تاڕادەیەك بونیان هەیە، لەو بارەیەوە جوگرافیاو بایەخی جیۆپۆلەتیکی شارو شارۆچکەکان، یەکێکە لەو هۆکارانەی زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی ململانێ سیاسیەکانی نێوان حزبە سیاسیەکان ڕەخساندووە، بۆنمونە بایەخی سیاسی و جوگرافی شاری هەولێر و دەروازەی نێودەوڵەتی برایم خەلیل لە سەرەتای درووستبونی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ١٩٩١، خالّی ناکۆکی ململانێی نێوان هەردوو حزبی سەرەکی( یەکێتی نیشتمانی کوردستان )و (پارتی دیموکراتی کوردستان )بووە، جگە لەوەش بەردەوام حزبە سیاسیەکان هەوڵیانداوە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو ناوچانەدا بسەپێنن کە دەوڵەمەندن بە نەوت و گازی سروشتی.

هاوکات هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی بەیەکێك لە گرنگترین ئەو هۆکارانە دادەنرێن کە زەمینە بۆ سەرهەڵدانی ململانێی سیاسی دەرەخسێنن، بەجۆرێك بەدەستهێنانی سەرمایە ئەولەویەتی کاری زۆربەی حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانە، بۆ ئەو مەبەستەش هەموو ڕێگایەك دەگرنەبەر، چونکە بەدەستهێنانی سەرچاوەکانی داهات لە کوردستاندا ڕێگەیان بۆ خۆشدەکات تاکو بتوانن زۆرترین ئەندام و لایەنگر لە خۆیان کۆبکەنەوەو دەسەڵات و پێگەی خۆیان بەهێز بکەن، ئەمەش وایکردووە بەردەوام لە ململانێی یەکتردابن. ئەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگرین کە بەکارهێنانی ئابووری و داهاتی وڵات بۆ بەرژەوەندی حزبەکان جیاوازییەکی گەورەی لە نێو چینەکانی کۆمەڵگای کوردی درووستکردووە، بەجۆرێك کەمینەیەکی دەسەڵاتدار و سەربە حزبە گەورەکان خاوەنی زۆرترین سەروەت و سامانن و لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا دەژین، لەبەرامبەردا زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە داهاتی وڵات بێ بەشن و لە ئاستێکی نزیك لە هەژاریدا دەژین، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی درووستکردووە.

هۆکاری کلتووری و ئایدۆلۆجی، گومانی تیانیە هەندێکجار ململانێ سیاسیەکان دەرئەنجامی کلتورو ئایدۆلۆجیای حزبەکانن، بۆنمونە هەندێك جار حزبە ئیسلامییە پەڕگیرەکان بەهۆی ئەوەی خاوەنی کلتورو ئایدۆلۆجیایەکی توندی ئاینی بوون، هەموو حزبە سیاسیە علمانییەکانیان تەکفیر کردووەو بانگەشەی جیهادیان لە دژیان بەرزکردۆتەوە، ئەمەش بە ئاشکرا لە ململانێ سیاسی و چەکدارییەکانی ساڵی ٢٠٠١ی نێوان (ی.ن.ك)و هەردووحزبی (انصار الاسلام و جندالاسلام )دا دەردەکەوێت، هاوکات جیاوازی ئایدۆلۆجیاو ئاستی رۆشنبیری هۆکارێکی سەرەکی ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان بووە، لەوبارەیەوە هەندێك لە مێژوونوسان ئاماژە بەوە دەکەن، یەکێك لە هۆکارەکانی ململانێ ناوخۆییەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا، بریتییە لە ئایدۆلۆجیاو جیاوازی ئاستی رۆشنبیری، بەجۆرێك سەرۆکی حزب و ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، پێکهاتبوون لە سەرۆك خێڵ و عەشیرەتەکانی کوردستان و کەمتر پابەندی پرۆگرام و دیسپلینی

حزب دەبوون و وەك خێڵ مامەڵەیان لەگەڵ حزبدا کردووە، لە بەرامبەریشدا سکرتێری حزب و ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کەسانی رۆشنبیر و خاوەن بڕوانامە بوون، هەربۆیە بوونی دوو ئایدۆلۆجیا و کلتوری حزبی جیاواز هۆکاربوون بۆ سەرهەڵدانی ململانێی سیاسی لەناو(پ.د.ك)دا، تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی کوردستان ماوە.

هاوکات فاکتەرە دەروونییەکانیش پیشکیان لە سەرهەڵدانی ململانێی سیاسیدا هەیە،بەجۆرێك رق و کینەی لە پێشینەی لایەنەکان لەیەکتری و بوونی غەریزەی شەرەنگێزی و هەستکردنی زۆرینەی هاوڵاتیانی کوردستان بە بێ بەشبوونی رێژەیی کۆمەڵایەتی و ماف خوراوییان، دۆخێکی ناتەندرووستی دەروونی بۆ دروستکردون و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان مافە زەوتکراوەکانیان بگەڕێننەوە و تۆڵەی خۆیان لە نەیارەکانیان بکەنەوە.

هاوشێوەی ئەوەی، دوڤرجیە لە تیۆرەکەیدا وەك ئامرازی ململانێ ئاماژەی پێکردووە، سەرجەم ئامرازەکانی وەك( سەرمایە، دەسەڵات، هێزی سەربازی، راگەیاندن، چەواشە، دامودەزگاکانی دەوڵەت،....) لە ململانێ سیاسیەکانی نێوان حزبەسیاسیەکاندا بەکارهێنراوە، بەتایبەتی حزبە گەورەو دەسەڵاتدارەکان هەمیشە سەرمایەی ئابوری وەك کارتی فشارو بۆ خزمەتی خۆیان لە دژی بەرامبەرەکەیان بەکاردەهێنن، لەهەمانکاتدا ئەگەرچی هێزی(پێشمەرگە)بە هێزێکی نشتیمانی دادەنرێت، بەڵام لە زۆربەی ململانێکانیاندا لەدژی یەکتری بەکاریانهێناوە، هەروەك ئەوەی، لەشەڕی ناوخۆدا لەرێگەی ئەم هێزەوە ئەوپەڕی توندوتیژییان ئەنجامداوە، هاوکات بەکارهێنانی دەسەڵات و دام و دەزگاکانی دەوڵەت و هۆیەکانی ڕاگەیاندن، لەبەرژەوەندی دەستەو گروپێکی دیاریکراوەوە، یەکێکی دیکەیە لەو دیاردانەی لە کوردستاندا بوونی هەیە، بەتایبەتی حزبە دەسەڵاتدارەکان بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵات و ململانێ و لاوازکردنی نەیارەکانیان سودیان لێوەرگرتووە.

ئەگەرچی دوڤرجیە بوونی ململانێی سیاسی بەگرنگ و وەك هۆکارێك بۆ تەواوکاری کۆمەڵایەتی بە پێویست دەزانێت، بەڵام لەهەمانکاتدا بۆ ڕێگریکردن لە ئەگەری هەڵکشانی ململانێکان بە ئاڕاستەی توندوتیژی کۆمەڵێك چارەسەر دەخاتە ڕوو، کە تارادەیەك ئەو هەنگاوانە لەکوردستاندا گیراونەتەبەر، بەتایبەتی هەوڵدان بۆ کاڵکردنەوەی ململانێی سیاسیەکان و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی دوو ئیدارەیی و ئەنجامدانی ڕێکەوتننامەی ستراتیجی و دروستکردنی هاوپەیمانێتی، کە ئەنجامێکی ئەوتۆی بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی ململانێکان لێ نەکەوتۆتەوە، نەك هەرئەوەی هاوبەندی دروست نەکردووە بەڵکو هۆکاریکیش بووە بۆ لێکترازانی کۆمەڵایەتی و کلتوری لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

## باسی سێیەم/ پێکهێنانی کەسێتی و سیماکان لەبەر ڕۆشنایی تیۆرە جیاوازەکاندا

پێکهێنـانی کەسـێتی و سـیماکان بابـەتێکی فـرە ڕەهەنـد و ئـاڵۆزەو بـەگوێرەی گـۆڕانی شـوێن و سـەردەمەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، کۆمەڵێك هۆکاری جۆراو جۆر لە پێکهێنانیدا بەشدارن، ناکرێت هەریەکە لەو هۆکارانـە بـە جیا لەیەکتری تەماشابکەین بەڵکو هـەموویان پێکـەوە ڕۆڵ دەبیـنن، بۆئـەو مەبەسـتەش کۆمـەڵێك تیـۆری جیـاواز ڕۆشناییان خستۆتە سەر پێکهێنانی کەسێتی و سیماکان کە لێرەدا ئامـاژە بـە تیۆرەکـانی (سۆسـیۆلۆجی ، دەروونـی، ئەنترۆپۆلۆجی)دەکەین هەریەکەیان بە تێڕوانینێکی جیاواز شرۆڤە و شیکاریان بۆ هۆکارەکان کردووە، جیاوازی لـە نێوانیاندا بۆ قوڵی ئەو شرۆڤە و شیکارییانە دەگەڕێتەوە کە هەریەکە لە تیۆرەکان ئەنجامیانداوە، هەربۆیـە لێـرەدا بەگرنگی دەزانین بیروڕای تیۆرە جیاوازەکان بخەینە ڕوو تاوەکو بگەین بە دەستنیشانکردنی گرنگترین هۆکار .

## یەکەم / پێکهێنانی کەسێتی و سیماکان لەبەر ڕۆشنایی تیۆری سۆسیۆلۆجیدا

لایـــەنگرانی قوتابخانـــەی سۆســـیۆلۆجی بەگشـــتی و لایـــەنگرانی قوتابخانـــەی هاوچـــەرخ بەتایبـــەتی لـــە لێکۆڵینەوەکانیاندا سەبارەت بە کەسێتی، گروپ و کۆمەڵە مرۆییەکان دەکەنە تەوەرەی سـەرەکی لێکۆڵینـەوەکانیان، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنـەوە، تـاك لـەناو گروپـدا خـاوەنی ئـازادی وسەربەسـتی ڕەهـا نییـە، بـەڵکو دەکەونـە ژێـر کاریگەری (العقلیة الجمعیة)عەقڵی دەستەجەمعی و داب و نەریت و ڕێساو بیروباوەڕی ئەو گروپە مرۆییەوە کـە تـاك لـە نێویـدا دەژی، ئـەوەش دەخەنـەڕوو کـە فاکتـەرە کۆمەڵایەتییـەکان ڕۆڵـی سـەرەکی دەبیـنن لـە بونیادنـان و گەشەکردنی کەسێتی وسیماکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا. لەو بارەیەوە چەند تیۆرێکی جیاواز دەخەینە ڕوو :

١- **ئەمیل دۆرکهایم:-**

لە گۆشە نیگایەکی تایبەتەوە لە کەسێتی تاك دەڕوانێت و پێی وایە کەسێتی بەرهەم و دەرهاویشـتەی کۆمەڵگایـەو لەژێرکاریگەری ئامرازو ڕێکخستنی گروپە مرۆییەکان شێوە دەگرێت، ئەمەش بەو واتایە دێت کە کۆمەڵگە کەسێتی دیاری دەکات و بەپێی دیـاردە کۆمەڵایەتیـەکانیش ڕەفتـارو چـۆنێتی مامەڵـەکردنی مرۆڤـەکان بەرجەسـتە دەبێـت( عبـدالله،٢٠٠٣: ٣٣). بـەبڕوای ئـەو کۆمەڵگـە لەبەرامبـەر تاکـدا خـاوەنی هێزێکـی ئاکارییـەو هەریەکـە لـە دیـاردە کۆمەڵایەتییـــەکانی وەك( ئـــاین، یاســـا، ئاکـــار، خێزان)ڕۆڵـــی ســـەرەکی دەبیـــنن لـــە ڕێکخســـتنی پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتیەکانداو کاریگەری سەرەکیشیان لە نەخشاندنی کەسێتی وسیماکان هەیـە، جـەخت لـەوەش دەکاتـەوە کـە فاکتەرە دەروونییەکان بەگشتی و هۆکـارە بۆمـاوەیی و بایۆلۆجییـەکان بـە تایبـەتی ڕۆڵیـان لـە پێکهێنـانی کەسـێتی نییە، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە کەسێتی تاك ئاڕاستە ئەکات(رشوان،٢٠٠٦: ١٢٦).

دۆرکهـایم پێیوایـە دیـاردەی کۆمەڵایـەتی، دیاردەیـەکی بابەتییـەو بـونێکی تایبـەتی لـە دەرەوەی هەسـتی تاکـەکان هەیەو دروستکراوی ئەوان نییە، بەڵکو لەو کۆمەڵگەوە وەریدەگرن و تیایـدا پـەروەردە دەبـن، ئـەوەش دەخاتـەڕوو دیـاردە کۆمەڵایەتییـەکان "تایبەتمەندییـەکی ناچـارییان" هەیـە و لەرێگـەی پـەروەردەو داب و نەریتـە باوەکـانی

کۆمەڵگەوە، خۆی بەسەر هەست و رەفتاری تاکدا دەسەپێنێت، بەبێ ئەوەی تاك هەست بەو هێزی ناچارییە بکات(حەسەن، ٢٠١٠: ٢٩٩-٣٠٠)، هەروەها بەبایەخەوە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەڕوانێت و پێی وایە مرۆڤ لە رێگەیەوە رەگەزە باوەکانی کلتوری کۆمەڵایەتی دەوروبەرەکەی بەدەست دەهێنێت وهەر لەو ڕێگەیەشەوە فێری خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخ و داب و نەریت بەهاو بنەماو ئاڕاستانەدا دەبێت کە باون، ئەمەش لە بونیاد و دروستبوونی کەسێتی و سیماکانیدا ڕۆڵی کاریگەریان دەبێت (کاکە سوور،٢٠١٢: ٢١-٢٢).

لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکەی دۆرکهایم، ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کەسێتی و سیماکانی تاك بەرهەم و دەرهاویشتەی کۆمەڵگایەو لەژێرکاریگەری دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێساو یاساو رێکخستن و بارودۆخە جیاوازەکانی ناو گروپە مرۆییەکان و لەرێگەی پرۆسەی پێگەیانی کۆمەڵایەتیەوە شێوە دەگرێت، بەو پێیەش کە ململانێی سیاسی دۆخێکی هەڵقولاوی نێو کۆمەڵگایە و کۆمەڵێك کاریگەری جیاواز لەسەر دامەزراوە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان جێدەهێڵێت، پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیش لەونێوەندەدا کەچەند دامەزراوەیەکی جیاواز پێی هەڵئەسن ئەکەونە ژێر کاریگەریەکانی ئەو دۆخەوە بەشێوەی ئەرێنی یان نەرێنی کاریگەری خۆیان لەسەر کەسێتی و سیماکانی کورددا دروست دەکەن.

## ١- چارلس هرتن کولیCharles Hrtin Cooley ( 1864 – 1929)

کۆمەڵناسێکی ئەمریکیە، گرنگی بە خود وەك ڕەگەزێك لە بونیادی کەسێتی دەدات و چۆنێتی پێگەیشتن و گەشەکردنی خودی لە چوارچێوەی پرۆسەی کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا خستۆتە ڕوو، هاوکات لەگەڵ ڕەگەزی خود ئاماژە بە رەگەزی ویژدان دەکات لە بونیادی کەسێتی تاکدا، کە لەسەرەتای تەمەنی منداڵییەوە درووست دەبێت و کاریگەری خێزان و هاوڕێ و قوتابخانەی لەسەرەو شایانی گۆڕانە (فرح،١٩٨٩: ٩٥). کولی بە بایەخەوە لە پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگە دەڕوانێت، پێی وایە پەیوەندییەکی پێویست و گرنگ و جێگیرەو مۆرکێکی دینامیکی هەیە و هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەویتر دروست دەکات و شوێنەوار لەسەر یەکتری جێدەهێڵن، واتا تاك و کۆمەڵگا وەکو ئەندامی یەك جەستەن وتەواوکەری یەکترین، بەجۆرێك کەسێتی و سیماکان بەرهەم و دەرهاویشتەی کۆمەڵگان (رشوان،١٩٨٩: ١٢٩)؛(کرابیە،٢٠١٧: ١٠٦). لەوبارەیەوە کولی چەند سیمایەك بۆ کەسێتی تاك دیاری دەکات لەوانە (خود خۆشویستی، لەخۆبایی، خۆبەزلزان، خۆپەرست)کە کۆمەڵێك سیفاتی کۆمەڵایەتی مرۆیین و لە ئەنجامی کارلێك وپەیوەندی تاك لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر درووست دەبێت (فرح،١٩٨٩: ٩٥).

لە چوارچێوەی تیۆرەکەی کولی دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کارلێکی کۆمەڵایەتی رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دروستبوونی کەسێتی و نەخشاندنی سیماکاندا، هاوکات بە بایەخەوە لە پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگە دەڕوانێت،لەبەرئەوەی هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەویتر درووست دەکات و شوێنەوار لەسەر یەکتری جێدەهێڵن. سەبارەت بەم تیۆرە لە هەرێمی کوردستاندا، یەکێك لە دەرهاویشتەی ململانێ سیاسیەکان کاریگەرییەتی لەسەر

کارلێك و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاك و گروپەکاندا جا بەئاراستە ئەرێنی یاخود نەرێنیدا بێت، بێگومان ئەمەش کاریگەری خۆیان لەسەر سیماکانی کەسێتی لە کۆمەڵگەی کوردی دروست دەکەن .

۲- **پتریم سوروکین Pitirim Sorokin (1889- 1968)**

کۆمەڵناسی روسی –ئەمریکی تێڕوانینی خۆی لەبارەی کەسێتیەوە خستۆتەڕوو، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هاوشێوەی هۆکاری بایۆلۆجی و بۆماوەیی، کلتوری کۆمەڵگا لە بونیادنان و دروستبوونی کەسێتی تاکداو لە چوارچێوەی واقعی کۆمەڵایەتیدا رۆڵی سەرەکی دەبینن، بە بڕوای ئەو کەسێتی لە جیهانێکی بچوك پێکدێت کە رەنگدانەوەی جیهانی گەورەی کۆمەڵایەتی و کلتوری لەسەرە، بەجۆرێك ئەو کاریگەرییە لە پێش لەدایك بوونی تاك و لە ماوەی ژیانیدا بەردەوام دەبێت و لەگەڵیدا دەژی، ئاماژە بەوەش دەکات ئەستەمە تاك بەبێ کارلێك و تێکەڵ بوونی لەگەڵ کۆمەڵگا، لێهاتویی و ئەزموون و هزری گەشە بکات (Timasheff,1967:350).

بە سەرنجدانمان لە تیۆرەکەی سوروکین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، هاوشێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی، ئاماژە بە بایەخ و کاریگەری سیستەمی کلتوری دراوە لە بونیادنانی سیماکانی کەسێتیدا، بەو پێیەش کە کلتوری سیاسی بەشێکی دانەبڕاوە لە کلتووری گشتی، ئەو بۆچونەمان لەلا درووست دەکات، پەیوەندی نێوان ململانێ سیاسی و کلتوری سیاسی، پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیەو کاریگەری لەسەر یەکتر درووست دەکەن، بەجۆرێك سەرهەڵدانی ململانێی سیاسی و لێکەوتەکانی هۆکارێکە بۆ گۆڕین و ئاڕاستەکردنی کلتوری سیاسی، لە هەمان کاتدا بەوپێیەی کلتوری سیاسی سەرجەم ئەو بەهاو دابونەریت و ئاکار و بیروباوەرانە دەگرێتەوە کە لە مێژووی کۆمەڵگادا بەدەست هاتوون و لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگادا پراکتیزە دەکرێن کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر ڕەفتارو هەستی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا دروستدەکات، بێگومان ئەمەش بە جیاوازی سیستەمی سیاسی و ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگاکە جیاوازە. ئەوەی جێگەی سەرنجە رەهەندەکانی ململانێی سیاسی کە خۆی لەنەمانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست و تێکچوونی بەها و پێوەرەکان و ناسەقامگیری دۆخی سیاسی و ئابووری و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە کوردستاندا دەبینێتەوە، کاریگەری نەرێنی لەسەر کلتوری سیاسی ناوچەکە درووست کردووە، بێگومان ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر سیماکانی کەسێتی تاکی کورد بەجێ دەهێڵێت.

۳- **تالکۆت بارسۆنز**

بارسۆنز ئاراستەیەکی نێوەندگیری لە نێوان زانستی کۆمەڵناسی و دەروناسیدا گرتوەو جیاواز لە دورکهایم و سورکین تەنها عەقلی جەمعی و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و کلتور بە پێکهێنەری کەسێتی نازانێت بەڵکو لەتیورەکەی بەناوی (کردەی کۆمەڵایەتی)دا پێی وایە ( بکەر، هەڵوێست، ئاراستەکردنی بکەر) وەك سێ ڕەگەزی سەرەکی لە پێکهێنانی کەسێتی و سیماکاندا ڕۆڵ دەبینن، هاوکات هەوڵیداوە لە چوارچێوەی شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ڕەفتاری تاکەوە پەیوەندی نێوان بونیادی کۆمەڵایەتی و کەسێتی ئاشکرا بکات، ئاماژە بەوەش دەکات، کارلێك و بەیەکداچوونی هەرسێ سیستەمی (کۆمەڵایەتی، کلتوری، کەسێتی) بناغەی بونیادنانی کەسێتین و لە دیاریکردنی

سیما بنەڕەتیەکانی تاکدا ڕۆڵ دەبینن، کە لەڕێگەی ڕەفتارێکەوە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا بەرجەستە دەبێت (زاید، ٢٠٠٩: ١٠٦).

بەبڕوای بارسۆنزکەسێتی یەکێکە لە سیستەمە سەرەکیەکانی ڕەفتار و پەیوەنیەکی بەهێزی بەسیستەمی کۆمەڵایەتیەوە هەیە گەشەکردن و دروستبوونی پەیوەستە بەگۆڕانکاری لە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەدا هەر بۆیە بارسۆنز پێی وابوو،گەشەکردنی کەسێتی تەنها بریتی نییە لە پرۆسەیەکی فسیۆلۆجی تایبەت بەتاك، یان پێکهاتەی بۆماوەیی هۆکاری سەرەکی و بنەرەتی درووستبوونی کەسێتی نییە بەڵکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی-دەروونییە و پەیوستە بە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە، ( کلتور، بەها، پێوەر) لە پێکهێنانی ڕۆڵ دەبینن (رشوان،2006:١٣٤).

هاوکات لە تیورەکەیدا ئاماژە بە سێ بنەما (محدد) دەکات، یەکەمیان بریتییە لە کردارێك کەلەلایەن بکەرێکەوە لەکاتی کارلێکی لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی دا ئەنجام دەدرێت، دووەمیان ئەم کردارە سیستەمی کلتوری ڕێکی دەخات و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بەهاو داب و نەریتەوە هەیە، سێهەمیان ڕێکخستنی ئەم کردارە لەسەر بنەمای دۆخە کۆمەڵایەتیەکە دەبێت، کە سیمای کەسەکان لە چوارچیوەی سیستەمی کەسێتیدا دیاری دەکات .

بەرمەبنای تیورەکەی بارسۆنز کارتێکەرە کۆمەڵایەتی و کلتوری و دەروونیەکان هۆکاری سەرەکین بۆ دیاریکردنی ڕەفتارو سیما کەسیەکان، هەربۆیە هەستاوە بە پێکەوە بەستنی ئەم سیستەمانە لەگەڵ سیماکانی کەسێتیدا، لێرەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی ململانیێ سیاسی یەکێکە لەو هۆکارە چالاکانەی لە کۆمەڵگای کوردیدا بەشێوەی تەواوکاری کاریگەری لەسەر سیستەمی( کۆمەڵایەتی، کەسێتی، کلتوری) درووست کردووە، بەجۆرێك کە دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان نەیان توانیوە وەك پێویست بەپرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی –سیاسی هەڵبستن بەمەش کلتورو بەها کۆمەڵایەتییەکان لاوازبوون، دەرئەنجامی ئەوەش کاریگەریان لەسەر سیماکانی کەسێتی تاکی کورد دروست کردووە.

**دووەم / پێکهێنانی کەسێتی و سیماکان لەبەر ڕۆشنایی تیۆری دەروونیدا :-**

کەسێتی و سیماکان یەکێکە لە بابەتە بەبایەخ و پێشکەوتوەکانی زانستی دەروونناسی، واتە ئەگەر بمانەوێت لەپێکهێنانی کەسێتی و سیماکان ئاشنابین پێویستە زەمینەیەکی باشمان لە زانیارییەکانی ئەم زانستە وسەرجەم لقە جیاوازەکانی بەگشتی هەبێت، لەبەرئەوەی بابەتی کەسێتی هەروەك ئاماژەی پێدرا قوڵ و فراوانەو هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، وەك تاك وەك ئەندامێکی کۆمەڵ و کۆمەڵگا دەکەوێتە ژێر کاریگەرییە جیاوازەکانەوە هەربۆیە ناکرێت تەنها یەك تیۆر بخەینەڕوو چونکە بیرو بۆچونەکان جۆراوجۆرن، ڕێکەوتنێکیش لە نێوان زاناکاندا بۆ ئەو مەبەستە نیە، هەر بۆیە بەگرنگی دەزانین لێرە چەند تیۆرێکی دەروونی بخەینە ڕوو کە توانیویانە گرنگترین هۆکار سەبارەت بە پێکهێنانی کەسێتی و سیماکان ڕاڤە و شیکار بکەن لەوانە :-

**١- تیۆری سایکۆدینامی :**

لەسـەرەتادا لایـەنگرانی قوتابخانـەی شـیکردنەوەی دەروونـی پێیـان وابـوو هۆکـاری بۆمـاوەیی و بـایۆلۆجی ڕۆڵـی سەرەکی دەبینن لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاکداو جەختیش لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کەسێتی وەرگیراو نییە، بـەڵکو خۆڕسکە و مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییە ئەندامیە ناوەکییەکانی وەك (کۆئەندامی دەمار، گلانـدەکان، هۆرمۆنـەکان...)ەوە، ئـەم گۆڕانکاریانـەش ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری لەسـەر کەسـێتی دروسـت دەکـەن، بـەڵام لـەکۆتایی (سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا)، تویژینەوەکان، بەمەبەستی دۆزینەوەی پاڵنەرەکانی ڕەفتاری مرۆڤدا بایەخیان دەدا بەکارلێکی نێوان فاکتەرە بۆماوەیی و ژینگەییەکان پێکەوە لە پێکهێنانی کەسێتی و سیمای مرۆڤـدا، لێرەدا بەپێویستی دەزانین تیۆرو تێڕوانینی هەندێك لە دەرونناسەکان بخەینەروو لەوانە :-

**١-١ -سیگمۆند فرۆید Sigmund Freud( 1856 -1939 )**

زانایـەکی نەمسـاوییە و دامەزرێنـەری قوتابخانـەی شـیکردنەوەی دەروونیـە، گرنگـی بەهەڵچون و پاڵنـەرەکانی مرۆڤ لەگەڵ هەست و نەست دەدات و بەڕێگەیـەکی  گرنگیـان دەزانێـت بـۆ تێگەیشـتن لـە هەڵسوکەوت و کەسـێتی مـرۆڤ، هاوکـات  فرۆیـد بـڕوای وایـە گەشـەکردن و بنیاتنـانی کەسـێتی پابەنـدە بـەکارلێکی ڕەمـەك و پاڵنـەرە فسیۆلۆژییەکان لەلایەك و هێزو دابونەریتی دەرەکی لەلایەکی تر.

فرۆیـد کەسـێتی بۆسـێ پێکهاتە(ڕەگـەز) دابـەش دەکـات ئـەوانیش بـریتین لـە( ئـەو (Id)، مـن(ego)، مـنی باڵا(Super ego)، ئەم سێ پێکهاتە بنەماییانەی کەسێتی لەڕووی ڕەفتارو پێکهێنەرەکانیانەوە لەیەکتری جیاوازن ، بەبڕوای فرۆید کەسێتی مـرۆڤ هەمیشە بەرهـەمی پەیوەنـدی و هەڵسوکوتی دژ بەیـەکی ئـەم سێ پێکهاتەییـە ، هاوکات فرۆید گەشە و پەرەسەندنی کەسێتی  بۆ پێنج قۆناغ دابەش دەکات، بریتین لە قۆناغەکانی (دەمی، کۆمی، ئەندامی زاوزێ،مت بوون، سێکس ) بە بۆچووی فرۆید منداڵ لـە هەریەکـە لـەو قۆناغانـەدا وەك دیـاریکراوە تـام و چێژی سێکسی لە بەشێك لە ئەندامەکانی لەشی وەردەگرێت( فرح،١٩٨٩: ١٦١ ).

لـەم تیـۆرەدا گرنگـی بـە دوو پاڵنـەری سـەرەکی لـەپێکهێنانی کەسـێتی و سـیماکاندا دراوە، ئـەوانیش ڕەمـەکی (شـەرەنگێزی، خۆشەویسـتی) ە واتـە مـرۆڤ لەسـەرەتای دروسـت بونیـەوە دوو پاڵنـەری دژ بەیـەك لـە ناخیـدان ، هەروەها گرنگیەکی زۆریش بە پێنج ساڵی یەکەمی ژیانی منداڵ دەدات و بەبناغەی دروست بوونی کەسێتی مـرۆڤ دادەنێت، لە پێنج ساڵی یەکەمی ژیانیدا پەیوەندی هەڵچوونی و سۆزی و کۆمەڵایەتی نێوان منداڵ و دایك و بـاوکی گرنگیەکی زۆری لەسەر گەشە کردنی هەیە، ئەگـەر پەیوەندیـەکی دۆسـتانە و مرۆڤانـە بێت، ئـەو کاتـە منـداڵ بـە شـێوەیەکی ئاسـایی گەشـە دەکـات و بـەڵام ئەگـەر پەیوەنـدی نێـوان منـداڵ و کەسـانی چـواردەوری توونـدوتیـژی و هەڕەشەی لە خۆگرت و لەکاتی پرۆسەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی هەستی بـە ئـازار و سـوکایەتی کـرد، ئـەو کاتـە کەسێتی و سیماکانی منداڵ  دەکەوێتە مەترسیەوە.

## ٢-١ کارل گۆستاف یۆنگ Carl Gustav Jung (1875 -1916 )

یۆنگ بە یەکێك لە دەروونناسە دیارەکانی سویسرا دادەنرێت و هاوڕێ و هاوسەردەمی فرۆید بووە، ئەو لەبارەی کەسێتی تاکەوە تێڕوانینەکانی خۆی لەچوارچێوەی تیۆرێکدا خستووەتەڕوو، بە بڕوای یۆنگ (نەست) خاڵی سەرەکی و کاریگەری پێکهێنانی کەسێتیە، پێشی وایە کەسێتی و سیماکانی تاك بۆ داهاتوو هەنگاو دەنێت، وەك چۆن کارتێکراویشە بەرابردوو، گەشە و گۆڕان و پێشکەوتن تەنها لە قۆناغی منداڵیدا ناوەستێ هەروەك ئەوەی فرۆید پێوابوو بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە( فونتانا، ١٩٨٩: ٧٦).

هاوکات یونگ جیاواز لە فرۆیدلە تیورەکەیدا ئاماژە بە جۆرەکانی کەسێتی دەکات و پێی وایە دوو جۆری سەرەکی کەسیەتی هەیە، هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە ئەوانیش یەکەمیان :کەسیەتی کراوە (Extravert کە گرنگی بە جیهانی دەرەوە دەدات. دووەمیان : کەسیەتی گۆشەگیر (Introvert)ەکە گرنگی بە وزەی زیندووی دەروون دەدات (نایت و نایت، ١٩٩٣: ٢٨٣).

هەروەها یۆنگ گرنگی بە هۆکاری ((ڕەچەڵەك )نەژاد و پەرەسەندن) دەدات لە بونیاد نانی کەسێتیدا، تاك بە بەرهەمی مێژووی سەدەکان و زەمەنە تێپەڕیوەکانی باوانی دەزانێت، بەبڕوای ئەو کەسێتی ئەمڕۆ لەسەر بنەمای ئەزموونە گشتیەکان و یەك لەدوای یەکەکانی چینەکانی ڕابردوو و تەنانەت مرۆڤە سەرەتاییەکانیش شکڵێنراوە واتە بنەمای کەسێتی لە هەریەکەلە ( کۆن، سەرەتایی، زگماکی، نەست(نائاگایی)، هەروەها ژینگەی گشتی و دەوروبەر ) پێکدێت، واتە یۆنگ ڕەگ و ڕیشە نەژادییەکان ئەخاتە ژێر سەرنج بە بڕوای ئەو مرۆڤ بەوەی کەلە باوانیەوە بۆی دەمێنێتەوە دێتە دنیاوەو ئاراستەی ڕەفتاری دەکەن، پێیان پیشان دەدەن کەلە چ هۆکارێکی ژینگەیی ئاگادار بن و بەکامیان وەلامبدەنەوە، یۆنگ لەو باوەڕەدایە لە هەر تاکێکدا جۆرێك لە ( نائاگایی کۆمەڵی یان گشتی) هەیە کە پێشتر دیاری کراوە لەلایەن نەژادەکەیەوە شێوەی وەرگرتوە، تاك لەسەر بنەمای ئەزمونەکانی خۆی بەتایبەتی نائاگایی گشتی نەژادی خۆی دەگۆڕێت، گرنگیەك کە یۆنگ بۆ ڕابردووی نەژادی و مێژووی کەسێتی مرۆڤ دای دەنا بووە هۆی ئەوەی لە هەموو دەروناسەکان زیاتر بە کاریگەرییەکانی هەریەك لە (ئەفسانەکان، ئایدۆلۆژیا،سیمبولە کۆنەکان، داب و نەریت، بیروباوەڕە سەرەتاییەکان) لە پێکهێنانی کەسێتی و سیماکاندا خەریك بێت (شاملۆ، ٢٠١٩: ٦٠)؛( رشوان، ٢٠٠٦: ١٢٣) .

لەم تیۆرەدا دەگینە ئەوەی بۆماوە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دروستکردنی ڕەمەکە جەستەییەکان و بە هۆکاری بەردەوامی خود و جۆریشیی دەزانێت واتە پێی وایە مرۆڤ نەك هەر تایبەتمەندییە جەستەییەکانی کەلە باوانیەوە بۆی دەمێنێتەوە بەڵکو ئەزموونە بەدەستهێنراوەکانیشی لە ڕێگەی بۆماوە بەدەست دەهێنێت هاوکات ئامانجەکانیشی بۆ داهاتو هۆکارێکی تری شێوەگری کەسێتی و سیماکانە واتە تاك لە روانگەی یۆنگەوە دەتوانین بڵێین بۆ داهاتوو هەنگاو دەنێت وەك چۆن کارتێکراویشە بەرابردوو.

### ٣-١ ئەلفرید ئادلەر Alfred Adler( 1870 -1937)

خەملێن و بەرجەستەبوونی تێڕوانینەکانی ئادلەر بۆ بارودۆخی ئالۆزو ناسەقامگیری ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، لەو قۆناغەدا وەك پزیشکێك بەشداری ئەو جەنگەی کردووەو لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی دەروونی منداڵ و تاکەکانی کۆمەڵگاکەی بووە، وەك پەرچەکردارێکیش لە دژی ئەو واقیعە هەمیشە دژی توندوتیژی و زوڵم وەستاوەتەوەو خۆی بەپارێزەری چینی بەش خوراوو هەژاران زانیوە.

ئادلەر چەقی تێڕوانینەکانی تایبەت کردوە بە تاك ،بەبڕوای ئەو هەموو تاکێك لە منداڵیەوە خاوەنی جۆرێك لە گرێی خۆبەکەم زانینە، بەڵام ژینگە ودەوروبەر لە پەرەپێدانی ئەو هەستەدا ڕۆڵی بەرچاو دەبینن، هەربۆ ئەو مەبەستە گرنگی بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی دەدات لە ڕەوینەوە و گەشەپێدانی هەستی خۆ بەکەمزانین لای تاك (السفاسفه و عربيات،٢٠٠٥: ٤٣).

بەگوێرەی ئەم تیۆرە گرێی خۆبەکەم زانین بەهۆی بوونی کەم و کورتی لە(جەستە، هزر، کۆمەڵایەتی، ئابووری) ەوە درووست دەبێت، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی و کەسێتی و سیماکانی تاك درووست دەکات، بەجۆرێك وا لەتاك دەکات، هەست بە نائارامی دەروونی بکات، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم دۆخەو هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی هەستی خۆبەکەم زانین پێویستی بە هێزێکی زیاتر هەیە تاوەکو بتوانێت دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا هەبێت، هاوکات تاك بۆ قەرەبوو کردنەوەی کەم و کورتیەکانی بە پێی توانای خۆیی و لێهاتوییەکەی شێوازی جیاواز لە ژیاندا دەگرێتە بەر، هەندێك جار بە ئاراستەی نەرێنی دا پەنا بۆ خەیاڵ و توندوتیژی و پەرگیری و خود پەرستی دەبات، یاخود ئاڕاستەیەکی ئەرێنی دەگرێتە بەر و بەرەو سەرکەوتن و کەماڵ هەنگاو دەنێت، بەڵام ئەدلەر جەخت لە تێکۆشان لە پێناو سەرکەوتن و هێزدا دەکردوە بەئاراستەی ئەرێنیدا ئەویش لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی وخزمەتی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتیدا (الساعاتي، ١٩٨٣: ١٦٦). هەرلەوبارەیەوە ئادلەر گرنگی بە مەبەست و ئامانجی ژیان دەدات و پێی وایە ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت لە دیاریکردنی ڕەفتارو شێوازی ژیانی تاکدا، هەربۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە ئامانجی ژیان واقعی بێت نەك خەیاڵی، چونکە هەرکاتێك ئامانجەکانی تاك خەیاڵیی بوون لەگەڵ واقعدا دووچاری پێکدادان دەبێتەوە، لەم دۆخەشدا تاك رووبەڕووی شۆکی دەروونی(الصدمه النفسيه) دەبێتەوە. ئەوەش دەخاتەڕوو کە زۆربەی نەخۆشیە دەروونیەکان لە ئەنجامی ئاڕاستەی تاك بۆ مەبەستێکی خەیاڵی یان ئامانجێکی ناواقعیەوە درووست دەبێت( رشوان، ٢٠٠٦: ١٢٧) .

ئادلەر لە تیورەکەیدا ئاماژەی بە بوونی هەستی لەپێشینەی خۆبەکەم زانین لای تاك دەکات هاوکات ژینگە ودەوروبەریش لە پەرەپێدانی ئەو هەستەدا ڕۆڵی گرنگیان هەیە، پاشان جەخت لە پڕکردنەوەی کەم و کورتیەکان دەکات بە ئاراستەی کەماڵ و سەرکەوتندا لە پێناو بەرژەوەندی وگەشەسەندی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەڵام لە هەرێمی کوردستان دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەژێر کاریگەری ململانێ سیاسیەکاندا بۆ پەرەپێدانی هەستی خۆبەکەم زانین لەبارە، هاوکات ڕێگریش بۆ تاك دروست دەبێت لەوەی کەکەموکورتی خۆیان پڕبکەنەوە

بەئاراستەی کەماڵدا ئەمەش ئەبێتە هۆی خودپەرستی وتوندوتیژی و تونـدڕەوی و ناسەقامگیری دەروونی لەکەسێتی تاکەکاندا.

## ٤-١ هاری ستاك سولیڤان Harry Stack Sullivan( 1892 -1949)

یەکێکە لەزانا و دەروونناسە ئەمریکیەکان، خاوەنی تێڕوانینی تایبەت بەخۆیەتی لە بواری کەسێتیدا تیۆرەکەی دەچێتە چوارچێوەی دەروونناسی کۆمەڵایەتیەوە لەچوارچێوەی کۆمەڵدا لە کەسێتی تاك دەکۆڵێتەوەو بایەخی پەیوەندی نێوان تاکەکان و پرۆسەی ئاوێتەبونیان دەخاتەروو.

سۆلیڤان پێی وایە کەسێتی تاك بەتەنها ناکەوێتە ژێر کاریگەری پاڵنەرە (فطری) زگماکیەکانەوە، بەڵکو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هەریەکە لە رەگەزەکانی بایۆلۆجی و دەروونی وبۆماوەیی و کۆمەڵایەتی پێکەوە کەسێتی درووست دەکەن ، تاك لە چوارچێوەی ئاڵوگۆری پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ کەسانی دیکە، فێری رەفتاری جۆراوجۆر دەبێت و بەرەگەزە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی چواردەوری کاریگەر دەبێت، ئەوەش دەخاتە روو کەسێتی رێکخستنێکی داینامیکی و نەرمی(مرن)ی هەیە و بەگوێرەی بارودۆخ و بە گەشەکردنی پرۆسەی کلتوری گۆڕانی بەسەردادێت (رشوان، ٢٠٠٦: ١٢١).

هاوکات سولیڤان دابین کردنی پێداویستیە بایۆلۆجییەکانی تاك و سەقامگیری وئارامی کۆمەڵگا، بەمەرجی سەرەکی کەسێتی ئارام(مستقر) دەزانێت، بەجۆرێك ئەگەر تاك پێداویستی و داواکارییەکانی لە چوارچێوەی کلتوری کۆمەڵگا بۆ دابین بکرێت، ئەوا هەست بە ئاسوودەیی دەکات، بەڵام بەپێچەوانەوە لە بەرامبەر دابین نەکردنی پێداویستیە بایۆلۆجیەکان و ناسەقامگیری کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شڵەژان( توتر )، پاشان لە ئەگەری چارەسەرنەکردن و بەردەوامی دۆخی شڵەژاوی تاك، کەسێتی بە ئاڕاستەیدڵەراوکێ و نائارامی هەنگاو دەنێت(فرح،١٩٨٩: ٥٧).

جگەلەوەش سولیڤان بایەخی لە ڕادەبەدەری بە پەیوەندییە ئاڵوگۆڕییەکانداوە داوە، ئەوەشی خستۆتە ڕوو ، تاك لە رێگەی ئەو پەیوەندیانەوە جگەلەوەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری کەسانی دیکە، لەهەمانکاتدا کاریگەری لەسەر کەسانی چواردەوری دروست دەکات، بەشێوەیەکی گشتی ئەم پەیوەندییە ئاڵوگۆڕانەش خۆیان لە پەیوەندییەکی دینامیکی گۆڕاودا دەبیننەوەو بە ئاڕاستەی کاریگەری لەسەر کەسێتی و گەشەپێدانی خود هەنگاو دەنێت.

ئەوەی لێرەدا تێدەگەین ئەوەیە، کەسێتی مرۆڤ دیاردەیەکی گریمانەییە، ناتوانرێت لە هەل و مەرج و پەیوەندی نێوان تاکەکان جیابکرێتەوە بەجۆرێك هەریەکە لە رەگەزەکانی بایۆلۆجی و دەروونی وبۆماوەیی و کۆمەڵایەتی پێکەوە کەسێتی دروست دەکەن وسیماکانی دەنەخشێنن لە چوارچێوەی ئاڵوگۆری پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ کەسانی دیکە، یەکێك لە دەرهاویشتەی ململانێ سیاسیەکان کاریگەرییەتی لەسەر کارلێك و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاك و گروپەکاندا جا بەئاراستە ئەرێنی یاخود نەرێنیدا بێت، بێگومان ئەمەش کاریگەری خۆیان لەسەر سیماکانی کەسێتی لە کۆمەڵگەی کوردی دروست دەکەن .

### ٥-١ ئەریك فرۆم Erich Fromm(1900 -1980)

بیرمەنـدو دەروونناسـێکی ئەڵمانییـە، خـاوەن ئاراسـتەیەکی نوێیـە لـە شـیکاری دەروونیـدا، بنـەمای سـەرەکی تیۆرەکەی تایبەتە بە فەیرانی مرۆڤی سەردەم. فرۆم پێی وایە، هەرچەندە مرۆڤ بـە سروشت کۆمەڵایەتیـە، بـەڵام مرۆڤـی ئێسـتا لەسروشـتی خـۆی لای داوە و هەسـتی تـەنیایی و گۆشـەگیری لا دروسـت بـووە، هەربۆئـەو مەبەسـتە جەخت لە کۆمەڵێك فاکتەری وەکو (بایۆلۆجی، دەروونی،کۆمەڵایەتی، کلتوری، ئاینی، ئابوری، سیاسـی)دەکاتەوە کـە ڕۆڵیان لەپێکهێنانی کەسێتی وسیماکانی تاکدا هەیە(فروم،١٩٧٢: ٨٣).

هاوکات ئەوەش دەخاتەڕوو، کە سێ ڕەگەزی سـەرەکی لـە بونیادنـانی کەسـێتی دا رۆڵ دەبیـنن، لەوانـە (خـود) لەئەنجامی ئەزمونەکانی ژیان و شێوازی بیرکردنەوەو هەست و بڕیارو پەیوەندیـەکانی مرۆڤـەوە درووسـت دەبێـت، لەسـەرەتای لەدایکبوونـەوە گەشـەدەکات و بۆمـاوەیی نیـە، هـەروەها (ویـژدان )وەك کۆگایـەك وایـە و سـەرجەم کلتورەکانی کۆمەڵگا بنەماو پرنسیپە ئاکاریەکان دەگرێتەخۆ لەڕێگەی دایـك و بـاوك و ئەزمونـەکانی ژیانـەوە تێـدا کۆدەبێتەوە. سەبارەت بە (سیما) کە ڕەگەزی سێیەمی بونیـادی کەسـێتی پێکـدێنێت و بـە بـڕوای فـرۆم رەگـەزێکی زگمـاك یـان جـێگیرو چەسـپاو نیـە، بـەڵکو لـەژێر کاریگـەری واقعـی کۆمەڵگەدایـەو بـەگۆڕانی بـارودۆخی کۆمەڵگـە ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێت، هەموو گـۆڕانێکیش پێداویسـتی نـوێ و سـیمای نـوێ دەهێنێتـە ئـاراوە (فـروم، ١٩٧٢: ٢٣٦)؛ (عبدالله،٢٠٠٣: ٤٢).

بـەبڕوای فـرۆم تـاك تـەنها بۆبـەدیهێنانی پێداویسـتییە سـەرەکیەکانی وەکو(خـواردن، خواردنەوە،...هتـد) هـەوڵنادات، بـەڵکو لـەدوای بەدەسـتهێنانی پێداویسـتییە سـەرەکییەکان، هـەوڵ بـۆ (خۆشەویسـتی، زانـین، مـەنتق، بەرپرسیارێتی، دەسەڵات، بەهای کۆمەڵایەتی ،...هتد) دەدات کەپێویستیان بە تێرکردنـە( فـرح، ١٩٨٩: ٤٥) .هاوکـات پێی وایە بۆ تێگەیشتن و ناسینی کەسێتی مرۆڤ، دەبێ ئەو پێداویستییانە لە بەرچاو بگـرین و شـی بکەینـەوە، کـە لەمەرجـەکانی بوونییـەوە پێکـدێن، ئـەوانیش بـریتین لـە پێداویسـتی بـۆ (ئینتیمـا، باڵایی(بەرزبوونـەوە)، پەیوەسـتبوون بـە ڕەگوڕیشـەوە، شـووناس، پێداویسـتی بـۆ چواچـێوەیەکی ئاڕاسـتەیی). کـە ئـەم پێداویسـتییانەش تایبـەتن بـە مـرۆڤ بەدرێـژایی پرۆسـەی پەرەسـەندن و گەشەسـەندنەوە بـوون بـە بەشـێك لـە سروشـتی مـرۆڤ و بـارودۆخی کۆمەلایـەتی بـۆ ئاسـان دەکـەن، کەسـێتی مـرۆڤیش لەسـەر بنـەمای بوونیانـەوە شـێوە وەردەگرێـت (شاملۆ،٢٠١٩: ١٣٢)، بەجۆرێك ئەگەر مرۆڤ تـوانی ڕێکخسـتنێك لـە نێـوان ئـەم پێویسـتیانەدا بکـات و بـە شـێوەیەکی تەواو پڕیان بکاتەوە، ئەوا دواتر دەتوانێت ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگا بێت و توانای داهێنانی هەبێت و هەست بە ئازادی و سەربەخۆبوونیش بکات، بەڵام ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی ئەم پێویستیانە دابین بکات، ئەوا گۆشەگیر و دابـڕاو و نامۆیە و توانای خۆگونجاندنی لە گەڵ بارودۆخی ناو کۆمەڵگادا نیە(السفاسفه و عربیات،٢٠٠٥: ٤٤).

ئەو لە کتێبی(ترس لە ئازادی)دا جەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە، گـۆڕان لـە سیسـتمی کۆمەڵایـەتی و ئابووریـدا، راسـتەوخۆ دەبێتـە هـۆی گـۆڕانی سروشـتی کۆمەڵایـەتی تاکـەکان و شـێوەگرتنی سیمای کەسـێتییان، ئەمـەش بـەو

واتایـەدێت، بونیـادی کەسـێتی و سـیمای تـاك خەسـڵەتێکی جـێگیرو چەسـپاونییە و لـەژێر کاریگـەری گـۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیستمی کۆمەڵایەتی و ئـابووری و سیاسـیدا، گۆڕانی بەسـەردا دێت، ئـەوەش دەخاتـەڕوو، جیـاوازی سیستمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، کاریگەری لەسەر سیمای کەسێتی تاك دروست دەکەن، بەجۆرێك سیماو کەسێتی تاك لە کۆمەڵگەی سەرەتایدا جیاوازە لەکۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی، بەهەمان شێوە سیماو خەسڵەتی کەسێتی تاك لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراتی جیاوازە لە کۆمەڵگەیەکی دیکتاتۆری (فرح،١٩٨٩: ٤٦).

هەر لەو روانگەیەوە کەلەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، فرۆم پێیوایە کۆمەڵگەی سەرمایەداری دووجۆر سیمای ئاکاری لە کەسێتیدا بەرهەم دەهێنێت، جۆری یەکەمیان بریتییە لە " سیمای  بێبەرهەم " کە هەریەکە لە کەسـانی( وەرگـر، هەل قۆزەر، ڕەزیل، کۆکەر(تەماعکار)، بازرگان) لـە خۆدەگرێـت، بـەجۆرێك تایبەتمەنـدی وەرگـر لـەو کەسـێتیانەدا بەدیدەکرێت کە هەمیشە چاوەڕێی دەستەبەرکردنی زانیاری وخۆشەویستی و داهێنـانن لـە کەسـانی دیکـەو خۆیـان ئامادەیی بەرهەم و داهێنان  و بەخشینیان نییەو تەنها وەرگرن، کەسی هەلقۆزەر ئەو جۆرەیە لە تایبەتمەندی کـە هەوڵدەدات لەرێگەی هێزو دەسەڵات و فرتوفێڵەوە خۆی بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێنێت، کـە بـڕوای فـرۆم زیـاتر ئـەم جۆرە کەسـێتییە لـە بەرپرسـە بـاڵاو دیکتاتۆرەکانـدا بـەدی دەکرێت، هەرچی کەسـی کۆکـەر یـاخود هـەڵگرە، خاوەنی جۆرە تایبەتمەندییەکن کە ئارامی و ئاسایش و خۆشی لـە کۆکردنـەوەو هـەڵگرتن و ڕەزیلیکـردن لـە پـارەو کەل و پەل و سۆزو بیرۆکەدا و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی تایبەتدا دەبیننـەوە، بـەبڕوای فـرۆم ئـەم جۆرە تایبەتمەندییـە لەکەسـێتیی باڵوتـرین جـۆری کەسـێتی سـەدەی هـەژدەو نۆزدەیـە و ژیـانی سـەرمایەدارییە، هاوکات بازرگان یەکێك لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی کەسێتی سەدەی بیستەمە تیایـدا کەسـێتی مـرۆڤ وەك کاڵایـەك کـرین و فرۆشـتنی پێـوە کـراوە. بـەڵام جـۆری دووەم لـە سیمای کەسـێتی بـە بـڕوای فـرۆم بریتییـە لـە "سـیمای بەرهەمهێن" ، بەنمونەی ئاکاری بـاڵاو ئامـانجی کۆتـایی لەگەشـەی مرۆڤایـەتی ناویـان دەبـات و هـەموو لایەنـەکانی ئەزموونی مرۆڤ دەگرێتەوە، خاوەنی ئەم جۆرە کەسێتییە هەموو ئامانجێکیـان گەشـەپێدانی خـودو مرۆڤایەتییـەو وەك نمونەیەکی باڵای مرۆڤایەتی دەردەکەون(مستەفا، ٢٠١٩: ٢٠١-٢٠٢).

لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکەی فرۆم دا ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت تاك و کۆمەڵگا دوانەیەکی لەیەك دانەبڕاوو هاوتەریبن، بەجۆرێك دۆخی ناسەقامگیری کۆمەڵگاو بوونی ململانێی سیاسـی کاریگـەری ئـەرێنی و نـەرێنی لەسـەر بونیادی کۆمەڵایەتی و سەرجەم سیستەمەکانی دروست دەکەن، ئەمـە لـە سیماکانی کەسـێتی تاکـدا ڕەنگدەدەنـەوە، هـەروەك دەرکـەوتنی سـیمای بێبەرهـەم لـە کەسـێتی کـورددا لـە ئـەنجامی ئـەو گۆرانکاریانـەی بـە هـۆی ململانێـی سیاسیەوە لە ناوچەکەدا دروستبوون.

## ٢- **تیۆری سیماکان:** -

یـەکێکی دیکەیـە لـەو تیۆرانـەی دەروونناسـان لـە چوارچـێوەی توێژینەوەکانیانـدا بـۆ ناسـینی کەسـێتی و ئاشکراکردنی سیماکانی تاك پشتیان پێبەستووە، لایەنگرانی ئەم تیۆریە پێیان وایە تاکەکان لە سیما جەسـتەیی و هزری و کۆمەڵایەتی وهەڵچونیەکاندا لەیەکتری جیـاوازن، هەربۆیـە بڕیـاردان لەسـەر کەسـێتی تـاك پێویسـتی بەلـە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندی و پێکهێنەرەکانی تاك هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش زانایان هەریەکەیان جۆرێك لە ڕێبازی تایبەت بەخۆی بۆ تێگەیشتن و ناسینەوەی سیماکانی کەسێتی گرتۆتەبەر، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین :

### ٢-١ جۆردن ئەلپۆرت Gordon Allport ( 1896 -1966)

دەروونناسێکی ئەمریکیە، بەوردی فۆکەسی خۆستۆتە سـەر سـیماو جۆرەکـانی کەسـێتی، ئـەو پێـی وایـە هـیچ دوو کەسێك بەتەواوەتی هاوشێوەی یەکتری نـین و هـەموو تاکێـك خـاوەنی کۆمـەڵێك سـیماو تایبەتمەندیـە جیـاوازە لـە تاکەکانی دیکە( محمود،١٩٨٩: ٥٧-٥٨)، ئاماژە بەوەش دەکات، سیما سروشت و چەمکێکی ئەبستراکتی هەیە و تەنها لـە ڕێگەی تێبینی کردنی ڕەفتارەکانی مرۆڤەوە درکی پێـدەکرێت وتێبـینی دەکرێـت، بـەجۆرێك هەنـدێك لـە سـیماکان بۆماوەیین وهەندێکی دیکەیان وەرگیراون، ئەگەرچی دەروونناسان نزیکـەی (٥٠٠٠) سـیمایان دیـاریکردووە بەهۆیـەوە کەسێتی تاکی پێ دیاری دەکرێت، بەڵام ئەلپۆرت لەنێو ئەو ژمارە زۆرەدا تەنها کۆمەڵێکیان لێ بـەگرنگ دەزانێـت و پێی وایە کۆنترۆڵی ڕەفتاری تاك دەکەن و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاك جێدەهێڵن (الجسمانی،١٩٨٤ : ٢٣٠).

هاوکات ئەلپۆرت بەپێی تایبەتمەندیە گشتی و تایبەتییـەکان سیمای کەسـێتی بـۆ دووجـۆر دیـاری دەکـات، (سـیمای گشـتی) مەبەسـت لێـی ئـەو سـیمایانەیە بەهۆیـەوە کۆمەڵگایـەکی دیـاریکراوی پێدەناسـرێتەوەو گشـتین، بـەجۆرێك هـەموو تاکـەکانی کۆمــەڵگا سـیماو خەسـڵەتێکی دیـاریکراوو هاوبەشـیان هەیـە، هـەروەك ئـەوەی کۆمەڵگایـەکی دیاریکراو بە( شەڕەنگێز، ئاشتی خواز، میواندۆسـت، ئـازا، چاونەترس)بناسـرێت، بـەڵام جـۆری دووەمیـان خـۆی لـە (سیمای تایبەتی) یاخود تاکایەتیدا دەبینێتەوە، کـە تایبەتـەو پەیوەنـدی بـە تاکەکەسـێکەوە هەیـەو کەسـانی دیکـە لەگەڵیدا هاوبەش نین (محمود،١٩٨٩: ٥٨).

بە تێڕوانینمان بۆ تیۆرەکەی ئەلپۆرت ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکـەوێت، ئـەلپۆرت زۆر بـەوردی فۆکەسـی خسـتۆتە سەر سـیماکانی کەسـێتی تـاك و لـەو نێوەندەشـدا جۆرەکـانی خسـتۆتەروو، ئـەوەش دەخاتـەڕوو کـە هەمووسـیماکان هێزێکی پاڵنەری دیاریکراویان هەیە، بەڵام سیما بۆماوەییەکان چالاکترن و کاریگەرییان لەسەر کەسێتی تاك زیاترە، هاوکـات ئەگەرچـی بـەروونی ئامـاژە بـەوەدەکات بەشـێك لـە سـیماکانی کەسـێتی تـاك وەرگیـراوەو لـەژێر کاریگـەری دەوروبەردایە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەلپۆرت لەتیۆرەکەیدا کاریگـەری گـۆڕانی ژینگـەیی و کۆمەڵایـەتی لەسـەر سیما گشتیەکان فەرامۆش کردووە.

## ٢-٢ رایموند کاتل Raymond Cattell( 1998 -1905):

یەکێکە لە بیرمەندو دەروونناسە ناسراوەکانی بریتانیا بە ئەندازیاری بواری کەسێتی دادەنرێت و خاوەنی تیۆری( سیمای کەسێتییە) و پێیوایە، سیما یەکەو ڕەگەزی بنەڕەتی بونیادی کەسێتی پێکدەهێنێت، کە لەتێبینی کردن و بەدواداچوونی ڕەفتاری تایبەتی مرۆڤەوە هەڵدەهێنجرێت و لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی بەشێك لە کەسێتی تاك بە شێوەی چەندێتی و چۆنیەتی دیاری بکات (شاملو،٢٠١٩: ٢٤٧). هاوکات بۆ چڕکردنەوەی تیۆرەکەیی و کۆکردنەوەی سیما نزیکەکان لە چەند سیمایەکی سەرەکیدا، کاتل سێ ڕێبازی وەرگرتنی داتای دەستنیشان کردووە، یەکەمیان بریتیە لە(تۆماری ژیانL-Data)، سەرجەم ئەو داتاو زانیاریانە دەگرێتەوە کە لەژیانی تایبەتی کەسێکەوە وەردەگیرێت، دووەمیان بریتیە لە (هەڵسەنگاندنی خود G-Data) ئەوداتایانەن لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە بەدەست دەهێنرێت، سێیەمیان بریتیە لە (ئەزموونە بینینەکانT-Data)، ئەو زانیاریانەن کە لەرێگەی ئەزموونی بابەتییەوە بەدەست دەهێنرێن ( فونتانا،١٩٨٩: ١٣٣-١٣٤) .

هاوکات کاتل سیماکانی کەسێتی بۆ چەند جۆرێکی جیاواز پۆلێن دەکات، بەجۆرێك لەسەر بنەمای گشتگیرێتی بۆ هەردوو جۆری هاوبەش و تاکێتی دابەش دەکات، لەم جۆرە پۆلێن کردنەدا لەگەڵ ئەلپۆرت هاوڕایە، سیما هاوبەشەکان هەموو ئەو سیمایانە دەگرێتەوە کە لە کۆمەڵێك تاك یاخود کۆمەڵگایەکدا بوونی هەیە. هەرچی پەیوەندی بەسیما تاکایەکانەوە هەیە ئەو سیمایانە دەگرێتەوە لە کەسێکی دیاریکراودا بوونی هەیە و لە کەسانی دیکەدا نییە (القیق، ٢٠١١: ٤٤ ).

لەلایەکی دیکەوە کاتل سیماکانی تاك لەسەر بنەمای جۆرایەتی بۆ سێ جۆری سەرەکی پۆلێن دەکات، لەو بارەیەوە (سیمای توانایی Ability )یەکێك لە سیماکانی ئەم دابەشکارییە پێکدەهێنێت ومەبەست لێی ئەو سیمایانە دەگرێتەوە ئامادەباشی و تواناو لێهاتوویی تاك لە مەیدانێکی دیاریکراودا پیشان دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، جۆری دووەمیان (سیمای دینامیکی) ە، هەموو ئەو سیمایانە دەگرێتەوە، تاك بەرەو ئامانجێك دەجوڵێنێت و پەیوەندی بە حەزو ئاراستەوە هەیە، هەریەکە لە پاڵنەری( ئاراستەکراو، زگماکی، وەرگیراو-ژینگەیی) ڕۆڵیان لە خەملێنی ئەم جۆرە سیمایەدا هەیە، هەریەکە لە سیماکانی(تەماعکاری، رق لێبوونەوەی دەسەڵات) لە نیشانە دیارەکانی ئەم جۆرە سیمایەن، سەبارەت بە( سیما مەزاجییەکانیش) ئەو سیمایانە دەگرێتەوە لە چوارچێوەی پاڵنەرو پەرچەکرداردا دەردەکەون و بە سیفاتی رەفتاری ناسراون، ( هەڵچوون، وروژان، توڕەبوون، خێرا وەڵامدانەوە، سووربوون..)لە سیما دیارەکانی ئەم جۆرەن(شاملو،٢٠١٩ :٢٤٩،٢٥٥)؛(القیق، ٢٠١١: ٤٤).

هەروەها کاتل، سیماکان بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکات، یەکەمیان (سیمای روکەش)ە هەموو ئەو سیمایانە دەگرێتەوە بە ئاسانی بە رەفتاری تاکەوە دیارەو هەستی پێدەکرێت، سیمایەکی ناجێگیری ڕێژەییەو زیاتر تایبەتمەندییەکی وەصفی هەیە وەك لە تەشخیصی، بۆنمونە پاراوی و زمانزانی، لێهاتوویی، بەڵام( سیما ریشەییەکان یان چاوگی)، کاتل بە بنەماو فاکتەری سەرەکی کەسێتی دایاندەنێت، ئەو سیمایانە دەگرێتەوە بەهۆی

بـوونی بەهرەیـەکی سروشـتییەوە دەردەکـەون و جێگیرییـەکی رێـژەییان هەیـە و بەسەرچـاوەی زۆربـەی سـیما روکەشەکان دادەنرێت(بوکانی،٢٠٠١: ٣٣-٣٤).

کاتل زیـاتر گرنگـی بـە سـیما ریشـەییەکان دەدات و پێـی وایـە بـریتین لـەو کارتێکـەرە بونیادیـە راسـتەقینانەی تەحەکوم بە کەسـێتیەوە دەکـەن و هـەردوو هۆکـاری ژینگـەیی و بۆمـاوەیی رۆڵیـان لـە پێکهێنانیـدا هەیـە جـەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە سیما ریشەییەکان یاخود چاوگییەکان توخمـە بنـەرەتییـەکانی کەسـێتی پێکـدەهێنن، سـیما (پێکهاتەیی و ژینگەیی)ەکان لـە پێکهاتنیـدا رۆڵ دەبیـنن، بـەجۆرێك سـیما پێکهاتەییـەکان رەمـەکی و بۆمـاوەیین و پشتبەسـتوون بـە فەسـلەجەی کەسـەکە خۆیـەوە، بـەڵام سـیما ژینگەییـەکان لەژێرکاریگـەری ژینگـەی سروشـتی و کۆمەڵایەتیدا درووست دەبن، ئەمەش بەو واتایە دێت ، ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەو ئاستی بژێوی، کاریگـەری لەسەر پێکهێنانی سیما چاوگییەکان درووست دەکات.( مستەفا، ٢٠١٩: ٤١٩)؛( البادی، ٢٠١٤: ٤١).

کاتل لە رێگەی پەیڕەوکردنی شێوازی شـیکردنەوەی فاکتـەرییـەوەو بـە پشتبەسـتن بـە رێبـازی ئامـاری، تـاووتوێی زیـــاتر لـــە (٤٠٠٠) ســـیما کـــردووەو توانیـــوێتی لـــە هـــەنگاوی یەکەمـــدا ژمارەیـــان بـــۆ تـــەنها (١٧١)ســـیما کەمبکاتـــەوە.(القیق،٢٠١١: ٤٣-٤٤ )، پاشـــان دوای بـــەراوردکردن و لابردنـــی ســـیما دەگمـــەن و لەیەکچـــوەکان، تـــەنها (١٦)سیمای بۆ دیاریکردنی کەسێتی هێشتۆتەوە و نـاوی نـاوە تاقیکردنـەوەی شـانزە هۆکارەکـە بـۆ کەسـێتی، کـە بـە بڕوای ئەو بناغەی سیمای چاوگی کەسێتی پێکدەهێنن(القاسم واخرون،٢٠٠١: ١٣٦)، بریتین لەمانەی خوارەوە:-

١- کۆمەڵایـەتی بـوون/ دوورەپـەرێزی: ئـەو کەسـانەیخاوەنی پلەیـەکی بـەرزن لـە سـیمای کۆمەڵایـەتی، توانایـەکی رادەبەدەریان هەیە لە خۆگونجاندن و پێکهێنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیـداو کەسـانێکی چـالاك و نـەرم و هاریکـارن، بەپێچەوانەوە سیمای دوورەپەرێزی لەو کەسانەدا هەیە کە خاوەنی تایبەتمەندی پارێزگاری و تەریکین .

٢- زیرەکی ( الذکاء): ئەو کەسانەی خاوەنی سیمای زیرەکین، بیرکردنەوەو لێهاتوییان لەکەسانی دیکە زیاترە.

٣- هەڵچـوون( الثبـات الانفعـالي): لـە نیشـانەکانی ئـەم سـیمایە بریتییـە لـە هێمنـی و پێگەیشـتویی و بـەتوانا لەرووبەڕووبونەوەی ئاستەنگ و فشارو واقـع، خـاوەنی کەسـێتییەکی جـێگیر و هاوسـەنگن، بەپێچـەوانەوە ئەوانـەی پلەیەکی نزمی ئەم سیمایەیان هەیە، کەسانێکی هەستیارو میزاجی و ناهاوسەنگن( مستەفا، ٢٠١٩: ٤٢١).

٤- خۆسەپێن/ ملکەچ: ئەو کەسانەی پلەیەکی بەرزی سیمای خۆسەپێنیان هەیە، خاوەنی کەسێتییەکی شـەڕەنگێزو لاسارو رکابەرن، بەپێچەوانەوە ئەو کەسانەی لەخۆبردو و سادەو نەریتی و یاریدەدەرن، خاوەنی سیمای ملکەچین.

٥- هەڵەشەیی/ لەسەرخۆیی: ئـەو کەسـانەی پلەیـەکی بـەرزی هەلەشـەیی و بێبـاکی و بەجۆشـییان هەیـەو گرنگـی بەوەنادەن کە کاردانەوەی رەفتارو هەلس و کەوتەکانیان چی دەبێت، بەڵام ئەو کەسانەی کەمترین نیشانەی سیمای هەڵەشەییان هەیە، کەسانێکی ئەقڵانی بە ئاگاو لەسەرخۆن و جدین لە کارەکانیانداو خاوەنی سیمای لەسەرخۆیین.

٦- ویژدان زیندوو: هەڵگری ئەم سیمایە کەسانێکی ژیرو چالاك و پابەندن بە پێوەرەو بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵام پێچەوانەی ئەم سیمایە، کەسانی سازشکەرن و رێزلە رێساکان ناگرن و پابەندبونیان لاوازە(الساعاتی، ۲۰۱۲: ٥٣).

٧- چاونەترس/ شەرمن: ئەو کەسانەی پلەیەکی بەرزی سیمای چاونەترسییان هەیە، خاوەنی کەسێتییەکی ئازاو بوێرن و توانای بڕیاردانیان هەیەو سەرنجی کەسانی تر بەلای خۆیاندا رادەکێشن، بەڵام پێچەوانەی ئەمە کەسانێکن خاوەنی سیمای شەرمنین و زۆربەی کات گۆشەگیرو لاوازو هەستیارن .

٨- هەستیار/ بەهێز: سیمای هەستیار لەکەسانەدا بەدیدەکرێت خاوەن ئەقڵێکی نەرم و پشتبەستوون بە کەسانی دیکەو تارادەیەکی زۆر خۆپارێزن و کەمتر هەست بە ئاسایش دەکەن، بەڵام ئەو کەسانەی خاوەنی ئەقڵێکی بەهێزن و پشت بەخۆیان دەبەستن و واقعی و توندن، هەڵگری سیمای بەهێزین.

٩- گومان/ دڵنیایی: بەرزترین پلەی گومان لەو کەسانە بەدیدەکرێت،کە هەمیشە داکۆکی لە بۆچونەکانیان دەکەن و بەئاسانی هەڵناخەڵەتێنرێن و بەزوویی توڕەدەبن و هەڵەی بەرامبەر لەبیرناکەن، بەپێچەوانەوە ئەو کەسانەی بڕوایان بەوانی دیکە هەیەو گونجاو و کۆمەڵایەتین و ئیرەیی بەکەسانی دیکە نابەن (مستەفا، ۲۰۱۹: ٤٢١).

١٠- خەیاڵی/ واقعی: سیمای خەیاڵی لەو کەسانەدایە کە زۆر بیرلەشتەکان دەکەنەوەو واس واس و ناکردارەکین، زۆربەی کات خۆیان لە واقع دەدزنەوە، بەڵام ئەو کەسێتیانەی کردارەکی و لەسەرخۆن و دەکەونە ژێرکاریگەری فاکتەرە دەرەکییەکانەوە، خاوەنی سیمای واقعین.

١١- ژیر/ ساویلکە: ئەو کەسانەی پلەیەکی بەرزی سیمای ژیرییان هەیە، خاوەنی تایبەتمەندی فێڵباز و وریان، حساب بۆ هەموو شتێك دەکەن و چێژ لەژیان وەردەگرن و کارامەن لە کارکردندا، بەپێچەوانەوە کەسانی راشکاو وسروشتی و ساکار، خاوەنی سیمای ساویلەکەین و ئارەزووی خۆهەڵکێشانیان نییە.

١٢- دڵەڕاوکێ/ بڕوابەخۆبوون: ئەو کەسانەی پلەیەکی بەرزی سیمای دڵەڕاوکێیان هەیە، ترساو و نیگەران و شڵەژاون، بەردەوام لۆمەی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەو کەسانەی پلەیەکی بەرزی سیمای بڕوابەخۆبونیان هەیە، خاوەنی تایبەتمەندی ژیری و بڕوابەخۆبونن و رێز لەخۆیان و بەرامبەریشیان دەگرن( الساعاتی،۲۰۱۲: ٥٣ ).

١٣- رادیکاڵ / پارێزگار: کەسانی رادیکاڵ خاوەن ئەزموون و شیکارو ئازادیخوازن، پشت بە ئەقڵ و مەنتق دەبەستن، بەڵام سیمای کەسێتی پارێزگار، کەسانی لێبوردەن و رێز لە بۆچوونی ئەوانی دیکە دەگرن و میانڕەون.

١٤- پشتبەخۆبەستوو/ پەنادەر: ئەو کەسانەی پلەیەکی بەرزی سیمای پشتبەخۆبەستوویان هەیە، کەسانێکی بیرفراوان و خودبژێون، بۆچونەکانی خۆیان بەباشتر دەزانن و پێویستیان بە یارمەتی و پاڵپشتی کەسانی دیکە نییە، بەڵام سیمای پەنادەر، لەو کەسانەدا بەدەر دەکەوێت ، کە پشتبەستوون بەوانی دیکەو توانای بڕیاردانیان نییە، بەڵام هاریکارو دڵسۆزن( البادی، ۲۰۱٤: ٤٥).

١٥- باوەڕبەخۆبوون/ باوەڕبەخۆنەبوون: ئەو کەسانەی بڕوایان بەخۆیان هەیە، وردو بەهێزن لە کارو ڕەفتاریانـدا، سۆزیان بۆخۆیان بەهێزەو کۆمەڵایەتین، بەڵام ئەوکەسانەی دوای ئارەزووەکانی خۆیان دەکەون و بێباکن و سۆزیان بۆخۆیان لاوازە، سیمای باوەڕبەخۆنەبون بەسەریاندا زاڵە.

١٦- شلەژاو/ ئارام: ئەو کەسانەی پلەیەکی بەرزی سیمای شلەژاوییان هەیە، خاوەنی کەسێتییەکی گرژو ناکام و تووڕەن، گرفتی خەوتنیان هەیە، بەڵام خاوەنی سیمای ئارام، کەسانێکن لەسەرخۆو هێمنن و کەمتر تووڕەدەبن(مستەفا، ٢٠١٩: ٤٢٢-٤٢٣).

لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکەی کاتل دا سیما ڕیشەییەکان کە فاکتەرە ژینگەیی و وەرگیراوەکان ڕۆڵیان لە خەملێنیدا هەیە، کاریگەری بنەڕەتییان لەسەر کەسێتی تاك و سیما ڕوکەشەکان هەیە، بەجۆرێك ناسەقامگیری و ململانێ سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان وەك هۆکارێکی ژینگەیی سیاسی، کاریگەری توندی دوولایەنەی (ئەرێنی و نەرێنی) لەسەر سیماڕیشەییەکان دروست کردووە، لەئەنجامدا سیماکانی کەسێتی کورد بە چەند شێوەیەکی جیاواز شێوەی وەرگرتووە کەلە لایەنی مەیدانیدا پێی دەگەین .

## سێیەم/ پێکهێنانی کەسێتی و سیماکان لەبەر ڕۆشنایی تیوری ئەنترۆپۆلۆجی( کلتور و کەسێتی).

تیوری کلتورو کەسێتی، بابەتێکی هاوبەشە لە نێوان زانستی ئەنترۆپۆلۆجیاو زانستی دەروونناسیدا، گرنگی بەلێکۆڵینەوە لەکاریگەری ڕەگەزەکانی کلتور لەسەر بونیادی کەسێتی و سیماکان لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردندا دەدات، لەهەمانکاتیشدا گرنگی بە کاریگەری کەسێتی لەسەر کەلتور دەدەن. لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە جەخت لەوە دەکەنەوە کە ناکرێت کلتورو کەسێتی لەیەکتر جیابکرێنەوە، بەڵکو لە نێوان ئەم دوو بابەتەدا پەیوەندییەکی بەهێز بوونی هەیە و تەواوکەری یەکترین و هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەویتریان درووست دەکات، کە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیش لە ڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکانەوە لە بەرجەستەکردنی ئەم پەیوەندییەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بەجۆرێك کلتوری باوی کۆمەڵگا کە لە قۆناغێکی مێژووی دیاریکراودا پەسەندکراوە، لە ناخی تاکەکاندا دەچەسپێندرێن و دەبنە سیمای کەسێتی. لەسەر ئەم بنەمایە ململانێ سیاسیەکان کاریگەرییان لەسەر کلتوری کۆمەڵگا بەگشتی و کلتوری سیاسیش بەتایبەت کردوە هەربۆیە بە گرنگمان زانی ئاماژە بەم تیورە بدەین وەك لقێك لە ئەنترۆپۆلۆجیای گشتی ئەویش بۆ دوو ئاڕاستەی جیاواز دابەش دەبێت :-

١- **ئاراستەی دووپاتە**:- ئەم ئاراستەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەندامانی هەرکۆمەڵگایەك هەڵگری کلتوری کۆمەڵگاکەیەتی و پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان کلتورو کەسێتیدا بوونی هەیە، بەشێوەیەکی گشتی کەسێتی بەوێنەیەکی بچوککراوەی کلتور دەزانن. هەر بۆیە بەپێویستی دەزانین لە گرنگترین تیۆرەکانی پەیوەست بەم ئاڕاستەیە بەپێی گرنگیان بۆ توێژینەوەکەمان بخەینەڕوو:-

## ١-١ تیۆری گیانی کلتوور Genius Theory

زانـای ئەنترۆپۆلۆجسـتی زمانــەوانی ئــەمریکی بنجـامین لـی هـۆرف Benjamin Whorf(1897-1944) و (ئیدوارد سابیر Edward Sapir( 1939 -1884 )ی ئەڵمانی، بە داڕێژەری ئەم تیۆرییـە دادەنـرێن، پێیـان وایـە دەتوانرێت لـە ڕێگـەی شـیکاری و شـرۆڤەکردنێکی وردی لایـەنی زمانــەوانی کۆمـەڵگاوە، گیـانی کلتـوور دەستنیشـان بکرێـت، بـە بـڕوای لایـەنگرانی ئـەم تیـۆرە هـەموو کلتووڕێـك خـاوەنی گیـانێکی دیـاریکراوە، خـۆی لـە کۆمـەڵێك تایبەتمەنـدی دەبینێتـەوەو ڕۆڵیـان لـە پێکهێنـانی کەسـێتی و سـیماکانی ئـەو کەسـانەدا هەیـە کـە هـەڵگری ئـەو کلتوورەن( الساعاتی، ١٩٨٣: ٢٤٠) .

لـە گیانی کلتـووری هـەر کۆمەڵگایەکیشـدا لایـەنی ( بـەردەوامی، گەشـەکردن) بـوونی هەیـە، بـەجۆرێك لایـەنی بـەردەوامی بـوونی دیدگایـەکی دیـاریکراو یـان چوارچـێوەیەکی مەرجەعیانــەی یاسـاو پێـوەرە گشـتییەکان لـەخۆ دەگرێت پرۆسە هزرییەکان ئاڕاستە دەکات، سەبارەت بە لایەنی دووەمـیش بریتیـە لـە لایـەنی پەرەسـەندن یـاخود گەشـەکردن، خـۆی لـە پلانـی کلتـوور دەبینێتـەوە و بەشـێوەیەکی لەسـەرخۆو پلـە بەپلـە لـە مێـژووی کلتـووڕێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ دەستنیشانکردنی گیانی کلتوور(وصفی، ١٩٨١: ١٤٦) ؛ (محمود، ١٩٨٩: ٧٢)؛ (کاکەسور، ٢٠١٢: ٥٠).

بەشێوەیەکی گشتی لەبەر ڕۆشنایی تیـوری گیـانی کلتـوردا پێشهات و پەرەسـەندنە سیاسـی و سـەربازییەکان لـە قۆنـاغـە جیاوازەکـانی مێـژووی کـورددا، کاریگـەری دیـارو هەسـتپێکراوی لەسـەر کلتـورو کەسـێتی کـورددا درووسـت کردووە، بەجۆرێك داگیر کردنـی خاکەکـەی و دابەشـکردنی بەسـەر چـەند دەوڵـەتێکی هـەرێمی و چەوسـاندنەوەی تاکـەکانی بـەهۆی کوردبونیـان بەچـەندین شـێواز و سیاسـەتی داپڵۆسـێنەرانە و هەوڵـدان بـۆ سـڕینەوەی زمـان و ناسنامەی کوردی لە ڕێگەی پرۆسەی بەعەرەب کردنەوە، وایکردووە کۆمەڵگەی کوردی بە مەبەستی مانەوەی خـۆی و بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی و بونیادنانی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ، بەردەوام لـە دۆخـی بەرەنگاربوونـەوەو بەرخودانداببێت، ئە م دۆخەش جۆرێك لە گیانی کلتـووری بـۆ کـورد درووسـت کـردووە، چـەند سـیمایەکی(ئازایەتی، گیانی بەرەنگاری، خۆشەویستی نیشمان، میهرەبانی، لێبووردەیی، دەستپاکی، دڵپاکی، قوربانیدان ..)یان لـە کەسـێتی کوردا پێکهێناوە، هاوکات بوونی زمانی هاوبەش بە مەرجە سەرەکی و پێکهێنەری گیانی کلتوری نەتەوە دادەنـرێـت، سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی نەیارو داگیرکـەرانی کـورد بەمەبەسـتی سـڕینەوەو لاوازکردنـی (زمـانی کـوردی) ،بـەلاَم بەهۆی دەوڵەمەندی وشە و زاراوەکانی و بوونی دیالێکتـە جیاوازەکـانی وەك (کرمـانجی سـەروو، کرمـانجی خـواروو، کرمانجی ناوەراست، گۆران)، پارێزگاری لـە مانـەوەی خـۆی کـردووە و بووەتـە یـەکێك لـە سیماکانی کەسـێتی کـورد گیـانێکی نەتـەوەیی بـە کوردەکـان بەخشـیوە.بەڵام وەك تێبـینی دەکرێـت ململانێـی نێـوان حزبـە سیاسـیەکان لـە هـەرێمی کوردسـتاندا، بەتایبـەت ئـەو ململانێیانـەی لـە دوای ڕاپـەڕینی بـەهاری (١٩٩١) دا ڕوویـان داوە هـەتاوەکو ئێستاش بەردەوامیان هەیە کاریگەری نەرێنیان لەسەر گیانی کلتوری و کوردی درووسـت کـردووە و کلتـورێکی نـوێ

دروست بووە تاڕادەیەکی زۆر هەموو ئەو سیما نەتەوەییانەی لە ڕابردودا کەسێتی کوردی پێدەناسرایەوە لای بەشێکی زۆر لە هاوڵاتی کوردی بەئاڕاستەی لاوازبوون و نەمان هەنگاویان ناوە.

### ٢-١ تیۆری شێوازی تێڕوانین لە جیهان World View:-

ئەم تیۆرە لەلایەن زانای ئەنترۆپۆلۆجی ئەمریکی( روبرت رێدفیلد Robert Redfield 1897 -1958 ) دارێژراوە، ناوەڕۆکێکی مەعریفی و لە هەمانکاتیشدا واقعی هەیە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم تیۆرە ئەنجامی توێژینەوەیەکە کە رێدفیلد لەسەر کۆمەڵگا سەرەتاییەکان ئەنجامی داوە، تیایدا جەخت لەسەر تێڕوانینی ئەندامانی کۆمەڵگایەك بۆ خودی خۆیی و دیاردەکانی دەوروبەری دەکاتەوەو پێی وایە شێوازی تێڕوانین لە ژیان بریتیە لە تێڕوانینی دەرەکیانە بۆ بوون، تێڕوانینێکی گشتیەو نەتەوەیەکی دیاریکراوی لەوانی تر پێ جیادەکرێتەوە، بەجۆرێك ئەندامانی کۆمەڵگەیەك وێنەیەك بۆ ئەو کەس و شتانە دەکێشن، کە جێگەی بایەخن و رۆڵی گرنگ دەبینن لەژیانی رۆژانەیدا، ئەم چەمکەش بە بڕوای ریدفیلد، کۆمەڵێك بیروباوەر لەخۆدەگرێت کە وەڵامدەرەوەی پرسیارگەلێکی وەك( لە کوێ دەژیم؟ لە نێوان چیدا دەجولێم؟ پەیوەندیم بەم شتانەوە چییە؟)(الساعاتی، ١٩٨٣: ٢٤١-٢٤٢).

لەبەر رۆشنایی تیۆرەکەی رێدفیلد، دەگەینە ئەو بڕوایەی تێڕوانینی ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ ژیان، بەندە بە واقعی ژیانی مرۆڤەکانەوە، بەجۆرێك دۆخی ژیان و نایەکسانی و نادادپەروەری و ئاستی بژێوی و ئارامی و ناسەقامگیری دۆخی سیاسی و ئابووری وکۆمەلأیەتی و ئاستی هۆشیاری تاك، کاریگەری لەسەر تێڕوانینی تاکی کورد بۆ خودی خۆی و کەسانی دیکەو ژیان و شتەکانی دەوروبەریان هەیە، ئەمەش لە پێکهێنانی کەسێتی و سیماکانی کورددا ڕەنگدەداتەوە.

### ٢-١ تیۆری بونیادی بنەڕەتی کەسێتی Basic Personality Structure:-

چەمکی بونیادی بنەڕەتی کەسێتی، بۆ یەکەمجار لە کتێبی ( تاك و کۆمەڵگە) دەرونناسی ئەمریکی ( ئەبرام کاردینر) Abram kardiner(١٨٩١-١٩٧٨ )ە لە ساڵی ١٩٣٩ بەکارهاتووە، بەیەکێك لە ئامرازە شیکارییە گرنگەکانی کەسێتی دادەنرێت، کاردینر پێیوایە مرۆڤەکان لە کولتورێکی دیاریکراودا خاوەنی کەسێتییەکی هاوشێوەن، پاشان لە کتێبی ( سنووری دەرونی بۆ کۆمەڵگە)دا پێناسە بۆ هەمان چەمك دەکات، بەجۆرێك بونیادی بنەڕەتی کەسێتی، ئاماژەیە بۆ پێکهێنانی جۆرەکەسێتییەك زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە تییدا هاوبەشن، بەواتایەکی دیکە ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو خاوەنی یەك کولتورن لەسیمایەکی دیاریکراودا هاوبەشن، ئەمەش پەیوەندی بە چالاکی خۆگونجاندنی تاکەوە هەیە لەگەڵ کولتورو نەریتێکی دیاریکراودا، لەو چوارچێوەیەدا کاردنیر گرنگییەکی بەرچاو بە قۆناغی منداڵی دەدات و پێیوایە وێستگەیەکی گرنگی پێکهاتنی بونیادی بنەڕەتی کەسێتییە، ئەوەش دەخاتەڕوو

له هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا، کۆمەڵێك بنەماو سیستمی پەروەردەیی هاوبەش بوونی هەیە، زۆرینەی باوان بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، پەیڕەوی دەکەن و مۆرکێکی گشتی لەخۆ دەکرێت ( الساعاتی، ١٩٨٣: ٢٤٢-٢٤٤).

کاردینر پشتگیری لەو قوتابخانە هزریانە دەکات کە پێیانوایە سیستمی کۆمەڵایەتی و کولتوری، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی قوڵی لەسەر قۆناغی منداڵی هەیەو بەهۆکارێکی بەهێزو یەکلاکەرەوەی بونیادنانی کەسێتی تاکی دەزانن. ئەو لە تیۆرەکەیدا دوو چەمکی نوێ و جیاوازی سیستم دەخاتەڕوو، مەبەست لە سیستم بە بڕوای کاردنیر شێوازێکی دیاریکراوی بیرکرنەوەو ڕەفتارە گروپێکی پێدەناسرێتەوەو لە تاکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێتەوە(محمود، ١٩٨٩: ٧٤) ؛(کاکەسوور، ٢٠١٢: ٥٣)، سیستمی سەرەکی یان بنەڕەتی( النظام الاولية)، سیستمی یەکەمیان پێکدەهێنێت، کە بریتییە لە خێزان و سەرجەم ئەو دامەزراوە پەروەردەییانەی لە قۆناغی منداڵیدا، بەرپرسیارێتی پەروەردەو فێرکردنی تاك دەگرنە ئەستۆو لەپێکهێنانی بونیادی بنەڕەتی کەسێتیدا ڕۆڵ دەبینن، تایبەتمەندی دیاری ئەم سیستەمەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە تاڕادەیەك جێگیرو چەسپاوەو گۆڕانکارییە ژینگەیی و ئابوورییەکان کەمترین کاریگەری لەسەر درووست دەکەن(غامری،١٩٨٩، ٨٤-٨٥)، سەبارەت بەسیستمی دووەمیان بریتییە لە سیستمی لاوەکی( النظام الثانوية)، لە کۆمەڵێك نەریتی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕو سروتی ئاینی پێکدێت، کاریگەری لەسەر سیتمی بنەڕەتی درووستدەکەن و لە سیمای کەسێتی تاکدا ڕەنگدەدەنەوە( الساعاتی، ١٩٨٣: ٢٤٥)؛ (محمود، ١٩٨٩: ٧٥).

لەم تیۆرەدا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کاردینر ئاماژە بە ڕۆڵی سیستەمی سەرەکی دەدات لەپێکهێنانی کەسێتی بنچینەییدا ئەمەش کاریگەری ڕۆڵی بەرچاوی کلتور دەبێت لەرێگەی سیستەمی لاوەکیەوە ، ئەم بیروڕایەی کاردینر سەبارەت بە کەسێتی بنەڕەتی تاڕادەیەك گونجاو نیە بۆ باردۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی کاریگەریەکانی دۆخی سیاسی لەنێویشیدا ململانێ سیاسیەکان کاریگەری بەرچاویان لە پێکهێنانی کەسێتی بنەڕەتی کردوە کەسێتی بنەڕەتی کوردی وەك کەسێتیەکی کاریگەر دەرنەکەوتوە .

### ٣-١ تیوری کەسێتی نەتەوەیی Nation Personality:-

ئەم تیۆرە لەکۆکراوەی تیورەکانی (گیانی کلتور، تێڕوانین لە ژیان، کەسێتی بنچینەی) یەوە پێکهاتوە، بەگوێرەی ئەم تیۆرە کەسێتی نەتەوەیی لە کۆی ئەو سیمایانە پێکدێت کە کلتورێکی دیاریکراو بەرهەمی هێناوە، لەوبارەیەوە جیوفری جورر Geoffrey Gorer( 1905 -1985) ئەنترۆپۆلۆجستی بەریتانی کەسێتی نەتەوەیی بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی باو و سیمای جیاکەرەوەی گروپێك لە خەڵك دەزانێت وەکو( بوێری، دڵسۆزی، بەتوانایی وکارامەیی لەکاردا، لێبوردەیی...هتد)کە لەنێو کلتورێکی دیاریکراودا دەردەکەون (فرح،١٩٨١: ١١١) .

هاوکات کلاید کلاکهون Kluckhn Clyde ( 1905 -1960) ئەنترۆپۆلۆجستی ئەمریکی، گرنگی بەکەسێتی نەتەوەیی داوەو پێی وایە لەئەنجامی بەرپەرچدانەوەی شێوازی ژیان و ململانێی نێوان حەزو پێداویستیە

(بایۆلۆجی، کۆمەڵایەتی...هتد)دا لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا و لە چوارچێوەی کلتوردا دروست دەبێت، بەجۆرێك ئاماژە بە کارلێکی نێوان هەرسێ پێکهاتەی (کولتور، هەڵوێست، پێکهاتەی بایۆلۆجی)دەدات، کە گەشە بە کەسێتی نەتەوەیی دەدەن و سیماکانی دەنەخشێنن و سروشتێکی گشتی بۆ کەسێتی لە کۆمەڵگادا دروست دەکەن و جیای دەکەنەوە لە کەسێتی کۆمەڵگایەکی دیکە، ئەوەشی بۆ شێوازە جیاوازەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی گەڕاندۆتەوە (فرح، ١٩٨٩: ١٢٩).

ئەوەی لە تیورەکەی کلاید کلاکهۆن تێدەگەین کەسێتی جێگیر نیە تەنها ئەزموونەکانی منداڵی شێوازی کۆتایی ئەو دیاری ناکەن بەڵکو دەکرێ ئەزمونەکانی دوایی کەسێتی بگۆڕن لەگەورەبوون و کامڵ بووندا واتە ئەزمونەکان لەگەڵ کەسێتیە ڕەسەنەکەدا تێکەڵ دەبن ئەویش لە ئاراستەو بیرکردنەوەو کرداردا دەردەکەون لەگەڵ ئەوەی کە ئاراستەو ڕای گشتی و سروشت و سیستەمی کۆمەڵایەتی کاریگەریان لە بونیادی کەسێتیدا هەیە، واتە هەریەکە لە ڕەگەزەکانی (بایۆلۆجی، هەڵوێست، کلتور )پێکەوە سیمای گشتی کەسێتی کۆمەڵگا پیشان دەدەن و لەکەسایەتی نەتەوەیەکی دی جیای دەکەنەوە.

پاشان انتونی والاس Anthony Wallace (1933 -2015 -) ئەنترۆپۆلۆجستی ئەمریکی و پسۆر لە بواری کلتوری نەتەوەیی ئەمریکیدا، ئاماژە بەوە دەکات، چەمکی کەسێتی نەتەوەیی تەنها بۆ کۆمەڵگا بەشاریبوەکانی وەك دەوڵەت ونەتەوە گونجاوەو ناکرێت بۆ هۆزو خێڵە سەرەتاییەکان بەکاربهێنرێت. والاس جەخت لە بوونی دوو سیستەمی(سەرەکی، لاوەکی ) دەکاتەوە لەدروستبوونی کەسێتی نەتەوەیدا، پێشی وایە سیستەمی یەکەمیان گرنگی و کاریگەری زیاترە و بە رەگەزی سەرەکی بونیادی دەروونی دادەنرێت و مۆرکێکی گشتی پێوەدیارەو زیاتر لە قۆناغی منداڵیدا بەرجەستە دەبێت، بەجۆرێك ئەزموونی منداڵی، شێوەی سەرەکی کەسێتی مرۆڤ دیاری دەکات، هاوکات شارستانیەت هاوچەشنی ئامرازەکانی پەروەردەوە لە بونیادنانی شێوەی کەسێتی هاوبەشدا رۆڵ دەبینێت، ئەو پێی وایە هەریەکە لە( ئایدۆلۆجیا، دەستەبژێری دەسەڵاتدار، پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگە، کلتوری سیاسی باڵادەست، شێوازی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، شێوەی دەسەڵاتی کۆمەڵگا و ئاراستەی تاکەکان لە بەرامبەریا...)، لە دیاریکردنی سیما بنچینەیەکانی کەسێتی نەتەوەییدا رۆڵ دەبینن( العائدی، ٢٠٠١: ٩٩-١٠٠).

بەشێوەیەکی گشتی لەتیۆری کەسێتی نەتەوەییەوە دەگەینە ئەوەی سیمای کەسێتی نەتەوەیی هەڵگری رەهەندی (سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، شارستانی، سایکۆلۆجی ،بایۆلۆجی )ە، بەجۆرێك هەریەکەیان کاریگەری و رەنگدانەوەیان لەسەر فۆرم و ناوەرۆکی سیمای کەسێتی نەتەوەیی هەیەو تێکڕا لە پێکهێنانیدا رۆڵ دەبینن.

٢- **تیۆری ئاراستەی ڕێکخراو**:- ئەم ئاراستەیە جەخت لەسەر جیاوازییەکان دەکەنەوەو پێیان وایە ناکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو لە بەهایەکدا هاوبەشن و هەمان ڕۆڵ ببینن و هەمان بونیادی سایکۆلۆجیشیان هەبێت. ئەم ئاراستەیە چەند تیۆرێکی جیاواز لە خۆ دەگرێت، لەوانە:-

۱-۲ **تیۆری سروشتی کولتوری (روث بندکت) Ruth Bndct( 1887 -1948)**، ئەو یەکێکە لە ئەنترۆپۆلۆجیستە بەتواناکانی ئەمریکا، لە لێکۆڵینەوەکانیدا هەوڵیداوە جیاوازی کەسێتی بەهۆی کلتورەوە بخاتەڕوو، بۆ ئەو مەبەستە توێژینەوەی لە سەر هەرسێ هۆزی (بیبلۆ)،(دۆبۆ)،(کواکیوتل)کردووە، کەهەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی کولتوری تایبەت بەخۆیان بوون، بە جۆرێك تاکەکانی هۆزی (بیبلۆ) خاوەن کەسێتیەکی ئارام و بەرێزو هاوسەنگ و ئاشتیخواز بوون، ئەم جۆرە ڕەفتارانە لەپەیوەنییە خێزانیەکانیشیاندا بینراوە، بەڵام ئەندامانی هۆزی( دۆبۆ) خاوەن کەسێتییەکی گومانـاوی بوون و دژیەکی و ململانێ یەکێك بووە لە سیماکانیان، جگەلەوەش سەرکردەو ڕێکخستنی سیاسی و یاساییان نەبووەو هەستی ڕق و دوژمنایەتی لەسەرجەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا لەسەر ئاستی تاك و گروپدا هەبووە، پاشان هۆزی(کواکیوتل) ئەم هۆزە توندڕەو بوون مەیلی دژ یەکی و کێبڕکێ و ململانێیان هەبووە، لەئەنجامدا بندکت گەیشتە جیاکردنەوەی دووجۆر لەکەسێتی ئەوانیش (دیۆنیزی)( ئەلبۆلینی) یەکەمیان خاوەنی سیمای توندوتیژو هەڵچوو بوون، بەڵام ئەوەی دووەمیان خاوەنی سیمای هێمن و گونجاو بوون (دعبس، ۱۹۹۷: ۳۷-٤٠).

دەکرێت ئەوەبخەینەڕوو هەموو ئەو نمونە کولتورییانەی لەلایەن بندکتەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، شێوەو مۆرکێکی گشتییان هەیەو بەجۆرێك دەردەکەون لەسەر بونیادی کەسێتی نەتەوەیەك یاخود سروشتی گشتی یان گیانی گشتی کۆمەڵگە ئەنجامدرابێت، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە، کولتور کاریگەری لەسەر رەفتارو کەسێتی تاکەکان دروست دەکات، بەو هۆیەشەوە تاکەکانی کۆمەڵگە دەبنە خاوەنی یەك سروشتی هاوبەش، هەروەك ئەوەی لە تیۆرەکەیدا دووجۆر کەسێتی بەدیدەکرێت، یەکەمیان کەسێتیەك خاوەن سیمای ئارام و گونجاو و ناتوندوتیژە، دووەمیان کەسێتییەك خاوەن سیمای توندوتیژو توندڕەوە، کە هەریەکەیان رەنگدانەوەی کولتور و پێگەیاندی کۆمەڵایەتی لەسەرە .

**هەروەها مارگرید مید Margaret Mead (1901 -1978)** زانای ئەنترۆپۆلۆجی ئەمریکی، یەکێکە لەو زانایانەی هەوڵیداوە لەرێگەی توێژینەوەی وردو مەیدانییەوە کاریگەری کولتور لەسەرجیاوازی جۆری کەسێتی بە پێی ڕەگەز دیاری بکات، بۆ ئەو مەبەستەش یەکەم توێژینەوەی مەیدانی لەسەر هۆزو گروپە مرۆییەکانی غینیای نوێ ئەنجامداوە، لەوچوارچێوەیەشدا توانیوێتی توێژینەوە لەسەر سێ پێکهاتەی ئیتنی جیاواز ئەنجامبدات، کە لەژێر کاریگەری کولتوردا ڕۆڵ و پێگەی ژن و پیاو جیاوازە، بەجۆرێك پێکهاتەی( ئارا پش Arpesh )، خاوەن سیمای نەرم و نیانی و میهرەبانی بوون و ژیانێکی خۆشگوزەرانیان هەبووە، هەردوو رەگەز لەم هۆزەدا هاوتای یەکتربوون و پەیوەندییەکی نەرمیان هەبووە، سەبارەت بە( موندۆگومور Mondogomomre )ەکان بەپێچەوانەی ئارپشەکان هۆزێکی توندوتیژو نائارام وهەژاربوون و رەفتاری ژن وپیاوەکانیان توندو دوژمنکارانە بووە، هەرچی پێکهاتەی سێیەمیانە بریتیە لە( چامبۆلی Chambuli ) خاوەنی سیماو تایبەتمەندییەکی تەواو جیاوازن بە بەراورد بە سەرجەم گروپە ئیتنییەکانی جیهان، بەجۆرێك پیاوانی ئەم هۆزە میهرەبان و گۆشەگیرو هونەرین، بەڵام ژنان باڵادەست و سەربەسست و چالاك و داهێنەرن، خاوەن سیمای توندوتیژو دەسەڵاتخوازن(

موسـی، ٢٠١٠: ٤١٨)، ئەمـەش بەتـەواوەتی جیـاوازن لـەڕووی رۆڵ و پێگـەی جێنـدەری بەبـەراورد بـە هـۆزو گروپـە ئیتنیەکانی دیکە. بەشێوەیەکی گشتی مید  پێداگری لەسـەر ئـەوە دەکات،کە کولتـوری کۆمەڵگە کاریگـەری لەسـەر کەسێتی تاك دروست دەکات و هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ ئاڕاستەی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

## ٢-٢ تیۆری ڕەگ Theme Theory :-

موریس ئیدوارد ئۆبلر (١٩٠٧-١٩٩٦)، زانای ئەنترۆپۆلۆجیست و پزسیشکی دەروونـی کۆمەڵایـەتی ئـەمریکی، تیـۆری گشـتێتی و تـەواوکاری( بنـدکت )رەتدەکاتـەوەو بـاوەڕی بـە فـرە شـێوازی کولتـور هەیـە، ئـەو لـەتیۆری (ڕەگـی کولتوری)دا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کولتور لە چـەندین ڕەگ و بابەتگـەلی جۆراوجـۆری وەك هـزرو بـەها و ئاڕاسـتە پێکـدێت دەبنـە پێکهێنـەری بەختـەوەری ژیـان و ئامـانجی راسـتەقینەی بـوونی مرۆیـی( زایـد، ٢٠١٥: ١٣)؛ (کاکەسور، ٢٠١٢: ٥٤) ، ئەوەش دەخاتەڕوو لەگەڵ ئەوەی کولتور ڕووە لێکچووەکان ئاشکرادەکات، لەهەمانکاتـدا رێگـە بە تاك و گروپە جیاوازەکان دەدات لە ڕووی شێوەی ژیان و ناسنامەو گیانی کولتورییەوە هەست بەجیاوازی خۆیان بکەن.(محمود، ١٩٨٩: ٧٧) .

ئۆبلر پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە هەموو کولتورێك خاوەنی کۆمەڵێك سیماو رەگە کولتورو بەهاو ئاڕاستەی تایبەت بەخۆیەتی کەلە کولتورێکی دیکە جیای دەکاتەوەو هەموو تاکـەکانی کۆمەڵگـە بەبایەخـەوە لێـی دەڕوانـن و کارلێکی لەگەڵ دەکەن و لەرەفتارو کەسێتییاندا رەنگدەداتەوە.

## بەشی چوارەم : گفتوگۆی هزرو تیۆرەکان

لەبەشی دووهەمدا هەوڵدراوە گرنگترین هزر و تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان، بە درێژایی قۆناغە یەك لەدوای یەکەکانی مێژووی مرۆڤایەتی لەلایەن فەیلەسوف و زانایانەوە سەبارەت بەململانێی سیاسی پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی بەشێوەی ڕیزبەندی زەمەنی (Chronology)بخرێتە ڕوو، لەبەرئەوەی هزرو تیۆرەکان یارمەتیەکی باشمان دەدەن لەدانانی پلان بۆ نوسین وشرۆڤە و شیکارکردنی ڕەوشی ململانێ سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان و کاریگەرییان لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا، ئەمەلەلایەك لەلایەکی تریشەوە بایەخێکی گرنگی بۆ توێژینەوەکەمان هەیە، لە ڕووی بەکارهێنانی میتۆد و ئامرزەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، شرۆڤەکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

لەباسی یەکەمی ئەم بەشەدا، بەمەبەستی تێگەیشتن لە هۆکارو کاریگەرییەکانی ململانێی سیاسی لەسەردەمە جیاوازەکاندا هەوڵدراوە هزرە کۆمەڵایەتیەکان بخرێتە ڕوو، ئەویش بەستراوەتەوە بە هەوڵ و کۆششی فەیلەسوفەکانەوە، هەروەك لەشارستانیەتی یۆنانی کۆندا چەند جۆرێك لە ململانێی سیاسی هەبوو وەك ململانێی نێوان دەوڵەتە شارەکان لە پێناو دەسەڵاتدا، ململانێ دژی سیستەمی سیاسی، لەونێوەندەشدا هەریەکە لەفەیلەسوفەکانی وەکو (سوقرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ )کە فەلسەفەکەیان سروشتێکی ئاکاری هەبوو، لەپێناو بەدیهێنای دادپەروەری و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆمرۆڤدا کۆمەڵێك ڕێگا چارەیان خستۆتەڕوو، پاشان هۆکاری ململانێکان لە ڕۆما بۆ پاوانکردنی دەسەڵات و هێز لەلایەن پاشا وئیمپراتۆریەتی ڕۆماوە دەگەڕێتەوە، پاشان بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەلاتەوە چەندین ململانێ سیاسی لە شێوەی شۆڕشدا بۆگۆڕانکاری لە سیستەمەکاندا ئەنجامدراوە، بۆ ئەو مەبەستەش بیروڕاکانی(بۆلیبۆس، شیشیرۆن) ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەو سەردەمە بووە کۆمەڵێك چارەسەری گونجاویان بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی خستۆتە ڕوو، بەڵام دەرکەوتنی ئاینی مەسیحی وەك دەسەڵات و سیستەمی خودایی، سەرەتای دەرکەوتنی ململانێیەکی توند بوو لەگەڵ دەسەڵاتی دونیایی کە خۆی بە ئیمپراتۆر ناساندبوولەو بارەیەشەوە بیروڕاکانی هەریەك لە (قەشە اوگستین، توما ئەکوینی) گوزارشتیان لە گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمە کردوە، بەم شێوەیە ململانێکان بەردەوامیان هەبوو بە پێی سەردەمەکان بەڵام بەجۆرو شێوازی جیاواز، لەسەردەمی ئیسلامدا دیسانەوە ململانێ لەسەر دەسەڵات و بەدەستهێنانی پایەی خەلافەت، چەندین ململانێ و شەڕی خوێناوی ناوخۆیی بەدوای خۆیدا هێنابۆ ئەومەبەستەش بیروڕای (ئیبن خەلدون ) خراوەتەڕوو، دواتر لە سەردەمی ڕێنیسانس سەرهەڵدانی ململانێ و ئەنجامدانی شۆڕش و یاخیبوونی خانەدان و پادشا و ئیمپراتۆرەکان لە دژی دەسەڵاتی کڵێسای مەسیحی و پیاوانی ئاینی و جیاکردنەوەی دەسەڵات لە ئاین سەردەمی بوژانەوەو ورژگاربوونبوون لەجەورو ستەم کە ئەمەش لەتیۆرەکەی (ماکیاڤیللی ) پەیمانی کۆمەڵایەتیدا بەئاشکرا بارۆدخی سەردەمی ڕینیسانس دەردەکەوێت، دواجار لە سەردەمی نوێ(سەدەی ١٨ و ١٩) دا کۆمەڵێك ڕووداوی مێژوویی و ململانێی سیاسی گەورەی لەگەڵ خۆی هێنا، کە دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی و کلتوریان هەبوو، گۆڕانکارییەکی گەورەی لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کرد کەئەویش لە بیروبۆچونەکانی (هیگڵ) دا سەبارەت بە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییدا دەردەکەوێت.

لەباسی دووهەمدا بیروڕای تیۆرستەکان بە جیاوازی ئاراستەی(بونیادی ئەرکگەرای، ململانێ ، ڕەخنەیی، چاکسازی) سەبارەت بە( هۆکار و ئاست، جۆر، وەزیفە ،ئامراز، شێوازی چارەسەری) ململانێکان خراوەتە ڕوو، بەشێوەیەکی گشتی لەسەرجەم تیۆرەکاندا دەگەینە ئەوەی کە ململانێ سیاسیەکان لە پێناو بەرژەوەندی(مادی،معنوی) ،

دەسەلاّت، هێز، بالاّدەستی) دا لەسەر ئاستە جیاوازەکانی وەك (خودی تـاك، لـەنێوان تاکـەکان، لـەناو گـروپ، لـەنێوان گروپەکان، لەناو ڕێکخراو، لەنێوان ڕێکخراو ) بەچەند جۆرێکی جیاواز ڕوودەدەن، هەروەك لە تیۆرەکـەی (کـوزەر)دا لەسـەر بنـەمای شـوێن بـۆ ململانێـی دەرەکـی و ناوخۆیـدا دابـەش کـراون، بـەلاّم ململانێکـان بـەگوێرەی هۆکـاری دروسـتبوونیان دابـەش دەبـن بـۆململانێی( بەرژەوەنـدی، بەهاکان)هـەروەك لەتیۆرەکـەی ( کـۆلینس) دا بەئاشـکرا دەرکەوتوە، بەلاّم لەسەر شێوازی دەرکەوتنیان، بۆململانێی ئاشکرا و شاراوە پۆلێن دەکرێت، کەئەویش (دوڤرجییـە) ئاماژەی بەو جۆرە ململانیانە داوە وپەیوەستی کردوە بەسیستەمی حکومڕانیەوە، لەلایەکی دیکەوە( کوزەر) ئاماژەی بە ململانێی واقعی و ناواقعی داوە، هاوکات ململانێی ئایدۆلۆجی، یەکێکی ترە لە جۆرە هەستیار و مەترسیدارەکانی ململانێ کە لەئەنجامی پابەندبوونی تاك یان گروپەکان بەبیروباوەر و بەها ( ئـاینی، سیاسـی، کۆمەلاّیـەتی) ەکانـەوە ڕوودەدات، کە ئەویش لەتیۆرەکەی (مارکس)دا بە ئاشکرا دەردەکەوێت.

لەتیورەکانـدا ئامـاژە بـە وەزیفـە (کاریگـەری) ئـەرێنی و نەرێنییـەکانی ململانـێ دراوە ، بـەجۆرێك بـەگوێرەی بەشـێکی زۆر لــە تیۆرەکــانی (ململانــێ و مارکســیە نوێیــەکان) ململانــێ کۆمــەڵێك ئــەنجامی ئــەرێنی هەیــە وەکو(پارسـتنی کیـانی گروپـەکان،زیادبوونی هاوبەنـدی و پەیوەنـدی لـە نێـوان ئەنـدامانی گروپەکانـدا ،زیـادبوونی هۆشیاری، تەواوکاری ،ڕەوانەوەی خاڵی نـاکۆك ، بـۆ خۆبەتاڵکردنـەوەو گـۆڕینی ڕەفتـاری شـەڕەنگێزی و نائـارامی و ناکامی بۆ ڕەفتاری پەسەند)، لەلایەکی تر ( کۆلێنس) بـەهۆکارێك بـۆ بـەدیهێنانی توانـای کاریگـەربوون(زاڵبوون)، یـان بـۆ ڕزگـاربوون لـە کەوتنـە ژێـر کاریگـەری کەسـانی دیکـەی دەزانێـت. بـەلاّم سـەبارەت بـە وەزیفـەی نـەرێنی، بەگوێرەی تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی هەریەکەلە ( ئۆگست کۆنت ، دورکهایم تالکۆت بارسۆنز،میرتۆن) ململانێ بە جۆرێك لە نەخۆشی کۆمەلاّیەتی هەژمار دەکەن، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر تاك و گـروپ و تەنانـەت کۆمـەڵگاش دروست دەکـات، بـە جۆرێـك بـە هـۆی ململانێوە بونیـادی کۆمەلاّیـەتی توشـی ئیفلیجی دەبێـت، زۆرجـار دەبێتـە هەرەشـە لەسـەر لێکترازانـی دەسـتەو گروپـەکان و زەمینـە بـۆ هەسـتی دوژمنکارانـەوە و لـێکترازان دەرەخسـێنێت. هاوکات لەسەر ئاستی حزب و دامەزراوەکانیش تاکەکان متمانەیان بەیەکتر نامێنێت و تواناو لێهاتویان لاواز دەبێت، گیانی پێکەوەیی پەکدەخات دوژمنایەتی پەرە دەسێنێت هەموو ئەمانەش زەمینە بۆ کوتلە گـەرایی و پلانگێـری و شێوانی ئەرکی سیستەمەکان خۆشدەکات. هاوکات بەبڕوای( میلز )ململانـێ لـە بەرژەوەنـدی کەمینـەی دەسـتەبژێر کۆتایی پێدێت، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی بۆسەر کەسێتی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئـەمریکی لێکەوتۆتـەوە چـونکە لەبەرامبـەر چەقبەسـتوویی و نـەبوونی گۆڕانکـاری، نـامۆبوونی کۆمەلاّیـەتی و خەمساردی بـاڵی بەسـەر سیماکانی کەسێتی کۆمەڵگای ئەمریکیدا کێشاوە.

لەلایەکی دیکەوە بەگوێرەی هەندێك تیۆرەکان دەرکەوتوە، کە کۆمەڵێك ئـامراز و چـەکی جیـاواز لـە ململانێکانـدا بەکاردەهێنرێت (ئالان تۆرین) (مـانگرتن، خۆپیشـاندان،بایکۆت، خـەباتی مـەدەنی) بـەگرنگترین ئـامراز دەزانێـت، ، بەلاّم (کۆلێنس) ئاماژە بە ئامرازەکانی وەکو( زۆرە ملێ ،چەواشەکاری، کلتـوری جیاکـەرەوەو بەرزنـرخانـدن ،هێـزی چەکدار) بەگونجاو دەزانێت، پاشان بۆتۆمۆر بوونی بزوتنەوە ڕزگاری خوازەکان و شۆڕش و ڕاپەڕین وەك ئامرازێك

بۆ ململانـی بـەباش دەزانێت هـەروەها بـەبڕوای دوفرجیـە (سـەرمایە(پارە)،توندوتیژی ،هێزسـەربازی، باڵادەسـتی، ڕێکخستنـی کۆمەڵایەتی و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری، بانگەشە و ڕاگەیاندن )لە گرنگترین ئامرازەکانە ،دواتـر ئـەوەش دەخاتـە ڕوو کـە هـەموو لایـەنێکی ململانێکـەر بـە سـتراتیژ و پلانێکـی وردەوە ڕووبـەڕووی نەیارەکـەی دەبێتەوە کۆمەڵێك تەکتیك بۆپەرچەکردارەکان بەکار دەهێنێـت، لەوانـە وەکو(کودەتـا، شـۆڕش، ڕاپەڕین،چاکسازی، چەواشەکاری).

لەهەندێك لە تیۆرەکانـدا چارەسـەر بـۆ ململانـێ کـان دانـراوە، هـەروەك (رایـت میلـز) چارەسـەر بـە گۆڕانکـاری لـە شێوازی پەروەردەو پێگەیاندندا بـەگونجاو دەزانێـت هـەروەك( بارسـۆنز)یش پێگەیانـدنی کۆمەڵایـەتی و کـۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ( لێبوردەیی، تەحەمول،سنور دارکردنی پەیوەندی، دابڕان، گونجاندن) بەچارەسەری گونجاو دەزانێت ،.پاشان (دوڤرجیـە) لـەپێناو خۆشـگوزەرانی ژیـانی هاوڵاتیـان کۆمـەڵێك چارەسـەری خسـتۆتە ڕوو وەکو( دانانی سـنورێك بـۆ کوشـتار و توندوتیـژی، چەسـپاندنی یەکسانی و ڕێکـەوتن ودانوسـتان بۆچارەسـەری کێشـەکان، گەشەپێدان بە پەیوەستی و هاوبەندی)، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك تەکتیکی بۆ چارەسـەرەکان خسـتۆتە ڕوو لەوانـە (دەرکردنی یاسا و پابەند بوون پێیانەوە، پێشـەکەش کردنـی خزمـەت گـوزاری جیـاواز، پـەروەردەکردنی هاوڵاتیـان بەشێوەیەك کە پەیوەست بن بەکۆمەڵگاکەیانەوە و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو ئەرکانەدا کە گروپەکەیەیان لێیان داوائەکەن، هەروەها بەکارهێنای هێز و زەبروزەنگ لەکاتی پێویستدا بۆزاڵبوون بەسەر ململانێ سیاسیەکاندا .

لەباسـی سـێیەمدا، بـەپێی هەریەکـە لـەتیۆرەکان، کەسـێتی و سـیماکانی تـاك و گـروپ و کۆمـەڵگا بـە هۆکـارە جیاوازەکانی وەکو( بۆماوە،بایۆلۆجی،دەروونی، کۆمەڵایەتی،مێژوویی ،کلتوری، جوگرافی، سیاسی،ئابوری ) دروسـت دەبن، بـەڵام لەبەرئـەوەی کەسـێتی و سـیماکان تاڕادەیـەك جـێگیرن دووبـارە ئەکەونـەوە ژێـر کاریگـەری بـارودۆخ و هۆکارە جیاوازەکانەوە .

یەکەم / تیۆری سۆسیۆلۆجی:- بەپێی ئەم تیۆرە سیماکانی کەسێتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، بە پێچەوانەی تیۆری دەروونیەوە کە تاك دەکەنە تەوەرەو چەقی لێکۆڵینەوەکانیان و لەرێگەیەوە کەسێتی و سیماکانی پێ دیاری دەکـەن، بەڵام تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان گروپ و کۆمەڵە مرۆییەکان دەکەنە خاڵی گرنگی پێدان و جـەخت لـەوەش دەکەنـەوە، تاك لە نێو گروپدا خاوەنی ئازادی و سەربەستی ڕەها نیە بەڵکو دەکەوێتە ژێر کاریگـەری عـەقڵی دەسـتەجەمعی و داب و نەریت و ڕێساو یاساو بیروباوەڕی ئەو گرپە مرۆییانەوە کە تاك لە نێویدا دەژی.

لەو تیۆرانـەی کـە خراوەتـە ڕوو لەنێویانـدا (دورکهـایم) جـەخت لـە کاریگـەری دیـاردە کۆمەڵایەتیـەکان و عـەقلی جەمعی وپرۆسەی پێگەیاندی کۆمەڵایەتی لەلایەن دامەزراوە جیاوازەکانەوە دەکاتەوە، ئەوەی خسۆتەڕوو، کۆمـەڵگا دەسەڵاتی تەواوی بەسەر بوون و شوناسی تاکەکاندا هەیە، تائەو رادەیەی زمان و کلتـورو کـردارو رەفتـاری تاکـەکان بـە بەرهـەمی کۆمـەڵگا ناودەبـات . هاوکـات (چـارلس هـرتن کـولی) لـە چوارچـێوەی تیورەکەیـدا هاوڕایـە لەگـەڵ (دۆرکهـایم) پێـی وایـە پەیوەنـدی نێـوان تـاك و کۆمـەڵ پەیوەندییـەکی ئەنـدامی (عضـوی)ەو ناکرێـت بـەجیا لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت. ئەو پێی وایـە ژینگـەی کۆمەڵایـەتی و خاسـیەتە بـایۆلۆجی و بۆماوەییـەکان پێکـەوە

کارلێك دەکەن و یەك دەگرن بۆ پێکهێنانی مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە، عەقڵی تاك وێنەیەکی بچوککراوەو بەرهەمی کۆمەڵگایە، کە لەئەنجامی کارلێککردنی تاك لەگەڵ کەسانی دیکە و لەچوارچێوەی کۆمەڵە یەکەمینەکان (خێزان )و کۆمەڵگەدا لەدایك دەبێت .هاوکات( سۆرکن ) سەبارەت بە پەیوەنیە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ کولی هاوڕایە، هاوڕا لەگەڵ ئەم بۆچونانەشدا تالکۆت بارسۆنز پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی پەیوەست دەکات بە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە کە( کلتور، بەها، پێوەر) تیایدا رۆڵ دەبینن، (سۆرکن) بەهەمان شێوە گرنگی تەواوی بە کاریگەریە کلتوریەکانداوە.

لەکۆبەندی بنەمای کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، تاك جگە لەوەی کاریگەری لەسەر گروپ درووست دەکات، بەهەمان شێوە خۆشی دەکەێتە ژێرکاریگەری گروپ و کۆمەڵگاوە، بەم پێیەش ئەندامانی گروپ و کۆمەڵگا دەبنە خاوەنی سیمای هاوشێوە.

دووەم/ تیۆری دەروونی :- لە تیۆرە دەروونییەکاندا بیروڕای جیاواز سەبارەت بە بوونی هۆکارو شێوازی جیاواز لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتیدا خراوەتەڕوو، هەروەك لایەنگرانی قوتابخانەی شیکاری دەروونی و لەنێویشیاندا هەریەك لە ( فرۆید، یۆنگ) بۆ دیاریکردنی سیماو بونیادی کەسێتی تاك پشت بە هۆکارو کارتێکەرە بۆماوەیی و فسیۆلۆجیەکان دەبەستن، بەلاَم هەریەکە لە( ئادلەرو سولیڤان و ئەریك فرۆم) هەوڵیانداوە خۆیان لە چەمکە فسیۆلۆجیەکانی سەدەی نۆزدەهەم کەلە تیۆرەکەی فرۆید و یۆنگدا هاتبوو خۆیان بە دوربگرن و چەمکی نوێی دەروونزانی کۆمەڵایەتی دابهێنن، بەجۆرێك ئەوان پێیان وایە ناکرێت کاریگەری هۆکارو کارتێکەرە کۆمەڵایەتییەکان لە درووستکردنی سیماکانی کەسێتی فەرامۆش بکرێت، بەڵکو بەپێویستیان زانی رۆڵی هەردوو کارتێکەرە کۆمەڵایەتی و بایلۆجییەکان پێکەوە لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتیدا لەبەرچاو بگیرێت، بەلاَم بەشێوەیەکی گشتی تیۆرەکان لە کۆمەڵێك خاڵی گشیدا هاوبەشن، هەروەك ئەوەی سەرجەم تیۆرە جیاوازەکان لێکۆلینەوە لە ڕەفتاری تاك دەکەن وسیماکان بە بونیادی کەسێتی دەزانن کە تاڕادەیەك بە شێوەیەکی ڕێژەیی جێگیرن، پاشان هەریەکە لە (ئەریك فرۆم، ئەلپۆرت، کاتل) هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ئەو هۆکارانە دەدەن کە ئەبێتە هۆی جیاوازی سیما جەستەیی و هزری هەڵچونیەکانی تاك، ئەویش بۆ هۆکارەکانی بۆماوەو جیاوازی بارودۆخ و ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوری و سیاسی و کلتوری دەگەڕێننەوە. هاوکات ئەوەدەخەنە ڕوو کە هەندێك سیما تایبەتە وەك ئەوەی هەموو تاکێك خاوەنی کۆمەڵێك سیما و تایبەتمەندیە و جیاوازە لە تاکەکانی دیکە، بەلاَم هەندێك سیماش گشتین و تایبەتن بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو و جیای دەکەنەوە لە کۆمەڵگایەکی تر، بەلاَم ئەوەی جێگەی سەرنجە لە زۆربەی تیۆرەکاندا کەسێتی و ڕەفتاری تاك بە بونیادێکی گریمانەیی دەزانرێت، یان بە واتایەکی تر دیاردەیەکی ئەبستراکتە کەلەسەر بنەمای لێکدانەوەی ڕەفتاری دەرەکی تاکەکانەوە ئەتوانرێت بناسرێت .

سێیەم/ لە تیۆری ئەنترۆپۆلۆجیدا: مێژوو کلتوری کۆمەڵگاش کاریگەری ڕاستەوخۆو بەردەوام لەسەر سیماکانی کەسێتی دروست دەکەن، لە نێویشیاندا (بەها، داب ونەرت، ئاین، سروت، ڕێساو یاسا، شێوازی حکومڕانی، بارودۆخی سیاسی، ئابوری...هتد) هەموو ئەمانە بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی تاك و رەفتارو چۆنێتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی لەگەڵ کەسانی دیکە دروست دەکەن، هاوشان ڕەنگدانەوەیان لەسەر شێوازی پەروەردەو پێگەیاندن دەبێت کە دەزگا جیاوازەکان پێی هەڵدەسن، ئەمە سەرەرای ئەوەی منداڵ کاریگەری هۆکاری بۆماوەیی باوانی لەسەرە، لەهەمان کاتدا پەیوەستیشە بە رەفتارو بیرکردنەوەیان، ئەمەش تۆوی بونیاتنانی سیمای کەسێتی دەچێنێت، واتە ئەوەی سەرجەم تیۆرەکان ئاماژەی بۆ دەکەن ئەوەیە سیماکانی کەسێتی بەشێوەیەکی ڕێژەیی جێگیرە، بەجۆرێك کلتور کاریگەری لەسەر کەسێتی هەیە بەهەمان شێوە کەسێتیش کاریگەری لە بونیاتنانی کلتوردا هەیە، هەروەك لە تیۆرەکانی ئەنترۆپۆلۆجیدا و لەهەردوو ئاراستەی دووپاتە و ڕێکخراودا بەرچاو دەکەوێت، بەجۆرێك لە ئاراستەی دووپاتەدا و لە تیورەکانی( گیانی کلتوری (سابیر و هۆرفدا)، تێڕوانین لە ژیان، کەسێتی بنچینەیی(ئەبرام کاردینر)، کەسێتی نەتەوەیی( کلاید کلاهۆن)(والاس) (جفرری جورر)دا جەخت لەوە دەکەنەوە ئەندامانی کۆمەڵگا هەلگری کلتوری کۆمەڵگاکەیان دەبن کە ئەویش بە هۆی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلأیەتیەوە لەلایان دەچەسپێت.هەروەها (کلاید کلاکهۆن) لە تیوری کەسێتی نەتەوەیی دا ئەوەی خستۆتەڕوو، کەسێتی وسیماکان ئەزموونەکانی منداڵی شێوازی کۆتایی ئەو دیاری ناکەن بەڵکو دەکرێ ئەزمونەکانی دوایی سیماکانی کەسێتی بگۆڕن لەگەورەبوون و کامڵ بووندا. بەلأم ئاراستەی ڕێکخراو دژی بیروڕای نوێنەرانی تیورەکانی ئاراستەی دووپاتە دەوەستنەوەو کەسێتی بە وێنەیەکی بچوکراوی کلتور دەزانن، پێیان وایە ناکرێت سەرجەم ئەندامانی یەك کۆمەڵگا لە بەهاو تێڕوانین و سایکۆلۆژیادا وەك یەك بن هەروەك (روث بندکت، مارگریت میت ) لەتیوری سروشتی کلتوری و تیوری ڕەگەکلتور ئاماژە بە جیاوازی سیماکانی کەسێتی کراوە بە جیاوازی (چین و ڕەگەز و تەمەن...هتد) بەهۆی جیاوازی کلتورەوە.

بەرمەبنای خستنەڕووی تیۆرەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ململانێ سیاسیەکان بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری جۆراوجۆرو لەپێناو بەدەستهێنانی( بەرژەوەندی ، دەسەلأت، بالأدەستی، هێز) بەچەندین شێوەو لەسەرئاستی جیاواز روودەدەن، کە کۆمەڵێك کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر کۆمەلگا بەگشتی و سیماکانی کەسێتی بەتایبەتی جێدەهێڵن. هاوکات لە تیۆرەکانی کەسێتیدا گەیشتینە ئەوەی، کە کەسێتی و سیماکان تاڕادەیەك جێگیرن، بەجۆرێك لەژێر کاریگەری بارودۆخ و هەلۆێستە جۆراوجۆرەکانی وەك ( بۆماوەیی،دەروونی ، کۆمەلأیەتی، کلتوری، مێژوویی، جیۆگرافی، سیاسی، ئابووری)دا شێوە وەردەگرن. لەو نێوەندەشدا ململانێ سیاسیەکان وەك یەکێك لەو هۆکارانە کۆمەڵێك کە دەرهاویشتەی جیاوازی لەسەر بونیادی کۆمەلأیەتی و سەرجەم لقە سیستەمەکانی کۆمەڵگە و دامەزراوە جیاوەزەکان هەیە ،هەمووئەمانەش کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنیان لە پێکهێنانی سیمای کەسێتی کورددا هەبووە.

# بەشی سێیەم

## ڕەوشی ململانێ سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان و کاریگەریی

## لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا

باسی یەکەم: مێژووی ململانێی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد .

باسی دووەم: مێژووی ململانێ نێوخوییەکانی نێوان و ناو حزبە سیاسیەکانی باشووری کوردستان .

باسی سێیەم : شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆجی بۆ کاریگەرییە فرە ڕەهەندەکانی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا.

## باسی یەکەم/ مێژووی ململانێی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد

وەك ئاشکرایە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، ریشەیەکی دێرینی هەیەو راستەوخۆ وابەستەی یەکەمین پرۆسەی دابەشکردنی خاکی کوردستانە، بەجۆرێك لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمداو بەتایبەتیش لە چوارچێوەی (شەڕی چاڵدیرانی ١٥١٤)دا، کوردستان بووەتە مەڵبەندی یەکلایی کردنەوەی شەڕو ململانێ سیاسی و سەربازی ومەزهەبیەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، کە بەهۆیەوە بەشی هەرەزۆری کەوتە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی سونی مەزهەبی عوسمانی و بەشەکەی دیکەشی بووە ناوچەی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی شیعە مەزهەبی سەفەوی، ئەگەرچی بەمەبەستی بەرقەرارکردنی ئاسایش و رامکردنی کۆمەڵگەی کوردی تاڕادەیەك دەسەلاتدارانی عوسمانی جۆرێك لە سەربەخۆیی لۆکاڵییان بە میرو میرنشینە کوردییەکان بەخشی بوو، بەلام تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم، بەهۆی زوڵم و ستەمی داگیرکەران و گەشەکردنی هەستی ناسیۆنالیستی کوردی بەردەوام شۆڕش و راپەرین و بەرخودان لە دژی هەردوو دەسەلاتی داگیرکەری عوسمانی سەفەوی ئەنجامدراوە، بەلام بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامێکی ئەوتۆی بە ئاراستەی رزگاری نیشتیمانی و سەربەخۆیی کوردستان بەدەست نەهێناوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی بەمەرکەزیکردنی سەرجەم هەرێم و ناوچە نیمچە سەربەخۆکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە، سەرجەم میرنشینە کوردییەکان لە کیانی نیمچە سەربەخۆیی دامالران و بەزەبری هێزی سەربازی شکستیان پێهێنرا (جەلیل، ١٩٨٧: ١٦٥)، ئەم بارودۆخەش بۆشاییەکی سیاسی و یاسایی لە ناوچە کوردییەکاندا درووست کرد، لەدوای چارەکەسەدەیەك دەرەبەگ و شێخەکان توانیان تاڕادەیەك ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوەو بە گروتینێکی نوێوە شۆڕش لە دژی هەردوو داگیرکەری عوسمانی سەفەوی ئەنجام بدەن، لەوبارەیەوە شۆڕشەکانی (شێخ عوبەیدوڵای نەهری١٨٨١-١٨٨٢ )و( شێخ عەبدوسەلامی بارزانی١٩٠٩)و (شێخ سەعیدی پیران١٩٢٥ )نمونەی دیاری خەباتی رزگاریخوازی و بناغەی ناسیۆنالیستی گەلی کوردیان پێکدەهێنا، لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان و رزگاربوون لەژێر دەسەلاتی داگیرکەری بێگانە ئەنجامدراون، بێگومان ئەنجامی هەموو ئەو شۆڕش و راپەرینانەش لەم قۆناغەدا بەشکستی کورد کۆتایی پێهاتووە.(حاجی،٢٠١٨: ٩٦-١٠٧).

پێشهات و پەرەسەندنە سیاسی و سەربازییەکانی دوای (جەنگی یەکەمی جیهانی١٩١٤-١٩١٨، قۆناغێکی نوێی دابەشکردنی خاکی کوردستانی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئەمەش لە کاتێکدابوو لەسەرەتای جەنگەوە دەوڵەتی عوسمانی لەژێر کاریگەری ئاین و بەدروشمی جیهادی پیرۆز لەپاڵ بەرەی میحوەر بەشداری لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا کردو دژی بەرەی هاوپەیمانەکان جەنگا، ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگ رەخساند، ئیمبراتۆریەتی عوسمانی لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن، ئەگەرچی وەك دەرئەنجامێکی ئەو رووداوانە چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی لەناوچەکەدا دامەزرا، بەلام جارێکی دیکە کوردستان لە پێناوی پارێزگاریکردنی هاوسەنگی

هێـزو پاراسـتنی بەرژەوەنـدی زلهێزەکـان بـە پێـی بەسـەر هەریەکـە لـە ( عێـراق، تورکیـا، ئێـران، سـوریا، روسـیا)دا دابەشکراو خەونی چەندین ساڵەی گەلی کورد بۆ بەدیهێنی سەربەخۆیی لەگۆرنرا.(حاجی، ٢٠١٨: ١١١).

ئەمەش لەکاتێکـدابوو دوای جـەنگ زەمینەیـەکی لـەبارو گونجـاو بـۆ گەلـە ناتورکـەکانی نێـو سـنووری ئیمپراتـۆری عوسمـانی رەخسـابوو، تـا لـەو رێگەیـەوە پێـداگری لەسـەر بـەدیهێنانی مافـە نەتەوەییـەکانیان بکـەن، بەتایبـەتی راگەیاندنی چوارده بەندەکەی (ولسن)ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئـەمریکا، لـە بەنـدی (١٢)دا جـەخت لـە سەر ئـەوە دەکاتـەوە پێویسـتە گـەلانی ژێـر دەسـەلاتی دەوڵـەتی عوسمـانی مـافی خـۆ دیـاریکردنی چارەنووسـیان بـۆ فەراهـەم بکرێت(أحمـد، ١٩٧٨: ٥٥-٥٨). بـۆ بـەدیهێنانی ئـەو ئامانجـەش گـەلی کـورد هـەموو تواناکـانی خـۆی بـەکارهێناوەو، بـە تایبـەتیش رۆشـنبیرانی کـورد لـە چوارچـێوەی حـزب و رێکخـراوە سیاسـییەکاندا، تـەواوی چالاکییەکانی خۆیان بۆ ئەوە تەرخان کردبوو، پرسی کورد بگەیەننە کۆنگرەی ئاشتی و لـەو رێگەیەشـەوە داکـۆکی لە مافـە نەتەوەییـەکانیان بکـەن و سـەربەخۆیی کوردسـتان بەدەسـتبهێنن، لەوبارەیـەوە هەریەکـە لـە ( جەمعیـەی ئیسـتقلالی کوردسـتان)و (کۆمەڵـەی تـەعالی کوردسـتان )و جەنـەراڵ شـەریف پاشـای خەنـدان وەك کەسایەتییەکی سەربەخۆی کورد لە پاریس، رۆڵی کاریگەر و بەرچاویان هەبووە لـە وروژانـدنی پرسـی کـوردو گەیانـدنی بـە وڵاتـە زلهێزەکان.(توفیق،٢٠١٢: ٥٢٥-٥٢٦)؛(صابر، ٢٠٠١: ١١٦).

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەهۆی فشاری بریتانیاو بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییـە ئابورییـەکانی خـۆی لە عێراقدا، ویلایەتی موصل کـە باشـووری کوردسـتانی ئـەمرۆ دەگرێتـەوە بـە دەوڵـەتی تازەدامـەزراوی عێراقـەوە گرێدراو خواستی کورد بۆ بەرجەستەکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی لەبەرچاو نەگیرا، چونکە لەلایەکـەوە لکانـدنی ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە نەوتی وەك ولایەتی موصل بە عێراقـەوە کـە ناوچـەی ئینتـدابی بریتانیـابوو، سودێکی زۆری بە بریتانیا دەگەیاند، لەلایـەکی دیکـەوە هەوڵیانـدا کـورد وەك ئـامرازی هاوسـەنگی مەزهـەبی بـەکاربێنن لـە بەرامبەر شیعە، چونکە بەشی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە لە کـوردی سـونی مەزهـەب پێکهـاتوو، ئـەم بارودۆخـەش کاریگەری نەرێنی لەسەر مێژووی سەدساڵەی پێکهاتەی دەوڵـەتی عێـراق درووسـت کـردووە، بـەجۆرێك گـەلی کـورد بەهەموو شێوەیەك ئەم واقعەی رەتکردۆتەوەو پەرچەکرداری توندی هەبووە بەرامبەر هێزی داگیرکەری بریتانی و حکومەتە یەك لـە دوایەکـەکانی عێـراق و هەڵیـداوە ناسـنامەی نەتـەوەیی و نیشـتیمانی بەدەسـت بێنێـت، بـۆ ئـەو مەبەستەش بە درێژایی سەد ساڵی رابردوو چ بەشێوەی خەباتی سیاسی و چ بەشێوەی شۆڕش و خەباتی چـەکداری رووبەڕووی نەیارەکانی بووەتەوەو ململانێی دوژمن وداگیرکەرانی کردووە(حاجی، ٢٠١٨: ١١٤).

لەوبارەیەوە ئەگەرچی هەر لەسەرەتاوە شێخ محمـودی حەفیـد لـەژێر کاریگـەری جیهادی پـیرۆزدا لـە( شـوعەیبە و پێنجوێنەوە )رووبەڕووی هێزەکانی بریتانیاو رووسەکان بویەوەو ئەنجامەکەشی بە شکستی شێخ کۆتـایی پێهـاتووە، بەڵام لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٨دا حکومـەتی بریتانیـا، شـێخ محمـودی وەك حوکمـداری ناوچـەکە ناسـاند، بـەڵام دوای تێپەربونی تەنها حەوت مانگ لەحکومدارییەکەی، دەسەڵاتدارانی ئینگلیـز لـە ١٧ی حـوزەیرانی ١٩١٩ بـەزەبری

هێز کۆتاییان بەیەکەمین حکومدارێتی شێخ محمود هێنا، یەکێك لەخاڵەکانی ململانێی و ناکۆکی نێوان شێخ و ئینگلیزەکان، بریتی بوو لە مەودای دەسەڵات و فراوانخوازی، چونکە شێخ مەحمود هەوڵی فراوانبوونی دەسەڵاتەکەیی و پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆی دەدا، بێگومان ئەمەش لەگەڵ سیاسەت و ستراتیجی دەسەڵاتدارانی ئینگلیزدا کۆك نەبوو(شوانی،٢٠٠٢: ١١٧-١١٨). جێگەی ئاماژە پێکردنە حکومەتی بریتانیا بەرامبەر بە کورد خاوەنی پلان و سیاسەتێکی جێگیرو چەسپاو نەبوو، بەڵکو بەپێی واقع و بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسیەکان مامەڵەی لەگەڵ کورددا کردووە، بەجۆرێك ئەگەرچی بەهۆی ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی و زیادبوونی مەترسی تورکەکان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز لەعێراقی تازە دامەزراودا، ئینگلیزەکان لە ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٢دا شێخ مەحمودیان لەوڵاتی (کوێت)ەوە گەراندەوە سلێمانی و فەرمانرەوایی ناوچەکەیان پێ سپارد، بەڵام هێندەی نەبرد ململانێکانیان رۆژ لەدوای رۆژ پەرەی دەسەندو بەئاراستەی پێکدادانی چەکداری هەنگاوی دەنا، ئەوەبوو شێخ محمود بەهاوکاری هەندێك لەخێڵ و عەشیرەتەکانی وەك( جاف، داودە، هەمەوەند...)، توانی رووبەروی داگیرکەرانی ئینگلیزو دەسەڵاتدارانی نوێی عێراقی ببێتەوە(حلمی،١٩٨٨: ٩٥).

هۆکاری سەرەکی ململانێی نێوان کوردو دەسەڵاتدارانی ئینگلیز لەم قۆناغەدا بۆئەوە دەگەرێتەوە کە کۆمەڵگەی کورد لەمافە نەتەوەییەکانی بێ بەشکرابوو، کە خۆی لەدروستکردنی کیان و دەوڵەتی نەتەوەیدا دەبینێتەوە، کە خاوەنی شەرعیەتی مێژووی و یاسایی و جوگرافیبوو، هەربۆیە دەکرێت بڵێین لەژێر کاریگەری گەشەسەندنی تەوژمی هەستی نەتەوایەتی و خواستی سەربەخۆیی گەلاندا، هەستی نەتەوایەتی و رزگاریخوازی نەوەی کوردیش پەرەی سەندووەو وەك پەرچەکردارێك لە چوارچێوەی ململانێی سیاسی و چەکداردا، رووبەرووی هێزە نەیارو داگیرکەرانی بووەتەوە، بێگومان هەموو ئەمانەش گیانی کوردایەتی و رەتکردنەوەی داگیرکەری لە بونیادی کەسێتی کورددا و سیماکانیدا چەسپاندووە.

راپەرینی ٦ی ئەیلولی١٩٣٠ شاری سلێمانی، وێستگەیەکی دیکەی خەبات و تێکۆشانی کوردبوو لە دژی داگیرکەران لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیدا، ئەمەش لەکاتێکدابوو حکومەتی پاشایەتی عێراق و بریتانیا رێکەوتننامەیەکی نوێیان لە نێوان خۆیاندا واژووکرد، تیایدا ئینتیدابی بریتانی لە عێراقدا کۆتایی پێدەهات و عێراقیش وەك دەوڵەت دەبووە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلاندا(البزاز،١٩٦٧: ١٩٤)، هەربۆیە دیاری نەکردن و لەبەرچاو نەگرتنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لەم رێکەوتننامەیەداو دوورخستنەوەی شێخ محمودو لەناوبردنی حکومەتەکەی، لەو هۆکارانەبوون زەمینەیان بۆ ئەم راپەرینە رەخساند، کە لە مێژووی هاوچەرخدا بە( راپەرینی بەردەرکی سەرا ) ناسراوە. بەبڕوای (جەلال تالەبانی )ئەم راپەڕینە لەگەڵ ئەوەی بەشێکی دانەبڕاوبوو لە تێکۆشانی مێژووی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان، لەهەمانکاتدا خاڵی وەرچەرخانیش بوو لە بزافی رزگاریخوازی گەلی کورددا، چونکە یەکەمجاربوو قورسایی شۆڕش و خەبات لە لادێوە بگوازرێتەوە بۆ شارو خەڵکی روناکبیرو بازرگان و گەورەپیاوانی شارەکە پێشرەوی راپەرین بکەن، ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێزبوو بۆ پەرەسەندن و سووربوونی کورد لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانیدا (الطالباني،١٩٧١: ١١٣).

ئەگەرچی راپەرینی بەردەرکی سەرای سلێمانی، بەشێوەیەکی مەدەنیانەو دوور لە توندوتیژی ئەنجامدراو تەنها لە رێگەی خۆپیشاندان و وتارو دروشمی سیاسیەوە هەڵوێستی نارەزایی خۆیان دەربری، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی پاشایەتی عێراقەوە بە زەبری هێزی چەکداری سەرکوت کراو ژمارەیەك لە شۆڕشگێڕانی شارەکە بوونە قوربانی، دەرئەنجامی ئەم رووداوەش گیانی شۆڕش و خەباتی رزگاریخوازی هێندەی تر گەشەی سەندو وەك پەرچەکردارێکیش (شێخ محمودی حەفید )لە نیسانی ١٩٣١دا جارێکی دیکە شۆڕشی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق لە ناوچەی (ئاوباریك) بەرپاکرد، بەڵام بەهۆی هاوکاری فرۆکە جەنگییەکانی بریتانیاوە ناچار بە خۆبەدەستەوەدان کراو بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق دوورخرایەوە (الحسنی،١٩٨٨: ١٣٢).

ئاڵۆزی و ململانێی سیاسی، یەکێك بوو لە سیما دیارو بەرچاوەکانی ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانی و لەو نێوەندەشدا (مستەفا بارزانی) کەسایەتی بەرزو ناسراوی خێڵی بارزان لە بەرامبەر زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق، لە بەهاری ١٩٤٣دا کەوتە ململانێی حکومەتی عێراق و شۆڕشی چەکداری لە سنووری ناوچەی بارزان بەرپاکردو بە پشتگیری (حزبی هیوا )و ئەفسەرە کوردەکانی ناو سوپای عێراق، کۆمەڵێك داواکاری ئاراستەی حکومەتی عێراق کرد، کە لەسەروهەموویانەوە داواکاری دامەزراندنی ناوچەیەکی بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی کە سەرجەم شارە کوردییەکانی وەك( کەرکوك و هەولێرو سلێمانی و خانەقین و بادینان )لەخۆبگرێت و چاکسازی ئابووری و سیاسی لەناوچەکەدا ئەنجام بدرێت، بەڵام دوای دوو ساڵ بەردەوامی شۆڕش لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ١٩٤٥دا بە هاوکاری هێزە سەربازییەکانی بریتانیا حکومەتی عێراق توانی شۆڕشەکە دابمرکێنێتەوەو بارزانی و لایەنگرانیشی بەناچاری پەنایان بردەبەر رۆژهەڵاتی کوردستان و لە چوارچێوەی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مهاباد درێژەیان بە خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردیدا (سەجادی،١٩٩٦: ١١٩-١٢١).

ململانێ و خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە دژی حکومەتی عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨ )، مۆرکێکی شاراوەو تاڕادەیەك کپبوونەوەی بەخۆوەبینی، بەڵام شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و دارمانی حکومەتی پاشایەتی و دروستبوونی یەکەمین حکومەتی کۆماری بەسەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم[*]، وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ پرسی کوردو سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا، بەتایبەتیش لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەمین بەیاننامەی شۆڕشدا، گەلی کورد لەسەرجەم شاروشارۆچکەکانی کوردستاندا بەوپەڕی تواناوە خۆشحاڵی خۆیان بۆ شۆڕشەکە دەربڕی و سەرکردایەتی (پ.د.ك) پشتگیری خۆی بۆ دەسەڵاتدارانی نوێ دەربڕی و هیوایان خواست لە چوارچێوەی سیستەم و دەسەڵاتی نوێدا مافە نەتەوەییەکانی کورد لە دووتوێی ئۆتۆنۆمیدا بەرجەستەبێت و کۆتایی بە زوڵم و چەوساندنەوەی کۆمەڵگەی کوردی بهێنرێت (ناکام،٢٠٠٣: ٩٣-٩٦).

---

[*]. لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دا دەستەیەك لە ئەفسەرانی سوپای عێراق بە رابەرایەتی عەبدولکەریم قاسم بە کردەوەیەکی سەربازی کۆتاییان بە حوکمی پاشایەتی لە عێراق هێناو حکومەتێکی کۆمارییان راگەیاند، کە چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی و بارو دۆخی سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی رۆڵی راستەوخۆیان هەبوو لەو روداوەدا(الزوبیدی، ١٩٨١: ١٨٥-١٩٠).

جێگەی باسە ئەم شۆڕشە لە قۆناغی یەکەمدا شێوازی خەباتی رزگاریخوازی کوردی لە چەکدارییەوە بۆ خەباتی سیاسی و دەستووری گۆڕی، بەجۆرێك لە قۆناغەکانی پێشوودا ململانێی نێوان شۆڕشگێرانی کوردو حکومەتی پاشایەتی عێراق، لە رێگەی شۆڕشی چەکدارییەوە ئەنجام دەدرا، بەڵام لەم قۆناغەدا سەرکردەو دەستەبژێری سیاسی و رۆشنبیری کورد لە پێناوی بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی و مافە نەتەوەییەکانی کورددا، ئامرازی سیاسی و دبلۆماسی و دەستوورو یاسایان لە ململانێکانیاندا لە دژی حکومەتی قاسم بەکاردەهێنا، ئەگەرچی لە سەرەتادا عەبدولکەریم قاسم سیاسەت و هەڵوێستێکی دۆستانەی بەرامبەر بە پرسی کورد گرتبووەبەرو لە دەستووری کاتی عێراقدا بە فەرمی لە بەندی(٣)دا دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا نراوەو تیایدا هاتووە" عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتیمانەداو دان بە مافە نەتەوەییەکانیان لەناو یەکێتی عێراقدا نراوە"(عبدالوهاب،١٩٨٣: ١٢٣)، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم بە بیانوی راگرتنی هاوسەنگی و کاریگەری رەوتە شۆڤێنیە عەرەبیەکان و دەستێوەردانی وڵاتانی وەك تورکیاو ئێران و بریتانیاو چەند ڕوداوێکی بچوکی ناوخۆیی، قاسم لە بەڵێنەکانی خۆی سەبارەت بە پرسی کورد پاشگەزبۆوەو لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠وە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرکردایەتی کورد بە ئاڕاستەی ململانێی واقعی و ئاڵۆزی و گرژی هەنگاوینا، ئەم پێشهات و پەرەسەندنانەش زەمینەی بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی ململانێ و شۆڕش و خەباتی چەکداری رەخساندو کۆتایی بە خولی پێکەوە ژیانی سیاسی نێوان کوردو دەسەڵاتدارانی عێراق هێنا، بەجۆرێك لە ئەیلولی ١٩٦١دا( پارتی دیموکراتی کوردستان )لەو قۆناغەدا تاکە پارتی سیاسی کوردی بوو لە باشووری کوردستاندا، بە فەرمی شۆڕشی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق راگەیاند لە مێژووی هاوچەرخی کورددا بە شۆڕشی ئەیلول ناسراوەو تا کۆتایی ١٩٧٥ بەردەوام بوو (لازاریف،٢٠٠٨: ٤٥٥-٤٦٠).

شۆڕشی ئەیلول، سەرەڕای ئەوەی چەند دیاردەو خاڵی نەرێنی و لاوازی وەك ململانێی و شەڕی ناوخۆی نێوان رەوت و ئاڕاستە جیاوازەکانی تیا بەدی دەکرێت، لەهەمانکاتدا چەندین دەستکەوتی نەتەوەیی و نیشتیمانی بۆ کورد بەدەستهێناوە، بەتایبەتی بۆ یەکەمجاربوو دەسەڵاتدارانی عێراق مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد بە رەوا ببینن و بە فەرمی لە چوارچێوەی رێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا، دان بە مافی نەتەوەیی کورددا بنێن.

جێگەی باسە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە قۆناغە جیاجیاکانیدا رووبەڕووی چەندین هەڵکشان و داکشان بووەتەوە، بەتایبەتی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر پرسی کورد هەبووە، لەو بارەیەوە نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، دەرئەنجامی (رێکەوتننامەی جەزائیر ٦ی ئازاری ١٩٧٥ی) نێوان سەدام حسێنی سەرۆك کۆماری عێراق و محمد رەزاشای ئێران بوو، باروودۆخێکی ئاڵۆزو نائاسایی ودژواری لەناوچەکەدا درووست کردو شکستی بە شۆڕشی کورد هێنا، ئەو بارودۆخەش نەك تەنها کوردستانی عێراق، بەڵکو پارچەکانی تری کوردستانیشی گرتبۆوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە زۆربەی خەباتکارانی نێو ڕیزەکانی شۆڕش بە سیاسی و سەربازیەکانیشەوە لەو پەڕی نائومێدی و بێ ورەیدا بوون، تا ئەو ڕادەیەی بڕوای ئەوەیان لا دروست ببوو کە جارێکی تر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دروست نابێتەوەو ناژێتەوە، هەربۆیە لە بەرامبەر بێهیوابوونی هاوکاری دەرەکی شۆڕش کۆتایی پێهات و ژمارەیەکی زۆر لە دەستەبژێری سیاسی و سەربازی و رۆشنبیری کورد

ژیانی ئاوارەیی و پەناهەندەییان هەڵبژاردو روویان کردە وڵاتانی ئەوروپاو زۆرینەشیان خۆیان رادەستی حکومەتی عێراق کردەوەو بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دوورخرانەوە (کۆچێرا،٢٠٠٦: ٤٢٠-٤٢٢).

ئەگەرچی هەموو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەبوون پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ساڵی ١٩٧٥ کۆتایی بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان دەهێنێت، بەڵام شۆڕشگێرانی کورد کەوتنە ئاڵنگاری ئەو بارودۆخە نەخوازراوەو هەوڵیاندا ئەو بۆشاییە سیاسی و چەکدارییەی لە ناوچەکەدا درووست بووە بەزووترین کات پڕبکەنەوە، ئەوەبوو لەسەر داروپەردووی (پ.د.ك) کۆمەڵێك حزب و رێکخراوی سیاسی شۆڕشگێر دامەزران کە لە ئەدەبیات و پەیڕەوو پرۆگرامی خۆیاندا ئازادی کوردستان بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردیان کردبووە ئەجندای خەباتی خۆیان، ئەمەش لە کاتێکدابوو ، حزبی بەعس لە چوارچێوەی هەوڵەکانیدا بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا بەهەموو شێوەیەك لە هەوڵی جێبەجێکردنی سیاسەتی ( بەعەرەب کردن، بە بەعسیکردن، راگواستن)ی گەلی کورددابوو، بۆ ئەو مەبەستەش بە پلانێکی وردو تۆکمەوە کەوتە راگواستنی دانیشتوانی ناوچە سنورییەکان و خاپورکردنی زیاتر لە( ١٢٠٠ گوند) و ئەنفال و بێسەروشوێنکردنی نزیکەی ( ١٨٢٠٠٠) کەسی بێ تاوان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی دانیشتوانی شاری هەلەبجە بەهۆیەوە بوەهۆی شەهیدبونی نزیکەی (٥٠٠٠)هاوڵاتی شارەکە، کە سەرجەم ئەم کردەوانەش دەچنە خانەی جینۆسایدی گەلی کورد، بەمەبەستی لەناوبردنی ڕەسەنایەتی و کەلتوری نەتەوەیی کورد و گۆڕینی بۆ کەمە نەتەوەیەکی بچوك پاشان تواندنەوەی لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا(لازاریف،٢٠٠٨: ٥٦٨-٥٧٠).

لە بەرامبەر سیاسەتی دوژمنکارانەی حکومەتی بەعسیشدا، وەك پەرچەکردارێك حزب و رێکخراوەکان سەرەڕای بوونی ململانێی سیاسی نێوانیان، بەڵام هەموویان کۆك بوون لەسەر بەردەوامبوونی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بۆ ئەو مەبەستەش لە (٦/٦/ ١٩٨٨)دا (بەرەی کوردستان)یان پێکهێناو رێکەوتن لەسەر ئەوەی ، پێکەوە رووبەڕی زولم زۆری حکومەتی بەعس ببنەوەو خەبات بکەن لە پێناوی رزگاری سەربەخۆیدا، یەکێك لە دیارترین ئەنجامەکانی ئەم بەرەیەش سەرکردایەتیکردنی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان بوو (عەبدولکەریم،٢٠١١: ١٨٦-١٩٣).

بەڵام داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت لە ٢ی ئابی ١٩٩٠دا لەلایەن حکومەتی عێراق و کاردانەوەی جیهان بەرامبەر بە عێراق، زەمینەیەکی لەباری بۆ گەلانی عێراق رەخساند تاکو لە دژی رژێمی دیکتاتۆری بەعس راپەڕین بکەن و کۆتایی بەو ڕژێمە بێنن، ئەوەبوو سەرەتا لە باشووری عێراق بە هاوکاری ئێران راپەڕین ئەنجامدرا، پاشان سەرجەم شاروشارۆچکەکانی باشووری کوردستان راپەرین ئەنجامدرا، بەجۆرێك سەرەتا بەرەی کوردستان پلانی بۆ ئەنجامدانی راپەڕین لە رانیە دارشتبوو، ئەوەبوو لە ٥ی ئازاردا خەڵکی رانیە راپەرینیان ئەنجامداو رۆژانی دواتریش لە ٧-١٩٩١/٣/٢٣ راپەرین لە شارەکانی سلێمانی وهەولێرو دهۆك و کەرکوك ئەنجامدرا، بەم شێوەیە بۆ یەکەمجار بەشێکی زۆری خاکی کوردستان کەوتە دەست جەماوەری کوردستان و قۆناغێکی نوێ لە مێژووی کورددا

دەستی پێکرد(رەسوڵ، ١٩٩٤: ٣٠-٣١)، بەڵام نارێکخراوەیی راپەرینەکەو نەبوونی سەرکردایەتییەکی بەهێزو سەرقاڵبوونی جەماوەرو زۆربەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتەکانی پاشماوەی حکومەتی پێشوو لەلایەك و هەڵکردنی چرای سەوز لە لایەن ئەمریکاوە بۆ عێراق بەمەبەستی سەرکوتکردنی راپەرینەکانی باشوورو باکوری عێراق، لە ماوەیەکی کەمدا حکومەتی عێراق توانی سەرجەم ناوچە ئازادکراوەکان داگیربکاتەوە، ئەوەبوو لە ١٩٩١/٣/٢٨دا حکومەتی بەعس هێرشێکی بەربلاوی لەدژی کورد دەستپێکردو شکستی بە راپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ هێنا(عەبدولکەریم،٢٠١١: ٢٠٥)، ئەم رووداوانەش گەورەترین کارەساتی مرۆیی بۆ دانیشتوانی باشووری کوردستان لێکەوتەوەو روداوی کۆڕەوە مەزنەکەی بەدوای خۆیدا هێنا ، لە ١٩٩١/٤/٢دا بەهەزاران کەس بەرەو سنوورەکانی تورکیاو ئێران کۆچیان کردو کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنی دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی درووست کردو زۆربەی خێزانەکان ژیانی تاراوگەو پەناهەندەییان هەڵبژاردو تەمێکی رەشبینی و نائومێدی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو.

پاشان بەمەبەستی شکستپێهێنانی بەرەی کوردستانی، حکومەتی بەعس سەرجەم دام و دەزگاکانی دەوڵەتی لە ناوچەکانی باشووری کوردستان بۆ شاری کەرکوك کشاندەوە، بەهۆیەوە بۆشایی کارگێڕی و دەسەلات لە ناوچەکەدا سەری هەڵداو گرانی قەیرانێکی ئابووری و دارایی کوشندەی لەپاش خۆی بەجێهێشت، بەڵام هەرزوو بەرەی کوردستانی ئەم بارودۆخەی بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆستەوەو هەوڵیدا ئەوبۆشاییە کارگێڕییە پڕبکاتەوە(حاجی،٢٠١٨: ٣٣٢-٣٣٨).

لە ساڵی (١٩٩٢-٢٠٠٣) کرۆکی ململانێکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بە پلەی یەکەم لەسەر شاری کەرکوك و پرسە نەتەوەییەکان بوو، جگە لەوەش هەرێمی کوردستان بەردەوام کەوتبووە ژێر مەترسی وڵاتانی دراوسێی وەك تورکیاو ئێران و بە ئاشکرا ئەو دوو دەوڵەتە دەستیان لە کاروباری ناوخۆی ئەم هەرێمە وەرداوە، هاوکات لە دوای ئەوەی کە حکومەتی بەعس بەسەرۆکایەتی سەدام حسین، بووە هۆی زیادکردنی مەترسیەکان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەوروپاو ئەمریکا، لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣دا کۆتایی بەحکومەتی بەعس هێنراو قۆناغێکی نوێ لە مێژووی عێراق بەگشتی کوردستان بە تایبەتی دروست بوو، لەگەڵ ئەوەی سەرکردایەتی کورد هاوپەیمانی ئەمریکاو رۆژئاوایان کرد بۆ روخانی رژێمی سەدام و پاشانیش درووستکرنەوەو پێکهێنانەوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، بەڵام کێشەو ململانێ مێژوویی و رەگداکوتراوەکانی نێوان کوردی باشووری کوردستان و حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق بە فۆرم و شێوازێکی نوێوە تاکو رۆژگاری ئەمرۆ بەردەوامییان هەیە، بەڵام لە جیاتی بەکارهێنانی چەك و لەشکرکێشی، لە ئێستادا یاساو بەندە دەستوورییەکان ئامرازوو چەکی ململانێکانیانن، بەتایبەتی پرسی خاوەندارێتی و رەسەنایەتی خاك لەچوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقدا تایبەتە بە چارەسەرکردنی ناوچە جێناکۆکەکانی وەك (کەرکوك، خانەقین، شەنگال، حەمرین...)،کە سێیەکی خاکی کوردستان پێکدەهێنن و تاکو ئێستا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە(مستەفا،٢٠٠٩: ١٥)، هاوکات سەرەڕای دەرکەوتنی رێکخراوی تیرۆرستی( داعش) لەناوچەکەدا گەورەترین مەترسی بۆسەر کیانی هەرێمی کوردستان

درووست كردووه، لەهەمانكاتـدا پرسـی بودجـەو شايسـتە داراييـەكانی هـەرێمی كوردسـتان و مامەڵەكردن لـە گـەڵ سەرچاوە سروشـتيەكان و داهـاتی خاڵـە گومرگييـەكان، يەكێكـە لـەو بابەتانـەی خـاڵی سـەرەكی ململانێـی نێـوان حكومەتی هەرێم و حكومەتی فيدراڵی عێراقە، دۆخێكی ناسەقامگيری سياسی و ئابووری دروستكردووەو بەهۆيەوە لــە ســەرەتای ٢٠١٥ وە هــەرێمی كوردســتان لــە قــەيرانێكی گــەورەی ئابووريدايــەو توانــای دابەشــكردنی موچــەی فەرمانبەرانی نييەو بەشی زۆری خزمەتگوزارييەكان پەكيان كەوتووە.

ئـەوەی جێگـەی ئامـاژە بـۆ كردنـە لـە ئێسـتادا ململانێـی نێـوان كـورد و حكومـەتی فيـدراڵی عێـراق نـاوەرۆك و سروشتێكی جياواز لەخۆ دەگرێت، بەجۆرێك ململانێكان لە قۆناغی ئێستادا لە پێناوی بەدەسـتهێنان و بەرجەسـتە كردنی خاك و زمان و كلتوورو پـارەو پێناسـەيە نـەك بەدەسـتهێنانی دەسـەڵات، چونكە پێگـەو بەشداری كـورد لـە دەسەڵاتی حكومەتی عێراقدا، هەرچەندە زۆر و باڵا بێت، ناتوانێت پرسی نەتـەوەيی كورد چارەسـەر بكات.(سـابير، ٢٠٠٥: ٩٥).

خسـتنەرووی سـەرجەم قۆناغـەكانی ململانـێ و شـۆڕشـە يـەك لـە دوايەكـەكانی كـورد لـە دژی داگيركـەران و حكومەتە يـەك لەدوايەكـەكانی عێـراق، ئـەو راسـتيەمان بـۆ دەردەخـات، كـە خـەباتی رزگاريخوازی كورد لـە پێنـاو بەديهێنانی ئازادی و سەربەخۆيی و مافە نەتەوايەتيەكانيدا، ريشـەيەكی مێـژوويی هەيـە و چـەمكی ململانـێ وەك سيمای سەرەكی كۆمەڵگەی كوردی دەردەكەوێت و بووەتە هابيتۆسـی تـاكی كـورد هـەروەك ئـەوەی بۆرديـۆ ئامـاژەی پێدەكات، كە خۆی لە ئامادەگی تاك بۆ ئەنجامدانی كارێكدا دەبينێتەوە، چونكە خراپی و زوڵم و زۆری داگيركەرانی كوردو ئەو بارودۆخەی بەدرێژايی مێژوو بەسەر كۆمەڵگەی كورديدا هاتووە، دۆخێكی وەهـای رەخسـاندووە ، تـاكی كورد لەسەر ئاستی دەرەوە هەميشە لە ململانێ وشۆڕشدابێت . بەتايبەتيش ململانێی كورد لەگـەڵ دەسـەڵاتە يـەك لـە دوايەكـەكانی عێراقـدا ململانێيـەك بـووە لەسـەر سيسـتەم و بـە مەبەسـتی گـۆڕينی سيسـتەمكی حكـومڕانی ئەنجامـدراوە تـاكو بتـوانن لەچوارچـێوەيدا مافـە نەتەوەييـەكانی كـورد بەرجەسـتە بكرێـت. لەلايـەكی ديكـەوە بەردەوامی ئەو شـۆڕش و راپەرينانـەی كـە لەسـەرەوە ئامـاژەی پێـدراوەو بـەكارهێنانی هێـزو ئـامرازی( گـەرم )يـان توندوتيـژ لـە ململانێكانـدا، كاريگـەری لەسـەر تێـڕوانينی تـاكی كـورد بـۆ بـەديهێنانی ئامانجـە نەتەوايەتيـەكانی درووست كردووە، بەجۆرێك لەژێر كاريگەری ئەو رابردووە پڕلە داگيركاری و پەرچـەكردارييەدا گەيشـتووەتە ئـەو بڕوايەی كە تەنها( هێز ) توانای يەكلاييكردنەوەی ململانێكان و بەديهێنانی مافەكانی هەيە، ئەمـەش وايكـردووە ، ( زەبر، هەرەشە، هێز، بەكارهێنانی چەك)، تێكەڵاوييەكی ئۆرگانيكی لەگەڵ لايەنە كلتورييەكانی كۆمەڵگای كوردی و كەسێتی كۆمەڵايەتی و سايكۆلۆجی تاكی كورددا دروست بكات و ببێتە سيمای كەسێتی كورد.

## باسی دووەم/ مێژووی ململانێ نێوخوییەکانی نێوان و ناو حزبە سیاسیەکانی باشووری کوردستان

ئەگەرچی ململانێ و ناکۆکی سیمایەکی دیاری سەرجەم پێکهاتەو نەتەوە جیاوازەکانی جیهانە، بەڵام بەسەرنجدانێکی گشتی لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت، ململانێی سیاسی نێوخۆیی لە پیناو دەسەلاتدا ریشەیەکی دێرینی لە مێژووی کۆمەڵگای کوردیدا هەیە، لەبەر رۆشنایی ئەم راستییەش دەکرێت ململانێ سیاسی لە باشووری کوردستاندا بۆ پێنج قۆناغی سەرەکی دابەش بکەین لەوانە:

### قۆناغی یەکەم: ململانێی نێوان میرنشینە کوردییەکان:-

ماوەی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکانی وەك( ئەردەڵان، بابان، سۆران، بادینان،...)کە خاوەنی دەسەڵاتێکی ناوچەیی و تارادەیەك سەربەخۆبوون، چ لەناو خۆیاندا و چ لە نێوان یەکتریدا لەململانێیەکی سەختدابوون، بەبڕوای هەندێك لە شارەزایان ئەم ململانێیە یەکێك لە هۆکارەکانی شکست و لەناوچوونیان بوو (عەزیز،٢٠٠١: ٣٧-٣٨ ). لەوبارەیەوە ململانێی ناوخۆیی لەناو میرنشینی باباندا، لەپێناوی بەدەستهێنانی دەسەڵات و کۆنترۆلکردنی جوگرافیای فراوان و سەروەت و ساماندا، مێژوویەکی زیاتر لە نیوسەدەی تۆمارکردووە، بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی (١٧٨٤-١٨٥١)، ململانێی نیوان براو نەوەی بنەماڵەی بابانییەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هەموو ئامرازو پێناوێکیان بەکارهێناوە بە تایبەتی پەنابردن بۆ هێنانی لەشکری داگیرکەرانی عوسمانی و سەفەوی بۆ زاڵبوون بەسەر نەیارەکانیاندا (ئەمین،١٩٩٨: ١٧٨-١٧٩).

ئەمەش ئەو راستیەمان بۆ دەردەخات پێش دروست بوون و پێکهێنانی حزبی سیاسی لە کوردستاندا، ململانێ لە نێوان میرنشین و خێڵ و هۆزو بنەماڵەکاندا بونی هەبووەو خواستی سەرکردایەتی و بەدەستهێنانی دەسەڵاتیش لەم قۆناغەدا کرۆکی ململانێکانی پێکهێناوە. بەشێوەیەکی گشتی تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم، شێخ و سەرۆك هۆزو خێڵەکان، سەرکردایەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردیان کردووە، زۆربەیان بەرژەوەندییە کەسی و بنەماڵەییەکانیان پێش بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی خستبوو، ئەمەش وایکردووە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد سیمایەکی نەخەملێوو ناوچەیی بەخۆوە بگرێت.

### قۆناغی دووەم: ململانێی سیاسی نێوان کۆمەڵە و حزبە سیاسیەکان لەماوەی ساڵانی(١٩١٨-١٩٧٥ ):-

لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم بەدواوە، دەستەبژێری رۆشنبیری شارەکانی باشووری کوردستان تا رادەیەك جێگەی سەرۆك خێڵ و میرنشینە کوردیەکانیان گرتەوەو بوونە داینەمۆو هەلگری دروشمی ناسیۆنالستی کوردی و چەندین کۆمەڵەو حزب و یانەی کوردییان دامەزراند، کە بەهۆیەوە وەرچەرخانێکی گەورەیان لە ژیانی سیاسی باشووری کوردستاندا ئەنجامدا، بەجۆرێك لەم قۆناغە بەدواوە کورد لە چوارچێوەی کۆمەڵەو حزبی سیاسی رێکخراوەوە داکۆکی لە ماف و بەرژەوەندییە نەتەوەیی و سیاسیەکانی خۆی کردووە (حاجی،٢٠١٨ :١١٥-١١٦ ). ئەگەرچی سەرچاوەکان کۆك نین لەسەر ناوو ساڵی یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی لە باشووری کوردستاندا، بەڵام ئاماژە

بەوە دەکەن لەنێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٣٩ زیاتر لە (٢٧) کۆمەڵەی نهێنی و ئاشکرای سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە باشووری کوردستاندا دامەزراون، ئامانجیان سەربەخۆیی و بەرجەستەکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردبووە،(فاتح، ٢٠١٤: ٨٦-٨٧)؛(شوانی، ٢٠٠٢: ٢٢٣-٢٢٩). ئەوەی جێگەی سەرنجە سەرەڕای ئەوەی ئەم کۆمەڵە بچوکانە چەندین کەم و کورتی لە پەیکەری رێکخراوەیی و شێوازو ئامرازی خەباتیاندا هەبووە، لە هەمانکاتدا رووبەڕووی ململانێیەکی توندی ناوخۆیی بوونەتەوە، لەو بارەیەوە بەڵگەنامەیەکی بریتانی ئاماژە بە ململانێیەکی توند دەکات، لە نێوان دەستەی دامەزرێنەری (کۆمەڵەی زانستی سلێمانی)دا لەسەر سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵەکەو ئەجنداو شێوازی چالاکییەکانیان، ئەمەش لەکاتێکدابوو ئەم کۆمەڵەیە لە شوباتی ١٩٢٦دا بۆ مەبەستی گەشەپێدانی پرۆسەی خوێندن و رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دامەزرابوو، بەڵام لە ئازاری ١٩٢٧دا دەستەیەك لە ئەندامە چالاکەکانیان هەوڵیاندا دەسەڵاتی سەرکردایەتی کۆمەڵەکە بگرنە دەست و شێوازی چالاکییەکانیان لە رۆشنبیرییەوە بۆ سیاسی و بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکان بگۆڕن (فاتح، ٢٠١٤: ٨٧-٨٨).

هاوکات تاکو ناوەراستی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم ژمارەیەك کۆمەڵەو حزبی سیاسی وەك( یەکێتی تێکۆشین، حزبی شۆڕش، حزبی رزگاری، لقی ژێکاف ،..)لە باشوری کوردستان بونیان هەبووە(فاتح،٢٠١٤: ١٥٩-١٨٠)، تاڕادەیەکی زۆر مۆرکی کاتییان پێوە دیاربوو، بەجۆرێك جگە لەوەی توانای مانەوەو بەردەوامییان کەم بوو، لە هەمانکاتدا پەیام و شێوازی خەباتیان تەنها بۆ قۆناغێکی دیاریکراو گونجاو بوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جیاوازی ئایدۆلۆجیاو خواستی باڵادەستی و دەسەڵات و لاوازی ئەدەبیاتی رێکخراوەییان زەمینەیەکی لەباری بۆ سەرهەڵدانی ململانێی سیاسی لە نێوان کۆمەڵەو حزبە سیاسیەکاندا رەخساندبوو (البرزنجی، ٢٠٠٥: ٩٩).

حزبی هیوا( ١٩٣٩-١٩٤٤)، یەکێك بوو لەو حزبە سیاسیانەی لە بارودۆخێکی سەختی سیاسی و ئابوریدا دامەزرا، ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەران و رۆشنبیران تیایدا ئەندام بوون، بە ئاشکرا ئایدۆلۆجیاو هەڵوێست و تێڕوانین و دونیابینینی جیاوازو دژبەیەك لەبارەی شێوازی دەسەڵات و کاری حزبایەتی وپرسە نەتەوەییەکانی وەك راپەڕینی ١٩٤٣ی بارزان، هەستی پێدەکرا، بێگومان ئەمەش هۆکاری سەرەکی و راستەوخۆی ململانێ ناوخۆییەکانی نێوان هەردوو رەوتی راست و چەپی ناو ئەم حزبەبوو، لە ئەنجامدا ئایندەی حزبی هیوای بە ئاڕاستەی لێکترازان و هەڵوەشاندنەوە برد ( دەباغ:١١٩٧، ٨٣-٨٤).

یەکێك لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتن و لاوازی ئەم کۆمەڵە سیاسیانەش لەم قۆناغەدا، سەرەڕای کەمی ئەزموونی کاری رێکخراوەیی و جیاوازی هزری و سیاسی وکۆمەڵایەتی، ململانێ ناوخۆییەکان هۆکاری سەرەکی شکست و زوو هەڵوەشاندنەوەیان بووە، چونکە لە ئەگەری هەبوونی ململانێی ناوخۆیدا دوژمن و نەیار بە ئاسانی توانیویەتی زەفەریان پێبەرێت و بەسەریاندا زاڵبێت، بێگومان ئەمەش بەئاشکرا بە سروشت و ئایندەی کۆمەڵە کوردییەکانی ئەم قۆناغەدا دیارە.

پاشان پەرەسەندنە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، کاریگەری ریشەیی وهەستپێکراوی لەسەر خەباتی رزگاریخوازی باشور درووستکردبوو، بەجۆرێك بەسود وەرگرتن لە ئەزموون و سروشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری باشووری کوردستان، لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦دا لە دوای بڕیاری خۆ هەلوەشاندنەوەی هەریەکە لە حزبی ( شۆڕش، رزگاری، لقی ژێکاف)، پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا (ئەحمەد:٢٠٠٩، ١٠٩-١١٠). دامەزراندنی ئەم حزبە، ئەگەرچی وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورددا، بەلام قۆناغێکی نوێی لە ژیانی سیاسی ناوچەکەدا هێنایە کایەوە ئەویش خۆی لە سەردەمی تاك پارتایەتیدا دەبینییەوە .

(پ.د.ك)، لەگەڵ ئەوەی هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە لەململانێیەکی سەختدابوو لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقیدا، لە هەمانکاتدا لەسەر ئاستی ناوخۆی حزبەکەش روبەرووی ناکۆکی و دەستەگەرایی و ململانێیەکی تاڕادەیەك بەردەوام بووەتەوە، چونکە سروشت و پێکهاتەی ئەم حزبە زەمینەی بۆ ئەو ململانێیە رەخساندبوو، بەئاشکرا سێ رەوت وئاڕاستەی جیاوازو تارادەیەك ناکۆك لە پێکهێنانی پارتیدا بەشداربوون، ئاڕاستەی یەکەم پێکهاتبوو لە کەسایەتی و سەرۆك خێڵ و عەشیرەتەکانی باشووری کوردستان کە لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا جێدەستیان دیاربوو، ئاڕاستەی دووەم پێکهاتبوون لە دەستەیەك ڕوناکبیرانی هەلگری بیروباوەڕی دیموکراسی ناسیۆنالیستی، لەرووی فکرو ئایدۆلۆجیاوە لە دەستەی یەکەم زۆر جیاوازبوون، سەبارەت بە ئاڕاستەی سێیەمیش لە روناکبیرو هەلگرانی بیروباوەڕی مارکسی و سۆسیالیستی پێکهاتبوون، بێگومان ئەم سروشت و پێکهاتەیەش زەمینەیەکی لەباری بۆ سەرهەلدانی ململانێیەکی سیاسی-کۆمەلایەتی – کەسی لە ناوخۆی (پ.د.ك)دا رەخساندبوو، دەکرێت هۆکارو روخساری ئەم ململانێیەش لەم قۆناغەدا لەچەند خالێکدا بخەینە روو:-

١- ململانێ لە نێوان هەردوو ئاڕاستەی رۆشنبیرو سەرۆك خێلەکان.
٢- ململانێی ئایدۆلۆجی لەنێوان هەردوو ئاڕاستەی مارکسی و ناسیۆنالستی.
٣- ململانێ لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەلات و بالادەستی وپێگەی کۆمەلایەتی .

کرۆکی ململانێ ناوخۆییەکانی ناو(پ.د.ك) لەم قۆناغەدا، خۆی لە ناکۆکی وململانێی کەسی نێوان برایم ئەحمەدو هەمزە عەبدولادا دەبینیەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە سالی ١٩٤٩ بەهۆی دەستگیرکردنی بەشێك لە کادرو سەرکردەکانی ئەم حزبە لە لایەن حکومەتی پاشایەتی عێراقەوە، رێکخستنەکانی ئەم حزبە رووبەڕووی سست بوون و لاوازیی بوویەوە، هۆکاری ئەم لاوازییەش بە بڕوای زۆربەی کادرانی (پ.د.ك)و لەسەرو هەموشیانەوە برایم ئەحمەد بۆ کەمتەرخەمی هەمزە عەبدولا دەگەرایەوە، هەبۆیە لە کۆنگرەی دووی پارتیدا بەزۆربەی دەنگ بڕیاردرا بە دوورخستنەوەو هەلپەساردنی ناوبراو لە سکرتێری حزب، ئەم بارودۆخەش یەکەمین هەنگاو بوو بۆ قولکردنەوەی ململانێکان و لێکترازان لەناو ڕیزەکانی ئەم حزبەدا. جێگەی باسە ئامرازەکانی ململانێ لەم قۆناغەدا تەنها لەچوارچێوەی بەیاننامەو کوتلەگەراییدا خۆی دەبینێیەوەو هیچ ئاماژەیەك بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و چەك بەدی ناکارێت ( قادر،٢٠٠٥ :١٣٠).

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ی عێراق، عەبدولکەریم قاسم بڕیاری لێخۆش بوونی بۆ(مستەفا بارزانی) و هاورێکانی دەرکرد، کە لە ساڵی ١٩٤٦ەوە بەناچاریو دوای روخانی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مهاباد، رویان لە یەکێتی سۆڤێت کردبوو، ئەگەرچی گەرانەوەی بارزانی بۆ کوردستان و کارکردنی بەشێوەیەکی کردارەکی وەك سەرۆکی (پ.د.ك)، پێگەی ئەو حزبەی لە ناوچەکەدا بەهێزترکردبوو، بەلاّم لەهەمانکاتدا ململانێ ناوخۆییەکانی نێو(پ.د.ك) فۆرم و قۆناغێکی نوێیان بەخۆوە بینی، چونکە بۆیەکەمجاربوو بارزانی وەك کەسایەتییەکی ناسراوی خاوەن پێگە، بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەزموونی سەرۆکایەتی پارتی بگرێتە دەست، چونکە سەرەرای ئەوەی لە سەرەتای دامەزراندنی پارتییەوە بارزانی سەرۆکی حزب بوو، بەلاّم لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٤٦-١٩٥٨) لەتاراوگە ژیاوەو بەشداری هیچ کۆبونەوەو چالاکییەکی پارتی نەکردبوو، هەربۆیە دوای گەرانەوەی بۆ کوردستان هەوڵیدا دەسەلاّتی یەکەمی حزب بۆخۆی بەدەستبێنێت و دەسەلاّت و پێگەی ئاراستە رۆشنبیرو چەپ و مارکسیەکان لاوازبکات، بۆ ئەو مەبەستەش لە کانونی دووەمی ١٩٥٩دا بارزانی بەپشتبەستن بە پێگەو دەسەلاّتی خۆی، براییم ئەحمەدی لە پۆستی سکرتێری پارتی دوورخستەوەو هەمزە عەبدوڵای لەشوێنی دانا، بەبڕوای هەندێك لەسەرچاوەکان ئەم رووداوە یەکەمین کودەتای ناوخیۆیی بوو لەنێو ریزەکانی (پ.د.ك)دا، بەلاّم پاش ماوەیەکی کەم بەهۆی نزیککردنەوەی پارتی لە حزبی شیوعیەوە، بارزانی لە تەمموزی هەمان ساڵدا لەرێگەی پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆیەوە، سکرتێری نوێی پارتی لە پۆستەکەی دوور خستەوەو بە تاوانی خیانەت لە حزب بەیەکجاری لە ریزەکانی (پ.د.ك)دەرکرا (جەلال،٢٠١٧: ٣٣-٣٧).

لەگەڵ ئەوەی ململانێی نێوان بارزانی و براییم ئەحمەد لەناو(پ.د.ك)دا بەشێوەیەکی پەنهانی بەردەوامی هەبوو، بەلاّم لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ لە دژی حکومەتی عێراق، ململانێی نێوان ئەم دوو ئاراستەیە بوو بە دیفاکتۆو بەشێوەیەکی کردارەکی و ئاشکرا کەوتنە دژایەتی یەکتری، بەجۆرێك لەم قۆناغەدا ململانێکان پەرەسەندنێکی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینی و هەردوولا کاریان بۆ بێهێزکردن و بێ ئەرزش کردنی یەکتری دەکردو بە ئاشکرا سیماکانی کەرتبوون و لێکترازانی سیاسی بە(پ.د.ك)ەوە دیاربوو، تەنانەت لە مەیدانی خەبات و رووبەروبونەیان لە دژی حکومەتی عێراقدا سنووری جوگرافیای خەباتیان دابەش کردبوو، بەجۆرێك بارزانی سنوورەکانی بادینانی کردبووە ناوچەی دەسەلاّتی خۆیی و مەکتەبی سیاسیش بەسەرکردایەتی براییم ئەحمەد سنوورەکانی ناوچەی سۆرانیان کردبووە چەقی خەبات و شۆڕش، ئەم بارودۆخەش بزوتنەوەی رزگاریخوازی باشووری کوردستانی خستۆتە بەردەم مەترسی شەڕی ناوخۆو بەکارهێنانی چەك و توندوتیژی لەدژی یەکتر(ڕەشید،٢٠٢٠،: ٤٩-٥٠).

بەتایبەتیش دوای ئەوەی بارزانی بەشێوەی تاکلایەنە، لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤دا رێکەوتننامەی لەگەڵ( عەبدولسەلام عارف)ی سەرۆك کۆماری عێراق واژووکرد، قۆناغێکی نوێ لە ململانێی ناوخۆیی لە نێوان ئەم دوو ئاراستە رکەبەرەدا سەریهەڵدا، بەجۆرێك لەم قۆناغەدا ململانێکان مۆرکی ئاشکرایان بەخۆوە بینی و زۆربەی تاکەکانی کورد لە باشووری کوردستاندا هەستی بەو ململانێیە دەکرد، ئاراستەی براییم ئەحمەدو زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی پێیان وابوو ناوەڕۆکی رێکەوتننامەکە لەبەرژەوەندی گەلی کورد نییەو تەنها مەبەستێکی تەکتیکی لەپشتەوە هەیە ئەویش خۆڕێکخستنەوەی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، هاوکات هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە مەبەستی سەرەکی رێکەوتنی نێوان بارزانی و عەبدولسەلام عارف لەناوبردنی نەیارەکانیان بوو، بەجۆرێك عەبدولسەلام مەبەستی بوو خۆی لە بەعسیەکان رزگاربکات، بەهەمان شێوەش بارزانی مەبەستی بوو بەسەر براییم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسیدا زاڵ بێت (جەلال،١٩٩٩: ١٣٠) .

له درێژەی پەرەسەندنی ململانێکانیاندا، باڵی مەکتەبی سیاسی بەمەبەستی سنووردانان بۆ بارزانی، له ٤-٩/٤/١٩٦٤ له شارەدێی ماوەت کۆنفرانسێکیان بەست کە تیایدا بڕیاردرا بە داماڵینی (مەلا مستەفا بارزانی )لە دەسەڵاتی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەو ڕێگری کردن لە ئەنجامدانی ڕێکەوتن و سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی بەتایبەت گۆڕین و لابردنی کادری سیاسی و فەرماندە سەربازییەکان، لەبەرامبەردا بارزانی کۆنگرەی شەشەمی پارتی بەست و چەند بڕیارێکی توندی لە دژی نەیارەکانی دەرکرد، لە هەموویان مەترسیدارتر دەرکردنی برایم ئەحمەد و ١٣ ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو لە ریزەکانی پارتی (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٢٠٠-٢٠٢).

ئەم پێشهات و پەرەسەندنە سیاسیانەش، دۆخی ئاڵۆزو ململانێ شاراوەکانی نێوان سەرکردایەتی کوردی ئاڵۆزتر کردو زەمینەی زیاتری بۆ ڕووبەڕوبونەوەی چەکداری رەخساند، ئەوەبوو لە ١٩٦٤/٧/١٧دا هێزێکی چەکداری فراوان بەسەرکردایەتی( لوقمانی کوڕی مەلا مستەفای بارزانی) پەلاماری بارەگای سەرەکی مەکتەبی سیاسیاندا لە ماوەت و بەهۆی نابەرامبەری هێزەکانیشیانەوە بەناچاری سکرتێری حزب و نزیکەی (٤٧٠)کەس لە لایەنگرانیان بەرەو خاکی ئێران هەڵاتن و خۆیان رادەستی حکومەتی ئێران کرد، کە بۆ یەکەمجاربوو بۆ یکلایی کردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکانیان چەك بەکاربێنن( أدامسن، ١٩٩٩: ٥٥-٥٧)، هاوکات رقو توڕەیی بارزانی هەربەوە دانەمرکایەوە بەڵکو هەڕەشەو هۆشداری دایە حکومەتی ئێران کە بەرامبەر هەر هاوکاریکردنێکی چەکدارەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی، ئەوا ئاگری شۆڕش لەناو کوردستانی ئێراندا هەڵدەگیرسێنێت، هەربۆیە لە تەموزی ١٩٦٥دا گەڕانەوە سنوری کوردستانی عێراق و پاشان لە ١٩٦٦/١/٢٨ دا ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پەیوەندییان بە حکومەتی بەعسەوە کردو لە سلێمانی و کەرکوك وگەرمیان و شارباژێرو شارەزوور نیشتەجێبوون (ڕەشید، ٢٠٢٠: ٧٧).

بەم شێوەیە ململانێ ناوخۆییەکان، گەیشتە لوتکەو هەموو پێوەرە مۆرالییەکانی کاری حزبی تێپەڕاندبوو، تەنانەت دوای ئەوەی حکومەتی عێراق و هەردوو باڵی بارزانی و مەکتەبی سیاسی لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە چوارچێوەی ١٢مادەکەی عەبدلرەحمان بەزاز* دا ڕێکەوتنیان راگەیاند، بەڵام دوو باڵە ناکۆکەکەی کورد لەشەڕو پێکدادانی چەکداری دژبەیەك بەردەوام بوون و هەریەکەیان لایەکەی دیکەی بە جاش و بەکرێگیراو ناودەبرد، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەگەرچی بەکردەوە وەك دوو حزبی نەیاری دژبەیەك مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر کردووە، بەڵام هەردوولایان لەژێر ناوی (پ.د.ك)دا کاری ڕێکخراوەییان دەکردو خۆیان بە خاوەن و میراتگری ئەو حیزبە دەزانی و لەسنووری جوگرافیای دەسەڵاتی خۆیاندا بەناوی پارتییەوە کاری ڕێکخراوەییان کردووە، ئەم بارودۆخەش هەروامایەوە تاکو راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، یەکێك لە ئەنجامە ئەرێنییەکانی ئەوەبوو هەردوو باڵی ناکۆکی نێو (پ.د.ك) لەم قۆناغەدا کێشەو ململانێکانیان وەلاناو بەفەرمی باڵی مەکتەبی سیاسی گەرانەوە نێو ریزەکانی پارتی و لەژێر سەرکردایەتی(مەلا مستەفا بارزانی)دا درێژەیان بە خەباتدا (جەلال، ٢٠١٧، ٥٦-٥٧).

بەسەرنجدانێکی گشتی، ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ململانێ ناوخۆییەکانی نێو(پ.د.ك)، زیانی گەورەی بە خەباتی سیاسی باشووری کوردستان گەیاندووەو جێکەوتەو کاریگەری قوڵی لەسەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوچەکە هەبووە، چونکە لەلایەکەوە ئەم ململانێیە بووەتە هۆی دابەش بوونی جوگرافیای باشووری کوردستان بۆ دوو زۆنی سەرەکی بادینان وسۆران، کە تاکو ئێستاش ئاسەوارو کاریگەرییەکانی بەئاشکرا هەستی

* عەبدولرەحمان بەزاز ، لە ١٩٦٥/٩/٢٥ پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق گرتۆتە دەست و هەوڵیدا لە چوارچێوەی پرۆژە یاسایەکی ١٢ مادەییدا چارەسەری کێشەی کورد بکات و بۆ ئەو مەبەستەش لە ١٩٦٦/٦/٢٩دا لەسەر بنەمای ئەو پرۆژەیەو لەژێر ناوی ( پرۆژەی چارەسەری کێشەی کورد) ڕێکەوتنێ لەگەڵ هەردوو باڵی بارزانی و برایم ئەحمەد واژوو کرد.(ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٢١٣).

پێدەکرێت، لەلایەکی دیکەوە ئەم ململانێیە کلتوری رق و سرینەوەی یەکتری درووست کردووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەهۆی رووبەرووبونەوە چەکداریەکانەوە چەندین کەسیان لەیەکتری کوشتووە، ئەمەش بەزیانێکی گەورەی مرۆیی ئەژماردەکرێت.

## قۆناغی سێیەم: ململانێی سیاسی لەماوەی سەرهەڵدانی فرەحزبیدا لە ( ١٩٧٥-١٩٩١):-

سەرکردایەتی کورد بە ئومێدێکی گەورەوە لە رێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دەڕوانی، بەڵام لەژێر کاریگەری سیاسەتی وڵاتانی هەرێمی و نەبونی تێروانینێکی درووست و ستراتیجی لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە، رێکەوتنی ١١ی ئازار جێبەجێ نەکراو دۆخی سیاسی و سەربازی لە باشوری کوردستاندا بە ئاڕاستەی دارمان و شکست هەنگاوینا، ئەمەش دوای ئەوەهات حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی رێکەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥دا سەرجەم کێشەو ململانێکانی لەگەڵ حکومەتی ئێران چارەسەرکردو کۆتاییان ململانێکان هێنا (پارسادۆست،١٩٩٥: ٥٢).

رێکەوتنامەی جەزائیر گەورەترین کاریگەری نەرێنی لەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی باشوری کوردستان دروستکرد، چونکە حکومەتی ئێران بەفەرمی سەرکردایەتی کوردی لەوە ئاگادارکردەوە کە بەهیچ جۆرێك هاوکاری مادی و لۆجستیان پێ نابەخشێت و رێگەنادات سنورەکانی وڵاتەکەی بۆ دژایەتی حکومەتی عێراق بەکاربهێنرێت، ئەوەبوو راستەوخۆ بارزانی کۆتایهێنانی شۆڕشی راگەیاندو سەرجەم چەکدارو لایەنگرانیان خۆیان رادەستی هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران کرد، ئەم روداوەش لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورددا بە نسکۆی ١٩٧٥ ناسراوە( کۆچیرا، ٢٠٠٦: ٤٢٧).

نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی١٩٧٥دا، بارودۆخێکی ئاڵۆزو دژوارو ناسەقامگیری ئابوری وساسی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێناو زۆربەی خەباتکارانی نێو شۆڕش بە سیاسی و سەربازییەکانیشەوە لەوپەڕی نائومێدیو شکستی دەرونی و بێورەییدابوون، بەڵام هەرزوو وەك پەرچەکردارێك لەبەرامبەر ئەو بۆشاییە سیاسی و چەکدارییەی لەناوچەکەدا دروست ببوو، کۆمەڵێك حزبی سیاسی دامەزرا ئامانجیان بەردەوامیدانبوو بە شۆڕش و بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا(ئەحمد،٢٠٠٩: ٢٣٧ ). لێرەوە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە مێژووی رزگاریخوازی گەلی کوردو ژیانی سیاسی باشوری کوردستان دەستپێدەکات، لە خەباتی فرە حزبیدا خۆی دەبینێتەوە.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان(ی.ن.ك)، یەکێك لەو حزبە سیاسیانە بوو، وەك بەرپەرچدانەوەی واقعی شکستخواردوی کوردستان، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥/٧/١ لەلایەن (جەلال تاڵەبانی) و ژمارەیەك لە سەرکردە سیاسیەکان لە دیمەشق دامەزراو بڕیاریاندا چالاکییە سیاسی و چەکدارییەکانیان لە باشوری کوردستاندا دەستپێبکەنەوە، بەڵام هەرزوو لەگەڵ( پارتی دیموکراتی کوردستان / سەرکردایەتی کاتی ) (پ. د.ك.ق.م)دا رووبەڕوی ململانێیەکی سەخت بوونەوە، چونکە پارتی بەهیچ جۆرێك

ئاماده نەبوون گۆڕەپانی سیاسی و خەبات بۆ حزبێکی نوێ چۆڵ بکەن، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو حزبە جەلال تاڵەبانی سەرکردایەتی بکات. تاڵەبانی لەیەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی (ی.ن.ك)دا بەتوندی هێرشی کردبووە سەر( پ.د.ك) و بارزانی و بەسەرکردایەتییەکی خێڵەکی و بۆرژوای راستڕەو ناوی بردووە، لە هەمانکاتدا بەئاشکرا ڕایگەیاندووە دان بە بوونی پارتیدا نانێن و ئەگەر لەسەر هەمان فۆرم و شێوازی رابردویان بمێننەوە، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵدا نابەستن. هەموو ئەم هەڵویستانەو تێڕوانینەکانی پارتی بۆ تاڵەبانی و یەکێتی، بوون بە هەوێنی سەرهەڵدانی ململانێ و ناکۆکی سیاسی و چەکداری و بەرپابوونی خولی دووەمی شەڕی ناوخۆو هەوڵدانیان بۆ سڕینەوەی یەکتری و پاوانخوازی (حاجی شەریف، ٢٠٢٠: ١٣٦-١٣٧).

بەبڕوای زۆربەی شارەزایان قۆناغی فرەحزبی لە شاخدا، بەقۆناغی ململانێی سەختی حزبایەتی و شەڕی حزبەکان دادەنرێت، باگراوندێکی مێژوویی هەبووە، بەجۆرێك ململانێی ( جەلالی و مەلایی) لەم قۆناغەدا پەرەسەندنی زیاتری بەخۆوە بینیوەو لەچوارچێوەی هەردوو حزبی(ی.ن.ك)و(پ.د.ك)دا بەرجەستە بووە (کوێستانی، ٢٠٢١: ١٩٢-١٩٣).

جێگەی باسە جگە لەم دوو حزبە، لەم قۆناغەدا ژمارەیەك حزبی سیاسی لەناوچەکەدا دامەزراون، جگەلەوەی هەموویان لەسەر دژایەتی حکومەتی عێراق کۆك بوون، لەهەمانکاتدا تارادەیەك ململانێی یەکترییان دەکرد، بەڵام بەرمەبنای باگراوندە مێژوییەکەیان ململانێی نێوان یەکێتی و پارتی کە دوو حزبی گەورەی باشووری کوردستان بوون، گەیشتبووە لوتکەو لە ناو هەموو ئۆرگان و رێکخستنەکانیشیاندا رەگی داکوتابوو، بەجۆرێك هەرلایەکیان بەرامبەرەکەی بە دوژمنی سەرسەختی خۆی زانیوەو سڵیان لە بەکارهێنانی هیچ ئامرازێك لە دژی یەکتر نەکردۆتەوە، بەتایبەتی تیرۆرو پەلاماردان و بۆسەنانەوە بەهۆیەوە چەندین کادری سیاسی وپێشمەرگەو لایەنگرانیان بونەتە قوربانی ململانێکانیان( ئەمین، ١٩٩٧: ٩٨-١١٢).

(کارەساتی هەکاری) لەمێژووی ململانێکانی نێوان ئەم دوو حزبەدا، بەگەورەترین روداوی کوشتوبڕی خوێناوی دادەنرێت تیایدا نزیکەی (٨٠٠)کەس لە چەکدارەکانی(ی.ن.ك) گیانیان لەدەستدا، ئەم رووداوەش لەکاتێکدابوو ، سەرکردایەتی(ی.ن.ك) هەوڵیدا بنکەو بارەگاکانی خۆی لە ناوچەی (برادۆست) دابمەزرێنن کە ناوچەیەکی ستراتیجی گرنگ بووەو بە ناوچەی سێ سنور ناسراوەو هەرسێ دەوڵەتی عێراق و ئێران و تورکیا پێکەوە دەبەستێتەوە، بەم هەنگاوەشیان سەرجەم ئەو هاوکارییە مادی و لۆجستیانەی لەدەرەوەی کوردستانەوە پێیان دەگەیشت پارێزراو دەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەی پێشتر سەرکردایەتی (پ.د.ك) لەوە ئاگادارکرابون مەبەستی هاتنی ئەو هێزە بۆ دژایەتی ئەوان نییە، بەڵام هێزەکانی(پ.د.ك.ق.م) بەهاوکاری نزیکەی (٦)هەزار چەکداری خێڵەکانی باکوری کوردستان و سوپای تورکیاو ئێران، گەمارۆی چەکدارەکانی یەکێتیانداو سەرجەم هێزەکەیان رووبەڕوی گیران و کوشتن و بریندار بوون هات و ژمارەیەك لە سەرکردەکانیشیان بەدیلی و بەوپەڕی دڵڕەقانە بەچەکی قورسی وەك ( R.B.G )لەناوبران ( ئەمین،2011: 83-91).

رووداو و (کارەساتی هەکاری )لەلایەکەوە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە قوڵبوونەوەی ململانێ سیاسی و چەکدارییەکانی نێوان (ی.ن.ك)و(پ.د.ك)، لەلایەکی دیکەوە کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی ململانێ ناوخۆییەکانی(ی.ن.ك) هەبوو، بەجۆرێك لەژێر کاریگەری ئەم شکست و زیانە گەورەیەدا بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتی جیابوەوە(حاجی شەریف،٢٠٢٠: ١٦١-١٦٢)، ئەم پێشهاتانەش پەیوەندی نێوان حزبە سیاسیەکانی ئالۆزتر کردو بە ئاراستەی پەرتەوازەیی گشتی هەنگاوی نا، بەتایبەتی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو، ململانێی نێوان حزبە سیاسیە کوردییەکان مۆرکی سەراپاگیری و فراوانبوونی زیاتری بەخۆوە بینی، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە لە ١٩٨٠/١١/١٢ لە نێوان چوار حزبدا بەرەیەکیان بەناوی (بەرەی نشتیمانی و نەتەوەیی دیموکراسی عێراق- جوقد) دامەزراند، کە لە (ی.ن.ك)و سێ حزبی عێراقی پێکهاتبون، لەبەرامبەریشدا لە ١١/٢٨ی هەمان ساڵدا(پ.د.ك)و چەند حزبێکی کوردستانی بەرەیەکیان بە ناوی (بەرەی نیشتمانی دیموکراسی عێراق- جود)دامەزراند، ئەگەرچی خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم دوو بەرەیە ئەوەبوو هەردوکیان خەباتیان دەکرد بۆ رووخانی حکومەتی عێراق، بەڵام لە واقعدا لەسەر بنەمای رق و کینەو پێشینەی ململانێ و ناکۆکی دامەزرابوون، هەربۆیە ببوون بە سەرەتایەکی نوێ بۆ قوڵبوونەوەی ململانێ سیاسی و کەسیەکان و دەستپێکردنەوەی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا(عەبدولکەریم،٢٠١١: ١٠٠-١٠٧ ). ئەوەبوو لە ئابی ١٩٨١دا (ی.ن.ك) شەڕی لە دژی سەرجەم لایەنەکانی نێو بەرەی (جود)ڕاگەیاندو لەیەك کاتدا شەڕی (پاسۆك، حسیك، حشع، پ.د.ك )ی دەکرد، بەهۆیەوە سەدان پێشمەرگەی کوردستان بوونە قوربانی، هەندێك لەسەرچاوەکان بەجۆرێك ئاماژە بە دڵڕەقی و توندوتیژی ململانێکانی ئەم قۆناغە دەکەن هیچ لایەکیان دەستیان لە کوشتنی بەرامبەرەکانیان نەپاراستووە، تەنانەت کلتوری دیل کوشتنیان لە کوردستاندا داهێناوە(ئەبو شوان، ١٩٨٨: ٢٥-٢٦).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆربەی حزبە سیاسیەکان لەناو خودی خۆشیاندا لە ململانێیەکی سەختی سیاسی و ئایدۆلۆجیدابوون، لەوبارەیەوە (ی.ن.ك) لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥دا رەوتێکی جیاواز لەناو ریزەکانیدا بەناوی (ئاڵای شۆڕش)چەکەرەی کردبوو، گەر دەستگیرکردنی سەرکردەکانی ئەم رەوتەو لەنێویشیاندا (مەلا بەختیار)نەبوایە، دوورنەبوو لێکترازانی ناو ریزەکانی یەکێتی بەدوای خۆیدا نەهێنێت، بێگومان دەرئەنجامی ئەم ململانێیەش بۆ کادری سیاسی و پێشمەرگەکانی ئەم حزبە زۆر نەرێنی بوو، بەجۆرێك ژمارەیەکیان دەستبەرداری خەباتی چەکداری بوون و هەندێکیشیان ژیانی تاراوگەیان هەڵبژارد( گوڵپی،٢٠١٨: ٢٩٢-٢٩٤).

لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی ژیانی سیاسی باشووری کوردستان لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، لەدۆخێکی سەخت و دژوارو پڕململانێدابووە، بەجۆرێك لەم قۆناغەدا حزبە سیاسیەکان هەموو ئامرازەکانی ململانێیان لەدژی یەکتر بەکارهێناوە بەتایبەتی ( هێرشی چەکداری، کوشتن، غافڵکوژکردن، گرتن، چەواشەکاری، ئەشکەنجەدان، دیل کوشتن، دروستکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی، بلاوکردنەوەی رق وتوندوتیژی،تۆڵە سەندنەوە، پاوانخوازی)(مەلا بەختیار، ٢٠٢٠: ٣٨٧) ، هەموو ئەمانەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لایەنی دەروونی تاکی کورد دروست کردووە، بەڵام لە ئایاری ١٩٨٨دا لەژێر کاریگەری فشارە سیاسی و سەربازییەکانی

حکومـەتی عێـراق و ئەنجامـدانی پرۆسـەی جینۆسـایدی گـەلی کـورد لـە چوارچـێوەی هەشـت قۆنـاغی ئـەنفال و کیمیابـارانکردنی هاوڵاتیـانی کوردسـتان، حـزب و لایەنـە رکەبـەرەکان بـە هاوکـاری حکومـەتی ئێـران کۆتاییـان بـە ململانێکانی خۆیان هێناو لە پێنـاو بەرقـەرارکردنی ئاشـتی و خۆسـازدانیان بـۆ شـەڕی حکومـەتی عێـراق، (بـەرەی کوردستانی)یان لەنێوان خۆیاندا درووست کرد.

## قۆناغی چوارەم: ململانێی سیاسی نێوان حزبەسیاسیەکان لە ماوەی ساڵانی( ١٩٩١-٢٠٠٣) :-

دوای راپەڕینی ئازاری ١٩٩١، حزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، لە چوارچـێوەی بـەرەی کوردسـتانیدا کەوتـە خۆڕێکخستنەوەو گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنـەکانی پەرلـەمانی کوردسـتان، بـەڵام حزبـە ساسـیەکان نـەیانتوانی سـوود لـەو بارودۆخـە سیاسـیە وەربگـرن کـە وەك دیفاکتۆیـەك لەناوچـەکەدا درووست ببو، بەڵکو لە جیاتی پیشاندانی وێناو ئەزمونێکی تەندروستی دیموکراسی و حکومڕانی، لە نیسـانی ١٩٩١دا لەسنوری بادینـان سـەرەتای قۆنـاغێکی نـوێ لـە ململانێـی نێـوان حزبـە سیاسـیەکان دەسـتی پێکـردەوە، بەتایبـەتی (ی.ن.ك)و(پ.د.ك) بوونی (نفوذ)باڵادەستی سیاسی و چەکداری بەرامبەرەکانیان لە سنوری جوگرافیای خۆیـان پـێ قبوڵ نەبوو، لەوبارەیەوە لە بروسکەیەکی مەڵبەندی بادینان و لەشکری سێی یەکێتیدا هاتووە" بارەگـای کۆمیتـەی یەکی یەکێتی لەلایەن پارتییـەوە دەسـتی بەسـەرداگیراوەو ئەندامـەکانی لای ئـەوان دەسـتگیر کـراون، تـاکو ئیسـتاش پێنـج جار ئاگاداری بارەگاکانی یەکێتی کراونەتەوە کە ناو شارۆچکەی ئـاکرێ چـۆڵ بکـەن"، ئەگـەرچی لـە زۆربـەی شاروشارۆچـکەکانی دیکـەش پێکداهەڵپـژانی دیکـەش رویانـدابوو، بـەڵام وەك رووداوی ئاسـایی و لۆکـاڵی مامـەڵیان لەگەڵ کراوەو لە لایەن سەرکردایەتی حزبەکانەوە ئیدانە کراوە، بەڵام لەدوای ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە ١٩٩٢/٥/١٩دا، بەتایبەتی لەدوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبـژاردن، حزبـە سیاسـیەکان بەگشـتی و یـەکێتی و پـارتی بەتایبەتی ئەنجامەکانیان قبوڵ نەکردو کەوتنە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو تۆمەتی ساختەکارییان دایە پاڵ یـەکتری (ڕەشید،٢٠٠٢: ٢٧٥-٢٧٩).

بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا تـاکو (ئایـاری ١٩٩٤)، لـە دۆخـی شـەڕی نـاوخۆی رانەگەیـەنراودا بـوو، چـەندین جـار پـارتی و یـەکێتی لەسـەر بابـەتی زۆر سـادەو کەسـی، رووبـەڕوی یـەکتری بونەتـەوەو کـادرو چـەکداریان لـە یـەکتری کوشـتووەو لەسـەر ئاسـتی سەرکردەکانیشـیان زمـانی هەرەشـەو تونـد لـەدژی یـەکتری بـەکارهاتووە، لەوبارەیـەوە لـە بروسـکەیەکدا جـەلال تاڵـەبانی وەڵامـی مەسـعود بـارزانی دەداتـەوەو دەڵێـت" زۆر بەداخەوە بروسکەکانی جەنابتم خوێندەوە کە بۆنی خوێنیان لێدێت، لەکاتێکدا ئێوە دەزانـن ئـەم جـۆرە لەهجەیـە چەند زیانبەخشەو هەرگیز و هەرگیز یەکێتی پێ نەتۆقێنراوە، هەموشمان ئـەنجامی شـەڕی براکوژیمـان لـەیادە.."، ئەمـەش لەکاتێکـدابوو کـە لـە تشـرینی یەکـەمی هـەمان سـاڵدا پـارتی و یـەکێتی پێکـەوە بـە بیـانوی پاراسـتنی دەستکەوتەکانی شۆڕش و چەسپاندنی یاسا، شەڕی پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.ك.ك)یان دەکردو ناچاریان کـردن بنکەو بارەگاکانیان لە زاخۆوە بۆ زەڵێ بگوازنـەوە (ڕەشید،٢٠٠٢: ٢٨٦-٢٨٧).

هاوکات هەرلەم قۆناغەداو لە ئابی ١٩٩٢دا سەرەتاکانی ململانێی نێوان (ی.ن.ك)و (بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان) لە کەلار دەستی پێکردو لە ماوەیەکی کەمدا پەیوەندییەکانیان بە ئاڕاستەی شەڕی چەداری هەنگاوی دەنا، ئەوەبوو لە (دیسەمبەری١٩٩٣)دا چەکدارەکانی هەردوولا رووبەڕی یەکتر بونەوەو سەرجەم بنکەو بارەگاکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کفری و رانیەو حاجیاواو سلێمانی و هەولێر دەستیان بەسەرداگیرا، کەبەهۆیەوە نزیکەی (٥٠٠) کوژراوو برینداریيان هەبوو جگە لەوەی خودی (مەلا عوسمانی )رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی بەدیل گیرا، ئەمەش لەکاتێکدابوو حکومەتی ئێران لەڕێگەی چەك و لایەنی داراییەوە هاوکاری بزوتنەوەی دەکرد(ڕەسوڵ: ٢٠٠٧، ١٢٦-١٢٩). هاوکات لەگەڵ ئەم رووداوانەدا پەیوەندی نێوان ( ی.ن.ك)و (پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق) گرژی تێکەوت، ئەمەش لە کاتێکدابوو کە دەستەیەك لە چەکدارەکانی یەکێتی داوایان لە بارەگای کۆمیتەی دوکانی پارتی کۆمۆنیست کردووە کە بیناکەیان بۆ چۆڵ بکەن، بەڵام گرژی لە نێوانیاندا رویداوەو چەند چەکدارێکان لەیەکتری کوشتووە(ڕەسوڵ، ٢٠٠٧: ١٢٤).

شەڕو ململانێی نێوان (پارتی )و (حزبی سۆسیالیستی کوردستان )، وێستگەیەکی دیکەی ململانێ و شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بوو ، لە ساڵی ١٩٩٣ هێندەی تر دۆخی سیاسی و ئارامی ناوچەکەی ئاڵۆزترکرد، ئەمەش لە کاتێکدابوو کە لە ١٦ی ئابی ئەو ساڵەدا( پارتی و حسك و پاسۆك )یەکگرتنیان راگەیاند، بەڵام دوای تێپەربوونی تەنها یەك مانگ، (محمدی حاجی محمود) سکرتێری( حسك) لە رێکەوتنەکە پاشگەزبۆوەو دووبارە سەربەخۆیی حزبەکەی ڕاگەیاند، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ سەرهەڵدانی رووبەرووبونەوەی چەکداری لە نێوان ئەم دوو حزبەداو زۆربەی بارەگاکانی حسك لەسلێمانی و شاروشارۆچکەکانی دیکە لەلایەن پارتیەوە سوتێنراو چەندین کەسیش بوونە قوربانی ئەو ململانێیە. (ڕەشید،٢٠٠٢: ٢٩٨-٣٠٤).

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێن دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی ململانێ و شەڕی ناوخۆی نێوان حزبە سیاسیەکانەوە لەو پەڕی خراپی و ئاڵۆزیدابووەو زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی شەڕی فراوانی ناوخۆ رەخساندووە کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە (شەڕی براکوژی )ناسراوە، دەکرێت بە شێوەیەکی بابەتیانە گرنگترین کاریگەرییە نەرێنییەکانی ململانێ نێوان حزبەکان لەم قۆناغەدا بەم شێوەیە بخەینەڕوو:-

یەکەم: ململانێ و شەڕی ناوخۆی حزبەکان گەورەترین کاریگەری نەرێنی لەسەر دۆخی ئابووری ناوچەکە درووست کردبوو، بەجۆرێك ( گرانی نرخی پێداویستیەکان، بێکاری، برسێتی، نەبوونی، هەژاری، ) باڵی بەسەر دانیشتوانی باشووری کوردستاندا کێشابوو، بەبێ ئەوەی حزبە سیاسیەکان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن.

دووەم: بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکە لەوپەڕی خراپیدابوو، بەجۆرێك دیاردەی( دزیکردن، ئاژاوەگێڕی، پاشاگەردانی، بڵاوبوونەوەی چەك)، ئاسایشی شاروشارۆچکەکانی باشووری کوردستانی شێواندبوو.

سێیەم:بڵاو بوونەوەی دیاردەی تاڵانی دام و دەزگاو کارگە حکومییەکان گەورەترین زیانی بە ژێرخانی ناوچەکە گەیاند، هەموو حزبە سیاسیەکان لەم کارەدا بەشداربوون .

چوارەم : ململانێ و شەڕی ناوخۆی حزبەکان گەورەترین کاریگەری نەرێنی لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان درووست کردبوو، چونکە بەهۆی ئەورووداوانەوە گەورەترین زیانی مرۆیی بەرهاوڵاتیانی ناوچەکە کەوتوەو ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتیان و چەکدارو لایەنگرانی حزبەکان بونە قوربانی ئەم ململانێەو تاڕادەیەکی زۆر شیرازەو بونیادی کۆمەڵایەتی خێزان و کۆمەڵگای لەبەریەك هەڵوەشاندووە، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی بەرچاو هاوڵاتیانی ناوچەکە بەمەبەستی دەربازبوون لەو ژیانە ڕێگای پڕمەترسی هەندەرانیان گرتووەتەبەرو ژمارەیەکی بەرچاویشیان پێش ئەوەی بگەنە شوێنی مەبەست رووبەروی مەرگ و کارەسات بوونەتەوە(حاجی، ٢٠١٨: ٣٤٢-٣٤٣ ).

پێنجەم: هەریەکە لە پارتی و یەکێتی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمیان لە ململانێکاندا بەکارهێناوەو خۆیان بە میراتگری حکومەتەکە زانیوەو لەکاتی ململانێیەکانیان لەگەڵ حزبەکانی دیکەدا، بەناوی حکومەتەوە ململانێ و شەڕی نەیارەکانیان کردووە(ڕەشید،٢٠٢٠: ٣١٠).

ئامرازی ململانێکان لەم قۆناغەدا تەواو مەترسیداربوون، بەجۆرێك لایەنە نەیارەکان سڵیان لە بەکارهێنانی هیچ ئامرازێك نەکردۆتەوەو هەموو جۆرە چەکێکی قورسی وەك( تۆپ، هاوەن، دۆشکا، ئاربیجی،..)یان لەدژی یەکتر بەکارهێناوە، جگە لەوەش لە ڕێگەی بروسکە سەربازییەکانیانەوە فتواو فەرمانی پاکتاوکردنیان لە دژی یەکتر راگەیاندووە، لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە راگەیاندنەکانیان هێندەی تر بارودۆخەکەیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی جنێوو سوکایەتی کردن و وتاری حەماسی و تۆمەتبارکردنی یەکتری بە خائین و خۆفرۆش و بەکرێگیراو ئاڵۆزتر کردبوو.

هۆکاری سەرەکی ململانێکانی ئەم قۆناغە دەگەرێتەوە بۆ باگراوندی مێژوویی ململانێی نێوان حزبەکان و گیانی تۆڵەسەندنەوەو ویستی خۆسەپێنی و پاوانخوازی و هەوڵدان بۆ دەستبەسەرداگرتنی بنکەو بارەگاکانی یەکتری لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددی، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نزمی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری و نەبوونی تێروانینێکی نەتەوەیی و نشتیمانی بۆ پرسی کورد، لەگرنگترین هۆکارە سەرەکییەکانی ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هۆکاری ململانێ و شەڕی نێوان حزبە سیاسیەکان لەم قۆناغەدا بۆ چەند هۆکارێك دەگەرێتەوە لەوانە:-

یەکەم: کلتوری سیاسی هەرێمی کوردستان، تیایدا ململانێ و چەك لەیەکتر ڕاستکردنەوە باڵادەستە، نەك دیالۆگی ئارام و دیموکراسیانە.

دووەم: بوونی پەیوەندی هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەگەڵ رژێمە داگیرکەرەکانی ناوچەکەو جێبەجێ کردنی ئەجنداو ستراتیجی وڵاتانی هەرێمی لەلایەن حزبە سیاسیەکانی هەرێمی کورستانەوە.

سـێیەم: باڵادەسـتی بەرژەوەنـدی تەسـکی حزبایـەتی و ناوچـەگەری و نـامۆیی بـەها نەتەوەییـەکان لـە بڕیـارو هەڵسوکەوتی سیاسیدا.

هەربۆیـە بەرمـەبنای خسـتنەرووی روداو پێشهاتە سیاسـیەکانی سـێ سـاڵی دوای ڕاپـەڕین، ئـەو راسـتیەمان بـۆ دەدەکەوێت ، ململانێی نێوان حزبەکان رەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایـەتی ناوچـەکەیان هێنـدە ناسـەقامگیرو ئاڵۆز کردبوو، بە ئاڕاستەی کارەسات و شەڕی ناوخۆی درێژخایەن و مەترسیدار هەنگاو بنێت، ئەوەبوو لە ١٩٩٤/٥/١ ململانێ پەنگخواردوەکانی نێوان پـارتی و یـەکێتی لەسـەر کێشـەی زەوی و خاوەنـداریێتی چـەند دوکانێـك، گەیشـتە ئاسـتی تەقینـەوەو کارەسـاتی هەمەلایەنـەی سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و مرۆیـی بـۆ هاوڵاتیـانی هـەرێمی کوردستان بەدوای خۆیدا هێنا، راستی ئـەم روداوەش بـەجۆرێك بـوو (عـەلی حەسـۆ میرخـان ) لەگـەڵ ٢٣ چـەکدری (پ.د.ك) هەوڵێـداوە بـەزەبری هێـز خاوەنـداریێتی پارچـە زەوییـەك بەدەسـت بێنێتـەوە لەلایـەن بەرپرسـێکی یەکێتییەوە لە قەڵادزە دەستی بەسەرداگیراوەو چەند دوکانێکی لەسـەر دروسـتکرابوو، بـەڵام بـەهۆی پەرەسـەندنی ململانێـی نێوانیـان، بارودۆخەکـە زیـاتر ئـاڵۆزبووەو بەئاڕاسـتەی شـەڕو پێکـدادانی چـەکداری هـەنگاوی نـاوەو بووەتـەهۆی کـوژران و برینـداربوونی چـەند چـەکدارێکی یـەکێتی، لەبەرامـەردا هێزەکـانی یـەکێتی بەمەبەسـتی تۆڵەسەندنەوە، لە ئێوارەی هەمان رۆژدا دەستیان بەسەر سـەرجەم بنکەو بارەگاکـانی پـارتی لـە قـەڵادزەو رانییـەو چوارقورنەدا گرت و لە ئەنجامدا ژمارەیەك چەکداری هەردووڵا بونەقوربانی ململانێیـەکی نادروسـت و بـێ ئامـانج (ڕەشید، ٢٠٢٠: ٣١٢).

لەکاتی ئەم روداوەدا (جەلال تاڵەبانی) لە گەشتێکی دبلۆماسی دەرەوەی وڵات بوو، بەڵام هەرزوو لەگەڵ (مەسعود بـارزانی )لـە رێگـەی بەیاننامـەوە نیگـەرانی خۆیـان دەربـڕی و هەوڵـەکانی خۆیـان بـۆ کـۆنترۆڵکردنی دۆخەکـە چڕکردەوە، بەڵام روداوەو پەرەسەندنی ململانێکان هێندە خێرابوون، خامۆشکردنەوەیان لە توانای سەرکردەکانیش بەدەربووە، لەوبارەیەوە نەوشیروان مستەفا ئـەمین سـەبارەت بـە بڵاوبونـەوەو کۆنترۆڵ نـەکردنی ئاڵۆزییـەکان دوو ئەگەر دەخاتەروو، یەکەمیان ئەوەیە کە سـەرکردەکانی هـەردوو حـزب توانـای کۆنترۆڵکردنی دۆخەکـەیان نـەبووە، دووەمیان ئەوەیە سەرکردەکان خۆیان لەپشت رووداوەکانـەوە بـوون و راگەیـەنراو و ئیدانـە کردنـەکانیان تـەنها بـۆ چاوبەست و تەفرەدانی ڕای گشتی بووە(ئەمین،بێ ساڵ: ١٢)، بـە بـڕوای ئێمـە ئـەوەی دووەمیـان زیـاتر لـە واقعـەوە نزیکـە، چـونکە ململانێکـان سروشـتێکی کەسـی و بەرژەوەندیخوازانـەیان پێـوە دیـاربووەو لـە چـینەباڵاکانی نێـو حزبەکانەوە بۆ ئۆرگانـەکانی خـوارەوە شـۆڕبۆتەوە، هەرئـەمـەش وایکـردووە، ململانێکـان سـەراپاگیربن و کۆمـەڵگاو خێزانەکانیش بگرێتەوە.

فراوانبـون و پەرەسـەندنی مـەودای ململانێکـان لـە سـاڵی ١٩٩٥ و کـۆنترۆڵ کردنـی زۆربـەی شاروشارۆچـکەکانی هـەرێمی کوردسـتان لەلایـەن (ی.ن.ك)ەوە، هێنـدەی تـر بارودۆخەکـەی بـە ئاڕاسـتەی کارەسـات و تۆخبوونـەوەی ململانێکان برد، بەتایبـەتیش دەستبەسـەرداگرتنی ناوچـەیەکی گـرنگ و سـتراتیجی وەك حـاجی ئۆمـەران و شـاری

هەولێر لەلایەن(ی.ن.ك)ەوە، هانی پارتی دیوکراتی کوردستانیدا کە لەپێناو مانەوەی خۆیی و شکستپێهێنانی یەکێتیدا، پەنا بۆ هاوکاری و هێنانی دەستی دوژمن و بێگانە بەرێت، ئەوەبوو لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا (پ.د.ك)بەهاوکاری ٣٥٠ تانك و ٣٠٠ تۆپی دوورهاوێژ و ٣٠-٤٠هەزار سەربازی گاردی کۆماری عێراق، توانی دەستبەسەر هەولێرو سلێمانی و زۆربەی شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا بگرێت و شکستێکی گەورەی سیاسی و سەربازی بەسەر (ی.ن.ك)دا بێنێت و ناچار بە پاشەکشەی سنوورەکانی ئێرانیان بکات(حمەکریم،٢٠٠٧: ١٢٧-١٢٨)، ئەمەش لەکاتێکدابوو تەنها یەك رۆژ پێش ئەو رووداوەو بەتایبەت لە ٣٠ی ئابدا شاندی دانوستانکاری پارتی و یەکێتی بە ئامادەبوونی نوێنەری وڵاتانی وەك ( ئامریکا، بریتانیا، تورکیا) لە لەندەن لەسەر ئەوە رێکەوتن شەڕ لەنێوانیاندا ڕابگیرێت و کاربکرێت بۆ کۆتایی هێنان بە ململانێکانیان(رەشید،٢٠٢٠: ٤٤٠)، بەڵام هەروەك دەردەکەوێت ویستێکی راستەقینە لەپشت دانوستانەکانەوە نەبووەو تەنها بۆ چەواشەکاری و وەك پلانێکی تەکتیکی بەکارهێنراوە.

(جەلال تاڵەبانی) لە دیدارێکیدا لەگەڵ کۆمەڵێك پیاوانی ئاینی مەرجی کۆتاییهێنانی شەڕو ململانێکانی بە ڕادەستکردنەوەی دەرامەتی خاڵەسنوورییەکان بە حکومەتی هەرێم بەستبۆوەو بە ئاشکرا دەڵێت" ئامادەین شەڕ لەگەڵ پارتی رابگرین بەومەرجەی دەستکەوتی برایم خەلیل و گشت خاڵە سنوورییەکان رادەستی حکومەت و پەرلەمان بکرێتەوە"(ڕەسوڵ، ٢٠٠٧: ٢٤٨)، لە هەمان کاتیشدا پێویستە ئەو راستیە لەبەرچاو بگیرێت کە پێگەی ستراتیجی شاری هەولێر لە ڕووی ئابووری و سیاسی و مەعنەوییەوە، بۆ لایەنە نەیارەکان جێگەی بایەخ بوو، بەجۆرێك لەو قۆناغەدا یەکێتی شاری سلێمانی و پارتیش شاری دهۆکی بۆخۆی مسۆگەرکردبوو، هەرلایەنێکیان بیتوانیایە شاری هەولێر کۆنترۆڵ بکات دەیتوانی تەرازووی هێز لەبەرژەوەندی خۆی لاسەنگ بکات و باڵادەستی و پێگەی جەماوەری خۆی فراوان بکات، بێگومان (پ.د.ك) سەرەڕای ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە بەهۆی هاوکاری سوپای عێراق بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکان روبەرووی رەخنەی توند بۆتەوە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر توانیوێتی سوود لەو روداوانە وەربگرێت و پێگەی سیاسی و چەکداری خۆی لە شاری هەولێردا بەرجەستە بکات، هەربۆیە دەکرێت بڵێین لەم قۆناغەدا فاکتەری دارایی و دەسەڵات و شوێنی ستراتیجی و ئەجندای وڵاتانی دراوسێ رۆڵی سەرەکییان لە پەرەسەندنی ململانێکاندا بینیوە.

ئامرازی ململانێکان لەم قۆناغەدا بریتی بوو لە بەکارهێنانی چەکی قورس لە ناو خودی شارەکاندا، بەجۆرێك لە بروسکەیەکدا کە بۆ رێکخستنەکانی دەرەوەی یەکێتی نێردراوە تیایدا هاتووە کە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا پارتی لە هاوینەهەواری سەلاحەدینەوە(٥٠)تۆپی لە جۆری ١٥٢ملم ئاڕاستەی ناوشاری هەولێر کردووە(رەشید،٢٠٢٠: ٣٦٩)، هاوکات لایەنە ململانێکارەکان لەم قۆناغەدا پەنایان بۆ ئەو هێزە دەرەکییانەی دەوروبەر بردووە کە بە دوژمنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد ناسرابوون، بەجۆرێك (ی.ن.ك) بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەی ستراتیجی حاجی ئۆمەران و دووبارە گرتنەوەی شاری سلێمانی داوای هاوکاری لە حکومەتی ئێران کردووە، لەبەرامبەریشدا(پ.د.ك) سوپاو تانکی بەعسی عێراقی بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەولێر هێناوە، کە

بەبڕوای زۆربەی هاوڵاتیان و شارەزایان ئەم هەنگاوانەو بەتایبەتی ئەوەی دووەمیان دەچێتە چوارچێوەی خیانەتی نشتیمانییەوە ( حاجی،:٢٠١٨: ٣٤٤).

رێکەوتنی نێوان (پ.د.ك)و حکومەتی عێراق و شکستپێهێنانی (ی.ن.ك) لە ٣١ی ئابدا، بووە هۆی پەرەسەندنی لەرادەبەدەری ململانێی نێوان ئەم دوو حزبە، بەجۆرێك رق و کینەیان بەرامبەر یەکتری گەیشتبووە رادەیەك کە چیتر ئامادە نەبوون شەڕی نێوانیان بە ( شەڕی براکوژی )ناوببەن، بەڵکو وەك دوژمنێکی سەرسەخت و نەیارێکی مەترسیدار لەیەکتریان ڕوانیوە، بێگومان هەموو ئەمانەش رەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی بەگشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی.

لەسەر ئاستی ناوخۆو هەرێمی و نێودەوڵەتی هەوڵدرا کۆتایی بەو ململانێیەی نێوان ئەم دوو حزبە بهێنرێت، بەڵام بەهۆی قوڵبونەوەی ململانێکان و خواستی بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی و دەسەڵات، هەوڵی لایەنە جیاوازەکان بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی ئەنجامێکی ئەوتۆ و ئەرێنیان لێنەکەوتەوە، ئەوەبوو وەك پەرچەکردارێك لە١٣/١٠/١٩٩٧ (ی.ن.ك) خولێکی نوێی شەڕی لەدژی پارتی لەژێر ناوی ( گەردەلولی تۆڵە ) راگەیاندو شەروپێکدادانێکی توندی چەکداری لە نێوانیاندا دەستپێکردەوە، کە بەهۆی ئەو رووداوانەوە جگە لەکوژران و بێسەروشوێن بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە چەکدارەکانی هەردوولا، زۆربەی هاوڵاتیانی کوردستانیش رووبەڕووی زیانێکی گەورەی مرۆیی و ئابووری و سیاسی وکۆمەڵایەتی و دەروونی و کلتوری بوونەوە(ستانسفێڵد،٢٠١٠: ٢٣٧).

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، لەم قۆناغەدا وڵاتی تورکیا بە بیانوی تێکشکاندنی بنکەو بارەگاکانی(پ.ك.ك) سنوری هەرێمی کوردستانیان بەزاندو هێزێکیان لە ناوچەکەدا جێگیرکرد، پێکهاتبوو لە (٨٠٠٠)سەرباز و (١٠٠)تانك، بە بڕوای هەندێك لە سەرچاوەکان بەشێکی زۆری ئەو هێزەی تورکیا بۆ یارمەتیدانی بارزانی لەدژی تاڵەبانی بەکارهێنراوە، ئەمەش وایکرد راستەوخۆ ولایەتە یەکگرتوەکانی ئامریکا بگاتە ئەو بڕوایەی بە دەستپێشخەری ئەوان کۆتایی بە ئاڵۆزی و ململانێکانی نێوان ئەم دوو حزبە بهێنرێت، بۆ ئەو مەبەستەش (دێڤید وێڵشی) جێگری وەزیری دەرەوەی ئامریکا، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هەریەکە لە بارزانی و تاڵەبانی ئەنجامداو پێی راگەیاندن وڵاتەکەی راستەوخۆ ئەرکی ناوبژیوانی و بەدیهێنانی ئاشتی لەنێوان هەردوولادا دەگرێتە ئەستۆ( حمەکریم،٢٠٠٧: ١٣١)، ئەمەش لەکاتێکدابوو هەردوو حزب خواستی ئەوەیان هەبوو ، کۆتایی بە شەڕی نێوانیان بهێنن و بۆ ئەو مەبەستەش چەند کۆبونەوەیەکیان لە شەقلاوەو کۆیە ئەنجامدابوو، پاشان هەریەکە لە بارزانی و تاڵەبانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەمریکاوە بانگهێشتی واشینتۆن کران و بە ئامادەبوونی (مادلین ئۆلبرایت)وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ١٧/٩/١٩٩٨دا رێکەوتننامەی واشینتۆنیان واژووکردو بەهۆیەوە کۆتایی بە شەڕو رووبەڕووبونەوەی چەکداری نێوانیان هێنا(ستانسفێڵد، ٢٠١٠: ٢٤٠).

رێکەوتننامەی واشینتۆن لەم قۆناغەدا نەیتوانی دوو ئیدارەیی بنەبڕبکات، بەڵام وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە مێژووی هاوچەرخی هەرێمی کوردستاندا، تارادەیەکی زۆر کۆتایی بە شەڕو رووبەڕووبونەوەی کرداری نێوان

(ی.ن,ك)و (پ.د.ك) هێناو راستەوخۆ لەژێر چاودێری ئەمریكییەكان بەشێوەی پلەبەندی و قۆناغ بە قۆناغ كەوتنە ئاسایی كردنەوەی پەیوەندییەكانیان بەتایبەتی لەرووی( ئاسایی كردنەوەی بارودۆخی شارەكانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك و تەواوی شاروشارۆچكەكانی باشووری كوردستان، گەرانەوەی داهات بۆ خەزێنەی حكومەت، پێكهێنانی حكومەت و پەلەمان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنەكانی ١٩٩٢، قەرەبووكردنەوەی دارایی بۆ ئاوارەكانی شەڕی ناوخۆ ) (ڕەسول، ٢٠٠٧: ٤٩٨-٥٠١). ئەمەش دەرفەتێكی باشی رەخساند تاكو هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی لە كێبڕكێی یەكتربكەن بۆ ئاوەدانكردنەوەو پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری ، هەموو ئەم هەنگاوانەش تاكو روخانی یەكجاری حكومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بوون و ئەنجامێكی باشیان بە ئاراستەی ئاسایی كردنەوەی بارودۆخەكەو سەقامگی وكەمكردنەوەی ململانێ سیاسیەكان لێكەوتەوە(حاجی،٢٠١٨: ٣٧٣).

ئەگەرچی ململانێی چەكداری لە نێوان (ی.ن,ك)و (پ.د.ك)دا كۆتایی پێهات، بەلام لە سەرەتای ٢٠٠١دا دەركەوتنی گروپە ئیسلامییە پەڕگیرەكان و بەپشتگیری و هاوكارییە لۆجستییەكانی ئێران، جارێكی دیكە ئاسایشی ناوچەكەیان شێواندو بەتوندی كەوتنە روبەرووبوونەوەی چەكداری لە دژی(ی.ن,ك)، ئەوان بە ئاشكرا رایانگەیاند كەملكەچی یاسای حكومەتی هەرێم نابن و تەنها سەروەری و شەرعیەتی خوای تاك و تەنهایان قبوڵە، ئەوەبوو قولایی دەسەڵاتی خۆیان لە هەڵەبجەو ناوچەكانی دەوروبەری چڕكردەوەو كەوتنە دژایەتی حكومەتی هەرێم و تیرۆرو تۆقاندنیان لەدژی نەیارەكانیان پەیڕەو دەكرد، بەتایبەتی لە ٢٠٠١/٩/٢٣دا پەلاماری گوندی ( خێڵی حەمە)یانداو ٤٣ پێشمەرگەی (ی.ن.ك)یان كوشت و تەرمەكانیشیان شێواندن، هاوكات لە پەلامارێكی دیكەدا لە ٢٠٠٢/٤/٨ چەكدارەكانی ( جند الاسلام) لەناوشاری سلێمانی پەلاماری ماڵی دكتۆر بەرهەم ساڵحی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستانیاندا، هەموو ئەمانەش ترس و نیگەرانییەكی زۆری بۆ هاولاتیان درووست كردبوو، ئەنجامی ئەم ململانێیەش بەوە كۆتایی پێهات كە لەچوارچێوەی هێرشەكانی ئەمریكا بۆ سەر حكومەتی عێراق لە ٢٠٠٣/٣/٣١دا هێزەكانی ئەمریكا لە رێگەی موشەكی دورهاوێژەوە بنكەو بارەگاكانی گروپە ئیسلامییەكانیان لە ناوچەكانی تەوێڵەو بیارە ئاگرباران كردو زۆربەی زۆری چەكدارەكانیان لەناوچوون، بەم شێوەیە ململانێی چەكداری نێوان(ی.ن.ك)و حزبە ئیسلامییەكان كۆتایی پێهات و جارێكی دیكە ناوچەكە كەوتەوە ژێر دەسەڵاتی حكومەتی هەرێم و ئاشتی و ئاسایشی بۆ گەڕایەوە(ڕەسول، ٢٠٠٧: ٥٨٥-٥٩٣).

### قۆناغی پێنجەم: ململانێی سیاسی نێوان حزبەسیاسیەكان لەماوەی ساڵانی(٢٠٠٣-٢٠٠٩):-

روخانی حكومەتی بەعس لە عێراق لە ٩ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ولایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكاوە، سەرتای قۆناغێكی نوێ بوو لە مێژووی پەیوەندیەكانی نێوان حزبەسیاسیەكانی هەرێمی كوردستاندا، بەجۆرێك لە ژێر كاریگەری واقعی سیاسی ناوچەكەو فشاری ئەمریكادا، حزبە سیاسیەكان هەوڵیاندا ململانێ ئاشكراكانی خۆیان وەلابنێن و بەشێوەیەكی یەكگرتوو بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و دووبارە بونیادنانەوەی عێراقی نوێدا بكەن، لێروە ململانێی نێوان (ی.ن.ك)و(پ.د.ك)فۆرم و شێوەیەكی نوێی لەخۆگرت و زیاتر بەشێوەیەكی شاراوە لە پێناو

به دەستهێنانی زۆرترین پشکی دارایی و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ململانێ یەکتری بکەن، ئەم بارودۆخەش تاکو ساڵی ٢٠٠٦ بەردەوامی هەبوو بەشێوەیەکی فعلی هەرێمی کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردبوو، بەجۆرێك دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا بوونی هەبوو، یەکێکیان ئیدارەی سلێمانی لەلایەن (ی.ن.ك)ەوە بەرێوەدەبراو ئەوەی دیکەیان ئیدارەی هەولێربوو کەلەلایەن (پ.د.ك)سەرکردایەتی دەکرا، ئەم بارودۆخەش سەرەڕای ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆ کاریگەری نەرێنی هەبوو، لەهەمانکاتدا لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیش پێگەو ناوبانگی هەرێمەکەی لەکەدار کردبوو ( یاسین، ٢٠٠٢: ١٧٧).

هەرچەندە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان لە ٢٠٠٥/١/٣١، ئەنجامدرا، بەڵام پێکهێنانی کابینەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی ململانێی نێوان دوو حزبە سەرەکییەکەوە لە سەر دابەشکردنی پۆستەکانی حکومەتی هەرێم و بەدەستهێنانی پشکی کورد لە داهات و پۆستەکانی حکومەتی عێراق بۆ ٢٠٠٦/٥/٧ دواکەوت، بە بڕوای زۆرێك لە شارەزایان پێکهێنانی کابینەی یەکگرتوو، تەنها شکڵی بووە، چونکە جگەلەوەی قەبارەی کابینەکە دووهێندەی کابینەکانی پێشووبووە، لەهەمانکاتدا تەواوی پۆست و وەزارەتەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردبوو، بەجۆرێك پۆستی سەرۆکی حکومەت بۆ (پ.د.ك) تەنها لەسنووری قەڵەمڕەوی وزۆنی زەرددا دەسەڵاتی هەبوو، وە جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ (ی.ن.ك) بەهەمان شێوە لە سنووری قەڵەمڕەوی زۆنی سەوزدا دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەتی هەبوو، ئەم دیاردەیە بۆ وەزارەتە سیادیەکانیش هەروابوو(ڕەسوڵ، ٢٠٠٧: ٦١٢-٦١٧ )، هاوکات بۆ پتەوکردن و مانەوەی دۆخە سیاسی و ئابوورییەکە لەبەرژەوەندی خۆیان و یەك هەڵوێستیان بەرامبەر ناوخۆو دەرەوە لە ٢٠٠٧/٧/٢٧دا رێککەوتننامەی ستراتیجی لە نێوان(پ.د.ك)و(ی.ن.ك)دا واژووکرا .

پێکهێنانی کابینەی حکومەتی یەکگرتوو بووە هۆی سەقامگیری سیاسی و کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی سەرهەڵدانەوەی ململانێی چەکداری، بەڵام لەهەمانکاتدا بەئاشکرا سیماکانی ململانێی شاراوە لەپێناو بەدەستهێنانی پۆستە باڵاکان و سەرچاوەکانی داهاتی ناوخۆو پشکی (١٧٪ )ی خەڵکی کوردستان لە حکومەتی ناوەندییەوە بەدەستیان دەگەیشت لەنێوانیاندا هەستی پێدەکرا، ئەمەش وایکرد هەریەکە لەم دوو حزبە سەرەکییە دەسەڵات و سەرچاوە داراییەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و باڵادەستی فراوانکردنی پێگەیان بەکاربێنن و مانەوەی دۆخەکەشیان بەو شێوەیەی هەبوو لەبەرژەوەندی خۆیان دەبینی، بەڵام تادەهات (پ.د.ك) دەسەڵات و پێگەی خۆی بەسەر دارایی و پایەگرنگەکانی حکومەتی هەرێمدا قایم و فراوانتر دەکرد، ئەمەش نیگەرانی بەشێك لە سەرکردایەتی( ی.ن.ك )لێکەوتەوە، بەهۆیەوە لێکترازانێکی گەورەی لەناو ئەو حزبەدا بەسەرکردایەتی (نەوشیروان مستەفا ئەمین) درووست کردو دژی دۆخی چەقبەستووی ناو کایەی سیاسی هەرێمی کوردستان بەگشتی و(ی.ن.ك) بەتایبەتی، لە ٢٠٠٩/٤/١١ بزوتنەوەی گۆڕانی ڕاگەیاند (میکە،٢٠١٧ :٣).

## قۆناغی شەشەم: ململانێی سیاسی  نێوان حزبەسیاسیەکان لەماوەی ساڵانی( ٢٠٠٩- ٢٠٢١):-

دەرکەوتنی بزوتنەوەی گۆڕان، سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە ململانێی سیاسی ناوچەکەدا، چونکە لە سەرەتادا وەك بزوتنەوەیەکی رادیکاڵ دەرکەوتووەو دروشمی چاکسازی ریشەیی بەرزکردۆتەوەو دژی شێوازی حکومڕانی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار وەستاوەتەوە، ئەمەش لەکاتێکدابوو بەشێکی فراوان لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و لە نێویشیاندا چینی رۆشنبیران و گەنجان، شێوازی حکومڕانی( پارتی و یەکێتی)یان بە شکستخواردوو دەزانی و دژی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی و مەحسوبیەت و دەستێوەردانی حزب لە دامو دەزگاکانی حکومەت، دەنگی نارەزایەتییان بەرزکردبۆوە، ئەم بارودۆخەش زەمینەیەکی لەباری بۆ بزوتنەوەی گۆڕان رەخساند تاکو بتوانێت سەرجەم دەنگە نارازییەکان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو لەیەکەمین بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردندا لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ ، توانی (٢٥)کورسی لەکۆی (١١١)کورسی پەرلەمانی کوردستان بەدەستبێنێت بەشی هەرەزۆری دەنگەکانی (ی.ن.ك)و زۆنی سەوزی بۆ خۆی بردبوو(عبدالخالق، ٢٠١٤: ١٥٤).

دەرکەوتنی بزوتنەوەی گۆڕان لە ژیانی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، جگەلەوەی زەمینەی بۆ پەرەپێدانی چالاکی بزوتنەوە جەماوەری و پیشەییەکانی وەك( فەرمانبەران، مامۆستایان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی..)خۆشکرد، لە هەمانکاتدا زەمینەی بۆ بەرجەستەکردنی مۆدێلی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەناوچەکەدا رەخساند کە هەریەکە لە ( گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی)وەك کارەکتەری سەرەکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە رێگەی چالاکیەکانی شەقام و کاری پەرلەمانتارییەوە کەوتنە ململانێی ئاشکرای دەسەڵاتدارانی هەرێم خۆی لە دوو حزبە سەرەکییەکەدا دەبینیەوە. لەوبارەیەوە لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی ١٧ی‌شوباتی ٢٠١١و رۆژانی دواتر بەشێوەی ناراستەوخۆو تارادەیەکیش راستەوخۆ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان پشتگیری داوای خۆپیشاندەرانیان دەکرد و ئەندام لایەنگرانیشیان بەشدرای راستەوخۆیان تیایدا هەبووە، بەڵام لەم بارودۆخەدا سەرەڕای بوونی ململانێیەکی توندی شاراوە لە نێوان(ی.ن.ك)و(پ.د.ك)دا بەڵام ئەم دوو حزبە هەموو تواناکانی خۆیان بۆ پشتگیریکردنی یەکتری و کپکردنەوەی دەنگی شەقام و ئۆپۆزسیۆن یەکخستووە (عەبدوڵڵا، ٢٠١٩: ٩-١٢). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەکرێت بڵێین لەم قۆناغەدا شێوازێکی نوێی ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر دەستی ئۆپۆزسیۆنی جەماوەری و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان سەری هەڵدا، کە لە هەناوی چین وتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوەی گرتبوو، بەشێوەیەکی مەدەنیانە لە پێناوی ئەنجامدانی چاکسازی ریشەیی و بەرجەستەکردنی یەکسانی ودادپەروەری کۆمەڵایەتیدا ململانێی دەسەڵاتیان دەکرد. هاوکات پێویستە ئەوەش بخرێتەڕوو لە ژێر کاریگەری خراپی سیستەمی حکومڕانی هەرێمی کوردستان و ململانێی نادرووست و بەرژەوەندیخوازانەی نێوان حزبە سیاسیەکان و گەشەسەندنی هۆشیاری سیاسی تاکەکانی کۆمەڵگاو چەکەرەکردنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، فۆرمێکی نوێی ململانێ لە ژیانی سیاسی هەرێمی کوردستاندا سەری هەڵدا کە خۆی لە ململانێی نێوان دەسەڵات و بەرەی هاوڵاتیدا دەبینێتەوە، بەجۆرێك لەم قۆناغەدا هاوڵاتیان تارادەیەك بونە

خاوەنی پاشخانێکی مەعریفی و درکیان بە لایەنە شاراوەکانی ئەجنـداو سیاسـەتی بەرژەوەندیخوازانـەی دوو حزبـە سەرەکییەکە کردووە، هەربۆیە بەشێك لە چین و توێژەکانی کۆمـەڵگای کوردی بـە پشـتگیری ناڕاسـتەوخۆی حزبـە ئۆپۆزسـیۆنەکان و لەرێگـەی خۆپیشـاندان ومـانگرتنی دام و دەزگاکـانی حکومەتـەوە، ململانێـی دەسـەڵاتدارانیان دەکردو داوای چاکسازی و هەمەلایەنەو گۆڕانکاری ژیانی ئـابووری و سیاسـییان دەکـرد، بێگومـان ئـەم بارودۆخـەش رێگە خۆشکەبوو لەبەردەم سەرهەڵدانی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا (صابر، ٢٠١٧: ٣٧).

دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لـە عێـراق و شـام( داعـش)و داگیرکردنـی شـاری موصـل لـە حـوزەیرانی ٢٠١٤دا و پەلاماردانی سنورەکانی هەرێمی کوردستان و مەترسیەکانی بۆسەر هەولێری پایتەخت، تاڕادەیـەك و بـۆ ماوەیـەکی کاتی ململانێ سیاسیە ناوخۆییەکانی خاوکردبۆوەو سەرجەم پارتە سیاسیەکان خۆیان بۆ ڕووبەروبوونەوەی داعش تەرخان کردبوو، بەڵام لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن پێیان وابوو دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەتایبەتیش(پ.د.ك) کـۆنترۆڵی تەواوی دەسەڵات و سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمیان کـردووەو بەناياسـايی و سـەرەڕای تـەواوبوونی مـاوەی یاسـاییان دەستبەرداری پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم نابن، هەربۆیە بزوتنەوەی گۆڕان سەرەڕای بەشداریکردنی لـە حکومـەتی بنکەفراوان، بەڵام هەوڵیدا لەرێگەی یاسایی و شەرعیەتی پەرلەمانییەوە ململانێی(پ.د.ك) بکات(یاسین:٢٠١٦، ٣-٤).، بۆ ئەو مەبەستەش لە ٢٣حوزەیرانی ٢٠١٥دا بە مەبەستی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان بانگهێشتی پەرلەمانتارانی کرد، چونکە زۆربەی حزبە سیاسیەکانی کوردسـتان ئـەو راسـتیەیان بـۆ دەرکـەوتبوو کـە ناتوانن بەشێوەیەکی راستەوخۆ ململانێی پـارتی بکـەن، هەربۆیـە سـەرکردایەتی بزوتنـەوەی گـۆڕان کـە دەسـەڵاتی سـەرۆکی پەرلـەمانی هـەبوو هەوڵیانــدا دەســەڵاتەکانی سـەرۆکی هـەرێم کـەم بکەنـەوە، بـەڵام (پ.د.ك) وەك پەرچەکردارێك هەستا بـە داخسـتنی پەرلـەمانی کوردسـتان و رێگریکـردن لـە گەڕانـەوەی (یوسف محمد صالح)ی سـەرۆکی پەرلـەمان بـۆ هـەلێرو دوورخسـتنەوەی وەزیرەکـانی گـۆڕان لـە کارەکانیـان (حەسەن،حەسـەن،٢٠٢٠: ١٨)؛(سەنگاوی، ٢٠١٧: ٥٩٢-٥٩٧) هەموو ئەم ڕوداوانەش کاریگـەری نـەرێنی لەسـەر دۆخـی سیاسـی ویاسـایی ناوچـەکە درووست کردو زەمینەی بۆ زیادبوونی ئاڵۆزی و پەرەسـەندنی ململانـێ سیاسـیەکان رەخساند، بـەبڕوای شـارەزایان مەترسـی سـەرهەڵدانەوەی ململانێـی چەکدرای و شـەڕی نـاوخۆ زۆر بـەهێز بـوو، بـەڵام هەریەکـە لـە (ی.ن.ك) و بزوتنەوەی گۆڕان خۆیان لە مەترسی شەری ناوخۆ بەدوور گرتووە، بێگومان ئەمەش لە بەرژەوەنـدی (پ.د.ك)بـوو (یاسین، ٢٠١٧: ١١-١٢).

ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵـەتی فیـدراڵی عێـراق لـەم قۆناغـەداو شکستی داعش لەسەر دەستی هێزی سوپای عێراق و پێشمەرگەی کوردستان و هاوپـەیمانان، سـەرکردایەتی هـەرێمی هێنایـە سەر ئەو بڕوایەی گەلی کوردستان بڕیار لە ئایندەو چارەنووسی خۆی بدات، ئـەوەبوو سـەرەڕای هۆشـداری نـاوخۆو وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی(صادق،٢٠١٨: ٩٣-٩٧)، بەڵام ( مەسعود بارزانی ) سەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان لـە ٢٥ی ئـەیلولی ٢٠١٧ دا ریفرانـدۆمی ئەنجامـداو زۆربـەی کەسایەتی و حزبـە کوردسـتانییەکانیش، پشـتگیری خۆیـان بـۆ پرۆسەکە دەربڕی و هانی لایەنگرانی خۆیاندا بە (بەڵێ)دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن، ئەمەش لەکاتێکدا

بـوو بەشـێك لـە حـزب و بزوتنـەوە سیاسـیەكان لـە ژێـر ناونیشـانی( نـەخێر لـە ئێسـتادا) پرۆژەیـەكیان لـە دژی ئەنجامدانی رفراندۆم ڕاگەیاند(سادق، ٢٠١٧: ٣-٥)، ئەنجامدانی ئەم پرۆسـەیە كاردانەوەیـەكی خـراپ و مەترسـیداری بەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستاندا هێنا، بـەجۆرێك جگـە لـە دەوڵـەتی ئیسـرائیل سـەرجەم وڵاتـانی هـەرێمی و نێودەوڵەتی لەدژی ریفراندۆم وەستانەوەو سنوورەكانیان لەگـەڵ حكومـەتی هـەرێم داخسـت، جگـە لـەوەش چـرای سەوز بۆ هێزەكانی حەشدی شەعبی هەڵكرا تاكو بە زەبری هێز تـەواوی ناوچـە جێناكۆكـەكان كـە لـەماوەی شـەڕی داعشـدا كـەوتبووە ژێردەسـەڵاتی پێشـمەرگە، كـۆنترۆڵ بكەنـەوە، بـەم شـێوەیە (٥١٪) خـاكی كوردسـتان كەوتـە ژێـر دەسەڵاتی حكومەتی عێراق(عبدالقادر،٢٠١٨: ٣٨٣).

بـەبڕوای هـەردوو رۆژنامـەی (نیـۆرك تایمز)و(واشـنتن پۆسـت)ی ئـەمریكی، یـەكێك لـە هۆكارەكـانی شكسـتی پێشمەرگە لە بەرامبەر سوپای عێراق لەسەروبەندی رووداوەكانی دوای ریفرانـدۆم، بریتیـە لـە ململانـێ و نـاكۆكی نێـوان لایەنـە كـودی یەكان(،فـەرەج، ٢٠١٨: ٧٣-٧٤)، لـەژێر كاریگـەری ئـەم ململانـێ شاراوەیەشـدا، روداوەكـانی ١٦ی ئۆكتۆبـەری ٢٠١٧، بووەهـۆی پەرەسـەندنی زیـاتری ململانێـی نێـوان (ی.ن.ك)و(پ.د.ك) و پەیوەندیـەكانیانی بـە ئاڕاستەی گرژی برد، بەجۆرێك سەركردایەتی (پ.د.ك) تۆمەتی خیانەت و خاك فرۆشتنیان دەدایە پاڵ هەندێك لە سـەركردەكانی(ی.ن.ك)و پێیـان وابـوو كـە لەچوارچێوەی مامەڵەیـەكی سیاسـیدا چەكدارەكانیان شـاری كـەركوكیان رادەسـتی حەشـدی شـەعبی كـردووە، ئەمـەش لەكاتێكـدابوو كـە چـەكدارەكانی پـارتیش ناوچـەكانی (شـەنگال و سنونێ)یان بەبێ بەرگری چۆلكردوەو هێزە چەكدارەكانیان تیا كشاندۆتەوە(سالح،٢٠١٨: ٣). هەربۆیە دەكرێت ئاماژە بەو راستیە بكەین كەلەم قۆناغەدا سەرەڕای شكستی دۆزی كورد لەسەر ئاستی دەرەوە، لەهەمانكاتـدا ململانێیـەكی سەخت لەنێوان حزبە سیاسیەكاندا بـوونی هـەبووە، كـە هەنـدێك لـە چاودێران مەترسـی سـەرهەڵدانەوەی شـەڕی ناوخۆو درووستبوونەوەی دووئیدارەییان لێكردووە(عەلی،٢٠١٧: ٣ ).

جێگـەی ئامـاژە پێكردنـە لـەم قۆناغـەدا هەریەكـە لـە ( هەڵبـژاردن، راگەیانـدن، پەرلـەمان، خۆپیشـاندان، چەواشـەكاری) لـە ئـامرازە سـەرەكییەكانی ململانێـی نێـوان حزبـە سیاسـیەكان بـوو، بـەجۆرێك لەچوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەكاندا ململانێی نێوان حزبەكان هەموو پێوەرو بەها كۆمەڵایـەتی و سیاسـی و ئەخلاقیـەكانی تێپەڕاندووەو بۆ شكاندن و شكستپێهێنانی نەیارەكانیان سڵیان لە هـیچ هـەنگاوێك نەكردۆتەوە(عومـەر، ٢٠٢٠: ٢٣)، لەهەمانكاتدا ئەوەی لـە ئێسـتادا بـە ئاشـكرا هەسـتی پێـدەكرێت، رۆڵـی نـەرێنی راگەیانـدنی حزبـە سیاسـیەكانە لـە پەرەسەندنی ململانێ سیاسیەكاندا، كە بەئاشـكرا حـزب و بەرپرسـە سیاسـیەكان بـە شـێوەی ناراسـتەوخۆ خـاوەنی چەندین كەناڵی تەلەفزیۆن و رۆژنامەو پەیجی سۆشیاڵ میدیان، كەبۆ ململانێكانیان بەكاری دەهێنن، ئەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین لەم قۆناغەدا سەرەڕای ئەوەی حزبـە سیاسـیەكان لـە ململانێیـەكی سـەختدان لـەدژی یـەكتری، لـە هەمانكاتیشـدا لـەناو خـودی تاكـە حزبێكیشـدا ململانێـی بـونی هەیـە و گـیرۆدەی كوتلـەو دەسـتەگەرایی بـوون و سەرجەم ئامرازەكانی وەك هێزو بالآدەستی و سەرمایەو راگەیاندن لـەدژی یـەكتر بـەكار دەهێنن(محمـد، ٢٠١٠: ١٢٥)، هەنـدێكجاریش گفتوگـۆو دانیشـتنەكانی پەرلـەمانی كوردسـتان بوەتـە شـوێنی رووبەروبونـەوەو یەكلایكردنـەوەی

ململانێکان، کە زۆرجار گەیشتوەتە ئاستی پەلاماردانی یەکتری و سوکایەتی پێکردن(عومەر، ۲۰۲۰: ۲۳)، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خراپی بارودۆخی ئابووری و بڕین و پاشەکەوتی موچەی فەرمانبەران، هێندەی تر دۆخی سیاسی ناوچەکەو پەیوەندی نێوان حزبە سیاسیەکانی ئاڵۆزتر کردو زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی جەماوەری رەخساند، کە بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەشێك لە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان لە رێگەی ئەندام و لایەنگرەکانیانەوە بەشداریان تیادا کردووەو لەو رێگەیەوە ململانێی حزبە دەسەڵاتدارەکانیان کردووە، لەو بارەیەوە( جوڵانەوەی نەوەی نوێ) یەکێکە لەو حزبە سیاسیانەی کە هەڵگری بیروباوەڕێکی توندو رادیکالیە بەشێوەیەکی ئاشکرا رەخنە لە شێوازی حکومڕانی (ی.ن.ك)و(پ.د.ك) دەگرێت و ئۆباڵی سەرجەم قەیرانە ئابووری وسیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان دەخاتە ئەستۆی ئەو دوو حزبەو بەشدارییەکی کارایان لە زۆربەی خۆپیشاندانەکاندا هەبووە، نەوەی نوێ لە ٥ی کانونی دووەمی ۲۰۱۸دا دامەزراوەو لە هەڵبژاردنەکانی ۳۰ئەیلولی ۲۰۱۸ی پەرلەمانی کوردستاندا توانی (۸)کورسی بەدەست بێنێت و لەرێی میدیاو کاری پەرلەمانی و خۆپیشاندانەوە ململانێی ئاشکرای دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات. جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، کە ئەگەرچی هەریەکە لە (ی.ن.ك)و(پ.د.ك) و بزوتنەوەی گۆڕان لە پێکهێنانی کابینەی نۆیەم بەسەر کردایەتی ( مەسرور مەسعود بارزانی)دا بەشدارن، بەڵام ململانێیەکی توندی شاراوە لە نێوانیاندا بوونی هەیە لەڕێگەی راگەیاندن و سۆشیال میدیاوە پراکتیزە دەکرێت، بەتایبەتیش لەم قۆناغەدا هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی داڕماوو شکستخواردوی ئابووری و سیاسیدایە و هەریەکەلەو حزبە سیاسیانەش یەکتری بە هۆکاری ئەو بارودۆخە تۆمەتبار دەکەن، تەنانەت ژیان و قوتی هاولاتیان و موچەخۆران و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیان تێکەڵ بە ململانێ سیاسیەکان کردووە، ئەمەش لەکاتێکدایە هەریەکە لە حزبە کاریگەرەکانی دیکەی وەك( نەوەی نوێ، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، حزبی شیوعی) بەشدارییان لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەکردووەو وەك ئۆپۆزسیۆنێکی لاوازو بێ کاریگەر بەشداری پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکەن .

بەرمەبنای خستنەڕووی قۆناغە جیاوازەکانی ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت،کە ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان ڕەگ وڕیشەیەکی قوڵی لەمێژوویی کورددا هەیەو تاکو ئێستاش لە فۆرم و شێوەی جیاوازدا بەردەوامی هەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ململانێیانە بەشێوەیەکی ناتەندرووست و بۆ مەبەستێکی بەرژەوەندیخوازانەی کەسی و حزبی ئەنجامدراون ئامراز و هۆکاری گەرم لە ململانێکاندا بەکارهاتوون، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ململانێکان نەبێتە هۆکارێك بۆ بونیادنان و گەشەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵکو بەپێچەوانەوە کاریگەریان لەسەر بونیادی کۆمەڵگە و سەرجەم رەهەندە دەروونی وکۆمەڵایەتی وکلتوری و ئابووری و سیاسیەکانی هەبووەو بەهۆیەوە کۆمەڵێك سیمای جیاوازی بۆ کەسێتی کورد پێکهێناوە.

## باسی سێیەم / شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆجی بۆ کاریگەرییە فرە ڕەهەندەکانی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا.

ململانێـی سیاسـی بەرمـەبنای ئامـانج و ئـامراز و جۆرەکـانی، کاریگـەری ( ئـەرێنی یـان نەرێنی)لەسـەر تـاك و کۆمـەڵ وکۆمـەڵگا بەگشتی دروسـت دەکـات، بـەجۆرێك هەرململانێیـەك بـۆ ئامـانج و مەبەسـتێکی بونیادنەرانـەو پێشکەوتن و زیادکردنی خزمەتگوزاری و بەرجەستەکردنی دیموکراتی و یەکسانی کۆمەڵایەتی و تەواوکاری ئـەنجام بـدرێت و ئـامرازو پێنـاوە مەدەنییـەکانی وەك (پـرۆژە، گفتوگـۆ، دبلۆماسـیەت، رەخنـە...)ی تیـا بـەکاربهێنرێت، کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگا درووست دەکات و زەمینـە بـۆ هاوبەنـدی و گەشـەپێدان و پێشکەوتن و گـۆڕانی کۆمەڵگـە دەرەخسـێنێت، لەبەرامبەرەیشـدا ئـەو ململانێیانـەی بۆبەدەسـتهێنانی بەرژەوەنـدی کەسـی و حزبـی و دەسەڵات و باڵادەستی و هێزئەنجام دەدرێت و تیایدا بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتـەوەو نیشـتیمان دەکرێنـە قوربـانی وئامرازەکانی وەك (توندوتیژی، خیانەت، تیرۆر، هێزی چـەکدار، چەواشـەکاری..)تیا بـەکاردەهێنرێت، جگـە لـەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی و سەرجەم سیستەمەکانی جێدەهێڵێت، لەهەمان کاتـدا ناهاوسـەنگی و تێکچون لە سیستەمی کەسێتی و سیماکانیشدا دروست دەکات .

سەرەڕای ئەوەش نکۆڵی لـەوە ناکرێـت، سـیماکانی کەسـێتی بەرهـەمی چـرکە سـاتێکی دیـاریکراو نییـە، بـەڵکو دروستبوونی پرۆسەیەکی دورو درێژەو لەژێر کاریگـەری کۆمـەڵێك هۆکـارو کـەناڵی جیـاواز دایـە، هـەروەك بـەکۆی تیۆرەکانی کەسێتی (دەروونی ،کۆمەڵایەتی، کلتور) ئامـاژە بـەدووجۆر هۆکـاری سـەرەکی لـە بونیادنـان وپێکهێنـانی کەسێتی و سیماکاندا دەکەن، جۆری یەکەمیان هۆکاری ناوەکیە کە پەیوەندی بە پێکهاتەی (بۆماوە)وەو بایۆلۆژیەوە هەیە، دووەم هۆکاریش، خۆی لە هۆکارە دەرەکییەکان یـاخود ژینگەییەکانـدا دەبینێتـەوە، کەپێکدێت لـە سـەرجەم هۆکارەکانی وەك( ژینگەی سروشتی، ژینگەی کۆمەڵایـەتی، کلتـوری)؛(ابراهیم، ٢٠١٤: ٨٥-٨٧)، هـەروەك عـەلی وەردی کۆمەڵناسی عێراقی دەڵێت"دەتوانین بۆماوەو بایۆلۆژی بە مادەی خاو بچوێنین و هۆکـارە کۆمەڵایەتیـەکانیش بـەو کارگانـەی لـەو مـادە خاوانـەوە شـتومەك دروسـت دەکـەن"(الوردی، ٢٠٠١: ٢٠)، بێگومـان ململانێـی سیاسـی لـە چوارچێوەی هۆکارە ژینگەییەکەدا خۆی دەبینێتەوە، بەجۆرێك ململانێی سیاسی لە باشوری کوردسـتان بەدرێـژایی مێـژوو کاریگـەری ئـەرێنی و نـەرێنیان لەسـەر بونیـادی کۆمەڵایـەتی و سـەرجەم سیسـتەمە جیاوازەکـانی وەکـو (کۆمەڵایەتی، کلتوری، دەروونـی، ئـابوری، سیاسـی) جێهێشـتووە، هەریەکـە لـەم سیسـتەمانەش ڕۆڵیـان لـە گـۆڕین و پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کوردی دا هەبووە. کـەلێرە دامـاژە بـە گـرنگترین ئـەو کاریگەرییـە جیاوازانـە دەدەیـن ئەوانیش بریتین لە : -

## یەکەم/ کاریگەریە کلتووریەکانی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا:

کلتوور، یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتی –مێژوویی – ئیتنیکیانەی کۆمەڵگا، کە تابڵێی گەورەو ئاڵۆزە، پێش هەموو شتێك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە کۆمەڵگاو کلتور پێکەوە دروست دەبن ، هەر کۆمەڵبوونێکی خەڵك کلتووری تایبەت بەخۆی نەبێت، بونیادی کۆمەڵایەتیشی نابێت و نابێتە کۆمەڵگا، لەلایەکی دیکەشەوە کلتور دیاردەیەکی مێژووییە واتە مێژوویەکی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگادا هەیە، هەرقۆناغێکی مێژوویی کلتووری تایبەت بە خۆی هەیە واتە کلتوور سیمای قۆناغە مێژووییەکانی پێوەدیارە(میران، ٢٠١٠: ٦٣). هاوکات کلتوری سیاسیش دابڕاو نیە لە چوارچێوەگشتیەکەی کلتور و کلتوری کۆمەڵایەتی بەڵکو بەشێکە لێی، هەروەك چۆن کلتووری سیاسی دەکەوێتە ژێرکاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە، ئەوا بێشك کلتوری سیاسیش دەتوانێت کاریگەری لەسەر کلتووری کۆمەڵایەتی دروست بکات، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پەیوەندیەکی دیالکتیکی لە نێوان کلتوور و کلتووری سیاسی دا هەیە (ئەحمەد، ٢٠١٥: ١١)؛( سدیق، ٢٠١٥: ٥٨) ، هەربۆیە ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بیخەینە ڕوو کاریگەری گۆڕانی کلتووری سیاسیە لەسەر گۆڕانی ڕەگەزەکانی کلتووری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

بەرمەبنای ئەو ڕاستیەش لە هەرێمی کوردستان شوێنەواری ململانێ و ناسەقامگیرییە سیاسیەکانی بەجیاوازی قۆناغە مێژوویەکان کاریگەرییان لەسەر کلتووری سیاسی جێهێشتوە، بەجۆرێك بەدرێژایی مێژوو داگیرکەرانی کوردستان، هەموو جۆرە سیاسەت و ڕەفتارێکی دوژمنکارانەیان بەرامبەر بە کۆمەڵگای کوردی بەکارهێناوە، لەژێر کاریگەری ئەم بارودۆخەشدا، لەلایەکەوە کلتووری ڕووبەڕووبوونەوەو شۆڕش و بەرخودان لەناو کۆمەڵگای کوردیدا سەری هەڵداوەو گیانی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی و کوردایەتی بووە بە سیمای کەسێتی کورد، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی زوڵم و ستەمی ئەو هێزو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە، کلتووری (ترس لەدەسەڵات، پاشکۆبوون(گوێڕایەڵ)، کەم بڕوای بە شکۆمەندی خود، لاوازی بەشداریکردنی سیاسی، ڕێگەنەدان بە دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن ،...هتد) لەکۆمەڵگەی کوردیدا سەری هەڵداوە(ئەحمەد، ٢٠١٩: ٧٦) ئەم کلتورانەش چەندین سیمای وەکو (توندوتیژی و توندڕەوی، خۆسەپێن(دیکتاتۆر)، بەرژەوەندی خوازی،...هتد) بۆ کەسێتی کورد چەسپاندوە، لەڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندی کۆمەڵایەتی –سیاسیەوە بەهۆی کەناڵە جیاوازەکانی وەك( خێزان، ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن، هۆیەکانی ڕاگەیاندن، حزبە سیاسیەکان ) بۆ کەسییێتی کورد گوازراوەتەوەو دووبارە جۆرێك لە کلتوورو کلتووری سیاسی دروستکردوە بەردەوامی دەداتە ململانێ سیاسیە(ناوخۆیی، دەرەکیی)ەکانی باشوری کوردستان هەروەك ئەوەی لەنێو بازنەیەکی سوڕاوەدا خول دەخوات .

پاشان ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان لەیەکەمین ئەزموونی حکومڕانی کوردیدا کاریگەرییان لەسەر کلتوور و کلتووری سیاسی و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سیماکانی کەسێتی کورد درووست کردووە، جگەلەوەی هۆکارێکی بەهێزبوون بۆ بەدیهێنانی ئازادی پەرەپێدانی خزمەتگوزاریی و ئاوەدانکردنەوەو ڕەخساندنی هەلی کارو دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتی ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کێبڕکی و ململانێکان

لەپێناو بەرژەوەنـدی تایبـەت و هەوڵـدان بـۆ خۆبـەهێزکردن و فراوانکردنـی پێگـەی جـەماوەری و بەدەسـتهێنان و پارێزگاری لە دەسەڵات، بەجیاوازی قۆناغە مێژووییەکان چەندین ئەنجامی نەرێنی بۆ کۆمەڵگا لێکەوتەوە دەرچـەی بـۆ دەرکـەوتنی چـەندین دیـاردەی وەك( ناشـەفافیەت لـە پرسـە سیاسـی و ئابوریـەکان، پێشـێلکاری و یاساشـکێنی، سـاختەکردن لـە ئـەنجامی هەڵبـژاردن، خـزم خزمێنـە، دەسـەڵاتخوازی، بەرژەوەنـدی خـوازی، بـەکارهێنانی هێـزو دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی حزبی وتایبەت...هتد) کردەوە، هەموو ئەمانەش جگەلەوەی زەمینەیان بـۆ دروسـتکردنی قەیرانی (کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، کارگێڕی...هتد ) رەخساند، لەهەمانکاتدا بوونە هۆکارێك بۆ بەرهەمهێنانی کلتـووری (بەرهـەمخۆری، مشـەخۆری، هەلپەرسـتی، کەسپەرسـتی، بەرژەوەنـدی خـوازی) لـە بەرامبـەردا کلتـوری (بەرهەمهێنان، خۆماندووکردن، پێبەستی، خوێندن و پێشکەوتنی مەعریفی) لاواز بووە ( محمد، ٢٠١٩: ١٣٤).

بەردەوامی ململانێ و قەیرانەکان هۆکاربوون بۆ دەرکەوتنی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان لـە دوای سـاڵی ٢٠٠٨ ەوە کـە مۆدێلێکی نوێی لـە ململانێـی سیاسـی لـە کوردسـتاندا دروسـتکرد، لـە چوارچـێوەی خـەباتی مـەدەنی و بزوتنـەوەی جەماوەریدا ململانێی حزبە دەسەلاتدارەکانیان کـردوە، رۆڵـی کاریگـەرو هەسـتپێکراویان لـە هۆشـیاری و هۆشـیاری سیاسیدا گێرا، بەجۆرێك تاکـەکانی کۆمـەڵگای کـوردی هۆشـیاری و شـارەزایی وردیـان لـەبارەی ئاسـتی خۆسـەپێنی و بەرژەوەنـدیخوازی حزبـەکان و گەنـدەڵی و نادادپـەروەری و سـەروەرنەبوونی یاسـا لـە هـەرێمی کوردسـتاندا پەیـدا کردوە(صابر، ٢٠١٧: ٣٢) ئەمەش ڕۆڵی کاریگـەری لـە گەشـەدان بـە کلتـوری بەرپـەرچ دانـەوەو ڕەخنـەگرتن هـەبووە ،بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا نـەیان توانیـوە ئامانجـەکانیان لـەگۆڕانی کۆمەڵایـەتی و چاکسازی و دورخسـتنەوەی حزبـە دەسـەڵاتدارەکان لـە دەسـەڵات بەدەسـتبهێنن ، لەبەرئـەوەی حزبـە دەسـەڵاتدارەکان لـەپێناوی مانـەوەی خۆیانـدا لەدەسـەڵات پشـتگیری و هاوپـەیمانی یـەکتربوون، هەرئەمـەش وایکـردوە دۆخـی سیاسـی هـەرێمی کوردسـتان بەچەقبەستوویی بمێنێتەوەو ئەم دۆخەش سیمای نائومێد و دورەپەرێزی سیاسی بۆکەسێتی کوردد دروستکردوە .

بێگومان جگە لەو گۆڕانکاریانەی بە هۆی کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی بە ڕووی جیهانـدا و وەك دەرئـەنجامێك بـۆ دیاردەی بە جیهانیبوون لەکلتوری کوردیدا ڕوویـداوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو گۆڕانکاریانـەی بـەجیاوازی قۆناغـەکان لەکلتوری سیاسیدا لە باشوری کوردسـتان ڕوویـداوە، هـەروەك لەپێشـەوە باسمـان کـرد، بەگشـتی هۆکارێـك بـووە بـۆ تێکچوونی ڕەگەزەکانی کلتور بەگشتی و بەتایبـەتیش کۆدامـەزراوەی بـەهاکان تاڕادەیـەك تێکچوون و رووبـەڕووی شەپۆلێکی فراوانی گۆڕان و شێواندن بۆتەوە، ئەوگۆڕانانەش لە بەهاکانـدا کاریگـەرییان لەسـەر سـیماکانی کەسـێتی کوردی بەجێهێشتوە(حەسەن،٢٠٢٠: ١٥٢-١٥٣). بەجۆرێك بەها رەسـەنەکانی وەك(هاوکـاری، بەخشـندەیی، دەسـتپاکی، داوێن پاکی، ڕاستگۆیی ،چاکەکاری، دەست و دڵکراوە ، نهێنـی پـارێز، ڕێـزو خۆشەویسـتی،...هتد) بونەتـە قوربـانی ململانێ سیاسیەکان و لەجیاتیان کۆمەڵێك رەفتارو بەهای وەك( خیانەت، دیلکوشتن، داگیرکردن، تاڵانی، ڕاوەدونـان و دەرکردنی خێزانی ڕکابەری سیاسی، هەڵکوتانە سەر خەڵك، بێسەروشوێنکردن، خۆدەوڵەمەند کردن، گوێ نـەدان بە ئازارو داخوازی خەڵکی، بێمنەتی لە خەڵك و ڕێزدانـەنان بـۆ قوربانیـەکان، تێکچونی پەیوەندیـەکان، بێئـەرزش بوونی پیرۆزییەکان...هتد) دەرکەوتووە ( شریف، ٢٠٠٧: ١٩٢)؛(میران، ٢٠١٠: ١٠٣) .

(محمد طه حسين) له کتێبی (الـذات الکردیـة)دا ئاماژە بـەوە دەکات، کۆمەڵگەی کوردی رووبـەروی جۆرێـك لـە "ئایدزی کۆمەڵایەتی "بووەتەوە توانای بەرگریکردنی (کولتـور) بـەهاو داب ونـەریتی خـۆی لەدەسـتداوە، هەربۆیـە بەشێکی زۆر لەو بەهاو کلتووره نامۆیانەی لەدەوڵـەتانی تـرەوە بـەهۆی جیهانگیرییـەوە دێـت، بەئاسـانی تێکـەڵ بـە کۆمەڵگەی کوردی بون و تاڕادەیەکی زۆر جێگەی بەهاو کولتوره رەسەنەکانیان گرتۆتەوە(حسین، ٢٠١٦: ١٢٤).

هـەروەها (مـەریوان وریـا قـانع )، ئامـاژە بـەوە دەکـات، کۆمەڵگـەی کـوردی لـەدوای راپـەڕین و لـەژێر کاریگـەری ململانێکاندا روبەڕووی "شڵەژانی پێوانەیی" بووەتەوە، کە خۆی لە گۆڕانی خێراو ڕیشەیی لە( سیستەمی بەهاکان، ئـەخلاق، هەڵسـوکەوتی کۆمەڵایـەتی، پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی، فۆرمـەکانی ژنبـوون و پیـاوبوون، هـەژاری و دەوڵەمەندی...)، دەبینێتەوەو بەهۆیەوە کۆمەڵگەی کـوردی روبـەڕوی هـەرەس و دارِمـانی کۆمەڵایـەتی بووەتـەوەو سیسـتەمی بـەهاکان زیـانی گـەورەی بەرکـەوتووە(قانع، ٢٠١٨: ٥٥-٥٨). هـەموو ئەمانـەش زەمینـەیان بـۆ (نـامۆیی کلتووری) رەخساندووە، بەجۆرێك نەوەیەکی رەشبین و بێ متمانەو یاخی بەرامبەر بە بەهاو کلتورو داب و نەریتی کۆمەڵگاو پێوەرو رەفتارەکان درووست بووە، کە خۆی لەبەردەم ئەوپەڕی بێدەسەڵاتی و بێ هیوایدا دەبینێتەوە، بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخە تەنها کۆچ و بەجێهێشتنی وڵات بەچارەسەر دەزانێت ( عبداللە،٢٠١٠: ٣٧).

بەردەوامی ململانێ نێوخۆییـەکانی نێـوان حزبـەکان، بووەتـە هـۆی دابـەش بـوونی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ چـەند زۆنێکی دەسـەڵاتی جیـاواز کاریگـەری لەسـەر دیالکتیـك و زمـانی یـەکگرتوو دروسـتکردووەو بووەتـە بەربەسـت لـە بـەردەم پێکهێنـانی زمـانێکی یـەکگرتووی کـوردی، کـە هـەموو ناوچـەکان لـە پرۆسـەی خوێندنـدا بـەکاری بهێـنن، هەرئەمـەش وایکـردووە مـەودای جیـاوازی نێـوان دیالێکتـەکان فراوانتربێـت، بـەجۆرێك لـە ناوچـەکانی بادینـان، دیالێکتی کرمانجی باکورو لەناوچەکانی سۆرانیش کرمانجی ناوەراست بۆ نوسین و ئاخاوتن بـەکاردەهێنن. هاوکات بەردەوامی ململانێی نێوان حزبەکان بۆتە هۆی ئەوەی چەمك و زاراوەکـانیش بـە سیاسـی بکـرێن وەکـو (ئافرەتـان، ژنان، خوشکان، قوتابی، خوێندکار،فێرخواز، مەڵبەند، لق، مەکۆ، بازنە، ناوچە، کۆمیتە، ڕایەل...هتد) (محمد، ٢٠١٩: ١٣٦). سەرەڕای ئەوەش ڕێگری لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان خەڵکی ئەو دوو زۆنەدا دروسـت کـردوە، تەنانـەت ئەو لێکدابڕانی کۆمەڵایەتی و کولتورییەش چۆتە نێو چینی هونەرمەند و ڕۆشنبیرانیشـەوە، لـە کـاری هونەریشـدا هونەرمەندانی ئەو دووزۆنە تێکەڵ بەیەکتری نابن، ئەم کاریگەرییە تانوسینی ئەم توێژینەوەیەش هەر بەردەوامە. هاوکات بەردەوامی و چەقبەستویی ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان، کاریگەری و شـوێنەواری لەسـەر تێـڕوانین و ئەندێشەی چینی رۆشنبیرو ئەدیبانیش جێهێشتووە، بەجۆێك چ لە قۆنـاغی شۆڕشـی شـاخ و چ لـە دوای راپـەڕێن و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، سـەرەڕای ئـەوەی بەشـێك لـەم توێـژە زینـدوە نـەیتوانیوە بـە ئاراسـتەی ئـەرێنی و چارەسـەرکردنی ململانێـی نێـوان حزبـەکان هـەنگاو بنـێن، بـەڵکو خۆشـیان بونەتـە ئـامرازو کارەکتەری ململانێکان و لە رێگەی وتاری زبرو هۆنراوەی هەجووەوە، هێندەی تر ململانێکانیان توندتر کردۆتەوە و کاریگەریی نەرێنیان لەسەر ئاستی هۆشیاری تاکی کورد بە جێهێشتوە(حاجی شەریف، ٢٠٢٠: ٢٨٢-٢٨٣).

## دووەم/ کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا:

مرۆڤ لەرێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و دەوروبەرەوە کلتوور و بیروڕا و هەڵوێست و تایبەتمەندی و ڕەفتار و هەست و بیرکردنەوە وەردەگرێت و فێر دەبێت، جێگەی باسە ململانێی سیاسی لە کوردستاندا زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و تێکچوونی گرنگترین ئەرك (وەزیفە) ی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان کە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسیە ڕخساندووە ، ئەنجامەکەشی بە دەرکەوتنی چەند سیمایەك لەکەسێتی کورددا کۆتایی پێهاتووە هەروەك لەخوارەوە ئاماژەی پێدراوە:-

**پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی – سیاسی :-** پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان وەك هەر کۆمەڵگایەکی تر ئەرکی سەرەکیان گواستنەوەی کلتورو کلتوری سیاسیە لە ڕێگەی سەرجەم کەناڵە جیاوازەکانی وەکو(خێزان، پەروەردەو فێرکردن، ئاین، حزبە سیاسیەکان، ڕاگەیاندن، کۆمەڵگای مەدەنی) بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری ململانێ سیاسیەکاندا بووە، دەرئەنجامی ئەمەش کۆمەڵێك سیمای نوێیان بۆ کەسێتی کوردی دروستکردوە هەربۆیە بەگرنگی دەزانین تیشکێك بخەینە سەر ئەرکی کەناڵەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی-سیاسی لەژێر کاریگەری ململانێی سیاسی دا ئەوانیش بریتین لە :-

**١- دامەزراوەی خێزان :-**

دامەزراوەی خێزان لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، هاوشێوەی کۆمەڵگەکانی دیکە، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی تاکەکاندا، بەتایبەتیش پێبەست بوون یاخود ڕەتکردنەوەی حزبە سیاسیەکان لە لایەن خێزانەوە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر منداڵ و تاکەکانی خێزان درووست دەکات، بەسەرنجدانێکی گشتی ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، لایەنگری و پێبەست بوونی زۆربەی تاکەکانی خێزانی کوردی بۆ حزبێکی سیاسی وەك میرات لە باوانەوە بۆیان ماوەتەوە، تەنانەت هەندێك جار بنەماڵەو خێڵێکی گەورە لەسەر هەمان ڕێچکەی سەرۆکی خێڵەکە پشتگیری و لایەنگری خۆیان بۆ حزبێکی سیاسی رادەگەیەنن، بەبێ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکیان بۆ مێژوو و خەبات و ئەجندای کاری ئەو حزبە هەبێت، بێگومان ئەمەش بۆ ڕەتکردنەوەو نەیاربوونی حزبەکانیش هەر ڕاستە( عبدالله، ٢٠١٠: ٤٥).

ئەمەش وایکردوە ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان زۆر بەئاسانی بۆ نێوخێزانەکان بگوازرێتەوە، چونکە لەلایەکەوە بەهۆی ئەوەی زۆرینەی خێزانەکان لایەنگر یان پێبەستبوونی سیاسیان بۆ حزبێکی دیاریکراو هەیە، لەکاتی پەرەسەندنی ململانێ حزبییەکاندا، ململانێکان سروشتێکی کۆمەڵایەتیان وەرگرتووەو شۆڕبونەتەوە بۆ نێو خێزان و کۆمەڵگە، تەنانەت زۆرجار ئەم ململانێ حزبییە لەناوخودی خێزانێکدا ڕەنگی داوەتەوەو بەوهۆیەشەوە خێزانەکە بەئاڕاستەی دارمان و هەڵوەشانەوە هەنگاوی ناوە(صابر،٢٠١٧: ٢٠)، لەئەنجامی پەرت بوونی خێزانەکانیشدا پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندن کەوتۆتە بەر مەترسیەکی گەورە، هەروەها ڕاستەوخۆش کاریگەری

نـەرێنی لەسـەر پەیوەندییـە کۆمەڵایـەتیی نێـوان تاکـەکانی کۆمـەڵگای کـوردی درووسـتکردووە، چـونکە حزبـە سیاسـیەکان لـە ڕێگـەی بەیاننامـەو ئـەدەبیاتی حزبـی و کلتـوری سیاسـیەوە، تـۆوی دووبـەرەکی و بـەدوژمنزانینی حزبەکانی دیکەیان لەنێو ئەندام و لایەنگرانیان چاندووە کەئەمەش نەوە لەدوای نەوە لەڕێگەی خێزانەوە بۆ تاکی کورد گوازراوەتەوە(حاجی شەریف،٢٠٢٠: ٣٠٥).

لەلایەکی دیکەوە ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان لـە پێنـاو دەسـەڵات و بەرژەوەنـدی تایبەتـدا، پەرپەوتـەوە بۆنێو خێزانەکان و کۆمەڵگا، چونکە تارادەیەکی زۆر لـە نـاخی تاکدا بەرژەوەنـدی تایبـەتی، جێگـەی بەرژەوەندیـە گشتی و نیشتیمانیەکانی گرتۆتەوە، لەسەر ئەو بنەمایە تاك پەروەردەکراو سیمای بەرژەوەندیخوازی بەسەرکەسێتی تاکـەکانی کۆمەڵگـەی کوردیـدا زاڵ بـووە، ئەمـەش وایکـردووە، پەیوەنـدیی کۆمەڵایـەتی و سـۆزداری و خێزانیـەکان لاوازبـبن و بـەهاو ئاکارەکـانی هاوکـاری و ڕێـزو خۆشەویسـتی لـەنێو تاکـەکانی کۆمـەڵگا هـەرەس بێـنن، ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە کۆمەڵگـەی کـوردی بەکۆمەڵگەیـەکی سـوننەتی و خێڵـەکی دادەنرێـت، یـەکێك لـە تایبەتمەندییـە سـەرەکییەکانی ئـەم جـۆرە کۆمەڵگایانـە پاراسـتن و پابەندبونیانـە بـە بـەهاو پرەنسـیپ و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

هەروەها ململانێی سیاسـی هۆکـاری سـەرهەڵدانی قـەیرانی سیاسـی و ئـابووریی بـوون، کـە کاریگـەری نـەرێنییان لەسەر پێکهاتەی خێزان درووست کردووەو ئاسایشی ژیـان و ئابوورییـان کەوتۆتـە مەترسـییەوە، هەربۆیـە بەشـێکی زۆری دایکـان و باوکـان ململانێـی حزبـە سیاسـیەکان بـە هۆکـاری ئـەو قـەیران ئابوورییـە دەزانـن کـە ڕوبـەڕووی خێزانـەکانیان بووەتـەوە، سـەرەڕای ئـەوەی هۆکارێـك بـووە بـۆ پـەرتبوون و جیـا بوونـەوەی ژمارەیـەك لـە خێزانەکان(شەریف، ٢٠٠٧: ١٦٤، ١٨٥) ، لەلایەکی دیکەوە بێکاری و هەژاری خێزانەکان وایکردوە کە نـەتوانن تـوڕەیی و بێزاری خۆیان بەرامبەر بە حزبە سیاسیەکان لای منداڵەکانیان بشارنەوە، بەڵکو بە ئاشکرا نەفرەت لە خـەبات و رابردوویان دەکـەن، کـە بێگومـان هـەموو ئەمانـەش لەپـەروەرەکردن و پێگەیانـدنی کۆمەڵایـەتی سیاسـی تاکـەکانی خێزانـدا ڕەنگدەداتـەوەو دەرئـەنجامی ئەمـەش تـاکێکی وابەسـتە نـەبوو بـە پرسـە نشـتیمانی و نەتەوەییـەکان و خەمسارد و دڕدۆنگ بە پرۆسەی سیاسی، پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکەن. ئەمەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەرکاتێك خێزان ئارام و تەندروست و سەقامگیر نەبێت، ناتوانێت تاکێکی تەندروست و خاوەن بەهاو کولتـوری جـوانی وەك (ڕاسـتگۆیی، ئەمانـەت پـارێزی، هاوسـەنگی، نـەرم و نیـان ،...هتـد) پێشـکەش بـە کۆمـەڵگا بکـات، بەپێچەوانەشـەوە هـەرکاتێك خێـزان بـارودۆخ وپێداویسـتیەکانی و ئاسایشـی فەراهـەم وپـارێزراو بێـت، هۆشـیاری ئایدۆلۆجی و سیاسی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر کۆمەڵگا زیاتر دەبێت(الحسن،٢٠٠٨: ٢٧٤-٢٧٥).

**٢- دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن :-**

لەهەرێمی کوردستاندا دامەزراوە پەروەردەییەکان بەهۆی کاریگەری ململانێ سیاسیەوە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی درووست لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵ ببینن، ئەم تێڕوانینەشمان لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتـووە

کـە کۆمەڵگـەی کـوردی کۆمەڵگەیـەکی تـەواو سیاسـیەو هـەموو جومگـەو رەهەنـدە کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و پەروەردەییەکان بەسیاسی کراون و تاڕادەیەکی زۆریش ئەنجامی نەرێنی لێکەوتۆتـەوە( مـیران،٢٠١٠: ٣٠)، بـەجۆرێك بەهۆی باڵادەستبوونی (ی.ن.ك)و(پ.د.ك) بەسەر هەردوو زۆنی سەوزو زەردا، تاڕادەیەکی زۆر هەوڵیانداوە مێژوو خەباتی رابردووی حزبی خۆیـان لـە پرۆگرامـی خوێندنـدا بچەسـپێنن، ئەمـەش وایکـردووە ، ئایـدۆلۆجیای حزبـی لەناو پرۆسەی خوێندندا رەنگبداتەوەو دامەزراوە پەروەردەییەکان بـە بـەرگێکی حزبییـەوە پرۆسـەی پێگەیانـدنی کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکەن( میران،٢٠١٠: ٤٦، ٩٢). لەلایەکی دیکەشەوە دوو حزبە سـەرەکییەکەی کوردسـتان بـەمافی خۆیان زانیوە پلەو پۆستی زانستی و کارگێرییـەکانی نێـو قوتابخانـەو زانکۆکـان بـۆ خۆیـان قـۆرخ بکـەن، تەنانـەت دامەزرانـدنی مامۆسـتاو فەرمانبـەرانیش تارادەیـەکی زۆر لەسـەر بنـەمای حزبـی بـووە نـەك لێهاتویی و کارامـەیی (صابر، ٢٠١٧: ٢٧).

لـەژێر کاریگـەری ململانـێ سیاسـی و دەسـتێوەردانی حزبـی لـە ناوەنـدەکانی خوێنـدن و زانکۆکانـدا، کاریگـەری لەسـەر ڕەوشـی خوێنـدن و دەوام و تەنانـەت پرۆگرامـی خوێنـدنیش هـەبووە ، سـەرەڕای ئـەوەش شـکاندنی شـکۆی مامۆسـتا ئاسـتەنگێکی تـری کـەرتی پەروەردەیـە ، بێگومـان هـەموو ئەمانـە کاریگـەری نـەرێنی لـە سـەر پرۆسـەی پەروەردەو پێگەیاندن دروستکردوە و تاڕادەیەك خوێندن و خۆمانـدووکردن بـەهای خـۆی لەدەست داوە، سـەرەڕای ئـەوەش دەزگـا پەروەردەییـەکان نـەیانتوانیوە هاوڵاتیـەکی بـاش خـاوەن مەعریفـە و ڕۆشـنبیری گشـتیو نەوەیەکـە بەرپرسیار پێبگەیەنن کەلەگەڵ گۆڕانکاریی و بەرەو پێشەوەچوونی سەردەمدا بگونجێن (شەریف، ٢٠١٩: ٣٠٢) .

سەرەڕای ئەوەش چـەمك و زاراوەکـانی خوێنـدنیش بـە حزبـی کـراوە، بـەجۆرێك هەریەکـە لـە حزبـە سیاسـیەکان چــەمکێکی تایبــەت و دیــاریکراوی بــۆ دامــەزراوەکانی خوێنــدن داتاشــیوە، لەوبارەیــەوە( قوتابخانــە، قوتــابی) لەناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی(پ.د.ك)دا بـەکاردەهێنرێت و هێمایـە بـۆ لایـەنگرانی ئـەو حزبـە، لەبەرامبەریشـدا (خوێندنگە، خوێندکار) لەسنوری زۆنی سـەوزدا بـەکاردەهێنرێت و هێمایـە بـۆ لایـەنگرانی(ی.ن،ك)، لەهەمانکاتـدا چەمکی (فێرخواز)لەلایـەن حزبـە ئیسلامییەکانەوە بـەکار دەهێنـرێت( محمـد، ٢٠١٩: ١٢٦)، هەربۆیـە بـەکارهێنانی هەموو ئەم چـەمك زاراوانـە مـۆرکێکی سیاسـیان وەرگرتـووەو لـە ئێستاشـدا بـەردەوامیان هەیـە، تەنانـەت لـە دوای یەکگرتنەوەی روکەشانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ لایەکیان دەستبەرداری ئەو چەمکانە نـەبوون، بـەڵکو لە نوسراوە فەرمییەکانیشدا بەشێوەی لێکدراو چەمکی( قوتابی خوێندکار ) بەکاردەهێندرێت.کە هەموو ئەمانەش سیمای دووفاقیان بۆ کەسێتی کوردد داتاشیوە.

سەرەڕای ئەو کۆششـانەی لـە بـواری باڵەخانـەی قوتابخانـە و زانکۆکانـدا خـەرجکراوە (بنیادنـان، نۆژەنکردنـەوە) بـەلأم هێشـتا کـەموکوڕی هەیـە، بێگومـان هۆکـاری ئەمـەش بـۆ ململانێـی سیاسـی نێـوان حزبـەکان ودابەشـکردنی دەسـەڵات و کولتـور وسەرچـاوە دارایـی و سروشـتییەکان لـەنێوان حزبەکانـدا لەهـەرێمی کوردسـتان دەگەڕێتـەوە، دۆخێکی وەهای رەخساندووە، بەرەوپێشـبردن و دابینکردنـی بوجـەی پێویسـت بـۆ کـەرتی پـەرەوەردە و فێرکـردن

نەبێتە کاری لەپێشینەی حزبە دەسەڵاتدارەکان، بەتایبەتیش تاکو ئێستا ژمارەیەك لە قوتابخانەکان لە خانوی کرێدان و زۆرینەشیان لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی تێدایە کە لەگەڵ مەرج و ستانداردی جیهانیدا ناگونجێت، لەهەمان کاتدا زیاتر لە دەوامێکیان تێدایە ، سەرەڕای مانەوەی بابەت و پڕۆگرامەکان بە تیۆری و زمینە سازی بۆ خوێندنی پراکتیکی نەکراوە، هەموو ئەمانەش وایکردووە کە ژێرخانی پەروەردەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لەرێگەی پرۆگرامی مۆدێرن و کردنەوەی خولی راهێنان بۆ مامۆستایان لە ئاست پێویستدا نەبێت، ئەمەش لەکاتێکدایە زەمینەیەکی لەبار بۆ کردنەوەی قوتابخانەو زانکۆ ناحکومییەکان (ئەهلی) رەخساوە، کە بەشی هەرەزۆریان لەلایەن بەرپرسە حزبیەکانەوە دامەزرێنراون و زەوی و بودجەی گشتیان بۆ دابین کراوە، بەبڕوای هەندێك لە شارەزایان کردنەوەی قوتابخانەو زانکۆ ناحکومییەکان، بونەتە هۆی زەقکردنەوەی جیاوازی چینایەتی و نایەکسانی فەرامۆشکردنی زمانی کوردی. ( شەریف، ٢٠١٩: ٢٩٧-٢٩٨)

هەروەها کاریگەری ململانێی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی عێراق و ململانێی نێوان دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم لەسەر جیاوگی دارایی و پێداگرییان لەسەر ئابووری سەربەخۆ، دۆخی ئابووری کۆمەڵگای کوردییان بە ئاراستەی دارمان بردووەو بەو هۆیەشەوە لەساڵێکدا مامۆستایان و فەرمانبەران بە لێبڕین و پاشەکەوتیشەوە تەنها چەند موچەیەك وەردەگرن، ئەمەش وایکردوە ناوەناوە بایکۆتی پرۆسەی خوێندن بکرێت، لەچەند روویەکەوە زیانی بە پرۆسەی خوێندن گەیاندوە، لەلایەکەوە قوتابیان ماوەیەکی زۆری کاتی خوێندنیان بەفیڕۆ دەڕوات و قەرەبوو ناکرێتەوە، لەلاییەکی دیکەشەوە بەشێك لە مامۆستایان بە مەبەستی بەدەستهێنانی بژێوی ژیان پەنا بۆ کارێك دەبەن، تەواو لەگەڵ پسپۆڕییەکەیان دوورە، ئەمەش وادەکات مامۆستایان لە ژینگەی پەروەردەیی و زانستییەوە دووربکەونەوە، خودی مامۆستاش ناتوانێت قوتابی خوێندکار لەسەر بنەمای خۆشەویستی و وەفاداری بۆ خاك و نیشتمان پێبگەیەنێت.

بەرمەبنای ئەو واقعە پەروەردەیی و فێرکارییەی کوردستان ، ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت، دەزگا پەروەردەییەکان وەك دەزگایەکی سەرەکی لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە، نەیانتوانیوە بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن و تاکێکی هوشیارو خاوەن بەهای نەتەوەیی و بەرپرسیار بەرامبەر بە خاك و کۆمەڵگا بەرهەم بێنێت، چونکە بە بڕوای هەندێك لە شارەزایان خودی دامەزراوەکە خۆی لە قەیراندایە.

### ٣- دامەزراوەی ئاینیی : -

دامەزراوە ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستاندا رۆڵی سەرەکییان لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەو چەسپاندنی پرەنسیپەکانی ئاین و زانست و بەها رەسەنەکانی کۆمەڵگەی کوردی و جۆشدانی گیانی نیشتیمان پەروەری و تەنانەت رەواییدان بە ئەنجامدانی شۆڕش و راپەرین لە دژی زاڵم و داگیرکەرهەبووە، بەتایبەتیش لەسەروبەندی راپەڕینی بەهاری١٩٩١ دا یەکەمین بانگەوازی ئەنجامدانی شۆڕش لەدژی حکومەتی بەعس، لە مزگەوتی گەورەی شاری رانییەوە راگەیەنراوە( پەیسەر، ٢٠١٩:

https://www.peyserpress.com/detail/1545 )، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لەژێر کاریگەری ململانێکاندا هەندێك جار ئاین و مزگەوت لەلایەن حزبە ئیسلامییەکانەوە وەك ئامرازێك بەکار هێنراوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسیەکانیان(صابر، ٢٠١٧: ٢٢)، بێگومان ئەمەش جگەلەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر خودی ئاینەکەو تێڕوانینی بەشێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ بنەما سەرەکییەکانی ئاین دروست کردووە، لەهەمانکاتدا هۆکارێکیش بووە بۆ برەو دان بە هزری توندڕەوی ئایدۆلۆجی .

لەلایەکی دیکەوە حزبە عەلمانییەکانیش بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێکانیان و کۆنترۆڵکردنی رەوشی سیاسی و ئاسایش پەنایان بۆ بەکارهێنانی ئاین و مزگەوت بردووە، لەوبارەیەشەوە هەوڵیانداوە وتاری رۆژانی هەینی سانسۆرو کۆنترۆڵ بکەن، تەنانەت لە کاتی ئاڵۆزی و پەرەسەندنی ململانێکانیاندا، سودیان لە فتوای مەلاکان و لیژنەی باڵای فتوای ئاینی وەرگرتووە، لەو بارەیەوە لەسەروبەندی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە نادادپەروەری و گەندەڵی، بەرپرسەباڵاکان بەئاشکرا داوایان لە پیاوانی ئاینی کردووە لە وتارەکانیاندا ئامۆژگاری خەڵکی ناڕازی بکەن کە بەرگەی بارودۆخی قەیرانی ئابووری بگرن و خۆیان بەدووربگرن لە توندوتیژی و دژایەتی دەسەڵات، ئەم شێوازە هەڵسوکەوتەش هاوتەریبە لەگەڵ رەفتاری سوڵتانەکانی عوسمانی کە کۆمەڵناسی عێراقی (عەلی وەردی لە کتێبی واعیزەکانی سوڵتاندا ) ئاماژەی پێکردووە کە چۆن بەمەبەستی پەردەپۆشکردنی نادادپەروەری و ستەمکارییکانیان پەنایان بۆ زانایانی ئاینی بردووەو هەندێکیشیان دەقە قورئانی و حەدیسەکانیان لە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران بۆ هاوڵاتیان شرۆڤە کردووە(ئەحمەد، ٢٠١٧: ٦٥-٦٦).

هاوکات هەندێك جار هەژموونی حزب لەسەر لیژنەکانی فتوای ئاینی گەیشتوەتە رادەیەك لە دیاریکردنی یەکەمین رۆژی جەژنەکانیشدا رەنگیداوەتەوە، بەجۆرێك هەندێکجار بەهۆی باڵادەستبوونی پارتی و یەکێتییەوە، شارەکانی هەولێر و سلێمانی بەجیا جەژنیان کردووەو پابەندی فتوای ئاینی یەکتری نەبوون ( محمد، ٢٠١٩: ١٢٧). بێگومان هەموو ئەمانەش هۆکاربوون کە ڕۆڵی ئاین لەچوارچێوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەبەراورد بە قۆناغەکانی رابردوو لاواز ببێت و تاڕادەیەك نەتوانێت کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر تاك دروستبکات ،بەمەش سیمای پابەند بوون بە بنەمای ئاینیەوە لەکەسێتی بەشێك لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا لاوازبووە .

٤- **راگەیاندن:-**

یەکێکی دیکەیە لەو ئامرازانەی لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی سیماکانی کەسێتیدا ڕۆڵ دەبینێت، ڕەفتار و بەها و ئاراستە و پرنسیپەکان و لەناخی تاکدا دەچێنێت. لەدروستکردنی رای گشی و هۆشیاریدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، بەتایبەتیش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای زانیاری فراوانبوونی تۆڕەکانی پەیوەندیکردنەوە کاریگەرییەکەی زیاتربووەو لەتوانایدا هەیە لە ماوەیەکی دوورمەودادا گۆڕانکاری لە هۆشیاری و بیروبۆچوون و هەڵوێست و ئاڕاستە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدۆلۆجییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا بکات

و سیمای نەتەوەیی و نیشتمانی و بەرزڕاگرتنی بەهاکان لە کەسێتی تاکدا بچێنێت، کە بێگومان پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە(الحسن، ٢٠٠٨: ٢٧١-٢٧٢).

ژینگەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕووی ئامرازو پێداویستییەکانییەوە بەدەرنییە لە ژینگەی ڕاگەیاندنی جیهان، بەڵام پێویستە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین ، ڕاگەیاندنی کوردی لەسەرجەم قۆناغ و وێستگەکانیدا دەرهاویشتەی ئەو سیستەم و دەسەڵاتەیە کە تیایدا گەشەی کردووە، بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕین ڕاگەیاندنەکان لە ڕووی چەندێتییەوە ژمارەیان زیادی کردووە، بەهۆی کاریگەری ململانێی سیاسیەوە ئایدۆلۆجیای حزبی بەسەریاندا زاڵ بووەو بە ئاشکرا حزبە سیاسیەکان بۆ بانگەشەو بازاری سیاسی خۆیان بەکاریان هێناوە نەك بۆ گەشەپێدانی هۆشیاری و مرۆیی تاکەکانی کۆمەڵگا(صابر،٢٠١٧: ٣٠) ، بەتایبەتیش لەسەروبەندی پەرەسەندنی ململانێکان و شەڕی ناوخۆدا، ڕاگەیاندنەکان هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ ئاڵۆزترکردنی بارودۆخەکەو تۆخکردنەوەی سیمای تۆڵە و توندوتیژی و توندڕەوی لەکەسێتی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا .

پاشان بەهۆی پەرەسەندنی ڕاگەیاندنی سێبەرو ئەلکترۆنییەوە، ژینگەی ڕاگەیاندن بووەتە ئامرازێکی بەهێزی ململانێی نێوان حزب و کەسێتیە سیاسیەکان، بەجۆرێك ئەگەر لایەنە ململانێکارەکان نەتوانن ڕاستەوخۆو بە ئاشکرا ڕووبەڕوو ململانێی یەکتربکەن، ئەوا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی سێبەرو سۆشیال میدیاوە دژایەتی یەکتری دەکەن و هەواڵی ناراست و بێبنەما بڵاو دەکەنەوە هەوڵی چەواشەکردن و بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی دەدەن. جگە لەوەش هەندێك جار بەرپرسە سیاسیەکان لە ڕێگەی وتارو بڵاوکراوە توندو زبرەکانیانەوە کە لە ئەنجامی ململانێی حزبایەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە، دۆخی ناسەقامگیررو شڵەژانی کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنن و بەهۆیەوە ئاسایشی خێزان و کۆمەڵگە تێکدەدەن.( (محمد، ٢٠١٩: ١٢٨-١٢٩).

تاکی کورد لە هەرێمی کوردستان، کەوتوەتە نێوان دوو جۆر ڕاگەیاندنی جیاوازەوە، یەکێکیان ڕاگەیاندنی حزبی و سێبەرە کە بۆ بەرژەوەندی حزب و پێداهەڵدان بەدەسەڵات بەکارهێنراوە، ژینگەیەکی ڕاگەیاندنی ئاڵۆزو چەواشەکارییان لە هەرێمی کوردستاندا ڕەخساندووە(عومەر، ٢٠٢١: ٣٠-٣٤)، سیمای هۆشیاری ساختەیان بۆ کەسێتی تاکی کورد بەرهەمهێناوە، لەلایەکی دیکەوە حزبە دەسەڵاتدارەکان چەندین کەناڵی بینراو بیستراویان دروستکردووە بۆ لەبیربردنەوەی قەیرانەکان کە ململانێی سیاسی دروستی کردوە تێدا بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژاو کولتورو بەهاو داب و نەریتی کۆمەڵگە جیاوازەکان بۆ کۆمەڵگەی کوردی دەگوازرێتەوە کە بێگومان ئەویش بۆتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان و بەها و پێوەرە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەی کوردی. دووەمیشیان ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن و نیمچە سەربەخۆیە لە دژی دەسەڵات کاردەکات و کەم و کورتییەکانی حکومەت دەخاتەڕوو، سەرەڕای ئەوەی تاڕادەیەکی باش بوونەتە دەنگ و ڕەنگی خەڵکی بەشخوراو پاڵەپەستۆیان خستۆتە سەر حزبە دەسەڵاتدارەکان تا بەخۆیاندا بچنەوەو هەوڵی چاکسازی بدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خستنەڕووی ئەو واقعە تاڵە و بەردەوامی قەیران و نە بوونی چارەسەر و چەق بەستوویی دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵك و بێمنەتی حزبەکان،

سیمای بێزاری ولاوازی پێبەستبوونی هاولاتیانی بۆ سیاسەت وپرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان بۆ کەسێتی کوردد دروست کردوە( قادر، ٢٠٠٧: ٢٦٧) .

٥- **حزبی سیاسی:-**

یەکێکە لەو دامەزراوە گرنگانەی لەرێگەی ئەنجامدانی ئەرکە سەرەکییەکانییەوە بەشداری لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی سیاسیدا دەکات و شوێنەوار لەسەر سیماکانی کەسێتی تاك جێدەهێلێت، پێویستە ئەو ڕاستیەش لەبەرچاو بگیرێت ، ئەرکی حزبە سیاسیەکان لە کۆمەلگایەکەوە بۆ یەکێکی تر بەپێی ئاستی هۆشیاری و پێشکەوتویی کۆمەلگەکەو پێگەیان لە ژیانی سیاسیدا جیاوازە. بەجۆرێك ئەرکی حزبی سیاسی لەسیستەمی دیموکراسیدا جیاوازە وەك لە سیستەمی دیکتاتۆری، جگەلەوەش ئەرکی حزبێك لە نێو دەسەلاتدا جیاوازە لەحزبێکی بەرهەلستکار، بەشێوەیەکی گشتی لە ئەرکی حزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا، دەکرێت ئاماژە بەو راستییە بکەین، کە تارادەیەك حزبە سیاسیەکان ئەرکی گشتی و پەروەردەییان ئەنجامداوە، بەلام لەبەرئەوەی حزبە کوردییەکان لەهەناوی واقعی سیاسی- کۆمەلایەتی – ئابووری- رۆشنبیری کۆمەلگەی کوردییەوە سەرچاوەیان گرتووە، نەیانتوانیوە بەپێی پرەنسیپ و پێوەرەکان ئەرکە حزبیەکانیان جێ بەجێ بکەن، بەتایبەتی نەیانتوانیوە ببنە ئەلقەی پەیوەندی لەنێوان هاولاتی و دەسەلات و تارادەیەك لە پرۆسەی هۆشیاری هاولاتیانیشدا، سەرکەوتوو نەبوون (سدیق، ٢٠١٥: ١٤٤-١٤٦)، لەلایەکی دیکەوە بەسەرنجدانێکی گشتی لە ئەزموون و رەفتارو شێوازی حوکمڕانی حزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، بەهۆی بەردەوامی ململانێی ناتەندروستی نێوانیان و چۆنێتی بەرێوەبردنی دەسەلات، دەگەینە ئەو بروایەی کە حزب هێندەی ئامانجی گەیشتن بووە بە پۆست و پایەکانی دەسەلات و حکومڕانی لە (هەرێم، بغداد) ،ئەوەندە لەخەمی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا نەبوون، تەنانەت بە بڕوای توێژەران خۆیان خولقێنەری قەیران وگرفتە هەمەجۆرەکانی کۆمەلگابوون (شەریف، ٢٠٠٧: ١٦٦)، جگە لەوەی هاوشێوەی حزبی کۆمەلگە دواکەوتووەکان مامەلەیان کردووەو بەرژەوەندی حزبیی و بنەمالیی و خێلەکییان پێش بەرژەوەندی تاکەکانی کۆمەلگە خستووە، بەتایبەتیش لەبە کاریزماکردنی سەرکردەدا لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیدا ڕۆلێکی کاریگەریان هەبووە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش کۆی دامەزراوەو رەهەندە جۆربەجۆرەکانیان بەسیاسی کردووە، هاوکات لە جیاتی پێکهێنانی رای گشتی، کاریان لەسەر چەواشەکاری کردووەو لەژێر کاریگەری ململانێکانیشیاندا زەمینەیان بۆ گەندەلی و ناشەفافیەت و فۆرخکردنی سەرچاوەکانی داهات و نادادپەروەری و خراپ بەکارهێنانی دەسەلات و زەقکردنەوەی دیاردەی نایەکسانی وجیاوازی چینایەتی بوون ( (حەسەن، حەسەن، ٢٠٢٠: ١٧-٢٠) سەرەڕای ئەمانەش بەشدار نەبوون لە درووستکردن و بەهێزکردنی پەیوەندی لەنێوان تاکەکانی کۆمەلگاو دەسەلات و هۆشیارکردنەوەی تاك لەبەرامبەر پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانی و کۆمەلایەتییەکاندا( مەحمود، ٢٠٠٩: ١١٢-١١٥).

٦- **ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی :-**

یەکێکی ترە لەو دامەزراوە سەرەکییانەی کە لەپرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی تاکدا رۆڵ دەبینێت، کە رایەڵێکی پێکەوە بەستراوە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لەلایەك و لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەت لەلایەکی تر، ئەم پەیوەندییەش لەسەر بنەمای گۆڕینەوەی بەرژەوەندی و سوودو ڕازیبوون و لێکتێگەیشتن و جیاوازی ماف و ئەرك و بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوەی دەوڵەت بنیادنراوە .

سەرەتای دەرکەوتنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ دوای راپەرین و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە لەو قۆناغە بەدواوە بە مەبەستی پێشکەش کردنی هاوکاری مادی و مەعنەوی بەهاوڵاتیانی ناوچەکە، قورسایی چالاکییە مرۆییەکانیان دەستپێکردووەو هەوڵیانداوە بۆشایی نێوان حکومەت و هاوڵاتی پڕبکەنەوە، چەندین خزمەتگوزاری و هاوکاری پێشکەش بکەن ،بەڵام بەسەرنجدانێکی گشتی لە شێوازو ئامانج و کارو ئەجندای ئەم ڕێکخراوانە، دەگەینە ئەو بڕوایەی ئەم گروپ و ڕێکخراوانە نەیانتوانیوە ببنە پردی پەیوەندی لە نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات ، تەنانەت نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی درووست بەکاری خۆیان هەستن و ببنە فشار لەسەر حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەروەها نەیانتوانیوە ببنە هێزێکی فشاری کاریگەر لەسەر چەسپاندن و پەرەپێدانی بنەماکانی مافی مرۆڤ ودیموکراتی، لەهەمانکاتدا چالاکییەکانیان نەبۆتەهۆی کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات( شەریف، ٢٠٠٧: ١٦٩-١٧٠ ). چونکە زۆرینەیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە لایەن حزبە سیاسیەکانەوە دامەزرێنراون و بوجەیان بۆ دابین کراوەو ئەجندای ئەوان جێبەجێ دەکەن، ئەمەش وایکردووە کە ململانێ حزبە سیاسیەکان لە بونیادو سروشتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا رەنگبداتەوە، سەربەخۆنەبوونی ئەم ڕێکخراوانە و مانەوەیان لە دۆخێکی چەقبەستوویی و چوارچێوەو سنورێکی تەسکی جوگرافی و سیاسیداو کەوتنە ژێر هەژمونی ئایدۆلۆجیای حزبی و بەرژەوەندی پەرستی، جگە لە زیاتر ئاڵۆزکردنی دۆخی کۆمەڵگەو بڵاوکردنەوەی نائومێدی و دڕدۆنگی و نەهامەتی و کاڵکردنەوەی ڕەگەزەکانی کلتور، نەیانتوانیوە سودێکی ئەوتۆ بەکۆمەڵگە بگەیەنن و کاربکەن بۆ گۆڕین و باشکردنی بارودۆخ و گەشەپێدانی تواناکانی هاوڵاتیان، چەسپاندنی بنەماکانی یموکراسی بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆرینەی ئەم ڕێکخراوانە خۆیان بوون بە بارگرانی بەسەر کۆمەڵگاوە (قادر، ٢٠٠٧: ٢٣٩-٢٤٧).

هەموو ئەمانەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی پاشکۆیەتییان بۆ حزبە سیاسیەکان و رەنگدانەوەی ململانێی حزبەکان لە بونیادی ئەم ڕێکخراوانەدا، جگە لەوەی نەیانتوانیوە ببنە سەکۆیەك بۆ داکۆکیکردنی ماف و داواکاری چین و توێژەکان و درووستکردنی فشار لەسەر دەسەڵات، لە هەمانکاتدا لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی تاکەکاندا شکستیان هێناوە .

لەکۆبەندی ئەوانەی باسکرا دەگەینە ئەوەی، ململانێ سیاسیە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنیان لەسەر دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان جێهێشتوە و توشی شەق بوون و ناتوانن وەکو پێویست بە ئەرکی

سەرەکی خۆیان هەستن کە پرۆسەی پێگەیاندی کۆمەڵایەتی- سیاسیە، ئەمە سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی کەلە کولتورو کولتوری سیاسیدا ڕویداوە چەندین سیمای کۆمەڵایەتی نوێیان بۆ کەسێتی کورد دروست کردوە کەتارادەیەك سیمای هاوبەشن و زۆربەی ئەندامانی کۆمەلگا تیایدا بەشدارن ئەوانیش وەکو وەکو( بێڕێزی، نەمانی پەیوەندی کۆمەلآیەتی، هەست بەپرسیارێنی نەکردن،نایەکسانی ،توندو تیژی، بەژەوەندی خوازی ،... هتد) .

## سێیەم / کاریگەریە دەروونیەکانی ململانێی سیاسی لەپێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا :

هاوتەریب لەگەڵ کاریگەرییە فرە رەهەندەکانی ململانێ سیاسی لەسەر تاك و کۆمەلگە، لایەنی دەروونی تاك یەکێکی دیکەیە لەو رەهەندانەی بەشێوەیەکی هەستپێکراو شوێنەواری ململانێ و ناسەقامگیرییەکانی لەسەر دەرکەوتووە( محمد،٢٠١٢: ١٤٤-١٤٥).

کۆمەلگەی کوردیش بەوپێیەی بەدرێژایی چەندین ساڵ خاك و نیشتمانەکەی لەلایەن وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە داگیرکراوە، دۆخێکی ناتەندروستی دەروونی بۆ تاکەکانی کۆمەلگا بەگشتی دروست کردووە، بەجۆرێك تاکی کورد هەمیشە ترسی لە پەلاماردان و کاولکاری و کوشتن و گرتن ونەبوونی و قاتوقڕی هەبووە، ئەم دۆخەش لەگەڵ پەرەسەندنە سیاسی و سەربازییەکاندا هێندەی تر گەشەی سەندووە، بەتایبەتیش حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تاکو ئێستا لە هەوڵی سەرکوتکردن و ژێردەستەکردنی نەتەوەی کورددابوون، بۆ ئەو مەبەستەش سیاسەتی (راوەدونان، جینۆساید، ئەنفال، گرتن، ماڵ وێران کردن، راگواستن، بەعەرەب کردن، پەرتکردن، بڕینی موچەو قوتی خەڵك، شێواندنی جوگرافیا....)یان بەرامبەر بە کۆمەلگەی کوردی گرتۆتەبەر، دەرئەنجامی ئەم شێوازە مامەڵەکردنەش، سەرەڕای ئەوەی توانیویانە تۆوی تۆڵەسەندنەوەو شەرەنگێزی لە کەسێتی کورددا گەشەپێبدەن، لەهەمانکاتدا بەهۆی نادڵنیایی و نائارامیەوە سیمای ترس وبەگومان و دڵەراوکێ و شڵەژان و هەستیارییان لە کەسێتی تاکی کورددا چەسپاندووەو بەردەوام ترسێك لە نائاگاییاندا بوونی هەیە کە رووبەڕووی ئەو مەترسیانە ببنەوە، یان بە گومان بن لەبەرامبەر هەموو کەس و شتێك(قەرەچەتانی، ٢٠١٠: ٢٧٨-٢٧٩).

ململانێی سیاسی نێو حزبە کوردییەکانیش وەکو درێژکراوەو دەرئەنجامی ئەو بارودۆخەی کەلە پێشوودا باسکرا، چ لە سەردەمی خەباتی شاخ و چ لە دوای راپەڕین و لە یەکەمین ئەزموونی حکومڕانی کوردیدا، بەشێوەیەکی کاریگەرتر زیانیان بە لایەنی دەروونی تاکی کورد گەیاندووە، چونکە لەلایەکەوە کۆمەلگەی کوردی بەئومێدێکی گەورەو ئایندەیەکی گەشەوە دەیڕوانییە خەبات و ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی کوردی، بەڵام هەرزوو بەهۆی ململانێی بەرژەوەندیخوازانەوە ئومێدی چەندین ساڵەی کورد لەگۆڕنراو ئامانجە باڵاکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردیان شکستپێهێنا (حاجی،٢٠١٨: ٣٧١-٣٧٢)، لەلایەکی دیکەوە شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان سالآنی (١٩٩٤-١٩٩٨) بوونە مەیدانی یەکلایی کردنەوەی ململانێ و شەڕی نێوخۆی نێوان حزبەکان، بەهۆیەوە چەندین کەس لە ئەندام و لایەنگری حزبە نەیارەکان بوونە قوربانی و بەسەدانیشیان

بونەخاوەن پێداویستی تایبەت و چەندانیش بێسەرو شوێن بوون، ئەمەش وایکرد، زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی شاهیدو بینەری تراژیدیای(کوشتن، ئەشکەنجەدان، تالآنی، ڕاوەدوونان، خیانەت)ی هێزە کوردییەکان بن (حاجی شەریف،٢٠١٨: ٣٥٥)، بێگومان هەموو ئەمانەش لەڕووی دەروونییەوە زیانی گەورەی بە تاکی کورد گەیاندووەو هەموو ئەو دیاردە مەترسیدارانە لە" نائاگایی جەمعی و تاکی" خۆیدا تۆمارکردووەو بەسەر ڕەفتاری تاك و گشتیدا زاڵبووەو نەوە لەدوای نەوە بۆ یەکتری دەگوازنەوە، بەمەش توانای خۆگونجاندنی تاکی لەگەڵ خود و دەوروبەردا کەمترکردۆتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەردەوامی یەکترقبوڵ نەکردن و ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان شۆڕبۆتەوە بۆناو تاکەکانی کۆمەڵگاو دۆخێکی دەروونی وای بۆ درووست کردوون کە تاڕادەیەکی زۆر ئاستی دان بەخۆداگرتن و لێبوردەیی لەنێوان هاوڵاتیە بێلایەن و ناسیاسیەکانیشدا کەمکردۆتەوە، بەجۆرێك زۆربەی تاکەکان بەرگەی بچوکترین ڕووبەڕووبونەوەی یەکتر ناگرن و بەوپەڕی توندڕەوی و هەڵچونەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن (محمد، ٢٠١٩: ١٢٥).

سەرەڕای ئەوانەی کەلەسەرەوە باسکران بەهۆی بەردەوامی ململانێکانەوە سەرجەم پێداویستیە سەرەکیەکانی هاوڵاتیانیش لەبەردەم مەترسیدابووە، بەوهۆیەوە تاکی کورد ڕووبەرووی بێبەشبوون و شکست(احباط) بۆتەوەو توانای سەلماندن و ئەفراندنی خودیان لەدەستداوە، هەروەك دەروونزانی ئەمریکی ( ئەبراهام ماسلۆ) پێداویستییەکانی مرۆڤی لە شێوەی هەرەمێکداو بەپێی گرنگییان بۆ پێنج پێداویستی دابەشکردووە، بەجۆرێك بنکەی هەرەمەکە بۆ پێداویستییە فسیۆلۆجییەکان( ئاو، هەوا، خۆراك)تەرخان کردووە، پاشان دابینکردنی ئاسایش و ئارامی دووەم پێداویستی پێکدەهێنێت و دوای ئەویش پێداویستی خۆشەویستی و ڕێزگرتن و لە کۆتایشدا لە لوتکەی هەرەمەکە سەلماندن یا بەدیهێنانی خود( تحقیق الذات)ە، کە خۆی لە قۆناغی داهێنان و ئەفراندن و درووستی دەروونی دەبینێتەوە، بەلآم لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەژێر کاریگەری ململانێ سیایەکاندا ڕێژەیەکی زۆر لە تاکەکانی توانای دابینکردنی پێداویستییە فسیۆلۆجییەکانی خۆیان نییە، بەتایبەتیش خۆراك، جگە لەوەش بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری ناوچەکەشەوە، ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگە پاریزراو نییەو تاکەکان لە ژیان و ئایندەی خۆیان دڵنیانین، لە بارودۆخێکی لەوشێوەیەدا مرۆڤ تەنها لەخەمی پەیداکردنی بژێوی و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان و ئاسایش وسەقامگیریدا دەبێت و ئیتر مەسەلەی ئاکاری جوان و زانست و داهێنان و ڕۆشنبیری و ڕێزگرتن و خۆشەویستی و سەلماندنی خود لەبواری دەروونی تاکدا گرنگیەکی نامێنێت و دەکەوێتە بارێکی دەروونی نائاساییەوە، بۆیە زۆرجار بەناچاری و بە ڕێگەی نائاسایی پێویستیەکانی تێردەکات (قەرەچەتانی، ٢٠١٠: ٢٧٨-٢٩١). سەرەڕای ئەوەش تاکی کورد لەژینگەیەکی پڕقەیران و جیاوازی چینایەتیدا ژیاون، ئەمەش وایکردوە تاڕادەیەك خۆیان بە کەم و بەشخوراوو بێدەسەڵات بزانن، هەست بەدڵنیایی و ئارامی ناکەن و ڕق و کینە بەسەر سۆزو خۆشەویستی و هاوکاریدا زاڵبووە، ئەمەش وایکردوە تەنانەت لەخودی خۆشیان نامۆ بن.

هەموو ئەمانەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە ململانێی سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بە درێژایی نیو سەدەی رابردوو بەشێوەی بازنەیەکی خولاوە کاریگەری نەرێنییان لەسەر تەندرووستی دەروونی تاکەکان درووستکردووە، نەوە لەدوای نەوە بۆ تاکی کورد گوازراوەتەوە و بەوهۆیەوە چەندین سیمای وەك (دڵەڕاوکێ، هەستیار بوون، نائومێدیی، دڵتەنگی، رەشبینی، بێ متمانەیی، شەرەنگێزی، خۆپەرستی...هتد) بۆ کەسێتی کورد دروست کردووە .

## چوارەم/ کاریگەریە ئابوریەکانی ململانێی سیاسی لەپێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا :

ئابووری، یەکێکی دیکەیە لەو سێکتەرانەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ شوێنەواری ململانێی سیاسی لەسەر دەردەکەوێت، لەو بارەیەوە شارەزایان پێیان وایە توندی و ئاستی ململانێ سیاسیەکان پەیوەندییەکی پتەویان بەگەندەڵی و قەیرانە ئابوورییەکانەوە هەیە، ئەوەش دەخەنەڕوو کە پەیوەندییەکی راستەوانە لەنێوان هەردوو کایەی سیاسی و ئابووریدا هەیەو هەرکاتێك ململانێی سیاسی لە کۆمەڵگایەکدا بوونی هەبێت، راستەوخۆ گەندەڵی وقەیرانی ئابووری و دارایی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بێگومان پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە (صابر، ٢٠١٧: ٤٣). سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی عێراقیش بەهۆی ئەوەی کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆو بونیادێکی ئابووری بەهێز نییە، قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان خێراترو کاریگەرتر کارلێکیان لەگەڵ یەکتر کردووەو شوێنەواری نەرێنیان لەسەر دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورد جێهێشتووە.

گەندەڵی ئابوری وەکو یەکێك لە دەرهاویشتەکانی بارودۆخی سیاسی ڕەگێکی قوڵی لە مێژووی کورددا هەیە، بەجۆرێك هەر لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی و پاشان ئینگلیز و عەرەبەکانەوە لەکوردستاندا، تەنها گرنگییان بە بارودۆخی باوی ناوچەکەو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان داوەو بۆ ئەو مەبەستەش سڵیان لەگەندەڵکاری و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات نەکردۆتەوە، ئەم بارودۆخەش شوێنەواری لەسەر کەسێتی تاکی کورد جێهێشتووەو بووەتەهۆی ئەوەی کە وەك دیاردەیەکی ئاسایی لێی بڕوانرێت و تەنانەت پراکتیزەش بکرێت (حەسەن، ٢٠٢٠: ٢٤٨)، بەتایبەت لە یەکەمین ئەزموونی حکومڕانی حزبە کوردییەکاندا لە دوای ساڵی ١٩٩١و لە ڕۆژگاری دوو ئیدارەیی و پەرەسەندنی ململانێ سیاسی و چەکدارییەکاندا، گەندەڵی ئابوری و دارایی زیاتر پەرەی سەندوەو سێکتەری ئابووری هەرێمی کوردستان گەورەترین زیانی پێگەیشتووە، چونکە هەریەکە لە حزبە نەیارەکان هەوڵیانداوە تاڕادەیەك ئابووری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بۆ بەرژەوەندی کەسی و حزبی بەکاربهێنن، تاکو لەو رێگەیەوە بتوانن (پێگەی جەماوەری) و دەسەڵاتی خۆیان بەهێزبکەن و پارێزگاری لە مانەوەی دەسەڵاتەکانیان بکەن (قادر، ٢٠٠٧: ٤٠٥).

حزبە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستاندا، بەهۆی بێ ئەزموونی ونەشارەزاییان لە هونەری حکومڕانیدا، سەرکەوتوو نەبوون لە حکومڕانییەکی تەندروست، بەجۆرێك لەجیاتی هەوڵدان بۆ بەدامەزراوەیکردنی کەرتی ئابووری و بەنیشتمانی کردنی داهاتی ناوچەکە، هەریەکەیان لە هەڵپەی کۆنترۆڵکردنی گومرگ و خاڵە

سنوورییەکان و دەستبەسەرداگرتنی باج و رسوماتی ناوخۆو قۆرخکردنی بازاڕو بازرگانیدا بوون، ئەمەش جگە لەوەی کە بوەتە هۆی پەرەسەندنی ململانێی نێوانیان و هەنگاونان بە ئاراستەی پێکدادانی چەکداری، لەهەمانکاتدا ئەم ڕەفتارە پەرپوەتەوەنێو خەڵکی سادەو بووەتە هۆی زیادبوونی دیاردەی تالانکردن و چەتەگەریی و بازرگانیکردن بە ئاسەوارو موڵکی گشتی و زیادەڕۆیی ، بەرژەوەندی خوازی ، کەمتەرخەمی ، لاوازی بەرپرسیارێتی...هتد لە نێو کورددا (حەسەن، ٢٠٢٠: ١٥٢) .

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، وێستگەیەکی دیکەی گەندەڵی ئابووری و قۆرخکردنی داهاتی گشتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە دەستپێدەکات، چونکە لەنێوان سالانی ٢٠٠٣-٢٠١٤ جگە لە داهاتی ناوخۆو خاڵە سنورییەکان، نزیکەی (٨٠)ملیار دۆلار لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە وەك بەشە بوجە بۆ هەرێمی کوردستان نێردراوە، هەردووحزبی دەسەڵاتدار بەپێی ئەجنداو بەرژەوەندی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، ئەم شێوازە مامەڵەکردنەش جگەلەوەی گرفت و ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکانی لەناوخۆدا زیاتر کردووە، لەهەمانکاتدا پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیی عێراقیشدا بەئاراستەی ئاڵۆزی بردووەو ئەنجامەکەشی بەزیانی تاکەکانی هەرێمی کوردستان کۆتایی پێهاتووە، چونکە حکومەتی عێراق لە دوای راگەیاندنی ئابووری سەربەخۆوە ئامادە نەبووە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکات کە بریتی بوو لە پشکی (١٧٪)ی داهاتی عێراق، لەبەرامبەریشدا دەسەڵاتدارانی هەرێم نەیانتوانیوە موچەو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دابین بکەن ( صادق، ٢٠١٨: ١٩-٢٠).

هەروەها پرۆژەکانی وەبەرهێنان و مامەڵە بازرگانییەکان، یەکێکە لەو سێکتەرانەی کە گەورەترین گەندەڵی ئابوورییان تێدا کراوەو زۆرینەیان لەسەر بنەمای حزبی و کەسی ئەنجامدراون و لەلایەن کۆمپانیا حزبییەکانەوە قۆرخکراون، ئەمەش وایکردووە تاڕادەیەکی زۆر حزبەکان سروشتی خۆیان وەك حزبێکی سیاسی خاوەن ئامانجی نیشتمانی لەدەستبدەن و سیمای کۆمپانیایەکی قۆرخکارو ئۆلیگارکی چەك بەدەست وەربگرن(حوسێن، ٢٠٢٠: ٥١-٥٥).

لەلایەکی دیکەوە حزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم، بەشێوەیەکی ناتەندروست و دوورلە پێوەرە زانستی و کارگێڕییەکان، لەدوای ساڵی ١٩٩١ وە لەسەر بنەمای حزبی و لەچوارچێوەی ململانێکانیاندا، هەستاون بە دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەران، جگەلەوەش بەشێك لە ئەندام و لایەنگرانی خۆیان بەبێ ئەوەی خزمەت بە کەرتی گشتی بکەن، کردووەتە موچەخۆری حکومەت و لە داهاتی گشتی موچەو پایەی کارگێڕی و جیاوگی قەبەیان بۆ دابین کراوە، ژمارەیەکیشیان بە پلەی( وەزیر، بریکاری وەزیر، راوێژکار، بەرێوەبەری گشتی) خانەنشین کراون، بەبێ ئەوەی لەو پۆستانەدا خزمەتیان کردبێت، ئەمەش وایکردووە، ژمارەی موچەخۆران بەشێوەیەکی بەرچاو زیادبکات، بەگوێرەی زانیارییەکانی دەستەی ئامار لە هەرێمی کوردستاندا (٢٣٪)دانیشتوان موچە لەحکومەت وەردەگرن، کە ئەم رێژەیەش بە بەراورد بە فەرمانبەرانی عێراق و وڵاتانی دیکە، رێژەیەکی

یەکجار زۆرە( محمد،٢٠١٩: ١٣٠)، ئەمەش گرفتی گەورەی بۆ فەرمانبەرانی راستەقینە درووستکردووە، چونکە حکومەتی هەرێم لە ئێستادا ناتوانێت لەکاتی خۆیدا موچەی ئەو رێژە زۆرەی موچەخۆران دابین بکات، بەتایبەتیش لە سەروبەندی دەرکەوتنی مەترسیەکانی رێکخراوی(داعش)ەوە تاکو ئێستا، موچەخۆران مانگانە رێژەیەکی زۆری موچەکانیان بەناوی پاشەکەوت و لێبڕینەوە لێبڕاوەو زۆربەی جاریش نزیکەی دوو مانگ جارێك موچەیان پێدراوە.

هەموو ئەو گەندەڵیە ئابوریانەی لەسەرەوە باسکران وەك دەرئەنجامێك بۆ ململانێ سیاسی لەهەرێمی کوردستان، بوونەتە هۆی قوڵبوونەوەی قەیرانی ئابوری و دارایی و کاریگەری نەرێنیان لەسەر ئاستی بژێوی و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیماکانی کەسێتی کورد بەجێهێشتوە وەك لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین :

یەکەم: کۆمەڵگەی کوردی بۆ دووچینی جیاوازی ناهاوسەنگ دابەشکراوە، بەجۆرێك چینی یەکەمیان پێکدێت لەکەمینەیەکی زۆر دەوڵەمەند کە زۆرینەیان لەسەر بنەمای حزبی و داهاتی گشتی دەوڵەمەندبوون، بەبێ ئەوەی سەرمایەکەیان لە ئاست لێهاتویی وماندوبونیان بێت، بەڵکو لە پشت بەرپرسە حزبی و حکومییەکانەوە، یاخود بەسود وەرگرتن لە هێزو دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خۆیان، بەلێشاو سەرمایەیان پێکەوەناوە( محمد، ٢٠١٩: ١٣٢) ، چینی دووەمیشیان لە زۆرینەی خەڵکی کوردستان پێکدێت کە داهاتیان تەواو سنووردارە و ئاسایشی ئابووریان بەردەوام لەمەترسیدایەو لەرووی چەندایەتیشەوە بەردەوام رێژەیان لە زیادبوندایە (عەبدولخالق، ٢٠١٤: ٣٠٦)، ئەمەش بەو واتایە دێت چینی ناوەند لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوونی نییە، کە خاوەنی گەورەترین وزەی گۆڕانکاری و داهێنانە لە کۆمەڵگادا.

دووەم: بێکاری و هەژاری، یەکێکی دیکەیە لەو دیاردە مەترسیدارانەی لە کوردستاندا بەهۆی قۆرخکاری و مامەڵەی ناتەندرووست و گەندەڵی حزبە سیاسیەکانەوە سەری هەڵداوە، بەتایبەتیش نەبوون و دواکەوتن و لێبڕینی نایاساییانەی مووچە، لەپاڵ ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان و ناسەقامگیری سیاسی ناوچەکە، چالاکی بازاڕی ئابووری ناوچەکەی پەك خستووەو زۆربەی کاسبکارو خاوەن پیشەو کۆمپانیا مامناوەندەکانی مایەپووچ کردووە، لەبەرامبەردا بازاڕ و بازرگانی و کەرتی وەبەرهێنانی کۆمپانیای حزبی زیاتر برەوەی سەندوە، ئەمەش راستەوخۆ رێژەی بێکاری و هەژاری لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی زیاد کردووە.( شەریف، ٢٠٠٧: ١٧٣)، لەو بارەیەوە لە راپۆرتێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتووە، لە ساڵی٢٠١٣ – ٢٠١٥ رێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان لە ٣٪ ەوەبۆ ١٢٪ بەرزبۆتەوە، لە ٢٠١٨دا رێژەکە بۆ دوو هێندە بەرزبۆتەوە، داهاتی مانگانەی سێیەکی خێزانەکانی ئەم هەرێمە کەمترە لە ٣٠٠$ هەروەها لە ٢٠٢١ بۆ ١٤٪ زیادی کرووەو ( عەبدوڵا، ٢٠٢١: ٢١)، ئەمەش لەکاتێکدایە کەبە بڕوای هەندێك لە توێژەران لە ئێستادا گوزەرانی خێزانەکان لەو ئاستەش خراپتربووە.

سێیەم : ئەگەرچی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا لەئاست پێویستدا نەبووە، بەڵام دەرئەنجامی ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان و شکستهێنانیان لەبواری پەرەپێدانی ئابووریدا، ئەم دوو کەرتە

تاڕادەیەکی زۆر رووبەڕوی لەناوچوون وپوکانەوە بوونەتەوە، بەوهۆیەشـەوە بەشـێکی زۆر لـە تاکـەکانی کۆمەڵگەی کـوردی لـە کشـتوکاڵ و پیشـە سـازی دوورکەوتوونەتـەوەو لـە تـاکێکی بەرهەمهێنـەوە بوونەتـە بـە کاربـەری کـاڵاو بەرهەمی وڵاتانی دەوروبەر( سوسنوسکی، ٢٠٢١: ١٠٨-١٠٩).

لەسەر ئەو بنەمایەی زۆرێك لە تیۆرەکـان ئامـاژە بـەوە دەکـەن، هـەر کۆمەڵگایـەك ٣٠-٤٠٪ی داهاتەکـەی پشـت بـە فرۆشتنی نەوت وسەرچاوە سروشتییەکان ببەستێت، بە کۆمەڵگایـەکی نیمچـە "بـەرخۆر" دادەنرێـت، بـەڵام ئەگـەر ٤٠٪ زیاتربوو، ئەوا بەکۆمەڵگایەکی بەرخۆر دادەنرێـت، بـەبڕوای "لوسـیانی- luciani" کۆمەڵگـەی بـەرخۆر، ئـەو کۆمەڵگایانە دەگرێتەوە کە لەرێگەی فرۆشتنی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکانەوە، داهاتێکی زۆر بەدەست دەهێـنن و پاشان لەرێگەی میکانیزمی تایبەتەوە بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش دەکرێـت، سـەبارەت بـە هـەرێمی کوردسـتان بـەو پێیەی کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ وە (٨٥٪ ) داهاتەکەی پشت بەفرۆشتنی نەوت دەبەستێت و ئەوی دیکەشی لە گومرگ و بـاج و رسـوماتەوە بەدەسـتی دەهێنێـت (نـوری، ٢٠٢٠: https://www.kurdistanc.com/Terror/details.aspx? ). خـاوەنی ئابوریـەکی فشـەل و لاواز و نـاجێگیرەو لـە دیـدگای ئـابوری ناسـاندا بـە بـەرخۆر "ئـابوری ڕەیعـی" ناسـراوە، چـونکە داهاتەکـەی لەرێگـەی بەرهەمهێنان وداهێنان و پیشەسازی و بەرهەمی ئاودێری و کشتوکاڵ و ناوخۆوە بەدەست نایەت، هەر لەبـەر ئەمـە بازاڕی ناوخۆو نەوت و سەرمایەی دەسەڵات لە کوردستان بەناچاری وابەستەی ئـەو بـازاڕ ودەسـەڵاتە جیهانییـە کـە نرخی نەوت دیاری دەکات(قانیع، ٢٠١٢: ٥٦-٥٧). ئەمەش وایکردوە بونیادی ئـابووری هـەرێمی کوردسـتان لـە ئاسـتێکی لاوازدا بێت توانـای خـۆڕاگری لەبـەردەم کێشـەو ململانـێ ناوخۆییەکانـدا نـەبێت و بچوکترین پێشهات و پەرەسـەندنی سیاسـی و ئـابووری لەناوچـەکەدا کاریگـەری تونـد لەسـەر ئـابووری هـەرێم دروست دەکـات، ئەمـەش وایکـردووە، ناسـەقامگیری ئـابووری بـاڵ بەسـەر هـەرێمی کوردسـتاندا بکێشـێت و ئاسایشـی ئـابووری لەناوچـەکەدا بەردەوام لە مەترسیدا بێت، تەنانەت موچەخۆران هیچ دڵنیاییەکان لەبارەی بـڕو کـات و ئاینـدەی موچـەکانیانەوە نییە.

ئـەم واقعـە ئابوورییـەی هـەرێمی کوردسـتان، درزێکـی گـەورەی لـە دامـەزراوە کۆمەڵایەتیەکانـدا دروسـتکردوە، بـەجۆرێك بـەهۆی نـەبونی و دابیننـەکردنی بـژێوی ژیانیانـەوە رێژەیـەکی بەرچـاو لـە هاوسـەرەکان لەیـەکتری جیابوونەتـەوەو هەنـدێکی دیکەشـیان بـەهۆی بێکاری و هەژارییـەوە بـە ناچاری نیشـتیمانی خۆیـان جێهێشـتووە، هاوکـات ئەگـەرەکانی پـەنابردن بـۆ تاوانـەکانی وەك (کوشـتن، دزیکـردن، توندوتیـژی ) زیـاتر بـووە، (عبـدالرحمان، زێبـاری، ٢٠١٩:١٥٦-١٥٧). سـەرەڕای هـەموو ئەمانـەش نـامۆبوونی ئـابوری لـەنێو کۆمـەڵگای کوردیـدا زیـادی کـردوە بەجۆرێك کەم کەس هەیە لە هەرێمی کوردستان کارەکەی خۆی خۆش بوویێت و لێی ڕازی بێـت و بەدڵسـۆزی خـۆی بـۆ تـەرخان بکـات ، بەتایبـەتی لـە کـەرتی گشتیدا(حسـین، ٢٠١٦: ٥١) ، بـەجۆرێك بەئاسـانی کاریـان لەبـەر نـاڕوات، لەکاتی کاردا خۆیان دەخافڵێنن، یـان خۆیـان لـە کـار دەدزنـەوە، بەدڵسۆزییەوە ئـیش و کارەکانیـان ڕایـی ناکـەن و

بەڕووی خۆشەوە وەلآمی ئەو هاولآتیانە نادەنەوە کە ڕێیان دەکەوێتە لایان جا لەهەر کارو پیشەو پسۆریەکدا بێت (حەسەن: ٢٠٢٠: ١١٦) .

لێرەدا دەگەینە ئەو راستیەیی بوونی ململانێی سیاسی و ناسەقامگیری، رەنگدانەوەو کاریگەری لەسەر بارودۆخی ئابوری درووست دەکات، هاوکات کاریگەری نەرێنش لەسەر سیماکانی کەسێتی کورد لە ڕووی ئابوریەوە جێدەهێڵێت و چەندین سیمای وەك( تەماعکار ، نەبوونی قەناعەت، بەرخۆری، رەنتخۆری، خۆشنەویستنی کارو، ڕێزنەگرتن لەکات ،...هتد) لەکەسێتی کوردیدا سەری هەڵداوە .

## پێنجەم / کاریگەریە سیاسیەکانی ململانێی سیاسی لەپێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا:

ململانێ سیاسی نێوان حزبە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی سیاسی ناوچەکە درووست کردووەو زەمینەی بۆ دەرکەوتنی چەندین قەیرانی سیاسی وەك( گەندەڵی، ناشەفافیەت، پێشێلکاری و یاساشکێنی، نەبوونی حکومڕانیەکی باش، نەبوونی دەستور، خۆسەپێنی، ساختەکردن لە ئەنجامی هەڵبژاردن، دەسەلآتخوازی ، بەرژەوەندی خوازی ، ...هتد)،رەخساندووە.

ململانێ نێوخۆییەکانی نێوان حزبە سیاسیەکان کاریگەری بەرچاویان لەسەر حکومەت و سیستەمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە، بەجۆرێك بەهۆی بوونی ریشەیەکی مێژوویی ململانێی سیاسی و چەکداری لەنێوان (ی.ن.ك)و(پ.د.ك)داو بەتایبەتی لە سەروبەندی یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢دا هیچ لایەکیان ئامادەنەبوون دان بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا بنێن و شکست قبوڵ بکەن، بۆ رێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ، ئەم دوو حزبە مۆدێلێکی نوێیان لە شێوازی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا داهێنا کە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا بە سیستەمی( پەنجا بە پەنجا)ناسراوە، بەهۆیەوە کلتور وخاك وناوچەو دەسەلآت و داهات و دەرامەتە سروشتییەکانی کوردستانییان بەسەرخۆیاندا دابەش کرد، کە تاکو نوسینی ئەم توێژینەوەیە ئەم دیاردەیە بەردەوامی هەیە و بوەتە خەسڵەتی سیاسی و کارگێری لە ناوچەکەدا و شۆڕبۆتەوە بۆ سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت ( سدیق، ٢٠١٥: ١٥٨-١٥٩) ئەم دۆخە لەئێستاشدا لە دامەزراوەیی و نیشتیمانی نەبوونی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە زۆر هەستی پێدەکرێت، چونکە حزبە ناکۆکەکان بەمەبەستی مانەوە و پارێزگاریکردنی دەسەلآت و پێگەیان هەریەکەیان خاوەنی هێزی چەکدار و هەوالگری تایبەت بەخۆیانن(قادر، ٢٠٠٧: ٣٧٧-٣٧٨)؛ (شەریف، ٢٠٠٧: ١٤٣، ١٨٤). ئەمەش لەکاتێکدایە کە لەزۆربەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا ئەم هێزو دامەزراوانە تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆن و رێگەیان پێنادرێت کاری سیاسی و حزبایەتی بکەن، بەلآم بەپێچەوانەوە لەهەرێمی کوردستاندا ئەم دامەزراوە هەستیارانە بەتەواوی مۆرکی کەسی و حزبییان پێوە دیارەو زۆربەی جاریش بۆ بەرژەوەندی حزبی بەکارهێنراون.

گەندەڵی (سیاسی ، کارگێڕی، یاسایی )یەکێکی دیکەیە لە دەرهاویشتە سیاسیەکانی ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستاندا، کە رۆژ لە دوای رۆژ لە پەرەسەندندایەو تارادەیەك بووەتە سیمای حکومڕانی

کـوردی، بەتایبــەتی بــەکارهێنانی دەســەڵات و دام و دەزگاکــانی حکومــەت و پلەوپایــەی حزبــی و حکـومی بــۆ بەرژەوەنــدی کەســی و کۆکردنــەوەی ســەروەت و ســامان لەســەر حســابی میللــەت و داهــاتی گشــتی، بووەتــەهۆی سەرهەڵدانی چینی سەرمایەداری بەرپرسان، ئەمـەش رەنگدانـەوەی نـەرێنی لەسـەر کۆمـەڵگای کـوردی وسـیماکانی کەسێتی درووست کردووە( قادر، ٢٠٠٧: ٦٢-٦٣).

سەبارەت بە رەوشی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە ململانێ سیاسیەکان بەربەستێکی سەرەکی بوون لەبەردەم گەشەپێدانی ژیانی یاسایی لـە هـەرێمی کوردسـتاندا، بەتایبـەتیش ململانێـی نێـوان حزبـە سیاسیەکان رێگربووە لەبەردەم دارشتن و چەسپاندنی دەستووری هـەرێمی کوردسـتان، چـونکە هەریەکـە لـە حزبـە ناکۆکـەکان هـەموو هەوڵـەکانی خۆیـان بـۆ ئـەوە خسـتوەتەگەڕ کـە برگـەکانی دەسـتوور لەبەرژەوەنـدی خۆیـان و سەرکردەکانیان دابرێژرێت، بێگومان نەبوونی دەستورێکی گشتگیرو دانپیانراو لە هەرێمی کوردسـتاندا، لەلایەکـەوە دەرهاویشتەی ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکانەو لەهەمانکاتیشدا یەکێکە لـەو هۆکارانـەی زەمینـەی سـەرهەڵدانی ململانێکانی رەخساندووە، چونکە دەستوور باڵاترین یاسای وڵاتەو سەرچاوەی سـەرجەم ئـەو یاسـاو رێسـایانەیە کـە شـێوازی حکـومڕانی دیـاری دەکـەن و سـنوری دەســەڵاتەکانی( یاسـادانان، جێبــەجێکردن، دادوەری) دەپارێزێـت و پەیوەندی حزب بە حکومەت و هاوڵاتی بە دەسـەڵاتەوە دیـاری دەکـات و رۆڵـی گرێبەسـتی کۆمەڵایـەتی دەبینێـت،( شـەریف،٢٠٠٧: ١٤٢-١٥١)، لەلایـەکی دیکـەوە لاوازی بنـەماکانی یاساسـەروەری و دەسـتێوەردانی حـزب و کەسـایەتییە سیاسی و خێڵەکی و سـەربازییەکان لـە کاروبـاری دادگـاو دادوەرەکانـدا، سـیمای گەنـدەڵی و نادادپـەروەری ناوچـەکە دەردەخەن، کە ململانێ سیاسیەکان یـەکێکن لـە هۆکـارە سـەرەکییەکانی بەرجەسـتەکردنی ئـەم دۆخە(سـادق، ٢٠١٥: ٥١). لە پانتایی نادادپەروەری و لاوازی سەروەری یاساو نەبوونی دەستوریشدا تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی هـەموویان لەبەردەم یاسادا یەکسان نین و بەندەکانی یاساش بەسەر هەمواندا جێبـەجێ نابێت، بەتایبـەتیش سـەرۆك خێـڵ و بەرپرسـە حزبیـەکان خۆیـان و کـوڕو نـەوەکانیان، لەسـەرووی یاسـاوە بینـوەو بەئەسـتەم کەوتونەتـە ژێـر کاریگـەری یاساوە، هەموو ئەمانـەش رەنگدانەوەیـەکی نـەرێنیان لەسەرسـیماکانی کەسـێتی کـورد دروسـتکردووەو سـیمای یاسـا شکێنی بۆ داتاشیوە .

لەلایەکی دیکەوە لەژێر کاریگەری ململانێکاندا، حزبە سیاسیەکان بەمەبەستی زیادکردن لایەنگرانیان، چاوپۆشییان لە هەڵەو پێشینەی مێژوویی و بردنی ماڵو موڵکی گشتی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و بەرپرسـیارێتی کـردووە، تەنانــەت بەمەبەســتی راکێشــانی ســۆزو دۆســتایەتی خێــل و بنەماڵــەکان، پــەنایان بردۆتەبــەر زیندوکردنــەوەو گەشەپێدانی عەقڵیەتی خێڵەکی و خێڵگەرایی و پێـدانی پایـەو جیـاوگی مـادی و مەعنـەوی و دابینکردنـی فەنـدی تایبــەت بــە دیوەخانانــە و داڵــدەدانی ئــەو کەســانەی کــە لــەرابردوودا لــەپاڵ دەســەڵاتدارانی حکومــەتی بەعســدا بەشدارییان لە تاوانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان کردووە(قادر، ٢٠٠٧: ٣٢٤-٣٢٥).

سەرەڕای ئەوەش هـەرێمی کوردسـتان لـەژێر هـەژموون و دەسـەڵاتی هـەردوو حزبـی (ی.ن.ك)و(پ.د.ك)دایـە و لەنێو ئەم دوو حزبەشدا دوو بنەماڵە بڕیاری یەکلاکەرەوەیان بەدەستەو پێگـەو دەسـەڵاتیان لەسـەروو پەرلـەمان و

حکومــەتی هــەرێمی کوردســتانەوەیە، بەمــەش دەســتبەردارنەبوونیان لــە دەســەڵات و پایــە و پۆســتە حزبــی و حکومییــەکان، بووەتــە کلتورێــك کــە لــە ســیمای کەســێتی زۆربــەی تاکــەکانی کۆمــەڵگای کوردیــدا ڕەنگــی داوەتــەوە. سەرەڕای بوونی ململانێیەکی واقعی و بەردەوام لەنێوان ئەم دوو حزبەشدا، بەڵام پاراستنی بەرژەوەندییــەکانیان و مانــەوەیان لــە دەســەڵات، وایلێکــردوون کــە لــە زۆربــەی پرۆســەکانی هەڵبــژاردن و پێکهێنــانی کابینــەی حکومەتــدا هاوپەیمانی یەکتر بکەن، لەبەرامبەریشدا زۆرینــەی تاکــەکانی کۆمــەڵگای کوردی بــە حزبــە ئۆپۆزسیۆنەکانیشەوە، خــاوەنی کــەمترین رۆڵ و کاریگــەرین لــە ژیــانی سیاســیداو هەوڵەکانیشــیان بــۆ گۆڕانکــاری کۆمەڵایــەتی و سیاســی و چاکســازیکردن و چەســپاندنی خــود لەرێگــەی نــاڕەزایی دەربــڕین و خۆپیشــاندانی مــەدەنی و مانگرتنــەوە، هــیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتۆتەوە(ئەحمــەد، ٢٠١٩: ١٤٢)، بەتایبــەتی حزبــە ئۆپۆزســیۆنەکان نــەك هەرنــەیانتوانیوە قــەیران و گرفتــە کۆمەڵایــەتی و سیاســیەکان چارەســەربکەن و سیســتەم و شــێوازی حکــومڕانی بگــۆڕن، بــەڵکو زۆرینەیان لەلایەن حزبی دەسەڵاتداروە لە بەرامبەر پلەو پۆستی حکومیدا بێدەنگ کــراون، ئەمــەش بووەتــە هــۆی ئەوەی، حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بە حزبە ئیسلامیەکانیشەوە پشتیوانی جەماوەریان لەدەست بدەن، چونکە هاوڵاتیان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە شوێن کەوتن و پشــتگیری کــردن لــەو حزبانــە کــارێکی بێهودەو بێبــەرهەمــە لەبەرئــەوەی نــاتوانن لایەنــە نەرێنیــەکانی سیســتەمی سیاســی چارەســەربکەن و ناشــتوانن بارگرانیــەکانی ژیــانی کۆمەڵایــەتی و ئابوری و سیاسیان سوك بکەن ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ناتوانن دروشمــەکانی خۆشــیان بهێنــە دی، لەلایــەکی دیکــەوە ململانێــی نێــو باڵــە جیاوازەکانیشــیان هێنــدەی تــر بارەکــەی قورســتر کــردون ســنوری چــالاکی و ململانــێ سیاسیەکانیشیان لەوپەڕی بەهێزیاندا لە چوارچێوەی کاری پەرلەمانیدا تێپەڕ نابێت (شەریف، ٢٠١٩، ٢٥٥-٢٦٥ ).

لەئــەنجامی قۆرغکــاری و بــەکارهێنانی دەســەڵات بــۆ بەرژەوەنــدی تایبــەتی و حزبــی و بــێ توانــایی حزبــە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆ گۆڕانکاری و چارەسەرکردنی قەیرانــەکان، بێئومێــدی تاکــەکانی لــە هــەرێمی کوردســتاندا زیــاتر کردوە. دەرئەنجامی ئەم بارودۆخەش تاکی کورد سیمای خەم ساردی سیاسی بەســەر کەسێتییاندا زاڵــە، بــەجۆرێك زۆرینەی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە بەشداری ژیانی سیاسی ناکەن و خۆیــان لــە هــەموو چــالاکییەکی سیاســی بــەدوور دەگــرن و تێڕوانینێــك بەســەریاندا زاڵــە کــە بــوونی ئــەوان لــەنێو کایــەی سیاســیدا هــیچ گۆڕانکارییــەك درووســت ناکات(عبدالله،٢٠١٠: ٤٧)، لەو بارەیەوە بە سەرنجدان لە رێژەی بەشداریکردنی هاوڵاتیانی لە چوارخولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە رێژەی بەشداریکردن جارلەدوای جار کەمتربۆتەوە، بــۆ نمونە لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلــەمانی کوردســتاندا کەلــە ٢٠٠٣ ئەنجامــدراوە، رێــژەی بەشــداریکردن ٧٩,٦٪ بووە، بەڵام ئەم رێژەیە لە خولی سێیەمدا کە لە ٢٠٠٩ بەرێوەچووە دابەزیوە بۆ ٦٢,٤٪ ، پاشــان لــە هەڵبژاردنــەکانی خــولی چــوارەمی ٢٠١٣ ، رێــژەی بەشــداریکردن بــۆ ٦٠٪ کــەم بۆتــەوە، پاشــان لــە هەڵبژاردنــەکانی خــولی پێنجــەمی پەرلەمانی کوردستاندا رێژەی بەشداریکردن بە رێژەیەکی بەرچاو دابەزیوەو گەیشتوەتە ٥٩٪ ( صادق، ٢٠١٨: ٨٩).

سەرەڕای ئەوەش لەژێرکاریگەری ئەم واقعەداو بەتایبەتیش لە دوای راپەڕین، تاکی کورد پێبەستبوون( انتماء)ی بۆ خــاك و نەتــەوەو نیشــتیمان و کوردایــەتی لاوازبــووەو تاڕادەیــەك زۆرینــەی تاکــەکانی کۆمەڵگــەی کــوردی ئامــادەیی

بەرگریکردن و پاراستنی نیشتمانیان کەم بۆتەوەو شانازی بە نەتەوەو کوردبونیانەوە ناکەن هەستی نەتەوایەتیان تەواو لاوازبووە، لەبەرامبەردا ئینتما بۆ حزب و خێڵ و ناوچەو بەرپرسە حزبی و حکومییەکان پەرەی سەندووە(یاسین، ٢٠٠٢: ١٧٧-١٧٨).

هاوکات توێژەران لە دەرئەنجامی ئەو واقعەی کە ڕووبەڕووی ژیانی سیاسی بووەتەوە ئاماژە بە جۆرێکی دیکەی بەشداری سیاسی دەکەن، کە تەواو جیاوازە لەوەی پێشوو، ئەویش خۆی لە بەشدارییەکی کارای سیاسیدا دەبینێتەوە تاڕادەی ئەنجامدانی توندڕەوی و رادیکاڵ بوون(عبداللە،٢٠١٠: ٤٧).بەجۆرێك هەندێك جار ئەندام و لایەنگری حزبەکان هێندە وابەستەی ئایدۆلۆجیای حزبەکانیانن کە هەموو جۆرە ڕەفتارێکی توندوتیژی لەدژی نەیاری حزبەکانیان ئەنجام دەدەن بەتایبەتیش لەسەرووبەندی هەڵبژاردنەکاندا زۆرجار دەگاتە ئاستی کوشتنی ئەندامی یەکتری وبارەگا سوتاندن و دەستبردن بۆ ڕەمزو شکۆو پیرۆزییەکانی یەکتر، لەلایەکی دیکەوە جۆرێك لە توندڕەوی(رادیکالیزم )لە کۆمەڵگادا لە میانەی ململانێ سیاسیەکاندا دەردەکەوێت کە خۆی لە رادیکالیزمی جەماوەریدا دەبینێتەوە، کە بریتین لە هاولاتی نەیاری دەسەلات تاکو ئاستێکی بەرز توندڕەوو نیگەرانن لە حزبە دەسەلاتدارەکان تەنانەت هەندێك جار توڕەیی و توندڕەوی هاولاتیان دەگاتە ئەو ئاستەی جگە لەبارەگای حزبەکان، دام و دەزگا حکومیەکانیش لەناو دەبەن، یاخود هەندێك جار وەك پەرچە کردارێك لەدژی حزبە دەسەلاتدارەکان پەنا دەبەنەبەر حزب و گروپی ئاینی پەڕگیر .

لەکۆبەندی ئەوانەی باسکرا دەگەینە ئەو راستیەی ململانێ سیاسیەکان هۆکاربووە بۆ دەرکەوتنی دیاردەی گەندەڵی لە بوارەکانی (کارگێڕی، یاسایی، سیاسی)و زیندوو کردنەوەی عەقڵیەتی خێڵ گەرایی و نەبوونی حکومڕانی تەندروست و بەدامەزراوەیی نەبوونی سوپای نیشتمانی و دەستاودەست نەکردنی دەسەلات بە شێوەیەکی ئاشتایانەو نەبونی دەستورێکی گشتگیر، جگە لەوەش هۆکاربووە بۆ جیانەکردنەوەی دەسەلاتەکانی(یاسادانان، دادوەری، جێبەجێکردن)لەیەکتری و زەمینەی بۆ دەستێوەردانی ولاتانی هەرێمی و نێودەولێتیش خۆش کردووە، هەموو ئەمانەو چەندین هۆکاری ترجگە لەوەی ڕێگر بوون لەوەی کە کورد نەتوانێت خاوەنی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆ بێت، لەهەمان کاتدا سیما سیاسیە (بنچینەییەکان)ی کەسێتی کورد لەژێر هەڕەشەیەکی گەورەدا بووە، لەبەرامبەردا کۆمەڵێك سیمای وەکو(یاساشکێنی، خۆسەپێن(دیکتاتۆر)، نانەتەوەیی ( خەمساردی سیاسی) ، پاشکۆ( گوێڕایەڵ)، توندڕەو (رادیکاڵ) ...هتد) لەکەسێتی کوردیدا دەرکەوتووە .

# دەروازەی دووەم

# لایەنی مەیدانی

# بەشی چوارەم

## میتۆدو ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە

باسی یەکەم: میتۆدەکانی توێژینەوەکە .

باسی دووهەم: ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە .

یەکەم: کۆمەڵگای توێژینەوەکە .

دووەم: نموونەی توێژینەوەکە.

سێیەم: دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوەکە .

چوارەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

پێنجەم: ئامرازە ئامارییەکان.

## باسی یەکەم : چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

توێژینەوەی مەیدانی پێویستی بە کۆمەڵێك بوارو ڕێکاری میتۆدی هەیە، بۆئەوەی توێژەر لە ڕێگایانەوە بتوانێت ئامانجەکانی خۆی بهێنێتە دی، بۆیە پابەندبوون بەم زنجیرە ڕێکارە میتۆدیانە بە کارێکی گرنگ و سەرەکی دادەنرێت.

میتۆد بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێسای گشتی بۆ گەیشتن بە ڕاستی زانستی و دەرئەنجامە دیاریکراوەکانی توێژینەوەکە (السماك و اخرون، ١٩٨٦: ٤٢). میتۆدی زانستی شیکردنەوەیەکی ڕێکخراوە بۆ بنەماو پرۆسە ئەقڵی و ئەزموونگەرییەکان کەلە توێژینەوە زانستییەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەسودە بۆ بیرکردنەوەو ڕێکخستنی بیروڕاکانی توێژەر سەبارەت بە شیکردنەوەو خستنە ڕووی زانیارییەکان، هەروەها بەسودە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجام و راستی و دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە (عليان،غنيم، ٢٠٠٤: ٣٣) .

زانایان و توێژەران نەیانتوانیوە بگەنە ڕێکەوتنێك لەسەر پۆلێنکردنی یەك میتۆد بۆ توێژینەوەیەکی زانستی ئەوەش بەهۆی چەند هۆکارێك لەگرنگترینیان بریتیە لەوەی ، دیاردە مرۆییەکان ئاڵۆزە و زۆر هۆکار کاری تێدەکات لە ڕابردوو ئێستاو داهاتوودا، هەروەها دەکرێت لە ئامادەکردنی یەك توێژینەوەدا زیاتر لەیەك میتۆد بەکاربهێنرێت، بەپێی سروشتی توێژینەوەکە .

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفی شیکارییە (جۆرێکە لە جۆرەکانی توێژینەوەی باو کە ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران بەکاریدەهێنن، ئەم شێوازە هەوڵدەدات ڕەوشی هەنوکەیی دیاردەیەکی دیاریکراو دەستنیشان بکات، پاشانیش وەسفی بکات، پشت دەبەستێت بە توێژینەوەی واقع و وەسفکردنی بە شێوەیەکی ورد، خاڵی سەرەکی تێیدا کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان و دابەشکردن و شیکردنەوەیانە، بەئامانجی گەیشتن بەئەنجامە زانستی و بابەتیەکان (ملحم، ٢٠٠٢: ٣٥٢) ، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا زیاد لە میتۆدێکی زانستی بۆ شیکارکردن ولێکدانەوەی زانیارییە تیۆری و مەیدانیەکان بەکارهێناوە ئەوانیش بریتین لەمیتۆدەکانی (مێژوویی، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی) بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### یەکەم/ میتۆدی مێژوویی :

بەکارهێنانی میتۆدی مێژوویی لە توێژینەوە سۆسیۆلۆجیەکاندا بەمەبەستی گەیشتنە بە ڕێسا گشتیەکان لەڕێگەی توێژینەوە لە ڕووداوە مێژووییەکانی ڕابردوو و شیکردنەوەی ئەو ڕاستیانەی پەیوەستە بەو کێشە مرۆیی و کۆمەڵایەتیانەی لە ئێستادا هەن (حسن، ١٩٧١: ٤٠٤_٤٠٥) .

ئەم میتۆدە بەڕێگایەکی گرنگ دەژمێرێت لەبواری کۆمەڵناسیدا، بۆ زانینی سروشتی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و ڕیشە مێژوویەکەی و پێش کەوتنەکانی بە گوێرەی قۆناغە جیاوازەکان.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا سودی لە میتۆدی مێژوویی وەرگرتوە لە لایەنی تیۆریدا کە باس لە مێژووی ململانێی سیاسی دەکات لە هزری کۆمەڵایەتیدا، هاوکات جارێکی دیکە سود لەم میتۆدە لە باسی ڕەوشی ململانێی سیاسی لە باشوری کوردستاندا وەرگیراوە ، تیایدا بە شێوەیەکی تێروتەسەل شیکردنەوەی پێویست بۆ ململانێی سیاسی بەدرێژای مێژووی هاوچەرخی کورد کراوە بە مەبەستی گەیشتن بە زانیاری پێویست دەربارەی (سروشتی ململانێی سیاسی )، واتە ئاشنابوون بە جۆر وهۆکارو ئامراز و کاریگەری ململانێی سیاسی لە ئێستا و ڕابردووشدا لەسەر کەسێتی وسیماکانی کورد بە درێژایی مێژوو .

دووەم/ **میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی :**

ئەم میتۆدە یەکێکە لە میتۆدە سەرەکیەکان، لەتوێژینــەوە وەسـفیەکاندا بـەکاردەهێنرێت بـۆ لێکۆڵینەوەلـە دۆخـە کۆمەڵایەتیەکانی نێوکۆمەڵگا وکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ژمارەیەکی زۆر لەتاکەکانی کۆمەڵگا جا بەڕاستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ پەیوەنـدیان پێوە دەکات ئەمـەش لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی فـۆرمی توێژینـەوە یـان چاوپێکەوتنەوە ئەنجامدەدرێت( غرایبه واخرون ،٢٠٠٣: ٣٣). هاوکات ئەم میتۆدە تەنها بـە وەسـفکردن ناوەسـتێت، بـەڵکو دەکەوێتـە سەر باسکردن و شیکرنەوەی گۆڕاوەکـان بەشـێوەیەکی زانسـتی، بـۆ توێژینـەوە مەیدانیـەکانیش بـە گـرنگترین میتـۆد دادەنرێت(عبیدات و ابو السمید ،٢٠٠٢: ١١٢). کارلەسەر ژمارەیەکی دیاریکراو لەئەندامانی کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـە دەکات، بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەو ئامانجەی وێنەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بخەنەڕوو، لە بـواری مرۆییـدا ڕووپێـویی کۆمەڵایەتی دووجۆر دەگرێتەوە، ئەوانیش :-

أ . ڕووپێویی گشتی : ئەم جۆرە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە دەگرێتەوە (مختار ، ١٩٩٥: ١٥٨) .

ب . ڕووپێویی بە ڕێگەی وەرگرتنی نموونە : ئەم جۆرە واتە وەرگرتنی بەشێك لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە بـۆ ئـەوەی توێژینــەوەی لەســەر بکرێـت بــە مــەرجێك ئــەو بەشــەی کــە وەری دەگرێــت نوێنەرایــەتی راســتەقینەی کۆمــەڵگای توێژینەوەکە بکات (أبو عمة واخرون، بدون سنة: ١٦).

لـەم توێژینەوەیــەدا (ڕوپێـوی کۆمەڵایــەتی بــە ڕێگــەی نموونــە)بــەکارهاتووە، کــە کارلەســەر ژمارەیــەکی دیــاریکراو لەئەندامانی کۆمەڵگـەی توێژینـەوەکـە کـراوە، بەشـێوەیەکی ڕێکخـراو بـەو ئامانجـەی وێنـای کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـە بکات، بۆ ئەم مەبەستەش پشتبەستراوە بە پێوەر بۆ توێژینەوەکە وەك ئامرازی سەرەکی کۆکردنەوەی زانیاری.

**٣- میتۆدی بەراوردکاری :**

میتۆدی بەراوردکاری یەکێکە لەو میتۆدانەی کە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردێت، بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی ڕێکخـراو ( عبیـدات واخـرون ، ١٩٨٧: ٢٥١) ، هاوکـات بـە ڕێگایـەك دادەنرێـت کـە بـەراورد دەکـات لـە نێـوان دیـاردە کۆمەڵایەتیەکاندا بە مەبەستی گەیشتن بـە بڕیارێـك سـەبارەت بـە دیاردەکـە کـە پەیوەسـتە بـە بـاری دیاردەکـەوە لـە کۆمــەڵگادا ، وە بڕیــاردانیش لێــرەدا پەیوەســتە بــە دەرخســتنی پێکهاتــەکانی و هاوشــێوەبون و جیــاوازی لــە نێــوان پێکهاتەکانی دیاردەکەدا بۆ دیاریکردنی بنەماکانی جیاوازی و هۆکارەکانی لێکچون (الاخرس، ١٩٨٣: ٧٠) .

هـەروەها میتـۆدی بـەراوردکاری چـەند شـێوازێك دەگرێتـە خـۆ لەوانـە : دەکرێـت چـەند لایـەنێك یـاخود بڕگـەیـەك بەراورد بکات بە چەند لایـەن و بڕگـەیـەکی هاوشـێوە لـە دوو کـاتی جیـاوازدا ، یـاخود لـە دوو شـوێنی جیـاوازدا واتـە لەسەر بنەمای کات یان شوێن ، یاخود لە دوو کۆمەڵگای جیاوازدا (الحسن، ٢٠٠٥: ١٠١) .

لەم توێژینەوەیـەدا میتـۆدی بـەراوردکاری بـەکارهاتووە بـۆ بـەراورد کردنـی ئەنجامـەکانی توێژینـەوەکانی پێشـوو بـە بەشێك لە ئەنجامی لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە، سەرەڕای بەکارهێنانی ئـەم میتـۆدە بـۆ مەبەسـتی دۆزینـەوەی جیاوازی لەنێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەدا.

## باسی دووەم / ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە :

### یەکەم / کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :

پێکهاتوە لە هەموو لایەنەکانی دیاردەیەك کە توێژەر لێیان دەکۆڵێتەوە، واتە هەموو تاکەکان یاخود کەسەکان، چین و توێژە جیاوازەکان یان هەموو ئەو بابەتانەی کێشەی توێژینەوەکە پێکدێنێت دەگرێتەوە (عبیدات و اخرون، ٢٠٠٥: ١٠٠)، یاخود هەموو ڕەگەزو توخمەکانی ئەو دیاردەو گرفتانەیە کە توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت، جا چ خێزان یان دەزگاو دامەزراوە بێت، یان دانیشتوانی شارێك بێت، دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەو هەڵبژاردنی یەکەی گونجاو پشت دەبەستێت بە ئامانجی توێژینەوە (علیان، غنیم، ٢٠٠٤: ١٣٣).

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە هەروەك لە خشتەی (١) دا خراوەتە ڕوو، پێکدێت لەهاوڵاتیانی سەرووی تەمەنی هەژدە ساڵی * لەقەزای مەڵبەندی شاری سلێمانی کە ژمارەیان بەهەردوو ڕەگەزەکە (٦١٤،٨٧٦) کەسە، کۆمەڵگاکە ڕوخسارە جیاوازەکانی وەك (ڕەگەز، دانیشتوی شارنشین و گوند نشین، چین و توێژی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاینی، ئایدۆلۆژیایی سیاسی) جیاواز لە خۆدەگرێت، بەمەبەستی زانینی کاریگەریی ململانێ سیاسیەکان لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی خەڵکی ئەو شارە، بەبێ ئەوەی تەنها فۆکەس لەسەر چینێك یاخود توێژێك یان ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو بکرێت. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم شارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لە لایەکەوە شاری سلێمانی بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی کورد چەقی ململانی سیاسیەکان بووە، لەلایەکی دیکەوە توێژەر خۆی ئەندام و دانیشتوی ئەو شارەیەو لە نزیکەوە ئاگاداری زۆربەی ئەو ململانێی سیاسیانە بووە، کە لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە هەتاوەکو ئێستا لەو شارە ڕوو دەدەن و چ کاریگەرییەکیان لەسەر کۆمەڵگاو کۆمەڵ و سیماکانی کەسێتی خەڵکی ئەو شارە دروستکردووە .

خشتەی (١)**

دانیشتوانی خەملێنراو بۆ سەرووی تەمەنی (١٨) ساڵی قەزای مەڵبەندی شاری سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠٢١-٢٠٢٢) بە جیاوازی ڕەگەز دەخاتەڕوو

| دانیشتوانی قەزای مەڵبەندی شاری سلێمانی سەرووی ١٨ ساڵ | نێر | مێ | کۆی گشتی |
| --- | --- | --- | --- |
| کۆی قەزا | ٣١١،٥٩٠ | ٣٠٣،٢٨٦ | ٦١٤،٨٧٦ |

* هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو تەمەنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، زۆرێك لە سەر چاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، گەشەکردن و کامڵ بوونی کەسێتی و دروستبوونی ئاراستەکانی پرۆسەیەکی بەردەوامە و لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە بە جیاوازی بارودۆخی (کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، جوگرافی) دەگۆڕێت، بە جۆرێك لەو کۆمەڵگایانەی لە دۆخی ناسەقامگیری(دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی) دا دەژین بە هۆی ئاستەنگ و قورسیەکانی ژیان گەشەپێدان وکامڵ بوونی ( جەستەیی، ژیری، هزری) پێش دەکەوێت. لەلایەکی دیکەوە هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن تاك لە تەمەنی(١٨) ساڵی بەرەو سەرەوە مێشکی زیاتر گەشە دەکات و بەرەو کامڵ بوون دەڕوات و ئەتوانێت بیروڕاو ئاراستەی هەبێت و بڕیار لە پرسە گرنگەکانی ژیانی بدات(أیار، ٢٠١٠، ٤٩). لەسەر ئەو بنەمایە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان لەسەرووی (١٨) ساڵ وەرگرت .

** ئەو داتایە وەرگیراوە لە بەڕێوەبەرایەتی ئامار لە شاری سلێمانی، لە بەرواری ٢٠/ ٨/ ٢٠٢١.

**دووەم / نمونەی توێژینەوەکە :**

کارێکی قورسە بۆ توێژەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگایەك وەربگرێت و پرسیاریان لێبکات، بۆیە توێژەر پەنا دەباتە بەر وەرگرتنی نموونەیەك لە کۆمەڵگای توێژینەوە، هەربۆیە هەڵبژاردنی نموونە بە یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی توێژینەوە دادەنرێت، کە پێویستە توێژەر زۆر بەوردی ئەنجامی بدات، لە گرنگترین ڕێوشوێنەکانی هەر توێژینەوەیەکە، بەو پێیەی کەوا دەرئەنجامی هەر توێژینەوەیەکی مەیدانی پشت دەبەستێت بەو ڕێبازو هەنگاوانەی توێژەر پێی هەڵدەستێت، لە هەڵبژاردنی نموونەکەی و لە ڕووی قەبارەو جۆر و ڕادەی شیاوی ئەو نمونەیەی هەڵیدەبژێرێت لەگەڵ سروشتی بابەتەکە و بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی ئاراستەی توێژینەوەکەی دەکەن. نموونە بەشێکە لە کۆمەڵگای توێژینەوە، یان ژمارەیەکە لەو یەکانەی لە کۆمەڵگای ڕەسەن وەردەگیرێت بەشێوازی جیاواز و پێکدێت لەکۆمەڵێك لە تاکەکان کە نوێنەرایەتی گشت دەکەن (عبیدات و اخرون، ٢٠٠٥: ١٠٠)، بەبڕوای (ننلی) بۆ ئەوەی کاریگەری ڕێکەوت لەسەر دیاریکردنی نمونەی توێژینەوەکە کەم بکرێتەوەو راستی و درووستی لە شیکردنەوە ئامارییەکاندا هەبێت، پێویستە بۆ هەریەکێك لە بڕگەکانی پێوەر، لانی کەم(٥)کەس وەك نمونەی توێژینەوە وەربگیرێت(nunally, 1978: 262).

واتە: ژمارەی نمونەی توێژینەوەکە = ٥ × ٨٩ ( ژمارەی بڕگە) = ٤٤٥ .

بۆڕێکردنەوەی زیاتر و ئاسانکاری پرۆسە ئامارییەکان (٤٥٠) کەس وەك نموونەی ئەم توێژینەوەیە وەرگیرا، سەبارەت بە جۆری نموونەکەش (نموونەی هەرەمەکی چینایەتی)مان هەڵبژارد، چونکە ئەم جۆرە نموونەیە لەو حاڵەتانەدا سودی زۆرە کە تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە خەسڵەتی ناگونجاو ناهاوشێوەیان هەبێت، لەم جۆرە نمونەیەدا کۆمەڵگای توێژینەوە بە پێی خەسڵەتی ناهاوبەش بۆ چەند گۆڕاوێك دابەش کراون وەك (تەمەن، ڕەگەز، جۆری پیشە، شوێنی نیشتەجێبوون، باری کۆمەڵایەتی، ئاستی ئابوری، ئینتمای حزبی،...هتد ) هەریەکە لەو گۆڕاوانە بە چین هەژمار دەکرێن(الصیرفی،٢٠٠٢: ١٩٤-١٩٦).

بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێگەی وەرگرتنی نموونەکە و زانینی ڕاو بۆچوون و هەڵوێستی خەڵکی شاری سلێمانی لەبارەی کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا، هەوڵمانداوە لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگا، بەپێی توانا نموونەیەکی وا بۆ توێژینەوەکەمان هەڵبژێرین کە تاڕادەیەکی زۆر نوێنەرایەتی سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵمان داوە فۆرمەکان لە دامەزراوەی حکومی وەك (زانکۆ، قوتابخانە، پولیس و ئاسایش ، نەخۆشخانە) هەروەها دامەزراوەی تایبەت وەکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بارەگای حزبە سیاسیەکان، سەندیکاکانی( کرێکاران، پارێزەران، ڕۆژنامەنوسان، کاسبکاران)، لەگەڵ شوێنە گشتیەکانی وەکو( مزگەوت، باخچەی گشتی، مۆڵ ،کافتریا، بازاری گشتی)، دابەش بکەین بەمەبەستی ئەوەی هەڵوێستی سەرجەم چین و توێژو ڕەگەزەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان سەبارەت بە کاریگەری ململانێی سیاسی لەپێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کوردمان بۆ دەرکەوێت.

**سێیەم/ دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوەکە :**

١. بواری شوێنی : ئەم توێژینەوەیە لە قەزای ناوەندی شاری سلێمانی ئەنجامدراوە .

٢. بواری مرۆیی : هاوڵاتیانی دانیشتوی قەزای ناوەندی شاری سلێمانی دەگرێتەوە کە تەمەنیان لەسەرووی (١٨) ساڵەوەیە و ( ٤٥٠) کەسی لێ بە نموونە وەرگیراوە .

٣. بواری کاتی: بریتییە لەو ماوەیەی کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە لە ( ١/ ١/ ٢٠٢١) تا ( ١/٥/ ٢٠٢٢) .

**چوارەم / ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری :-**

**فۆرمی پێوەر**

ئەم ئامرازە ڕێگە و شێوازێکی زانستیە، توێژەر بۆ پێوانەی هەندێك دیاردە و چەمك بەکاری دەهێنێت، بۆ ئەوەی زانیاری وردتر لەسەر بابەتەکە بەدەست بخات (سید،٢٠١٠: ٢١٥). ئەم فۆرمە یەکێکە لە ئامرازە سەرەکی و زانستیەکانی ئەم توێژینەوەیە، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پشتی بە بونیادنانی پێوەرێك بەناونیشانی ( کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا)بەستوە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، بۆ ئامادەکردنیشی کۆمەلێك هەنگاو و ڕێوشوێن گیراوەتەبەر .

**١- هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پێوەر**

أ- توێژەر لە سەرەتای دەستپێکردنی بە کارە مەیدانییەکان فۆرمێکی ڕاپرسی سەرەتایی (استطلاعي) دروستکرد، کە پرسیارێکی لە خۆگرتبوو ئەویش بریتی بوو لە (بەبۆچوونی بەرێزتان ململانێ سیاسیەکانی باشوری کوردستان چ کاریگەرییەکیان لە سیماکانی کەسێتی کوردی کردووە؟ لە ڕووی(کۆمەلأیەتی، کلتوری، دەروونی، سیاسی، ئابوری)دوە هەروەك لە پاشکۆی ( ١ )دا خراوەتەڕوو، پاشان ئەم فۆرمە بە سەر (٤٥) لێتوێژاو لە چین و توێژە جیاوازەکان بەجیاوازی هەردوو ڕەگەز دابەشکرا، دواتر تەنها (٤٠) فۆرم گەرێنرایەوە. دوای خوێندنەوەی هەموو فۆرمەکان لە گرنگترین کاریگەرییە (ئەرێنی و نەرێنی )ەکانی ململانێی سیاسی لەسەر (ڕەفتارو هەڵوێست و هەست) واتە سیماکانی کەسێتی کورد دەستنیشانکراو سودی لێوەرگیرا لە دانانی برگەکانی فۆرمی پێوانەکە .

ب- سود وەرگرتن لەو نوسراو پێناسانەی توێژەر لەپەرتووکەکاندا دەستیکەوتووە، لەسەر ململانێی سیاسی و سیماکانی کەسێتی کورد، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕەوشی ململانێی سیاسی و کاریگەرییە جیاوازەکانی لەسەر کۆمەڵگە و سیماکانی کەسێتی کورد.

**ج- سودوەرگرتن لە چوارچێوەی هزری و تیۆری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا بە گشتی وە بەتایبەت سود لە تیورەکەی (مۆریس دوڤرجیە) وەرگیراوە بۆ ئامادەکردنی سیمای (دادپەروەری و هاوبەندی) کۆمەلأیەتی .**

د- هەروەها بۆ دارشتنی تەوەر و برەگەکان سود لە فۆڕمی ڕاپرسی و ئەو پێوەرانەی کەلەتوێژینەوەکانی پێشوودا هەبوون وەرگیراوە .

**٢- شێوەی سەرەتایی پێوەرەکە**

دوای ئامادەکردنی پێوەرەکە هەروەك لە پاشکۆی ژمارە( ٣ ) دا خراوەتە ڕوو، لەسەرەتادا پێوەرەکە لە پێنج تەوەر پێکهاتبوو، وە( ٨٨) برگەشی لەخۆگرتبوو، بەم شێوەیەی خوارەوە :-

**تەوەری یەکەم/ کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای کۆمەلأیەتی لە کەسێتی کورددا (٢٠ )برگە.**

**تەوەری دووەم/ کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای کلتوری لە کەسێتی کورددا (١٢) برگە.**

**تەوەری سێیەم / کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای دەروونی لە کەسێتی کورددا (٢٠) برگە.**

**تەوەری چوارەم / کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای ئابوری لە کەسێتی کورددا ( ١٦) برگە.**

**تەوەری پێنجەم / کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای سیاسی لە کەسێتی کورددا ( ٢٠) برگە.**

پاشان دوای ئامادەکردنی پێوەرەکە، بۆ هەر برگەیەك پێنج بژاردە دانرا، ئەوانیش بریتین لە (زۆر لەگەڵیدام، لەگەڵیدام، ڕام نیە، لەگەڵیدانیم، هیچ لەگەڵیدا نیم) بە پشت بەستن بە ڕێگەی (پێنجی لیکەرت) ئەم پێوەرە گرنگیەکی زۆری هەیە لە توێژینەوە سۆسیۆلۆجیەکاندا چونکە یارمەتی توێژەر دەدات بۆ پێوانەکردنی دیاردەکان و

گەیشتن بە ئەنجام و داتای ورد (وصفی، ٢٠٠٣: ١٢٧) سروشتی بابەتی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەم ڕێگەیەدا زیاتر دەگونجێت، بڕگەکانی پێوەرەکەش هەندێکیان بەئەرێنی و هەندێکی تریان بە نەرێنی دانران، تا زانیاری ورتر لەلایەن لێتوێژراوانەوە بەدەست بهێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێنج نمرە(٥-١) بۆ بڕگە ئەرێنیەکان و بە پێچەوانەشەوە بۆ بڕگە نەرێنیەکان دانراوە .

٣- **ڕاستگۆیی بڕگەکان**: ڕاستگۆیی ئاماژەیە بۆڕاستگۆیی پێوانەی فۆرمی توێژینەوە، کەپێویستیەکی بنچینەییە لە دارشتنی فۆرمدا، چونکە بەبێ بوونی ڕاستگۆیی توێژینەوە بە دروست هەژمارناکرێت و بەهای نابێت، هەربۆیە ڕاستگۆیی مەرجی هەموو توێژینەوەیەکە (Cohen with other,2007:133) ڕاستگۆیی چەند جۆرێکی هەیە ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بریتیە لە:

لەڕاستگۆیی ئاشکرادا هەستاین بەپێدانی پێوەری ئامادەکراو بۆ توێژینەوەکە، بەکۆمەڵێك شارەزاو پسپۆڕ لەبوارەکانی (کۆمەڵناسی، دەروونناسی، سیاسی، مێژوو، ڕاگەیاندن ) وەك لەپاشکۆی ( ٢)دا خراوەتەڕوو، تاوەکو ڕای خۆیان لەسەر تەواوی بڕگەکان بخەنەڕوو، کە ژمارەیان (١٥)پسپۆڕبوو، پاشان بۆ جیاکردنەوەی بڕگەی گونجاو لە نەگونجاو بە پێی یاسایەکی ئاماری دەرکەوت، ڕێژەی(٨٩,٧٧٪) بڕگەکانی پێوەرەکە لەلایەن پسپۆڕانەوە قبوڵکراوە هەروەك لە خشتەی ( ٢) دەرکەوتووە، لەئەنجامیشدا لەکۆی(٨٨)بڕگەی تایبەت بە کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا (٣) بڕگەی لێ لابرا و (٤) بڕگەی نوێی بۆ زیاد کرا، لەگەڵ هەندێك گۆڕانکاری و دارشتنەوەی چەند بڕگەیەك، لەکۆتایدا ژمارەی بڕگەکان بوو بە (٨٩) بڕگە، پاشان دەرکەوت بڕگەکانی پێورەکە گونجاون بۆ جێبەجێکردن بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا، هەروەك لە پاشکۆی ( ٤ )دا خراوەتەڕوو.

خشتەی ( ٢ )

بۆچوونی پسپۆران وشارەزایان دەربارەیی ڕاستگۆیی بڕگەکانی پێوەر دەخاتە ڕوو

| ژ | ژمارەی بڕگە | تەوەر | رازی | نارازی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠ | **کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای کۆمەلأیەتی کەسێتی کورددا** | ١٣ | ٢ | ٪٩٠ |
| ٢ | ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢ | **کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای کلتوری لە کەسێتی کورددا** | ١٣ | ٢ | ٪٨٣,٣٣ |
| ٣ | ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠ | **کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای دەروونی لە کەسێتی کورددا** | ١٣ | ٢ | ٪٩٠ |
| ٤ | ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦ | **کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای ئابوری لە کەسێتی کورددا** | ١٣ | ٢ | ٪٨٧,٥ |
| ٥ | ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠ | **کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای سیاسی لە کەسێتی کورددا** | ١٤ | ١ | ٪٩٥ |
| **کۆ** | ٨٨ | | | | ٪ ٨٩,٧٧ |

**تێبینی:-**

**ژمارەی تەواوی بڕگەکان = ٨٨ بڕگە**

**ژمارەی شارەزایان= ١٥**

کۆی گشتی بڕگەکان = ژمارەی بڕگەکان× ژمارەی پسپۆران

= ٨٨ × ١٥

١,٣٢٠

کۆی گشتی بڕگە دروستەکان = ٧٩

کۆی گشتی بڕگە نادروستەکان = ٩

ڕاستێتی گشتی پێوەر = کۆی گشتی بڕگە دروستەکان ÷ کۆی گشتی بڕگەکانی پێوەر × ١٠٠

= ٧٩ ÷ ٨٨ × ١٠٠

= ٨٩,٧٧

**٤- تافیکردنەوەی جێگیری بۆ پێوەر :-**

جێگیری فۆرم واتە هاومانا بوون و گونجاوی لە وەڵامدانەوە لێتوێژراواندا، چەندین شێواز بۆ گەشتن بە جێگیری هەیە، لەم توێژینەوەیەدا بۆ جێگیر کردنی فۆرمی پێوانەکە سێ ڕێگا گیراوەتە بەر ئەوانیش:-

أ - **دووبارە تاقیکردنەوەی پێوەر** : واتە دووبارە دابەشکردنەوەی فۆرمەکە بەسەر هەمان لێتوێژراواندا بۆ دوو جار، واتە هەمان نمرەو دەرئەنجام بەدەست بهێنێتەوە لە پێوانەکردنی هەمان ئەو پرسیارانەی لێیان دەکرێتەوە (Cohen other,2007,143) .لەم ڕێگەیەدا توێژەر هەستا بە دووجار دابەشکردنی (٢٠) فۆرم بەسەر ڕەگەز وچەند چینێکی جیاواز لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ، جیاوازی نێوان هەرجارێك (دوو هەفتەی) خایاند، نمرەی هەردوو جارەکە تۆمارکران ، پاشان لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەستی سپێرمان، جێگیری فۆرمی پێوانەکە دەرهێنرا و ڕێژەی جێگیریرکەی لە (٠,٨٨) دەرچوو، ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆئەوەی کە جێگیری پێوانەکە بەرزە هەروەك لەخشتەی (٣) خراوەتە ڕوو .

خشتەی ( ٣ )

جێگیر کردنی پێوەر لە ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە دەخاتەڕوو.

| جێبەجێکردن | بەروار | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی | هاوکۆلکەی پەیوەستی سپیرمان | ئە نجام |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ٢٠٢١/١١/١ | ٠,٤١٧٥٩ | ١,٧٣ | ٠,٨٨ | بەهێز |
| دووەم | ٢٠٢١/١١/٢٠ | ٠,٤٧٠٢٠ | ١,٧٣ | | |

ب- **ڕێگەی دابەشکردنی کەرتی** : لەم ڕێگەیەدا بڕگەکانی پێوەر پاش وەڵامدانەوە بۆ دوو بەش دابەش دەکرێت، ئەوانیش وەکو(جووت، تاك) ژمارەی بڕگە تاکەکان بریتییە لە بەشی یەکەم و ژمارەی بڕگە جوتەکان بریتیە لە بەشی دووەم ، پاشان هاوکێشەی پەیوەستبوون لە نێوان نمرەکانی هەردوو بەشەکە هەژماردەکرێت (ناشیماز، ٢٠٠٤: ١٨١).لەم جۆرە جێگیریەدا بڕگەکانی پێوەرەکەمان بەسەر دوو بەشدا دابەشکرد، ئەویش بە دانانی بڕگەی ژمارە تاکەکان لە یەك بەشدا و بڕگەی ژمارە جووتەکان لەبەشەکەی تردا، دابەشکردن بەم ڕێگەیە دەبێتە هۆی هاوسەنگی لە جۆر و شێوازی بڕگە و بەرفراوانی ناوەڕۆکەکەی و ئاستی قورسیەکەی، ئەگەرەکان باش دەبێت کاتێك هەردوو بەشی پێوانەکاریەکە، کە بەم ڕێگەیە درووست بوون هاوشێوە بن، دوای ئەنجامدانی ڕێگەی ئاماری بۆ دەستکەوتنی ئەم بەهایە بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی (سپێرمان- براون) بۆمان دەرکەوت، بەهای جێگیری بەم ڕێگەیە بریتیە لە (٠,٩٢).

ج- **ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ :-** هاوکێشەیەکی سایکۆمتریە بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی پلەی پەیوەندی نێوان بڕگەکانی پێوەر، تاکو لە ڕێگەیەوە هاماهەنگی و پەیوەستی بڕگەکان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ کۆی پێوەرەکەدا بزانرێت (Anthony, 2011: 179) . لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بەمەبەستی جێگیرکردن پشتی بە هاوکێشەی ئەلفا بۆ پەیوەستی و تەبایی ناوخۆی بڕگەکان بەست، لەکۆتایدا دەرکەوت هاوکێشەی جێگیری پێوەرەکە بەگشتی بریتی بوولە (٠,٩٤) ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەوەی پێوەرەکە لە ئاستێکی بەرزدایە و گونجاوە بۆ جێبەجێکردن .هەروەك لە خشتەی ( ٤)دا خراوەتەڕوو .

خشتەی (٤)

جێگیربوونی پێوانەی بەرێگەی ئەلفا کرونباخ بۆ پێوەرەکە دەخاتە ڕوو

| تەوەرەکان | هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|
| کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای کۆمەڵایەتی کەسێتی کورددا | ٠,٨٥١ | ٢٠ |
| کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای کلتوری لە کەسێتی کورددا | ٠,٧٠ | ١٠ |
| کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای دەروونی لە کەسێتی کورددا | ٠,٩٠ | ٢٣ |
| کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای ئابوری لە کەسێتی کورددا | ٠,٨١٧ | ١٣ |
| کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای سیاسی لە کەسێتی کورددا | ٠,٩٤١ | ٢٣ |
| | ٠,٩٤ | ٨٩ |

**٥- پەیوەستی نێوان نمرەی بڕگەکان بە نمری گشتی پێوەرەکەوە :-**

پەیوەستی نمرەی بڕگە بە نمرەی گشتی پێوەرەوە مانای گونجاندنی بڕگەکان دەردەخات بۆ پێوانی دیاردەیەکی ڕەفتاری، تاکو هاوکێشەی پەیوەستی نمرەی بڕگەکە بە نمرەی گشتیەوە بەرزبێت ئەگەری دەستکەوتنی پێوەرێکی گونجاوتر زیاد دەکات(Nunnally,1978: 262). لەم توێژینەوەیەدا توانرا پەیوەستی نێوان نمرەی گشت بڕگەکان بە نمرەی گشتی پێوەرەکەوە دەربهێنرێت ، بەبەکارهێنانی هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن و دەرهێنانی بەهای (ت) بۆ ئەو هاوکۆلکەیە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە نرخەکانی هاوکۆلکە پەیوەستی لە نێوان (٠,٢٠٧ و ٠,٧٦٠) دابوو چونکە بڕگەکانی (٢٧،٢٥،٢٣، ٨٢) بەهاکەیان کەمتر بوولە بەهای ( ت)ی خشتەیی و هاوکۆلکەی پەیوەستی بە پێی پرۆگرامی (SPSS)، هەربۆیە توێژەر ئەو بڕگانەی لابرد لە پێوەرەکە لە کۆتایدا دەرکەوت ( ٨٧)بڕگەی پێوەرەکە پەیوەستن بە نمرەی گشتی پێوەرەکەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گونجاندنی ناوەکی بڕگەکان و بەتوانایی لە پێوانی کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا لای نموونەی توێژینەوەکە. هەروەك لەخشتەی (٥) هاوکۆلکەی پەیوەستی تەوەر و بڕگەکان خراوەتە ڕوو .

**خشتەی ( ٥ )**

**هاوکۆلکەی پەیوەستی تەوەر و بڕگەکان دەخاتە ڕوو**

| تەوەر | بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەستی | تەوەر | بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەستی | تەوەر | بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەستی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ١ | ٠,٣٧٦ | سێیەم | ٣٣ | ٠,٣٣٤ | چوارەم | ٦٢ | ٠,٥٨٢ |
| | ٢ | ٠,٤٠٧ | | ٣٤ | ٠,٤٠٩ | | ٦٣ | ٠,٧٢٣ |
| | ٣ | ٠,٤٥٩ | | ٣٥ | ٠,٣٦٦ | | ٦٤ | ٠,٦٧٨ |
| | ٤ | ٠,٤٤٥ | | ٣٦ | ٠,٤١٢ | | ٦٥ | ٠,٥١٠ |
| | ٥ | ٠,٤٣١ | | ٣٧ | ٠,٣٧٧ | | ٦٦ | ٠,٤٩٠ |
| | ٦ | ٠,٤٤٦ | | ٣٨ | ٠,٤٠٨ | پێنجەم | ٦٧ | ٠,٥٤٩ |
| | ٧ | ٠,٥٨٦ | | ٣٩ | ٠,٤٠٥ | | ٦٨ | ٠,٣٥١ |
| | ٨ | ٠,٦٢٧ | | ٤٠ | ٠,٣١٨ | | ٦٩ | ٠,٦٤١ |
| | ٩ | ٠,٦٦٥ | | ٤١ | ٠,٢٩٠ | | ٧٠ | ٠,٣٨٥ |
| | ١٠ | ٠,٧٠٠ | | ٤٢ | ٠,٢٧٧ | | ٧١ | ٠,٦٣٠ |
| | ١١ | ٠,٦٧٦ | | ٤٣ | ٠,٢٨٢ | | ٧٢ | ٠,٦٥٢ |
| | ١٢ | ٠,٦٦٣ | | ٤٤ | ٠,٣٧٦ | | ٧٣ | ٠,٥٣١ |
| | ١٣ | ٠,٦٠٥ | | ٤٥ | ٠,٢٠٧ | | ٧٤ | ٠,٦٥٠ |
| | ١٤ | ٠,٦٠٧ | | ٤٦ | ٠,٣٢٣ | | ٧٥ | ٠,٥٧٣ |
| | ١٥ | ٠,٥٧١ | | ٤٧ | ٠,٣١٦ | | ٧٦ | ٠,٥٨٧ |
| | ١٦ | ٠,٤٣٠ | | ٤٨ | ٠,٣٣٤ | | ٧٧ | ٠,٥٥٩ |
| | ١٧ | ٠,٣٩٩ | | ٤٩ | ٠,٣٢٣ | | ٧٨ | ٠,٦٧٣ |
| | ١٨ | ٠,٤٩٣ | | ٥٠ | ٠,٣٧٨ | | ٧٩ | ٠,٧١٤ |
| | ١٩ | ٠,٤٣٣ | | ٥١ | ٠,٣٣٠ | | ٨٠ | ٠,٦٦٩ |
| | ٢٠ | ٠,٤٢٧ | | ٥٢ | ٠,٣٧٨ | | ٨١ | ٠,٧٠٦ |
| دووەم | ٢١ | ٠,٤٧١ | | ٥٣ | ٠,٣٤١ | | ٨٣ | ٠,٦٦٩ |
| | ٢٦ | ٠,٥٨٥ | | ٥٦ | ٠,٥٣٩ | | ٨٤ | ٠,٧٦٠ |
| | ٢٨ | ٠,٣٥٤ | | ٥٧ | ٠,٥٣٦ | | ٨٥ | ٠,٧٣٤ |
| | ٢٩ | ٤٧٠.٠ | | ٥٨ | ٠,٦٣٨ | | ٨٦ | ٠,٧٤١ |
| | ٣٠ | ٠,٥٩١ | | ٥٩ | ٠,٥٢٥ | | ٨٧ | ٠,٧٠٧ |
| سێیەم | ٣١ | ٠,٤٥٣ | | ٦٠ | ٠,٥٤٤ | | ٨٨ | ٠,٧٥١ |
| | ٣٢ | ٠,٤٣٨ | | ٦١ | ٠,٦٤٢ | | ٨٩ | ٠,٦٤٥ |

**٦- بەهێزی توانای جیاکاری بڕگەکانی پێوەر :-**

**پرۆسەیەکی گرنگە بۆ پێوانی هێزی بڕگەکانی پێوەر و هێشتنەوەی بڕگە بە هێزەکان و لابردنی بڕگە لاوازەکان ، لەبەرئەوەی توانای بڕگەکان دەپشکنێت، بۆ پێوانی دیاردەکە (فرج، ٢٠١٤: ١٥٦) . بۆ ئەومەبەستەش توێژەر لە ڕێگەی هاوکێشەی دوونمونەی زیادەڕۆوە و بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ ، توانی جیاکاری بڕگەکانی پێوەرەکە دەربهێنێت لە ڕێگەی هەگبەی ئاماری زانستە کۆمەڵایەتیەکان، بەبەکارهێنانی پرۆگرامەکانی (SPSS) بۆ ئەو کارە، نمرەی کۆتایی کە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێنابوو بەرەو ژوور ڕێکخرا(٢٧٪) بەرزترین نمرە و (٢٧٪) نزمترین نمرەش دیاری کرا ، بەو شێوەیە هەرکاتێك جیاوازی لە نێوان ئەندامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت هێزی جیاکاری بڕگەکان لە نێوان (٢,٩١٥ و ١٠,٨٣) دابوو لە کاتێکدا بە های خشتەیی ( ت) ( ٢,٥٩٦) بوو ڕێژەی هەڵەش (٠,٠١) و پلەی ئازادی ( ١٢٢) هەر بۆیە ئەو بڕگانە هێڵرانەوە کە بەهای (ت) ی هەژمارکراویان یەکسان بوو بە ( ٢,٥٩٧) وزیاتر ، بەلام ئەو بڕگانەی کەبەهای ( ت) هەژمارکراویان لەوە کەمتر بوو لابران بەهۆی لاوازیان لە دەرخستنی جیاوازی نێوان ئەندامانی نمونەکە هەربۆیە (٤ ) بڕگە لە پێوەرەکە لابران، واتە دەرکەوت بڕگەکانی (٢٣، ٢٥،٢٧،٨٢) بێتوانان لە پێوانی کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا و پێچەوانەکەشی ڕاستە ، هەروەك لە خشتەی ژمارە( ٦ ) لای خوارەوە ڕوونکراوەتەوە .**

**خشتەی (٦)**

**توانای جیاکاری بڕگەکانی پێوەرەکە بۆ بڕگەکانی پێوەری کاریگەریی ململانێ سیاسیەکان لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا**

| بڕگە | کۆمەڵەی نمرە بەرزەکان | | کۆمەڵەی نمرە نزمەکان | | ت ی ئەژمارکراو | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| ١ | ١,٤٧٠ | ١,٠٣٨ | ٢,٢٩٠ | ١,٢٥٦ | ٥,٥٥٦- | بەتوانایە |
| ٢ | ١,٤٧٠ | ١,١٥١ | ٢,٤٢٠ | ١,٤٥٤ | ٥,٦٦٤- | بەتوانایە |
| ٣ | ١,٢٢٠ | ٠,٥٥٣ | ٢,٢٥٠ | ١,٢٣٧ | ٨,٤١٩- | بەتوانایە |
| ٤ | ١,٢٠٠ | ٠,٥٤٥ | ٢,١٦٠ | ١,٢٢٩ | ٧,٨٨١- | بەتوانایە |
| ٥ | ١,٢٣٠ | ٠,٦٩٠ | ٢,١١٠ | ١,٠٩٧ | ٧,٤٧٦- | بەتوانایە |
| ٦ | ١,٣٥٠ | ١,٠٩٠ | ٢,١٨٠ | ١,٢٦٦ | ٥,٤٧٢- | بەتوانایە |
| ٧ | ١,٤١٠ | ١,١٠٤ | ٢,٨٣٠ | ١,٣٣٤ | ٩,٠٤٤- | بەتوانایە |
| ٨ | ١,٥٩٠ | ٢٠٤.١ | ٣,٣٠٠ | ١,١٥٦ | ١١,٣٣٣- | بەتوانایە |
| ٩ | ١,٨٤٠ | ١,٢٧٥ | ٣,٧٥٠ | ١,١٤٧ | ١٢,٣٠١- | بەتوانایە |
| ١٠ | ١,٧٧٠ | ١,١٧٧ | ٣,٦٧٠ | ١,٢٣٦ | ١٢,٣٠٧- | بەتوانایە |
| ١١ | ١,٧٤٠ | ١,٠٥٩ | ٣,٧٥٠ | ١,١٩٤ | ١٣,٩٥٤- | بەتوانایە |
| ١٢ | ١,٧٨٠ | ١,١٢٥ | ٣,٤٤٠ | ١,٢٠٦ | ١١,١٤٤- | بەتوانایە |
| ١٣ | ١,٦٩٠ | ١,٠٢١ | ٣,٤٠٠ | ١,٢٥٧ | ١١,٦٨١- | بەتوانایە |
| ١٤ | ١,٦٨٠ | ١,٠٥٤ | ٣,٣٠٠ | ١,١٧١ | ١١,٣٧٩- | بەتوانایە |
| ١٥ | ٢,١١٠ | ١,٣٥٦ | ٣,٦١٠ | ١,١٥٣ | ٩,٣٠٩- | بەتوانایە |
| ١٦ | ٢,٣١٠ | ١,٢٤٧ | ٣,٤٥٠ | ١,٢٤١ | ٧,١٥٤- | بەتوانایە |
| ١٧ | ١,٥١٠ | ١,٠٠٦ | ٢,٣٦٠ | ١,٢٤٠ | ٥,٨٩٦- | بەتوانایە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | ١,٣٣٠ | ٠,٧٢١ | ٢,٤٣٠ | ١,١٩٩ | ٨,٦٧٤- | بەتوانایە |
| ١٩ | ٢,٢٠٠ | ١,٥٣٧ | ٣,٥٢٠ | ٣٠٠.١ | ٧,٢٤١- | بەتوانایە |
| ٢٠ | ١,٣٩٠ | ٠,٩٤٠ | ٢,٥٠٠ | ١,٣١٣ | ٧,٦٢٧- | بەتوانایە |
| ٢١ | ٤,٠٢٠ | ١,٣٦٣ | ٢,٩٩٠ | ١,٢٩٥ | ٦,٠٦٦ | بەتوانایە |
| ٢٢ | ٣,٩٥٠ | ١,٢٩٨ | ٣,٥٦٠ | ١,١٩٣ | ٢,٤٦٦ | بەتوانایە |
| ٢٣ | ٣,٧١٠ | ١,٥٦١ | ٣,٣٧٠ | ١,٢٥٤ | ١,٨٩٩ | لاوازە |
| ٢٤ | ٣,٨٧٠ | ١,٣٧٨ | ٣,٥٣٠ | ١,١٣٧ | ٢,٠٧٨ | بەتوانایە |
| ٢٥ | ٣,٨٢٠ | ١,٥٠٥ | ٣,٥٦٠ | ١,١٧٢ | ١,٥١٩ | لاوازە |
| ٢٦ | ٣,٧٠٠ | ١,٥٠٣ | ٣,١١٠ | ١,٢٦١ | ٣,٣٢٢ | بەتوانایە |
| ٢٧ | ٣,٥٤٠ | ١,٥١١ | ٣,٥٧٠ | ١,٢٣٩ | ٠,١٨٥- | لاوازە |
| ٢٨ | ٢,٦٢٠ | ١,٤٠٤ | ٣,٢٤٠ | ١,٢٤٠ | ٣,٦٢٤- | بەتوانایە |
| ٢٩ | ٢,٢٤٠ | ١,٤٢٦ | ٢,٩٧٠ | ١,٣٢٩ | ٤,١٣٣- | بەتوانایە |
| ٣٠ | ٢,٠٨٠ | ١,٥٤٦ | ٢,٧١٠ | ١,٢٩٥ | ٣,٤٥٧- | بەتوانایە |
| ٣١ | ١,٦٥٠ | ١,٢٦٦ | ٢,٦٦٠ | ١,٣٨٢ | ٥,٩٩٠- | بەتوانایە |
| ٣٢ | ١,١٧٠ | ٠,٤٠٠ | ٢,٤٥٠ | ١,٣٠٥ | ١٠,٣٤٤- | بەتوانایە |
| ٣٣ | ١,٢٠٠ | ٠,٤٩٧ | ٢,٤٨٠ | ١,٢٦١ | ١٠,٣٥٣- | بەتوانایە |
| ٣٤ | ١,٥٢٠ | ١,٠٨٥ | ٢,٥٨٠ | ١,٢٤٥ | ٧,١٢٥- | بەتوانایە |
| ٣٥ | ١,٢٦٠ | ٠,٥٨٦ | ٣,٠٥٠ | ١,٢٣٢ | ١٤,٤٦٤- | بەتوانایە |
| ٣٦ | ١,٣٧٠ | ٠,٧٧٤ | ٣,٢١٠ | ١,١٣٧ | ١٤,٨١٢- | بەتوانایە |
| ٣٧ | ١,٤٨٠ | ١,٠٦٢ | ٢,٣٣٠ | ١,١١٧ | ٦,١١٠- | بەتوانایە |
| ٣٨ | ١,٤٤٠ | ١,٠٣٧ | ٢,٥٠٠ | ١,٣٣١ | ٦,٩٢١- | بەتوانایە |
| ٣٩ | ١,٢١٠ | ٠,٨٤٥ | ٢,٨٩٠ | ١,٣٢٩ | ١١,٧٨٦- | بەتوانایە |
| ٤٠ | ١,٣٤٠ | ٠,٨٢١ | ٢,٨٠٠ | ١,٢٠٦ | ١٠,٩٨٧- | بەتوانایە |
| ٤١ | ١,٢٦٠ | ٠,٥٧٢ | ٢,٨٩٠ | ١,٢٨٠ | ١٢,٧٨٢- | بەتوانایە |
| ٤٢ | ١,٣٩٠ | ٠,٦٩٩ | ٣,٠٠٠ | ١,٢٣٣ | ١٢,٥١٩- | بەتوانایە |
| ٤٣ | ١,١٧٠ | ٠,٤٥٨ | ٢,٦٦٠ | ١,٢٥١ | ١٢,٣٧٣- | بەتوانایە |
| ٤٤ | ١,٢٣٠ | ٠,٦٢٧ | ٢,٧٠٠ | ١,٣٢٨ | ١١,٠٩٧- | بەتوانایە |
| ٤٥ | ١,١٣٠ | ٠,٣٣٩ | ٢,٦٢٠ | ١,٢٤٩ | ١٢,٧٣٥- | بەتوانایە |
| ٤٦ | ١,١٠٠ | ٠,٣٢٥ | ٢,٥٥٠ | ١,٣١٢ | ١١,٨٥٧- | بەتوانایە |
| ٤٧ | ١,٢٨٠ | ٠,٦٣٣ | ٣,١٦٠ | ١,٢٤٢ | ١٤,٩٣٤- | بەتوانایە |
| ٤٨ | ١,١٦٠ | ٠,٤٩٨ | ٢,٦٠٠ | ١,٢٥٧ | ١١,٧٨١- | بەتوانایە |
| ٤٩ | ١,١٧٠ | ٠,٤٥٨ | ٢,٧٩٠ | ١,٢٧٤ | ١٣,١٧٢- | بەتوانایە |
| ٥٠ | ١,٢٧٠ | ٠,٦٣٠ | ٢,٩٨٠ | ١,٢٥٣ | ١٣,٤٩١- | بەتوانایە |
| ٥١ | ١,١٠٠ | ٠,٢٩٩ | ٢,٦١٠ | ١,٢٦٣ | ١٢,٩٠٨- | بەتوانایە |
| ٥٢ | ١,٥٩٠ | ١,٢٢٥ | ٢,٦٨٠ | ١,٢٥٥ | ٦,٨٦٧- | بەتوانایە |
| ٥٣ | ١,١٩٠ | ٠,٧٢٠ | ٢,٨٤٠ | ١,٣٤٤ | ١١,٩٣٣- | بەتوانایە |
| ٥٤ | ١,٨٤٠ | ١,٣٩٧ | ٢,٨٤٠ | ١,١١٤ | ٦,١٨٣- | بەتوانایە |
| ٥٥ | ١,٣٠٠ | ٠,٩١٧ | ٣,١٢٠ | ١,١٦٨ | ١٣,٥٣٢- | بەتوانایە |
| ٥٦ | ١,٣٥٠ | ٠,٨١٢ | ٢,٨٧٠ | ١,١٨٥ | ١١,٦٥٨- | بەتوانایە |
| ٥٧ | ١,١٦٠ | ٠,٤٣٣ | ٢,٦٧٠ | ١,٢٢٣ | ١٢,٨٤٢- | بەتوانایە |
| ٥٨ | ١,٤٢٠ | ٠,٩١٧ | ٢,٩٣٠ | ١,٢٥١ | ١٠,٧٩٧- | بەتوانایە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٩ | ٢,٠٩٠ | ١,٤٣٢ | ٢,٩٧٠ | ١,١٩٢ | ٥,٢٠٠- | بەتوانایە |
| ٦٠ | ١,٧٧٠ | ١,١١٩ | ٢,٩٢٠ | ١,٢٥٠ | ٧,٥٥٣- | بەتوانایە |
| ٦١ | ١,٥٣٠ | ٠,٩٢٩ | ٢,٩٨٠ | ١,٢٢٠ | ١٠,٤٥٤- | بەتوانایە |
| ٦٢ | ١,٥٧٠ | ٠,٩٢٧ | ٢,٨١٠ | ١,٣٠١ | ٨,٦١٦- | بەتوانایە |
| ٦٣ | ١,٦٣٠ | ٠,٩٢٩ | ٣,٣٤٠ | ١,١٨٣ | ١٢,٥٢٣- | بەتوانایە |
| ٦٤ | ١,٧٤٠ | ١,١١٩ | ٣,٥٥٠ | ١,٢٣٤ | ١٢,٠١٠- | بەتوانایە |
| ٦٥ | ٢,٧١٠ | ١,٤٦٩ | ٣,٧٥٠ | ١,٠٩٣ | ٦,٢٨٠- | بەتوانایە |
| ٦٦ | ٢,٧٩٠ | ١,٤٧٨ | ٣,٦٣٠ | ١,١٩٤ | ٤,٩٠٨- | بەتوانایە |
| ٦٧ | ١,٨٩٠ | ١,٣٩٨ | ٢,٥٤٠ | ١,٢١٤ | ٣,٩١٢- | بەتوانایە |
| ٦٨ | ١,٥٣٠ | ١,٠٧٧ | ٢,٩٢٠ | ١,٢٢٤ | ٩,٣٨٦- | بەتوانایە |
| ٦٩ | ١,٥٤٠ | ١,٠٩٢ | ٢,٨٤٠ | ١,١٩٩ | ٨,٨٧٥- | بەتوانایە |
| ٧٠ | ١,٦٩٠ | ١,٣٦١ | ٣,١٠٠ | ١,٣٦٣ | ٨,٠٨٤- | بەتوانایە |
| ٧١ | ١,١٥٠ | ٠,٣٧٩ | ٢,٦١٠ | ١,٣٢١ | ١١,٧٢٨- | بەتوانایە |
| ٧٢ | ١,١٨٠ | ٠,٣٨٦ | ٢,٥٩٠ | ١,٢١١ | ١٢,٢٥٠- | بەتوانایە |
| ٧٣ | ١,١٩٠ | ٠,٤١٣ | ٢,٥٦٠ | ١,٢٠٠ | ١١,٩١٧- | بەتوانایە |
| ٧٤ | ١,٢٥٠ | ٠,٥٧٩ | ٢,٧٠٠ | ١,١٠٥ | ١٢,٨٤٢- | بەتوانایە |
| ٧٥ | ١,٢٠٠ | ٠,٤٧٥ | ٢,٧٥٠ | ١,١٥٤ | ١٣,٧١٣- | بەتوانایە |
| ٧٦ | ١,٨٠٠ | ١,١١٣ | ٣,٣٠٠ | ١,٠٤٢ | ١٠,٨٦٧- | بەتوانایە |
| ٧٧ | ١,٤٣٠ | ٠,٧٣٨ | ٣,٠٨٠ | ١,٠٩٥ | ١٣,٨٤٩- | بەتوانایە |
| ٧٨ | ١,٢٦٠ | ٠,٦١٤ | ٢,٧٨٠ | ١,٢٨٣ | ١١,٧٨٠- | بەتوانایە |
| ٧٩ | ١,٢٧٠ | ٠,٥٧٥ | ٣,١٥٠ | ١,٣٥٣ | ١٤,١٠٥- | بەتوانایە |
| ٨٠ | ٤,٧١٠ | ٠,٧١٠ | ٣,٢٧٠ | ١,٣١١ | ١٠,٦٨٦ | بەتوانایە |
| ٨١ | ١,٢٧٠ | ٠,٦٠٤ | ٣,٠٠٠ | ١,٣١٧ | ١٣,١٨٣- | بەتوانایە |
| ٨٢ | ٣,٥٨٠ | ١,٧١٠ | ٣,٢٦٠ | ١,٢٣٢ | ١,٦٧٦ | لاوازە |
| ٨٣ | ١,٢٨٠ | ٠,٦٥٩ | ٣,٠٦٠ | ١,٢٨٨ | ١٣,٥٨٣- | بەتوانایە |
| ٨٤ | ١,٤٨٠ | ٠,٩٢٠ | ٣,٤٥٠ | ١,٢٧٣ | ١٣,٨٣٠- | بەتوانایە |
| ٨٥ | ١,٤٨٠ | ٠,٨٨٣ | ٣,٤٣٠ | ١,٣١٧ | ١٣,٦٤٢- | بەتوانایە |
| ٨٦ | ١,٥٩٠ | ١,٠١٠ | ٣,٤٦٠ | ١,٢٨٠ | ١٢,٦٥٨- | بەتوانایە |
| ٨٧ | ١,٥٣٠ | ٠,٩٢٩ | ٣,٤٢٠ | ١,٢٣٢ | ١٣,٤٩٦- | بەتوانایە |
| ٨٨ | ١,٥٢٠ | ٠,٩٩٨ | ٣,٤٢٠ | ١,٢٧٢ | ١٢,٩٣٩- | بەتوانایە |
| ٨٩ | ١,٣٩٠ | ٠,٨١٨ | ٣,٣٩٠ | ١,٢٩٥ | ١٤,٤٢٥- | بەتوانایە |

**بەسەرنج دان لەو خشتەیەی سەرەوە کە بریتیە لە توانای جیاکاری بڕگەکانی پێوەری (کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا) لە ڕێگەی هاوکێشەی دوو نمونەی زیادەڕۆ وە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ, دەردەکەوێت زۆربەی بڕگەکانی پێوەرەکە بەتوانان لەپێوانی جیاوازی تێوان ئەندامەکانی توێژینەوەکە لەبەر ئەوەی نرخی ڕوتی ( ت )ی ئەژمارکرای سەرجەم بڕگەکانی پێوەرەکە گەورەترن لە (ت)ی خشتەیی بۆ نمرەی ئازادی ١٢٢ کە یەکسانە بە (١,٦٩) جگە لەبڕگەکانی (٨٢، ٢٣,٢٥,٢٧) لاوازن لەبەر ئەوەی نرخی ڕووتی( ت) ی ئەژمارکراویان بچوکترە لە( ت) ی خشتەیی نمرەی ئازادی ١٢٢ کە یەکسانە بە (١,٦٩ و دەبێت لە شیکار بکرێنە دەرەوە.**

**پێنجەم: ئامرازە ئامارییەکان : -**

بە مەبەستی ئەنجامدانی کارە مەیدانیەکان و گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێـژەر پشـتی بـە کۆمەڵە ڕێگەیەکی ئاماری بەستبوو لە بەرنامەی ئاماری (هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەلأیەتیەکان)(SPSS). لەناو خـودی بەرنامەکەشدا سودمان لەم هاوکێشە و یاسا ئاماریانە وەرگرتووە:-

١. تاقیکردنـەوەی(ت) بـۆ دوو نموونـەی سـەربەخۆ (t.test for two Sample) بـۆ دەرکردنـی جیـاوازی نێـوان کۆمەڵەی هەردوو جەمسەرەکە، لەشیکردنـەوەی بڕگـەکانی پێوانـەی کاریگـەریی ململانێـی سیاسـی لـە پێکهێنـانی سیماکانی کەسێتی کورددا.
٢. تاقیکردنەوەی (ت)ی بۆ یەك نموونە (t.test for One Sample) بۆ دەرکردنی جیـاوازی لـە نێـوان ناوەنـدی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی.
٣. هاوکۆلکـەی ئامـاری سـپێرمان- بـراون (Sperman-Brown Formula) بـۆ دەرکردنـی پەیوەنـدی نێـوان دابەشکردنی نیوەیی پێوانەی کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا.
٤. هاوکۆلکەی ئامـاری ئـەلفا (Coefficient Alpha) بـۆ دەرکردنـی پلـەی جـێگیری بڕگـەکانی پێوانـەی پێوانـەی کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا.
٥. هاوکۆلکەی ئاماری پێرسـن (Person Product- Moment Correlation Coefficient) بـۆ دەرکردنـی پەیوەندی نێوان پلەی هـەموو بڕگەیـەك بـە پلـەی گشـتی پێوانـەی پێوانـەی کاریگـەریی ململانێـی سیاسـی لـە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا.
٦. .شیکردنەوەی جیاوازی یەکی (تحليل التباين الاحادى) (One- way ANOVA). بۆ زانینی جیاوازیی پێوانـەی کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کـورددا، پێـی گۆڕاوەکـانی (ڕەگـەز ، بـاری ئـابووری، لایەنگری حزبی) .
٧. (تاقیکردنەوەی کەمترین جیاوازی واتادار) ( LSD Least Significant Difference Test) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی ئاماژە ئامارییەکان لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورد بە جیاوازی گۆڕاوەکانی( تەمەن، جۆری کار(پیشە).

# بەشی پێنجەم

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو گفتوگۆکردنیان

باسی یەکەم: خستنەڕووی زانیارییە گشتیەکانی نموونەی توێژینەوەکە .

باسی دووەم :خستنەڕووی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکان و گفتوگۆکردنیان.

باسی سێیەم : دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیازەکانی توێژینەوەکە.

## باسی یەکەم: خستنەڕووی زانیارییە گشتیەکانی نمونەی توێژینەوەکە:-

شیکردنەوەو لێکدانەوەی زانیارییە گشتیەکان، بە یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوە دادەنرێت، چونکە لەو ڕێگەیەوە ئاشنا دەبین بە تایبەتمەندیی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لەڕووی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، پێشینەی کۆمەڵایەتی، ئاستی بژێوی، باری خێزانی، جۆری پیشە، لایەنگیری حیزبی)، لەهەمانکاتدا پەیوەستن بە ئامانجی توێژینەوەکەوە، هەربۆیە لەم بەشەدا بە وردی ئەنجامی توێژینەوەکە بەجیاوازی ئەم گۆڕاوانە دەخرێتە ڕوو :-

١- **ڕەگەز:-**

جیاوازی تاکایەتی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی رەگەز، کاریگەری لەسەر سروشتی وەڵامدانەوەی پێوەری توێژینەوەکەوە هەیە، بەجۆرێك هەریەکە لە رەگەزی نێرو مێ، تێڕوانین و دونیابینییەکی تارادەیەك جیاوازیان بۆ پرس و دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان هەیە، لەسەر ئەو بنەمایە هەوڵی ئەوەمان داوە ڕێژەیەکی تارادەیەك نزیك بۆ هەردوو ڕەگەزەکە بە نمونە وەربگرین.

خشتەی (٧)

دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز دەردەخات

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٢٣٥ | ٪٥٢ |
| مێ | ٢١٥ | ٪٤٨ |
| کۆی گشتی | ٤٥٠ | ٪١٠٠ |

لە ئەنجامەکانی خشتەی (٧)دا دەرکەوت، ڕێژەی (٥٢٪) نمونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی (نێر)ن و بە ڕێژەی (٤٨٪) لە ڕەگەزی (مێ)ن . هۆکاری ئەو جیاوازیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا ئاستێکی زۆر ڕێژەی بەشداری و بەدواداچوونی ڕەگەزی مێ بۆ پرسە سیاسیەکان کەمترە، بابەتەکەی ئێمەش ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی سیاسی هەیە، لەبەرئەمە بەشێك لەو کەسانەی لە ڕەگەزی مێ بوون ئامادەی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەرەکەیان نەبوو.

**٢- تەمەن:-**

جیاوازی پێکهاتەی تەمەن، یەکێکە لەو گۆڕاوانەی کاریگەری لەسەر سروشتی کەسێتی تاك هەیە، بەجۆرێك ئەزموونی ژیان و کەڵەکەبونی زانیاری تاکەکان رەنگدانەوە لەسەر بیروڕاجیاوازەکانیان درووست دەکات، تەمەنی نمونەی توێژینەوەکەمان لە(١٨)ساڵ بەرەو سەرەوە دەستپێدەکات، لەبەرئەوەی لەو تەمەنەوە تاك توانای بڕیاردان و راڤەکردنی بابەتی کۆمەڵایەتی و پرسە جیاوازەکانی هەیە.

**خشتەی (٨)**

**دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی تەمەن دەردەخات**

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٨-٢٧ | ١٤٤ | ٪٣٢ |
| ٢٨-٣٧ | ١١٧ | ٪٢٦ |
| ٣٨-٤٧ | ١٠٦ | ٪٢٤ |
| ٤٨-٥٧ | ٤٦ | ٪١٠ |
| ٥٨-٦٧ | ٢٧ | ٪٦ |
| ٦٨ ساڵ و زیاتر | ١٠ | ٪٢ |
| کۆی گشتی | ٤٥٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٨) دا تیایدا زۆرترین ڕێژەی سەدی بۆتەمەنی (١٨-٢٧) ساڵە کە یەکسانە بە ڕێژەی (٣٢٪)ی نمونەی توێژینەوەکە، هاوکات تەمەنی ئەو لێتوێژراوانەی لەنێوان ساڵانی (٢٨-٣٧)دان ڕێژەکەیان (٢٦٪)، بەڕێـژەی لـە (٢٤٪) ی نمونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لەنێوان (٣٨-٤٧)ساڵیدایە، هەروەها ئەوانـەی کـە تەمـەنیان لـە نێـوان( ٤٨-٥٧) ساڵیدان ڕێژەی (١٠٪)ی نمونەی توێژینەوەکە پێکدێنن، بە ڕێژەی (٦٪)ی نمونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لـەنێوان(٥٨-٦٧)دایـە، بـەڵام کـەمترین ڕێـژە بۆتەمـەنی (٦٨ سـاڵ و زیـاتر)ەو کـە ڕێـژەیان(٢٪) نمونـەی توێژینەوەکەیـە، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات، زۆربـەی ئەنـدامانی نمونـەی توێژینەوەکـە لەسـەرەتای تەمـەنی پێگەیشـتندان و هـەموو تەمـەنیان بـە ململانێی سیاسی و ناسەقامیگری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیـدا بەسـەربردووە، بەمـەش بونیادنـانی کەسـێتی و سیماکانیان بەو قۆناغەدا تێپەریووەو کاردانەوەی لەسەر ڕەفتاریان هەبووە جابە ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی.

**٣-ئاستی خوێندن:-**

یەکێکە لەو گۆڕاوانەی پەیوەستە بە زانیاری دەربارەی ئاستی پەروەردەو فێرکردن، کە لێتوێژراوێك لە یەکێکی دیکە جیادەکاتەوە، سەرەڕای ئەوەش ڕۆڵی گرنگی لە بونیادنانی سیماکانی کەسێتیدا هەیە .

**خشتەی (٩)**

**دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ئاستی خوێندن دەردەکەوێت**

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بنەرەتی | ٣٤ | ٪٨ |
| ئامادەیی | ٦٤ | ٪١٣ |
| پەیمانگا | ٩٣ | ٪٢١ |
| بەکالوریوس | ١٩٨ | ٪٤٤ |
| خوێندنی باڵا | ٦١ | ٪١٤ |
| کۆی گشتی | ٤٥٠ | ٪١٠٠ |

لەخشتەی (٩)دا ئاستی خوێندنی بەکالوریوس بەرزترین ژمارەی هەیە لە نێـو نمونـەی توێژینەوەکـەدا و ڕێژەکـەی بریتییەلە (٤٤٪) ، هەروەها دەرچووی پـەیمانگاش ڕێـژەی(٢١٪) نمونـەی توێژینەوەکـە پێکـدێنێت، هاوکـات بـە ڕێـژەی (١٤٪) نمونەکەش لە ئاستی خوێندنی باڵادان، ، بەڕێژەی (١٣٪ )هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین، بە ڕێـژەی( ٨٪) ئاسـتی خوێنـدنیان بنەڕەتییـە. ئـەوەی لـەم خشـتەیەدا بەدیـدەکرێت ئەوەیـە، زۆرینـەی نمونـەی توێژینەوەکـە هـەڵگری

بڕوانامەی بکالوریوسن، ئەمەش نیشانەیەکی گرنگە کە نمونەی توێژینەوەکە ئاستێکی باشیان لە خوێندن و ئەزموون و شارەزایی بە دەستهێناوەو خاوەنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسین .

٤- پێشینەی کۆمەڵایەتی :-

ئەگەرچی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو هۆکارەکانی پەیوەندی کاریگەری شوێنی نیشتەجێ بونیان کەمتر کردۆتەوە، بەڵام تارادەیەك شوێنی نیشتەجێ بوون و ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری، کاریگەرییان لەسەر ئەندێشەو بیرکردنەوەی تاکەکان ماوە، بەجۆرێك ژینگەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری شارەکان کاریگەری لەسەر ئاستی هۆشیاری تاك دروست دەکات و دەرفەتی بەشداری و ئاوێتەبوونی تاك بە ژیانی سیاسی زیاتر دەکات.

خشتەی (١٠)

دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی پێشینەی کۆمەڵایەتی دەردەخات

| پێشینەی کۆمەڵایەتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| شارنشین | ٣١١ | ٦٩٪ |
| گوندنشین | ١٣٩ | ٣١٪ |
| کۆی گشتی | ٤٥٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (١٠) بە ڕێژەی (٦٩٪) ی نمونەی توێژینەوەکە دانیشتوی شار نشینن، هەروەها بەڕێژەی (٣١٪) گوندنشینن. هاوکات پێشینەی کۆمەڵایەتی بنەمایەکی گرنگە بۆ زیادبوونی هۆشیاری و هەڵوێست و بونیادنانی کەسێتی و سیماکانی تاك جا بەئاراستەی ئەرێنیدا بێت یاخود نەرێنی .

٥- باری ئابوری :

مەبەست لێی ژیان و گوزەرانی نمونەی توێژینەوەکەیە، ئاشنابوون بەم گۆڕاوە دەمان گەیەنێتە ئەوەی لە کاریگەریی ململانێی سیاسی لەسەر هەڵوێست و ڕەفتارو هەستی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بە جیاوازی باری ئابوری بزانینن .

خشتەی (١١)

دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی باری ئابوری دەردەخات

| باری ئابوری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆرباش | ٤٢ | ٩٪ |
| باش | ١٣٤ | ٣٠٪ |
| مامناوەند | ١٠٠ | ٢٢٪ |
| خراپ | ١٧٤ | ٣٩٪ |
| کۆی گشتی | ٤٥٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (١١) دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە گوێرەی باری ئابوری ڕوون دەکاتەوە، زۆرترین ڕێژە بۆ باری ئابوری خراپە، کە ڕێژەکەی (٣٩٪)ە لە هەمانکاتکدا کەمترین ڕێژە بۆ باری زۆرباشە کە ڕێژەی (٩٪) نمونەی توێژینەوەکە پێکدێنێت، پاشان بە ڕێژەی (٢٢٪) نمونەی توێژینەوەکە باری ئابوریان مامناوەندە، هەوروەها بە ڕێژەی (٣٠٪) باری ئابوریان باشە، لێرەدا دەگەینە ئەوەی ڕێژەی باری ئابوری خراپ لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ

ڕووی لە زیادبوونەو بە پێچەوانەوە چینی مامناوەند روو لەکەمبونەوەیـە ئـەویش بـە هـۆی کاریگەرییـە ڕاسـتەوخۆو ناڕاستەوخۆو فرە ڕەهەندەکانی ململانێی سیاسیەوەیە .

**٦- باری خێزانی:-**

یەکێکی ترە لەو گۆڕاوانەی پەیوەستە بە بونیـادی کۆمەڵایـەتی کەسـێتی نمونـەی توێژینەوەکەوەو کاریگـەری لەسـەر بیروڕاو بەهاو ڕەفتارو ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەروونـی تاکـەکان هەیـە و ڕۆڵ و پێگـەی جیـاواز بـە تـاك دەبەخشـێ ، ئەمەش کاریگەریی لەسەر بونیادی کەسێتی تاکەکان دەبێت .

**خشتەی (١٢)**

**دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی باری خێزانی دەردەخات**

| باری خێزانی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خێزاندار | ٢٢٢ | ٪٤٩ |
| سەڵت | ١٧٠ | ٪٣٨ |
| جیابوەوە | ٣٠ | ٪٧ |
| تاك مردوو | ٢٨ | ٪٦ |
| کۆی گشتی | ٤٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی (١٢) باری خێزانی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکـە دەخاتـەڕوو، بـەجۆرێك بەڕێـژەی (٤٩٪) خێزانـدارن، بەرێژەی( ٣٨٪ )سەڵتن، هەروەها ڕێژەی جیابووەش( ٧٪)، تاك مردوش ڕێژەی( ٦٪) نمونەی توێژینەوەکە پێکدێنن.

٧- **جۆری کار (پیشە)**:- دیاریکردنی پیشە، یەکێکە لەو گـۆڕاوە گرنگانـەی ڕۆڵـی سـەرەکی دەبینێـت بـۆ خسـتنە ڕووی پێگەو ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تاك لە نێو کۆمەڵگەدا، چونکە جۆری کار کاریگەری لەسەر تێڕوانین و شێوازی بیرکردنـەوەو بڕیاردانی تاکەکان هەیە، لەبەر ڕۆشنایی ئـەم ڕاسـتیەش هـەوڵمان داوە بـۆ ئەنـدامانی نمونـەی توێژینەوەکـە کەسـانی خاوەن کار (پیشەی) جیاواز وەربگرین، تاکو ئاشنابین بە هەڵوێستە جیاوازەکان .

**خشتەی (١٣)**

**دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی جۆری کار (پیشە) دەردەکەوێت**

| جۆری کار (پیشە) | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| فەرمانبەری کەرتی حکومی | ١٧٤ | ٪٣٩ |
| فەرمانبەری کەرتی تایبەت | ٩٩ | ٪٢٢ |
| خوێندکار | ٦٢ | ٪١٤ |
| کاسب | ٣٦ | ٪٨ |
| بێکار | ٣٠ | ٪٧ |
| هێزەکانی ناوخۆ | ٢٩ | ٪٦ |
| خانەنشین | ٢٠ | ٪٤ |
| کۆی گشتی | ٤٥٠ | ١٠٠ |

له خشتەی (١٣) دا بەرێژەی (٣٩٪) فەرمانبەری کەرتی حکومین کە لە (پزیشك، ئەندازیار، پارێزەر، مامۆستای زانکۆ، مامۆستای پەروەردە، فەرمانبەر) پێکدێن، هەروەها بەرێژەی ( ٢٢٪) فەرمانبەری کەرتی تایبەتن لە (کارمەندی رێکخراوەیی، کارمەندی مۆڵ، رۆژنامەنوس ) پێکدێن، بەێژەی (١٤٪) نمونەی توێژینەوەکە خوێندکاری زانکۆن، بەرێژەی (٨٪) کاسبن کە ئەوانیش لە ( پیشەوەرو فرۆشیار و کرێکار) پێکدێن، پاشان بەرێژەی (٦٪) نمونەی توێژینەوەکە لە هێزەکانی ناوخۆ(پۆلیس، ئاسایش) پێکدێن، هەروەها بەرێژەی(٧٪) بێکارن و بەرێژەی(٤٪) خانەنشینن.

**٨- لایەنگری حزبی:-**

پێبەستی بەحزبێکی سیاسی دیاریکراوەوە ورۆڵی کاریگەری هەیە لە بونیادنانی کەسێتی و سیماکان و هەڵوێست و بیرورا و بەرپرسیارێتی بەرامبەر پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسیە جیاوازەکان .

**خشتەی (١٤)**

**دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی لایەنگری حزبی دەردەکەوێت**

| لایەنگری حزبی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٧ | ١٩٪ |
| نەخێر | ٣٦٣ | ٨١٪ |
| کۆی گشتی | ٤٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی (١٤) دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی لایەنگیری حیزبی ڕووندەکاتەوە، بەرێژەی(٨١٪) لە نمونەی توێژینەوەکە لایەنگیری حزبی نیە، هەروەها دەرکەوتووە بە رێژەی (١٩٪) لایەنگیری حزبین ، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ کەمبوونەوەی متمانەی تاکی کورد بە حزبە سیاسیەکان .

## باسی دووەم / خستنەڕووی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکان و گفتوگۆ کردنیان:

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین وەڵامی زانستی دروست بۆ ئامانجەکان کە دەبنە ئەنجام بۆ توێژینەوەکە ئامادەبکەین، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری گونجاوەوە .

**ئامانجی یەکەم : بونیادنانی پێوەرێکی تایبەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا:** بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پشت بەستراوە بە سەرجەم ڕێگا زانستیەکانی ئامادەکردنی پێوەر هەروەك لە لا ( ١٦٩-١٧٦) ئاماژەی پێکراوە.

**ئامانجی دووەم : زانینی کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیما( کۆمەڵایەتی، کلتووری، دەروونی، ئابوری، سیاسی) لەکەسێتی کورددا:** بۆمەبەستی دیاریکردنی کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا هەستاین بە دەرهێنانی هەریەکەلە ناوەندی ژمێرەیی و گریمانەیی، لە نمونە(٤٥٠) یەکەییەکەدا، پاشان بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (t.test)، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان دەستکەوت:

### ١- کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای کۆمەڵایەتی لە کەسێتی کورددا:-

سیمای کۆمەڵایەتی بریتییەلە کردار و ڕەفتاری تاك كە ڕەنگدانەوەی بەها و داب و نەریت ورێساو یاساکانی کۆمەڵگەیە و بەرزی یان نزمی ئاستی ئەم سیمایە پەیوەندی بە کارتێکەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانەوە هەیە، یەکێك لە ئەنجامە هەستپێکراوەکانی ململانێی سیاسی لەسەر کەسێتی تاکی کورد دەرکەوتنی سیما کۆمەڵایەتییەکانە لای نمونەی توێژینەوەکە، کە لەژێر کاریگەریە فرەڕەهەندەکانی ململانێی سیاسیدا شوێنەواری قوڵی لەسەر بەهاو دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵگەی کوردی و دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی جێهێشتووە، ئەم کاریگەرییەش بەپێی سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئاستی هۆشیاری تاکەکان جیاوازەو بەئاست و ئاڕاستەی جیاواز سیمای کۆمەڵایەتی لەکەسێتی نمونەی توێژینەوەکەدا پێکهێناوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

#### أ- سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی

دادپەروەری، یەکێکە لە بەهاو سیمبول و ئاکارە بەرزەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ئاماژەیەکە بۆ بەڕێوەچوونی ڕەوڕەوەی ژیان بەشێوەیەکی باش و تەندرووست، تیایدا تاکەکان بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە مافەکانیان بۆ فەراهەم دەکرێت، بێگومان ئەمەش ڕێژەییەو لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، بەپێچەوانەوە کەمترین ئاستی نیشانەکانی سیمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، کە لە کۆمەڵگە دواکەوتوو خێڵەکییەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر هەستی پێدەکرێت،( پاراستنی کەرامەت و شکۆی مرۆڤ، بوونی دەرفەتی کار بۆ هەمووان، فراوانکردنی پانتاییەکانی ئازادی بۆ هەمووان، فەراهەمبوونی پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ، یەکسانی لەبەردەم یاسا هتد) بوونی نیە، لەوچوارچێوەیەشدا ململانێ سیاسیەکان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەرکەوتنی سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی هەروەك لە ئەنجام و وەڵامی نمونەی توێژینەوەکەمان لە خشتەی (١٥)دا دەرکەوتووە:-

خشتەی (١٥)

جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی دەردەخات

| ئاستی دەلالەت | نمرەی ئازادی | بەهایT خشتەیی | T هەژمارکراو | لادانی پێوانەیی نمونەکە | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | نمونە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٠,٠٠٠ | ٤٤٩ | ٢,٥٩ | ٣٣,٥٩٣ | ٥,٥٨ | ٨,٨٤ | ٢٤ | ٣٢,٨٤ | ٤٥٠ |

لە ئەنجامەکانی خشتەی (١٥)دا دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە وەڵامدانەوەی برگەکانی سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی گەیشتووەتە (٣٢,٨٤) نمرە، لە کاتێکدا کە ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٢٤) نمرەیە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت)ی بۆیەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەرکەوت کە بەهای (ت) هەژمارکراو دەگاتە (٣٣,٥٩٣)، ئەمەش گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە ڕێژەکەی دەگاتە(٢,٥٩) لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٠٠) و پلەی ئازادی (٤٤٩) . ئەمە ئەوەدەردەخات کە جیاوازیەکی ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی ڕاستەقینەو ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکەدا بە قازانجی ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە، ئەم ئەنجامە ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە سیمای ناداد پەروەری کۆمەڵایەتی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە شاری سلێمانی لەئاستێکی بەرزدایە، چونکە ململانێی سیاسی بووەتەهۆی زیادبوونی ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە لە (٢٤)ەوە بۆ (٣٢,٨٤) بە جیاوازی (٨,٨٤) ئەمەش جیاوازیەکی زۆرە، واتە ململانێی سیاسی ئاستی یەکسانی ودادپەروەری کۆمەڵایەتی زۆر دابەزاندووە. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی تیۆرەکەی (مۆریس دوڤرجییە ) کە بەهۆی ململانێوە دادپەروەری بەرجەستە دەبێت ئەمە ئاماژەیە بۆ ناتەندروستی پرۆسەی ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا .

بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامی پێوەرەکە ئەو راستییە دەخاتەڕوو، کە ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان تاکو ئاستێکی بەرز کاریگەری نەرێنی لەسەر سیما کۆمەڵایەتیەکانی تاکی کورد دروستکردووە، بەتایبەتی سیمای نایەکسانی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و لەکەسێتی تاکەکاندا بەتایبەت دەرکەوتووە، ئەم تێڕوانینەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە، زۆربەی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکەمان پێیانوایە هەموان لەبەردەم یاسادا یەکسان نین و دەرفەتی کارو بەدەستهێنانی پۆست وپلەو پایە بۆ هەموان وەك یەك نییەو تاکەکان بەشێوەی یەکسان لە داهاتی وڵات سوودمەند نەبوون، بەڵکو حزبە دەسەڵاتدارەکان بۆ پاراستنی پێگەی جەماوەری خۆیان و مانەوەیان لە دەسەڵات، تەنها گرنگی بە کەسە نزیکەکانی خۆیان دەدەن و دەسەڵات و سەرمایەی زۆریان بۆ فەراهەم کردوون، ئەمەش بۆتەهۆی دروستبوونی جیاوازییەکی گەورەی چینایەتی، بەجۆرێك چینێکی کەمی کۆمەڵگە خاوەنی گەورەترین سەرمایەو باڵاترین دەسەڵاتە لە کوردستاندا، بێ ئەوەی بەهەوڵ و ماندوبون و بەشێوەیەکی شەرعی بەدەستیان هێنابێت، لەبەرامبەردا چینی زۆرینەی خەڵك کە تەنها پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی بۆ دابین دەکرێت و زۆربەی جار لەلایەن چینی یەکەمەوە مافە سەرەتاییەکانی وەك(موچە، خزمەتگوزاری سەرەتایی، ئازادی)یان لێزەوت کراوە، هەرئەمەش وایکردووە کە کەلێنێکی گەورە لەنێوان ئەم دوو چینەدا دروست بێت، بەتایبەتی چینی دووەم هەمیشە چینی یەکەم بە سەرچاوەی ناسەقامگیرییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دەزانن، ئەم ئەنجامەش تەواو هاوڕایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی هەریەکەلە لە (شریف،٢٠٠٧)، (صابر،٢٠١٧)، (ندا،٢٠١٧)، بەڵام لەگەڵ توێژینەوەکەی(العائدی، ٢٠٠١) یەك ناگرێتەوە کە ئاماژە بە کاریگەریی ئەرێنی

شۆڕش دەدات لە پێکهێنانی سیمای (دادپەروەری کۆمەڵایەتی )لەکەسێتی عیراقی دا، هەروەها ئەم ئەنجامە دژە لەگەڵ توێژینەوەکە (عبدلله، ٢٠٠٣ ) کە تیایدا باس لە سیمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کەسێتی نەتەوەی کورددا دەکات.

## ب- سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی

سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە دەرکەوتەکانی لاوازی پەیوەندی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، کە تیایدا تاك لەبەرامبەر جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی لەسەر شانێتی، خۆی بە بەرپرسیار نازانێت و هاوکاری کەسانی دەوروبەری نادات ، ئەمەش یەکێکە لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، لەم دۆخەدا تاك تەنیاو گۆشەگیرو دوورەپەرێزە لە کۆمەڵگەو پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری نابەستێت و بێباکە لەبەرامبەریان (مصطفی، ٢٠١٨: ٢٩٨-٢٩٩). بەپێچەوانەوە کەمترین ئاستی نیشانەکانی ئەم سیمایە، سیمای پەیوەستی کۆمەڵایەتیە( هاوبەندی)، کە بریتییە لە پابەندبونی تاك بە پەیوەندییە ئەرێنییە کۆمەڵایەتییەکان و گرنگیدان و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خۆیی و خێزانی و هاوڕێ و کۆمەڵەکەی، مەبەست لێی بایەخدانی کۆمەڵایەتیی و پێشکەشکردنی هاریکاری و بەخشینە بۆ تاك و گروپ وکۆمەڵگە(مستەفا، ٢٠١٩: ١٠٥) ململانێی سیاسی و لێکەوتەکانی بەیەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی لاواز بوونی سیمای پەیوەستی و هاوبەندی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، هەروەك لەبەر رۆشنیایی داتاو ئەنجامی نمونەی توێژینەوەکەماندا لە خشتەی (١٦)دا دەرکەوتووە:-

خشتەی (١٦)

جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی دەردەخات.

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی نمونەکە | T هەژمارکراو | بەهایT خشتەیی | نمرەی ئازادی | ئاستی دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٥٠ | ٤٠,٧ | ٣٦ | ٤,٧ | ٩,٦١ | ١٠,٣٨٠ | ٢,٥٩ | ٤٤٩ | ٠,٠٠٠ |

لە ئەنجامەکانی خشتەی (١٦)دا دەردەکەوێت، کە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکەلە وەڵامدانەوەی بڕگەکانی سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی گەیشتووەتە (٤٠,٧) نمرە، لە کاتێکدا کە ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٣٦) نمرەیە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت) ی بۆیەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو دەگاتە (١٠,٣٨٠)، ئەمەش گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە ڕێژەکەی دەگاتە(٢,٥٩) بە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٠٠)و پلەی ئازادی (٤٤٩). ئەمەش ئەوەدەردەخات جیاوازیەکی ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی ڕاستەقینەو ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکەدا بە قازانجی ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە، ئەم ئەنجامە ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە شاری سلێمانی لە ئاستێکی بەرزدایە، چونکە ململانێی سیاسی بووەتەهۆی زیادبونی ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە لە (٣٦)ەوە بۆ (٤٠,٧) بە جیاوازی (٤,٧) ئەمەش جیاوازیەکی زۆرە، واتە ململانێی سیاسی ئاستی پەیوەستی کۆمەڵایەتی لاوازکردووە. ئەم ئەنجامەش تەواو پێچەوانەی تیۆرەکەی (مۆریس دوڤرجییە ) کە بەهۆی ململانێوە تەواوکاری و هاوبەندی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەبێت ئەمە ئاماژەیە بۆ ناتەندروستی پرۆسەی ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا .

ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە نەبوونی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا هەروەك لە خشتەی (١٥) ئاماژەی پێدرا، دەبێتە ڕێگرو بەربەست لەبەردەم پرۆسەی ئاشتەوایی و پێکەوەژیانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەم

دیاردەیەش شانبەشانی ململانێ سیاسیەکان کاریگەری توندو نەرێنی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پرۆسەی هاوبەندی(وابەستەیی) نێوانیان و پابەندبونیان بە پێوەرو داب و نەریت و بەها باوەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری درووست دەکات و گیانی هاوکاری و بەتەنگەوە چوونی یەکتر لاواز دەکات، بەجۆرێك سەرەڕای ئەوەی هەندێك لە توێژینەوەکانی پێشوو لەنێویشیاندا توێژینەوەکەی (العائدی، ٢٠٠١)، (عبدالله، ٢٠٠٣)، (البرزنجی، ٢٠٠٥) ئاماژە بەوە دەکەن بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری لە کۆمەڵگەی کوردی هۆکاربووە بۆ بەهێزی پەیوەندی و هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکاندا، بەڵام ئەنجامی پێوەری توێژینەوەکەمان ئەوە دەخاتەڕوو، لەژێر کاریگەری ململانێی سیاسیدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاوازبوە ، چونکە ڕەوشی سیاسی و ئابووری باشووری کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١و ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆو بەردەوامی و چەقبەستوویی ململانێ سیاسیەکان، کەشێکی ناتەندروست و ناهەمواریان بۆ کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و خێزان و بنەماڵەکان بەتایبەتی دروستکردووەو بازنەی پەیوەندیەکانیانی بچوك کردۆتەوە، جگەلەوەش ململانێ سیاسیەکان شێوەو قاڵبێکی فەرمییان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەخشیوەو بەرژەوەندییە ماددیەکان، پەیوەندی نێوان هاوڕێ و خزم و تەنانەت خێزانیشی لەق کردووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ململانێی سیاسی ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی وەرگرتووەو تێکەڵ بە ژیانی تاکەکان بووە، تەنانەت هەندێك جاریش لەنێو تاکەکانی یەك خێزاندا ڕەنگیداوەتەوەو بەهۆیەوە خێزان ڕووبەڕوی لێکترازان و هەڵوەشانەوە بۆتەوە، ئەم پەرتبوونە کۆمەڵایەتییەش جگە لە جیاوازی بیرکردنەوەو ئینتمای حزبی، لەهەمانکاتدا کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکانی ململانێی سیاسی ڕۆڵیان لە پێکهێنانیدا هەبووە، بەتایبەتیش شوێنەوارە ئابوورییەکانی ململانێ، ڕەنگدانەوەی نەرێنی قوڵیان لەسەر هاوبەندی کۆمەڵایەتی هەبووە، جگەلەدروست بوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی بووەتە هۆی ئەوەی تاکەکان کەمتر پابەندی بۆنەکۆمەڵایەتییەکان بن و گرنگی بە بەهاو ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە نەدەن، ئەم ئەنجامەش لەگەڵ توێژینەوەکانی هەریەکە لە(شەریف، ٢٠٠٧)،(صابر، ٢٠١٧)، (حاجی شریف، ٢٠٢٠)،( محمد، ٢٠١٢)، (الجده، الغرابی، ٢٠١٦)، (عاصم، ٢٠٢٠)دا یەکدەگرێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کۆمەڵگەی کوردی لە رابردوودا بەوە ناسراوە کە هاوبەندی و ڕێزو خۆشەویستی و لێبوردەیی و هاوکاری و بەتەنگەوەچوونی یەکترو گرنگیدان بەیەکتری سیمایەکی دیاری کەسێتی کوردبووە هەروەك لە توێژینەوەکەی( عبدللە،٢٠٠٣ و کاکەسور، ٢٠١٢ )، بەڕوونی ئەوە دەرکەوتووە، بەڵام لەوەڵامی نمونەی توێژینەوەکەمان ئەوە دەردەکەوێت، کە هەموو ئەو ڕەفتارو هەڵوێستانە لەژێر کاریگەرییە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆکانی ململانێی سیاسیدا تەواو لاوازبوون و گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، سیمای (خەمساردی کۆمەڵایەتی) لەکەسێتی تاکەکاندا دەرکەوتووە.

## ٢- کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای کلتوری لەکەسێتی کورددا:-

سیمای کلتوری بریتییە لە کۆمەڵێك لە چالاکییە ئەنجامدراوەکانی مرۆڤ، لە ناوەڕۆك و پێکهاتەیدا لە کلتورو بەها مرۆییەکان جیانابێتەوە و بەردی بناغەیە لە گەشەکردن و گۆڕان بۆ بەرزترو دروستتر لە ڕەفتارو لە هەلسوکەوتەکانی مرۆڤ، بووە بە بەشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ و لێی جیانابێتەوە. لەلایەکی دیکەوە بە یەکێك لە سیما بنەڕەتی و گرنگەکانی تاك دادەنرێت، کە خۆی لە توانای زانەکی و بەئاگایی و دونیابینی مرۆڤدا دەبینێتەوەو زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەیەك تیایدا هاوبەشن، ئاست و ڕێژەی ڕۆشنبیری تاکەکانیش لەژێر کاریگەری کارتێکەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکاندا گۆڕانکاری بەسەردادێت و لەبزاوتێکی داینامیکی بەردەوامدایە، یەکێك لەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر ئەم سیمایە درووست دەکات، بریتییە لە ململانێی سیاسی، کە بەهۆی ماك و

لێکەوتەکانییەوە شوێنەوار لەسەر بونیادو پێکهاتەی هۆشیاری و رۆشـنبیری تـاك جێـدەهێڵێت، هـەروەك لـە ئـەنجامی نمونەی توێژینەوەکەمان بەم شێوەیەی خوارەوە دەرکەوتووە :-

**سیمای هۆشیاری:-** بریتیە لە پەیبردن و درککردنی تاك، بەواقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگەو وڵات و تێگەیشـتنی تـاك بـۆ کێشـەو روداو و هـەبووەکان و خوێندنـەوەو شـرۆڤەی بارودۆخـەکان بەمەبەسـتی زانـینی جیاوازییەکان و هەڵوێست وەرگـرتن و بڕیـاردان لەسـەر دیـاردەو شـتەکانی دەوروبـەر(مصـطفی،٢٠١٦: ٢٢-٢٣). مـارکس پێیوایە هۆشیاری پەیوەندییەکی دیالەکتیکی(جدلی) لەگەڵ واقعدا هەیەو بوونی هۆشیاری کاریگـەری لەسـەر گـۆڕانی واقع درووست دەکات(محمد، ٢٠١٣: ٢٠). نزمترین ئاستی سیمای هۆشـیاری، سـیمای "هۆشـیاری سـاختە" پێکـدەهێنێت، کارل مـارکس لـە کتـێبی (ئایـدۆلۆجیای ئـەڵمانی)دا چـەمکی هۆشـیاری سـاختە بـۆ دیاردەیـەك بـەکاردەهێنێت کـە لـە ئایدۆلۆجیاوە سەرچاوە دەگرێت و دەبێتە هـۆی شـێواندن و سـاختەکردنی راسـتییەکان، بەمەبەسـتی پاسـاوهێنانەوەو پیشـاندانی هەڵوێسـت و کارەکـانی دەسـەڵات، دوور لـە سروشـتی راسـتەقینەی خـۆی( قـانع، ٢٠٠٤: ٢١٨-٢١٩)، لەلایـەکی دیکەوە کۆمەڵناسی مەجەڕی" کارل مانهایم، بـەوە پێناسـەی" هۆشـیاری سـاختە "دەکـات، کـە بریتییـە لـە شـێواندنی هۆشیاری بە ئاستی جیاواز، بەمەبەستی شاردنەوەی سروشتی راستییەکان، بەمەش هۆشیاری ساختە دەبێتـە خـەیاڵ و ماسکێك بـۆ راسـتییەکان و دەچـێتە چوارچـێوەی خزمـەتی بەرژەوەنـدی چـینێکی دیاریکراوەوە.(مانهـایم ، ١٩٨٠: ١٢٩-١٣٠)، وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە هەروەك لە خوارەوە نیشاندراوە ئەو ڕاستیە دەخاتەڕوو:-

خشتەی (١٧)

جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای هۆشیاری دەردەخات.

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی نمونەکە | T هەژمارکراو | بەهایT خشتەیی | نمرەی ئازادی | ئاستی دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٥٠ | ٢٣,٦٥ | ٢١ | ٢,٦٥ | ٣,٨٨ | ٣,٦٠٧ | ٢,٥٩ | ٤٤٩ | ٠,٠٠٠ |

لە ئەنجامەکانی خشتەی(١٧)دا دەردەکەوێت، ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونـەی توێژینەوەکـە لـە وەڵامدانـەوەی بڕگـەکانی سـیمای هۆشـیاری گەیشـتووەتە (٢٣,٦٥) نمـرە، لـە کاتێکـدا ناوەنـدی گریمانـەیی پێوەرەکـە (٢١) نمرەیـە، بـە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت)ی بۆیەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەرکـەوت بـەهای (ت) هەژمارکراو دەگاتە (٣,٦٠٧)، گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی و ڕێژەکەی دەگاتە(٢,٥٩) بە ئاسـتی دەلالـەتی (٠,٠٠٠)و پلەی ئازادی (٤٤٩). ئەمـەش ئەوەدەردەخات جیاوازیەکی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی ڕاسـتەقینەو ناوەنـدی گریمانەیی پێوەرەکەدا بە قازانجی ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە ئەم ئەنجامـە ئـەوەمان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە سیمای هۆشیاریڕۆشنبیری بەهۆی ململانێی سیاسی لە شاری سلێمانی لە ئاستێکی بەرزدایە. چونکە ململانێی سیاسی بووەتەهۆی زیادبوونی ناوەندی ژمێرەیی سیماکە لـە (٢١)ەوە بـۆ (٢٣,٦٥) بـە جیـاوازی (٢,٦٥)، واتـە ململانـێی سیاسـی کاریگەری ئەرێنی بە ئەندازەی (٢,٦٥) کردووەتە سەر سیمای هۆشیاری .

ئەنجامی نمونەی توێژینەوەکەمان، ئەوە دەخاتەڕوو کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای هۆشیاری لە کەسێتی کوردا ئەرێنییەو لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی تاکی کورد خوێندنەوەیەکی واقعیانەی بۆ ڕووداوەکان هەیەو بەبەراورد بە رابردوو بیروهۆشی کراوەترەو بە عەقلانیانە و دور لە سۆز(عاتفە) شرۆڤەو لێکدانەوە بۆ پرس و ڕووداوەکان دەکات، هۆکاری ئەمەش لەلایەکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تاك لەرێگەی کۆدامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی( پەروەردە، حزب، رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی، مزگەوت، راگەیاندن،.)ەوە، بەشێوەیەکی رێژەیی ئاستی زانەکی و درککردنیان بە راستی ڕووداوەکان فراوان بووە، لە لایەکی دیکەوە حزبەکان لەکاتی ململانێکانیاندا بەمەبەستی لاوازکردنی پێگەی جەماوەری نەیارەکانیان، لە ڕێگەی راگەیاندنەکانیانەوە پەردەیان لەسەر کەم و کورتی و گەندەڵییەکانی یەکتر هەڵماڵیوەو تاڕادەیەکی زۆر زانیارییە نەبیستراوەکانیان بۆ رای گشتی ئاشکرا کردوە، سەرەڕای ئەمەش بوونی سۆشیال میدیا دەرفەتی زیاتر بۆ ئازادی ڕادەربرین و پەردەهەڵمالین لە سەر ڕاستیەکان زیاتر کردووە وایکردووە زۆر بە ئاسانی لە ڕێگەی مۆبایلەوە تاك لە هەر شوێنێك بێت زۆر بە ئاسانی ئاگاداری سەرجەم ئەو ڕوو داوو پێشهاتانە بیت کە ڕوو دەدەن ، هەموو ئەمانە راستەوخۆ بووەتە هۆی زیاد بوونی ئاستی ڕۆشنبیری وفراوانکردنی ئاستی هۆشیاری تاك بەرامبەر بە مافەکانیان و درککردنیان بە حەقیقەتی ڕووداوەکانی دەوروبەر، ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی هەریەکە لە توێژینەوەکانی ( العائدی، ٢٠٠١)، (عبدلله، ٢٠٠٣)، ( صابر، ٢٠١٧) یەکدەگرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە دەسەڵات و نوخبەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، لەپێناو بەدەستهێنان و مانەوەیان لە دەسەڵات لە رێگەی راگەیاندنەکانیانەوە تاڕادەیەك توانیویانە پرۆگرام و ئەجنداو سیاسەتی خۆیان بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا بسەپێنن و راستی ڕووداوەکان بشێوێنن و کاربۆ بەلارێدابردنی ئاراستەی تاك و رای گشتی و ئاوەژووکردنەوەی راستییەکان بۆ بەرژەوەندی حزبەکانیان بکەن . ئەمەش بەو واتایە دێت کە هەندێجار تاکی کورد بوەتەخاوەنی سیمای هۆشیاری، بەڵام "هۆشیارییەکی ساختە" .

### ٣- کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای دەروونی لە کەسێتی کورددا:

رەهەندو لایەنی دەروونی لە هەستە ناوەکی و شاراوەکانی مرۆڤ پێکدێت کە لە ڕێگەی رەفتارو گوفتاری خودی تاکەوە ئاشکرا دەبێت و دەردەبڕدرێت، ئەمەش راستەوخۆ جگەلە لایەنی بایۆلۆجی و بۆماوە لەژێر کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتوری و مێژوویی و سیاسیدا شێوەدەگرێت و وەك سیمایەك لەکەسێتی تاکدا رەنگدەداتەوە، لەو چوارچێوەیەشدا ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بەهۆی کاریگەری و لێکەوتەکانییەوە شوێنەواری قوڵی لەسەر کەسێتی تاك درووست کردووەو بەو هۆیەشەوە چەندین سیمای دەروونی لەکەسێتی نمونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، کە گرنگترینیان ئەمەنەی خوارەوەن:-

أ- **سیمای نائومێدی**:- سیمای نائومێدی یەکێکە لەسیما دەروونیەکان و بریتییە لە تێڕوانینێکی نەرێنیانە بۆ ژیان و ئایندەو بینینی دیوە تاریك و خراپەکانی پێشهات و ڕووداوو هەبوەکان، بەهۆیەوە ئامادەگییەکی شاراوە لای تاك

درووست دەكات و ناڕەزامەنـدی بەرامبـەر خـودی خـۆیی و ژیـان و رووداوو پێشـهاتەكان دەخولقێنێـت، گـرنگترین نیشـانەكانی ئـەو كەسـانەی ئـەم جـۆرە سـیمایەیان هەیـە بریتییـە لـە (دڵـەراوكێ ،خۆبەكـەم زانـین، بێتوانـایی لـە رووبەروبونـــەوەو چارەســـەركردنی گرفتـــەكان، تـــرس لەشكســـت و ســـەرنەكەوتن، چەقبەســـتویی، بێبەرهـــەم ، بێهیوا)(الانصاری، ١٩٩٨: ١٦-١٧) ، بـەڵام كـەمترین ئاسـتی نیشـانەكانی ئـەم سـیمایە بریتییـە لـە سـیمای ئومێـد یەكێكـە لەسیماكانی كەسێتی و دۆخێكی تەندروستی دەروونییە، كە لە هەست و تێڕوانینی ئەرێنیانـەی تـاك بـۆ ئـەو دیـاردەو رووداوانەی لە ئایندەدا ئەگەری روودانیان هەیە، وا لە مرۆڤ دەكات كە تەنها پێشبینی خێـرو چاكەو لایـەنی ئـەرێنی رووداوەكان بكات، هەموو ئەمانەش دۆخی گونجان و هەستكردن بـە خۆشحاڵی لای تاكـەكان دەخولقێنێـت (الانصـاری، ١٩٩٨: ١٤-١٥ )، دیارترین نیشانەكانی ئەم سیمایە بریتییـە لـە( تەنـدروستی دەروونـی، بـەهیوا، دڵخۆشـن ، ئەرێنیانـە لـە داهاتوو دەڕوانن، سەرنەكەوتن ناكەن بە گرێی دەروونی، بەخشـندەیی، رەزامەنـدە بەبەشـی خۆی)(غـانم، ٢١٤: ٣٢-٣٣)، ململانێـی سیاسـی بووەتـەهۆی پێكهێنـانی سـیمای بـێ متمانـەیی لەكەسـێتی كـورددا ، هـەروەك وەڵامـی نمونـەی توێژینەوەكەمان لە چوارچێوەی خشتەی(١٨)دا خراوەتەڕوو :-

خشتەی (١٨)

جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەكە سەبارەت بە كاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێكهێنانی سیمای نائومێدی دەردەخات.

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەكە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەكە | لادانی پێوانەیی نمونەكە | T هەژماركراو | بەهایT خشتەیی | نمرەی ئازادی | ئاستی دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٥٠ | ٣٩,٥٤ | ٣٠ | ٩,٥٤ | ٧,٣١٨ | ٧,٠٢٦ | ٢,٥٩ | ٤٤٩ | ٠,٠٠٠ |

لە ئەنجامەكانی خشتەی (١٨)دا دەردەكـەوێت، ناوەنـدی ژمێرەیـی نمرەكانی نمونـەی توێژینەوەكـە لـە وەڵامدانـەوەی بڕگەكانی سیمای نائومێدی گەیشتووەتە (٣٩,٥٤) نمـرە، لـە كاتێكـدا ناوەنـدی گریمانـەیی پێوەرەكـە (٣٠) نمرەیـە، بـە بەكارهێنانی هاوكێشەی (ت)ی بۆیەك نمونە بە دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەكە، دەركـەوت بـەهای (ت) هەژماركراو دەگاتە (٧,٠٢٦)، گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی ڕێژەكەی دەگاتـە(٢,٥٩) بـە ئاسـتی دەلالـەتی (٠,٠٠٠)و پلەی ئازادی (٤٤٩). ئەمەش ئەوەدەردەخات جیاوازیەكی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی ڕاسـتەقینەو ناوەنـدی گریمانەیی پێوەرەكەدا بە قازانجی ناوەندی ژمێرەیی نمونەكە، ئـەم ئەنجامـە ئـەوەمان بـۆ ڕوون دەكاتـەوە كـە سـیمای نائومێدی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە شاری سلێمانی لە ئاستێكی بەرزدایە، چونكە ململانێـی سیاسـی بووەتـەهۆی زیـابوونی ناوەنـدی ژمێرەیـی نمونەكـە لـە (٣٠)ەوە بـۆ (٣٩,٥٤) بـە جیـاوازی (٩,٥٤) ئەمـەش جیاوازیـەكی زۆرە،. واتـە ململانێی سیاسی ئاستی ئومێدی تاكەكانی دابەزاندووە بۆ ئاستی نائومێدی .

وەڵامی نمونەی توێژینەوەكەمان دەرخـەری ئـەو راسـتیەیە، كـە ململانێـی سیاسـی بووەتـەهۆی پێكهێنـانی سـیمای نائومێدی لە كەسێتی كورددا، هۆكاری ئەمـەش لەلایەكـەوە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە كـە زیـاتر لـە نیوسـەدە كۆمەڵگـەی كوردی لە باشووری كوردسـتان لەلایـەن حكومەتـە یـەك لەدوایەكـەكانی عێراقـەوە ڕووبـەڕووی (جینۆسـاید، ئـەنفال، كیمیاباران، كاولكاری، گرتن، كوشتن، بێ سەروشوێنكردن، راگواستن...)بووەتەوە، بەو هۆیەشەوە تـاكی كـورد هەمیشـە

له ترس و دڵەراوکێدا ژیاوەو ترسی لە دووبارەبوونەوەی ئەو روداوانە هەبووە، لەلایەکی دیکەوە سەرەڕای ئەوەی راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی خۆبەڕێوەبەری کوردی، لەسەرەتادا جێگەی ئومێدو خۆشبەختی کۆمەڵگەی کوردی بوون، بەڵام سەرهەڵدانی ململانێی بەرژەوەندی خوازانەی نێوان حزبە سیاسیەکان رێگە خۆشکەربوو بۆ پەیرەوکردنی ئەزمونێکی ناتەندروستی حکومڕانی و نگرۆبوونی حزب و بەرپرسەکان لە ناشەفافیەت و گەندەڵی وخولقاندنی چەندین قەیرانی جۆراو جۆر، کە زەرەرمەندی یەکەم هاولاتیان بوون و زۆرجاریش قوت و بژێوی ژیانیان کراوەتە ئامرازی ململانێکان، لەوبارەیەوە چینی موچەخۆران کە خاوەنی داهاتێکی سنوردارن، هیچ دڵنیایی و گرنتییەکیان بۆ برِو کاتی وەرگرتنی موچەو شایستە داراییەکانیان نییە، ئەمە سەرەڕای بێبەشبوونیان لە پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیان، نەبوونی هەلی کار، نایەکسانی و لاوازبوونی سەروەری یاسا، قۆرخکاری، نەبوونی ئازادی، دیموکراتی، ئیرادەیەکی بەهێز بۆ ئەنجامدانی چاکسازی ڕاستەقینە و کۆتایی هێنان بە دۆخی چەقبەستووی سیاسی و ئابووری لە ناوچەکەدا، هەموو ئەمانە تاکی کورد یان بێهیوا کردووە، ئومێدیان بەچاکسازی وگۆڕانکاری و سەقامگیری دۆخی سیاسی و چارەسەرکردنی قەیرانەکان نیە و هیچ ئاسۆیەك بۆ دەربازبوون لەو دۆخە چەقبەستووە بەدی نەکەن و ڕەشبین و نیگەرانن و ترس و دڵەڕاوکێ لە کەسێتیاندا بەدی دەکرێت. لەژێر کاریگەری ئەم دۆخە دەرونیەشدا تاکی کورد نەیتوانیوە هەنگاوی نوێ لەژیانیدا بنێت و ئامانج و نەخشەو ستراتیجی ژیانی خۆی دابڕێژێت بەرەو بەدیهێنانی خود و ئەفراندن هەنگاو بنێت. ئەم ئەنجامەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (شریف، ٢٠٠٧)،( عبدلله، ٢٠٠٣).

ب – **سیمای بێ متمانەیی (گومان)**:- سیمای بێ متمانەیی ( گومان) ە کەسانی خاوەن ئەم سیمایە بەبێ بوونی بەڵگەو هۆکارێکی باوەرپێکراو، گومان لە گوفتارو رەفتاری کەسانی دەوروبەری دەکات(صلیبا، ١٩٨٢: ٧٠٥-٧٠٦)، بەرزترین ئاستی ئەم سیمایە لەو کەسانەدا دەردەکەوێت کە( بێمتمانەن بەرامبەر بە خود، گومانیان لە کەسانی دەوروبەر هەیە، کردەوەی کەسانی دیکە بە داو و پلانگێڕی دەزانن، ، بەئەستەم باوەڕیان پێدەهێنرێت، تورەو بەرچەکرداری خێرایان هەیە، عینادن) ( بوکانی، ٢٠٠١، ٦٦)، بەلام بە پێچەوانەوە لە نزمترین نیشانەکانی ئەم سیمایە دەرکەوتنی سیمای متمانەیە بریتییە لە دۆخێکی هەستیاری دەروونی کە لە ناخی مرۆڤدا بوونی هەیەو لەگوفتارو رەفتاردا رەنگدەداتەوە، بەم هۆیەشەوە تاك لەنێو کەسانی دەوروبەردا هەست بە گرنگی و بەهای خۆی دەکات و بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ بەوپەڕی متمانەبەخۆبوونەوە رووبەڕووی دەوروبەر دەبێتەوە، جگەلەوەش بڕوای بەکەسانی دەوروبەر هەیەو ترسی لە مامەڵەکردنیان نییە (العتری، ٢٠١٢: ٧-١٢ ) لەلایەکی دیکەوە متمانە بریتییەلە لە تێڕوانینی ئەرێنی بۆ تاکەکەس، یاخود دامەزراوەیەك ، بە جۆرێك ئاراستەی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ دیاریدەکات. ململانێی سیاسی کاریگەری لە پێکهێنانی سیمای بێ متمانەیی لەکەسێتی کورددا هەبووە، هەروەك وەڵامی نمونەی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی خشتەی(١٩)دا خراوەتەڕوو :-

خشتەی (١٩)

جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە، سەبارەت بەکاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای بێ متمانەیی دەردەخات.

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی نمونەکە | T هەژمارکراو | بەهایT خشتەیی | نمرەی ئازادی | ئاستی دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٥٠ | ٤٩,٠٦ | ٣٦ | ١٣,٠٦ | ١٠,٤٩٧ | ١٥,٩٨٢ | ٢,٥٩ | ٤٤٩ | ٠,٠٠٠ |

لە ئەنجامەکانی خشتەی (١٩)دا دەردەکەوێت، کە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە وەڵامدانەوەی بڕگەکانی سیمای بێ متمانەیی گەیشتووەتە (٤٩,٠٦) نمرە، لە کاتێکدا ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٣٦) نمرەیە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت)ی بۆ یەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو دەگاتە (١٥,٩٨٢) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە ڕێژەکەی دەگاتە(٢,٥٩) بە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٠٠)و پلەی ئازادی (٤٤٩). ئەمەش ئەوەدەردەخات جیاوازیەکی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی ڕاستەقینەو ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکەدا بە قازانجی ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە. ئەم ئەنجامە ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە، کە سیمای بێمتمانەیی بەهۆی ململانێی سیاسی لە شاری سلێمانی لە ئاستێکی بەرزدایە. چونکە ململانێی سیاسی بووەتەهۆی زیابوونی ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە لە (٣٩) ەوە بۆ (٤٩,٠٦) بە جیاوازی (١٣,٠٦) ئەمەش جیاوازیەکی زۆرە ، واتە ململانێی سیاسی ئاستی متمانەی تاکی دابەزاندووە بۆئاستی بێ متمانەیی .

وەڵامی نمونەی توێژینەوەکەمان سەبارەت بە سیمای بێ متمانەیی ئەوە دەخاتەڕوو، کە ململانێی سیاسی بەئاستێکی بەرز کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی متمانەی تاك درووستکردووە، بەجۆرێك زۆرینەی لێتوێژراوان هاوڕان لەسەر نەمانی متمانە بەخود هەروەك لە ئەنجامەکانی سیمای نائومێدیدا ئەوە دەرکەوتوە کەتاك توانای نیە هەنگاوی نوێ لە ژیانیدا بنی لەترسی شکست لەبەر ئەوەی تائێستاش بەهۆی کاریگەرییە نەرێنیەکانی ململانێی سیاسیەوە کۆمەڵگەی کوردی لە دۆخی ناسەقامگیریدایە و دیدگا و ڕوئیا بۆ داهاتو نادیارە ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (عبدلله،٢٠٠٣) سەبارەت بە بوونی متمانە بەخۆبوون لای تاکی کورد بە هۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوریەوە، لەلایەکی دیکەوە لە وەڵامی لێتوێژراواندا ئەوە بەدیدەکرێت کە بەگومانەوە لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی کەسانی دەوروبەرو دەڕوانن و ئامادەنین نهێنی و بیرۆکەی کارکردن و ژیانی تایبەتی خۆیان بۆ کەسانی دیکە باس بکەن ئەویش لەبەر ئەوەی نەوەکو لێ بدزرێت یان نهێنیەکانیان لە دژیان بەکاری بهێنرێت، هۆکاری ئەو بێ متمانەییە نمونەکە بەرامبەر بە کەسانی تردەرخەری ئەوەیە کە لە لایەکەوە حزبەکان لە ڕێگەی بەیانامەو ئەدەبیاتی حزبی و کلتوری سیاسیەوە تۆوی دووبەرەکی و بە دوژمن زانینی حزبەکانی دیکەیان لە نێو ئەندام و لایەنگرانیاندا چاندووە، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ململانێی بەرژەوەندی خوازانەی حزبەکانەوە، کولتوری بەرژەوەندی خوازی و خود پەرستی زاڵبووە بەسەر پەیوەندیەکاندا و ئاستی متمانەی تاکەکانی بە یەکتری لاواز کردووە، سەرەڕای ئەوەش گیانی هاوکاری و بەدەنگەوەچوونی یەکتر لاوازبووە هەروەك لە خشتەی( ١٦ ) لە سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەی پێدراوە، هەموو ئەمانە هۆکارە بۆ لاوازبوونی متمانەی تاکەکان بە یەکتری.

لەلایەکی دیکەوە زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکەمان بە(تەواوی هاوڕان) لەگەڵ نەمانی متمانە بە دەسەڵات و دامەزراوە و خزمەتگوزارییەکان و گومانیان لە دڵسۆزی و رەفتارو گوفتاری دەسەڵاتدارانی حزبی و حکومی هەرێمی کوردستان هەیە، بەبڕوای ئێمەو بەرمەبنای واقعی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، هۆکاری لەدەستدانی متمانەی نمونەی توێژینەوەکە بە ( پەروەردە، دادگا، هەڵبژاردن و دەنگدان، هێزی پێشمەرگە، خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گشتی، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دامەزراوەی ئاینی )، بۆ چەند خاڵێك بگەڕێنینەوە لەوانە :-

١- دەستێوەردانی حزب لە پرۆسەی پەروەردەو خوێندنی باڵا رەخساندنی دەرفەتی خوێندن بەدەر لە رێنمایی و لێهاتویی و نمرەو نەبوونی هەلی کارو دامەزراندن بۆ کەسانی بێلایەن، دابەزینی ئاستی کوالێتی خوێندنی حکومی، لەبەرامبەردا گرنگیدان بە خوێندنی تایبەت، هەموو ئەمانە هۆکاری سەرەکی لاوازبوونی متمانەی خەڵکە بە خوێندنی حکومی و بەدەستهێنانی بڕوانامە.

٢- هەژموونی حزبە دەسەڵاتدارەکان لەسەر دادگاکان و بونی ئینتمای حزبی لەلایەن زۆرینەی دادوەرەکانەوە، بووتە هۆی لاوازبوونی متمانەی خەڵك بە دادگاو سەروەری یاسا، جگەلەوەش دادگاکان لە ئاست لێپێچینەوەی کەیسی گەندەڵی بەرپرسە باڵاکان لاوازن و زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەدەرەوەی دادگاو لەلایەن حزب و بنەماڵەو هۆزەکانەوە یەکلایی دەکرێتەوە.

٣- پابەند نەبوونی بەرپرسە حزبی و حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بە بەڵێن و کارنامە فراوانەکانی حزبەکانیان لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا، نادڵنیایی تاکی کورد لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، هێندەی دیکە متمانەی لای هاوڵاتیان کەمتر کردۆتەوە، لەلایەکی دیکەوە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان، هیچ ئەنجامێکی بە ئاڕاستەی گۆڕانکاری و باشتربوونی گوزەرانی خەڵك لێناکەوێتەوە.

٤- زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان متمانەیان بەهێزی پێشمەرگە لاوازە، هۆکاری ئەمەش بە بڕوای ئێمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێزی پێشمەرگە هێزێکی نیشتمانی نییە، بەڵکو چەکداری سەر بە دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانن، بۆ بەرژوەندی حزبی و کەسی بەکاردەهێنرێن.

٥- هەروەها نەبوونی متمانە بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ دەستێوەردانی حزبەکان و سەربەخۆ نەبوونیان دەگەڕێتەوە، ئەمە وایکردووە نەبنە پردی پەیوەندی لە نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات .

ئەو ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکانی هەریەکەلە (شریف،٢٠٠٧)، ( محمد،٢٠١٢)، ( حاجی شریف،٢٠٢٠)، (داود، ٢٠١١) ،( ئەسل، ٢٠١٤) هاوتایە لەبارەی نەمانی متمانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە.

## ٤- کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای ئابوری لە کەسێتی کورددا:

سیمای ئابوری خۆی لە کردار یان چالاکی ئابوری و کڕین و فرۆشتن و بەکارهێنانی ئەو شتومەکانەدا دەبینێتەوە کە تاك لەژیانی ڕۆژانەیدا پێویستی پێیانە، لەژێر کاریگەریی گۆرانی سیستەمی سیاسی و گەشەپێدان بوژانەوەی ژێرخانی ئابوری ئەم سیمایە گۆرانکاری بەسەرداديێت .بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی ئابووری و ئاستی بژێوی تاك،

شان بەشانی ململانێی سیاسی و ناسەقامگیرییە ئابوورییەکان ، کاریگەری هەستپێکراو لەسەر بونیادی کەسێتی سیماکانی تاك درووست دەکەن و زەمینە بۆ پێکهێنان و نەخشاندنی چەند سیمایەکی ئابووری دەڕەخسێنن کە بریتییەلە:-

## سیمای " بەرخۆری"

سیمای بەرخۆری، بریتییە لە کردار یان چالاکی کڕین و بەکارهێنانی ئەو شتومەکانەی تاك کە لەژیانی ڕۆژانەیدا پێویستی پێیانە، گرنگترین نیشانە سەرەکییەکانی ئەم سیمایە بەگوێرەی تیۆرەکەی (ئەریك فرۆم) بریتیە لە(تاگگەرایی، بەکاربەر، بێبەرهەم، ماددەگەرا، چێژپەرست، خۆپەرست، تەماعکار، چاوچنۆکی ، بەرژەوەندیخواز، کەمتەرخەم لەکارو پیشەدا) جگەلەوەش هەلگرانی ئەم جۆرە سیمایە کەسانێکن هەمیشە چاویان لەسەر کەسانی دیکەیەو بەدوای ئارەزووە لەبن نەهاتووەکانیاندا وێڵن، نەك ناوەڕۆك و مەعریفەو سەربارخستنی زانیاری. بەلاًم نزمترین نیشانەکانی ئەم سیمایە بەرهەمداریە واتە نمونەیەك لە کردارو ئاکاری بالاً ، واتای بەکارهێنانی سەجەم توانستەکانە لە ئەنجامدا گەشەی مرۆڤایەتی دەستەبەردەکات( مستەفا، ٢٠١٩: ٢٠٣)، ململانێی سیاسی و قەیران و ناسەقامگیریی ئابوری لەگرنگترین ئەو هۆکارانەن کە کاریگەری لە پێکهێنانی سیمای بەرخۆری لەکەسێتی کورددا هەیە، هەروەك وەلاًمی نمونەی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی خشتەی(٢٠)دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (٢٠)

جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای "بەرخۆری" دەردەخات

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی نمونەکە | T هەژمارکراو | بەهایT خشتەیی | نمرەی ئازادی | ئاستی دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٥٠ | ٥٠,٧٢ | ٤٢ | ٨,٧٢ | ٨,٧٩ | ١٦,٥١٤ | ٢,٥٩ | ٤٤٩ | ٠,٠٠٠ |

لەئەنجامەکانی خشتەی (٢٠)دا دەردەکەوێت، کە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە لەوەلاًمدانەوەی بڕگەکانی سیمای بەرخۆری گەیشتووەتە (٥٠,٧٢) نمرە، لە کاتێکدا ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٤٢) نمرەیە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت)ی بۆیەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو دەگاتە (١٦,٥١٤)، ئەمەش گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی بەرێژەی (٢,٥٩) بە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٠٠)و پلەی ئازادی (٤٤٩) ئەمەش ئەوەدەردەخات، کە جیاوازیەکی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی ڕاستەقینەو ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکەدا بە قازانجی ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە. ئەم ئەنجامە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە سیمای "بەرخۆری" بەهۆی ململانێی سیاسی لە شاری سلێمانی لە ئاستێکی بەرزدایە، چونکە ململانێی سیاسی بووەتەهۆی زیابوونی ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە لە (٣٩)ەوە بۆ (٥٠,٧٢) بەجیاوازی (٨,٧٢) ئەمەش جیاوازیەکی زۆرە. وەلاًمی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە بڕگەکانی تایبەت بە سیمای ئابووری، ئەوە دەخەنەڕوو، بەهۆی ململانێی سیاسیەوە ئاستی بەرهەمداری دابەزیوە سیمای "بەرخۆری" لە کەسێتی کورددا دەرکەوتووە، ئەم سیمایەش نیشانەو دیاردەیەکی خۆرسك و سروشتی نییە، بەلکو بارودۆخی سیاسی و ستراتیجی کارکردنی دەسەلاًتداران و ململانێ سیاسیەکان ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهێنانیدا دەبینن، کە دەکرێت لە چەند خالێکدا گرنگترین هۆکار بخەینەڕوو:-

یەکەم: حزبە دەسەڵاتدارەکان لەچوارچێوەی ململانێکانیاندا لە پێناو زیاد بوونی هێزو باڵادەستیاندا، لەسەرەتای ئەزموونی حکومڕانیانەوە لەبری کارکردن بۆ پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری وڵات و گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، تەنها پشتیان بە داهاتی باج و گومرگی ناوخۆو خاڵەسنوورییەکان بەستووەو لەجیاتی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و کەرتی کشتوکاڵی بەشێوەیەکی ناتەندروست و دوور لە بەهاو پێوەرە یاسایی و کارگێڕییەکان، رێژەیەکی بەرچاویان لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە موچەخۆرکردووە، کە بێگومان ئەمەش هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمداری و بوونی تاکی کورد بە تاکێکی بەکاربەری بێبەرهەم و پشتبەستوو بە کاڵاو کەل وپەلی هاوردە .

دووەم: بەشەبوجەی ١٧٪ ی داهاتی عێراق و راگەیاندنی پرۆسەی ئابووری سەربەخۆو فرۆشتنی نەوت لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هێندەی تر سیمای بەرخۆرییان لە کەسێتی تاکی کورددا چەسپاندووە، چونکە داهات و سەرچاوەی ژیانی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەرێژەو نرخی نەوتەوە بەسترایەوە، بەوهۆیەشەوە بچوکترین پێشهات و قەیرانی جیهانی و نێوچەیی، شوێنەواری نەرێنی لەسەر موچەو بازاڕو ئاستی بژێوی هاوڵاتیان جێهێشتووە .

سێیەم: ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسە حزبییەکان و کەسانی دەوروبەریان، بەبێ ماندوبوون و بەسوود وەرگرتن لە دۆخی ململانێ و ناسەقامگیرییە سیاسیەکان، لەسەر داهاتی گشتی بوونە خاوەنی سەرمایەو کۆمپانیاو زەوی و زاری زۆرو ژمارەیەکی زۆر لە دۆست و لایەنگرانیشیان لەسەر داهاتی گشتی موچەو پلەی خانەنشینی باڵایان پێبەخشرا، کە تەنانەت بۆ ساتێکیش لەو پلەو پۆستە کارگێڕییانەدا خزمەتیان نەکردووە، هاوکات بەسەرمایەدار بوونی چینێکی کەم لەکۆمەڵگەی کوردیدا، یەکێکی دیکەیە لەهۆکارەکانی دەرکەوتنی سیمای بەرخۆری، چونکە مادەو پارە جێگەی سەرجەم بەهاو کولتورە باوەکانی کۆمەڵگە گرتۆتەوەو دیاردەی چاولێکەری و نەبوونی قەناعەت و هەڵپەی بەدەستهێنانی سامانی زۆرو بەرژەوەندی خوازی، لە کەسێتی کورددا دەرکەوتووە، بەجۆرێك ڕێژەیەکی بەرچاو لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی، خۆیان بە کەسانی تر بەراورد دەکەن و خوازیارن هاوشێوەی بەرپرسان خۆشگوزەران و بەختەوەر بژین، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵیانداوە زیاتر لە کارێك بکەن بۆ ئەوەی بتوانن خەرجی و پێویستییەکانیان دەستەبەر بکەن، ئەوەش وایکردووە لەپیشەو ئەرکەسەرەکییەکانی خۆیاندا کەمتەرخەم بن و نەتوانن کارەکانی خۆیان خۆش بوێت و پابەندبن بە رێنمایی و یاساکانی شوێنی کارەکانیانەوە، بەتایبەتی لەکەرتی گشتیدا، هەموو ئەمانەش ئەوە دەردەخەن کە لەژێر کاریگەری ململانێ سیاسیەکاندا، سیمای بەرخۆری لەکەسێتی ِتاکی کورددا دەرکەوتووە.

ئەو ئەنجامانەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی(شریف، ٢٠٠٧) سەبارەت بەدروستبوونی کۆمەڵگەی بەکاربەر بەهۆی ناسەقامگیری سیاسیەوە، بەڵام ئەم ئەنجامە تەواو پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (العائدی، ٢٠٠١) ە سەبارەت بە زیادبوونی سیمای بەرهەمداری لە کەسێتی عێراقی دا بە هۆی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی ساڵی ١٩٦٨.

### ٥- کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای سیاسی لە کەسێتی کورردا:

سیمای سیاسی، بریتییە لە رەفتارو چالاکی و بەشداریکردنی تاك لە پرۆسەی سیاسی و پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکاندا، کە خێزان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، لەچوارچێوەی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیدا کار لەسەر بونیادنان و پێکهێنانی ئەم سیمایە دەکەن، ململانێی سیاسی یەکێك لەو کارتێکەرانەیە کە کاریگەری لەسەر پێکهێنانی سیمای سیاسی درووست دەکات .

## أ- سیمای (رادیكالی ) توندڕەوی سیاسی

بریتییە لە ڕەفتاری سیاسیانەی ناباو، كە تاك بەشێوەیەكی پەرگیرو توندوتیژ بەشداری سیاسی دەكات و هەڕەشەو مەترسی بۆسەر هزرو بیركردنەوەو تێڕوانینی بەرامبەر درووست دەكات و توانای قبوڵكردن و گفتوگۆی بیروڕای جیاوازی نییە، هەندێكجاریش خاوەنی ئەم جۆرە سیمایە بەمەبەستی بەدیهێنانی چاكسازی یان گۆڕانكاری ریشەیی لە سیستەمی سیاسیدا، پەنا بۆ كاری توندوتیژی و زیانگەیاندن بە دامودەزگا حكومەییەكان و سوتاندنی بارەگای حزبەكان دەبەن ( صالح، ٢٠٠٥: ٣٠-٣١). سەبارەت بە كاریگەری ململانێی سیاسی لە پێكهێنانی سیمای توندڕەوی سیاسی لە كەسێتی تاكەكانی كۆمەڵگەی كوردیدا، لە خشتەی (٢١)دا بەم شێوەیەی خوارەوە روونكراوەتەوە:-

خشتەی (٢١)

جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمارەیی نمونەی توێژینەوەكە سەبارەت بە كاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێكهێنانی سیمای توندڕەوی سیاسی دەردەخات.

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەكە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەكە | لادانی پێوانەیی نمونەكە | T هەژماركراو | بەهایT خشتەیی | نمرەی ئازادی | ئاستی دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٥٠ | ٤٢,٠١ | ٣٣ | ٩,٠١ | ٧,٠٦٩ | ٢٧,٠٤٢ | ٢,٥٩ | ٤٤٩ | ٠,٠٠٠ |

لە ئەنجامەكانی خشتەی (٢١) دا دەردەكەوێت، كە ناوەندی ژمێرەیی نمرەكانی نمونەی توێژینەوەكە لەوەڵامدانەوەی برگەكانی سیمای توندڕەوی سیاسی گەیشتووەتە (٤٢,٠١ ) نمرە، لە كاتێكدا ناوەندی گریمانەیی پێوەرەكە (٣٣) نمرەیە، بە بەكارهێنانی هاوكێشەی (ت) ی بۆیەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەكە، دەركەوت بەهای (ت) هەژماركراو دەگاتە (٢٧,٠٤٢)، ئەمەش گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی كە ڕێژەكەی دەگاتە(٢,٥٩) لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٠٠)و پلەی ئازادی (٤٤٩). ئەمەش ئەوەدەردەخات كە جیاوازیەكی ئامارەی ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی ڕاستەقینەو ناوەندی گریمانەیی پێوەرەكەدا بە قازانجی ناوەندی ژمێرەیی نمونەكە . ئەم ئەنجامە ئەوەمان بۆ ڕون دەكاتەوە، سیمای توندڕەوی سیاسی بەهۆی ململانێی سیاسی لە شاری سلێمانی لە ئاستێكی بەرزدایە. چونكە ململانێی سیاسی بووەتەهۆی زیادبوونی ناوەندی ژمێرەیی سیمای توندڕەوی سیاسی لە (٣٣) ەوە بۆ (٤٢,٠١) بە جیاوازی (٩,٠١) ئەمەش جیاوازیەكی زۆرە ، واتە ململانێی سیاسی هەستی میانڕەوی لای تاك دابەزاندووە بۆ ئاستی توندڕەوی سیاسی .

لەچوارچێوەی كاریگەرییە فرەهەندەكانی ململانێی سیاسی و لەبەر ڕۆشنایی وەڵامی نمونەی توێژینەوەكەمان ئەوە دەردەكەوێت كە ململانێ سیاسیەكان لە هەرێمی كوردستان بە ئاستێكی بەرز هۆكاری یارمەتیدەربوون بۆ پێكهێنانی سیمای توندڕەوی سیاسی بەدوو شێوەی جیاواز، یەكەمیان: ململانێی سیاسی تۆوی رق و تۆڵەسەندنەوەو ناوزراندن و بێڕێزیكردنیان لەنێو ئەندام و لایەنگری حزبی و تەنانەت لەنێو تاكەكانی كۆمەڵگەشدا چاندووە، بەجۆرێك حزبە سیاسیەكان لە چوارچێوەی ململانێكانیاندا چ لەسەر ئاستی نوخبە یاخود لەسەر ئاستی ئەندام و كادرەكانیان، بۆ شكستپێهێنانی نەیارەكانیان دەمارگیرو توندڕەو بوون، سڵیان لە بەكارهێنان و گرتنەبەری زمانی زبرو هزرو ئامرازی توندوتیژ نەكردۆتەوەو تاڕادەیەكی زۆر بەرامبەر بەیەكتر دڵڕەق و دەمارگیربوون، ئەمەش بەپێی قۆناغی ململانێكان ئاست و شێوازی توندڕەوییەكەیان جیاوازبووە، بەجۆرێك لەماوەی شەڕی ناوخۆدا، حزبە سیاسیەكان جگە لە بەكارهێنانی چەك و پەنابردن بۆ هێزی بێگانەو بڵاوكردنەوەی ترس و تۆقاندن، لەهەمانكاتدا لەرێگەی كەناڵ و دامەزراوەكانی وەك( خێزان، پەروەردە، مزگەوت، راگەیاندن، ئەدەبیاتی حزبەكان)ەوە كولتوری رق و دوژمنایەتی و

تۆڵەسەندنەوەیان لە دەروونی تاکەکاندا چاندووە، لەدوای کۆتایهاتنی شەڕی ناوخۆش لە ڕێگەی کەناڵ و پەیج و پێگە ساختەکانیانەوە شکۆو پیرۆزییەکانی یەکتریان تێکشکاندووە. هەموو ئەم دیاردانەش بەئاشکرا لە ژینگەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیەو شوێنەوارو ئەنجامی نەرێنییان لەسەر سیماکانی کەسێتی تاك درووست کردووە.

لەلایەکی دیکەوە زۆربەی لێتوێژراوان بەهۆی دەرهاویشتەکانی ململانێی سیاسی بەرامبەر بە(نەبوونی ئازادی و (دیموکراسی ) دەستاودەست نەکردنی ئاشتیانەی دەسەلأت ، یەکسانی و دادپەروەری ، بەدامەزراوەیی بوونی گەندەڵی، لاوازبوونی دام و دەزگاکانی حکومەت، پاشەکشەکردنی پرۆسەی دیموکراسی، نەبوون و بێبەشبوون لە پێداویستی سەرەتایی، بێ هیوایی، هەژاری، بێکاری، دەرکەوتنی گروپی پەرگیری ئاینی، دەرکەوتنی کاریزمای خاوەن ئایدۆلۆژی، دەستێوەردانی دەرەکی،..) جۆری دووەمی سیمای توندڕەوی سیاسی لە کەسێتییاندا دەرکەوتووە، بەجۆرێك هیچ پەرۆشییەکیان بۆ دامەزراوەکانی حکومەت نییەو لە بچوکترین خۆپیشانداندا ونارەزایەتی دەربڕینێکدا پشێوی و ئاڵۆزی لێدەکەویتەوەو هەندێکجاریش پەنایان بۆ سوتاندن و لەناوبردنی کەلوپەل و باڵەخانەی دامەزراوەکان بردووە، لەو بارەیەوە وەڵامی زۆرینەی ڕەهای نمونەی توێژینەوەکەمان ئەوە دەخەنەڕوو کە بەپەرۆشن بۆ رەتکردنەوەو هەڵگەڕانەوە لەحزب و حکومەت و دەسەڵاتدارە حزبی و حکومییەکان. لەلایەکی دیکەوە پەرەسەندنی دیاردەی توندڕەوی سیاسی و بەچەکدارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بوەتەهۆی زیادبوونی توندوتیژی کۆمەڵایەتی و تاوان و ئەنۆمی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەو ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژیەنەوەکەی هەریەکەلە (شریف،٢٠٠٧)،( حسن،٢٠٠٨)،( داود،٢٠١١)،( عاصم، ٢٠٢٠)ە سەبارەت بەبوونی سیمای توندڕەوی و توندوتیژی سیاسی بەهۆی ململانێی سیاسی وناسەقامگیریەوە .

### ب- سیمای خەمساردی سیاسی :-

خەمساردی، یەکێکە لە دەرکەوتەکانی لاوازی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، کە تیایدا تاك لەبەرامبەر جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کەلەسەر شانێتی، خۆی بە بەرپرسیار نازانێت و هیچ پێبەستبونێکی بۆ پرسە سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان نییەو وەك کەسێکی دابڕاوو گۆشەگیر بەرامبەر بە روداو و دیاردە جیاوازەکان دەردەکەون (عبدالصمد، ٢٠٢٠: ٣٦-٣٧)، خەمساردی سیاسی، یەکێکە لە جۆرەکانی خەمساردی، کە تاك خۆی لە بەشداریکردنی سیاسی بەدوردەگرێت و گرنگی بە پرۆسەی دەنگدان و خۆکاندیدکردن و ئەندامێتی لە حزب نادات و پێیوایە بەشداریکردنی یاخود نەکردنی هیچ کاریگەرییەك لە سەر پرۆسەی سیاسی درووست ناکات، جگە لەوەش ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئەم جۆرە سیمایەن، پێبەستبوونیان بۆ نشتیمان و پرسە نەتەوەییەکان لاوازە(عبداللە، ٢٠١٠: ٤٨). بەڵام کەمترین ئاستی سیمای خەمساردی سیاسی، دەبێتە هۆی دەکەوتنی سیمای (پابەندبوون) بەشداری سیاسی، کە بریتییە لە بەشداریکردنی کۆمەڵێك چالاکی سیاسی ئازادانەو خۆویستانەی تاك کە بەهۆیەوە لە دیاریکردنی فەرمانڕەواو کایە جۆربەجۆرەکانی ژیانی سیاسی و بڕیارە چارەنوسسازەکاندا بەشدار دەبێت و کاریگەری لەسەر پرۆسەی بڕیارسازی سیاسی دروست دەکات(عەبدوڵا، ٢٠٢١: ٧). ململانێی سیاسی و قەیران و ناسەقامگیرییەکان لە کۆمەڵگە سونەتی و نادیموکراتی و دواکەوتووەکاندا، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە کاریگەری لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی سیاسی لەکەسێتی تاکدا هەیە، هەروەك وەڵامی نمونەی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی خشتەی(٢٢)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٢٢)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمارەیی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی سیاسی دەردەخات**

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | لادانی پێوانەیی نمونەکە | T هەژمارکراو | بەهایT خشتەیی | نمرەی ئازادی | ئاستی دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٥٠ | ٤٩,٤٨ | ٣٩ | ١٠,٤٨ | ١٢,٣٠ | ١٨,٠٦٨ | ٢,٥٩ | ٤٤٩ | ٠,٠٠٠ |

**لە ئەنجامەکانی خشتەی(٢٢) دا دەردەکەوێت، کە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە لەوەڵامدانەوەی بڕگەکانی سیمای خەمساردی سیاسی گەیشتووەتە (٤٩,٤٨) نمرە، لە کاتێکدا ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (٣٩) نمرەیە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت)ی بۆیەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو دەگاتە (١٨,٠٦٨)، گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە ڕێژەکەی دەگاتە(٢,٥٩) لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٠٠) و پلەی ئازادی (٤٤٩). ئەمەش ئەوەدەردەخات کە جیاوازیەکی ئامارژەی ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی ڕاستەقینەو ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکەدا بە قازانجی ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە. ئەم ئەنجامە ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە، سیمای خەمساردی سیاسی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە شاری سلێمانی لە ئاستێکی بەرزدایە. چونکە ململانێی سیاسی بووەتەهۆی زیادبوونی ناوەندی ژمێرەیی سیمای خەمساردی سیاسی لە (٣٩)ەوە بۆ (٤٩,٤٨) بە جیاوازی (٩,٠١) ئەمەش جیاوازیەکی زۆرە ، واتە ململانێی سیاسی ئاستی بەشداری سیاسی دابەزاندووە بۆ ئاستی خەمساردی سیاسی .**

**لە وەڵامی نمونەی توێژینەوەکەمان ئەوە دەردەکەوێت، کە خەمساردی سیاسی، یەکێکە لەو سیما سیاسیانەی لەئەنجامی کاریگەرییە فرە ڕەهەندەکانی ململانێی سیاسی حزبەکانە لە هەرێمی کوردستان دەرکەوتووە، بەجۆرێك زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بونەتە خاوەن ڕەفتاری دورەپەرێزی سیاسی و بەشداری لەژیانی سیاسی وەك(پرۆسەی هەڵبژاردن، چالاکی سیاسی، لایەنگری و ئەندامێتی لەحزب و ڕێکخراو، گۆڕانکاری سیاسی، پرسی سیاسی، گروپی فشار) ناکەن.**

**هاوکات بەشێکی زۆری نمونەی توێژینەوەکە بە ئاراستەی لاواز بوونی هەست و پێبەستبوون( ئینتمای) نەتەوەیی ڕۆیشتوون، تەنانەت گرنگی بە پرس و بۆنە نەتەوەییەکان نادەن و شانازی بە مێژوو وخەباتی نەتەوەیشیانەوە ناکەن، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆرینەیان هاوڕان لەسەرئەوەی، کە حەز بە فیداکاری بۆخاك و نیشتمان ناکەن و لە ساناترین دەرفەتدا بیر لە کۆچ و جێهێشتنی نیشتمانەکەیان دەکەنەوە.**

**بوونی ئەم خەمساردییە سیاسیە لای نمونەی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاکی کورد گەیشتۆتە بڕوایەك کە بەشداری ئەوان لە پرسە سیاسیەکاندا هیچ کاریگەرییەك دروست ناکات و ناتوانن ببنە هێزێکی کاریگەر بۆ دروستکردنی بڕیارو یەکلایی کردنەوەی پرسە سیاسیەکان، چونکە حزبە دەسەڵاتدارەکان سەرەڕای لەدەستدانی پێگەی جەماوەرییان، بەڵام توانیویانە هەژموونی خۆیان بەسەر ژیانی سیاسیدا بسەپێنن و ڕێگری بکەن لە گۆڕینی هاوکێشەی سیاسیدا، ئەمەش سەنگ و قورسایی بەشداری تاکی لە پرۆسە سیاسیەکانی دابەزاندووە. لەلایەکی دیکەوە**

لاوازی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان و هەڵپەکردنیان بۆ بەشداریکردن لە حکومەت و بەدەستهێنانی پۆست و پایەی حکومی، هێندەی دیکە سیمای خەمساردی سیاسیان لەکەسێتی تاکی کورددا چەسپاند، چونکە لەکاتێکدا کە زۆرینەی هاوڵاتیان لە دەسەڵات و شێوازی حوکمڕانی و ململانێ بەرژەوەندیخوازییەکانی حزبە دەسەڵاتدارەکان نیگەران و ناڕازی بوون، حزب و رەوتە ئۆپۆزسیۆنەکانیش لەژێر کاریگەری دروشمی چاکسازیو گۆڕانکاری و بەدیهێنانی حوکمی رەشید، توانیان زۆرینەی دەنگە ناڕازییەکان لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوەو بۆ بەرژەوەندی حزبی و کەسی و گەیشتن بە دەسەڵات بەکاریان بێنن، بەلاّم لە ئێستادا و بە بڕوای ئێمە هێندەی تر دەنگە ناڕازییەکان نائومێدو دوورەپەرێز بوون لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان و دۆخەکە بەئاڕاستەی چەقبەستوویی ڕۆیشتووە .

هەروەها لەژێر کاریگەرییە فرە ڕەهەندەکانی ململانێی سیاسی وەك ( نەبوونی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، قەیران، گەندەڵی، بەردەستنبوونی پێداویستسیە سەرەکیەکانی ژیان ...هتد) بێمتمانەیی وبێئومێدی نمونەی توێژینەوەکەمان سەبارەت ڕەفتاری سیاسی سەرکردە و حزبە سیاسیەکان و جێ بەجێنەکردنی ئەو بەڵێنانەی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بە خەڵکی دەدەن و بەکارهێنانی پۆست و دەسەڵاتەکەیان بۆ بەژەوەندی تایبەت و هەروەك لە دەرئەنجامی سیمای دەروونی لە خشتەکانی (١٨ )و(١٩ ) پێگەیشتین، هەموو ئەمانە هەڕەشەن لەبەردەم پرۆسەی پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بەجۆرێك لەنێو خێزاندا گرنگی و هاندانی تێدانیە بۆ بەشداری تاك و ئەندامەکان لە پرسە سیاسیەکانداو هەستی نیشتمان پەروەری لە ناخی ئەندامەکاندا ناچێنرێت و تەنانەت زۆربەی جار دایك و باوك دور لە پێوەرە پەروەردەییەکان و بە بەرچاوی منداڵەکانیانەوە داخ و خەمی خۆیان بە حزبە سیاسیەکان دەرێژن و ئۆباڵی خراپی و فورساییەکانی ژیانیان دەخەنە ئەستۆی ململانێی حزبەکان، هاوکات کەناڵەکانی تری پرۆسەی پێگەیاندنی وەك( قوتابخانە، زانکۆ، مزگەوت، حزب، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕاگەیاندن )یش لەو کاریگەرییە نەرێنیە بێبەش نەبوون و نەیانتوانیووە، تاکێکی بەئاگا لە ماناو بایەخی بەشداری سیاسی و پەیوەست بە پرسی نیشتمانی پێبگەیەنن ئەمە دەکرێت بە مەترسیەکی گەورە لە سەر ئایندەی سیماکانی کەسێتی کورد هەژمار بکرێت چونکە لە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنەوە نەوە لە دوای نەوە دەگوێزرێتەوە .

ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بەدەستهاتوون هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکانی هەریەکەلە (شریف،٢٠٠٧)، (حاجی شریف،٢٠٢٠)،( صابر،٢٠١٧)،( محمد،٢٠١٢)،( الجده ، الغرابی، ٢٠١٦) ە سەبارەت بەکاریگەریی نەرێنی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی ڕەفتاری دورەپەرێزی سیاسی و لاوازبوونی ئینتمای نیشتمانی)، بەلاّم ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی هەریەکە لە (عبدللە، ٢٠٠٣)،( العائدی، ٢٠٠١)دا یەکناگرێتەوە ،سەبارەت بە بوونی سیمای (بەشداری سیاسی و بەهێزی هەستی نیشتمانپەروەری لای نمونەی توێژینەوەکەیان) بەهۆی کاریگەرییەکانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری .لێرەدا دەگەینە ئەوەی، سیماکانی کەسێتی کورد بەهۆی دەرهاویشتەکانی ململانێی سیاسیەوە ڕووبەڕووی گۆڕانێکی گەورە بوونەتەوە، بەجۆرێك لە توێژینەوەکە (عبدللە، ٢٠٠٣)دا ئەوە دەرکەوتوە تاکی کورد بەشداری کارای لە پرسە سیاسیەکاندا هەبووە و ئامادەی خۆ فیداکاری بووە بۆ خاك و نیشتمان

بەلاَم لە ئێستادا وەلاَمی نمونەی توێژینەوەکەمان دەرخەری ئەو واقعەیە کە ئێستا تاکی کورد دورەپەرێزیان لە ژیانی سیاسی هەڵبژاردووە و بێباکن بەرامبەر بە داهاتووی ژیانی سیاسی و نەتەوەیی کورد.

**ئامـانجی سـێیەم : دەستنیشـانکردنی ئەگـەری بـوونی جیاوازی کاریگـەریی ململانێـی سیاسـی لـە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورد بـە پێـی گۆڕاوەکـانی (ڕەگـەز، تەمـەن، جـۆری کـار، بـاری ئـابوری، لایەنگری حزبی )** :- بۆ دڵنیابوون لە ئەگەری بوونی جیاوازی واتـایی لـە نێـوان چـەند گـۆڕاوێکی دیمـۆگرافی نـاو توێژینەوەکـە سـەبارەت بـە کاریگـەریی ململانێـی سیاسـی لـە پێکهێنـانی سـیماکانی کەسـێتی کـوردد، هەسـتاین بـە ئەنجامدانی چەند شیکارییەکی ئاماری وەك لە خشتەکانی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە :

**١- جیاوازیی ئاماژە ئامارییەکان سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورد بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.**

**خشتەی (٢٣)**

**کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی نمونەی توێژینەوەکە بەجیاوازی گۆڕاوی ڕەگەز دەخاتەڕوو**

| سیما | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ت ی ئەژمارکراو | ت ی خشتەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نادادپەروەری کۆمەڵایەتی | نێر | ٢٣٥ | ٢٥,٢٢ | ٤,٥٧٠ | ٠,٣٣٥ | ١,٩٨٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | مێ | ٢١٥ | ٢٥,٣٧ | ٤,٦٧٦ | | | |
| خەمساردی کۆمەڵایەتی | نێر | ٢٣٥ | ٣٨,٢٥ | ٩,٠٠٢ | ١,٠٦٥ | ١,٩٨٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | مێ | ٢١٥ | ٣٧,٣٣ | ٩,٤٣٣ | | | |
| هۆشیاری | نێر | ٢٣٥ | ١٧,٩٥ | ٥,٤٠٧ | ٠,٤٢٠ | ١,٩٨٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | مێ | ٢١٥ | ١٧,٧٣ | ٥,٦٢٣ | | | |
| نائومێدی | نێر | ٢٣٥ | ٢٧,٤٣ | ٧,٠٣٦ | ١,٢٤١ | ١,٩٨٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | مێ | ٢١٥ | ٢٦,٦٢ | ٦,٨٨٤ | | | |
| بێ متمانەیی | نێر | ٢٣٥ | ٣٠,١٢ | ٨,٢٢٠ | ٢,٩١٩ | ١,٩٨٩ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | مێ | ٢١٥ | ٢٧,٨٥ | ٨,٢٨١ | | | |
| "بەرخۆری" | نێر | ٢٣٥ | ٢٩,٥٢ | ٩,٣٣٨ | ٠,٦٧٨ | ١,٩٨٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | مێ | ٢١٥ | ٢٨,٩٢ | ٩,٤٠٠ | | | |
| توندڕەوی سیاسی | نێر | ٢٣٥ | ٢٧,٧٢ | ٦,١٦٥ | ١,٤٣٦ | ١,٩٨٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | مێ | ٢١٥ | ٢٦,٨٧ | ٦,٣٧٨ | | | |
| خەمساردی سیاسی | نێر | ٢٣٥ | ٢٩,١١ | ١٢,٦٥٠ | ١,٠٥٧ | ١,٩٨٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | مێ | ٢١٥ | ٢٧,٨٨ | ١١,٩١١ | | | |

لە خشتەی (٢٣) دا تاقیکردنەوەی ئاماریی دوو نمونەی سەربەخۆ بۆ دەرخستنی جیـاوازی ئامـاژە ئامارییـەکان بـۆ کاریگـەری ململانێـی سیاسی لـە پێکهێنـانی سـیماکانی کەسـێتی نمونـەی توێژینەوەکـە بـە جیـاوازی گـۆڕاوی ڕەگـەز ئەنجامدراوە، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی تێدا بەدەستهاتووە :-

١- **سـيمای نادادپـەروەری کۆمەڵایـەتی** : بـەهای (ت )ی ئـەژمارکراو یەکسـانە بـە (٠,٣٣٥) وە بچـوکترە لەبـەهای (ت)ی خشتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی (٤٤٨) و ئاستی دەلالەتی( ٠,٠٥ )، واتە جیاوازی واتادار نیە لە نێوان ڕەگـەزی نێـر و مێ دا لای نمونەی توێژینەوەکە سـەبارەت بەسـیمای نادادپـەروەری کۆمەڵایـەتی لەکەسـێتی کـورددا، ئەمـەش زۆر بـە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر سـەرنج بدەینـە ناوەنـدی ژمێرەیـی سـیماکە بـۆ ڕەگـەزی مـێ یەکسـانە بـە (٢٥,٣٧)، وە بـۆ ڕەگـەزی نێـر یەکسـانە بـە (٢٥,٢٢) هـەروەك دەردەکـەوێت جیـاوازی یـەکی ئـەوتۆیان نیـە. هۆکـاری نـەبوونی ئـەو جیاوازیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نێر و مێ هاوشانی یەکتر لە ژێر بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدان و درك بە واقع و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکانی گۆمەڵگا دەکەن.

٢- **سـیمای خەمسـاردی کۆمەڵایـەتی** : بـەهای( ت) ی ئـەژمارکراو یەکسـانە بـە (١,٠٦٥) وە بچـوکترە لەبـەهای ( ت)ی خشتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی(٤٤٨)و بە ئاستی دەلالەتی( ٠,٠٥ )، واتە جیاوازی واتادار نیە لە نێوان ڕەگـەزی نێـرو مێ بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی کۆمەڵایـەتی لای نمونـەی توێژینەوەکە، ئەمـەش زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەندی ژمێرەیی سیماکە بۆ ڕەگەزی مـێ یەکسـانە بـە (٣٧,٣٣)، وە بۆ ڕەگەزی نێر یەکسانە بە (٣٨,٢٥) هەروەك دەردەکەوێت جیاوازی یەکی ئـەوتۆیان نیـە. هۆکـاری ئەمـەش بـۆ ئـاڵۆز بوون و تێکشکاندنی پەیوەندی و بەهاو کلتورە باوەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەگەڕێتەوە لای هەردوو ڕەگەز(نێر، مێ ) بەهۆی ململانێی سیاسیەوە.

٢- **سیمای هۆشیاری ڕۆشنبیری**: بەهای ( ت) ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٠,٤٢٠) وە بچوکترە لە( ت) ی خشتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی(٤٤٨) و بەئاستی دەلالەتی( ٠,٠٥ )،واتە جیاوازی واتادار نیە لـە نێـوان ڕەگـەزی نێـرو مـێ بـۆ کاریگـەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای هۆشیاری لای نمونەی توێژینەوەکە، ئەمەش زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر سـەرنج بدەینـە ناوەنـدی ژمێرەیـی سـیماکە بـۆ ڕەگـەزی مـێ یەکسـانە بـە (١٧,٧٣) وە بـۆ ڕەگـەزی نێـر یەکسـانە بە(١٧,٩٥)هەروەك دەردەکەوێت جیاوازی یەکی ئەوتۆیان نیە، ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە نێر و مێ هاوشـێوەی یـەك لە ژێر کارگـەریی ململانێـی سیاسـیدا هۆشـیارن دور لـە عاتفـەو بـە زانسـتی و ئـەقلانی شـرۆڤەی پـرس و بابەتـەکان دەکـەن و حـەز بـە خوێنـدەوەو بـە دواداچـونی زیـاتر دەکـەن، لەلایـەکی دیکـەوە فراوانبـوونی میـدیایی حزبـی و خستنەڕووی کەموکوڕی لایەنی بەرامبەر هۆکاری هۆشیاربوونەوەی هەردوو ڕەگەزە.

٤- **سیمای نائومێدی** : بەهای (ت) ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٢٤١)، وە بچوکترە لە بەهای (ت )ی خشتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی(٤٤٨) و ئاستی دەلالەتی( ٠,٠٥ )، واتە جیـاوازی واتـادار نیـە لـە نێـوان ڕەگـەزی نێـر و مـێ بـۆ کاریگـەری ململانێـی سیاسـی لـە پێکهێنـانی سـیمای نائومێـدی لای نمونـەی توێژینەوەکـە، ئەمـەش زۆر بـە ڕوونـی دەردەکـەوێت ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەندی ژمێرەیی سیماکە بۆ ڕەگەزی مێ یەکسانە بە (٢٦,٦٢)، وە بۆ ڕەگەزی نێـر یەکسـانە بـە (٢٧,٤٣) جیاوازیان کەمە و ئەو ئەنجامە دەردەخات، کە نێر و مـێ لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا ئـەرك و بـەر پرسـیارێتیان دابەش کردووە و هەردوو وەك یەك هەست بە ئازار و بەشمەینەتی خۆیان دەکەن .

**٥-سیمای بێ متمانەیی** : بەهای (ت) ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٢,٩١٩) وە گـەورەترە لـە بـەهای (ت) ی خشـتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی(٤٤٨)و بە ئاستی دەلالەتی( ٠,٠٥ )، واتە جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان ڕەگـەزی نێـر و مـێ بـۆ کاریگـەری ململانێـی سیاسـی لـە پێکهێنـانی سـیمای بێمتمانـەیی لای نمونـەی توێژینەوەکـە، ئەمـەش زۆر بـە ڕوونـی

دەردەکەوێت ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەندی ژمێرەیی سیماکە بۆ ڕەگەزی مێ یەکسانە بە (٢٧,٨٥) وە بۆ ڕەگەزی نێر یەکسانە بە (٣٠,١٢) هەروەك دەردەکەوێت جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لە نێوان نێر و مێ لە بەرژەوەندی نێر، هۆکاری ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نێر زیاتر بە ڕووداوە سیاسیەکان کاریگەر دەبێت .

٦- **سیمای "بەرخۆری"** : بەهای( ت )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٠,٦٧٨) وە بچوکترە لە بەهای (ت) ی خشتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی(٤٤٨) و بە ئاستی دەلالەتی( ٠,٠٥ )،کەواتە جیاوازی واتادار نیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دا بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای بەرخۆری لای نمونەی توێژینەوەکە، ئەمەش زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەندی ژمێرەیی سیماکە بۆ ڕەگەزی مێ یەکسانە بە (٢٨,٩٢) بۆ ڕەگەزی نێر یەکسانە بە (٢٩,٥٢) هەروەك دەردەکەوێت جیاوازی یەکی ئەوتۆیان نیە، نێر و مێ یەکسانن وەك یەك لە ڕەوڕەوەی بەرهەمهێنان دورکەوتنەتەوەو حەز بە بەکارهێنانی کالاّ و کەڵ و پەلی هاوردە دەکەن و لە هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندی کانی خۆیاندان هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قورس بوونی بارودۆخی ژیان و بەسەرمایەدار بوونی چینێکی کەم لە کۆمەڵگادا،کە ڕێگە خۆشکەربووە بۆ لاسایی و خۆبەراوردکرن و بە بەهابوونی کالاّ و کەل و پەلی جوانکاری، هەر ئەمانەش وایکردووە لە خێزانێکدا هەردوو ڕەگەز وەك یەك لە هەوڵدابن بۆ دەستەبەرکردنی ئەو کالاّو ژیانەی کەسانی ترهەیانە بە جۆر و شێوەی جیاواز بەکارهێنەربن.

٧- **توندڕەوی سیاسی** : بەهای( ت) ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٤٣٦)، وە بچوکترە لە بەهای( ت )ی خشتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی(٤٤٨) و ئاستی دەلالەتی( ٠,٠٥ )، واتە جیاوازی واتادار نیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای توندڕەوی سیاسی لای نمونەی توێژینەوەکە، ئەمەش زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەندی ژمێرەیی سیماکە بۆ ڕەگەزی مێ یەکسانە بە (٢٦,٨٧)، وە بۆ ڕەگەزی نێر یەکسانە بە (٢٧,٧٢) هەروەك دەردەکەوێت جیاوازی یەکی ئەوتۆیان نیە، توندڕەوەی بەپێی تیۆرەکەی فروید غەریزەیەکە لە هەردوو ڕەگەزدا وەك یەك بوونی هەیە، هەروەها ژینگەی سیاسی هەرێمی کوردستانیش لە بار بووە بۆ گەشەپێدان و دەرکەوتنی ئەم سیمایە لە کەسێتی هەردوو ڕەگەزدا .

**٨- سیمای خەمساردی سیاسی** : بەهای(ت) ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٠٥٧) وە بچوکترە لە بەهای (ت) ی خشتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی(٤٤٨) و ئاستی دەلالەتی( ٠,٠٥ )، واتە جیاوازی واتادار نیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی سیاسی لای نمونەی توێژینەوەکە، هۆکاری ئەم ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەردوو ڕەگەز وەك یەك زەرەرمەند و بێئومێدن لە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان .

### ٢- جیاوازیی ئاماژە ئامارییەکان سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورد بەپێی گۆڕاوی تەمەن .

خشتەی ژمارە ( ٢٤ )

کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی نمونەی توێژینەوەکە بە جیاوازی گۆڕاوی تەمەن دەخاتەڕوو

ANOVA

| سیماکان | | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی دوجا | ف ی ئەژمارکراو | ف ی خشتەیی | ئاستی دەلالەت ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نادادپەروەری کۆمەڵایەتی | لەنێوان گروپەکاندا | ٣٧٣,٦٨٨ | ٥ | ٧٤,٧٣٨ | ٢,٤٣٩ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ١٣٦٠٤,١٤٣ | ٤٤٤ | ٣٠,٦٤٠ | | | |
| | کۆ | ١٣٩٧٧,٨٣١ | ٤٤٩ | | | | |
| خەمساردی کۆمەڵایەتی | لەنێوان گروپەکاندا | ١٦٧٠,٩٦٧ | ٥ | ٣٣٤,١٩٣ | ٣,٧٢٥ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ٣٩٨٣٤,٧٢٤ | ٤٤٤ | ٨٩,٧١٨ | | | |
| | کۆ | ٤١٥٠٥,٦٩١ | ٤٤٩ | | | | |
| هۆشیاری | لەنێوان گروپەکاندا | ٧٨,٥٥٠ | ٥ | ١٥,٧١٠ | ١,٠٤٣ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ٦٦٨٤,٤٣٠ | ٤٤٤ | ١٥,٠٥٥ | | | |
| | کۆ | ٦٧٦٢,٩٨٠ | ٤٤٩ | | | | |
| نائومێدی | لەنێوان گروپەکاندا | ٥٢٢,٠٦٠ | ٥ | ١٠٤,٤١٢ | ١,٩٧١ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ٢٣٥٢٥,٨٧١ | ٤٤٤ | ٥٢,٩٨٦ | | | |
| | کۆ | ٢٤٠٤٧,٩٣١ | ٤٤٩ | | | | |
| بێ متمانەی | لەنێوان گروپەکاندا | ١٦٤٢,٧٠٣ | ٥ | ٣٢٨,٥٤١ | ٣,٠٧٥ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ٤٧٤٤٠,٦٧٧ | ٤٤٤ | ١٠٦,٨٤٨ | | | |
| | کۆ | ٤٩٠٨٣,٣٨٠ | ٤٤٩ | | | | |
| بەرخۆری | لەنێوان گروپەکاندا | ٧٦٩,٦٧٠ | ٥ | ١٥٣,٩٣٤ | ١,٧١٩ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ٣٩٧٥٦,٦١١ | ٤٤٤ | ٨٩,٥٤٢ | | | |
| | کۆ | ٤٠٥٢٦,٣٣١ | ٤٤٩ | | | | |
| توندڕەوی سیاسی | لەنێوان گروپەکاندا | ٣١٦,٨٩٢ | ٥ | ٦٣,٣٧٨ | ١,٠٥٠ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ٢٦٨٠١,٤٧٢ | ٤٤٤ | ٦٠,٣٦٤ | | | |
| | کۆ | ٢٧١١٨,٣٦٤ | ٤٤٩ | | | | |
| خەمساردی سیاسی | لەنێوان گروپەکاندا | ٥٥٩,٦٨٧ | ٥ | ١١١,٩٣٧ | ٠,٩٥٠ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ٥٢٣٢٠,٥٧١ | ٤٤٤ | ١١٧,٨٣٩ | | | |
| | کۆ | ٥٢٨٨٠,٢٥٨ | ٤٤٩ | | | | |

له خشتەی (٢٤)دا تاقیکردنەوەی ANOVA بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماژە ئامارییەکان سەبارەت بە کاریگەری ململانێی سیاسی لەپێکهێنانی سیماکانی کەسێتی نمونەی توێژینەوەکە بە جیاوازی گۆڕاوی تەمەن دەردەکەوێت، کە تیایدا ئەم ئەنجامانەی خوارەوە بەدەستهاتووە :-

١- **سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی:** لەبەرئەوەی بەهای (ف )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٢,٤٣٩) وە گەورەترە لە بەهای ( ف)ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی (٤٤٤,٥) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)واتە جیاوازی واتادار هەیە لەنێوان ئاستەکانی تەمەن لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، هاوکات بۆ دۆزینەوەی ئاستە جیاوازەکانی تەمەن سەبارەت بە سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، تاقیکردنەوەی ئاماری (LSDکەمترین جیاوازی واتادار) ئەنجامدراوە ، هەروەك لە خشتەی (٢٥) دا دیارە.

خشتەی ( ٢٥)

تاقیکردنەوەی ئاماری LSD جیاوازی ئاستەکانی تەمەن بۆ سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی دەردەخات


| تەمەن (I) بەسال | تەمەن (J) بەسال | جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی (I-J) | ئاستی گریمانەیی | ئەنجام و ئاستی دەلالەت ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| ٢٧-١٨ | ٣٧-٢٨ | ١,٠٧٣ | ٠,١٢٠ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٤٧-٣٨ | ٠,٧٢٧ | ٠,٣٠٥ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٥٧-٤٨ | ٢,٠٩٧ | ٠,٠٢٦ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٧-٥٨ | ٠,٠٥٦ | ٠,٩٦٢ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٨ و زیاتر | *٥,٠٤٤ | ٠,٠٠٦ | جیاوازی واتادار هەیە |
| ٣٧-٢٨ | ٤٧-٣٨ | -٠,٣٤٥ | ٠,٦٤٢ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٥٧-٤٨ | ١,٠٢٤ | ٠,٢٨٨ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٧-٥٨ | ١,٠١٧- | ٠,٣٩٠ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٨ و زیاتر | *٣,٩٧٢ | ٠,٠٣٠ | جیاوازی واتادار هەیە |
| ٤٧-٣٨ | ٥٧-٤٨ | ١,٣٦٩ | ٠,١٦٢ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٧-٥٨ | ٠,٦٧٢- | ٠,٥٧٤ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٨ و زیاتر | *٤,٣١٧ | ٠,٠١٩ | جیاوازی واتادار هەیە |
| ٦٧-٥٨ | ٥٧-٤٨ | -٢,٠٤١ | ٠,١٢٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٨ و زیاتر | *٢,٩٤٨ | ٠,١٢٨ | جیاوازی واتادار هەیە |
| ٦٧-٥٨ | ٦٨ و زیاتر | *٤,٩٨٩ | ٠,٠١٥ | جیاوازی واتادار هەیە |

خشتەی (٢٥) جیاوازی بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ ئاستەکانی تەمەن لای نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، کە پۆلی تەمەنی (٦٨ ساڵ و زیاتر ) جیاوازە لە سەرجەم پۆلەکانی تری تەمەن، لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی بۆ ئەم پۆلە بەبەراورد بە پۆلەکانی تری تەمەن کەمترە لە (٠,٠٥) واتە ئەم سیمایە لای تەمەنی( ٦٨ ساڵ و زیاتر) کەمتر دەرکەوتوە وەك لە تەمەنەکانی تر، هەرچی پۆلەکانی تری تەمەنە جیاوازی واتادار نیە لە نێوانیاندا لەبەرئەوەی ئاستی گریمانەیی یان گەورەترە لە (٠,٠٥) هەروەك لە هێڵکاری ( ١ )دا ئەم ئەنجامە بەڕوونی دیارە هۆکاری ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو کەسانە ساڵانێکی زۆری تەمەنیان لە نێونەبوونی و مەترسی و پەلاماردان و کوشتن و ڕاوەدونانی ڕژێمی بەعس بەسەربردووە، هەربۆیە لە ئێستادا سەرەڕای نایەکسانی و ناداد پەروەری، گرنگی بەو بارودۆخە نادەن و هەر دەسەلآت و حکومڕانی حزبە کوردییەکانیان پێباشترە، بەلآم بەهۆی دەرهاویشتەکانی ململانێی سیاسیەوە ئاستەکانی تری تەمەن لە نێو نمونەی توێژینەوەکەدا

ناتوانن حەز و ئاوات و پێداویستیە جۆراوجۆرەکانیان بەدیبهێنن لەبەرامبەردا بەشێکی کەم خاوەنی زۆرترین داهات و پـلـەو پایـەی کۆمەڵایـەتین و تەنانـەت یاسـاش نایانگرێتـەوە ئـەم هەسـتە هۆکـارە بـۆ بەرزبوونـەوەی سـیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی لای ئاستەکانی تری تەمەن.

هێڵکاری (١ )

ناوەندی ژمێرەیی ئاستەکانی تەمەن بۆ سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی




٢- **سیمای خەمساردی کۆمەڵایـەتی:** لەبەرئـەوەی بـەهای (ف) ی ئـەژمارکراو یەکسانە بـە (٣,٧٢٥) وە گـەورەترە لـە بەهای (ف) ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی (٤٤٤,٥) بە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، واتە جیاوازی واتادار هەیـە لـەنێوان ئاستەکانی تەمەن لای نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بەکاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سـیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی، بۆ دۆزینەوەی ئاستە جیاوازەکان تاقیکردنـەوەی ئامـاری (LSDکەمترین جیـاوازی واتـادار) ئەنجامـدراوە، وەك لەخشتەی (٢٦) دەردەکەوێت.

خشتەی ( ٢٦)


تاقیکردنەوەی ئاماری LSD جیاوازی ئاستەکانی تەمەن بۆ سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی دەردەخات

| تەمەن (I) بەساڵ | تەمەن (J) بەساڵ | جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی (I-J) | ئاستی گریمانەیی | ئەنجام و ئاستی دەلالەت ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| ٢٧-١٨ | ٣٧-٢٨ | -٢,٠٣٤ | ٠,٠٨٥ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٤٧-٣٨ | ١,٠٧١- | ٠,٣٧٧ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٥٧-٤٨ | ٠,٢٣٤ | ٠,٨٨٤ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٧-٥٨ | ٠,٠٣٧- | ٠,٩٨٥ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٨ و زیاتر | *١٠,٨٧٨ | ٠,٠٠٠ | جیاوازی واتادار هەیە |
| ٣٧-٢٨ | ٤٧-٣٨ | ٠,٩٦٣ | ٠,٤٤٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٥٧-٤٨ | ٢,٢٦٨ | ٠,١٦٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٧-٥٨ | ١,٩٩٧ | ٠,٣٢٤ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٨ و زیاتر | *١٢,٩١٢ | ٠,٠٠٠ | جیاوازی واتادار هەیە |
| ٤٧-٣٨ | ٥٧-٤٨ | ١,٣٠٦ | ٠,٤٣٥ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٧-٥٨ | ١,٠٣٤ | ٠,٦١٣ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٨ و زیاتر | *١١,٩٤٩ | ٠,٠٠٠ | جیاوازی واتادار هەیە |
| ٦٧-٥٨ | ٥٧-٤٨ | -٠,٢٧١ | ٠,٩٠٦ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٨ و زیاتر | *١٠,٦٤٣ | ٠,٠٠١ | جیاوازی واتادار هەیە |
| ٦٧-٥٨ | ٦٨ و زیاتر | *١٠,٩١٥ | ٠,٠٠٢ | جیاوازی واتادار هەیە |

لە خشتەی ( ٢٦) تاقیکردنەوەی ئاماری (LSDکەمترین جیاوازی واتادار) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی لەکەسێتی کورددا بۆ ئاستەکانی تەمەن لای نمونەی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە پۆلی تەمەنی (٦٨ ساڵ و زیاتر ) جیاوازە لە سەرجەم پۆلەکانی تری تەمەن لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی بۆ ئەم پۆلە بەرانبەر پۆلەکانی تری تەمەن کەمترە لە (٠,٠٥), هەرچی پۆلەکانی تری تەمەنە جیاوازی واتادار نیە لە نێوانیاندا لەبەر ئەوەی ئاستی گریمانەیی یان گەورەترە لە (٠,٠٥). ئەمەش بەو واتایە دێت کە پۆلی تەمەنی (٦٨ ساڵ و زیاتر) کەمتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ململانێ سیاسییەکانەوەو بەبەراورد بە تەمەنەکانی دیکە بە ئاستێکی نزمتر سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی لە کەسێتیاندا دەرکەوتووە، هەروەك لە هێڵکاری ( ٢) بەڕوونی دیارە ،ئەم ئەنجامە لەلایەکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیماکانی کەسێتی لەو تەمەنانەدا بەشێوەیەکی ڕێژەیی چەسپاوەو کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەری دەرهاویشتەکانی ململانێی سیاسی و حزب حزبێنە، تاڕادەیەکی زۆریش خاوەن کەسێتییەکی خۆڕاگر و پابەندو وابەستەن بە داب و نەریت و بەهاو پێوەرە باوەکانی وەك(خزمایەتی، هاوکاری، بەدەمەوەچوون، سەردان، پرسە، خۆشی، بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان)و ئامادەنین لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی و بیری تەسکی حزبایەتییەوە قوربانی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بدەن، لە لایەکی دیکەوە پۆلی تەمەنی (٦٨ ساڵ و زیاتر)کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەری بەجیهانی بوون و هەژموونی کولتوری سەرمایەداری و خۆرئاوا.

هێڵکاری ( ٢)

ناوەندی ژمێرەیی ئاستەکانی تەمەن بۆ سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی




٣- **سیمای هۆشیاری**: لەبەرئەوەی بەهای( ف)ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٠٤٣) بچوکترە لە بەهای( ف )ی خشتەیی (٢,٢٨١)، بەپلەی ئازادی (٤٤٤,٥)و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥) واتە جیاوازی واتادار نیە لەنێوان ئاستەکانی تەمەن لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای هۆشیاری، هۆکاری نەبوونی ئەم جیاوازییە دەگەرێتەوە بۆ ئەو گۆرانکاریانەی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابوری و سیاسی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە ڕوویداوە هۆکاربووە بۆ بە ئاگا هاتنەوەی تاکی کورد ودرك کردنیان بە ڕاستی ڕوودواو ئەگەرەکان.

٤- **سیمای نائومێدی** : لەبەر ئەوەی بەهای (ف) ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٩٧١) وە بچوکترە لە بەهای( ف )ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی (٤٤٤,٥) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)کەواتە جیاوازی واتادار نیە لەنێوان ئاستەکانی تەمەن لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای نائومێدی، نەبوونی ئەوجیاوازیە لە نێوان ئاستەکانی تەمەندا سەبارەت بە سیمای نائومێدی دەگەڕێتەوە بۆ دەرهاویشە نەرێنیەکانی ململانێی سیاسی کەم تا زۆر هەموو تەمەنەکانی گرتۆتەوە و پەیوەندی بە تەمەنێکی دیاریکراوەوە نیە .

٥- **سیمای بێ متمانەیی** : لەبەر ئەوەی بەهای( ف) ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٣,٠٧٥) وە گەورەترە لە بەهای (ف) ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی (٤٤٤,٥) ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)،واتە جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان ئاستەکانی

تەمـەن، لای نمونـەی توێژینەوەکـە سـەبارەت بەکاریگـەری ململانێـی سیاسی لـە پێکهێنـانی سـیمای بێمتمانـەیی. بـۆ دۆزینەوەی ئاستە جیاوازەکانی تەمەن تاقیکردنەوەی ئاماری (LSDکەمترین جیاوازی واتادار) ئەنجامدرا، هەروەك لـە خشتەی (٢٥) دەردەکەوێت، کە پۆلی تەمەنی (٦٨ ساڵ و زیاتر ) جیاوازە لە سـەرجەم پۆلـەکانی تـری تەمـەن جگـە لـە پۆلی تەمەنی (٤٨-٥٧) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی بۆ ئەم پۆلە بەرانبـەر پۆلـەکانی تـری تەمـەن کـەمترە لـە (٠,٠٥)، پۆلی تەمەنی (١٨-٢٧ ) جیاوازە لە پۆلی تەمەنی (٤٨-٥٧) لەبەر ئـەوەی ئاسـتی گریمانـەیی یەکسانە بـە (٠,٠١١)و بچوکترە لە (٠,٠٥)،پۆلی تەمەنی (٢٨-٣٧ ) جیاوازە لە پۆلی تەمەنی (٤٨-٥٧) لەبەر ئەوەی ئاستی گریمانەیی یەکسانە بە (٠,٠٠٢)و بچوکترە لە (٠,٠٥)، هەروەها پۆلی تەمـەنی (٣٨-٤٧ ) جیـاوازە لـە پـۆلی تەمـەنی (٤٨-٥٧) لەبـەر ئـەوەی ئاسـتی گریمانەیی یەکسانە بە (٠,٠٢٥) و بچوکترە لە (٠,٠٥)، هاوکات پۆلی تەمەنی (٥٧-٤٨ ) جیاوازە لـە پـۆلی تەمـەنی (٦٧-٥٨) لەبەر ئەوەی ئاستی گریمانەیی یەکسانە بە (٠,٠١٥) و بچوکترە لە (٠,٠٥).واتە تەمەنی ٦٨ ساڵ و زیـاتر وتەمـەنی (٤٨-٥٧) لە پۆلەکانی تری تەمەن کەمتر لە تەمەنەکانی تر سـیمای بێمتمانـەیی لـە کەسـێتیاندا دەرکـەوتوە، هـەروەك لـە هێڵکاری (٣) دیارە ، هۆکاری ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی، کـە هەڵکشانی تەمـەن و ئـەزموونی ژیـان لـەنێو نەهامەتی ونەبوونی و قات و قڕی ناسەقامگیری، وایکـردووە پشـت بـە سـتو بـەخۆو بـن و کـەمتر متمانـە بـەخۆیان و کەسانی تر و دامەزراوە جیاوازەکان لەدەست بدەن .


خشتەی (٢٧ )

تاقیکردنەوەی ئاماری LSD ئاستەکانی تەمەن بۆ سیمای بی"متمانەیی

| تەمەن (I) بەساڵ | تەمەن (J) بەساڵ | جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی (I-J) | ئاستی گریمانەیی | ئەنجام و ئاستی دەلالەت ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| ٢٧-١٨ | ٣٧-٢٨ | -١,٢٠٠ | ٠,٣٥٢ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٤٧-٣٨ | ٠,٣٥٧ | ٠,٧٨٨ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٥٧-٤٨ | *٤,٤٥٦ | ٠,٠١١ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | ٦٧-٥٨ | ١,٦٥٣- | ٠,٤٤٦ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٨ و زیاتر | *٧,١٤٧ | ٠,٠٣٥ | جیاوازی واتادار هەیە |
| ٣٧-٢٨ | ٤٧-٣٨ | ١,٥٥٦ | ٠,٢٦٢ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٥٧-٤٨ | *٥,٦٥٦ | ٠,٠٠٢ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | ٦٧-٥٨ | ٠,٤٥٣- | ٠,٨٣٧ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٨ و زیاتر | *٨,٣٤٧ | ٠,٠١٥ | جیاوازی واتادار هەیە |
| ٤٧-٣٨ | ٥٧-٤٨ | *٤,٠٩٩ | ٠,٠٢٥ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | ٦٧-٥٨ | ٢,٠٠٩- | ٠,٣٦٨ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | ٦٨ و زیاتر | *٦,٧١٩ | ٠,٠٤٨ | جیاوازی واتادار هەیە |
| ٦٧-٥٨ | ٥٧-٤٨ | *٦,١٠٩- | ٠,٠١٥ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | ٦٨ و زیاتر | ٢,٦٩١ | ٠,٤٥٦ | جیاوازی واتادار نی یە |
| ٦٧-٥٨ | ٦٨ و زیاتر | *٨,٨٠٠ | ٠,٠٢٢ | جیاوازی واتادار هەیە |

**هێڵکاری ( ٣)**

**ناوەندی ژمێرەیی ئاستەکانی تەمەن بۆ سیمای بێ متمانەیی**




**٦- سیمای "بەرخۆری" : بەهای ( ف) ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٧١٩) وە بچوکترە لەبەهای( ف)ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی (٤٤٤,٥) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، واتە جیاوازی واتادار نیە لەنێوان ئاستەکانی تەمەن لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای بەرخۆری، هۆکاری ئەمەش دەگرێتەوە بۆئەوەی پشت بەستن بە داهاتی نەوت، بە موچەخۆرکردن، دورکەوتنەوە لە ڕەورەوەی بەرهەمهێنان پەیوەندی بە تەمەنێکی دیاریکراو نیە بەڵکو زۆربەی تەمەنەکان لە سیمایەدا هاوبەشن و لەئەنجامدا بێبەرهەمی و تەماعکاری و بەژەوەندی خوازی و کەمتەرخەمی لەکاردا، لەگرنگترین نیشانە و تایبەتمەندی ئەم سیمایەن لەکەسێتی نمونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتوە .**

**٧- سیمای توندڕەوی سیاسی : لەبەرئەوەی بەهای (ف) ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٠٥٠) وە بچوکترە لە بەهای(ف) ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی (٤٤٤,٥) بە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)،کەواتە جیاوازی واتادار نیە لەنێوان ئاستەکانی تەمەن لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای توندڕەوی سیاسی، توندڕەوی تائاستی ڕادیکالی سیمایەکە دەرئەنجامی ململانێی سیاسیی و حوکمی خۆسەپێنی حزبە سیاسیەکان و دەستگرتنیان بە دەسەڵات و هێزەوە هۆکارە بۆ دروستبوونی ئەم سیمایە لای هەموو تەمەنەکان بێ جیاوازی.**

**٨- سیمای خەمساردی سیاسی : لەبەر ئەوەی بەهای (ف )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٠,٩٥٠) وە بچوکترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی (٤٤٤,٥) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، واتە جیاوازی واتادار نیە لەنێوان ئاستەکانی تەمەن لای نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی سیاسی، هۆکاری نەبوونی ئەم جیاوازییە دەگەرێتەوە بۆ بێئومێدی تاکی کورد بە هەموو تەمەنە جیاوازەکانەوە لە حزب و دامەزراوەو پرۆسەی هەڵبژاردن هەروەك لە سیمای نائومێدیدا ئاماژەمان پێکرد.**

### ٣- جیاوازیی ئاماژە ئامارییەکان سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورد بە جیاوازی گۆڕاوی جۆری کار (پیشە)

**خشتەی (٢٨)**

**کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی نمونەی توێژینەوەکە بە جیاوازی گۆڕاوی جۆری کار (پیشە) دەخاتەڕوو**

| ANOVA | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سیماکان | سەرچاوە | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی دوجا | ف ی ئەژمارکراو | ف ی خشتەیی | ئاستی گریمانەیی | ئەنجام |
| **نادادپەروەری کۆمەڵایەتی** | لەنێوان گروپەکاندا | **٨٨٧,٧٣٠** | **٦** | **١٤٧,٩٥** | **٥,٠١** | **٢,٢٨** | **٠,٠٠٠** | **جیاوازی واتادار هەیە** |
| | لەناو گروپەکاندا | **١٣٠٩٠,١٠** | **٤٤٣** | **٢٩,٥٥** | | | | |
| | کۆ | **١٣٩٧٧,٨٣** | **٤٤٩** | | | | | |
| **خەمساردی کۆمەڵایەتی** | لەنێوان گروپەکاندا | **٢٨١٤,٠٢** | **٦** | **٤٦٩,٠٠** | **٥,٣٧** | **٢,٢٨** | **٠,٠٠٠** | **جیاوازی واتادار هەیە** |
| | لەناو گروپەکاندا | **٣٨٦٩١,٦٧** | **٤٤٣** | **٨٧,٣٤** | | | | |
| | کۆ | **٤١٥٠٥,٦٩** | **٤٤٩** | | | | | |
| **هۆشیاری** | لەنێوان گروپەکاندا | **١٨٧,١٩** | **٦** | **٣١,١٩٨** | **٢,١٣** | **٢,٢٨** | **٠,٠٦٠** | جیاوازی واتادار نییە |
| | لەناو گروپەکاندا | **٦٤٧٥,٨٠** | **٤٤٣** | **١٤,٦١٨** | | | | |
| | کۆ | **٦٦٦٢,٩٨** | **٤٤٩** | | | | | |
| **نائومێدی** | لەنێوان گروپەکاندا | **٨٦٢,٤١** | **٦** | **١٤٣,٧٤** | **٢,٧٥** | **٢,٢٨** | **٠,٠١٣** | **جیاوازی واتادار هەیە** |
| | لەناو گروپەکاندا | **٢٣١٨٥,٥٢** | **٤٤٣** | **٥٢,٣٤** | | | | |
| | کۆ | **٢٤٠٤٧,٩٣** | **٤٤٩** | | | | | |
| **بێ متمانەیی** | لەنێوان گروپەکاندا | **١٧٢٤,٤٥** | **٦** | **٢٨٧,٤١** | **٢,٦٩** | **٢,٢٨** | **٠,٠١٤** | **جیاوازی واتادار هەیە** |
| | لەناو گروپەکاندا | **٤٧٣٥٨,٩٣** | **٤٤٣** | **١٠٦,٩١** | | | | |
| | کۆ | **٤٩٠٨٣,٣٨** | **٤٤٩** | | | | | |
| **بەرخۆری** | لەنێوان گروپەکاندا | **٩٥١,٦١** | **٦** | **١٥٨,٦٠** | **١,٧٨** | **٢,٢٨** | **٠,١٠٢** | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | **٣٩٥٧٤,٧٢** | **٤٤٣** | **٨٩,٣٣** | | | | |
| | کۆ | | | | | | | |
| **توندڕەوی سیاسی** | لەنێوان گروپەکاندا | **٨٨٢,٨٩** | **٦** | **١٤٧,١٥** | **٢,٤٨** | **٢,٢٨** | **٠,٠٢٢** | **جیاوازی واتادار هەیە** |
| | لەناو گروپەکاندا | **٢٦٢٣٥,٤٧** | **٤٤٣** | **٥٩,٢٢** | | | | |
| | کۆ | **٢٧١١٨,٣٦** | **٤٤٩** | | | | | |
| **خەمساردی سیاسی** | لەنێوان گروپەکاندا | **٩٥٩,٢١** | **٦** | **١٥٩,٨٧** | **١,٣٦** | **٢,٢٨** | **٠,٢٢٨** | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | **٥١٩٢١,٠٤** | **٤٤٣** | **١١٧,٢٠** | | | | |
| | کۆ | **٥٢٨٨٠,٣٦** | **٤٤٩** | | | | | |

لە خشتەی (٢٨) تاقیکردنەوەی ئاماریی ANOVA بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماژە ئامارییەکان سەبارەت بە کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی نمونەی توێژینەوەکە بە جیاوازی گۆڕاوی جۆری کار(پیشە) دەردەکەوێت کە تیایدا ئەم ئەنجامانەی خوارەوە بەدەستهاتووە :-

١- **سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی** : بەهای( ف) ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٥,٠١) وە گەورەترە لە بەهای (ف) ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی ( ٤٤٣,٦) ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)واتە جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان جۆری کار(پیشە)، لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، هاوکات بۆ دۆزینەوەی ئاستە جیاوازەکان تاقیکردنەوەی ئاماری (LSDکەمترین جیاوازی واتادار) ئەنجامدرا، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

**خشتەی ( ٢٩ )**

**تاقیکردنەوەی ئاماری LSD بۆ سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی بە جیاوازی جۆری پیشە دەردەکەوێت.**

| پیشە (I) | پیشە (J) | جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی (I-J) | ئاستی گریمانەیی | ئەنجام و ئاستی دەلالەت ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| فەرمانبەری کەرتی حکومی | فەرمانبەری کەرتی تایبەت | ٠,٢٢٧- | ٠,٧٤١ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | هێزەکانی ناوخۆ | ★٢,١٩٥ | ٠,٠٤٥ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خوێندکار | ٠,٣٧٤ | ٠,٦٤٢ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | ★٣,٢٦٨ | ٠,٠٠١ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | بێکار | ١,٠٢١- | ٠,٣٤٣ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | ★٤,٧٦٣ | ٠,٠٠٠ | جیاوازی واتادار هەیە |
| فەرمانبەری کەرتی تایبەت | هێزەکانی ناوخۆ | ★٢,٤٢٢ | ٠,٠٣٥ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خوێندکار | ٠,٦٠١ | ٠,٤٩٥ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | ★٣,٤٩٥ | ٠,٠٠١ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | بێکار | -٠,٧٩٤ | ٠,٤٨٤ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | ★٤,٩٨٩ | ٠,٠٠٠ | جیاوازی واتادار هەیە |
| هێزەکانی ناوخۆ | خوێندکار | -١,٨٢١ | ٠,١٣٧ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | ١,٠٧٣ | ٠,٤٢٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | بێکار | -★٣,٢١٦ | ٠,٠٢٤ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خانەنشین | ٢,٥٦٧ | ٠,١٠٥ | جیاوازی واتادار نی یە |
| خوێندکار | کاسب | ★٢,٨٩٤ | ٠,٠١١ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | بێکار | -١,٣٩٥ | ٠,٢٤٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | ★٤,٣٨٩ | ٠,٠٠٢ | جیاوازی واتادار هەیە |
| کاسب | بێکار | -★٤,٢٨٩ | ٠,٠٠٢ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خانەنشین | ١,٤٩٤ | ٠,٣٢٥ | جیاوازی واتادار نی یە |
| بێکار | خانەنشین | ★٥,٧٨٣ | ٠,٠٠٠ | جیاوازی واتادار هەیە |

لـه  خشـتەیەی ( ٢٩) تاقیکردنـەوەی ئامـاری (LSDکـەمترین جیـاوازی واتـادار) بـۆ دۆزینـەوەی جیـاوازی کاریگـەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سـیمای نادادپـەروەری کۆمەڵایـەتی لـە کەسـێتی نمونـەی توێژینەوەکـەدا بـە جیـاوازی جۆری پیشە دەردەکەوێت، بەجۆرێك (خانەنشین) جیاوازە لە هەموو جۆرەکانی تری پیشە جگە لە (کاسـب  ) لەبـەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەییان بچوکترن لە (٠,٠٥) .


(فەرمانبەری حکومی)جیاوازە لە (کاسب) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی یەکسانە بـە ( ٠,٠٠١ )و بچوکترە  لە (٠,٠٥). (فەرمانبەری کـەرتی تایبـەت) جیـاوازە  لـە (کاسـب)  لەبـەر ئـەوەی نرخـی ئاسـتی گریمانـەییان یەکسانە بـە (٠,٠٠١) و بچوکترە لە (٠,٠٥).

(هێزەکانی ناوخۆ) جیاوازە (بێکـار)  لەبـەر ئـەوەی نرخـی ئاسـتی گریمانـەییان یەکسانە بـە ( ٠,٠٢٤) و بچـوکترە  لـە (٠,٠٥).

(خوێندکار) جیاوازە لە (کاسب) لەبەر ئـەوەی نرخـی ئاسـتی گریمانـەییان یەکسانە بـە ( ٠,٠١١)و بچوکترە لـە (٠,٠٥).
(کاسب) جیاوازە لە (بێکار) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەییان یەکسانە بە ( ٠,٠٠٢  ) و بچوکترە لە (٠,٠٥).
بەگوێرەی ئەو ئەنجامانەی لەسـەرەوە ئاماژەیـان پێـدرا،  پێکهـاتنی سـیمای نادادپـەروەری کۆمەڵایـەتی لـەنێو نمونـەی توێژینەوەکەماندا بـەپێی جیـاوازی پیشـەکانیان جیـاوازە، بـەجۆرێك ئـەم سـیمایە لـەنێو خانەنشـیناندا بـە ئاسـتێکی لاوازتر  دەرکەوتووە بەبەراورد بە پیشەکانی تر، هەروەك لە هێڵکاری ( ٤) دادیارە، هۆکـاری ئەمـەش دەگەرێتـەوە بـۆ ئەوەی زۆرینەی خانەنشینان لە تەمەنێکـدان کـەمتر گرنگـی بـە پرسـە سیاسـیەکان و لێکەوتـەکانی ململانێـی سیاسـی دەدەن، بەڵکو تەنها سەرنجیان لەسەر بەدیهێنانی پێداویستییە سەرەکییەکانیانە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەم سـیمایە بـە ئاستێکی بەرز لەنێو ئەو کەسانەدا دەرکەوتووە کە بێکارن و سەرچاوەی بژێوییان نادیارە، چـونکە ئـەم چینـە خۆیـان قوربانی نایەکسانی و نـەبوونی دادپـەروەری کۆمەڵایـەتین و بـەهۆی ململانێـی سیاسـی و دەرهاویشـتەکانییەوە هـەلی دامەزرانـدن و بەدەسـتهێنانی کـارو سەرچـاوەی بـژێوییان بـۆ نەرەخسـاوە، جگـە لـەوەش کەسـانی بێکـار جیـاواز لـە خانەنشینان، پێداویستی و حەزو ئاواتیان زیاترەو لە ئەگەری جێبەجێ نەبوونیاندا رووبـەرووی نائومێـدی و شکسـت دەبنەوە، هەربۆیە سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کەسێتییاندا چەسپیووە.

هێڵکاری (٤ )

ناوەندی ژمێرەیی جۆری کار بۆ سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو



٢- **سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی** : لە خشتەی (٢٨)دا بەهای( ف )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٥,٣٧) وە گەورەترە لە بەهای( ف) ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی ( ٤٤٣,٦) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، واتە جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان جۆری پیشە لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی، بۆ دۆزینەوەی ئاستە جیاوازەکانی تەمەن تاقیکردنەوەی ئاماری (LSDکەمترین جیاوازی واتادار)ئەنجامدرا، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

**خشتەی ( ٣٠)**

**تاقیکردنەوەی ئاماری LSD بۆ سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی بەجیاوازی جۆری کار دەردەکەوێت**

| پیشه (I) | پیشه (J) | جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی(I-J) | ئاستی گریمانەیی | ئەنجام و ئاستی دەلالەت ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| فەرمانبەری حکومی | فەرمانبەری کەرتی تایبەت | ١,١٧٨ | ٠,٣١٧ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | هێزەکانی ناوخۆ | ٣,٠٨٠ | ٠,١٠١ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خوێندکار | ٠,٠٩٤- | ٠,٩٤٦ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | ٤,٩٣٨* | ٠,٠٠٤ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | بێکار | ٠,٢٦٦ | ٠,٨٨٦ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | ١٠,٧٨٢* | ٠,٠٠٠ | جیاوازی واتادار هەیە |
| فەرمانبەری کەرتی تایبەت | هێزەکانی ناوخۆ | ١,٩٠٣ | ٠,٣٣٦ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خوێندکار | ١,٢٧١- | ٠,٤٠٢ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | ٣,٧٦٠* | ٠,٠٤٠ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | بێکار | ٠,٩١٢- | ٠,٦٤٠ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | ٩,٦٠٥* | ٠,٠٠٠ | جیاوازی واتادار هەیە |
| هێزەکانی ناوخۆ | خوێندکار | ٣,١٧٤- | ٠,١٣٢ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | ١,٨٥٧ | ٠,٤٢٧ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | بێکار | ٢,٨١٥- | ٠,٢٤٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | ٧,٧٠٢ * | ٠,٠٠٥ | جیاوازی واتادار هەیە |
| خوێندکار | کاسب | ٥,٠٣١ * | ٠,٠١١ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | بێکار | ٠,٣٥٩ | ٠,٨٦٣ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | ١٠,٨٧٦ * | ٠,٠٠٠ | جیاوازی واتادار هەیە |
| کاسب | بێکار | ٤,٦٧٢- | ٠,٠٤٤ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خانەنشین | ٥,٨٤٤* | ٠,٠٢٦ | جیاوازی واتادار هەیە |
| بێکار | خانەنشین | ١٠,٥١٧- | ٠,٠٠٠ | جیاوازی واتادار هەیە |

لەخشتەی (٣٠) تاقیکردنەوەی ئاماری (LSDکەمترین جیاوازی واتادار) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی لەکەسێتی کورددا بۆ جۆری کار لای نمونەی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە: (فەرمانبەری کەرتی حکومی) جیاوازە (کاسب ) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی یەکسانە بە ( ٠,٠٠٤) و بچوکترە لە (٠,٠٥) .

(فەرمانبەری کەرتی تایبەت) جیاوازە لە (کاسب و خانەنشین) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەییان یەکسانە بە (٠,٠٤٠ و ٠,٠٠٠) و بچوکترن لە (٠,٠٥) .

(هێزەکانی ناوخۆ) جیاوازە لە (خانەنشین ) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی یەکسانە بە ( ٠,٠٠٥) و بچوکترە لە (٠,٠٥) .

(خوێندکار) جیاوازە لە (کاسب و خانەنشین) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەییان یەکسانە بە ( ٠,٠١١ و ٠,٠٠٠) و بچوکترن لە (٠,٠٥)


(کاسب) جیاوازە لە (بێکار و خانەنشین) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەییان یەکسانە بە ( ٠,٠٤٤ و ٠,٠٢٦) و بچوکترن لە (٠,٠٥) .

(کاسب) جیاوازە لە (بێکار) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی یەکسانە بە ( ٠,٠٠٠) و بچوکترە لە (٠,٠٥).

لەم ئەنجامانەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە خانەنشین جیاواز لە هەموو پیشەکانی تر کەمتر سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی لە کەسێتیاندا دەرکەوتووە بە بەراورد بە پیشەکارە جیاوازەکانی تر هەروەك لە هێلکاری (٥) دابە ڕوونی دەرکەوتووە، هۆکاری ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە خانەنشینان زیاتر حەز بە تێکەڵاوبوون و بەسەرکردنەوەو بۆنە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و بەوە ئاسوودە دەبن کەلەنێو خێزان و خزمانیاندابن و یادەوەرییەکانیان بۆ نەوەکانیان بگێڕنەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە توێژی خوێندکاران بە ئاستێکی بەرز سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی لە کەسێتییاندا دەرکەوتووە، چونکە لەگەڵ ئەوەی توێژێکی هۆشیارو زیندووی کۆمەڵگەن، بەڵام لەهەمانکاتدا بەهۆی شوێنەوارە فرەڕەهەندەکانی ململانێی سیاسییەوە، ماف و ئازادی و حەزو ئاواتەکانیان لێ زەوت کراوەو خۆیان بە توێژو تاکێکی کاریگەری نێو کۆمەڵگە نازانن، ئەمەش لە کەسێتییاندا ڕەنگیداوەتەوەو بە ئاڕاستەی تاکگەرایی هەنگاویاناوە، تەنانەت زۆرینەیان، کەمترین کات لەگەڵ خێزانەکانیشیاندا بەسەردەبەن و پابەندنین بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵکو زۆرترین کاتەکانی خۆیان بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و سۆشیاڵ میدیا بەسەر دەبەن.

هێڵکاری ( ٥)

ناوەندی ژمێرەیی جۆری کار(پیشە) بۆ سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی



٣- **سیمای هۆشیاری:** لەبەر ئەوەی بەهای (ف )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٢,١٣) وە بچوکترە لەبەهای( ف)ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی ( ٤٤٣,٦) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، کەواتە جیاوازی واتادار نیە لەنێوان جۆری کار لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای هۆشیاری، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ململانێی سیاسی هۆکارە بۆ ئەوەی کە تاکی ورد حەز بە خوێندنەوەو بە دواداچوون بۆ ڕووداوەکان بکەن لە

ڕێگەی میدیا و سۆشیال میدیاوە ئەتوانن باش و خراپە لێک جیابکەنـەوەو بـە مافەکانیان ئاشـنابن درك بـە ڕەوشـی هەیی بکەن.

٤- **سیمای نائومێدی:** لە خشتەی (٢٨)دا بەهای (ف) ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٢,٧٥٠) وە گەورەترە لـە بـەهای (ف)ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی ( ٤٤٣,٦) ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، کەواتە جیاوازی واتـادار هەیـە لـە نێـوان جـۆری کـار (پیشـە) لای نمونـەی توێژینەوەکـە سـەبارەت بـە کاریگـەری ململانێـی سیاسـی لـە پێکهێنـانی سـیمای نائومێـدی لـە کەسێتیاندا.  بۆ دۆزینـەوەی ئاسـتە جیاوازەکان تاقیکردنـەوەی ئامـاری (LSDکەمترین جیـاوازی واتـادار) دەنجامـدرا، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

خشتەی ( ٣١)

تاقیکردنەوەی ئاماری LSD بۆ سیمای نائومێدی بەجیاوازی جۆری کار دەردەکەوێت .

| پیشە (I) | پیشە (J) | جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی (J-I) | ئاستی گریمانەیی | ئەنجام و ئاستی دەلالەت ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| فەرمانبەری حکومی | فەرمانبەری کەرتی تایبەت | ٠,٢٢٧ | ٠,٨٠٣ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | هێزی ئەمنی | *٣,٨٦٢ | ٠,٠٠٨ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خوێندکار | ١,٧٠٧ | ٠,١١١ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | ١,٠٩٦ | ٠,٤٠٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | بێکار | ١,١٩٣- | ٠,٤٠٥ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | *٤,٥٠٧ | ٠,٠٠٩ | جیاوازی واتادار هەیە |
| فەرمانبەری کەرتی تایبەت | هێزی ئەمنی | *٣,٦٣٥ | ٠,٠١٨ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خوێندکار | ١,٤٨٠ | ٠,٢٠٨ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | ٠,٨٦٩ | ٠,٥٣٨ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | بێکار | -١,٤٢٠ | ٠,٣٤٧ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | *٤,٢٨٠ | ٠,٠١٦ | جیاوازی واتادار هەیە |
| هێزەکانی ناوخۆ | خوێندکار | -٢,١٥٥ | ٠,١٨٦ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | -٢,٧٦٦ | ٠,١٢٦ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | بێکار | -*٥,٠٥٥ | ٠,٠٠٨ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خانەنشین | ٠,٦٤٥ | ٠,٧٥٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| خوێندکار | کاسب | -٠,٦١١ | ٠,٦٨٧ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | بێکار | -٢,٩٠٠ | ٠,٠٧٢ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | ٢,٨٠٠ | ٠,١٣٣ | جیاوازی واتادار هەیە |
| کاسب | بێکار | -٢,٢٨٩ | ٠,٢٠٢ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خانەنشین | ٣,٤١١ | ٠,٠٩٢ | جیاوازی واتادار نی یە |
| بێکار | خانەنشین | *٥,٧٠٠ | ٠,٠٠٧ | جیاوازی واتادار هەیە |

خشتەی (٣١) بریتیە لەتاقیکردنەوەی ئاماری (LSDکەمترین جیاوازی واتادار) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای نائومێدی لە کەسێتی نمونەی توێژینەوەکەدا بە جیاوازی جۆری کار دەردەکەوێت کە:

- (فەرمانبەری کەرتی حکومی) جیاوازە لە (هێزەکانی ناوخۆ و خانە نشین) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەییان یەکسانە بە ( ٠,٠٠٨ و ٠,٠٠٩ ) یەك لەدوای یەك و بچوکترن لە (٠,٠٥) .
- (فەرمانبەری کەرتی تایبەت) جیاوازە لە (هێزەکانی ناوخۆ و خانە نشین) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەییان یەکسانە بە ( ٠,٠١٦ و ٠,٠١٦ ) یەك لەدوای یەك و بچوکترن لە (٠,٠٥) .
- (بێکار) جیاوازە لە (هێزەکانی ناوخۆ و خانە نشین) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەییان یەکسانە بە (٠,٠٠٨ و ٠,٠٠٧ ) یەك لەدوای یەك و بچوکترن لە (٠,٠٥) . واتە سیمای نائومێدی، بە پێی جۆری کاری نمونەی توێژینەوەکەمان ئاستەکەی جیاوازە بەجۆرێك لای خانەنشینان و هێزەکانی ناوخۆ ئاستەکەی لاوازترە لە پیشەکانی تر، بەڵام ئەم سیمایە لەنێو بێکاراندا بە ئاستێکی بەرز دەرکەوتووە، هەروەك لە هێڵکاری (٦) ڕوون کراوەتەوە هۆکاری ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی خانەنشینان لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەنێو خێزان و نەوەکانیاندا دەژین و پێداویستییە ماددیی و روحییەکانیان بۆ فەراهەم دەکرێت وکەمتر بەرپرسیارێتی وئەرکی بژێوی ژیانیان لەئەستۆیە، هەروەها هێزەکانی ناوخۆ تارادەیەك زۆرینەیان ئەندام و لایەنگری حزبەکانن و وەلامدانەوەیان سانسۆری لەسەربووە، بەڵام کەسانی بێکار لە ئەنجامی خۆبەراوردکردنیان بە کەسانی تر و بێبەشبونیان لە هەلی کار و نادادپەروەری لە دابەشکردنیدا هۆکارە بۆ ئەوەی هەست بە دڵەڕاوکێ و نائومێدی بکەن .

هێڵکاری ( ٦ )

ناوەندی ژمێرەیی جۆری کار(پیشە) بۆ سیمای نائومێدی



٤- **سیمای بێ متمانەیی:** لە خشتەی (٢٨)دا بەهای( ف )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٢,٦٩٠)وە گەورەترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی ( ٤٤٣,٦) ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، کەواتە جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان جۆری کار لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای **بێمتمانەیی لە** کەسێتیاندا ، بۆ دۆزینەوەی ئاستە جیاوازەکان تاقیکردنەوەی ئاماری (LSDکەمترین جیاوازی واتادار) ئەنجامدرا، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

**خشتەی ( ٣٢ )**

**تاقیکردنەوەی ئاماری LSD بۆ سیمای بێ متمانەیی بەجیاوازی جۆری کار (پیشە) دەردەکەوێت .**

| پیشە (I) | پیشە (J) | جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی (I-J) | ئاستی گریمانەیی | ئەنجام و ئاستی دەلالەت ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| فەرمانبەری حکومی | فەرمانبەری کەرتی تایبەت | -٠,٤٠٣ | ٠,٧٥٧ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | هێزی ئەمنی | ٣,٦٠٩ | ٠,٠٨٢ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خوێندکار | ٢,١٩٩ | ٠,١٥١ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | ٠,٥٣٤ | ٠,٧٧٨ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | بێکار | -٤,٢٨٨* | ٠,٠٣٩ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خانەنشین | ٥,٣٥٦* | ٠,٠٢٩ | جیاوازی واتادار هەیە |
| فەرمانبەری کەرتی تایبەت | هێزی ئەمنی | ٤,٠١٣ | ٠,٠٦٧ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خوێندکار | ٢,٦٠٣ | ٠,١٢١ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | ٠,٩٣٧ | ٠,٦٤٢ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | بێکار | -٣,٨٢٤ | ٠,٠٧٧ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | ٥,٧٥٩* | ٠,٠٢٤ | جیاوازی واتادار هەیە |
| هێزەکانی ناوخۆ | خوێندکار | -١,٤١٠ | ٠,٥٤٥ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | -٣,٠٧٦ | ٠,٢٣٤ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | بێکار | -٧,٨٣٧* | ٠,٠٠٤ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خانەنشین | ١,٧٤٧ | ٠,٥٦١ | جیاوازی واتادار نی یە |
| خوێندکار | کاسب | -١,٦٦٦ | ٠,٤٤٢ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | بێکار | -٦,٤٢٧* | ٠,٠٠٥ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خانەنشین | ٣,١٥٦ | ٠,٢٣٦ | جیاوازی واتادار نیە |
| کاسب | بێکار | -٤,٧٦١ | ٠,٠٦٣ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | ٤,٨٢٢ | ٠,٠٩٥ | جیاوازی واتادار نی یە |
| بێکار | خانەنشین | ٩,٥٨٣* | ٠,٠٠١ | جیاوازی واتادار هەیە |


لە خشتەی (٣٢)دا کە تاقیکردنەوەی ئاماری (LSDکەمترین جیاوازی واتادار) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای بێمتمانەیی لە کەسێتی نمونەی توێژینەوەکەدا بە جیاوازی جۆری کار ئەنجامدرا تیایدا ئەم ئەنجامانەی خوارەوە بەدەستهات :-

- (خانەنشین) جیاوازە لە (فەرمانبەری کەرتی حکومی ، فەرمانبەری کەرتی تایبەت، بێکار) لەبەرئەوەی نرخی ئاستی گریمانەییان یەکسانە بە (٠,٠٢٩, ٠,٠٢٤, ٠,٠٠١ ) یەك لەدوای یەك و بچوکترن لە (٠,٠٥) .
- (بێکار) جیاوازە لە (فەرمانبەری کەرتی حکومی , هێزەکانی ناوخۆ و خوێندکار) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەییان یەکسانە بە (٠,٠٢٤ , ٠,٠٤ , ٠,٠٠٥ ) ) یەك لەدوای یەك و بچوکترن لە (٠,٠٥) .

ئەم زانیاریانەی سەرەوە ئەوە دەخاتەڕوو کە بەرزترین ئاستی سیمای بێ متمانەیی لە نێو نمونەی توێژینەوەکەماندا لەوکەسانەدا دەرکەوتووە کە بێکارن هەروەك لە هێڵکاری(٧) خراوەتە ڕوو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاوەنی سەقامگیری ئابووری نین و توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیان و خێزانەکانیان نییەو ئومێدی باشتربوونی ژیان و گوزەرانیان لە دەستداوە، ئەمەش دۆخێکی دەروونی وەهای بۆ کەسی بێکار درووست کردووە کە متمانەی بەخۆیی و کەسانی دەوروبەرو دامەزراوەکانیش لاواز بێت و گومانیان لە هەموو گوفتارو رەفتارێکی بەرپرسە حزبی و حکومییەکان هەبێت، بەڵام لاوازترین ئاستی ئەم سیمایە لە کەسانی خانەنشینن، هێزەکانی ناوخۆدا دەرکەوتووە چونکە خانەنشین ڕێژەیەکی زۆریان لە تەمەنێکی وەهادان کە تەنها لە ڕواڵەتی دیاردەو رووداوەکان دەڕوانن و زۆربەی کاتەکانی خۆیان بۆ خواپەرستی تەرخان کردووە، جگەلەوەش هەریەکەیان تەمەنێکی زۆریان لەگەڵ قورسی ژیان وقەیران و ناسەقامگیرییە سیاسی و ئابوورییە بەسەر بردووەو تاڕادەیەك خۆیان لەگەڵ دۆخەکە گونجاندووە، لەلایەکی یکەشەوە زۆرینەی هێزەکانی ناوخۆ ئەندام و لایەنگری حزبین و ولامدانەوەیان سانسۆر کراوە .

هێڵکاری (٧)

ناوەندی ژمێرەیی سیمای بێ متمانەیی بە جیاوازی جۆری کار




٥- **سیمای بەرخۆری**: لە خشتەی (٢٨)دا بەهای (ف)ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٧٨) وە بچوکترە لە بەهای (ف) ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی ( ٤٤٣,٦) ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)کەواتە جیاوازی واتادار نیە لەنێوان جۆری کار لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای بەرخۆری.

٦- **سیمای توندڕەوی سیاسی**: لە خشتەی (٢٨)دا بەهای( ف)ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٢,٤٨) وە گەورەترە لەبەهای(ف)ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی ( ٤٤٣,٦) ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥) واتە جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان جۆری کار (پیشە) لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای توندڕەوی سیاسی لەکەسێتیاندا، بۆ دۆزینەوەی ئاستە جیاوازەکان تاقیکردنەوەی ئاماری (LSDکەمترین جیاوازی واتادار) ئەنجامدرا، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

**خشتەی ( ٣٣ )**

**تاقیکردنەوەی ئاماری LSD بۆ سیمای توندڕەوی سیاسی بەجیاوازی جۆری کار دەردەکەوێت**

| پیشە (I) | پیشە (J) | جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی (I-J) | ئاستی گریمانەیی | ئەنجام و ئاستی دەلالەت ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| فەرمانبەری حکومی | فەرمانبەری کەرتی تایبەت | ٠,١٢٣- | ٠,٨٩٩ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | هێزی ئەمنی | ٣,١٣٢* | ٠,٠٤٣ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خوێندکار | ٠,٨٣٠ | ٠,٤٦٦ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | ٢,٩٩٨* | ٠,٠٣٤ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | بێکار | ١,٠٩١- | ٠,٤٧٤ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | ٤,٣٩٣* | ٠,٠١٦ | جیاوازی واتادار هەیە |
| فەرمانبەری کەرتی تایبەت | هێزی ئەمنی | ٣,٢٥٥* | ٠,٠٤٦ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خوێندکار | ٠,٩٥٣ | ٠,٤٤٥ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | ٣,١٢١* | ٠,٠٣٨ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | بێکار | -٠,٩٦٨ | ٠,٥٤٦ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | ٤,٥١٦* | ٠,٠١٧ | جیاوازی واتادار هەیە |
| هێزەکانی ناوخۆ | خوێندکار | -٢,٣٠٣ | ٠,١٨٤ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | کاسب | -٠,١٣٤ | ٠,٩٤٤ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | بێکار | -٤,٢٢٣* | ٠,٠٣٦ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خانەنشین | ١,٢٦٠ | ٠,٥٧٣ | جیاوازی واتادار نی یە |
| خوێندکار | کاسب | ٢,١٦٨ | ٠,١٧٩ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | بێکار | -١,٩٢٠ | ٠,٢٦٢ | جیاوازی واتادار نی یە |
| | خانەنشین | ٣,٥٦٣ | ٠,٠٧٢ | جیاوازی واتادار هەیە |
| کاسب | بێکار | -٤,٠٨٩* | ٠,٠٣٢ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | خانەنشین | ١,٣٩٤ | ٠,٥١٦ | جیاوازی واتادار نی یە |
| بێکار | خانەنشین | ٥,٤٨٣* | ٠,٠١٤ | جیاوازی واتادار هەیە |


**ە خشتەی ( ٣٣) تاقیکردنەوەی ئاماری (LSDکەمترین جیاوازی واتادار) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای توندڕەوی سیاسی لەکەسێتی نمونەی توێژینەوەکە بەجیاوازی جۆری کار دەردەکەوێت:**

- **(فەرمانبەری کەرتی حکومی) جیاوازە لە (هێزەکانی ناوخۆ، کاسب ،خانەنشین ) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی یەکسانە بە ( ٠,٠١٦ , ٠,٠٣٤ , ٠,٠٤٣)و بچوکترن لە (٠,٠٥) .**
- **(فەرمانبەری کەرتی تایبەت) جیاوازە لە (هێزی ناوخۆ، کاسب ،خانەنشین ) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی یەکسانە بە ( ٠,٠٤٦ , ٠,٠٣٨ , ٠,٠١٧) و بچوکترن لە (٠,٠٥) .**
- **(بێکار) جیاوازە لە ( هێزی ناوخۆ، کاسب، خانەنشین ) لەبەر ئەوەی نرخی ئاستی گریمانەیی یەکسانە بە (٠,٠٣٦, ٠,٠٣٢, ٠,٠١٤) و بچوکترن لە (٠,٠٥) .**

داتـاو زانیارییـە ئامارییـەکانی سـەرەوە ئـەوە دەخەنـەڕوو کـە ئاسـتی سـیمای تونـدڕەوی سیاسـی لـەنێو نمونـەی توێژینەوەکەمان بەپێی جۆری پیشەکانیان جیاوازە هەروەك لـە هێلکاری (٨)دا دەرکـەوتووە، بـەجۆرێك ئـەم سـیمایە لەنێو کەسانی بێکاردا لەئاستێکی بەرزتردایە لەچاو جۆری کارەکانی تر، چونکە کەسانی بێکار لە هەرێمی کوردسـتان زۆرینەی ئەو گەنجانەن کە دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن و دانەمەزراون و پێیان وایە بوونەتە قوربانی گەنـدەڵی و نایەکسانی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەتی حزبەکان و ململانێکانی نێوانیان، کە بەهۆیەوە رووبەڕووی بارگرانی ژیان و قەیران و بێکاری بوونەتەوە، چەقبەسـتوویی ئـەم دۆخـەش وایکـردووە کەسـانی بێکـار بەهـەموو شـێوەیەك حزبـە سیاسـیەکان رەتبکەنـەوەو بەچـاوی نـەیارو دوژمنکارانـەوە لێیـان بـڕوانن، تەنانـەت لـەکاتی پشـێوی و ئاڵۆزییەکانـدا بارەگای زۆربەی حزبەکان لەلایەن خۆپیشاندەرەکانەوە کە زۆرینەیان گەنجانی بێکـاربوون، بـەبێ جیـاوازی کراونەتـە ئامـانج و رووبـەڕووی سـوتاندن و پـەلاماردان بوونەتـەوە. بـەڵام نـزمترین ئاسـتی سـیمای تونـدڕەوی سیاسـی لـە نێـو نمونەی توێژینەوەکەماندا لە نێو خانەنشیناندا دەرکەوتووە، کە بێگومان ئەمەش بۆ سروشت و کەسێتی خانەنشینان دەگەڕێتـەوە کـە بـەهۆی هەڵکشـانی تەمـەن و ئـەزموونی ژیانیانـەوە تاڕادەیـەك میـانڕەون و دوورن لـە تونـدڕەوی هەروەك لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە.

**هێڵکاری ( ٨)**

**ناوەندی ژمێرەیی جۆری کار بۆ سیمای توندڕەوی سیاسی**




٩- **خەمساردی سیاسی** : لە خشتەی (٢٨)دا بەهای (ف )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٣٦) وە بچوکترە لە بەهای(ف)ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئـازادی ( ٤٤٣,٦) ئاسـتی دەلالـەتی (٠,٠٥واتـە جیـاوازی واتـادار نیـە لـەنێوان جـۆری کـار لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی سیاسـی. هۆکـاری خەمسـاردی سیاسی لای خاوەن کارە جیاوازەکانی نمونەی توێژینەوەکە، بۆبەرزبوونـەوەی رێـژەی سـیمای نائومێـدی دەگەڕێتـەوە هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا.

٤- **جیاوازیی ئاماژە ئامارییەکان سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورد بە جیاوازی باری ئابوری .**

**خشتەی ( ٣٤)**

**کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی نمونەی توێژینەوەکە بە جیاوازی باری ئابوری دەخاتەڕوو**

| سیماکان | | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی دوجا | ف ی ئەژمارکراو | ف ی خشتەیی | ئەنجام و ئاستی دەلالەت ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نادادپەروەری کۆمەڵایەتی | لەنێوان گروپەکاندا | ٥٦,٧٨٠ | ٣ | ١٨,٩٢٧ | ٠,٦٠٦ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ١٣٩٢١,٠٥١ | ٤٤٦ | ٣١,٢١٣ | | | |
| | کۆ | ١٣٩٧٧,٨٣١ | ٤٤٩ | | | | |
| خەمساردی کۆمەڵایەتی | لەنێوان گروپەکاندا | ٤١٨,١٧٨ | ٣ | ١٣٩,٣٩٣ | ١,٥١٣ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ٤١٠٨٧,٥١٣ | ٤٤٦ | ٩٢,١٢٤ | | | |
| | کۆ | ٤١٥٠٥,٦٩١ | ٤٤٩ | | | | |
| هۆشیاری | لەنێوان گروپەکاندا | ٥١,٨٦٥ | ٣ | ١٧,٢٨٨ | ٠,١٥٧ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ٤٩٠٣١,٥١٥ | ٤٤٦ | ١٠٩,٩٣٦ | | | |
| | کۆ | ٤٩٠٨٣,٣٨٠ | ٤٤٩ | | | | |
| نائومێدی | لەنێوان گروپەکاندا | ١٣٤,٣٦٦ | ٣ | ٤٤,٧٨٩ | ٠,٨٣٥ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ٢٣٩١٣,٥٦٥ | ٤٤٦ | ٥٣,٦١٨ | | | |
| | کۆ | ٢٤٠٤٧,٩٣١ | ٤٤٩ | | | | |
| بێ متمانەیی | لەنێوان گروپەکاندا | ٥١,٨٦٥ | ٣ | ١٧,٢٨٨ | ٠,١٥٧ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ٤٩٠٣١,٥١٥ | ٤٤٦ | ١٠٩,٩٣٦ | | | |
| | کۆ | ٤٩٠٨٣,٣٨٠ | ٤٤٩ | | | | |
| بەرخۆری | لەنێوان گروپەکاندا | ٢٣٠,١٩٥ | ٣ | ٧٦,٧٣٢ | ٠,٨٤٩ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ٤٠٢٩٦,١٣٦ | ٤٤٦ | ٩٠,٣٥٠ | | | |
| | کۆ | ٤٠٥٢٦,٣٣١ | ٤٤٩ | | | | |
| توندڕەوی سیاسی | لەنێوان گروپەکاندا | ١١,٧٠٨ | ٣ | ٣,٩٠٣ | ٠,٠٦٤ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ٢٧١٠٦,٦٥٦ | ٤٤٦ | ٦٠,٧٧٧ | | | |
| | کۆ | ٢٧١١٨,٣٦٤ | ٤٤٩ | | | | |
| خەمساردی سیاسی | لەنێوان گروپەکاندا | ١٧٣,٢٢٧ | ٣ | ٥٧,٧٤٢ | ٠,٤٨٩ | ٢,٢٨١ | جیاوازی واتادار نیە |
| | لەناو گروپەکاندا | ٥٢٧٠٧,٠٣١ | ٤٤٦ | ١١٨,١٧٧ | | | |
| | کۆ | ٥٢٨٨٠,٢٥٨ | ٤٤٩ | | | | |

له خشتەی (٣٤)دا تاقیکردنەوەی ئاماریی ANOVA بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماژە ئامارییەکان سەبارەت بە کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی نمونەی توێژینەوەکە بە جیاوازی گۆڕاوی باری ئابوری دەردەکەوێت:

١- **سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی** : بەهای (ف)ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٠,٦٠٦) وە بچوکترە لە بەهای (ف )ی خشتەیی (٢,٢٨١)، بەپلەی ئازادی (٤٤٦,٣) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، واتە جیاوازی واتادار نیە لەنێوان باری ئابوری لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، هۆکاری بوونی هەستی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی لای سەرجەم ئاستەکان بێ جیاوازی دەگەڕێتەوە بۆ نایەکسانی لە دابەشکردنی داهات و لەپڕ دەوڵەمەند بوونی چینێکی دیاریکراو و نەمانی قەناعەت و خۆبەروادکردنی ئاستەجیاوازکانی بژێوی بەیەکتری .

٢- **سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی** : بەهای (ف) ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٥١٣) وە بچوکترە لە بەهای (ف) ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی (٤٤٦,٣) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، واتە جیاوازی واتادار نیە لەنێوان باری ئابوری لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی، بەگوێرەی ئەم ئەنجامە تێکچوونی پەیوەنیەکان و کاڵبونەوەی داب و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە جیاوازی باری ئابوری نیە، بەجۆرێك بەهۆی ململانێی سیاسیەوە نایەکسانی لە دابەشکردنی داهاتدا ڕوویداوە لەلایەکەوە هۆکاربووە بۆ ئەوەی کە پەیوەندیەکانیش لە سەر بنەمای باری ئابوری جیاوازیان هەبێت تەنانەت ناوچەکانی نیشتەجێبوونیش بە گوێرەی ئاستی بژێوی جیابوونەتەوە، کەسانی سەر بەئاستە جیاوازەکان پەیوەندی لەگەڵ یەك دروست ناکەن، ئەمەش جگەلە جیاوازی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجیا، خراپ بوونی ئاستی بژێوی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە یەکێکی دیکەیە لەهۆکارەکانی لاوازی گیانی هاوکاری و بە دەمەوەچوونی یەکتر و پابەندبوون بە بۆنە کۆمەڵایەنیەکانەوە.

٣-**سیمای هۆشیاری**: بەهای (ف) ئەژمارکراو یەکسانە بە (٠,١٥٧) وە بچوکترە لەبەهای ( ف)ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی (٤٤٦,٣) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، واتە جیاوازی واتادار نیە لەنێوان باری ئابوری لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای هۆشیاری، نەبوونی ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاکی کورد لە هەر بارێکی ئابوری هەبێت بەهۆی سەرجەم کەناڵەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە بە مافەکانی ئاشنادەبێت و درك بە ڕەوش و بارودخە جیاوازەکان دەکات بە عقلانی و دور لە عاتفە بڕیار دەدات.

٤-**سیمای نائومێدی**: لە خشتەی (٣٤)دا بەهای (ف) ئەژمارکراو یەکسانە بە (٠,٨٣٥) وە بچوکترە لە بەهای (ف )ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی (٤٤٦,٣)و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)،واتە جیاوازی واتادار نیە لەنێوان باری ئابوری لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای نائومێدی، هۆکاری نەبوونی ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی تاکی کورد لە لە هەر بارێکی ئابوریدا بێت، لەدڵەراوکێدایە و ترساو نیگەرانە بە هۆی نەبوونی و دۆخی ناسەقامگیری و قەیرانەوە .

٥- **سیمای بێ متمانەیی** : بەهای (ف) ئەژمارکراو یەکسانە بە (٠,١٥٧) وە بچوکترە لەبەهای( ف )ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی (٤٤٦,٣) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، واتە جیاوازی واتادار نیە لەنێوان باری ئابوری لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای بێمتمانەیی، هۆکاری نەبوونی ئەم جیاوازییە لای

نمونـەی توێژینەوەکـەمان دەگەڕێتـەوە بۆئـەوەی هەریەکـە لـە ئاسـتەکانی بـاری ئـابوری بڕوایـان بـە خـود و کـەس و دامەزراوەکان نیە ئەمەش بۆ نەمانی قەناعەت و خۆپەرستی و خۆبەراوردکردن بەیەکتری دەگەڕێتەوە .

٦-**سیمای بەرخۆری:** لەبەر ئەوەی ف ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٠,٨٤٩) وە بچوکترە لە ف ی خشـتەیی (٢,٢٨١) کەواتـە جیاوازی واتادار نیە لەنێوان باری ئابوری نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسـی لـە پێکهێنـانی سـیمای بەرخۆری، بەبڕوای ئێمە تاکی کورد لە هەر بارێکی ئابوریدا بێت بەکارهێنـەری کـالآو کەلوپـەلی بیانییـە بـەجیاوازی ئاستە بژێوییە جیاوازەکان کولێتی کەلوپەلەکانیش دەگۆڕێت، هەروەها بەرژەوەنـدی خـوازی و چـاوتێبڕین لـە ژیـان و گوزەرانی یەکتری و کەمترخەمی لە کار پەیوەندی بە بـە بـاری ئابوریـەوە نیـە بـەڵکو هەریەکـە بـە گـوێرەی قـەبارەو ئاستی گوزەرانی خۆی نیشانەکانی سیمای بەرخۆری تێدا دەرکەوتوە .

٧- **سیمای توندڕەوی سیاسی** : لەبەر ئەوەی بەهای (ف)ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٠,٠٦٤) وە بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی (٤٤٦,٣) و ئاسـتی دەلالـەتی (٠,٠٥)، واتـە جیـاوازی واتـادار نیـە لـەنێوان بـاری ئـابوری نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای توندڕەوی سیاسی. هۆکاری دەرکەوتنی ئـەم سیمایە بەبێ جیاوازی لەکەسێتی خاوەن ئابوریە ( زۆر باش، باش، مـام ناوەنـد، خـراپ، زۆر خراپ)ەکانـدا دەگەڕێتـەوە بۆ ناسەقامگیری و نەبوونی هەلی کار، داڕمانی کەرتی ئابوری وژیان و گوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە گشـتی ، لەلایەکی دیکەوە کلتوری حزب حزبێنەو بۆسەدان و بۆیەکتری بێڕێزی و شکاندنی شکۆ و پیرۆزی مرۆیـی یـەکێکی دیکەیە لە نیشانەکانی ئەم سیمایە لە کەسێتی کورددا کە بەهۆی ململانێی سیاسیەوە سەری هەڵداوە.

٨-**سیمای خەمساردی سیاسی** : لەبەر ئەوەی بەهای (ف)ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٠,٤٨٩) وە بچوکترە لە بەهای(ف )ی خشتەیی (٢,٢٨١) بەپلەی ئازادی (٤٤٦,٣) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، کەواتە جیاوازی واتـادار نیـە لـەنێوان بـاری ئـابوری نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی سیاسی. هۆکاری دەرکەوتنی ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆنەمانی متمانەی تاکی کورد بە(پرسی سیاسی، چاکسازی ، گۆڕانی کۆمەڵایەتی).

**٥- جیاوازیی ئاماژە ئامارییەکان لای نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی بە جیاوازی لایەنگری حیزبی**

**خشتەی (٣٥)**

**کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی بە جیاوازی گۆڕاوی لایەنگری حیزبی دەخاتەڕوو**

| تەوەرە | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ت ی ئەژمارکراو | ت ی خشتەیی | نمرەی سەربەستی | ئاستی گریمانەیی | ئەنجام و ئاستی دەلالەت ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نادادپەروەری کۆمەڵایەتی | لایەنگر | ٨٧ | ٢٥,٧٧ | ٥,٢٠٠ | ١,٠٧٨ | ١,٩٨٩ | ٤٤٨ | ٠,٢٨٢ | جیاوازی واتادار نییە |
| | بێلایەن | ٣٦٣ | ٢٥,١٨ | ٤,٤٦٦ | | | | | |
| خەمساردی کۆمەڵایەتی | لایەنگر | ٨٧ | ٣٩,٤٥ | ٨,٤٩٥ | ١,٨٥٣ | ١,٩٨٩ | ٤٤٨ | ٠,٠٦٥ | جیاوازی واتادار نییە |
| | بێلایەن | ٣٦٣ | ٣٧,٤٢ | ٩,٣٤٤ | | | | | |
| هۆشیاری | لایەنگر | ٨٧ | ١٨,٨٤ | ٥,٣٨٣ | ١,٨٧٣ | ١,٩٨٩ | ٤٤٨ | ٠,٠٦٢ | جیاوازی واتادار نییە |
| | بێلایەن | ٣٦٣ | ١٧,٦١ | ٥,٥١٦ | | | | | |
| نائومێدی | لایەنگر | ٨٧ | ٢٨,٠٠ | ٦,٩٥٢ | ١,٤٢٦ | ١,٩٨٩ | ٤٤٨ | ٠,١٥٥ | جیاوازی واتادار نییە |
| | بێلایەن | ٣٦٣ | ٢٦,٨٢ | ٦,٩٦٢ | | | | | |
| بێ متمانەیی | لایەنگر | ٨٧ | ٣٠,١٦ | ٧,٦٢٣ | ١,٤٠٩ | ١,٩٨٩ | ٤٤٨ | ٠,١٥٩ | جیاوازی واتادار نیە |
| | بێلایەن | ٣٦٣ | ٢٨,٧٦ | ٨,٤٦٤ | | | | | |
| بەرخۆری | لایەنگر | ٨٧ | ٣٠,١٨ | ١٠,٤٠٣ | ١,٠٥٥ | ١,٩٨٩ | ٤٤٨ | ٠,٢٩٢ | جیاوازی واتادار نییە |
| | بێلایەن | ٣٦٣ | ٢٩,٠١ | ٩,٠٩٦ | | | | | |
| توندڕەوی سیاسی | لایەنگر | ٨٧ | ٣٠,٤٩ | ١٢,٣٣٩ | ١,٦٧٠ | ١,٩٨٩ | ٤٤٨ | ٠,٠٩٦ | جیاوازی واتادار نیە |
| | بێلایەن | ٣٦٣ | ٢٨,٠٥ | ١٢,٢٦٦ | | | | | |
| خەمساردی سیاسی | لایەنگر | ٨٧ | ٢٦,٩٧ | ٦,٢١٦ | ٢,٣٨٥ | ١,٩٨٩ | ٤٤٨ | ٠,٠١٧ | جیاوازی واتادار هەیە |
| | بێلایەن | ٣٦٣ | ٢٨,٧٥ | ٦,٣٥١ | | | | | |

**لە خشتەی (٣٥) دا تاقیکردنەوەی ئاماریی دوو نمونەی سەربەخۆ بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماژە ئامارییەکان بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی نمونەی توێژینەوەکە بە جیاوازی گۆڕاوەی لایەنگری حیزبی دەردەکەوێت کە تیایدا ئەم ئەنجامانەی خوارەوە بە دەستهاتووە :**

١- **سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی** : لەبەر ئەوەی بەهای(ت )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٠٧٨) وە بچوکترە لە بەهای (ت )ی خشتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی (٤٤٨) و ئاستی دەلالەتی( ٠,٠٥ )، کەواتە جیاوازی واتادار نیە لە نێوان لایەنگری حیزبی و سەربەخۆدا لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئەمەش زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەندی ژمێرەیی بۆ لایەنگری حیزبی یەکسانە بە (٢٥,٧٧)، وە بۆ بێلایەن یەکسانە بە (٢٥,١٨)، هەروەك دەردەکەوێت جیاوازی یەکی ئەوتۆیان نیە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لایەنگری حزبەکانیش تارادەیەك هاوشێوەی کەسانی بێلایەن، ڕووبەڕوی

جیاکاری و زەوتکردنی ماف و پەراوێزخستن بونەتەوەو زۆربەی جاریش لەنێو خودی حزبەکانی خۆیاندا لەسەربنەمای خێڵ و بنەماڵە فەرق و جیاوازییان کراوەو ئاستی لێهاتویی و راژەو دڵسۆزییان لەبەرچاو نەگیراوە،جگەلەوەش هاوشێوەی کەسانی بێلایەن لایەنگری حزبەکانیش، بوونەتە قوربانی دەرهاویشتەکانی ململانێی سیاسی و بەهۆیەوە سەرچاوەی بژێوی و ئازادی و مافە سەرەتاییەکانیان رووبەڕووی مەترسی بووەتەوە.

٢-**سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی** : لەبەر ئەوەی ت ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٨٥٣) وە بچوکترە لە ت ی خشتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی (٤٤٨)و ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥ ) کەواتە جیاوازی واتادار نیە لە نێوان لایەنگری حیزبی و سەربەخۆدا لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی ، ئەمەش زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەندی ژمێرەیی بۆ لایەنگری حیزبی یەکسانە بە (٣٩,٤٥)، وە بۆ ڕەگەزی مێ یەکسانە بە (٣٧,٤٢)هەروەك دەردەکەوێت جیاوازی یەکی ئەوتۆیان نیە.هۆکاری نەبوونی ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ،کە زۆرینەی تاکی کورد لە هەرێمی کوردستاندا لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئەندام و لایەنگری حزبێکی سیاسی بوون، هەربۆیە بەهۆی ململانێی سیاسیەکانەوە، زۆر بەئاسانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان تاك و خێزان و کۆمەڵە جیاوازەکانی دیکەش پریشکی ئەوململانێیانەیان بەرکەوتووە و ڕووبەڕووی لێك هەڵوەشان بوونەتەوە، لەلایەکی دیکەوە سیمای خەمساردی بووەتە بەشێك لە کلتور و لەڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنەوە نەوە لەدوای نەوە دەگوێزرێتەوە و بەردەوای دەدات بەو سیمایە، هەروەها زاڵبوونی هۆکاری بەرژەوەندی خوازی بۆ سەرهەڵدانی ململانێی سیاسی، هۆکارە بۆئەوەی تاك خۆپەرست بێت و قوربانی بە بەرژەوەندی کەسانی تربدات لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا .

٣- **سیمای هۆشیاری**: لەبەر ئەوەی بەهای ( ت)ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٨٧٣) وە بچوکترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی (٤٤٨) و ئاستی دەلالەتی( ٠,٠٥ ) کەواتە جیاوازی واتادار نیە لە نێوان لایەنگری حیزبی و سەربەخۆدا لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای هۆشیاری ڕۆشنبیری، ئەمەش زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەندی ژمێرەیی سیماکە بۆ لایەنگر یەکسانە بە (١٨,٨٤) وە بۆ بێلایەن یەکسانە بە (١٧,٦١)، هەروەك دەردەکەوێت جیاوازی یەکی ئەوتۆیان. دەرکەوتنی سیمای هۆشیاری لای لایەنگرو بێلایەن بێ جیاوازی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاکی کورد ئەگەر لایەنگر یان بێلایەن بێت، قوتی ژیان و بارودۆخی تایبەتی بە پرسی سیاسیەوە بەستراوەتەوە، لەبەرئەوەی حزبەسیاسیەکان کەم تا زۆر بەشدارن لە حکومرانی هەرێمەکەدا و زۆر بەئاسانی ململانێکانیان تێکەڵ بە ژیانی خەڵکی ئاسایی دەبێت، هەربۆیە تاکی کورد بەدواداچوون بۆپرس و ڕووداوەکان دەکات تالەبارو ڕەوشی ژیانی خۆی دڵنیا بێتەوە ئەمەش هۆکارە بۆ درککردن و عەقلانی بوونی بڕیار .

٤- **سیمای نائومێدی**: لەبەرئەوەی بەهای (ت )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٤٢٦) وە بچوکترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (١,٩٨٩)، بە پلەی ئازادی (٤٤٨) و ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥) کەواتە جیاوازی واتادار نیە لە نێوان لایەنگری حیزبی و سەربەخۆدا لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای نائومێدی، ئەمەش زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەندی ژمێرەیی سیماکە بۆ لایەنگری حیزبی یەکسانە بە (٢٨) وە بۆ بێلایەن یەکسانە بە (٢٦,٨٢)هەروەك دەردەکەوێت جیاوازی یەکی ئەوتۆیان نیە. بەپێی ئەنجامەکان نائومێدی تاکی

کورد جا چ بێلایەن یان لایەنگر بێت جیاوازی نیە ، ئەمەش بۆ زەرەرمەندبوونی بوونی تاکی کورد بە قەبارەو جۆری جیاواز دەگەرێتەوە بەهۆی ململانێی سیاسیەوە .

٥- **سیمای بێ متمانەیی**: لەبەر ئەوەی بەهای (ت) ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٤٠٩) وە بچوکترە لە بەهای(ت )ی خشتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی (٤٤٨) و ئاستی دەلالەتی( ٠,٠٥ ) کەواتە جیاوازی واتادار نیە لە نێوان لایەنگری حیزبی و بێلایەندا لای نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای بێمتمانەیی، ئەمەش زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەندی ژمێرەیی سیماکە بۆ لایەنگری حیزبی یەکسانە بە(٣٠,١٦)وە بۆ بێلایەن یەکسانە بە(٢٨,٧٦). هەروەك لەو ئەنجامەدا دەردەکەوێت کە سیمای بێمتمانە لای لایەنگر و بێلایەن جیاوازی نیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاکی کورد هەلگری هەر ئایدۆلۆجیاو بیرو باوەرێك بێت، بەهۆی دەرهاویشتە نەرێنیەکانی ململانێی سیاسیەوە بڕواو متمانەی لەدەستداوە .

٦- **سیمای بەرخۆری**: لەبەر ئەوەی بەهای (ت) ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٠٥٥) وە بچوکترە لە بەهای (ت )ی خشتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی (٤٤٨) و ئاستی دەلالەتی( ٠,٠٥ ) کەواتە جیاوازی واتادار نیە لە نێوان لایەنگر و بێلایەن دا لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای بەرخۆری، ئەمەش زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەندی ژمێرەیی لە تەوەرەی کۆمەڵایەتی بۆ لایەنگری حیزبی یەکسانە بە (٣٠,١٨) وە بۆ بێلایەن یەکسانە بە (٢٩,٠١)هەروەك دەردەکەوێت جیاوازی یەکی ئەوتۆیان نیە .هۆکاری دەرکەوتنی سیمای بەرخۆری لای کەسی لایەنگر و بێلایەن بێ جیاوازی دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی سیماکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بە هۆی ململانێی سیاسیەوە، کە بەشێك لە حزب و بەرپرسە حزبی و حکومیەکان لە گەورەرەترین سەرمایەدارەکانی هەرێمەکەن، کەتۆوی چاولێکەری و خۆبەرواردکردن و چاوچنۆکی و بەرژەوەندی خوازیان لای تاکی کورد چاندووە .

٧- **سیمای توندڕەوی سیاسی**: لەبەر ئەوەی بەهای (ت )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (١,٦٧٠)وە بچوکترە لە بەهای (ت) ی خشتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی (٤٤٨)و ئاستی دەلالەتی( ٠,٠٥ ) کەواتە جیاوازی واتادار نیە لە نێوان لایەنگرو بێلایەندا لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای توندڕەوی سیاسی، ئەمەش زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەندی ژمێرەیی سیماکە بۆ لایەنگری حیزبی یەکسانە بە (٣٠,٤٩)وە بۆ بێلایەن یەکسانە بە (٢٨,٠٥)، هەروەك دەردەکەوێت جیاوازی یەکی کەمیان هەیە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەریەکە لە لایەنگرانی حزبی و کەسانی بێلایەن بەدوو ئاڕاستەی جیاواز سیمای توندڕەوی لە کەسێتیاندا دەرکەوتووە، بەجۆرێك ئەندام و لایەنگرانی حزبی بەشێوەیەکی سەرسەخت بەرگری لە سەرکردەو سیاسەت و ئەجندای حزبەکانیان دەکەن و تاڕادەیەکیش ئامادەن قوربانی بە دۆست و هاوڕێ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بدەن، بەڵام لەبەرامبەردا کەسانی بێلایەن کە قوربانی ململانێ سیاسیەکان و قەیرانە ئابووری و سیاسیەکانن، بەهەموو شێوەیەك سیاسیەت و ژیانی سیاسی رەتدەکەنەوەو توندڕەوانە مامەڵە لەگەڵ حزب و دام و دەزگاکانی حکومەتدا دەکەن .ئەمەش بەو واتایە دێت کە لایەنگرانی حزبی توندڕەون بۆ داکۆکیکردن و پاراستنی حزبەکانیان، بەڵام ئەوەی دووەمیان توندڕەون دژ بە حزبە سیاسیەکان، بەتایبەتی ئەو حزبانەی کە لە حکومەتدا بەشدارن .

**٨-سیمای خەمساردی سیاسی:** لەبەر ئەوەی بەهای (ت)ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٢,٣٨٥)، وە گەورەترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (١,٩٨٩) بە پلەی ئازادی (٤٤٨)و ئاستی دەلالەتی( ٠,٠٥ ) کەواتە جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان لایەنگر و بێلایەندا لای نمونەی توێژینەوەکە بۆ کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای خەمساردی سیاسی، ئەمەش زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەندی ژمێرەیی سیماکە بۆ لایەنگری حیزبی یەکسانە بە (٢٦,٩٧) وە بۆ بێلایەن یەکسانە بە (٢٨,٧٥)هەروەك دەردەکەوێت جیاوازیەکە لە بەرژەوەندی کەسانی بێلایەنە واتە ئەم سیمای خەمساردی سیاسی لای بێلایەن زیاتر دەرکەوتووە بە بەراورد بە کەسانی لایەنگری حزبی . هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسانی بێلایەن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زۆرترین پشکی زیانەکانی ململانێی سیاسییان بەرکەوتووەو لەژێر کاریگەرییە فرەڕەهەندەکانی ململانێی سیاسیدا روبەڕووی بێ هیوایی و نامۆیی بوونەتەوەو بە ئاستێك گەیشتوون کە پێیان وایە دەربازبوون لە دۆخی چەقبەستوویی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان کارێکی ئەستەمەو بەشداری سیاسی و پرۆسەی هەڵبژاردن و چالاکییە پەرلەمانی و دیموکراتییەکان هیچ لە دۆخی ئەوان ناگۆڕێت، هەربۆیە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەئاستێکی زۆر لاواز بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردندا دەکەن و بەئاستێکی بەرزتر سیمای خەمساردی سیاسی لە کەسێتییاندا دەرکەوتووە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەندام و لایەنگرانی حزبی بەهۆی ئینتیماو پابەندبوونی حزبی و دڵنیایی بەرژەوەندییەکانیان، کەمترین سیمای خەمساردی سیاسی لە کەسێتییاندا دەرکەوتووە.

**ئامانجی چوارەم : دەستنیشانکردنی ئەگەری بوونی پەیوەستی نیوان ئەو سیمایانەی بە هۆی ململانێی سیاسیەوە لە کەسێتی کورددا دەرکەوتوە :** بۆ دڵنیابوون لە ئەگەری بوونی پەیوەستی نێوان ئەو سیمایانەی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە کەسێتی کورددا دەرکەوتووە، هەستاین بە دۆزینەوەی هاوکۆلکەی پەیوەستی وەك لەخشەی (٣٦) ڕوونکراوەتەوە :

**خشتەی ( ٣٦)**

**هاوکۆلکەی پەیوەستی نێوان ئەو سیمایانەی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە کەسێتی نمونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە**

| پەیوەندییەکان | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نایەکسانی کۆمەڵایەتی | خەمساردی کۆمەڵایەتی | هۆشیاری | نائومێدی | بێ متمانەیی | بەرخۆری | توندڕەوی سیاسی | خەمساردی سیاسی |
| نادادپەروەری کۆمەڵایەتی | هاوکۆلکەی پەیوەستی | ١ | **٠,٣٥٤ | **٠,٢٤٥ | **٠,٢٥٧ | **٠,١١٨ | ٠,٠٧٦ | *٠,١١٥ | ٠,٠٣٤ |
| | ئاستی گریمانەیی | | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠١٣ | ٠,٠١٦ | ٠,٠١٥ | ٠,٤٧٦ |
| خەمساردی کۆمەڵایەتی | هاوکۆلکەی پەیوەستی | **٠,٣٥٤ | ١ | **٠,٣٩٦ | **٠,٣٦١ | **٠,٣١٢ | **٠,٤٠٦ | **٠,٣٠٢ | **٠,٢٨١ |
| | ئاستی گریمانەیی | ٠,٠٠٠ | | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ |
| هۆشیاری | هاوکۆلکەی پەیوەستی | **٠,٢٤٥ | **٠,٣٩٦ | ١ | **٠,٥٠ | **٠,٣٤٧ | **٠,٣٢٩ | **٠,٢٨٢ | **٠,١٧٣ |
| | ئاستی گریمانەیی | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ |
| نائومێدی | هاوکۆلکەی پەیوەستی | **٠,٢٥٧ | **٠,٣٦١ | **٠,٥٠ | ١ | **٠,٥٧٧ | **٠,٤٦٠ | **٠,٣٣٤ | **٠,٣٨٩ |
| | ئاستی گریمانەیی | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ |
| بێ متمانەیی | هاوکۆلکەی پەیوەستی | **٠,١١٨ | **٠,٣١٢ | **٠,٣٤٧ | **٠,٥٧٧ | ١ | **٠,٥٣٨ | **٠,٤٨١ | **٠,٥١٥ |
| | ئاستی گریمانەیی | ٠,٠١٣ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ |
| بەرخۆری | هاوکۆلکەی پەیوەستی | ٠,٠٧٦ | **٠,٤٠٦ | **٠,٣٢٩ | **٠,٤٦٠ | **٠,٥٨٨ | ١ | **٠,٤٨٢ | **٠,٣٥٥ |
| | ئاستی گریمانەیی | ٠,٠١٦ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ |
| توندڕەوی سیاسی | هاوکۆلکەی پەیوەستی | *٠,١١٥ | **٠,٣٠٢ | **٠,٢٨٢ | **٠,٣٣٤ | **٠,٤٨١ | **٠,٤٨٢ | ١ | **٠,٥٧٨ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئاستی گرێمانەیی | ٠,٠١٥ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | | ٠,٠٠٠ |
| خەمساردی سیاسی | هاوکۆلکەی پەیوەستی | ٠,٠٣٤ | **٠,٢٨١ | **٠,١٧٣ | **٠,٣٨٩ | **٠,٥١٥ | **٠,٥٣٥ | **٠,٥٧٨ | ١ |
| | ئاستی گرێمانەیی | ٠,٠١٣ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٠٠٠ | |
| | N | ٤٥٠ | ٤٥٠ | ٤٥٠ | ٤٥٠ | ٤٥٠ | ٤٥٠ | ٤٥٠ | ٤٥٠ |

**. Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed).

*. Correlation is significant at the 0.05 level (2-tailed).

**خشتەی (٣٦) هاوکۆلکەی پەیوەستی نێوان ئەو سیمایانەی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە کەسێتی نمونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە دەخاتەڕوو، بەسەرنجدان لە خشتەکە بۆمان دەردەکەوێت، کە سەرجەم هاوکۆلکەکان واتادارن و پەیوەستن بەیەکتر بە پلەو ئاستی جیاواز، جگە لە هاوکۆلکەی پەیوەستی نێوان سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ سیمای بەرخۆری لەبەر ئەوەی ئاستی گریمانەی سیمای بەرخۆری یەکسانە بە ( ٠,١٠٦ ) وە گەورەترە لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، واتە سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەرخۆری پەیوەست نین بەیەکتر، لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی نرخی سەرجەم هاوکۆلکەی پەیوەیوەستیەکان پۆزەتیفن ئەمەش واتای ئەوەیە پەیوەندی نێوانیان ڕاستەوانەیە ( ئەم پەیوەستیە پۆزەتیفەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە نمونەی توێژینەوەکەمان بەهۆی دەرهاویشەکانی ململانێی سیاسیەوە لەیەک کاتدا سیماکانی وەك ( نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، خەمساردی کۆمەڵایەتی، هۆشیاری ، نائومێدی، بێ متمانەیی، بەرخۆری، توندڕەوی سیاسی، خەمساردی سیاسی) لە کەسێتیاندا دەرکەوتووە و بەپلەو ئاستی جیاوازیش پەیوەستن بەیەکەوە، جگە لە سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەرخۆری. هەروەك سیمای نایەکسانی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی وەك دەرئەنجامێك بۆ ململانێی سیاسی هۆکاربووە بۆ دەرکەوتنی سیماکانی تر یەك لەدوای یەك، بەجۆرێك نمونەی توێژینەوەکەمان بەهۆی نایەکسانی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتیەوە ، ئاستی ڕۆشنبیری وهۆشیاریان زیادی کردووە زیاتر درك بە ڕاستیەکان دەکەن، ئەمەش هۆکاربووە بۆ نەمانی ئومێد و متمانە بە خود و دەوروبەرو دامەزراوەکان و دورەپەرێزو خەمساردن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و لاوازبوونی هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەمێژوو نەتەوەو نیشتمان، کە هەندێك جار بە ئاراستەی توندڕەوی سیاسی و ڕەتکردنەوەو ڕدیکالبوونیش ڕۆیشتوون.**

**هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەر کاتێك تاکی کورد ئاستی ڕۆشنبیری بەرزبووە زیاتر هەست و درك بە نایەکسانی و نادادپەروەری دەکات و چاوەڕوانیەکانی لە حزب و حکومەت زیاتر دەبێت هەر کاتێکیش چاوەڕوانیەکانی زیاتر بوو بەلاَم بۆی نەهاتە دی زیاتر هەستی بەوە کرد کە حزب و حکومەت لە خزمەت بەرژەوەندی خۆیان و کەمینەیەکی سنورداردان ، ئەوا تاکی کورد ئومێد و بەرپرسیارێتی و خۆشەویستی و متمانەی لاواز دەبێت، ئەو بێ متمانەییە دەچێتە نێو سەرجەم کایەکا( سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و یاسایی و کارگێریەکانیش) تەنانەت دەخزێتە نێو خودی تاکیشەوە لە ئەنجامدا تاك دەکەوێتە نێو دوریانێك لە خەمساردی سیاسی و رادیکالی بەجۆرێك تاك هەوڵدەدات پێداویستی و داخوازییەکانی بەشێوەی توندڕەوی و لە چوارچێوەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و نارازی بە شێوەی خەباتی مەدەنی یان توندوتیژانە دەستەبەر بکات ، ئەمەش لەبەر نەبوونی ویستی ڕاستەقینە لەلایەن حزبە نارازییەکان بۆ چاکسازی و گەیاندنی داواکاری هاوڵاتیان ،بوونیان بە ئۆپۆزسیۆنێکی لاواز ،**

لەگەڵ شکست لە پرۆسەی دیموکراسی و دەستاو دەستکردنی دەسەلاّت ، لەئەنجامدا زۆربەی تاکی کورد بەرەوە دورەپەرێزی سیاسی هەنگاوی ناوە .

### ئامانجی پێنجەم : ریزبەندی ئەو سیمایانەی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە کەسێتی کورددا پێکهاتوە، بە پێی زۆرترین دەرکەوتنیان .

بۆ زانینی پلەبەندی کردنی ئەو سیمایانەی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە کەسێتی کورددا دەرکەوتووە ، هەستاین بە ئەنجامدانی چەند شیکارییەکی ئاماری هەروەك لە خشتەی ( ٣٧)دا ڕوونکراوەتەوە :

خشتەی ( ٣٧)

ریزبەندی بۆ ئەو سیمایانەی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە کەسێتی نمونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە دەخاتەڕوو

| سیما | ریز بەندی | ژمارەی بڕگە | ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە | تێکڕای گشتی جیاوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نادادپەروەری کۆمەلأیەتی | ١ | ٨ | ٣٢,٨ | ٢٤ | ٨,٨٤ | ١,١٠٥ |
| بێ متمانەیی | ٢ | ١٢ | ٤٩,١ | ٣٦ | ١٣,٠٦ | ١,٠٨٨ |
| نائومێدی | ٣ | ١٠ | ٣٩,٥ | ٣٠ | ٩,٥٤ | ٠,٩٥٤ |
| خەمساردی سیاسی | ٤ | ١٣ | ٤٩,٥ | ٣٩ | ١٠,٤٨ | ٠,٨١٩ |
| توندرەوی سیاسی | ٥ | ١١ | ٤٢ | ٣٣ | ٩,٠١ | ٠,٨٠٦ |
| بەرخۆری | ٦ | ١٣ | ٤٦,٨ | ٣٩ | ٧,٧٩ | ٠,٥٥٦ |
| خەمساردی کۆمەلأیەتی | ٧ | ١٢ | ٤٠,٧ | ٣٦ | ٤,٧ | ٠,٣٩٢ |
| هۆشیاری | ٨ | ٧ | ٢٣,٧ | ٢١ | ٢,٦٥ | ٠,٣٧٩ |

لەخشتەی (٣٧) ریزبەندی بۆ ئەو سیمایانە کراوە کە بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە کەسێتی نمونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، هەروەك لە ئەنجامەکاندا دیارە تێکڕای جیاوازی سیمای نادادپەروەری کۆمەلأیەتی یەکسانە بە (١,١٠٥) لە پلەی یەکەمدایە لەو سیمایانەی بەهۆی ململانێیی سیاسیەوە لە کەسێتی نمونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، سیمای بێمتمانەیی وەکو سیمایەکی دەروونی لە پلەی دووەمدایەو تێکڕای جیاوازیەکەی (١,٠٨٨)، هەروەها سیمای نائومێدی کە تێکڕای جیاوازیەکەی بریتییەلە (٠,٩٥٤) لە پلەی سێیەمدایە، پاشان سیمای خەمساردی سیاسی لە پلەی چوارەمدایەو تێکرای جیاوازیەکەشی یەکسانەبە (٠,٨١٩)، سیمای توندڕەوی سیاسی تێکرای جیاوازیەکەی (٠,٨٠٦) لە پلەی پێنجەمی ئەو سیمایانەدایە کەبەهۆی ململانێی سیاسیەوە دەرکەوتووە ، پاشان سیمای بەرخۆری تێکرای جیاوازییەکەی (٠,٥٥٦) بە پلەی شەشەم دەرکەوتووە، هەروەها سیمای خەمساردی کۆمەلأیەتی تێکڕای جیاوازیەکەی (٠,٣٩٢) بە پلەی حەوتەم لە کەسێتی نمونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، لەکۆتایدا سیمای هۆشیاری بە تێکڕای جیاوازی (٠,٣٧٩) پلەی هەشتەم و کۆتایی لە سیماکان وەرگرتووە .

## باسی سێیەم / دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم / دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

دوای گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکاندا دەگەینە کۆمەڵێك دەرئەنجام بریتین لەمانەی خوارەوە :-

**١- کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای کۆمەڵایەتی لە کەسێتی کورددا:-** بەپێی دەرئەنجامەکانی پێوەری توێژینەوەکە ململانێ سیاسی کاریگەریی نەرێنی لەسەر سیما کۆمەڵایەتیەکانی کەسێتی کورد هەبووە، ئەویش بەهۆی ئەو گۆڕانانەی لەبەها و کولتوری کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەی کوردی ڕووی داوە، دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی وەك ( خێزان، قوتابخانە، زانکۆ، مزگەوت، حزبی سیاسی، راگەیاندن، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) توشی لێکترازان بوون ونەیانتوانیوە بەشێوەیەکی گونجاو بەکاری خۆیان هەستن و تاکێکی تەندروست و پابەند بە کولتورو بەها ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە پێبگەیەنن بەڵکو لە گواستنەوەی کلتوری نوێدا هاوکار بوون، لەئەنجامدا تەواوکاری و هاوبەندی کۆمەڵایەتی بەرەو دارمان چووە، چەند سیمایەکی کۆمەڵایەتی نەرێنی لەکەسێتی کورددا پێکهاتووە لەوانە :-

**أ- سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی** :-یەکێکە لەو سیما کۆمەڵایەتیە نەرێنیانەی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە بە پلەی یەکەم لە نێو هەموو سیماکانی دیکەدا لە کەسێتی کورددا دەرکەوتووە و پەیوەستە بەسەرجەم سیماکانی دیکەوە جگەلە سیمای بەرخۆری، لە گرنگترین نیشانەنەکانی ئەم سیمایە زیادبوونی مەحسوبیەت و مەنسوبیەتە و دابەشکردنی داهات و دەرامەتی ئەم هەرێمەیە بە نایەکسانی ، لەئەنجامدا زەمینە بۆ لەپڕ دەوڵەمەندبوونی چینێك بێشەونخونی و ماندووببون ڕەخساندووە ، لەبەرامبەردا چینی زۆرینە تەنانەت لە پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانیان بێبەشبوون، سەرەڕای ئەوەش هەمووان لە بەردەم یاسادا یەکسان نین و دەرفەت و هەلی کار و پلەو پۆست بۆهەمووان وەك یەك فەراهەم نیە و کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دانانرێت . هاوکات دەرکەوتنی سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە بە گوێرەی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز، باری ئابوری ، لایەنگری حزبی) جیاوازی نیە، بەڵام بە جیاوازی ( تەمەن) دەرکەوتنی ئەم سیمایە جیاوازە لەبەرژەوەندی تەمەنی ( ١٨-٢٧) ، هەروەها جیاوازی واتادار لەڕووی ئاماریەوە بۆ دەرکەوتنی ئەم سیمایە بە پێی گۆڕاوی پیشە(جۆری کار) لە بەرژەوەندی (بێکار) بوونی هەیە .

**ب- سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی** :- یەکێکە لە سیما کۆمەڵایەتیە نەرێنیەکان و بە پلەی حەوتەم دێت لە نێو ئەو سیمایانەی بە هۆی ململانێی سیاسیەوە لە کەسێتی کورددا دەرکەوتووە و بە سەرجەم سیماکانی دیکەوە پەیوەستە، تاکی کورد لەم سیمایەدا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی وەك ( خێزانی، هاوڕێیەتی، خزمایەتی) لاوازبووە و ئارەزووی پابەندبوون بە بۆنە و داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکان ناکات ، ڕێز و خۆشەویستی ، لێبوردەیی، هاوکاری و

بەدەمەوەچوونی یەکتر لاوازبووە ، خۆپەرستی و بەرژەوەندی خوزای بەسەر پەیوەندیەکاندا زاڵبووە . هاوکات جیاوازی واتادار لەڕووی ئامارییەوە بۆ دەرکەوتنی سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی لە کەسێتی کورددا بۆ گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، باری ئابوری، پێبەستبوونی حزبی) بەدیناکرێت، بەڵام بەپێی گۆڕاوی تەمەن جیاوازی واتادار لە بەرژەوەندی تەمەنی( ٢٨-٣٧) بۆ سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە ، هەروەها جیاوازی واتادار بە پێی پیشە(جۆری کار) بۆ سیمای خەمساردی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی (خوێندکار) بوونی هەیە.

## ٢- کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیما کلتووری لە کەسێتی کورددا:-

ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا زەمینەی بۆ شێوەگرتن و پێکهێنانی سیمای کلتووری لەکەسێتی کورددا رەخساندووە، ئەمەش جگە لە ویست و ئارەزووی خودی تاك بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و گەیشتن بە راستی رووداوەکان، لە هەمانکاتدا کەناڵ و دامەزراوەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی رۆڵی سەرەکییان بینیووە لە پێکهێنانی ئەم سیمایە وەك لای خوارەوە دەرکەوتووە .

سیمای هۆشیاری:- یەکێکە لەو سیما کلتووریە ئەرێنیانەی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لە کەسێتی کورددا دەرکەوتووە و بە پلەی هەشتەم دێت لە نێو هەموو سیماکانی دیکەدا، هاوکات پەیوەستە بە هەموو سیماکانی دیکەوە ئەویش لەبەرئەوەی زیادبوونی ئاستی هۆشیاری تاك هۆکارە بۆ هەستکردنی تاك بە نایەکسانی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی ، خەمساردی کۆمەڵایەتی، ، بێمتمانەیی، نائومێدی، بەخۆری، خەمساردی سیاسی، توندڕەوی سیاسی )، زیادبوونی سیمای هۆشیاری واتای زیادبوونی زانیاری و ئاشنابوونی تاکی کوردە بە ماف و مێژوو خەباتی نەتەوەکەی، ئەمەش وایکردووە چیتر تاکی کورد بە سۆزداریەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان نەکات و خوێندنەوەو بە دواداچوونی زیاتر بۆ ڕووداوەکان بکات و بە واقعی و عقلانی بڕیار لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بدات . هەروەها جیاوازی واتادار لەڕووی ئامارییەوە بۆ دەرکەوتنی سیمای هۆشیاری ڕۆشنبیری لە کەسێتی کورددا بۆ گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، جۆری کار، باری ئابوری، لایەنگیری حزبی) بەدیناکرێت .

## ٣- کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای دەروونی لە کەسێتی کورددا:-

لێکەوتەو شوێنەوارەکانی ململانێی سیاسی بەردەوامی دۆخی قەیران و ناسەقامگیری کاریگەری نەرێنی توندیان لەسەر سیما دەروونیەکانی کەسێتی کورد جێهێشتووە، چەند سیمایەکی دەروونی نوێیان لە کەسێتی کورددا پێکهێناوە، چونکە هاوڵاتی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی بارگرانییەکانی ژیان و زاڵبوون بەسەر گرفتەکانی لاوازبووەو ئومێد و متمانە بەخۆبوونی لەدەستداوە، لەگرنگترین ئەو سیمایانەش بریتین لە :-

أ- سیمای نائومێدی :- یەکێکە لەو سیما نەرێنیە دەرونیانەی لەکەسێتی کوردا بە پلەی سێهەم لەنێو سیماکانی دیکەدا لە کەسێتی کورددا دەرکەوتووە و پەیوەستە بە هەموو سیماکانی دیکەوە. تاکی کورد لەم سیمایەدا لە نادڵنیایی و ترسدا دەژی، ئومێدی بە چاکسازی و گۆڕانکاری نیە، ئەمەش وای لێدەکات نەتوانێت هەنگاوی نوێ لە

ژیانیدا بنێت لەترسی شکست. هەروەها جیاوازی واتادار لەڕووی ئامارییەوە بۆ دەرکەوتنی سیمای نائومێدی لە کەسێتی کورددا بۆ گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز، تەمەن، باری ئابوری، لایەنگیری حزبی ) بەدیناکرێت ، بەلام بۆ گۆڕاوی جۆری کاری جیاوازی واتادار لە بەرژەوەندی ( بێکار) بوونی هەیە .

ب- سیمای بێ متمانەیی :- یەکێکە لەو سیما نەرێنیە دەرونیانەی بە پلەی دووهەم دێت لە نێو هەموو سیماکانی دیکەدا، هاوکات پەیوەستە بە هەموو سیماکانی دیکەوە. تاکی کورد لەم سیمایەدا بەهۆی ململانێی سیاسیەوە متمانەی بە (خود، دەوروبەر، دامەزراوەکان) لەدەستداوە. هاوکات جیاوازی واتادار لەڕووی ئامارییەوە بۆ دەرکەوتنی سیمای بێمتمانەیی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز) بوونی هەیە لە بەرژەوەندی ( نێر)، پاشان جیاوازی واتادار لەڕووی ئامارییەوە بۆ دەرکەوتنی سیماکە بەپێی گۆڕاوی (تەمەن) بوونی هەیە لە بەرژەوەندی تەمەنی( ٥٨-٦٧) ساڵ، هەروەها جیاوازی واتادار لەڕووی ئامارییەوە بۆ دەرکەوتنی سیماکە بەپێی گۆڕاوی پیشە (جۆری کار) بوونی هەیە لە بەرژەوەندی (بێکار) بەلام جیاوازی واتادار لەڕووی ئامارییەوە بۆ دەرکەوتنی سیماکە بەپێی گۆڕاوی ( باری ئابوری، لایەنگیری حزبی ) بەدیناکرێت .

## ٤- کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای ئابوری لە کەسێتی کورددا:-

ململانێی سیاسی کاریگەریی نەرێنی لەسەر کەرتی ئابوری هەبووە بەجۆرێك حزبە دەسەتدارەکانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە لەماوەی سی ساڵی رابردوودا بنەمایەکی بەهێز بۆ ژێرخانی ئابووری بونیاد بنێن، لەجیاتی گرنگیدان و پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و پشەسازی تەنها پشت بە فرۆشتنی سامانی سروشتی وەك تاکە سەرچاوەی داهات بۆهەرێمەکە بەستراوە ، سەرەڕای ئەوەش نەبوونی هەلی کار و نایەکسانی وخۆبەراوردکرنی تاکی کورد بە کەسانی سەروو خۆی و نەبوونی موچەو شایستە دارییەکانی و راگرتنی پلەبەرزکردنەوە و هاندان بۆ فەرمانبەرانی کەرتی حکومی، ئەمانە زیانیان بە توانا مرۆییەکانی تاکی کورد گەیاندوەو لەجیاتی کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی تاکێکی بەرهەمهێن و سەربەست، تاکێکی کەمتەرخەم و بەکاربەریان پێشەکەش بە کۆمەڵگە کردووە، هەروەك لە سیمای بەرخۆری دادەرکەوتووە :-

**سیمای بەرخۆری** :- یەکێکە لەو سیما نەرێنیە ئابوریانەی لەکەسێتی کورددا بە پلەی شەشەم دێت لە نێو هەموو سیماکانی دیکەدا، هاوکات پەیوەستە بە هەموو سیماکانی دیکەوە جگەلە سیمای نادادپەروەری کۆمەڵایەتی. تاکی کورد لەم سیمایەدا بەهۆی ململانێی سیاسیەوە تاکێکی (بەکاربەر، تەماعکار، بەرژەوەندیخواز، کەمتەرخەم لە کار و پیشە )ە. هاوکات جیاوازی واتادار لەڕووی ئامارییەوە بۆ دەرکەوتنی سیمای بەرخۆری بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، تەمەن، جۆری کار، باری ئابوری، لایەنگری حزبی) بوونی نیە.

### ٥- كاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای سیاسی لەکەسێتی کورددا:-

ململانێی سیاسی کاریگەریی نەرێنی لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی و سەرجەم کەناڵەکانی ئەو پرۆسەیە هەبووە و لە ئەنجامدا چەند سیمایەکی سیاسی لە کەسێتی کوردا پێکهاتووە، بریتین لە :-

**أ- سیمای توندڕەوی سیاسی :-** یەکێکە لەو سیمایانەی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لەکەسێتی کورددا بە پلەی پێنجەم دەرکەوتووە و پەیوەستە بە هەموو سیماکانی دیکەوە. تاکی کورد لەم سیمایەدا لەلایەکەوە بەشێوەیەکی توند پەیوەستن بە بەرنامەو پرۆگرامی حزبەکەیانەوەو دژ بە هەر بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجیایەکی جیاواز لە خۆیان دەوەستنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ڕەفتاری ڕادیکالی جەماوەریدا گەشەی سەندووە و تاکی کورد تابۆیان بکرێت بەتوندی دەسەڵات و سیستەمی حکومرانی ڕەتدەکەنەوە . هاوکات جیاوازی واتادار لەڕووی ئامارییەوە بۆ دەرکەوتنی سیمای توندڕەوی سیاسی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، تەمەن، باری ئابوری، لایەنگری حزبی) لە کەسێتی کورددا بوونی نیە، بەڵام جیاوازی واتادار لەڕووی ئامارییەوە بۆ دەرکەوتنی ئەم سیمایە بە پێی گۆڕاوی پیشە(جۆری کار) لە بەرژەوەندی بێکار بوونی هەیە .

**ب-سیمای خەمساردی سیاسی :-** یەکێکە لەو سیمایانەی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە لەکەسێتی کورددا بە پلەی چوارەم دەرکەوتووە و پەیوەستە بە هەموو سیماکانی دیکەوە. تاکی کورد لەم سیمایەدا خەمسارد و بێباکە لەبەرامبەر پرسە سیاسی و نەتەوەیەکاندا بەشداری کارای نییە، هەوەها جیاوازی واتادار لەڕووی ئامارییەوە بۆ دەرکەوتنی سیمای خەمساردی سیاسی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، تەمەن، باری ئابوری، جۆری کار ) لە کەسێتی کورددا بوونی نیە، بەڵام جیاوازی واتادار لەڕووی ئامارییەوە بۆ دەرکەوتنی ئەم سیمایە بە پێی گۆڕاوی (لایەنگری حزبی) لە بەرژەوەندی بێلایەن بوونی هەیە .

## دووەم / ڕاسپاردەکان

دوای دەرخستنی کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا و خستنە ڕووی کۆمەڵێك دەرئەنجام، لێرەدا پێویستە هەندێك ڕاسپاردە بخەینەڕوو بە ئامانجی سودگەیاندن بە ئاراستەی کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنیەکانی ململانێی سیاسی و بونیادنانی کەسێتی و کۆمەڵگایەکی تەندروست . ئەوانیش بریتین لە:-

١- پێویستە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کار بۆجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، دادوەری ، جێبەجێکردن) بکەن و سەرجەم ئەو دەسەڵاتانە دوربخرێنەوە لە ململانێی سیاسی ودەستیوەردانی حزب و کەسی حزبی تا ماف و بەرژەوەندی هەموان پارێزراوبێت .

٢- پێویستە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ پتەوکردنی بنەماکانی دیموکراسی لە کوردستاندا بکات و زەمینە بۆ ئازادی و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بڕەخسێنێت، تاسەقامگیری سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابوری لەهەرێمی کوردستاندا بەرجەستە ببێت داهاتوی کەسێتی کورد بەرەو گەشانەوە بڕوات.

٣- پێویستە لەسەر سەرۆکایەتی حکومەت و ئەنجومەنی وەزیران دور لە بەرژوەندی تەسکی حزبی بەسەر گەندەڵی و پێشێلکاری یاسایدا زاڵبن تا سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەلأیەتی و دەروونی تاکی کورد پارێزراو بێت.

٤- گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپلانێکی تۆکمەوە کار بۆ چاکسازی و بەنیشتمانی بوونی داهاتی گشتی بکات و دور لە ململانێی سیاسی و بەرژەوەندی حزبی بەیەکسانی بۆ خزمەتی گشتی و گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی کۆمەلأیەتی بەکاربهێنرێت، تاکو چیتر قوتی ژیان و بژێوی خەڵکی کوردستان لە دۆخی ناسەقامگیری ئابوری بپارێزرێت دڵنیایی زیاتر بۆ تاکی کورد بگەڕێتەوە .

٥- حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پلانێکی تۆکمەوە زەمینە سازی و کارئاسانی بۆ بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی هاوشانی سامانە سرشتیەکان و باج و گومرگ بکات ، بەمەبەستی گەشەپیدان و بوژانەوەی ژێرخانی ئابوری و ڕەخساندی هەلی کاری زیاتر و بەرهەمداری زیاتر لای تاکی کورد برەو بسێنێت.

٦- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ ڕەخساندی هەلی کارو دامەزراندنی گەنجان بە پێی پێویستی و لەسەر بنەمای لێهاتویی و بڕوانامە و دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو بکات، تا دەرفەتی زیاتر بۆ ئەفراندن و یەکسانی و دادپەروەری بڕەخسێت .

٧- زۆر گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەجدی کاربکات بۆ نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی ئابوری و بەهەدەردانی سامانی گشتی و جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت بنبڕکردنی دەستێوەردانی حزب لە دەزگاکانی حکومەت، ئەوەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بەدیهێنانی حوکمی ڕەشید و گەڕانەوەی متمانەی هاولأتیان .

٨- پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە بە نیشتمانی بکات و بۆ خزمەتی گشتی و بەدیهێنانی ئاسایش و ئارامی بەکاربهێنرێت، دوربن لە دەستی حزب و لە ململانێی سیاسیدا بەکارنەهێرێن لە پێناوگەڕانەوەی متمانە بۆ تاکی کورد.

٩- گرنگیدانی زیاتربە کەرتی حکومی لە پێناو بوژانەوەی ئەو کەرتەو خزمەتکردنی زیاتر بەزۆرینەی هاونیشتمانیان، گرانەوەی متمانە بەو کەرتە .

